



Raman

# ڕامان
# RAMAN

140


مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ــ ڕامان دەری دەکات

خولی سێیەم / ساڵی سێزدە / کانوونی دووەم ٢٠٠٩

**خاوەن ئیمتیاز**
شەوکەت شێخ یەزدین

**سەرنووسەر**
ئازاد عەبدولواحید

**بەڕێوەبەری هونەری**
سەرکەوت وەلی

**مۆتیف و پۆرترێت**
قەرەنی جەمیل



ناوونیشان / هەولێر ـ تەنیشت دادنووسیی هەولێر
ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net
تەلەفۆنی نۆرماڵ / ٢٢٣٠٥٨٢
تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ ٢٢٢٨٥٠٦–٤٤٩٤٦٦٢
(دەرەوە)/ ٤٤٩٤٦٦٢ – ٠٠٣٢٤٨
پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com
sarkautw@yahoo.com



چاپخانەی خانی / دهۆک
نرخ / ٧٥٠ دینار

# ناوەڕۆکی


● **دەق**

- بەیانییەک بمکە بە میوانی قەبرستانێکی مەڕمەڕی/ ئەدیب نادر/ 3
- شاژن/ نەوزاد ڕەفعەت/ 7
- لە سەبرا دڵم لێی ئەڕژێ/ چنوور نامیق/ 8
- سوورەتێن حسرەتێ و کەسەرڤەدان/ ئارژەن ئاری/ 10
- لە شیعری هاوچەرخی ئەڵمانییەوە/ لە ئەڵمانییەوە: د. سەروەر عەبدوڵڵا/ 12
- مەیدان/ کامەران حامیدیان/ 14
- دەرگای حەمامەکە/ کامیار ئەحمەدی/ 18
- خەڵووز/ قادر عەلیخا/ 20
- ل سەر کەڤییا گەردوون/ ئەحمەد حوسەینی/ 22
- پارەی کون/ لە فارسییەوە: غەریب پشدەری/ 25

● **ڕەخنە و لێکۆڵینەوە**

- گێڕانەوەی نوێکارانە و پێکهاتەی هونەری لە ڕۆمانی کوردیدا/ د. بەختیار سەجادی/ 29
- کاریگەری (وێرانەخاک) لەسەر (گینگڵ)/ سامان دزەیی/ 43
- ستایشکارانی دایک/ عادڵ محەمەدپوور/ 53

● **هەڤپەیڤین**

- هەڤپەیڤینێک لەگەڵ (حیلمی)ی شاعیری کۆچکردووی هەڵەبجەی شەهید/ ئا: ئازاد عەبدولواحید/ 59

● **بیرەوەری**

- عەبدولخالیق مەعرووف و سیمینارەکەی نالی/ مارف خەزنەدار/ 79

● **هزر و فەلسەفە**

- جەوهەرە پتر لە پێویستییەکان/ لە ئەڵمانییەوە: د. حەمید عەزیز/ 82
- «زیندووبوون و ژیان» سەرنجێک لە ماناکانی خۆکوژی لای ئەلبێر کامو/ سەعید سلێمانی/ 100

● **مێژوو**

- یادی سەد ساڵەی دامەزراندنی کۆمەڵەی تەعالی و تەرەقی کورد/ سەروەر جەبار/ 110

● **وتار**

- ڕێبازی ڕۆمانسی و گرنگی ڕۆمانسییەت لە شیعری کوردیدا/ کەریم شارەزا/ 118
- سیحر و جادوو لە کۆمەڵگەی کۆن و سەرەتاییدا/ محەمەد سلێمان عەباس/ 124
- ئاخێزگەی عەشق لە شیعری «ئەدەب»دا/ موزەفەر یووسفی/ 129

● **هونەر**

- لە ڕەباتەوە بۆ کۆمبریا.. ئەزموونی ڕیژیسۆرێک/ د. فازیل جاف/ 133
- گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆبە/ وریا ئەحمەد/ 138
- لە ژێر ساباتی هونەرمەند (عەلی مەردان)دا/ سەلاح نیساری/ 142

● **خوێندنەوەی کتێب**

- ئایین و زمانناسی/ هاشم سەراج/ 145
- نزا سپییەکانی من/ سەباح ڕەنجدەر/ 150
- ڕەمز و نووسینی سەر گۆڕەکان/ عەباس سلێمان سمایل/ 153

● **زاراوەسازی**

- ستراکتورالیزم/ د. موحسین ئەحمەد عومەر/ 158

● **سووکە لەنگەر**

- وەرگێڕان، یان وەرگەڕاندن؟/ حەکیم کاکەوەیس/ 160

# بەیانییەک..
# بمکە بە میوانی قەبرستانێکی مەڕمەڕی

**ئەدیب نادر**
**(کەرکووک)**

بۆ فڕووغی فەڕوخزاد



لە چەرخی گەڕیدە بوونا
گیرۆدەی نێو نیگایەکی بێ سەروشوێن و مەند دەبیت
هەتا بڵێی کشومات و دەروون هەژاو،
هەتا بڵێی لە دڵە پڕ وەسوەسەکەی من ماندووتر

چەندین کەڕەت لە دیاری گەندەڵ بە زەمەنی ئەستەم
خۆم حەشاردا
هیجرەتم ڕووی لە نادیار بوو
بەرەو کیشوەرێکی زیندوو هەڵدەهاتم
لە دوورەوە، کە کەوتیتە نێو کەژاوەی ئەسرین بردووی
بینایی من
وەکو باڵای خوێناووڵی لالەی بنار پەڵاوی بووی
دەرباز بوون وەیشوومەیەکی پاییزی بوو
بۆ هەنگاوە بێ مەیلەکانت تارای بێزاری دەچنی
من نەمزانی
بەدەست زەبری بێ بەزەیی زەمەنە پڕ نوغرۆییەکان
ڕوحت وێڵگای «لە دایکبوونێکی تر» بوو

لەسەردەمی هەڵچوون و بەلاولاو بوونتا
جیاوازییەکان دەبوونە هەڵم و ئاستانەی عەرشی
خودایان لێڵ دەکرد
جەستەی شیلانەییت، لەنێو وەرزی مردنێکدا مۆمیا
دەبوو
ئازار و مەیلیش وەکو دووکەڵی سیگاری میان ئەنگووستە
نەرم و ئاڵۆشینەکان
تا ئەودیو دنیا سەری هەڵدەگرت
هەموو لەشت لە دەریاچەی خۆڵەمێشی چاوەکانتا
سەمای دەکرد
لەوێوە.. لە گۆزەڵەی پڕ لە ڕازی بیلبیلە پاییزانەکەت
دارستانێکم دەبینی، چۆلەکەی نازەنین حەزی چڕی بەژن
و باڵات لێی دەئاڵان

لە شەوستانی ڕوخسارە ئاوابووەکەت
دوو کیژۆڵەی سەرگەشتەی دوای ڕووسووریيەکان
مشتی توانەوەکانیان لە شۆڕبوونەوە گیر دەکرد
کز دەسووتایت،
تا گوناهی ڕێگا دوورەکان شەوارەی سەرابەکانت تێ
بەرنەدەن
قاچەکانت لەکانیان لە نەوازش وەردەدا و
هەڵپەیان بوو بنۆڕنە بانێژەکانی شەقامی بەربەرەڵڵای
میهرەبانی

چاوت بەرایی نەدەدا،
منی وێڵ و پەراگەندەی کیشوەری ژیان جێ بێڵێ
سەربردەی هەناوی پەشێو لەسەر پەردە بێ سەبرەکانی
گوێچکەمدا
خۆی هەڵڕێژا
«دنیای جاران، هەستی دیرۆک، بێ یارایی و
عیشقبازیش ناشیرینن!»
هەتا کەی بیم و ڕاکردن،
هەتاکو کەی ڕەق هەڵگەڕان لە پەسارگەی بێ سێبەری
خۆشەویستی
وەرە لە تەک مەرمەڕی گیانما
چەمەکانی لەزەت پڕکەین لە قرژاڵەکانی گوناھ
سیمای شووشی زەمەنی مۆمیا بە قرێژ
بکەین بە تۆپەڵە بەفری وەک ساماڵ ڕندەکانی چاوی
«کامیار»
بیگرینە شووشەی پەنجەرە داخراو و ژەنگ گرتووەکانی
ژیانی ئێوارەکان
وەرە وەک چۆن شەوێک شیعرەکانت
دەربەدەربوون و دیلییان سڕیمەوە
ئەژنۆم بۆ گوێ پڕ شەهوەتی مانگی لاژیوەردی دادا و
سەرم دایە دەست زیوی ئەو پوولەکانەی مانگ بە
ماسییەکانی دەدا
ئاسۆیەکی ئاڵ و بالکۆنەیەکی نەشمیلی
پشت پەنجەرە کراوەکان لە دایکبوو
با لەگەڵ تۆ، لە پاڵ چنارە بەرزە ڕەنگ تۆقیوەکانی
دەربەندی دوور و
سەربەرەو هەورازی خوا چوو
پاڵکەوین و شەختەی بلووریی زستان و

ئەو بەفرانەی ڕەنگی بە هەشتیان دزیوە
بکەینە دۆستی جوگرافیای ڕووتی جەستە
لەم بێ سنوورییەدا، خۆ باوێینە نێو داکشانێکی دیکە و
لە بنمیچی خەڵوەتخانەی گوناهەوە
وەک دوو مەلی نێو لانەیەک خۆ حەشاردەین..

چوار جار خۆم لەتۆ شاردەوە،
خۆ تۆ زەمەنی شووم نەبوویت، منیش دێوانەو شێت
نەبووم!
بەڵام هێندەم ڕێز لێ دەنایت، یارام نەبوو ڕووت لێ نێم تا
خۆت باوێیتە گۆلی زووخاوی بێ شەرمی گیانی من و
وەک ماسییە وردەڵەکان لە سەر هەناسە قووڵەکان
مەلە بکەیت
نەمدەتوانی دیدەی گوناهی پڕ لە چێژ هەڵگلۆفم
لە تۆ فێربووم ببمە دوندۆکەی لەزەت و
بە قوللەی خنجیلانەی بورجە سرکەکانی تۆدا بێمە
خوارێ
لەتۆ فێر بووم هەتا دەبمە ڕەوەندی نێو درەختە بێ
هەناسەکان
هەر لە گوناهی خۆشنوودیی ڕابمێنم
لەتۆ فێر بووم سەرم بکەم بە شکارچی ئاهووی حەزە
ڕاکردووەکان
خۆم دەمزانی ئەگەر ڕۆژێک بەسەرمدا گوزەر بکات
مەرگ بە تەنیشتما دەڕوا و
لەبەر خاتری عەشقەکەت سڵاوێکم بۆ جێ دێڵێ
لە تۆ فێربووم هەی قوربانی بانیژە بچکۆلانەکەی تەمەنت
بم
عاشقانە سڵاو لە خەمی جوانکیلەی دنیا بکەم..

چوار کەرەتان منت کردە چلەپۆپەی لەزەتە ڕەنگامەکان و
لەگەڵ گشت ئێوارەیەکی بێ سنووردا
لە ئاغووشی پڕ لەرزمدا هێلانەی باوەشت بۆ گەورەبوون
دەکردەوە
چوارجار کژەکان کۆلکە ڕەنگینەی ناکاو بوون
بە شەکەنج و پرچی قەترانی و باڵا پۆشی تۆوە ئاڵا بوون
تۆیش لە تەک مەندی و کەسیرەیی من
خەونێکی تازەت بە پەڵە هەوری لەزەتێکی کۆچەرییەوە
گرێ دەدا..

ئای چەنێ دۆستی خۆرئاوای دووری ئێوارە وەختەی
پەراوێزی ئاسۆکان بووی
ئای کە خەزانی پیری بێ شکۆ و شەرمی سەردەمت لەلا
پەسەند بوو
ئای بە تۆفانی زەرد هەڵگەڕاوی گەڵای بێ تخووب شێت و
شەیدا بووی
ئای چەندە هاوڕێی شەقامە سارد و درێژەکانی ئەم
پایتەختە بووی
چەندە تامەزرۆی خەوی بێ دوایی مێژووەکان بووی،
ئای کە دەربیجە شیرازییەکانی دڵت لەلا دڵگیربوو
دەلاقەکانی تریشت، وەک دڵدارەکەت، وەک
شیعرەکانت
هاویشتە نێو لەپی قووڵی چەمانت
ئای شەهوەتی کەفرەنگی مانگ چەند لە بێداری دنیای
چاوانت ئازیز بوو
چەندە دۆستی شەوی تاری نێو سەگوەڕی گوندەکان بووی
ئاوابوونی ئەبەدی دەیخستیتە نێو سەرسامییەکانی شادی
سەرتاپای عومرێکی کورت لێی ڕادەمایت
ئای کە کینەدۆستی دوا نیوە شەوی ڕەمەزانان بووی
وەختێ دەهۆڵی چاوەشێکی گەوج
ختووکەی ماتییەکانی تاریکی دەداو
مەرگی ساڵێکی دیکەی پڕ زیکر و خودا پەرستی
بۆ بەتڵە کپەکانی شەو ڕادەگەیاند..
ئای کە دارکاژەکانی قەبرستانی سەرووی شار لات
دڵنشین بوون
دەبوویتە میوانی قەبرو گەڵای لێوە بێ خەندەکانی سەر
مەرمەڕو
پەلەوەرە ڕیوەڵەکانی هامێزیان
بۆ نوێترین بالۆرەی چرۆکانی غوربەتت
سەرچۆپی نەرمی هەنۆیان دەگرت..

کە دەکەوتیتە یادوەری ئەو کووچانەی بۆنی شەو و دیوارە
مێزاوییەکانیان
مرۆی دەخستە ڕووباری ورێنەوە
کە دەکەوتیتە یادی ئەو مشکانەی دیوارەکانیان کردبووە
داوەتگای ڕژدو شایلۆغانیان لەسەر دەگێڕا
کە دەکەوتیتە یادی ئەو هەورە ئاوسەی
بەسەر نەرمایی ڕوحتدا نەدەچۆڕا
بەسەر بێ نەوایی خەوتووی ژێر گوێسەبانەکان تلۆر
دەبوونە خوارەوە
کە دەکەوتیتە یادوەری ئەو پرسیارە بێ گەردانەی لەباری
زەمەن دەچوون و
دەکەوتنە ئەندێشەی لاژیوەردی بێ داڵدەکانی بەرباران
کە دەکەوتیتە یادی.. کە دەکەوتیتە یاد.. کە دەکەوتی..
هەوری لیکت دەچکاندە سەر کێڵگەکانی تەوێڵی
زیندەگانی..

ئەوڕۆ نازانم خۆم باوێمە ژێر سایەبانی وێستگاکان
یاخود ئەو کیشوەرە وشکە بدەمە بەربارانی ڕێژنەی
نەفرەتێکی جوداواز؟
ئای کە هەوری سکپڕی ئاسۆم خۆش دەوێ،
ئای کە گەڕانی ژێر تنۆکەی درشتی وەشتم پێ خۆشە
کە تەڕیش بێ چێوی ماندووی حەزەکانم
سایلی پلووسکە شلۆقەکان ئاو بەسەراپام چۆڕەی بێ،
بە نێوەندی درەختە بێ کاڵا و ڕەقیتە بردووەکاندا بە پەلە
پەل تێبپەڕم
جاربەجار گەڵایەک کۆشی بە خەزان گەمارۆدراوی دار
جێ بێڵێ و
جێ پێکانی من بکاتە گڵکۆی دەست لێکبەردانی خۆی...

دوای ڕەوینەوەی جەستەی تۆ لەو دیو مەرمەڕە جوانەکان
پیادەڕەو و گەڕەک و کۆڵانەکانی باڵای شاری کەرەوات
ڕەش
هەر هەموویان لە گۆڕەپانێکی نازدار باوەش بەیەکدا
دەکەن و
لەبەر دەروازەی ئاسنینی گڵکۆی مەرمەڕیت دەوەستن
تاق و تەنیا و سەراسیمە بەسەریاندا ڕادەبوورم
بەبێ بەهایی زیندەگی و هەموو شتێک پێ دەکەنم!..

ئەوەتانێ، نیهاڵە باریکەلەکان، ئەکاسیاکان
لەزەتی ڕووت و بێ گەردی گیانی تۆیان داپۆشیوە...
ئەو شۆ لە کوێی، گۆڕی کام شاعیری مەست و
کام پەیامبەری خوانەناس بە میوانیت ڕۆشن دەکەی؟
ئارەزووی تاریکی دیوە شەیتانیەکانمە
پڕ بە ناخی تینووی دەست و گەندەمووە ڕووناکەکانی
ئارەزوو بتگلۆفم
ئەو شۆ لە کوێی، لە پەنجەرەی کام شیعرەوە
دەچیتە نێو گالێری تازە پشکووتووی دڵێکی شێت

ڕوخساری تلیساوەی خۆت هەڵدەواسی؟
ئارەزووی زوهدو تاکپەرستییە
پڕ بە دنیای تاق و تەنیا و سۆفیانەی چاوەکانم
یادوەرییەکانت ببینم
خەنیم بێیت و هێندەت باوێمە کالانەی ڕوح و دڵم
هێند بتخەمە سەر گوڵخەنی هەناسە دۆزەخییەکانم
بە قەدەر پرچی پەژموردەت، بەقەدەر هەنیسکە
شیرینەکانت ماندووبم..
ئەو شۆ لە کوێی، ئارەزووی کۆچبارو وشک هەڵگەڕانە
لەسەر تریەی دڵی تفتیلکێکی پەڕەوازە سەری
خۆشحاڵت جێ بێڵی و
دەزوولەیەکی زراڤ بێت
هەوری ڕوحم وەک کۆلارە لە ئاسمانە دوورەکانی ژیان
هەڵدەی!

ڕەنگە تەنیا تۆ بتوانی وەڵامی پرسیارەکانم بدەیتەوە
ئەریّ من شێت و ئاوارەم
یان شەقامە پڕ ژوارو هەنگاوە بێ کۆتاییەکانی
شەمێران؟
ئەریّ من دڵە کۆنەکەم ئاسمانی سۆزی هەڵچووە
یان ئازاری هەنگوینی تۆ کچێنی چاوەکانی منیان
ڕشتووە،
ئەریّ کێ پەی بە ئارەزووە ئەمازۆنییەکانی دڵی من بردووە
بلا بێت و کەڵەکی هەڵکردنی من برووخێنێ!..

کە تۆ ڕۆیشتی دەتویست خەراباتی تەنیایی بۆ کێ، بۆ کێ
بەجێ بێڵی؟
کە تۆ لە ئاپۆرای چڕی گۆڕستانەکاندا ونبووی
بەم دڵ و ناخە سیاهەم، سەرم بکەم بە کام کلاوڕۆژنەی
تەڵایی و
کامە مەزاری مەرمەڕی؟
کە تۆ ڕۆیشتی ئیدی کێ دارستاننامە،
کێ خەونامەو شەپۆلنامە شینەکانی نێوچامە
دەنووسێتەوە
کێ پێش زریان دەکەوێت و
تا کەپرستانی گەڵای ناوەختی «عەزیم ئەلدەولە»
هاوکۆچی ئەکات؟
ئیتر کێ گوێچکە بۆ هاژە و سیرەی لکە ئاوات گرتووەکان
هەڵدەخات و
لەگەڵ تەنیایی شەوانی بێشەڵانا گەورە دەبێ؟
کە تۆ ڕۆیشتی بەکە بە مشتێ هەناسەو هەڵمکێشە
نەبا ساتێکی قەدەم خێر لە پاش تەرکە دنیایی تۆدا
هەڵبکەم!..

بۆ تەنیا ساتێ لێت گەڕام
کەچی لێوت لە لەشی دەلالی بیرەوەرییە
مەجووسییەکانم ترازاند
بۆ تەنیا ساتێ لێت گەڕام
تا بە هاودەمی ئەو جەڕە لێوڕێژەی لە هەستی من
شیرینترە
ناکەوڕێژی ڕۆژگارە دواییەنەکانی ساڵی قورسی سووتان و
سەرگەشتەیی بهێوڕێنم

ئەو دارستانەی مەیلی تەنیایی و جێ ئۆقرەی مەلی
خورپەی دڵت بوو
چۆڵ و خەڵوەتە وەک سارای دڵە بێ ئومێدەکەم
لێڕیشی وێنەی ئەمامی گیانت زەردو بێ ڕوحە
ئەو! قاغی قەلە ئەهریمەنییە بەرزەکان هەڵدەوەرێنێ
دڵیشم سەدای غەریبی و دووری و بێ تۆیی تێدا دەنگ
دەداتەوە..

بۆ منیش نابەی لەگەڵ خۆت؟
دەمی سپیدە دێم ئاوێزانی گۆڕەکەت دەبم
مەرمەڕی شیعری جەستەت ماچ دەکەم..
بۆ منیش نابەی لەگەڵ خۆت؟
گۆشە پەرێزیی غەمگینە وەکو دیار نەمانی تۆ
لەناو حیلەی ئەسپی ڕەندی بیرەوەرییە دوورەکاندا
بۆ منیش نابەی لەگەڵ خۆت
ئیتر بەهەشتی تەنیاییم پێ ناکەوێ
...چۆن ئاهورا لەگەڵ بەندەی خۆی وا دەکات..!
هەی ماڵئاوا...!

**تاران – کۆتایی ۱۹۸۵**

# شاژن

نەوزاد ڕەفعەت



هەر لەودیو پەنجەرەی کەلرا شەبەقی دا
هەر پێڵوو تۆزی لێ تەکا
شاژنی هەولێر لەجیاتی ڕام بموسێت
لەجیاتی مەمکی پڕ میهرم لەزار بنێت
سەد توورەگە خۆڵی گۆڕی مرازەکان..
خۆڵی گۆڕی خۆم و خەونە خۆشەکانم
لە ژوورسەرەوە دادەنێت
دەبێت دیسان

لەنووکەوە وەکو جاران
بەباو بۆران
لەژێر لێزمەی پشکۆ و باران
بێ هەدادان
تا دەگەمە تاریکستان
بۆ بلّندی قەڵای پیرۆز
قەڵای پیرۆزی پەرستگەی،
نزاو داوی کڕنووشبەری بێ دەرەتان
توورەگەکان بگوێزمەوە.. بکێشمەوە..
دووکەڵی سووتانی ڕاستی هەڵکێشمەوە

هەموو ڕۆژێک
هەمان تۆن و هەمان پەلک
هەمان پشت و هەمان شوولک
هەمان چەقۆ و هەمان گەردن
هەمان ژیانەوە و مردن

لەوەتی لەبیرمە دەمدۆشێت
دڵی شەکەتم دەگوشێت
شەڕابی خوێنم دەنۆشێت
نازانم عشتار دایکمە یان زڕدایک؟!
بۆ غەواران
هەنگوینی یەکەم ماچی بووک
بۆ منیش ژار..
ژاراوی تووک(*)


٣-٢٠٠٨/١٠/٥

* نزای خراپ.

# لە سەبرا دڵم لێی ئەڕژێ

چنوور نامیق

بە دیار وەرینی خۆمەوە
وەنەوز ئەدەم
نزایەک لە تامی شەراب ئەمگرییێنێ
حۆرییەک بە کراسی ئاوەوە
ئارایشتی ڕووم ئەکات و
بە هیوایەکی سەوزەوە
دەستم ئەگرێ
دڵم پڕە و خشپەی ئەو گەڵا تەڕانەم تیا دێتە گۆ
کە مەغریبێک لێم بوونەوە
کچێک لەخێڵی کۆچەرییان
بۆ تەمەنێک ڕام ئەگرێ
ماچە نەزەراوییەکانی عەشقم لێ ئەوەرێ
ئەو بە تریفە ئەمشوات و
بە نیگا وشکم ئەکاتەوە
سەبوورییەک لە تەماشام پەڵە ئەدا
گوڵێک بە نەزەری باوە
دوو سێ ئاونگی قەتیسم ئەخواتەوە
ژنێک بەژنی لە گەڵایە
سەرقاڵی پەڕاندنەوەی ڕۆژە عەیارەکانی تەمەنە و
هەر چاوەڕێی قابیلەیەکی دوورە ڕێیە..
نادیار، تەماشای تێکەڵم ئەکات!
خەوی چاوم هەڵئەگۆزێ
پەرییەک لە خێڵی زەمینەکەی
لای خۆمان
ئەناسمەوە
سەرەڕۆیی ڕووبارم پێ ئەناسێنێ
ئەمێستا
زەمەن وەکو تاڵەکانی پرچم تێک ئاڵاو،
وەکو ئاواتە تەنکەکانی قەراغ دڵم
سەما ئەکەم
ساتەکان وەکو دوودڵیم
زوو ئەڕەنجێن
ئەوان سەرقاڵی فەرزەکانی ژوان و
منیش سۆراغی سێوەکان...
ئەو دێ و



لەبەرپێی عومری خۆم
ڕام ئەگرێ
لە ساردبوونەوەی تەماشام
خەو ئەیگرێ
بیری ئەچێ
حیکایەتی سێوە نیوە زامارەکەم
بۆ تەواوکا
تاوێکی تر
بە سینییەکی پڕ نزاوە
ڕێم لێ ئەگرێ
چ هەڵمی پەنگخواردووی ڕوحمە
لە تەماشامەوە ئەڕژێ
چ ڕۆژی بەباچووی ساڵە
زەردەخەنەم
داگیر ئەکا
باخەوانێکی ئادەمی
گەڵا مزرەکانی جەستەم ئەکاتەوە
حەواکانی ئەم دەڤەرە
بەچەپکێ وەفای سوورەوە
نوێژ بۆ یادی ژوان ئەکەن
یەکە یەکە
گەڵای سەبووری لە جەستەم ئەکەنەوە
ئەمێستا نیوە ڕووتم و
قەدم بەدەست بای زستانی و
دڵم بە دەستی تۆوە ئەلەرزێ
هاوڕێ ماندوومە و
ئەمەوێ لەحزووری خودا
بۆ ساتێک نەزەر دامپۆشێ
بۆنی سێو و نمەی بێ مەئوای چاوانم
تەڕم بکات
ئەمەوێ سێوی نیوە زامارت بۆ بگرم
ئەمێستا چاوانم ئەفڕێ و
پڕم لە خەونی هێلانە و
جریوەی دوایی نەهاتوو
لە سەبرا دڵم لێی ئەڕژێ و
قەدم لە لەرزین ناکەوێ
بەبێ ڕوخسەتی یارانم
تۆزێکی تر ئادەمێک دێ
بەویقاری نیشتمانێکی بێ سێبەر
تاوێ لەلام ڕائەکشێ
گەڵایەکم لێ ئەبات و
سووک سووک
بەسەر پردی سیرات ئاودیو ئەبێ
دەستنوێژی هەموو تەمەنی
لە ئاونگێکی سەرلێوم
بەتاڵ ئەبێ


ئاوی زەمزەم
بە بەردەمما ڕێی خۆی ئەگرێ
ئەسەف ئەویش
بەبێ ڕوخسەت
گەڵایەکی ترم ئەبا

حەوایەک بەسەر پردی ناوەختێ
دێت و دەڕوا
پیاوە گوناهاوییەکانی سەر زەوی
ئاودیو ئەکا
ڕۆژگارێک لەولاترەوە
بێزوو بە سێوەوە ئەکەم
(تارک الصلاه)ێکی مودمینم
ئەمەوێ ئێوارە پاییزییەکانی ژیان
لە حەشری ڕووتبوونەوەمدا
پڕکەم
هاوڕێ دەتۆش
تاوێک وەرە و
فریام کەوە

سەڵایەک لەناخما هەراسانە
وەرزە ئاڵەکانی زەینم
بە کون فەیەکونێک ئەماڵێ
بانگ و سەڵای ئادەمییەک
ڕاستییەکانم ئەشێوێنێ
پەرییەک لەناخما وێڵە
زۆر بە هەڵە
لە ڕوحی ئادەمەکەیدا
لانەی شیعری پڕ لە گەڵام چێ کردووە
زۆر بێ ئاگا
لە مەملەکەتی عیشقی ئەو دێم و دەچم
لەسەبرا دڵم لێی ئەڕژێ
پڕم لە خەونی هێلانە و
جریوەی دوایی نەهاتوو
جریوەی تری نەهاتوو!

# سوورەتێن حسرەتێ و کەسەرڤەدان

ئارژەن ئاری
(ئامەد)



**بهار**

هەر دار هلدپەرکە رۆژێ
هەر شاخ ب هەر گولیی ڕە هەر پەل
بهار، کیشوەرەکە بیهن – نەفەل
بهار، سینگۆبەرێن دوکەل
و ڤەتیتکێن ئەرخەوانی
و گەشتا ل زەڤیێن گەردەنێ...

دبن سەرێ تە دە بالگهە زەندەکا من
یێ دن ل تە پێچایی، کۆرەمار
ل کەڤیێن دیژلە سترانا «هەلەیار»!
خوەش – هەستم بهار، سەرمەستم بهار!
تو بهار، دۆر بهار، ئەز ب هار
چی دن بخوازم ژ خوەدایێ ب تەنێ!

**... و تو نەیێ؟**

رووبارەکی ببینە، کو ژ کانیەکێ دەرنەیێ
رۆژەکێ ببینە، کو ب سحارێ ڕە هلنەیێ
هەر رۆژ دمرم د مەختەلا بەندەماییێ دە
هێڤیا هاتنەکێ دیوورسینم، هێڤی بقەدە... و تو نەیێ؟

**شەڤ رێز گازن**

ژ نوایا قومریان دەنگ بلیا
د شکەفتا دەڤی من دە سترانەکە «شەڤ چوو...»
ژ تە، وەلاتەکی بێخوەدی
ژ حەزکرنێ پێ ڤە من چ کربوو!
کتکەکە من ژی نینە –
قومریکا داوی ژی
فڕی
و چوو!

**ل دوو**

هەر کو پرپرینکەک فڕیا شاخەک هەژیا ل دوو!
ل دوو؛ د چەنگێن سحارێ دە مەیان خلۆلیک
ل دوو؛ نە شەڤ نە رۆژ نەکێلیک...
ل دوو؛ دل ب پیان نەکەر دل ژ شیر ڤەنەبوو!...

## بەندی

مشت کەسەری تو هلم ب هلم بێری
د ناڤا تلییێن من دە رۆژەک دن زەرری
حووتەکی هەفت سەری یە دچیرۆکان دە چلە
من دخوە، دل دکەڤێژە، زەمان دڕووخە
د کێلیکەکە ژ بیربوویی دە تە دەست بئاڤێتا دەستکێ
دەری...!

## بێباڤێ

چاڤێن تە: دو بنەفشێن رەنگ – تەنک
د سپێدێ دە شیرکی شیرکی، هێنک
بایەکن: نەرمک نەرمک، نشمی....
بێباڤێ، د چاڤێن تە دە ڤەمرین
چل بهارێن هەڤریشمی!

## تێم

د خورجکا من دە هەمموو ڤەویتی:
کەمبەرا زیڤی، هنا ڤەشمیرێ، هەبری...
جۆتێ خرخالان ژ بیر دکم ڤەت!
سوارێ هەسپا کمێتم تێم
تێم کو بکم خزێم بەریکا بنخەتێ!
کیژان میرەکە ل دەڤێ ریا تە؟
سە دئەوتە، گور دزوورە، باز دفیکینە
تو بلیلینە ب وی دەنگێ سابا
شیار کە ژ خەوێ چیاکێن سەرخەتێ
ئەڤ ڤووچا هانا شەمەڕیان
نەیارن ژخوە ئەز و ڤێ حکوومەتێ!

## کولیلکا هەنە

کولیلک هەنە: سحار سحار ڤەدبن، ئیڤار ئێڤار
دچلمسن
کولیلک هەنە قورمز قورمز، ژ ڤەفەسێ دل ددزن
کولیلک هەنە، بەژن ئازا چیا چیا دلەرزن
کولیلک هەنە کولیلکا من، د گولدانکا دل دە نارڕزن

## پرس

مرن بێی تە بوونە
مرن ژ تە دووربوون، ل جەم تە نەبوونە
دمرم دمرم بێی تە.
کو ئەز بمرم، تو ئێ چ بکی ب تەنێ؟

## ژ کیشوەران پایزە نها!

بۆ وێ یەکێ...
سال هم ب هم زەمان پیر دکن.
هەیڤ ل کەڤانە گەهـ، گەهـ رۆژ ل ئاڤا
ب کێلی و ساعەت، ب رۆژ و شەڤ، ب ئاڤ و هەوا
دەم کا، ئەز پیرەکال، زەمان لال...
دەلالێ، ژ کیشوەران پایزە نها!

پایزە، دەم دێ خوە ڤەگوهەرە گوهەرەک دن
کێلی ئێ نەپرسن ژ تە بۆ ببم ساعەت
و رۆژ دێ رانەوەستە ل تە بۆ نەبە شەڤ؛
رۆژ دەرەو، شەڤ دەرەو، زەمان ناکەڤە خەو...
دەمسالە... ژ کیشوەران پایزە نها!

سلتانێ هەروەختە، کی یە نە هێسیرێ زەمان
ڤورتەکە ئاڤن کێلی، ژیین هلمەکە بێگومان
ئاڤەکە ل حەرکە هەر چەم، بەر ب دەریا مرنێ ڤە
نە سەری نە بنی ب هەمینی دحەرکی ل ڤێ
چەمەک دمچقە هەرحال... ژ کیشوەران پایزە نها!

ل خوە ڤەگەڕی، پەلێن کاتژمێرێ بدی هەڤ
دەهـ جلد رۆژ، دەهـ جلد شەڤ دێ بێنە سەر هەڤ
ل شوونا تەمەنەکی تو ئێ چ بکی ژ تۆمارەک پەل؟
روونی بسۆژینی وان یەکۆ یەکۆ
تو یێ تەمەنێ من و خوە بسۆتینی،
تو ئێ رۆژەکێ ژی ڤەنەگەڕینی ژ زەمان!

## تەمبی

یان ل کەندالێن دل بکۆلە
یان ژی ل پەڕێن خەولە – چیایەکی
شەرمە شاعرەکی چیایی داهێژن گۆرنێ
ل گۆڕستانەکە کێل – کەڕ
ل بەر گوهێن زڕ – باژرەکی!


## چارین

کێ نەگۆت، ئاخ! و نەچوو؟
کی نەبوو ئاخ... و نەچوو؟
فەلەک، ڤاژکێ بچوو
ئارژەن ژی دل ب داخ نەچوو؟

**ئەڤ شعرە ژ پەرتووکا کۆشعرا (شێرگەلە) رووپەلێن (٤٩–٦٣)هاتیە وەرگرتن، کو ژ وەشانێن (ئاڤەستا)یە و ل سالا (٢٠٠٨)ێ چاپا وێ یا یەکەم ل ستەنبۆلێ هاتبوو چاپکرن.**
**(ڕامان)**

# له شیعری هاوچەرخی ئەڵمانییەوە

**له ئەڵمانییەوە: د. سەروەر عەبدوڵلا**
**(ئەڵمانیا)**



### گرێدانەکان
**ئیریش فرید(١)**

ئەمە ئەو مانایە دەگەیەنێت کەوا
شاعیر ئەو مرۆڤەیە
وشەکان بەیەکترەوە گرێدەداتەوە.

بەڵام ئەمە ڕاست نییە..

بەڵکو شاعیر ئەو مرۆڤەیە
وشەکان تا نیوەی ڕێگا
بەیەکترەوە گرێدەداتەوە..

ئەمەش ئەگەر بەخت هاوەڵی بێت.

خۆ ئەگەر بەخت هاوەڵی نەبوو
ئەوسا وشەکان
لەیەکتر دەپچڕێنێ

### گۆرانی عەشق
**ڤۆلفگەنگ بۆرشێرت(٢)**

چونکە ئەمێستا ئەوە شەو دادێ،
من لەلای تۆ دەمێنمەوە
هەرچی بەمن بکرێت بۆ تۆ
ئەوە بەتۆی دەبەخشم!

هیچ جارێ لێم مەپرسە:
لەکوێوە، یان بۆ کوێ
عەشقی من بۆ خۆت ببە و
بەتوندی من بەخۆتەوە بگرە!

به نەرمی، بڕی شەوێک
لای من بمێنەوە.
ئەوسا منیش هەر تەنیا بۆ شەوێک
لای تۆ دەمێنمەوە.

**شیعر نییە**

**میشێل ڤۆرتیلە(٣)**

شیعر هەڵبەست نییە
شیعر هەڵبەست نییە
شیعر سروشت نییە
شیعر گێروگرفت نییە

شیعر زمان نییە
شیعر ژن نییە
شیعر توخم نییە
شیعر عیشق نییە

شیعر خودا نییە
شیعر جەنگ نییە
شیعر هەور نییە
شیعر عەیب نییە

شیعر ئاژەڵ نییە
شیعر ئەستێرە نییە
شیعر پیرامیدا نییە
شیعر شیعر نییە

**سەرچاوە:**

**1- Erich Fried Libesgedichte, Verlag Klaus Wagenbach 1982.**
**2- Wolfgang Borchert Das Gesamtwerk. Mit einem biographischen Nachwort von Bernhard Meyer-Marwitz Rowohlt Verlag 1986**
**3- Jenes Gedicht & mit nichts, Gedichte Michel Wuerthle. E.A.2004.**



# مەیدان


**کامەران حامیدیان**
**(مهاباد)**


قرپێکی هێناوەو دەسحێبە دەنک گەورەکەی شەق شەق لێک دا، ئاوڕێکی لێداوە و کوتی:

– ئەوە جووجکەی کێهە کەڵەشێرییە؟

حوسێن لەسەر کورسیلەکە ئاخیز بوو و سەیرێکی کەڵەشێرەکەی لە ئامێز کرد و لەسەر کورسیلەکە دانیشتەوە و دەستێکی بە ملی کەڵەشێرەکەدا هێناو پۆپەی ماچ کرد و کوتی:

– ئەوە جووجکەی چیلەکەیە.

محەمەد هەر تک دەستی درێژ کرد و کەڵەشێرەکەی لێ وەرگرت و سەرو دندووکی بەرانبەر بە دەموچاوی خۆی ڕاگرت و ساتێک چاوی لە چاوە شینەکان و دندووکی کرد و کوتی:

– بێ مزەڕەت بێ، جوانە.

حوسێن بزەیەک لەسەر لێو کوتی:

– پێشکێشە کاک محەمەد

محەمەد دەستی لە ڕانی کەڵەشێرەکە دا و کوتی:

– قوربانت، ئاگات لێ بێ جووجکەی چاکە، خۆ تەمرینت دانەناوە؟

– ناوەڵڵا، تەنیا دوێنێ شەو چەند پەرم لەگەڵ جووجکە سوورەکەی عوسمانی دانا

- دایەنێ جارێ، ساوایە، حەیفە.
کەڵەشێرەکەی داوە دەستی، حوسێن چەند جاری دەست بە پشت و کلکی داهێنا و جارێکی دی هاویشتییەوە سەر بەڕەیەکی کۆن و جیقناوی ژووری قاوەخانەکە، کەڵەشێرەکە چەند جاران باڵی لێک دا و ملی درێژ کرد و بانگی دا، تاقمێک لە دانیشتۆکان کە پێکەوە قسەیان دەکرد، ساتێک بێدەنگ بوون و چاویان لێکرد، یەکیان مژێکی لە سیغارەکەی دا و بە دەم دەردانەوەی دووکەڵ کوتی:
- نایفرۆشی حوسێن؟
قاوەچییەکە چوار پێنج چای زەرد بە دەستەوە بە شەقەشەق بۆ لایان هات و لەکاتی دانانی چایەکان لەسەر کورسیلەکان نیوە ئاوڕێکی لە کەڵەشێرەکە داوە و کوتی:
- حوسێن ئەوە ئی هێلکەی ئەو مریشکە زەردەی نەبوو لە منت کڕی؟
حوسێن کوتی:
- نا ئەوە ئی مریشکە کوێرەکەی بازیدێیە.
جارێکی دی کەڵەشێرەکە خوێندی، هێندێک تووکی ورد و تۆزی وەحەوا خست، ئەوەی بەرانبەری حوسێنی دیسان لێی پرسییەوە:
- حوسێن نایفرۆشی؟
حوسێن کشمیشی بۆ کەڵەشێرەکە هاویشت و کوتی:
- ناوەڵڵا کاک خدر دڵم نایە.
وڵات تاریک داهاتبوو گەڕاوە ماڵ، ماندوو ببوو و بەری لاقی کاوەکاویان دەهات، داشقەکەی لە گۆشەی حەوشە دانا، دەنگی کایە کردنی منداڵ و مێرمنداڵان لە کۆڵانەکەیان ڕا دەهات بە پەلە هەڵاتەوە دەر و تێکەڵیان بوو، ئەستێرە یەک دوو یەک وەدیار کەوتبوون، دەمێک بوو بابی هاتبۆوە و لەگەڵ خێزانی بەرانبەر بە یەک دانیشتبوون، دوو سێ منداڵ لە دیوێکی دیکە سەرقاڵی کایەکردن بوون، بابی کوتی:
- ئەدی حوسێن لە کۆیە؟
خێزانی کوتی:
- جا بڵێم لە کوێیە، لە هەوەڵی ئێوارێوە چۆتە کووچەی، ئەمن نازانم لە گەڵیان چ بکەم، شێتیان کردووم، چی دیکە ناتوانم ئاوا دانیشم.
مێردەکەی چای بەردەستی بە گەرمی خواردەوە و دەسبەجێ هەستا سەر پێ و وەدەرکەوت.

خێزانی دەرگای دیوی منداڵەکانی کردەوە و وەک شێتان ئامبازیان بوو، زیق و هۆڕیان بڵند بوو، هەرسێک لە ترسان لە گۆشەیەکی وەک ژووژک وێک هاتبوون، بە دەنگی بڵند جوێنی پێدەدان و هەڵیدەقورینجاندن، زیقەی حوسێن و گۆڕەی مێردەکەشی لە حەوشەدا پەیدا بوو، بە پەنجەرەدا مێردەکەی دیت کوتە شیلانگێک بە دەستەوە بە توندی لە شان و پیلی حوسێنی ڕادەکێشا، دەرگای ژێر خانەکەی کردەوە و شەقێکی تێهەڵدا و دەوی هاویشت و دەرگای لێ داخست، شیلانگ بە دەست هاتە دیوی منداڵەکان و بۆ لایان هات و لەسەر سەریان ڕاوەستا و گوڕاندی
خوڵا لەو سەرەی شاهیدە، جارێکی دی دایکتان تووڕەکەن دەو کوژم، نووکە شەقێکی لە ئەوی گەورەیان داو چرای لێ کوژاندنەوە.
حوسێن کەڵەشێرەکەی هەڵگرتەوە و دەساکەکەی هاویشت و ماڵئاوایی کرد و بۆ لای پلیکانان چوو، یەکێک بە دەنگی بڵند کوتی:
- کوڕە ئەوەش وەک بابی قاچاغ دەبێ.
قاقای چەند کەسان بەرز بۆوە، لە ڕاست هەوەڵ پلیکان ڕاوەستا و بە دەنگێکی لەرزۆک کوتی:
- ئەوە جووجکەی چیلەیە، قەت قاچاغ نەبووە.
یەکی دی هەڵیدایە
- بۆ درۆیان دەکەی، لەگەڵ کەڵەشێرە گۆجەکەی مەهابادێ قاچاغ نەبوو؟ خۆ ئەمن بۆ خۆم لەوێ بووم وەک مریشک قیڕاندی.
قاقایان بەرز بۆوە، ڕک جەستەی داگرتبوو، نە ڕێی گەڕانەوەی هەبوو نە توانای ڕۆیشتن، کەڵەشێرەکە دە ساکەکەدا حەجمینی نەبوو و یەکبین دەجووڵاوە، بە ئەسپایی لە ئەرزی دانا و دوو سێ هەنگاو بۆ لایان هاتەوەو کوتی:
- هەر کامتان دەوێرن دروستەی دەکەم.
یەک جێ ژوورەکە قرقەپ بوو، کەڵەشێرێک لە قەفەسێکدا خۆێندی.
یەکیان کوتی:
- بۆ ئەو هەینێی دروستە، لەگەڵ جووجکە سوورەکەی من.
حوسێن ڕەنگێکی هێنا و برد، نەیتوانی قسەکەی بخواتەوە کوتی:

– بیست هەزار دروستە.

– سێ سەدم پێداوە، چۆن بۆ بیستی خەراپی دەکەم، سەد هەزار دروستە

حوسێن چاوێکی لە محەمەدی کرد و ئەویش سەبرێکی شانی هەڵتەکاند.

– دەی ئەدی بۆ ناوێری؟

– دروستە.

دەستی بە ساکەکە دا و بە پەلە وەسەر پلیکانان کەوت، باران بە غورەم دەباری، لە ترسی بابی نەیدەوێرا بچێتەوە ژوور، لە پەنا دارتێلێکی پەناماڵێیان هەڵ کورمابوو، تەواوی لەشی خووسابوو، دەنگی گریانی خوشک و براکانی لە ژووری ڕا دەهات و دەنگی جوێندانی زڕدایکی، برسی بوو، سەرما مچوڕکی پێدا دێنا، هەڵدەلەرزی و چەق و چۆ دایگرتبوو، شەو درەنگ ببوو و چرای ماڵەکانی جیرانیان تاق و لۆق دایسا، چرای ماڵە خۆیان کوژابۆوە و هیچ دەنگێک نەدەهات، سەبر سەبر دەگریا و فرمێسکی تێکەڵی دڵۆپی باران دەبوو، دەرگای ماڵێیان کراوەو بابی کوتە شیلانگەکە بە دەستەوە لێی هاتە پێش و کوتی:

– هەستە وەپێشم کەوە هەتیوە خوێڕی، ئەو جارەش دایکت تکای لێکردم دەنا هەر دەمکوشتی، جا ئەتۆ جارێکی دی لە قسەی دەرچۆ بزانە چت لێ دەکەم.

شەپێکی دە بەلەکی کوتا. وەپێشە خۆی دا.

چرای دیوەکەی هەڵکرد و ساکەکەی کردەوە و کەڵەشێرەکەی دەرهێنا و بردی دە قەفەسەکەی کردەوە، خێرا نەختێکی هەویر گرتەوە و بۆی هێنا، بیری لە کەڵەشێرەکەی هەمزەی دەکردەوە و لە مەیدانی ڕۆژی هەینی، شەڕەکەی دیبوو، بە بیست خولکان مەیدان هاتبوو، کەڵەشێرەکەی کوتە هەویرەکانی یەک جێ قووت دەدا، چاوی دەچاوی بڕی، تێر ببوو، چەند جاران دندووکی لە هەڕەی بەر پێی خشاند و نەختێکی چینە کرد، چرای لێ کوژاندەوە، بەیانی ڕۆژی هەینی زوو لە خەو ڕابوو، تاپۆی داشقە تازەکەی لە قولینچکی حەوشە ڕا دیار بوو، ساحێب ماڵەکەی ئێستا لە خەو هەڵنەستا بوو، چرای دیوەکەی هەڵکرد و سێ چوار گلۆڵە هەویرو مستێکی کشمیش بە کەڵەشێرەکەدا، لە قەفەسەکە هێنایە دەر و دەستی بە پشتیدا هێنا، کەڵەشێرەکە بە ئەسپایی لەژێر دەستی هاتەدەر و شەق شەق باڵی لێک دا و خوێندی، دڵخورتی ئەوەی بوو وەک بابی قاچاغ بێت، یەک دوو جار بڕیاری دابوو قاچاغی بۆ بدات و مەیدانەکەی تێک داتەوە، نەیتوانیبوو. وڵات ڕووناک بوو و هەتاو بالای لە پشت کێوەکان وەدیار کەوت، کەڵەشێرەکەی گرت و دەساکەکەی هاویشت و بەرەو قاوەخانە وەڕێ کەوت.

بەیانی زوو بوو و خەواڵوو و کاس چاوی لە دایکی دەکرد کە دەستی بە سکی گرتبوو و دەینالاند، خوشک و براکانی دەخەودا بوون و پڕخەی نارێکیان وەک بێچووە پشیلان دەچوو،

– دایەگیان چ بووە؟ بۆ دەگری؟

– چ نییە کوڕم، سکم دیشێ.

ڕشاوە، ویقەی بڵندی دەکرد، ڕەنگی تەواو سپی هەڵگەڕابوو و چاوی لە ژێللا هاتبوون و لێوی دەلەرینەوە، حوسێن حەپەسا بوو، برا چکۆلەکەی لە خەو هەستابوو و دەیزریکاند، دایکی بێحاڵ کەوتبوو، بێ تەکان و جووڵە، چاوی دەڕایەخی دیوەکە بڕیبوون، زۆری نەخایاند بابی ژنی هێناوە.

قاوەخانە جمەی دەهات، دووکەڵی سیغاران وەک هەورێکی تەنک سەرتاسەری ژوورەکەی داپۆشیبوو، قووقەی کەڵەشێران تاو نا تاوێک دەهات و ئاوێتەی شەقەشەقی ئیستکانان و لێکدانی دەسحێبان و دەنگە دەنگی دانیشتووان دەبوو، یەکێک بە دەنگی بڵند کوتی:

– ئەوە حوسێن مل سووتاویش هات.

ئاوڕیان لێداوە، جێ سووتاوەکەی ملی لە ناو یەخەی کراسەکەیدا شاردەوە و سڵاوی کرد، دوو سێ نەفەر دەورەیان دا، قاوەچییەکە خۆش خۆش چای لەسەر کورسیلان دادەنا و بە دەنگی بڵند لێی پرسی:

– قارەمان چۆنە؟

حوسێن بزەیەکی هاتێ و کوتی:

– باشە کاک ڕەئووف.

چوو لە تەنیشت محەمەدی دانیشت و ساکەکەی لە پەنا لاقی دانا، محەمەد بە هەمزەی کوت:

– ئەوەی خۆت هەڵگرەوە با تاوێک ئەوەی دانێین.

کەڵەشێرەکەی لە ساکەکە دەرهێنا و دەستی لەڕان و ملی دا و سەبرێکی هاویشتێ ناوەڕاست ژوورەکە، کەڵەشێرەکە بە دیتنی حەشیمەتەکە ساتێک ڕاما و ئەوجار هاتەوە سەرەخۆ و شەق شەق باڵی لێک داو

خوێندی، دەنگی ماشاڵڵا کوتنی یەک دوو کەسان پەیدا بوو، قـاوەچییـیـەکـە بە پەلە کـورسـیلەکـانی هەڵگرتن و دەمێک دوایە مەیدان گیرا، مەیدانێکی چکۆلە بوو.

سێ چوار پەیکەری ئاسکان لەو بەر و ئەوبەری بوو و کفارەیەک بە بێوازی چڵکاوی حەوزێکی هەڵداویشت، پەپوولەکـانی هەر بە دەسـتـەوە بوو، گـرتیـانەوە، بەسێ چوار کەسان کەوتنە سەری، دەم و لووتی خوێناوی بوو و بەر چاوی تاریک ببوو، خوێن تک تک لە کەپووی دەڕژا سەر کراس و پاتۆڵەکەی، خاوەن دووکانەکە بە هەڵکە هەڵک گـەیشـتە سەری و جومگەی دەستی توند گرت و گوڕاندی:

– هەتیــوە خــوێڕیە بۆ دزی دەکـــەی؟ ملت بە قـــەت کەرێکییە، بۆ ناچی کارێ بکەی؟

خـۆی لە دەست ڕاپسکاند و یەک جێ خـۆیان پێک دادا، حەشـیـمـەتەکە کشـانەوە پشـتـەوە، یەک دوو پەڕی چاکی وەشـاند، دەنگی مـاشـاڵڵا مـاشـاڵڵای بەرز بۆوە، کەڵەشێرەکەی هەمزە گەورەتر بوو و مامزی تەواو هاتبوو، دەنگی دروسـتـە لە گۆشـەو کەناری مـەیدانەکـە پەیدا بوو، سـەرو گـوێلاکـیـان خوێناوی ببـوو و ملیـان دەخستە سەر ملی یەکتر، لایەکی ملی تەواو بریندار ببوو و منداڵی قـوتابخـانە بێـزیان لێ دەکـرد، جـێگا کـەوچکە داغەکەی زرداێکی پێوەی نابوو هەوەڵ بلۆقی کردبوو و لە پاشـان ببـوو بە برین، هەوڵی دەدا بیـشـارێـتـەوە، بەڵام ئەوێ ڕۆژێ کـە مـامـۆسـتـاکـەیان بۆ دۆزینەوەی قـەڵەمی یەکـێک لە قـوتابیـیـەکـان کـراسی پێـداکـەندبوو تێـکڕا دیتـبوویان، هێـزیان نەمابوو و تەنیـا جار و بـار پەڕێکی قورسیـان لێک دەدا و چەقە و گوڕەی دانیشـتـووانیان ساز دەکـرد، کـەوتبـوونە شـەڕە دندووکـە و سـەرو گـوێلاکی یەکـتـریان نوقـمی خـوێن کـردبوو، پەڕێکیـان لێک دا و یەکێک بە دەنگی بڵند کوتی

– تەڵاقم کەوێ دندووکی هەستا.


دڵی داخــورپا، نەخـــتــێـک ملی شـــاردەوە، دروست بەرانبــەری بـوو، بۆ لای چوو، دوو جـاری دیکەی لەبەر دەرگـای مـاڵێـیـان دیتـبـوو، پێی خـۆش بوو نـاوی بزانێ، نەیزانی چ بکات، کیژەکە ناوچەوانی تێک نابوو و چووە کــــەنار دیوارەکـــە و بە پەلە ڕۆیی، ئاوڕی لێـــداوە، چارشێـوەکـەی بەهۆی توند ڕۆیشـتنی هێندێک لە ئەرزی بڵند ببـوو و دەلینگی شـەڵوارە شینەکـە و نەختـێک لە بەڵەکی سـپی وەدیار کـەوتبـوو، جـوێنەکـەی وی لە هەمـوو کـەس لێ گرانتر هاتبوو. قـاقایەکی لێ دا، هەمزە دەرهەڵ بوو و جوێنیکی پێ دا، تەپ و تۆزو دووکەڵی سیـغـاران ژوورەکـەیان ئاخنیبوو، کەڵەشێرەی هەمزە مامزی وەشاند و پڕیشـکی خـــوێن وەســـینگی یەکـــێـکی کـــەوت، کەڵەشێرەکەی حوسێنی قیڕەیەکی لێهات و ڕاما، یەکێک بە پێکەنینەوە گوڕاندی:

– کوێری کرد، هەمزە کوێری کرد.

هەمزە قاقایەکی لێ دا و کوتی:

– هەڵی گرەوە هەتا مندار نەبۆتەوە.

حەشیـمـەت دوو دوو و سێ سێ پێکەوە دەهاتنە دەر و سـینگیـان لە هەوای خـاوێنی دەرێ پڕ دەکـرد، حـوسـێن لەشی بێ سەری کەڵەشێرەکەی بە دەستەوە بە پاشە لەقە بەرەو ماڵ دەڕۆیشتەوە.



# دەرگای حەمامەکە

کامیار ئەحمەدی
(سنە)

چوار پلیکان تا دەرگاکە. ١، ٢، ٣، ٤.

دەرگاکە هێور هێور جیرە دەکاو دەکرێتەوە. ڕێڕەوێک و هەیوانێکی مۆبلەکراو...

شۆڕەی ئاو لە حەمامەکەوە دێ.

ژووری نووستنەکە خەریکە خۆی بەرەو لای حەمامەکە ڕادەکێشێ و وردە وردە درێژ دەبێ.

دەرگای حەمامەکە دەرهات و چوو بۆ ژووری نووستنەکە. پەردە هەڵواسراوەکانی ژووری نووستنەکە لە پەنجەرەکە دابەزین و باوەشیان بەیەکا کردو خەریکی سەمای تانگۆن.

دەنگی کرانەوەی دەرگایماڵەکە. پیاوێک هاتە ماڵەوە. شۆڕەی ئاو لە حەمامەکەوە دێ.

دەرگاکەی پێوەداو پێڵاوەکانی دەرهێنا.

دێ... دێ... چووە نێو ژووری نووستنەکە.

قاتەکەی دەرنەهێناو خۆی بە پشتا خستە سەر تەختی نووستنەکە.

دەرگای حەمامەکە لەسەر سەریەوە وەستاوەو سەیری دەکا.

شۆڕەی ئاو بەردەوام لە حەمامەکەوە دێ.

**٢٠٠٧/٥/٢٨: سنە**

**(..........)**

ژن دەستی کچەکەی لە دەستدایەو کچەکە دەستی ورچەکەی گرتووە.

ماشینەک لەبەر دەمیانەوە ڕای گرت. کچ سەیری دایکی کرد، دایکی ڕووی کرد بەو لاوە. ماشینەکە چوو.

ماشینەک سەد مەتر لەولاتر لە فەرعێکەوە هاتە سەر جادەکە. ماشێن هات و لەبەر دەمیانەوە ڕای گرت. ژن خێرا دەرگاکەی پێشەوەی کردەوە. ئەوەڵ ورچەکە سەرکەوت، دوایی کچەکەو دواتریش ژنەکە.

کچەکە کە ورچەکە لەسەر پێ چکۆلەکانییەوە بوو، سەری بەرز کردەوە شوفێرەکە ببینێ.

شۆفێرەکە گوتی: «چۆنی شیرین!؟». کچ زوو سەری داخست و توند بووکیلەکەی گرتە ئامێزەوە و زۆرتر خۆی بە ژنەکە نزیک کردەوە. دووبارە سەری بەرز کردەوە، سەیری ژنەی دەکرد.

دایکی ڕووی لە شوفێرەکە کردبوو، لێوەکانی پەمەیی بوون، بریقەیان دەدایەوەو زوو زوو خواروبانیان دەکرد. دووبارە سەری داخستەوە.

لەژێر چاوەوە سەیری شوفێرەکەی کردەوە. تەنیا گێرەکەو دوو قاچی ئەوی دەبینی. دەستێکی هات و گێرەکەی گۆڕی و چوو بۆ نێو هەردوو قاچەکە. کچ زوو چاوانی داخست.

بووکیلکەکە پشتی لە کچ بوو. ورچە دەلەرزی. ورچی هەڵگەڕاندەوە دەموچاوی ببینێ.

هەموو گیانی ورچ دەلەرزی. کچ توند لە باوەشی گرت و لووتی ماچ کرد.

کچ سەری بەرز کردەوە تا جارێکی تر لێوەکانی دایکی ببینێ کە پەمەیی بوون و بریقەیان دەدایەوە و زوو زوو خواروبانیان دەکرد.

منداڵەکان وازیان لە یاری هێنا.

کچ هەر دوو دەستی ورچەکەی بە هەردوو دەست گرتبوو، لووتی ورچەکەی ماچ دەکردو گۆرانی بۆ گوت. دەرگای ئاپارتمانە شەش قاتییەکەی نەبەسترابوو. چووە نێو ئاپارتمانەکە. بانگی «ماسی خانم»ی دەکرد و لە پلیکانەکان سەردەکەوت.

پێنج قات سەرکەوت و نزیکی دەرگای ماڵەکەیان کەوتەوە. دەرگاکە نیوەکراوە بوو. دەستێکی ورچەکەی لەدەست بەردا تاکو بەو دەستەی دەرگاکە بکاتەوە.

ورچەکە ئەو دەستەی ڕاکێشا کە بەدەست کچەوە بوو خۆی ڕزگار کرد. کچ وازی لە دەرگا هێناو لای لە ورچەکە کردەوە. ورچ دوو سێ هەنگاو پشتاوپشت چوو لەسەر سیرامیکەکانی ڕاڕەوەکە دانیشت. کچ گەڕایەوە بۆ ورچەکە. کە هەنگاوێکی بۆ لای ورچەکە هەڵگرت، ورچ بۆڕاندی و بەدەنگی بەرز دەستی بەگریان کرد. کچ کە ئەمەی بینی وازی لە ورچ هێناو گەڕایەوە بۆ لای دەرگاکە. دەرگای کردەوە. هاوکات کە بەرەو هەیوانەکە ڕێی دەکرد، دووجار قاوی لە دایکی کرد. «دایە! دایە!»، کەسێ وەڵامی نەدایەوە. بە هەیوانەکە گەیشت، وەستاو دووبارە دایکی قاو کرد، بەڵام کەس وەڵامی نەدایەوە. کەسی لە چێشتخانەکەی بەرانبەر هەیوانەکە نەبینی. دڵی پڕ بوو دەستی بەگریان کرد و دووبارە دایکی قاوکردەوە. هیچ وەڵامێک نەبوو. بەرەو ژوورە تەنیاکە، ژووری خەوتنەکە چوو. بەدەستە چکۆلەکەی هێواش پاڵی بە دەرگاکەوە نا. دەرگا جیڕەیەکی کردو کرایەوە. فرمێسکەکانی هاتبوونە سەر گۆناکانی.

پیاوە ڕووتەکەی سەر تەختی نووستنەکە، لە تەختەکە دابەزی و هەستایە سەرپێ. ژنەکە کە لەسەر تەختەکە ڕاکشابوو، سەری بەرز کردەوەو خێرا بەمەلافەکەی خۆی داپۆشی. هەردوو سەیری کچەکەیان دەکرد. کچ لە ناوەڕاستی دەرگاکەدا وەستا بوو سەیری ئەوانی دەکرد.

پیاوە ڕووتەکە بەرەو لای کچەکە هات، بەبەردەمیدا تێپەڕی و چوو بۆ چێشتخانەکەو لەتەنیا پەنجەرەکەیەوە خۆی خستە خوارەوە. کچەکە قیژاندی و دەنگی گریانی بەرز بووەوە.

لای کردەوە کە دایکی ببینێ، بەڵام کەس لەسەر تەختەکە نەبوو.

کچ بەڕاکردن و چاو بەگریان و دەم بەهاوار لە ماڵەکە هاتە دەر.

ژنەکە کە لەبەر دەرگا ورچەکەی بەدەستەوەبوو، کچەکەی گرتە باوەشەوە و وتی: «بۆ دەگری شیرینەکەم؟! ئەوە بۆ دووبارە بووکیلەکەت لە دەرەوە جێ هێشتووە؟!»

**۲۰۰۷/۷/۲۰: تاران**

# خەڵووز

قادر عەلیخا
(بۆکان)



ئاورەکە گیانێکی تێدا نەماوە، بەحاڵ سۆڵەی دێ. دووکەڵی سیغار و ئاورەکە تێکەڵ بوونە، بوونەتە تەم و ڕوخساری باش بەدی ناکرێ، سەروپۆتراکێکی ئاڵۆزاو وەک داوی جاڵجاڵووکە بەری ڕوخساری تەنیوە، ڕەق و تەق هەڵگەڕاوە. دەڵێی دەستەکی بن میچی نێومالّە، پەتۆیەکی شڕ و چڵکنی لە خۆی هاڵاندووە، چەنەی لەسەر چۆکی داناوە و ئەژنۆی لە ئامێز گرتووە، سۆڵەی سەرما جار لەگەڵ جار وێکی دێنێ. لێوە شین و ڕەش هەڵگەڕاوەکانی وەلەرزە کەوتوون، تەقەی ددانە کرمێکانی دەبیسترێن، بەوە دوو تەڵاشەی خستبوویە سەری، ئاورەکە گیانێکی تازەی تێزا و گڕ و گەرمای لێ هەستا، تینی ئاورەکە ئاهێکی تازەی وەبەر نا، هەندێک لە ئاورەکە دوور کەوتەوە و سۆمای چاوە لێڵەکانی بڕییە نیگای چاوە گەش و ڕوونەکانی ئاورەکە و بە ناخیدا ڕۆچوو.

عالەمێکی زۆری تێ ئاڵا بوو. دەتگوت ڕۆژی حەشرە، بۆ دیتنی هاتبوون، ئاخر هەموو خۆشیان دەویست، دەنگی زوڵاڵ و باڵای مێرانەی بەرگێک بوون پڕ بە باڵای یەکتر، شایی بە دوو دەستان هەڵناگیرێ، گەڕی ڕەشبەڵەک گەرمە، شایی شانەچرکێیە، دەسرەی دەستی سەرچۆپی وەک مەزرەق دەخولێتەوە، چەپییە و گاوانی گەرمە، دەستی لەبەر پشتوێن ناوە و پڕ بە گەروو دەچریکێنێ. دەنگی وەسەر تەپڵ و نایە کەوتووە، باڵای دەڵێی پەلکەزێڕینەیە، سەرچۆپی نەخشاندووە، کامێرای چاوەکانی لە بەژن و باڵای بڕیوە، نایترووکێنێ، مەلی نیگا لەسەر بزەی لێو دەنیشنەوە، سیلە و شیلەبزە تێکەڵاو دەبن، شینگەی حەز و خۆشەویستی لێک دەهاڵێن، مووچڕکێک و خەوە نووچکەیەک وەخۆی دێنێتەوە، ئاور بەرەو دامرکانە، بە دیتنی خەڵووزەکانی هێڵنجی دێ و پەرۆش دەکا. ئاخر، هەوێنی ئەو سووتمانە گەورەیە خەڵووزێک بوو، ئەو سووتمانەی نەمامی ژیانی کردە بەورین و دای بە دەم شەپۆلی زریانەوە! سەرما حوکمات دەکات، شەپۆلی زریان خەڵووز و بەورینگ ڕادەماڵێ، سەرما ژێی لەشی وێک دەگوشێ، تەوژم و پاڵەپەستۆ دەخاتە سەر لەشی سڕ و بێ تینی، پێلووەکانی دەچنە ئامێزی یەکترەوە، چنگی برژۆڵەکانی لە یەکتر گرێ دەدرێن، پەنجەکانی ئەژنۆی ڕەها دەکەن، ڕوومەتی دەنێ بە گۆنای سڕی ئاخەوە، ژیان هەنگاوی بەسەردا هەڵدێنێتەوە.

## تەوژمی ژان و خوێن

ئارەقەی ڕەش و شینی دەرداوە، لە ژوورەکەیدا جێی نابێتەوە، ژان و پێچ تەنگی پێ هەڵچنیوە، وەک ماری سەر ئاگر جینگڵ دەدا، خوێن و ئارەقە تێکەڵاو بوون، هاکا لە جەستەی سەرکەوتن خنکاندیان، «نا، نا، ئەم سووکە، وەک پووشکە بە دەم کفارەی ئارەقە و خوێنەوە بەرەو میچی ژوورەکە هەڵدەکشێ، لەوانەیە لە دەربیجەی پەنجێرەکەوە بڕژێتە دەرێ، بەڵام پەنجەی تێل بەندەکە بەرەو ژوورێ پاڵی پێوە دەنێتەوە، قەڵبەزەی خوێن و ئارەقە ویشکایی دێ و ئەم هێور هێور دەنیشێتەوە سەر شوێنەکەی خۆی.»

هاوار و ناڵەی کاسەی سەری دراوسێکانی هەڵگرتووە، کەسێک نییە یارمەتی بدات، کەسی چی؟ کەس هیچی لە دەس نایە! زان و بوونێکی بێ دەسەڵاتانەیە فەرمانێکە و دراوە، سەربادان مەحاڵە. «ئای لەو بەرەژانە چەند دژوارە، خودایە ئێش کوشتمی، تا کەی؟ یانی دەبێ بە درێژایی دووگیان بوونم بە ژانەوە بم؟ وەڵڵا هەر دەمرم، دەرنابەم و ناژیم، ڕۆژێک، دووان، ساڵێک، دە ساڵ، سەد ساڵ، ئەم ژانە کۆتایی نایە، یارمەتییەک، خۆ ئەمە یەکەم منداڵیشم نییە، دایکی ئەو هەموو منداڵەم، هیچ کامێکیان ئەوەندەی ئەمەیان ئازار نەداوم، بڵێی ئەمە چ بێ خودایە؟ یانی لەو ساڵەوە کە ماڵمان لە شاری ئاگرستان بوو، ئەو منداڵەم لە زگدایە؟»

هاڵاوی گەرمایەکی بەتین شاڵاوی بۆ دێنێ، بۆچرووک و بۆکڕووزی لێ هەڵدەستێ، تووک بە سەریەوە نامێنێ، پێستەکەی بە جەستەیەوە هەڵدەقرچێ، ئێشی بەرەژان وەخۆی دێنێتەوە.

«ئایش دە وەڵڵا بەم زووانە ڕەها نابم، هەر واشە لەو ساڵەوە سەرجێیی هیچ پیاوێکم نەکردووە، هەر خۆزگەم بەو دەمە کا، ساڵێکی بێ دەنگ، ژیانێکی بێ دەردی سەر، نازانم ئەو تەقینەوە چ بوو؟ وەک تووی هەرزنی لێ کردین، ژیانی دەربەدەری و ئەم بەرەژانە کوشتوومی، چاکیشە جاروبارە وازم لێ دێنێ، دەنا ئارەقە و خوێنی ئەو بەرەژانە دەیخنکاندم، هەر لە بەختی ڕەشی خۆم بوو کە لە ناخی ئەو ئاگربارانەوە کەوتمە کۆشی ئەو زستانە سڕ و ساردەوە، ئای چەندە بەسام بوو ئەو سەهۆڵ بەندانە تووشە.»

تەزوویەکی سارد دەزێتە لەشی و لەرز و نۆبەتێ دایدەگرێ، ددانەکانی وێک ڕاناگەن، دڵۆپەی ئارەقە دەبنە موورووە سەهۆڵ، ژان و لەرز و نۆبەتێ وێکی دێنێ، یەک بەخۆی دەزریکێنێ: «ئـ... ا... ی لەرز و نۆبەتی و ژان کوشتمی.»

ئێشی گەرمەژان سەهۆڵی لەشی دەتوێنێتەوە و چۆق و لەرز وازی لێ دێنێ، لەشی وەسەر ئارەقە دەگەڕێ، ئاو و خوێن دەوری دەتەنێ و پێل دەستێنێ، خەمێکی توند مێشکی ماندووی دەهورووژێنێ.


«جا خۆ لە دایکیش بێ، خوێن و ئارەق دەیخنکێنێ، ئەو هەموو ئازارە بۆ منداڵێکی مردوو کەی ڕەوایە؟ من بە زیندوویی دەمەوێت، بۆ هاوڕێی شەوانی تووشی تەنیایی و ڕۆژانی دژواری تەمەن.»

هەڵدەستێتە سەر پێ، تا قولاپەی لە خوێن و ئارەقە ڕۆدەچێ، دەورێک بە نێو دیوەکەدا لێ دەدا، ئەم سەر و ئەو سەرێک دەکا، بە ئەسپایی هەنگاو هەڵدێنێتەوە: «نەوەکا بکەوم و ئازاری بگاتێ، ئاخر کۆرپە شیرینەکەم بۆچی ڕەها نابی؟»

لە جێگەی خۆی دادەنیشێتەوە، لەوانەیە بەر موسڵدانی لێک بەر بێ، گەرمەژان شاڵاوی بۆ دێنێ، تەم بەسەر چاوەکانیدا دەکشێ، ددانەکانی وەک ددانی فێ گرتوو دەنیشێتە سەر یەک، چڕنووک لە دەوروبەری دەگرێ و شین و ڕەش هەڵدەگەڕێ. ژان هەرەسی بۆ دێنێ و سەراوی دەتۆقێ، لە گەرمەی قەوەتێکدا ماکی ئەو هەموو بڕک و ژانە هەڵدەڕێژێ، قیڕە و لینگ کوتانی منداڵێک گوێی ژوورەکە دەئاخنێ، هەڵیدەگرێ و لە باوەشی دەکا، بە هەردوو دەست بە خۆیەوە دەنووسێنێ، تەوژمی ژان هێور هێور دەڕەوێتەوە. ئازار ماڵی لەشی جێ دێڵێ، بە تاسەوە لێی دەڕوانێ، لە هیچ کام لە منداڵەکانی دیکەی ناچێ، لە ڕوخسار و قەڵافەتدا لەگەڵ هەموویان جیاوازی هەیە، ئەمە یەکەم منداڵە ئەو گریانی لێ دەبیستێ و دەنگێکی ئەلاحیدە و تایبەت، بەهەر دوو دەست مەمکی دەگرێ و گوڕمی لێ دەدا، هەر دەیمژێ و تێر نابێ، ژەکی دێتە کۆتایی و ئەو هەر دەیچەکێنێ، ژانی بەر موسڵدانی و زگی، بەرەو مەمک و سنگی هەڵدەکشێ، ئەوەی ئێستا هەڵیدەمژێ خوێنە، وەک زەروو پێیدا نووساوە و بەری نادا. جار لەگەڵ جار هەڵدەماسێ، هەر دێ و لەبەر یەک دەڕەوێتەوە، وەک مۆتە وەسەر جەستەی دایکی دەکشێ و قرخەی لێ دەبڕێ، هاوار و زیقەی دەبێتە بڵمەبڵمێک و هیچ نابیسترێ، لەناکاودا گوێ مەمکی ڕەها دەکا. وەک مەشکۆڵە بەلادا دێ، «ئۆخەیش! چاک بوو بەری دا، جا خۆ لەوانە بوو ویشکم هەڵێنێ، منداڵێکی بێ ئینسافە، ئاخر خۆ هەر تۆ نی، ئەوانی دیکەش دەیانەوێ. ئەو هەموو شتێکی بۆ خۆی دەوێ و بەس، وەک پێخەف لەسەرم دەنوێ، شیلە و خوێنی لەشم هەڵدەمژێ، کەوڵم دەکا و گۆشتم دەبرژێنێ، ڕۆژێک دادێ تەنانەت ئیسکەکانیشم دادەکرۆژێ، ئەمە منداڵە، یان خۆرە؟»

ئەوە ئێستا ساڵەهای ساڵە ئەو بارە تووشەی بە کۆڵەوە شەتەک داوە و دەیگێڕێ، دەیباتە هەر شوێنێک وەک چێشتی ناخۆش دەیدەنەوە بە نێوچاویدا و کەس وەخۆی ناگرێ.

**(۱۳۸۲/٦/۲۸ - ۲۰۰۳ز)**



# ل سەر کەڤییا گەردوون

**ئەحمەد حوسەینی**
**(ستۆکهۆلم)**

یارا من!

جارەکە دیتر ئەز دێ بەژنا ڤێ سروودێ ب ئاوازێن پەنابەر و رەڤەندان، ب ئێشدیتنا قۆناخێ ب حیرینا هەسپەکی سەربەردایی، بخەملینم... د ڤێ جیهانا سێوی دە، د ناڤ تەڤنا ڤێ بێنتەنگیا ئەبەدی دە، ل بن کۆنێ ڤێ دارستانا بێ دار و بێ خوەدی، هەموو سترانێن من یێن کەڤنار ب پریسکێن بیریکرنا وە دشەوتم.

زارۆکێن کۆ د کۆلانێن وە دە ب هەفدۆک و ب خاران دلیستم، یێن کو ئەسمانێ دناڤبەرا عاموودێ و تلحەبەشێ ب بالەفڕێن کاغەزی و ب تۆزا عاردینی سپی دکرن، زارۆکێن وە یێن کو د دەرگووشا دلێ من دە کەتبوون خەوەکە رەوان و شێرین، ئانوها ، کراسێ بێدەنگیێ دچڕینن، چەنگ دبن و کەڤرێن خوە داڤێژن بیرا حسێ من...

ژنێن وە یێن ب کراس و غەفران، ب شۆهیێن رەنگتووژ، ب هبری و خزێم و ب قەمچیک و ب پێشمالک، ئێڤاریان، گەرما هاڤینێ دادقورتاندن، ل بەر دەرگەهێن هەرفی ل هەڤدوو کۆم دبوون، ب چاڤنە سستۆکی مشت کلا سبحانی، ل ریێویان تەماشە دکرن، بلا چەمک و بینا ئێڤارێ ل سەر سەرێ وان دڕەقسین، جارجاران ب هەموو چکێن خوە مێشێن ئارامێ د قەوراندن و دکەتن گەڕگەڕینەکا ژیانێ...،

ئانوها ژنێن وە، وەک ستێرکان ژ ئەسمانێ هشێ من دڕژن، گوهارێن زێڕینی وەکی هەیڤان د تاریستانا بیرانینێ دە، چاردە شەڤی دبن...

ئەرێ یارا من.. ئەم، ل گەل مریشکێن روو شووشتی و کەڤۆکێن تەقلەو کەرۆشکێن بێجر و پسیکێن کەدی و کارکێن گوهلف، «ل سەر کەڤیا گەردوون» روونشتنە، ئەگەر هات و وەریسێ وەیێ کو دلێ مە گرێدایە قەتیا، ئەم دێ ب سەر شووری نەمانێ دە دکەڤن.. ئەم دێ د سیبەرا مژنکێن ئاخینا وە دا وەکوو نانەکی تەنووریێ، زوها بن..

ئەڤ شەڤ. ئەڤ کەلەواجا ب کەف، ئەڤ دەڤێ ژ هەڤ، بوویە دوزەخا پەیڤ و پیڤانێ. و ئەسمانێ لبەرکەتیان هەرگاڤ ب پرس و ب خوەزی و ب خەونان ئاڤسە. خەونە و چووکێن وە یێن دەستێ سبێ ل سەر پەنجەرەیێن مەیێن خوەلیرەنگی هێلینێن خوە ب لەزوبەز، ژ قرشکێن چاڤلرێمانا مە درێسن.

«نەهەر مرۆڤ دکارە بستریێ.. و نە هەر مرۆڤەکی ژی شیانا کو، وەک سێڤەکێ بەر لنگێ بیانیان بکەڤە، قەرەنج کریە»- (یەسنین).

ئەم ل وان هەرێمێن وە یێن رووت و بەردایی، وەک سیسرکان ژ همبێزا قەدەرێ د پەنگزین. ئەم ب وێرانێ دکەنیان، ب ریتما تالانێ رە، مە وەرزێن خوە بەراڤێتی وەرگرتن.. ل بەر دەرگەهێن عاصێ یێن خەورەڤینێ، ئەم و گاڤستیا رۆکا خوە، رۆکا بێچارەو خەمسار، بێ رێبەر و بێ شۆپڤانی، مە ددا سەر پشتا پرسگرێکێن قوناخێ و هەرگاڤ ئۆغرا درندانە ژ ئاڤا چاڤان تێر نەدبوو...

هوسا تاکو تاما ناڤ و تیپێن وە، خوەشچێژا ئافسانەوی یا دیلۆکێن وە، زمانێ مە وەندا نەکن، ئەم هەو دوێرن دەڤێ خوە ل بەر پرسێ بلڤینن...

هوسا.. تاکو شۆپا ماچا وە ژیندار بە، پێژنا بسکێن دۆتمامان یێن کو بووکێن چاڤان دەرمان دکرن، ژ هشێ سپیک و خلێفکا چاڤ نەچن، ئەم هەو دوێرن چاڤێن خوە بخورینن...

هوسا... تاکو تەرکێن لێڤێن مە شەڤبووهێرکێن گەرم و دلۆڤان، بشراندنا وە و ئۆلانا لبلبی یا تقتقا وەو ژەنا هەڤۆکێن پێکەنین و تنازیان ژ بیر نەکن، ئەم هەو دوێرن ژ دل بکەنن...

هوسا.. تاکو چەم و رووبار و جۆک و چاڤکانی ژ جەرگێ خێز و گۆتار و سەرنڤیسان، ب شێتی و ب سەرمەستی، نە پژمن، ئەم هەو دوێرن پرتووکا ئەڤینا خوە ژ رەکەها سینگا خوە دەربخن...

هوسا.. تاکو دەستان و ئافسان و سەربوور و سەرپێهاتی، چیرۆکی میران و شڤانان و گاڤانان، تاکو کاڤل و پیرەڤۆک و کەچەجنێن نازدار، دلۆپ دلۆپ، ژ ئاهەنگا خوینێ نەنوقوتم، ئەم هەو دوێرن ب رەنگان رە بپەیڤن، د بەر گولان رە دەرباس بن، ل ئەسمانێ ساهی تەماشە بکن، نامەیێن وە ژی دبن بالگەهێن خوە دە ڤەشێرن...

ل سەرانسەری ڤێ شەڤێ تەنهاتیێ سێدار و پاسڤانێن خوە راخستنە. ستێرێن شەرمین د هزرێن خوە دە ب تەنها نە، کوچ و کۆلان و ئەڤ گولێن گەمکری ب تەنها نە. لال و نێرگز و تولپان و سیبەرا بەنەفشان و خەلکێن ڤی باژاری ب تەنهانە. ئەز و ئێشا وە، رەنجکێشانا وە و خەورەڤینەکە تیر ب سەر سینۆر و ئالیێن ڤێ تەنهاتیێ دە درژن... دەنگبێژێ وە ژی ل سەر پیتانۆکێن زوهایێن ڤێ ئاخینا کوور شین تێ، دگەل کو دەمسال زرز و سەرهشکن، دگەل کو کاتژمێر پشتخووز و ب باوشکن، تەمبوورا خوە دسپێرە و بەروویان، وان، وان تایێن سپی یێن کو دپۆرێ دارستانێ دە دبرقن ژ سازا خەمگینیێ رە دکە ئارامگەهـ و جیوار:

«لۆ لۆ قولنگو م گۆ تو قولنگەکی ژ قولنگێن دەشتا ڤێ مووشێ.

لێ تەمبیکا من ل تە بی توجاری هێلینا خوە چێنەکە ل سەر بێخوەدی مایا کارووشێ... وەللە ئەزێ عەڤدالێ بەژن و بالا تەمە ل وەلاتێ غەریب و غوربەتێ ل بەر دارێ دەرگووشێ. عەڤدالم عەڤدالێ بەژنا تە مە لێ».

یارا من... ئەم «ل سەر کەڤیا گەردوون» نە رونشتی و نە ژی شپیانە. ل ئاڤییا ریحانێن وە و ل چل عەسری یا وە، ل هەندەسەیا ئاورێن عەوران، پۆشمان دبن. کولیلکێن وەیێن کو د زەڤیێن خوینا مە دە هاتنە چاندن، ڤا نە، د مستێن مە دە دبن کەڤر. ئەم ب دوو عەرەبانێن بێزاریێ دە دلوکومن و کۆتایی ل وان دەڤەرێن وە ژ دەستێ دایکا خوە وەندا بوویە.

بیانینۆ.. دە سنۆران، ناسنامە و پاساپۆرتێن سەختە، بەریکێن خوە یێن مشت تەمبی، هینی مەترسیان بکن و ل ناسناڤێن خوە خوەدی دەرکەڤن..

دە گاڤێن لەزێ و بخچکێن خەون و لەیلانێ، کاروانێ کۆڤانداریێ هینی قامر و ستری و کەلەمان بکن...

د کورتەگاڤێن خوە، ب هەستداری، مینا هونەرمەندێن وەستیایی، ژ رەنگێن کەسکەسۆرا وەریایی هلبژێرن و پوونژاندنا خوە یا رۆژانە ب چەپەرێن دوورگەهێ راوەستینن. تاکو باگرِ وزریانا ڤێ سەردەما پۆرکور نەکاربە وە ژ همبێزا زارۆتیێ وەرگەرینە رەشخێزا سێویتیێ، وەریسێن ڤێ قۆناغێ ل نەوقا خوە بپێچن...

ها ڤا ژ نوو ڤە هاڤینە و باژارێ وە ب خوەلباکرن پێشوازیا تۆزێ دکە. ل بەرامبەر بابەلیسک و ئیجاجۆکان ژ دەست هلانین دکەڤە، چاڤێن خوە یێن شەواتپەرەست دکوتکوتینە و خوێدانێ ژ سەر ئەنیا رۆئاڤاهیێ پاقژ دکە... باژارێ وە دزانە کو مرنا هەلبەستڤانان ب بینا کولیلکێن بەژی و ب گولدانکێن «گولابەبەرو» دەست ب سەردانا خوە دکە...

بیانیۆ... وەلاتێ غەریبیێ کۆرە. پێنووسێن مە ئێن کو ب خلقێن شەڤێ هاتنە ئاسیکرن، کۆرن. ئیشەڤ، شەڤەک دیتر، هەمی شەڤان هوونێ ب تەنها خوە، واتە، دگەل خورینا دلۆپێن سروودا زەلوولیێ، بخێرهاتنێن شکەستی پێشکێشی نەینکان بکن.

ژ خەوێ جەنگ بوو، داویا خەونێ ب هشێ وی ڤە دالقیایی مابوو. لێ میزێ دابوو سەر. بەرێ خوە دا دەستنمێژێ.

نەینکێ ئەو راوەستاند. پێشی ب خوە رە بشری، لێ داویا خەونێ د بیرا وی دە ڤەژیا. چەند ئاورێن تووژ ئاڤێتن خوە، ئەنیا خوە قەرمچاند. زمانێ خوە دەرخست، جارەکێ دەڤێ خوە تا داوی ژ هەڤدوو ڤەکر و جارەکە دیتر خوارۆ مارۆکر.

دهات کو خوە بخوە، لێ درانێن وی ئێن قیژ نەدگهشتن وی.

بەرێ خوە دا دەستنمێژێ، لێ هات بیرا وی کو میر کریە. ئاورێن وی ئێن کو ل سەر چەرمێ نەینکێ مابوون، د حەرکین، تەڤلی میزێ دبوون..

رۆنۆ! ئانها، دێ کەچ و خورتێن وەلاتێ وە دەست ب چنین و پالەیێ بکن.

دێ خوەندەڤانێن وە ل سەر سینۆرێ زادان پێرگی هەڤدوو بێن، کو د بەر کەچان رە دەرباس دبن ژ نووڤە ل خێزێن پرتووکێ ئێن وەندابوویی دگەرِن، چگارێن خوە ڤێدخن و ب دزی ل پاش خوە دزڤرِن..

ئانها ئێ مە ژی ئەم دێ خوە ژ نووچەیێن وە رە ئامادە بکن، ئەم دێ ژ نەخوەشیان رە، ژ ساوا مرنێ رە و ژ شەواتا گرتیخانان و نەخوەشخانان رە کولاڤێن حەسرەتێ راخینن.


ئەم، نەڤی و دووندێن ڤێ تاراوگەها بیرەوومەت، ئەم بوونەوەرو ئافەریدەیێن ڤێ گەردوونا دلهەسنی، چاوان خوە ل بەر لنگێن سروودا وە رانەمدینن، چاوان ئەم دێ بکاربن تەم و عەورێن گران نەپارێزن، وان نەسپێرن دلۆڤانیا گریانێ، چاوان ئەم دێ دەستهلاندارِیا رۆندکان د کەزەبا خوە دە ب ئاڤا بەندەمانێ نەمینن.. چاوان؟؟؟

**ئەڤ پەخشانا هونەری ژ پەرتووکا (رۆنۆ و سروودێن بیریکرنێ) روویەلێن (٥١- ٦٠) هاتیە وەرگرتن، کو پێشتر ب خەلەکە د رۆژنامەیا (ئارمانج) دە هاتبوو بەلاڤکرن. ئەڤ جۆرێ نڤیسینێ خوە ب ئاوایێ بیرانین و ژینە نیگاریێ نێزیک دکە و، شێوازەکی ئەدەبی یێ هەری بلند وەردگرە.**

**(رامان)**

# پارەی کون

**عەلی ئەشرەفی دەروێشیان**
**لە فارسییەوە: غەریب پشدەری**



پیرەمێرد لەسەر بەردە شکاوەکەی سەر لێوی حەوزەکە دانیشت و سەیری ئاسمانێی کرد.

دەنگی دەلەرزی:

«خەریکن دێن.»

دەستی لەسەر شانی کوڕیژگەکە دانا. ئیسقانی شانی منداڵەی لە بن پەنجەکانی پیرەمێردەیەوە بلـێی و نەلێی دەلەرزی.

پیرەمێردە وەک هاوارکا: «بیبە و بچۆرە پەناگایە، ئێستا دێن و دەگەنێ!»

ئاماژەی بۆ ئەو بلۆکە چیمەنتۆیانەی کەناری جادەکە کرد کە بۆ دروست کردنی پەناگا لەوێ فڕێدرابوون.

کوڕیژگەکە گوتی: «تۆش دەگەڵ من وەرە.»

پیرەمێردە بە شیشە ئاسنێکی درێژ، خۆڵەی تێک وەردەدا. بەدەستەکەی دیشی پێستە سپی و تاو وێنە کەوتووەکەی ژێر لێوی کڵاوەکەی دەخوراند: «کارت بەمنەوە نەبێ ئەمین! تۆ بۆ خۆت خێراکە زوو بڕۆ!»

کوڕیژگەکە بە مەیلەو تۆرانێکەوە گوتی:

«هەمیشە هەر وادەڵێی. هەرچەندە پێت دەڵێم من ناوم ئەمین نییە، کەچی تۆ هەر وا دەڵێیەوە.»

پیرەمێردە توند بوو:

«جا بۆ کفرم کردووە! حەزم لێیە پێت بڵێم ئەمین و برایەوە.»
بە حەسرەتێکەوە گوتی: «ئەمین نەوەی من بوو.»
پاڕایەوە: «تۆش ئەمینی من بە، چ دەبێ.»
کوڕیژگە ڕووی کردە دارهەنارەکەی تەنیشت بەردی حەوزەکە، کە توێکڵی قەدەکەی سووتاو و بلۆقی دەردابوون:
«دیارە تۆش دەتەوێ ببیە باپیرەم.»
«جا باشە ئەگەر ببمە باپیرەی تۆ عەیبی چییە. ئاسمان دەڕووخێ؟»
بن گەرووی کوڕیژگەی هەڵاوسا:
«باپیرەی من لە دوکانی بەستەنی فرۆشییەکی دەهاتە دەرێ کە فڕۆکەکان بۆمبایەکانیان هەڵڕشتن کە تەرمەکەشیان دۆزییەوە، سێ دانە بەستەنی نێو دەستەکانی ببوونەوە ئاو و تەوابوونەوە کە بۆ من و خوشکەکانمی کڕیبوون. بۆ خۆم دەزانم.»
پیرەمێرد لووتە سووتاوەکەی بە تاوێی خوراند:
«غەمێ مەخۆ من دەبمەوە باپیرەی تۆ. بەستەنیشت بۆ دەکڕمەوە.»
کوڕیژگەکە دار دەستەکەی لەبەردی سەر حەوزەکە دا:
«ئەدی کێ ببێتە داکم؟ کێ ببێتە بابم؟ خوشکەکانم لە کوێ بێنمەوە؟»
«هەمووان دەدۆزینەوە. ئەو ژنانەی منداڵەکانیان لە دەست داوە، زۆرن.
یەکێکی دەدۆزییەوە، دەبێتە داکت؛ خۆ ئەگەر بە داکیشت بچێ ئەوە زۆر باشتر.
هەرکە دۆزیشتەوە داوای لێ بکە ببێتە داکت، بە دڵنیاییەوە قبووڵی دەکا، چونکە ئەویش هەر لە یەکێکی دەگەڕێ بیکاتەوە کوڕی خۆی.»
کوڕە دەمی بەلارە زەردەخەنەیەکەوە کرایەوە:
«ئەدی نەنکم چی؟ پوور و خوشکەکانم چی!»
پیرەمێرد شیشە ئاسنەکەی بە هەواوە ڕادەوەشاند:
«ئیدی تۆ زۆر چاوچنۆکی. ئێستا تۆ وابزانە ئەوانەت هەر نەبووە.»
«وا بزانم؟!»
«بەڵێ وابزانە.»
«بەڵام من هەر بیر و خەیاڵی شیرین دەکەمەوە.»
«جا خەیاڵ بکەرەوە، کەس ڕێی لێ نەگرتووی.»
«دەکەمەوە. وابیر دەکەمەوە کە شیرینی و بەستەنی لە ئاسمانێوە دەبارێ.»
«دەمت شیرین بوو؟»
«هێشتا نا!»
«ئەی بابە! من تەنیا گوتوومە وابزانە هیچ کەست نەبووە و برایەوە. نەمگوتووە تۆ بچی ئەو بیر و خەیاڵە پڕ خەرجیانە بکەیتەوە.»
«چۆن کەسم نەبووە. ئەوان تا مانگێک بەر لە ئێستا لەسەر پێی خۆیان، دەهاتن و دەچوون. دەهاتنە ماڵێ مە، لێک خڕ دەبووینەوە و دادەنیشتین و لەگەنێکی گەورەمان گۆشتاو تێدەگوشی، بەڵام ئێستا نە ئەوان دیارن و نە لەگەنە گۆشتاو.» زاری پیرەمێردەی ئاوی گۆشتاوێی تێزا:
«منیش وەک تۆ. وادەزانی من هەر ئە ئاوا تەنیا و بێکەس و بێدەر لە ئاسمانێوە کەوتوومەتە خوارێ و بەربوومەتەوە!»
کوڕیژگە چاوە خڕ و ڕەشەکانی دەویەوە بڕین:
«پوور و مامۆژن و نەنکیشت هەبوون؟»
«هەی... هوا نەنکم لە کوێ بوو ئەمینە گیانەکەم، بۆ خۆم ئەوە لەبەر پیرییان پێم لەسەر لێوی گۆڕە.»
کوڕیژگەکە لە تەنیشت حەوزەکەوە دانیشت، لە پشت دارهەنارەکەوە، جووچکە چوێلەکەیەک بە جیکە جیکەوە دەرپەڕیە دەرێ. باڵەکانی ڕاوەشاندن دەندووکی کردەوە. پیرەمێرد چەمییەوە و دەستی بە مووچە مووچێ کرد بۆ جووچکە چوێلەکەکەی:
«پێی وایە ئێمە داکێ وین. بێدەرەتانە. برسییە.»
کوڕیژگەکە کە بە جووچکە چوێلەکەکەوە دامابوو گوتی:
«زۆر بچووکە، هێشتا فێرە دان هەڵگرتنەوە نەبووە.»
«باشە، قەیدی چییە ئێمە فێری دەکەین.»
بەسەری پەنجەی لە عەردەکەیەوە دا. جووچکە چۆیلەکەکەش بە باڵ لێکدانەوە دەندووکی کردەوە و هاتە پێشتر. کوڕیژگە پارچە نانێکی لە گیرفانی دەرێنا. بە زاری بۆی جووی و تۆپەڵەی وردیلە وردیلەی دە زارە بەشەکەی جووچکە چوێلەکەکە هاویشت و لە پیرەمێردەی پرسی:
«تاکەی هەروا دەتهەوێ ئەو کەلاوەی بگەڕێی؟»
پیرەمێرد بە هۆش و گۆشێکی پەرتەوە سەرێکی لەقاند و بەرەو ئەو خانووە ڕووخاوەی ئەوبەری شەقامەکە چوو:

«هەی هاوار. ئەوە هۆشم لە کوێیە خۆ دەبوو ئەویەم گەرابام.»
کورە لەسەر لێوی حەوزەکەی هەستا و وەدوای پیرەمێردەکە کەوت:
«دە باشە پێم بڵێ، بە دوای چیدا دەگەڕێی؟»
«ڕاوەستە. ڕاوەستە با بیدۆزمەوە ئەوجا.»
کوڕێژگەکە پرسییەوە:
«بۆ پێش بۆمبابارانەکە لە شاری نەڕۆیشتی؟»
پیرەمێرد چاوە لێڵەکانی بەرەو لای کەلاوەکانەوە وەرسووڕاند!
«ئەوەی هەمە لێرەیە ئازیزەکەم. هەموو شتێکم.»
ڕوو لە کوڕێژگەکە پرسی:
«ئەدی ئەتۆ بۆ نەڕۆیشتی؟»
«من هێشتا سۆراغی دوو خوشکە بچکۆلانەکانم نازانم و قولاغیان دیار نییە.»
پیرەمێرد شیشەکەی بەرەو لای خانووە نیوە ڕووخاوەکە ڕاداشت:
«ئەو خانووە من دروستم کردبوو. قوتابخانە بوو.»
«بەننا بووی؟»
«بەڵێ. بەننا بووم.»
«نەمدەزانی.»
«تۆ زۆر شتان نازانی. زۆر شت. زۆری دیش هەن، زۆر شتان نازانن.»
شیشەکەی لە عەردی دانا. جگەرەیەکی پێکرد:
«من پێم گوت بێ قاوەڵتی و بەزگی برسی مەچووە قوتابخانە.»
کوڕێژگە بە توندی پرسی:
«بەکێ؟ بەکێت گوت؟»
پیرەمێرد سووتووە جگەرە نەرم و ئاگراوییەکەی بەسەری پەنجە زبرەکانی پرواند:
«بە ئەمین. بە گوڵە ناسکەکەم. پۆلی یەکەم بوو. هەموو ڕۆژێ بۆ خۆم تا دەرکی قوتابخانێم دەبرد. هێشتا باش شارەزای ڕێی قوتابخانە نەببوو، پێی نەدەزانییەوە.»
«بۆ بێ قاوەڵتی چووە قوتابخانە؟»
پیرەمێردە چاوەکانی دەعەردییەوە برین:
«ئەو ڕۆژە بەیانییەکەی نەمتوانی بچم و نانی تازەی بۆ بکرم. نانی وشکیشی پێ نەدەخورا. بە گەروویدا نەدەچوو، کونی گەرووی تەسک بوو. مانگی جارێک داکی دەیبردە نەخۆشخانە. پزیشکەکان گوتبوویان کە بۆڕی خواردنێی تەسکە.
هەمووجارێ میلیان بۆ دەبۆڕی خواردنێ دەگێڕا تا بکرێتەوە.»
پیرەمێردە گەرووی خۆی خوراند و لە دوورەوە کزومات ڕاما:
«فرۆکەوانەکان ئەوە هیچ، نەیاندەزانی کەروێشکۆکەکەی من گەرووی تەسک و باریکە.
کەمیلیشیان تێدەگێڕا زۆری ئازار دەکێشا، زۆر.»
کوڕێژگە بە دەنگێکی گریاناوییەوە هاواری کرد
«ئەها هاتن... هاتن!»
بەرەو لای بلۆکەکانییەوە ڕایکرد و لە بنەوانی خۆ شاردەوە، دوو فڕۆکە گرماندیان.
پیرەمێردە قونچکە جگەرەکەی بەدوا فڕۆکەکاندا تفاندەوە و بەپێوە ڕاوەستا. کوڕێژگەکە لە بن بلۆکەکانەوە دەرپەڕییە دەرێ و هاتەوە بەردەمی پیرەمێردەی:
«ڕۆیشتن، بەدکارینە، تەنیا دوو بوون. دیتیان هیچ نەماوە کاولی کەن لێیانداو ڕۆیشتن.»
پیرەمێرد ملی لار کردەوە:
«جا چ ماوە کاولی کەن.»
کوڕێژگە سەیرێکی ئەم لاو لای کرد:
«چ شتێک؟ ئیدی چ ماوە؟»
پیرەمێردە دەست بەسینگی خۆیەوە نا:
«دڵی من کوڕەکەم. دڵە شکاوەکەی من.»
کوڕێژگە پرسی:
«نەوەکەت، گەرووەکەی چاک بوو یانە نا.»
پیرەمیرد دووبارە گەرووی خۆی خوراندەوە:
«قاچم شکێ. نەمتوانی نانی تازەی بۆ بکرم. گەرووی تەسک و باریک بوو. بێ قاوەڵتی چووە قوتابخانە.»
کوڕێژگەکە بە دڵنەواییەوە گوتی:
«بە پارەی ڕۆژانەی شتێکی هەر کڕیوە.»
پیرەمێرد دەعەردییەوە ڕاما:
«لە قوتابخانە دەخیلەیەکی نارنجیان دابوویە تا پارەی تێکا. ئەوێ ڕۆژێم هەر لەبیرە کە پارەیەکی کانزایی پێنج تمەنیم دایە و ڕامەسپارد کە شتێکی بۆ خۆی پێ بکرێ. پارەکە کون بوو. ماوەیەکم دەگەڵ خەریک بوو تا پارەیەکی ساغی بدەمێ؛ بەڵام پێم نەبوو.

زۆر چاکم لەبیرە.»
کوڕیژگەکە مووچەی بۆ جووچکە چوێلەکەکە کێشایەوە. جووچکە چوێلەکەکەش بە باڵ لێکدانێوە بەرەو لای وی بە قنە قنەوە چوو و تا توانیـــــشی دەندووکی لێک داپچڕی.
کوڕیژگە گوتی:
«وردە وردە خەریکە فێر دەبێ.»
پیرەمێرد گوتی:
«ئەگەر دەیانزانی یەک ڕیزە دیوار چۆن هەڵدەچنرێ.»
دەستەکانی بەرەو لای کوڕیژگەکەوە درێژکردن:
«ناو لەپی دەستەکانم سەیرکە. هەزار خۆزگە بە بەردە پێ.»
کوڕیژگەکە مووچەی کێشایەوە:
«خەریکە فێر دەبێ.»
سەیرێکی بینایە نیوەکاولەکەی قوتابخانەی کردەوە. چۆوە ئەوێ و دەنێو کەرسەک و بەردەکاندا کەوتەوە گەڕانێ:
«نەوەکەت دەکاتی بۆمبابارانێدا بە دڵنیاییەوە خورێن نەبووە، منداڵ پارەی زوو خەرج دەکەن، من هەر پارەو پوولێکم وەدەست کەوێ دەمودەست مۆڵەتی نادەم و لێی ڕاناوەستم. هەر زوو شتێکی دەکڕم و دەگەدەی خۆی دەکەم. نەوەکەی تۆش هەروەتر زەردەخەنەیەکی کاڵ بەسەر لێوەکانی پیرەمێردەیەوە نیشتەوە:
«تۆ.. تۆ دیارە... زووی خەرج دەکەی؟ دیارە؟!»
«دیارە. زۆر زووی خەرج دەکەم.»
بەشیشە کورتەکەی پارچە و پووچەی کەرپووچ و خشتەکانی لادان. پیرەمێرد پشتی لەو کرد و شیشەکەی بۆ جووچکە چوێلەکەکە دەعەردییەوە دەکوتا و مووچە مووچی بوو:
«گوڵەکەی من زگ دڕاو نەبوو. پارەکەی زوو خەرج نەدەکرد.»
کوڕیژگەکە لە تەنیشت لاتەختێکی شکاوەوە، کۆمەڵێک پارچە خشتە و کەرپووچی تێک وەردان. لەژێر کۆمەڵە خشتەیەکەوە، دەخیلەیەکی تێک قوپاوی شکاو وەدەرکەوت. دەنێو پارە و دراوە پەرت و بڵاوەکانیشدا، پارەیەکی پێنج تمەنی کون بەدی دەکرا. کوڕیژگە هەر خێرا پارە کونەکەی هەڵگرتەوە و دەگیرفانێی نا، پیرەمێرد هەروا پشتی لەوی بوو و مژوولی جووچکە چوێلەکەکە بوو. کوڕیژگەکە بە میهرەبانی و سۆزێکەوە بە پیرەمێردەی گوت:
«باپیرە، ماندوو بووین. بابچینە پەناگایە.»
نێو چەوان و ڕووی پیرەمێردەی گەش بۆوە. دەستی بەرەو لای کوڕیژگەیەوە درێژ کرد:
«دەستت بدە دەستم گوڵە ناسکەکەم... ئەمین.... کوڕەکەم.»
پاڵیان وێک دا و بەرەو پەناگایەوە چوون. جووچکە چۆیلەکەکە زاری بەش کردبۆوە. بە باڵەفڕکێوە بە دوایاندا تەکانی دەداو دەڕۆیی.

**سەرچاوە:**
**درشتی، داستانهای کوتاه، علی اشرف درویشیان، تهران، نشرچشمه/ ۱۳۷۷.**

# گێڕانەوەی نوێکارانە و پێکهاتەی هونەری لە ڕۆمانی کوردیدا (خوێندنەوەیەکی گرەوی بەختی هەڵاڵە)

د. بەختیار سەجادی
(بریتانیا)

### پێشەکی

عەتا نەهایی تاکو ئێستا سێ ڕۆمانی نووسیوە: گوڵی شۆران (١٩٩٨)، باڵندەکانی دەم با (٢٠٠٢)، گرەوی بەختی هەڵاڵە (٢٠٠٨). من یەکەم جارە لە سەر بەرهەمێکی ئەم نووسەرە بنووسم و هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەست بە جیاوازییەک دەکەم لە نێوان ئەم ڕۆمانە و بەرهەمەکانی تری ئەم نووسەرەدا. پێش ئەوەی هەوڵ بدەم لایەن و تەکنیکە جیاجیاکانی ئەم ڕۆمانە، تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی و نوێکارییەکانی لە گێڕانەوە و داڕشتنی پێکهاتەی ڕۆمانەکەدا بخەمە ڕوو، سەرەتا دەبێ باس لەوە بکەم بۆچی لەسەر ئەم ڕۆمانە دەنووسم و لەسەر ئەو دوو ڕۆمانەکەی تری ئەم نووسەرە نەمنووسیوە؟(١)

ئەگەرچی ڕۆمانی گوڵی شۆران چ لە باری شێواز و چ لە ڕووی گێڕانەوەوە زیاتر بە ڕۆمانێکی ڕیالیستی دادەنرێ، بەڵام کەسایەتییەکانی ئەم ڕۆمانە بۆ من ڕیالیستی نایەنە بەرچاو. هەرچەند ڕۆمانی گوڵی شۆران چەندین کەسایەتی لەخۆ گرتووە، بەڵام من زیاتر تەنیا لاس و هەندێ جاریش دایکی لاس لەم ڕۆمانەدا دەبینم. هەڵسوکەوتی دایکی لاس، کوڕەکەی لاس و تەنانەت براکەشی و شێوەی ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ لاس بۆ من ڕیالیستی نایەنە بەرچاو. ئەم وتەیە بەو مانایە نییە کە من لایەنگری ئەدەبی ڕیالیستیم، بەڵام مادام بەرهەمێک شێوازی گێڕانەوەکەی ڕیالیستی بوو، پێویستە کەسایەتی پەروەراندنەکەشی، لانی کەم لە هەڵسوکەوتی کەسایەتییەکاندا، ڕیالیستی بێ. ڕەنگە هۆی ئەم تایبەتمەندییە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کەڵکەڵەی سەرەکی نووسەر لەم ڕۆمانەدا کەسایەتی و بەسەرهاتی لاس بووە و ئەمەش بەشێوەیەک کە ئەم ڕۆمانە بۆ من زیاتر وەک بەرجەستەکردنەوەیەکی ڕۆمانتیکی و حەماسی کەسایەتی لاس دێتە بەرچاو. هەر ئەم کەڵکەڵەیەش وای کردووە نووسەر سەرنجێکی ئەوتۆ نەداتە لایەنە هونەرییەکانی تری ڕۆمانەکە. بە بڕوای من، گوڵی شۆران ناخی کەسایەتییەکان بە وردی و بە تەواوی ناخاتە ڕوو. لە لایەکی تریشەوە، کەشوهەوای (٢) ڕۆمانی گوڵی شۆران لە جیاتی ئەوەی ڕێ خۆشکەر بێ لە پێناو تێگەیشتنی زیاتری ڕووداوەکان و ئاگادارکردنەوەی خوێنەر لە بارودۆخی ناو ڕۆمانەکە، بەشێوەیەک خراوەتە



**عەتا نەهایی**

ڕوو کە بۆ خوێنەرێکی وەکو من دەڵێی تەمێکە و باڵی بەسەر ڕۆمانەکەدا داکێشاوە و ڕووداوەکان لێڵ دەکات. هەر کاتێک بیر لە گوڵی شۆران دەکەمەوە، خێرا کەشوهەوایەکی نادیار لەبەرچاوم وێنا دەکرێ و کۆمەڵگایەک دەبینم کە تەنیا یەک دوو کەسی تێدایە و دەڵێی هەموو کەسایەتییەکانی تری ئەو کۆمەڵگایە بێ دەنگ و بێ سەروسیمان. لەم ڕۆمانەدا من تەنیا لاس و بەسەرهاتی تاڵی لاس و بێ ڕەحمی و ئاکامە نەخوازراوەکانی کۆمەڵێ ڕووداوی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەبینم بەبێ ئەوەی ڕۆمانەکە ئەو ڕووداوانە بۆ منی خوێنەر بەشێوەیەکی دراماتیک و ناڕاستەوخۆ و بەڵام ڕاچڵەکێنەر بخاتە ڕوو.

بەڵام ڕۆمانی باڵندەکانی دەم با، لە سێ ڕووەوە نوێکاری تێدا بوو: یەکەم، لە باری تەکنیکی گێڕانەوەوە کە بە نوێکارییەک لە ڕۆمانی کوردیدا دەژمێردرێ؛ دووەم، لە ڕووی هەوڵدان بۆ خولقاندنی شوێنکاتێکی (٣) مۆدێرن لە ڕێگەی ئاماژەدان بە هەندێ توخمی هاوچەرخ؛ سێیەم، بەهۆی هەوڵدان بۆ نواندنەوە و تاقیکردنەوەی لەحنی (٤) ئەو کەسایەتییانەی ڕۆمانی کوردی پێشتر ئاوڕی لێ نەدابوونەوە، بەڵام سەرەڕای ئەم سێ تایبەتمەندییە نوێکارانە و ئەرێییانە، هەست دەکەم باڵندەکانی دەم با تا ڕادەیەک جۆرە کاڵوکرچی و پێنەگەیشتووییەکی پێوە دیارە. ئەم ڕۆمانە کە کەشوهەوا و شوێنکاتەکەی یەکسەر لە ڕۆمانی یەکەم جیاوازە، هەندێ هەوڵ بۆ خوێندنەوەی دەروونناسانەی کەسایەتییەکانیشی تێدایە. باڵندەکانی دەم با مێرمنداڵێکە کە تاڕادەیەک بە تەواوی ئاگاداری تەکنیکەکانی گێڕانەوەیە؛ بەڵام لەبەر گرنگی نەدان بە بنەما و پێکهاتەی(٥) گێڕانەوەکە تەکنیکەکانیش بەتەنیا ماون و توانای خۆ دەرخستنیان لێ سەندراوەتەوە.

بەڵام کاتێ ڕۆمانی گرەوی بەختی هەڵاڵەم خوێندەوە، هەستم کرد کە ئەم ڕۆمانە لە یەکەم خۆ نواندنیدا ڕۆمانێکی پێگەیشتووە. جیاوازییەکی زۆر لە نێوان ئەم ڕۆمانە و دوو ڕۆمانەکەی تری عەتا نەهایی لە ئارادایە. پاش خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە من بەو قەناعەتە گەیشتم کە ڕۆمانی کوردی لە گەشەکردندایە و ئێستاکە ئیتر خوێنەر دەتوانێ تامو چێژ لە خوێندنەوەی ڕۆمانی کوردی وەربگرێت. ئەم ڕۆمانەی عەتا نەهایی بۆ من یەکەم ڕۆمانی کوردییە کە پرۆسەی خوێندنەوەکەی وەکو پرۆسەی خوێندنەوەی بەرهەمێکی ئەدەبی کلاسیک وابوو (کلاسیک نەک بە مانای کۆن، بەڵکو بە مانای ئەو بەرهەمەی هەر زوو پاش دەرچوونی، دەتوانێ خوێنەر لە بایەخی بەردەوامی خۆی ئاگادار بکاتەوە). گرەوی بەختی هەڵاڵە، لەبەر ئەو هۆیانەی لەم وتارەدا باسیان دەکەم، بەرهەمێکە بە تەواوی دەسەڵاتی سەرنجڕاکێشی عەتا نەهایی لە نووسینی ڕۆماندا دەردەخات، ئەو دەسەڵاتەی لە دوو ڕۆمانە پێشووەکەیدا بە تەواوی دەرنەکەوت.

### تایبەتمەندییەکان و نوێکارییەکان

١- لەحنی جیاوازی کەسایەتییەکان:

با بە لەحنەوە دەست پێ بکەین. سەرنجدان بە چۆنیەتی نواندنەوەی لەحنی کەسایەتییەکان نەک هەر لە ڕۆماندا، بەڵکو لە چەشنە ئەدەبییەکانی تردا وەک شیعر و شانۆنامە یەکێکە لە پێداویستییە سەرەکییەکانی ئەدەبی کوردی هاوچەرخ. کاتی وا هەیە ڕۆمانێکی کوردی

دەخوێنینەوە کە تێیدا هەموو کەسایەتییەکان بەیەک لەحن قسە دەکەن، کەچی لە ژیانی ڕۆژانەماندا هەر کەسایەتییەو لەحنی خۆی هەیە. ئایا ئەمە پیشاندەری ئەوە نییە کە ڕادەی وردبوونەوەی زۆربەی نووسەرانی کورد لە کەسایەتییەکانی ناو بەرهەمەکان هێشتا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی ئەرستۆ بیست و چوار سەدە لەمەوبەر باسی لێوە کردووە؟ ئایا یەکێک لە پێشمەرجە سەرەکییەکانی بەرهەمێکی ئەدەبی بریتی نییە لەوەی کە سیما دیارەکانی ژیانی ڕۆژانەمان بۆ بنوێنێتەوە؟ ئایا نواندنەوەی لەحنی کەسایەتییەکان یەکێک نییە لە تایبەتمەندییەکانی ڕۆمان؟ دەرخستنی لەحنی کەسایەتییەکان یەکێک نییە لە تایبەتمەندییەکانی ڕۆمان؟ دەرخستنی لەحنی کەسایەتییەکان یەکێکە لە کارە هەرە سەختەکان بۆ هەر نووسەرێک. نووسەر بۆ نواندنەوەی لەحنی کەسایەتییەک پێویستی بە بەکارهێنانی زمانێکی پڕ لە ئیماژ هەیە کە تێیدا وێنە دیداری و ژنەفتەنییەکان بە شێوەیەک دادەنرێن کە ئەقڵی ئەو کەسایەتییەش هەر بە هەمان شێوە بەکاریان دەهێنێ. هەروەهاش بە مەبەستی دەرخستنی لەحنی جیاوازی کەسایەتییەک پێویستە ڕستەسازی و نواندنەوەی قسە و بیرکردنەوەکانی ئەو کەسایەتییە بە شێوەیەک بێ کە دەقاودەق پیشاندەری جۆری قسە و بیرکردنەوەکانی ئەو کەسایەتییە بێ.

لەم ڕۆمانەدا هەر کەسایەتییە و لەحنی جیاوازی خۆی هەیە و ئەمەش پێچەوانەی تایبەتمەندی زاڵی ڕۆمانی کوردییە کە تێیاندا هەموو کەسایەتییەکان بەیەک لەحن قسە دەکەن. لەحنی کەسایەتییەکانی زۆربەی ڕۆمانە کوردییەکان لەیەک دەچن! یەکێک لە ڕێگەکانی گێڕانەوەی دراماتیک لە ڕۆماندا بریتییە لە بایەخدانان بە چۆنیەتی گێڕانەوەی لەحنی کەسایەتییەکان. لە زۆربەی بەرهەمە چیرۆکییەکانی ئەدەبی کوردیدا، زۆربەی کەسایەتییەکان یەک لەحنیان هەیە. با بە هەڵەدا نەچین، زۆربەی کەسایەتییەکان یەک لەحنیان نییە، بەڵکو ناکارامەیی نووسەرە کە وا لە خوێنەر دەکا هەست بە وێکچوویی لەحنی کەسایەتییە جیاوازەکان بکات. ئەگەر ڕۆمان یەکێکە لەو هەوڵانەی بۆ نواندنەوە و وردبوونەوە و سەرنجدان بە کەسایەتی جیاوازی کەسایەتییەکان، ئەوا ئەم هەوڵە لە ڕێگەی پیشاندانی لەحنی جیاوازی ئەو کەسایەتییانەوە بە ئەنجام دەگات.

لە زۆربەی دیالۆگەکانی ڕۆمانی گرەوی بەختی هەڵاڵەدا نواندنەوەی لەحنی جیاوازی کەسایەتییەکان ڕەچاو کراوە. بۆ نموونە، لە دیالۆگی نێوان هەڵاڵە و ڕەعنادا (ل. ٩-١١٨) لەحنی جیاوازی ئەم دوو کەسایەتییە بە ئاشکرایی پیشان دراوە بە شێوەیەک کە دیارە هەڵاڵە لە قسەکردنیدا لەگەڵ ڕەعنا سەرەتا بە لەحنێکی تەوساوی و تەنانەت ڕەخنەگرانە، بەڵام بەوپەڕی ڕێزەوە دەست دەکات بە ئاخاوتن لەگەڵ ڕەعنادا؛ لە کۆتایی ئەم دیالۆگەدا لەحنەکەی دەگۆڕدرێ و دەبێتە لەحنێکی پڕ لە بەزەیی بۆ ئەو هەلومەرجەی ڕەعنای تێدایە و لە سەرتاسەری دیالۆگەکەشدا ناخودئاگای هەڵاڵەمان بۆ دەردەکەوێ کە هاوکات وەکو ڕکابەرێک سەیری ڕەعنا دەکات، ڕکابەر هەم بۆ دایکی و هەم بۆ خۆی، چونکە باوکی لە ڕادەبەدەر خۆش دەوێ. لە لایەکی ترەوە، هەر لەم وتووێژەدا گەرچی ڕەعنا کەم قسە دەکات، بەڵام هەر لە ڕێگەی ئەو دوو سێ ڕستەیەی ڕەعنا دەریان دەبڕێ، خوێنەر دەتوانێ لە ناخی پڕ لە کێشە و خۆزگەی ڕەعنا تێ بگات. گەرچی ڕەعنا کەم قسە دەکات، بەڵام نواندنەوەی ئەو بارودۆخەی ڕەعنای تێدایە و نواندنەوەی دەقی قسە کورتەکانی ڕەعنا لە وەها کەشوهەوایەکدا وا لە خوێنەر دەکا بە تەواوی لە لەحنی قسەکانی ڕەعنا تێ بگات، ئەویش بەشێوەیەک کە خوێنەر هەست دەکات ڕەعنا کەسایەتییەک نییە لە ناو ڕۆمانەکەدا، بەڵکو ئافرەتێکە لە پاڵ خوێنەر دانیشتووە و دەگری و بەدەگمەن قسە دەکات، کەچی خوێنەر بە تەواوی لە کێشە و خۆزگەکانی تێدەگات.

هەروەهاش، لە دوایەمین وتووێژی نێوان هەڵاڵە و گێڕەوەدا لەحنی ماندوو، ئارام، پچڕپچڕ، بەڵام پڕ لە خۆشەویستی و ڕێزی هەڵاڵە دەردەکەوێ. ئەم وتووێژە ئارەزووی هەڵاڵە و خۆ ئامادەکردنی بۆ وەدەست هێنانی ژیانێکی ئارامی پاش ئەو کێشانە پیشان دەدات، کەچی ڕاست بە پێچەوانەوە و بێ ئەوەی ئاگای لێ بێ، هەر هەمان ڕۆژ شێرزاد پەلاماری دەدات و هەوڵی کوشتنی دەدات:

گوتی: «بیبوورن درەنگ دەرکەم کردەوە. خەریک بووم ئارەزووم ئامادە دەکرد کە بیبەم بۆ باخچەی ساوایان.»

خەوالوو بوو. دیار بوو بە ناچاری لەناو جێگەکەی

هاتۆتەدەر.

گوتی: «دوێشەو درەنگ خەوتم. سەعاتێک، ڕەنگە دوو سەعاتیش پاش ڕۆشتنی تۆ و...»

گوتی: «کە ئارەزووم برد، خۆم دەگەڕێمەوە و دیسان دەخەومەوە.»

گوتم" «ئەگەر کاری دەرەوەت نییە و تەنیا لەبەر ئارەزوو دەچی، هەر ئێستا برۆ بخەوەوە، من ئارەزوو دەبەم.»

زەردەخەنەکەیم بە زەردەخەنە وەڵام دایەوە و میهرەبانییەکەیم بە میهرەبانی، ئەوەندەی کە دەمزانی.

گوتی: «عەزییەت نییە؟» (ل ٣٢٥)

ئەگەر بە وردی سەرنج بدەینە ئەم وتووێژە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە نووسەر بە دووبارە کردنەوەی «[هەڵاڵە] گوتی» لە لایەکەوە باری دەروونی هەڵاڵەمان بۆ دەخاتە ڕوو و لە لایەکی تریشەوە تاسە، خۆشەویستی و حەسرەتی گێڕەوە دەنوێنێتەوە. هەروەهاش لەم دیالۆگەدا، لەحنی جیدی و لۆژیکی و پڕ لە هاوسۆزی و هەستی یارمەتیدانی دکتۆر سەعید دەردەکەوێ کە جیاوازە لە لەحنی پچڕپچڕ و لە ڕواڵەتدا ئارام، بەڵام لە ڕاستیدا پڕ لە کێشەی هەڵاڵە. هەروەهاش، جۆری ڕستەسازی لە قسەکانی هەڵاڵەدا جیاوازە لە ڕستەسازی قسەکانی گێڕەوەدا.

نموونەکانی تری وردەکاری نواندنەوەی لەحنی جیاوازی کەسایەتییەکان لەم ڕۆمانەدا زۆرن، وەک وتووێژی نێوان شێرزاد و هەڵاڵە (ل. ٢٠٦) کە تێیدا لەحنی پڕ لە بوغز و تووڕەیی و حەسادەت و خۆ بەکەم زانینی شێرزاد لە چاو دکتۆر سەعید لە پاڵ لەحنی ئارام و ژنانە و پڕ لە سەرسوڕمانی پرسیارەکانی هەڵاڵەدا قووت دەبێتەوە و ئەم دوو لەحنە جیاوازە هەر خێرا لە دوو کەسایەتی جیاواز ئاگادارمان دەکەنەوە بەشێوەیەک کە ئاستەمە پێکەوە هەڵ بکەن و یەکێکیان لەوانەیە لە داهاتوودا کارێکی نائەخلاقی و ناشەرعی و نایاسایی دەرهەق بەوی تر ئەنجام بدات. یان، لەحنی تووڕە و پڕ لە تیر و توانج و خۆ بە بەرهەق زانینی گوڵاڵە کاتێ ڕوو لە هەڵاڵە دەکات و دەڵێ: «من تێناگەم ئەو شاگرد دەلاکە عاشقی کوێت بووە! سەر گۆنای تیفتیفە دراوت! دەمو لێوی سووری قەیتانیت! چاوی ڕەش و بەکلت! قژی لوول و پەخش و پەرێشانت!؟» (ل. ١٧٠)

٢- گۆشەنیگا و گێڕەوە:

هەڵبژاردنی چەندین گۆشەنیگا بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکان و دەرخستنی باری زەینی کەسایەتییەکان و چۆنیەتی پێوەندییان لەگەڵ جیهانی ناوەوە و دەوروبەردا یەکێکە لە دەرکەوتەکانی ئاستی هونەری چیرۆک. لێرەدا نامەوێ وەکو ناو پۆلی زانکۆ باسی جۆرەکان و تایبەتمەندییەکانی گۆشەنیگا جیاجیاکانی گێڕانەوەی چیرۆک بکەم و ئاوڕێکی مێژووییان لێ بدەمەوە، یان باسی پێوەندی جۆری گۆشەنیگای چیرۆک و جیهانبینی نووسەر و شێوازی بەرهەمەکە بکەم، بەڵام تەنیا بە کورتی ئاماژە بۆ ئەوە دەکەم کە هەڵبژاردنی گۆشەنیگای سێیەم کەسی تاکی هەموو شتزان، کە تەنانەت هەر ئێستاکەش لە ئەدەب و تەنانەت فیلمی کوردیدا هەست پێدەکرێ، تەکنیکێکی وەکو کوردی باشوور دەڵێن تەقلیدییە، بەڵام عەتا نەهایی لە ڕۆمانی گرەوی بەختی هەڵاڵەدا سوود لەم گۆشەنیگایە نابینێ و لە باتی ئەمە جۆرە گەمەیەک لەگەڵ خوێنەردا دەست پێدەکات کە لە لاپەڕەی ٢٠٢دا تازە بە تازە بۆمان دەردەکەوێ کە گێڕەوەی چیرۆکەکە کێیە. ئەگەرچی گێڕەوەی چیرۆکەکە پاش ماوەیەکی زۆر خۆی دەناسێنێ، بەڵام ئەمە بەو



مانايه نييه كه سەرجەم ڕووداوەكان هەر تەنيا لە ڕوانگەى دكتۆر سەعيدى ڕەحمانى-يەوە دەگێڕدرێنەوە. بۆ نموونە، لە لاپەڕەى ١٢٤دا چيدى گێڕەوەكە دكتۆر سەعيد نييە، بەڵكو سێيەم كەسى تاكە. تێكەڵكردنى گۆشەنيگاكان چ بە مەبەستى پيشاندانى زەينييەتە جياجياكانى كەسايەتييەكان و چ بە مەبەستى فرەلايەن و فرەتوێدار كردنەوەى چيرۆكەكە لە بنەڕەتدا تەكنيكێكى مۆدێرنيستييە، بەڵام لە ڕۆمانى گرەوى بەختى هەڵاڵەدا لە بەر ئەوەى كە خودى گێڕەوەكە لە كۆتايى ڕۆمانەكەدا بەشێوەيەكى بەدەر لە ڕووداوەكانى ناو ڕۆمانەكە لەگەڵ خوێنەردا دەست بە قسە كردن دەكات و وەكو خودى خوێنەر دەست دەكاتە بيروڕا دەربڕين لەسەر كەسايەتييەكانى ناو ڕۆمانەكە لە بارى تەكنيك و فۆرمەوە ڕەهەندێكى پۆست مۆدێرنيزميشى داوەتە ئەم ڕۆمانە. ئەم گەمەيەى نووسەر و گێڕەوە لەگەڵ خوێنەردا كاتێ زياتر ڕواڵەتێكى سەرنجڕاكێشتر لە خۆى دەگرێ كە گێڕەوە بە ئاشكرا دەڵێ كە بۆچى باسى شێرزادى بە تەواوى و بە وردى بۆ نەكردووين. با بە هەڵەدا نەچين. كەم قسەكردن لەسەر شێرزاد بۆ ڕقى گێڕەوە لە شێرزاد- چ وەك ڕكابەر و چ وەك مرۆڤێكى پڕ لە بوغز و حەسادەت- ناگەڕێتەوە، بەڵكو هۆكارى دەرنەخستنى كەسايەتى شێرزاد بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە شێرزاد لە چاو هەڵاڵە خاوەن كەسايەتييەكى ساكارە.

تەكنيكى دەكارگرتنى دكتۆر سەعيد وەكو گێڕەوەى سەرەكى ڕۆمانەكە كاتێ زياتر لە خزمەت فرەلايەن كردنەوەى هونەرى ڕۆمانەكەدا دەردەكەوێ كە هەندێ جار بەردەنگى گێڕەوەكە خوێنەرە و هەندێ جاريش بەردەنگ خودى هەڵاڵەيە. بۆ نموونە، لە يەكەم لاپەڕەكانى ڕۆمانەكەدا ئەمە هەڵاڵەيە كە بەردەنگى گێڕەوەيە:

ئەوە چارەنووسى تۆيە هەڵاڵە، كە خەنجەرێك شاخەوشاخ، شارەوشار و وڵاتەو وڵات شوێنت بكەوێ، تا لێرە، لە ستۆكهۆڵم، لە گەڕەكى فلەمنسبێرگ، نهۆمى چوارەمى باڵەخانەى ژمارە هەژدە لە سنگت بچەقێ. خەنجەرێكى مشتوو كارەبا كە سەرى مشتووەكەى سەرە داڵێكى ئاسنى بێ، بە دەندووك و زارى كراوەو چاوەكانيشى دوو چاڵى ڕەش بن. كێ دەزانێ ئەو خەنجەرە لە كێلانى ئێستا ونبوويدا قەفى پشتێنى چەند نەوە لە پياوانى وڵاتى بەردى پشكنيوە؟ سنگى چەند نەوە لە ژنانى وڵاتى بارانى هەڵدڕيوە؟ ئەو خەنجەرە ئێستاش دەمەكەى خوێنى لێ دەتكێ هەڵاڵە. (ل.٧)

گێڕەوە، دكتۆر سەعيد ڕەحمانى، لێرەدا نەك هەر هەستى خۆى بۆ هەڵاڵە لە پێگەى حەزلێكراوێكدا دەردەخات، بەڵكو خەريكە وەكو گێڕەوەيەك باسى كەسايەتى هەڵاڵە بۆ خوێنەر دەكات، هەروەهاش بەستێنەكە ئامادە دەكات بۆ گێڕانەوەى ڕووداوەكانى ناو ڕۆمانەكە. لە پاڵ ئەمانەشدا، ئەگەر باش سەرنج بدەين، تێدەگەين كە هەر لە دەستپێكەوە، گێڕەوە لە شوێنكاتى ڕووداوەكە ئاگادارمان دەكاتەوە و بە خوێندنەوەى چەندين ڕستەى تر تێدەگەين ڕۆمانەكە خەريكە هەر لە سەرەتاوە، وەكو بنەواشەيەكى كلاسيكى گێڕانەوە، هەندێ زانيارى پێويست، وەكو شوێنكاتى ڕووداوەكە كە زياتر ستۆكهۆڵم-ە يان لە كوردستانەوە هێنانى خەنجەرەكە، بۆ خوێنەر بە ئاشكرايى، يان بە شێوەيەكى ئەدەبى دەردەخات. هەرچەندە لێرەدا بەردەنگ هەڵاڵەيە، بەڵام لە لاپەڕەكانى تردا بەردەنگ خوێنەرە و هەندێ جاريش خودى گێڕەوە دەبێتە سێرەى سێيەم كەسێكى تر.

كەواتە، لەم ڕۆمانەدا هەست بە بەكارهێنانى چەندين گۆشەنيگاى جياجيا دەكەين و ئەم تايبەتمەندييەش وا لە ڕۆمانەكە دەكات كە ڕووداوەكان لە چەندين ديدى جياوازەوە و بۆ چەندين بەردەنگى جياواز بگێڕدرێنەوە.

ئەگەرچى گێڕەوەى زاڵ هەمان دكتۆر سەعيدە، بەڵام لە بەشەكانى ترى ڕۆمانەكەدا- وەكو بەشى پێنجەمى ڕۆمانەكە- گێڕەوە سێيەم كەسى تاكە كە دەشكرێ بڵێين هەمان دكتۆر سەعيدە و ڕووداوەكانمان بۆ دەگێڕێتەوە بەو شێوەيەى لە هەڵاڵە، يان كەسانى ترى بيستووە. جگە لەمەش، هەندێ جار گێڕانەوەكە بەشێوەيەكە كە تێيدا هەڵاڵە هەم قسەكەرە و هەم بەردەنگ. واتە، ئەو ڕاڤەيەش ڕاستە كە كاتێ گێڕەوە لەگەڵ هەڵاڵە دەدوێ ئەمە بە ڕاستى خودى هەڵاڵەيە كە باس لە ئازارەكان و كێشەكانى و دوو ڕێيانەكانى بەردەم ژيانى دەكات.

٣- بوونى چەندين لايەنى زەمانى جياجيا لە ديالۆگەكاندا:

يەكێك لە تايبەتمەندييە سەرنجڕاكێشەكانى ڕۆمانى گرەوى بەختى هەڵاڵە ئەوەيە كە ئەم ڕۆمانە نەك هەر چەندين ئاستى زەمانى تێدايە، بەڵكو ئەم ئاستە زەمانييە جياجيايانە لە وتووێژەكاندا بەشێوەيەكى

دراماتیک و ناڕاستەوخۆ دەرکەوتوون و تەنیا ئاگاداربوون لە باری دەروونی و زەینی کەسایەتییەکەیە کە دەتوانێ یارمەتی خوێنەر بدات تا بزانێ قسەکان یان ڕووداوەکان لە چ قۆناغێکی زەمانیدان. هەڵبەت ئەم تەکنیکە شتێک نییە عەتا نەهاتبێ دای هێنابێ، چونکە لە بەرهەمە هەڵکەوتووە مۆدێرنیزمییەکانیشدا دەبیندرێ. من یەکەم جار ئەم تەکنیکەم لە ڕۆمانەکانی فۆکنەردا بینی و بەتایبەت لە قین و قڕەدا، بەڵام لەبەر ئەوەی کە ئەم تەکنیکە دەرکەوتەیەکی جیهانی هەیە و لە زۆربەی وتوووێژە ئاساییەکانی ژیانی ڕۆژانەشماندا هەستی پێدەکەین، کەواتە مۆرکی هیچ نووسەرێک نییە و ئەمە کارامەیی هونەری و شارەزایی دەروونناسانەی نووسەرەکەیە کە دەبێتە هۆی جێگیر بوون، یان جێگیرنەبوونی ئەو تەکنیکە لە بەرهەمدا. ئێمە هەموومان لە وتوووێژەکانمان لەگەڵ کەسانی تر یان لە بیرکردنەوەکانماندا جاری وا هەیە بە قسە یان وشەی یەکێک لە لایەنەکانی وتوووێژەکە، یان خۆمان دەکەوینەوە بیر شتێک کە پێوەندی بە شوێنکاتی ئەو ڕووداوەوە نییە تێیدا وتوووێژەکە، یان بیرکردنەوەکە سەردەگرێ. کەواتە هەموو نووسەرێک دەتوانێ ئەم تەکنیکە بەکاربهێنێ، بەڵام بەکارهێنانی ئەم تەکنیکە بۆ نووسەر سەختە و تێگەیشتنیشی بۆ خوێنەر سەختتر، چونکە پێوەندی ڕاستەوخۆی بە باری دەروونی کەسایەتییەکەوە هەیە. هەڵبەت لە کۆتاییدا کە خوێنەر تێگەیشت وتوووێژەکان یان بیرکردنەوەکان هی کام قۆناغی زەمانییە، دەگاتە جۆرێک لە کەشف و دۆزینەوە و پێی کاراتر و تەنانەت خۆشحاڵیش دەبێ. ئەمەش لەلایەکەوە، واتە بەشداریکردنی خوێنەر لە ڕەوتی بەرهەمهێنانی مانا و لە لایەکی تریشەوە، واتە هەستکردن بە تایبەتمەندییەکی تری گێڕانەوە کە بریتییە لە کەشف و دۆزینەوە و چالاککردنەوەی خەیاڵ و گەمە کردنی نووسەر لەگەڵ خوێنەردا کە کاری هەموو نووسەرە گەورەکانە. هەڵخڕاندن و کاراتر کردنەوە و وەگەڕخستنی خەیاڵی خوێنەر- خەیاڵ بە مانای «ئیماجینەیشن» نەک «فەنسی»- یەکێکە لە دەرئەنجامەکانی خوێندنەوەی بەرهەمێکی ئەدەبی سەرکەوتوو کە تەنانەت دەشکرێ وەک تایبەتمەندییەکی جەوهەری بەرهەمێکی ئەدەبی سەرکەوتوو سەیری بکەین.

یەکێک لە نموونەکانی ئەم تەکنیکە هەر لە یەکەم لاپەڕەکانەوە خۆی دەردەخات کاتێ کە گێڕەوە باسی بارودۆخی هەڵاڵە دەکات لە خەستەخانە، کەچی خێرا و بەبێ وەستان دێتەوە سەر دیالۆگەکانی نێوان هەڵاڵە و شێرزاد لە قۆناغێکی تری زەمانیدا، تەنانەت ئەگەر دیالۆگەکانی نێوان هەڵاڵە و شێرزاد لە کۆتایی چەند پەرەگرافی یەکەمی ڕۆمانەکەدا بە جۆرێک لە وەبیرهێنانەوەی ماناکان بۆ هەڵاڵە دابنێین، هەر دیسانەوە هەست بە لایەنی زەمانی جیاواز دەکەین، چونکە گێڕانەوەی چیرۆکەکە بەو دوو سێ ڕستە کورتەی کۆتایی پەرەگرافەکانەوە دەست پێدەکات کە خوێنەر (یان تەنانەت زەینی هەڵاڵەش) بەرەو دواوە دەبەنەوە بۆ لایەنێکی زەمانی جیاواز. هەر لە دەستپێکەوە نووسەر زەینی خوێنەر بۆ وەرگرتنی ئەو تەکنیکە ئامادە دەکات لە سەرتاسەری ڕۆمانەکە و بە تایبەت لە وتوووێژەکان یان بیرکردنەوەکانی کەسایەتییەکاندا. ئەگەرچی دەرخستنی چەندین لایەنی زەمانی زیاتر خۆی لە تەکنیکی شەپۆلی هۆشیاریدا دەبینێتەوە، بەڵام من لەم ڕۆمانەدا تەکنیکی شەپۆلی هۆشیاری نابینم و لە جیاتی ئەم تەکنیکە ناوی تاکبێژی ناوەکی و تەنانەت هەندێ جار تاکبێژی دراماتیک لەو بەشانەی ڕۆمانەکە دەنێم کە هەندێ جار چەندین لایەنی زەمانی جیاوازیشیان لەخۆ گرتووە (وەک چەند پەرەگرافی یەکەمی ڕۆمانەکە).

٤- ناوی هێمایین و تەوساوی کەسایەتییەکان: (٦)

پێوەندی نێوان ناوی کەسایەتی و تایبەتمەندی کەسایەتییەکان دەمێکە کەڵکەڵەی ڕۆماننووسەکانە؛ نموونەی هەرە ئاشکرای ئەم تەکنیکە ناوی گابرییەک ئۆک-ە لە ڕۆمانی دوور لە جەماوەری تووڕە بەرهەمی تۆماس هاردی کە تێیدا گابرییەل پیاوێکی کەڵەگەت و مل ئەستوورە و سەروسیمای لە ئۆک (داربەڕوو oak) دەچێ. یان کەسایەتی ئیشمایل لە ڕۆمانی مۆبی دیک بەرهەمی هێرمەن مێلڤیل کە تێیدا ئیشمایل (هەمان ئیسمایلی کوڕی ئیبراهیم پێغەمبەر) گیری خواردووە بە دەستی گرێی دەروونی خۆ بە کەمزانینەوە، (٧) یان ناوی چیلینگوۆرس لە ڕۆمانی پیتی سوور بەرهەمی ناتانییێل هاتۆرن کە دەلالەت لە کەسایەتییەک دەکات کە بەردەوام خەریکی فرتوفێڵە (کرداریchill لە ئینگلیسیدا بە مانای فێڵبازی و پیلانگێڕیش

بەکاردەبرێ). یان ناوی نیلسۆن لە کورتە چیرۆکی داری ژاپۆنی گالسوۆرسیدا کە دەلالەت لە پیاوێکی بە ڕواڵەت سەرکەوتوو، بەڵام لە ڕاستیدا لەخۆنامۆ دەکات، بەڵام با لە بیرمان نەچێتەوە هەندێ جار هەڵبژاردنی ناو بۆ کەسایەتییەکانی بەرهەمێکی چیرۆکی شێوەیەکی تەوساوی لە خۆ دەگرێ وەک ناوی دوو کەسایەتی بێنجی و جەیسۆن لە بەرهەمەکانی ویلیام فۆکنەردا، یان هەڵبژاردنی ناوی ستێفان دێلێس بۆ کەسایەتییەکی سەرەکی ڕۆمانی بەناوبانگی یولیسێس.

لەم ڕۆمانەشدا نووسەر بەو پەڕی وردبینی و سەرنجەوە ناوی کەسایەتییەکانی بەشێوەیەک هەڵبژاردووە کە نەک هەر دەلالەت لە کەسایەتی کەسایەتییەکان دەکەن، بەڵکو ڕواڵەتێکی تەوساویشیان داوەتە ڕوانینی نووسەر بۆ کەسایەتییەکان، هەروەهاش هەندێ لایەنی شاراوەی کەسایەتییەکانیش دەردەخەن؛ بۆ نموونە، هەڵبژاردنی ناوی هەلالە لانی کەم لە دوو ڕوانگەوە دەکرێ باس بکرێ: یەکەم، هەلالە کەسایەتییەکە کە هەڵە دەکات (گەرچی باوکی بە خۆشەویستییەوە پێی دەڵێ هەڵە گیان)؛ دووەم، ئەم ناوە لە هەڵمەت نزیکە ( هەڵمەت وەک ناوی پیاو، ئەو ناوەی هەلالە حەزی لێدەکا).

هەروەهاش کەسایەتی کەمال یان جەمال کە بەردەوام خوێنەر دەباتەوە ناو زەینییەتی هەلالە و ئێمە لە باری زەینی هەلالە بۆ ئەو کەسایەتییە ئاگادار دەکاتەوە کە بەو پێیە هەلالە کەسایەتییەکەی لە بیرە، بەڵام ناوەکەی بە وردی نایەتەوە یاد، یان هەڵبژاردنی ناوی کلۆڵ بۆ ئەو کەسایەتییە ناوی مامۆستا کلۆڵە کە ئەمەش ڕوانینی تەوساوی نووسەر بۆ ئەو کەسایەتییە دەردەخا.

هەروەهاش هەڵبژاردنی ناوی سەعادەت بۆ دایکی هەلالە کە لە ژیانیدا هەر خۆشی نەبینیوە، کەچی ناوی سەعادەتە. هەروەهاش، شێرزاد ئەو ناوە حەماسییەیە کە چاوەڕوانی لێدەکرێ کاری شێرانە و بوێرانە بکات، کەچی لێرەدا ژنەکەی خۆی دەکوژێ.

٥- گێڕانەوە:

خاڵی بەرچاوی تەکنیکی گێڕانەوە لەم ڕۆمانەدا دراماتیک بوونی گێڕانەوەکەیەتی. یەکێک لە ماناکانی گێڕانەوەیەکی دراماتیک بریتییە لە دەرخستنی کەسایەتی و ڕووداوەکان و باری دەروونی کەسایەتییەکان لە ڕێگەی وتووێژی نێوان کەسایەتییەکانەوە، یان لە ڕێگەی بیرکردنەوە و سەرنجەکانی گێڕەوە لەسەر ڕووداو و کەسایەتییەکان بە شێوازێکی لە ڕواڵەتدا ئاسایی، بەڵام لە بنەڕەتدا دەروونناسانە. ڕۆمان خۆ بڕیار نییە دەقێکی فەلسەفی بێ کە تێیدا کەسایەتییەکان وەکو فەیلەسووف قسە بکەن. ڕۆمان ئەو چەشنە ئەدەبییەیە کە تێیدا کەسایەتییەکان وەکو کەسایەتییە واقیعییەکان قسە دەکەن، بەڵام ئەمە نواندنەوەی قسە و بیرکردنەوەکانە و هەروەهاش شێوازی ڕستەسازی و جۆری دانانی کەشوهەوا و بەستێنەکانە کە وامان لێدەکات دیدمان بۆ ئەو کەسایەتییە قووڵتر بێتەوە. سەرەڕای ئەمەش، ئەمە خوێنەرە کە دەتوانێ خوێندنەوەی مەعریفەناسانە بۆ کەسایەتییەکان، یان سیستەمی فیکریی نووسەرەکە بکات نەک ئەوەی کە خودی ڕۆماننووسەکە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ئاشکرا سیستەمی فیکریی خۆی دەربخات. هەر بۆیە یەکێک لە پێشمەرجەکان و تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانێکی سەرکەوتوو ئەوەیە کە دراماتیک بێت. لێرەدا مەبەست لە دراماتیک «شانۆیی» نییە، چونکە زاراوەی دراماتیک لە ئەدەبدا مانایەکی تریشی هەیە کە بریتییە لە نواندن و پیشاندانی ناڕاستەوخۆی ڕووداوەکان و باری زەینی کەسایەتییەکان؛ بە واتایەکی وردتر، لە ڕۆماندا دراماتیک بوونی گێڕانەوە، واتە بەکارهێنانی وتووێژی نێوان کەسایەتییەکان بە شێوەیەک کە خوێنەر لە ڕێگەی وتووێژەکان، نەک لە ڕێگەی وەسفی گێڕەوەوە لە کەشوهەوای دەرەکی دیاردە و ڕووداوەکان و باری ناوەکی و زەینی کەسایەتییەکان تێ بگات. ئەمەیە یەکێک لە ڕێگەکانی ڕەچاوکردنی بنەواشەی نواندنەوە لە ڕۆماندا. دیارە دەرخستنی باری زەینی کەسایەتییەکان بەشێوەیەکی دراماتیک، واتە لە ڕێگەی وتووێژەکان، یان تاکبێژییە ناوەکییەکانەوە، نەک لە ڕێگەی وەسفی ڕاستەوخۆی گێڕەوە، کارێکی هونەرییانە و سەختە کە لە توانای هەر نووسەرێکدا نییە.

لە پاڵ ئەمەشدا، یەکێکی تر لە سیما بەرچاوەکانی گێڕانەوە لەم ڕۆمانەدا ئەوەیە کە لە ڕەوتی خوێندنەوەی ڕۆمانەکەدا هەست بە چەندین خێرایی جیاجیا لە گێڕانەوەکەدا دەکەین. واتە، لەم ڕۆمانەدا هەندێ جار خێرایی گێڕانەوەکە دەگاتە ئاستێک کە خوێنەر ناچار دەبێ بە پەلە ڕستەکان بخوێنێتەوە؛ هەندێ جاریش

خوێنەر بە هێمنی ڕستەکان دەخوێنێتەوە. لە ڕاستیدا ئەمە نووسەرە کە وا لە خوێنەر دەکا کە هەندێ بەشی ڕۆمانەکە بە هێوری و ئارامی و هەندێ بەشی تری ڕۆمانەکە بە خێراییەوە بخوێنێتەوە وەک ئەو کاتانەی خوێنەر هەست دەکات کە لە دوا وێستگەکانی تەکنیکی وەدواخستنەوە نزیک بۆتەوە.

بۆ نموونە، خێرایی گێڕانەوە لە لاپەڕەی ٢٨٥ تا ٢٩٥ی ڕۆمانەکە یەکجار زۆرە و خوێنەر لە کاتی گەیشتن بەم لاپەڕانە، بە خێراییەوە ڕستەکان دەخوێنێتەوە، کەچی پاش ئەمە لە لاپەڕەی ٢٩٥ەوە بۆ ٢٩٧ پەیتا پەیتا لە خێرایی گێڕانەوەکە کەم دەبێتەوە و لێرەدا ڕەوتی خوێندنەوە ڕێوڕاست وەکو ڕەوتی ڕاوەستانی سەیارەیەکە کە بە هێمنی و بە ئارامی لە خێراییەکەی کەم دەبێتەوە.

شێوازی گێڕانەوە لەم ڕۆمانەدا بەهۆی سوود وەرگرتنی نووسەر لە ئیماژە دیداری و بیستەنییەکان و هەروەهاش بایەخدانان بۆ شێوازی وەسفەکان و زمانی وتووێژەکان بەشێوەیەکە کە کاتێ ڕۆمانەکە دەخوێنینەوە دەڵێی خەریکین فیلمی ڕووداوەکان دەبینین، هەر بۆیە نووسەرێکی باش لە پلەی یەکەمدا دەبێ دەرهێنەرێکی باش بێ. لە زۆربەی ڕۆمانە کوردییەکاندا خوێنەر نازانێ لە کوێیە، یان لە چ شارێکە، ڕۆژە، یان شەوە، دیکۆراسیۆنی ئەو ژوورەی کەسایەتییەکانی تێیدان بە چ شێوەیەکە. با بە هەڵەدا نەچین. ڕیالیستی پیشاندانی ژینگە و کەشوهەوا لە ڕۆماندا تەعبیر لەوە ناکات کە ڕۆمانەکە ڕیالیزمییە. نووسەر دەتوانێ، بە ڕای من دەبێ، ژینگە و کەشوهەوا بەشێوەیەک بخاتە ڕوو کە خوێنەر بزانێ لە کوێدایە، ئینجا لە قۆناغەکانی تردا و لە ڕێگەگەلێکی ترەوە نووسەر دەتوانێ ڕقی خۆی لە ڕیالیزمی ساکار و پەتی و بابەتیانە پیشان بدات. دیسانەوە با لە بیرمان نەچێتەوە یەکێک لە سەرەکیترین تایبەتمەندییەکانی چیرۆکنووسین بریتییە لە دەرخستنی شوێنکات کە پێشتر و لە دەستپێکی چیرۆکە کۆنەکاندا بوو، بەڵام ئێستا دەتوانێ لە هەر شوێنێکی چیرۆکەکە بەشێوەی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ خۆی دەربخات. دیسانەوە با لە بیرمان نەچێتەوە کە ڕۆمان لە بنەڕەتدا چیرۆکە و ئێمە لە ڕۆماندا لەگەڵ چیرۆکێکدا بەرەوڕووین و مافمانە بزانین ئەم چیرۆکە لە کوێدا و لە چ کاتێکدا و لە چ ژینگەیەکدا و لە چ کەشوهەوایەکدا ڕووی داوە. ئەوەتانێ داپیرەکان باشترین ڕۆماننووسن، چونکە هەر هیچ نەبێ ئاماژە بە شوێنکاتی چیرۆکەکە دەدەن. زۆریک لەو ڕۆمانە کوردییانەی ناوبانگیان دەرکردووە لەم تایبەتمەندییە سەرەکی و جەوهەرییە بە دوورن.

جگە لە مانەش، زۆربەی بەشەکانی ئەم ڕۆمانە ڕووداوێک و شوێنکاتێکی جیاواز دەگێڕنەوە، واتە ئەگەرچی چەند بەشێکی ئەم ڕۆمانە بەشێوەیەکی سەربەخۆ و خۆبژێو چیرۆکێکی جیاواز لە بەشەکانی تر دەگێڕنەوە و هەر کامیان دەلالەت لە شوێنکاتێکی جیاواز دەکەن، بەڵام سەرجەم ئەم چیرۆکانە لە کۆتاییدا دەوری سەرەکی لە پێناو یەکگرتوویی بەخشین بە ڕۆمانەکە دەگێڕن هەندێ لەم چیرۆکە جیاجیایانە کە شوێنکاتی جیاوازیان هەیە، بەڵام پێکەوە هاوتەریبن بریتین لە چیرۆکی ڕۆیشتنی باوکی هەڵاڵە بۆ شاخ، چیرۆکی ڕۆیشتنی برایمۆک بۆ شاخ و چیرۆکی خۆشەویستی هەڵاڵە و برایمۆک، چیرۆکی پێوەندی نێوان باوکی هەڵاڵە و ڕەعنا، پێوەندی نێوان هەڵاڵە و شێرزاد لە شاخ و پاشان لە تاراوگە. کەواتە ڕۆمانی گرەوی بەختی هەڵاڵە لە چەندین پاژی سەربەخۆ پێک هاتووە کە ئەم پاژانە لە کۆتاییدا گشتێکی مانادار ساز دەکەن، بۆیە دەتوانین بڵێین لەم ڕۆمانەدا بنەواشەی یەکگرتوویی ئەنداموار ڕەچاو کراوە.

لە لایەکی ترەوە، دووبارەکردنەوەی ناوەکان لە کۆتایی ڕستەکاندا، یان دووبارەکردنەوەی ڕستەگەلی کورت لە چەند بەشێکی گێڕانەوەکەدا جیا لەوەی کە ڕەهەندێکی شاعیرانە دەداتە ئەو بەشەی ڕۆمانەکە، بەشێوەیەک هەست و هۆشی خوێنەر لەسەر کەسایەتییەکە و باری دەروونی ئەو کەسایەتییە کۆ دەکاتەوە. ڕاستە ڕۆمان ئەو چەشنە ئەدەبییەیە کە تێیدا ژمارەی وشە و ڕستەکان زۆرن، بەڵام لەم ڕۆمانەدا دیارە نووسەر هەموو ڕستەکانی بە پارێزەوە بەکار هێناوە و ڕێزی لە وشە و خوێنەری ئەمرۆ گرتووە. لەم ڕۆمانەدا بە تەواوەتی ڕێزی نووسەر بۆ وشە دەردەکەوێ. هەر وشەیەو خاوەن پلەوپایە و دەوری خۆیەتی. هەر بۆیەش چەند بەشێکی ئەم ڕۆمانە هەڵگری چەند زمانێکی جیاوازن وەک بەکارهێنانی زمانێکی ئەدەبی بۆ دەربڕینی هەستی گێڕەوە بۆ باری دەروونی و کێشەکانی هەڵاڵە، یان زمانێکی ڕیالیستی بۆ

نواندنەوەی زەینییەتی چەند کەسایەتییەک وەک مەجید و ژنەکەی واتە فەریدە، یان زمانێک وەک زمانی پەند و حەقایەتە کوردییەکان کاتێ باسی چیرۆکی میرخوناوک و خاتوو کلاوزێڕ دەکرێ.

## پێکهاتەی هونەریی ڕۆمانەکە

پێکهاتەی ڕۆمانی (یولیسسێس)ی جەیمز جۆیس بەپێی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ناو بەرهەمی حەماسی ئۆدیسەی هۆمێر داندراوە. بە واتایەکی تر، ئەو ڕووداوانەی بۆ ئۆدیسە دێنە گۆڕێ و ئەو شوێنانەی سەردانیان دەکات لە (یولیسسێس)دا بە شێوەیەکی تەوساوی بۆ لیئۆپاڵد بلووم دێنە ئاراوە. هەر بەهەمان شێوە، پێکهاتەی ڕۆمانی قین و قڕەی فۆکنەر زۆر لە پێکهاتەی کتێبی پیرۆزی ئینجیل، بەڵێنی نوێ نزیکە، چونکە هەم ڕۆمانەکە و هەم کتێبی یەکەمی ئینجیل لە چوار بەش پێک هاتوونە و هەر وەک چۆن عیسا پێغەمبەر هیچ کام لە چوار بەشەکەی دەستپێکی بەڵێنی نوێ ناگێڕێتەوە، لە قین و قڕەشدا کەدی کە حەزلێکراوی فۆکنەرە هیچ کام لە چوار بەشەکە ناگێڕێتەوە. هەڵبەت ئەم تەکنیکە هەر تایبەت نییە بە ڕۆمان؛ بۆ نموونە، لە شانۆنامەی سەهۆڵفرۆشەکە دێت بەرهەمی (یوجین ئونیل)دا پێکهاتەی پەردەی دووەمی شانۆنامەکە بە گوێرەی ڕووداوەکانی دوایەمین شامی عیسا مەسیح داندراوە. هەروەهاش لە شیعردا، باشترین نموونە شیعری درێژی وێرانە خاک بەرهەمی ئیلیەت-ە کە زۆربەی دێرەکانی ئاماژەدانە بۆ بەرهەمە ئەدەبییەکانی سەردەمانی ڕابردوو، بەڵام بە ڕوانینێکی جیاوازەوە.

لە ڕۆمانی گرەوی بەختی هەڵاڵەدا هاوشێوەییەک لە نێوان زۆربەی ڕووداوە سەرەکییەکان و یەکێ لە حەقایەتە کۆنە کوردییەکان بە ناوی حەقایەتی میرخوناوک و خاتوو کلاوزێڕ هەیە. وێکچوویی نێوان ئەم حەقایەتە و چەند ژێر گەڵاڵەیەکی(٨) ڕۆمانەکە هێندە زۆرە کە تەنانەت دەکرێ بڵێین پێکهاتەی ڕۆمانەکە لە چەندین بەشی ڕۆمانەکەدا بە گوێرەی ئەم حەکایەتە کۆنە خەملێنراوە، هەڵبەت نووسەر بەو پەڕی وردەکارییەوە ئەم کارەی بە ئەنجام گەیاندووە و ئەویش بەشێوەیەک کە پاش خوێندنەوەی ڕۆمانەکە خوێنەر تێدەگات کە ئەم حەکایەتە بە چەندین شێوەی لە ڕواڵەتدا جیاجیا، بەڵام لە بنەڕەتدا بە یەک پێکهاتەی هاوبەشەوە لە چەند ژێر گەڵاڵەیەکی ڕۆمانەکەدا دەرکەوتووە.

کاتێ لە دەستپێکی ڕۆمانەکەدا باسی ئەم حەقایەتە دەکرێ، بەو شێوەیەی دایە گەورە دەیگێڕێتەوە و ئێستا لە بیرگەی هەڵاڵە و کەواتە گێڕەوەدا ماوە، لە پڕێکدا حەمە ڕەشید ئاغای باوکی هەڵاڵە جێگەی میرخوناوک دەگرێتەوە. لێرەدا نووسەر بە شارەزاییەکی تەواوەوە هەر دوو ڕووداو- حەکایەتی میرخوناوک و بەسەرهاتی حەمە ڕەشید ئاغا- تێکەڵی یەکتر دەکا، بەڵام خاڵی سەرنجڕاکێشتر ئەوەیە کە هەر وەک چۆن خاتوو کلاوزێڕ خەڵاتی میرخوناوکە، ئایا هەر بە هەمان شێوەش ڕەعنا خەڵاتی حەمە ڕەشید ئاغایە؟ (دواتر حەمە ڕەشید ئاغا لە شاخدا سەرەڕای ئەوەی ژن و منداڵی هەیە ڕەعنا دەکاتە هاوسەری خۆی). لەلایەکی ترەوە، ئایا هەر ئەم حەقایەتە لە بەسەرهاتی شێرزاددا ڕەنگ نەداتەوە؟ شێرزادیش کە دەچێ بۆ شەڕ لە شاخدا دواتر وەکو خەڵاتێک دەیەوێ هەڵاڵە بباتەوە. لێرەدا چیرۆکی ئەویندارانەی نێوان هەڵاڵە و برایمۆک جیاوازە، چونکە برایمۆک بۆ شەڕ نەچوو بۆ شاخ، بەڵکو پاش ئەو ڕووداوە تاڵەی ناو شار بڕیار دەدا بچێ بۆ شاخ، کەواتە دەتوانین بەم شێوەیەی خوارەوە هاوشێوەیی و هاوتەریبی دوو ژێر گەڵاڵەی ڕۆمانەکە لەگەڵ حەقایەتی میرخوناوک و خاتوو کلاوزێڕدا دەستنیشان بکەین:

میرخوناوک... شەڕی دێوەکان... خاتوو کلاوزێڕ
حەمە ڕەشید ئاغا... شەڕ لە شاخ... ڕەعنا
شێرزاد... شەڕ لە شاخ... هەڵاڵە

هەڵبەت ئەم هاوتەریبییە دەقاودەق نییە، چونکە ئەگەر ڕەعنا حەزی لە حەمە ڕەشید ئاغایە، هەڵاڵە پێش هاوسەرگیری ئەو هەستەی بۆ شێرزاد نییە، بەڵام پاشان دەبینین کە ژنێکی وەفادارە.

لە لایەکی ترەوە، هاوتەریبییەکی وردەکارانەی تر لە نێوان کۆمەڵێ ڕووداوی تری ڕۆمانەکەدا لە ئارادایە کە خۆیان لە ڕواڵەتی چەند شانۆگەری و گەمەیەکدا دەبیننەوە. هەڵاڵە لە هەموو ئەو گەمە و شانۆگەریانەدا ئامادەیە. بۆ نموونە، گەمەی هەڵاڵە لەگەڵ کەمال، یان جەمال کاتێ منداڵن هاوشێوەیە لەگەڵ شانۆگەری ژاندارک لە شاخ. ئەم دوو شانۆگەرییە هاوشێوەن لەگەڵ ئەو سیناریۆیەی باوکی هەڵاڵە بۆ هەڵاڵەی ساز کردووە و

بەو پێیە هەلاڵە دەبێ ببێتە خێزانی شێرزاد. لەهەر سێ شانۆگەرییەکەدا هەلاڵە لەگەڵ پیاوێکدا ڕووبەڕووە و لە هەر سێ شانۆگەرییەکەدا مەرگ ئامادەیە، بەڵام جیاوازی شانۆگەری سێیەم لەوەدایە کە هەلاڵە لێرەدا حەز ناکات ببێتە هاوسەری شێرزاد، کەچی پێشتر هەستی دڵدارانەی بۆ برایمۆک هەبوو و تەنانەت پاش چەند ساڵ هەر ئەو هەستەی بۆ کەمال، یان جەمال ماوە. جگە لەم خاڵە هاوبەشانە، لە شانۆگەری یەکەمدا کەمال، یان جەمال دەوری کوژراوێک دەگێڕێ، لە شانۆگەری ژاندارکدا هەلاڵە دەوری ژاندارک دەگێڕێ کە کڵێسا بڕیاری سووتاندنی داوە و لە شانۆگەری سێیەمدا هەلاڵە بە ڕاستی دەکوژرێ. شانۆگەری دووەم و سێیەم بەم شێوەیە پێکەوە گرێدراون کە ئەگەرچی هەلاڵە گرەوەکە لە باوکی دەباتەوە، بەڵام برایمۆک بە کوژراوی دەبیننەوە و پاشان ئەمە خودی هەلاڵەیە کە دەبێتە قوربانی سیناریۆکەی باوکی. لێرەدا سەرنجدان بەم هاوتەریبییەی خوارەوە زیاتر لەو وردەکاریانە ئاگادارمان دەکاتەوە کە نووسەری ئەم ڕۆمانە لە دانانی گەلاڵە و ژێر گەلاڵەکاندا ڕەچاوی کردووە:

هەلاڵە... کەمال، یان جەمال... گەمەی منداڵانە
هەلاڵە... برایمۆک... شانۆگەری ژاندارک
هەلاڵە... شێرزاد... سێناریۆی باوکی هەلاڵە

هەموو ئەو هاوشێوەیی و هاوکێشانەی سەرەوە ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە نووسەر بە بایەخەوە ڕوانیویەتە پێکهاتە و بنەمای ڕۆمانەکە. بە بڕوای من، ئەم تایبەتمەندییە گرنگترین لایەنی ڕۆمانەکەیە. ئەگەر ڕۆمانەکە بە وردی بخوێنینەوە لە هەندێ هاوشێوەیی دیکە تێدەگەین؛ بۆ نموونە، گیروگرفتی برایمۆک چ ئەو کاتەی لەشار بوو و چ ئەو کاتەی لە شاخ هەر یەک گرفتە؛ ئەگەر لە شار ئەوانەی ناو پاترۆڵەکە بوونە هۆی دوور کەوتنەوەی لە ئەوینەکەی، ئەوە لە شاخیش حەمە ڕەشید ئاغا ناهێڵێ برایمۆک بگاتە هەلاڵە.

عەتا نەهایی لەم ڕۆمانەدا بێ ئەوەی هیچ ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆ بکاتە چەندین باسی گرنگی گوتاری ئەدەبی ئەمڕۆی ئێمە، ڕوانینی خۆی لەمەڕ ئەو پرسانە لەم ڕۆمانەدا دەربڕیوە. یەکێ لە پرسە گرنگەکانی گوتاری ئەدەبی ئەمڕۆی ئێمە هەبوونی دابڕان، یان بەردەوامییە لە نێوان چەشنە ئەدەبییە تازەکان وەک ڕۆمان و کورتە چیرۆک و شانۆنامە لە لایەکەوە و چەشن و قاڵبە کلاسیکەکان وەک بەیت و حەقایەتە کۆنە کوردییەکان لە لایەکی ترەوە.

ئایا بەرهەمێکی ئەدەبی کوردی هاوچەرخ تا چ ئاستێک و بە چ شێوەیەک دەبێ لەگەڵ میراتی ئەدەبی ئێمەدا لە بەردەوامیدا بێ؟ ئایا ڕەنگدانەوەی ئەدەبی کلاسیکی ئێمە بە هەموو قاڵب و فۆرم و ناوەرۆکەکانییەوە لە ئەدەبی هاوچەرخدا پێویست و گونجاوە، یان نا؟ ئەگەر پێویستە، ئەوە ئەم ڕەنگدانەوەیە دەبێ بە چ شێوەیەک بێ؟ ئایا هەر تەنیا ئاماژەدانێکی ڕووکەشانە بە ئەدەبی کلاسیک لە بەرهەمی ئەدەبی ئەمڕۆدا کێشەکە چارەسەر دەکات؟ ئایا دەکرێ ناوەرۆک و فۆرمی ئەدەبی کلاسیک بە شێوەیەکی تەوساوی و بە تیروتوانجەوە لە بەرهەمی ئەدەبی ئەمڕۆدا دەرکەوێ، ئەگەر دەکرێ، بۆ بەشێوەیەکی تەوساوی؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە لە بابەتی سەرەکی ئەم نووسینە دوورمان دەخاتەوە، بەڵام تا ئەو جێگەیەی پێوەندی بەم ڕۆمانەوە هەبێ، ئەوە دەبێ بڵێین پێکهاتەی ئەم ڕۆمانە لانی کەم لە چەندین ژێر گەلاڵەی خۆیدا بە پێی بنەمای حەقایەتێکی کۆنی کوردی داڕێژراوە. ئەم تایبەتمەندییە دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە بڵێین ڕۆمان وەک ژانرێکی نوێ لەخۆڕا هەڵنەقوولاوە و جۆرە یەکگرتووییەکی لەگەڵ ئەدەب و بەشە فەرهەنگییەکانی تری سەردەمەکانی ڕابردوودا هەیە. ئەم تایبەتمەندییە لە لایەکەوە لایەنی خوازەیی ڕۆمانەکە نیشان دەدات و لە لایەکی تریشەوە بەردەوامی ژانری ڕۆمان لەگەڵ حەقایەتەکان دەخاتە ڕوو. هەندێ توخم لە حەقایەتەکاندا هەن کە لە ڕۆمانیشدا دووبارە دەبنەوە. ڕۆمان لە خۆڕا و لە بۆشاییدا نەهاتۆتە دی، بەڵکو مێژوویەکی گێڕانەوەیی دەوڵەمەندی لە پشتەوەیە. ئەم ڕوانینە نەک هەر ئاوڕدانەوەیە لەو مێژووە، بەڵکو بە جۆرێک بنیادنانی ئەدەبی نوێیە لەسەر میراتی ئەدەبی نەتەوەییمان.

### دەرخستنی دەروونناسانەی کەسایەتییەکان

ڕۆمان چەشنێکی ئەدەبییە کە تێیدا سەروکارمان لەگەڵ چەندین کەسایەتی جیاواز دایە، بە پێچەوانەی شیعر، یان تەنانەت شانۆنامە کە ژمارەی کەسایەتییەکان کەمن. نیشاندانی کەسایەتی کەسایەتییەکان و

دەرخستنی جیاوازی کەسایەتییەکان یەکێکە لە ئەرکەکانی ڕۆماننووس. کەواتە، ڕۆماننووسێکی سەرکەوتوو پێش هەر شتێک پێویستە ڕوانگەیەکی دەروونناسانەی ورد بۆ کەسایەتییەکانی نێو ڕۆمانەکەی ئاراستەی خوێنەر بکات، بەڵام با دیسانەوە لە بیرمان نەچێتەوە کە ڕۆمان پێش هەر شتێک چیرۆکە و ئەرکی ڕۆماننووسیش لێدوانی زانستی و تیۆریک نییە، بەڵام دەکرێ و دەشبێ لەو نیشانە و هێمایانەی لە چیرۆکەکەدا بەکارهاتوون ڕاڤەیەکی دەروونناسانە ساز بکرێ. لەم ڕێگەیەشەوە هەم لە قووڵایی ناخی کەسایەتییەکان تێدەگەین و هەر لەو وردەکاریانەی نووسەر لە داڕشتنی هەمەلایەنەی ڕۆمانەکەدا ئەنجامی داوە.

یەکێک لەو هێمایانەی دەوری سەرەکی لە دەرخستنی ناخ و تایبەتمەندی و تەنانەت ئامانجی کەسایەتییەکانی ئەم ڕۆمانەدا هەیە خەنجەرە، ئەو خەنجەرەی هی باوکی هەڵاڵە بوو و شێرزاد لەگەڵ خۆی بۆ سوێد بردی و لە ئاکامدا هەر بەو خەنجەرە هەڵاڵەی کوشت. خەنجەر وەکو ئەو هێمایەی لە دەروونشیکاری کەسایەتییەکاندا بە هێمای «فالیک» ناوی لێ دەبەین لەم ڕۆمانەدا خاوەن گرنگایەتییەکی بەرچاوە. فالووس، واتە زەکەر، بە وتەی ژاک لاکان گرنگترین و کاریگەرترین بۆشایی نێو ناخودئاگای مرۆڤ پێک دەهێنێ و هەوڵدان بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییەش یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی سەرهەڵدانی ئارەزووی بەردەوامبوونی ژیان لە قۆناخی هێماییندا، واتە لە قۆناخی پاش فێربوونی زماندا و لەو کاتەوە منداڵ ئاوێتەی نەزم و ژیانی کۆمەڵایەتی دەبێ، ئەوەی کە خەنجەرەکە سەرەتا هی باوکی هەڵاڵەیە دیسانەوە ڕێ خۆشکەرە بۆ لێکدانەوەی دەروونشیکاریانەی پێوەندی نزیکی نێوان هەڵاڵە و باوکی، چونکە هەر وەک چەندین جار لە ڕۆمانەکەدا ئاماژەی بۆ کراوە پێوەندی نێوان هەڵاڵە و باوکی ئەوەندە نزیکە کە لە ڕواڵەتی ئاسایی خۆی دەرچووە.

ڕوانینێکی دەروونشیکاریانە بۆ ئەم پێوەندییە بە سەرنجدان بە ڕەوتی گەشەکردنی ناخودئاگای هەڵاڵە لە قۆناخی ئۆدیپیدا (یان دەکرێ لێرەدا بڵێین قۆناخی ئێلێکترایی) دەتوانێ ڕێ خۆشکەر بێ لە پێناو تێگەیشتنی زیاتر لە هۆکارەکانی ئەو پێوەندییە نزیکە.

هەرچەندە ڕۆمانەکە بە وردی باسی سەردەمی منداڵی هەڵاڵەمان بۆ ناکات، بەڵام هەندێ ئاماژەی وەک شێوەی جلوبەرگ پۆشین و هەڵسوکەوتی هەڵاڵە لە جیاوازی هەڵاڵە و برا و خوشکەکانی ئاگادارمان دەکاتەوە. لە لایەکی ترەوە، ئەوەی کە هەڵاڵە لە ئاکامدا سەرەڕای ئارەزووی خودئاگای خۆی بۆ مێرد نەکردن بە شێرزاد بە قسەی باوکی دەکات و دەبێتە ژنی شێرزاد، هەر هەمان دووپاتبوونەوەی دەوری یاسای باوکە،(٩) ئەو یاسایەی منداڵ لە قۆناخی ئۆدیپیدا و بەهۆی ئاگاداربوون لە تایبەتمەندی و دەسەڵاتی باوکەوە ناچار دەکرێ ڕەچاوی بکات، بەڵام ئارەزووی کچ بۆ فالووس دەبێتە گرێیەکی ناخودئاگا کە بەردەوام و بەتایبەت لە منداڵیدا سەرکوت دەکرێ. کەواتە، بە باوەڕی من، مێردکردنی هەڵاڵە بە شێرزاد لە ڕاستیدا هیچ نییە جگە لە گوێڕایەڵی هەڵاڵە بۆ یاسای باوک و دەسەڵاتی ئەم یاسایەش هەر وەک چۆن لە منداڵیدا خۆی لە ڕواڵەتی فالووسدا دەبینییەوە ئێستاکە خۆی لە ڕواڵەتی ئەو خەنجەرەدا دەبینێتەوە، کە باوکی بەخشیویەتییە شێرزاد. ساتی گۆڕینی خاوەنی خەنجەرەکە لە حەمە ڕەشید ئاغاوە بۆ شێرزاد، واتە ساتی گۆڕینی دەسەڵات لە باوکەوە بۆ مێرد لە سیستەمی سوننەتمەندی ئەخلاقی کۆمەڵگای ئێمەدا. ئەم خەنجەرە، دەوری خۆی بە باشترین شێوە گێڕاوە چ لە ڕۆمانەکەدا و چ لە واقیعی کۆمەڵگای ئێمەدا. ئەم هێما فالیکە باشترین دەرکەوتەی سیستەمی پیاوسالارانەیە لە ڕۆمانەکەدا. جگە لەمەش، ڕاستە شێرزاد لە سوێد دەژی، بەڵام هیچ جۆرە گۆڕانکارییەکی بەسەر خاڵەکانی ئەو سیستەمە ئەخلاقییە سوننەتییە نەهێناوە و ئەوەتانێ بەرگەی شێوە ژیان و هەڵسوکەوتی هەڵاڵە و سیستەمی یاسایی و کۆمەڵایەتی سوێد ناگرێ و لە ئەنجامدا هەڵاڵە دەکوژێ. هەروەهاش، ئەم خەنجەرە، وەکو هێمایەکی فالیک، سنووری نێوان دوو جۆر کەسایەتی تەواو جیاوازە لەم ڕۆمانەدا. لە لایەکەوە باوکی هەڵاڵە و شێرزاد و سەرجەم ئەو کەسایەتییانەی سەرکۆنەی هەڵسوکەوتی هەڵاڵە دەکەن و لەلایەکی ترەوە هەڵاڵە بە تەنیا خۆی کە هەوڵ دەدا لە یاساکانی ئەو سیستەمە ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەی تێیدا گەورە بووە هەڵبێ، هەر بۆیە لێرەدا ئەمە سیستەمەکەیە کە دەیباتەوە و ئەمە سەرپێچیکەر لەو سیستەمەیە، واتە هەڵاڵە، کە

دەیدۆڕێنێ و کۆتایی ئەم ململانێیەش هیچ نییە جگە لە دوایەمین وشەی ڕۆمانەکە، واتە کاتاستروف بە مانای کارەسات.
جگە لە خەنجەر هێمایەکی تری فالیک لەم ڕۆمانەدا بریتییە لە «کلیل». ئەوەی کە شێرزاد لە لاپەڕەی ٢٧٢دا کلیلەکەی خۆی بۆ کردنەوەی دەرکەی ماڵەکە بەکار ناهێنێ، بەشێوەیەکی خوازەیی ئاماژەیە بۆ بێ کەڵکی و «ون» کردنی دەسەڵاتی پیاوانەی خۆی لە سیستمێکی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتیی دیکەدا:
[هەلاڵە] گوتی: «ئەوە بۆ نەچوویتە ژوورەوە شێرە گیان؟ نەکا کلیلەکەت ون کردبێت؟»
شێرزاد کلیلەکەی نیشان دا. گوتی: «بڕیارم داوە بە بێ تۆ لە دەرکەی ئەم ماڵە نەچمە ژوور.»...
«ئەی ئەگەر ڕۆژێک هەر نەهاتمەوە؟»
شێرزاد داچڵەکی. ترسا. ئەویش وەکو هەموو پیاوێکی عاشقی تر ترسنۆک بوو. ترسنۆک و بێ متمانە بەخۆی.
خاڵی سەرنجڕاکێش لە کۆتایی ئەم وتوووێژەدا ئەوەیە کە ئەمە هەلاڵەیە بە کلیلەکەی خۆی دەرکەکە دەکاتەوە و پاشان پێکەوە دەچنە ژوور. ئەگەرچی لەوانەیە ئەم وتووێژە لە لایەن زۆربەی خوێنەرانەوە بەشێوەیەکی تیژ تێپەڕ، یان ڕووکەشانە سەیر کرابێ، بەڵام لە خوێندنەوەی دەروونشیکاریانەی هەڵسوکەوتی کەسایەتییەکاندا کردنەوەی دەرکەکە لە لایەن هەلاڵەوە و بە کلیلەکانی خۆیەوە، واتە پشت کردن لەو فالووسەی (واتە، کلیلەکەی شێرزاد) هێمای دەسەڵاتی پیاوسالارانەی مێردەکەیەتی. هۆکاری ئەم ڕووداوە بە ڕواڵەت ساکارە زەمینە خۆشکەر و هۆی سەرهەڵدانی کێشە دواییەکانی ئەم ژن و مێردەیە، ئەو کێشانەی لە نێوان دوو جۆری جیاوازی کەسایەتیدا سەرهەڵدەدەن: ئەو کەسایەتییانەی پێبەندی یاسای باوکن و ئەوانەی پێبەندی نین، یان وا دەزانرێ پێبەندی نین.
لە لایەکی ترەوە، ئەگەر هەلاڵە خاوەنی کەسایەتییەکی چەند لایەنە و فرەتوێ و بگۆڕە، ئەوە شێرزاد کەسایەتییەکی ساکار و نەگۆڕی هەیە. لە کاتێکدا هەلاڵە دەتوانێ خۆی لەگەڵ سیستمی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی وڵاتی سوێددا بگونجێنێ، شێرزاد نەک هەر ناتوانێ کارێکی وا بکات، بەڵکو ڕووبەڕووی سیستمی ئەخلاقی و یاسایی ئەو وڵاتەش دەبێتەوە و ئەو کارانەی شێرزاد ئەنجامی دەدا (وەک ڕفاندنی کچەکەی) لە سیستمی یاسایی سوێددا نایاساییێن.
جگە لەم جیاوازییەش، هەلاڵە مرۆڤێکی فرەتوێ و چەند لایەنەیە و تێگەیشتن لە زەینییەتی هەلاڵە ئاسان نییە، کەچی لە بەرانبەردا شێرزاد کەسێکی ساکارە.
هۆی باس نەکردنی دکتۆر سەعید لە شێرزاد پێش ئەوەی بۆ نەبوونی زانیاری، یان ڕەنگە ڕقی لە شێرزاد بۆ ئەو ڕاستییە داپۆشراوە دەگەڕێتەوە کە کەسایەتی شێرزاد لە چاو هەلاڵە ئەوەندە ناهێنێ ڕۆمانێکی لەسەر بنووسرێ. داوا لە خوێنەر دەکەم بە هەڵە لە من تێنەگات، چونکە منیش دەزانم چەندین بەرهەمی دانسقە و دووردرێژ لەسەر کەسایەتییە خراپەکان نووسراون. مەبەستی من ئەوەیە کە شێرزاد لەوێوە کە کەسایەتییەکە هێندەی هەلاڵە فرەلایەن و پێچدار نییە، ناکرێ و ناشبێ ڕۆماننووس زۆر لەسەری بدوێ. لە ئەدەبدا ئەمە کەسایەتییە فرەلایەن و پێچاوپێچەکانن کە بە وردەکاری زۆرترەوە دەپەروەردرێندرێن. لە لایەکی ترەوە، ئەم دەقە تا ئەو شوێنەی پێوەندی بە کەسایەتی هەلاڵەوە هەبێ دەقێکی کراوەیە. هەلاڵە لەم ڕۆمانەدا بەشێوەیەکی ژیانئاسا پیشان دراوە. چەندین جار لە خۆمان دەپرسین ئایا بەڕاستی هەلاڵە ژنێکی تەواو باشە، یان هەڵەشی کردووە؟ ئایا هەلاڵە بە ڕاست حەزلێکەری دکتۆر سەعید بوو، کاتێ هێشتا ژنی شێرزاد بوو؟ من لە ژیانی واقیعیمدا هەلاڵەکانم بینیوە؛ هەرچەندە هیچ کامیان لەوی تر ناچن و هەلاڵەی ئەم ڕۆمانەش هەروایە و لەوان ناچێ، بەڵام خوێنەر هەست دەکات کە هەلاڵە دەناسێتەوە. کەسایەتی پەروەراندن لەم ڕۆمانەدا بەهۆی گرنگیدانی نووسەر بە دەستەبەرکردنی ڕوانگەیەکی دەروونناسانە بۆ کەسایەتییەکان و بەکارهێنانی چەندین هێمای جیاجیا بەشێوەیەکە کە خوێنەر پاش تەواوکردنی ڕۆمانەکە هەست دەکا ئەو کەسایەتییەکانی بە تەواوی ناسیوە.
نموونەیەکی بەرچاوی تری ئەم جۆرە کەسایەتییانە لە کەسایەتی مامۆستا کلۆڵدا دەبینینەوە. لەم بەشەی ڕۆمانەکەدا کەوتمەوە بیر ڕۆمانی دۆن کیشۆت و هەروەها مامەڵەی کۆندرایی لەگەڵ خۆ بەزلزانینی کەسایەتییەکان. گاڵتەکردن بە ئەقڵی خۆبەزلزان و خۆ بەناوەندزان و لە خۆبایی، وەک باختین دەڵێ، نەک هەر ئەرکی ڕۆمانە،

بەڵکو هۆی سەرەکی سەرهەڵدانی ڕۆمان وەکو ژانرێکی تازە بوو. نواندنەوەی کەسایەتی مامۆستا کلۆڵ لە ڕاستیدا ڕەخنەیە لە مامۆستا کلۆڵەکانی ئەدەبی کوردی، ئەوانەی وەختە بۆ چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانی بمرن؛ کەچی هەر لەو کاتەشدا لەبەر نەفس نزمی و زەینییەتی سەرانسەر گرێ دەماری ملیان بۆ کچە ڕۆژنامەنووسێک دەردەپەڕێت. نووسەر بە ڕوانینێکی وردەوە و لە ڕێگەی بەکارهێنانی زمانێکی پڕ لە ئیمـاژەوە وەکو دەروونناسێک هەوڵی داوە بە باشترین شێوە نەک هەر هەڵسوکەوت، بەڵکو ناخی کەسایەتی مامۆستا کلۆڵمان بۆ دەربخات.

جگە لەو نموونانەی سەرەوە، ئەم ڕۆمانە هەوڵێکی سەرکەوتووە بۆ شیکردنەوەی لایەنە دیار و نادیارەکانی ژیانی کوردان لە هەندەران. زۆربەی هەرە زۆری کوردانی دانیشتووی هەندەران بە ڕاستی لە هەندەران ناژین و بەڵکو وەکو هەڵاڵە دەڵێ لەوێ «کوردستانێکی بچووکیان» بۆ خۆیان خوڵقاندووە. زۆرینەی کوردانی دانیشتووی هەندەران، بەتایبەت ئەوانەی پاش تافی لاوی ڕوویان کردۆتە هەندەران، بەڕاستی و بەکردەوە لە هەندەران ناژین و نایانەوێ و ناتوانن جۆرێکی تر لە ژیان تاقی بکەنەوە. لەم ڕۆمانەدا ئاڵۆزییەکانی ژیانی کەسێکی وەکو شێرزاد لە ڕێگەی ئاراستەکردنی ڕوانینێکی دەروونناسانەوە بۆ شێرزاد و دەمارگرژی و کێشەکانی خراوەتە ڕوو. شێرزاد تووشیاری نەخۆشییەکی دەروونی بووە، کە بەو پێیە نەک هەر ناتوانێ بە هیچ شێوەیەک خۆی لەگەڵ سیستمی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی ژیانی هەندەراندا بگونجێنێ، بەڵکو لێشی هەڵدێ و لەگەڵی ناکۆکە. نموونەیەکی هەرە بەرچاوی خۆ دوورخستنەوە لە واقیعی ژیانی هەندەران بۆ شێرزاد و زۆربەی کوردانی دانیشتووی وڵاتە ئەورووپاییەکان ئەوەیە کە بەردەوام خەریکی قومارکردنن.

قومارکردنی کوردانی دانیشتووی ئەورووپا چ لەم ڕۆمانەدا و چ لە واقیعدا ئەوەمان نیشان دەدا کە کوردانی هەندەران بە تەواوی لە وەهمێکدا دەژین کە قەت بەدی نایە. قومارکردنی کوردانی هەندەران قومارکردنی ئەوان پیشان دەدا کە لەسەر ماڵ و ژیان و گیانی خۆیان کردیان تا گەیشتنە ڕۆژئاوا.

دروست کردنی کوردستانێکی بچووک لە سەرتاشخانەیەکدا لە ستۆکهۆڵم نموونەیەکی تری گەڕانەوە بۆ توخم و ڕەهەندەکانی ژیانی پێش هاتن، یان هەڵاتنیانە بۆ هەندەران.

گەرچی نووسەر هیچ کات ڕاستەوخۆ لەم ڕۆمانەدا ئاماژە بۆ پرسی شوناس ناکات، بەڵام شوناس یەکێکە لە بن واتا سەرەکییەکانی ئەم ڕۆمانە. تەنیا لە یەکێ لە دیالۆگەکاندا نەبێ کە باسی سوێدی بوون و ئێرانیبوون و کوردبوون دەکرێ، لە دیالۆگەکانی تردا باسی ئەم پرسە ناکرێ، بەڵام گرنگایەتی ئەم پرسە لە زۆربەی دیالۆگ و کەڵکەڵە و کێشە زەینییەکاندا ڕەنگی داوەتەوە، ئەویش بەشێوەیەک کە دەکرێ بڵێین ئەم ڕۆمانە لە بنەڕەتدا خەریکی نواندنەوەی ئەو گیروگرفتانەیە کە کێشەی نێوان لایەنەکانی شوناسی ڕابردوو و ئێستای کەسایەتییان خوڵقاندوونی. لەم ڕۆمانەدا دەرئەنجامەکانی پێبەندبوون بە بنەماکانی ئەو شوناسەی هەلومەرجی ڕابردووی کەسایەتییەکان سازی کردوون و ناکۆکی نێوان ئەو بنەمایانە لەگەڵ دەرکەوتەکانی شوناسی ئێستایان لە ڕواڵەتی گێڕانەوەیەکی دراماتیکدا نیشان دراون.

**ئەنجام**

ڕۆمانی گرەوی بەختی هەڵاڵە نەک هەر بەرهەمێکی جیدی و پڕ لە وردەکارییە، بەڵکو تەنانەت دەوری خوێنەریش لە ڕەوتی خوێندنەوەکەیدا بە جددی وەرگیراوە. بڵاوبوونەوەی گرەوی بەختی هەڵاڵە قۆناغێکی تازە لە مێژووی ڕۆمانی کوردیدا تۆمار دەکات، ئەو قۆناغەی تێیدا خوێنەر بەشێوەیەکی جددی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ، چونکە نووسەری ڕۆمانەکە نەک هەر پێکهاتە و لایەنەکانی تری بەرهەمەکەی بەشێوەیەکی یەکگرتوو، هاوچەشن و وردەکارانە دارشتووە، بەڵکو لە پەروەراندنی کەسایەتییەکانیشدا هەم وەکو دەروونناسێک هەڵسوکەوت دەکات و هەم لە سۆنگەی شێوازناسییەکی ئەدەبییەوە زمان و لەحن و زەینییەتی کەسایەتییەکانمان زیاتر بۆ دەردەخات.

خوێنەر لەم ڕۆمانەدا دەورێکی چالاک دەگێڕێ؛ ئەم ڕۆمانە وەک زۆر بەرهەمی تر نییە کە تێیاندا تەنیا ئەرکی خوێنەر گوێڕاگرتنە لە دەنگی گێڕەوە، یان کەڵکەڵە فەلسەفییە گشتی و جەماوەر پەسەندەکانی نووسەر. لەم ڕۆمانەدا، خوێنەر بە هەند وەرگیراوە و بە تەواوی دیارە

عەتا نەهایی لە نووسینی ئەم ڕۆمانەدا بایەخ بۆ خوێنەری بەرهەمەکەی دادەنێ. خوێنەر پاش تەواوبوونی ڕەوتی خوێندنەوەی ڕۆمانەکە تازە بەتازە تووشی ڕاچڵەکین! دەبێ بە هۆی ئاگاداربوونەوەی لەو وردەکارییە بنەماییانەی نووسەر ئەنجامی داون.

پاشان لە قۆناغی دواییدا، خوێنەر بیر لە کۆمەڵێ وردەکاری هونەری دیکە دەکاتەوە وەک ناوی تەوساوی کەسایەتییەکان، یان بە دیداری کردنەوەی دیمەنەکان. ئەم ڕۆمانە کۆیەکی درێژی ڕووداوەکان و وەسفەکان بۆ خوێنەر ناخاتە بەرچاو. نووسەر ئاگاداری کورتبێژی ئەدیبانە و پێداویستییەکانی سەردەمە. نووسەر لەم ڕۆمانەدا بە باشی ئاگای لەوەیە کە خوێنەرەکانی چیدی چاوەڕوانی گێڕانەوەیەکی تەقلیدی ناکەن، هەربۆیە ئەم بەرهەمە لە چەندین ڕێگەوە خەیاڵی داهێنەرانەی خوێنەر دەبزوێنێ و لە کۆتایی پرۆسەی خوێندنەوەکەشدا خوێنەر بەشێکە لە سیستمی خوڵقێنەری مانا و بڕیاردان لەسەر کەسایەتییەکان، کێشە ناوەکی و دەرەکییەکانیان و دەرئەنجامی ڕووداوەکان.

**(زانکۆی ئێکسێتێر)**

**پەراوێزەکان:**

**١- یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەو نووسینەی لە کوردیدا بەردەوام بە «زانستی» ناوی دەبرێ بریتییە لەوەی کە لێکۆڵەرەوە پێویستە لە دەستپێکی نووسینەکەیدا ئاماژە بکات بە هۆی هەڵبژاردنی بابەت یان بەرهەمی بەرباس. ئەم تایبەتمەندییە کە بە «هۆی ئەقڵانی»ی هەڵبژاردنی بابەتی بەرباس (rationale) ناسراوە لە لێکۆڵینەوە کوردییەکاندا وەکو ڕێساکانی تری نووسراوە و لێکۆڵینەوە ئاکادیمیکەکان کەمتر سەرنجی دەدرێتێ و لە زۆربەی لێکۆڵینەوەکاندا پشتگوێ دەخرێ.**

**2. atmosphere.**

**3. setting.**

**4. Tone.**

**5- Structure.**

**6. Ironic Name Symbolism.**

**7. لە ئوستوورە مەسیحییەکاندا ئەمە ئیسماعیلە نەک ئیسحاق کە بەخیلی بە براکەی خۆی دەبا.**

**8. sub- plot.**

**9. Name of the father.**

# کاریگەری (وێرانەخاک) لەسەر (گینگڵ)

**سامان دزەیی**
**زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی زمان)**

**پێشەکی**

لە سالآنی (١٩٧٠) دوابەدوای ڕێکەوتننامەی ١١ی ئازار پانتایی شیعری کوردی گۆڕانی بەسەردا هات. ئەم گۆڕانە دەرەنجامی پێشڤەچوونی باری سیاسی و ئابووری بوو. شاعیرانی کورد لە ڕێگەی وەرگێڕانی بەرهەمی ئەدەبییەوە پتر شارەزای ئەدەبی جیهانی بوون، بەتایبەتی شیعر، سەرهەڵدانی گرووپی (ڕوانگە) یەکێک بوو لە دەرهاوێشتە سەرکەوتووەکانی ئەم پێشڤەچوونە سیاسی و ئابوورییە.

«لە مێژووی ئەدەبی هەر نەتەوەیەک چەندین بزووتنەوەو تاقیکردنەوەی هەمەجۆر بەدی دەکرێت، سەرچاوەی ئەم بزووتنەوانەش لە دوو بنچینەوە سەرهەڵدەدەن. یەکەمیان: داهێنانی شاعیرانی نەتەوەکە خۆیان بێت، دووەمیشیان: لاسایی کردنەوەی بزووتنەوە، یان تاقیکردنەوەی نەتەوەیەکی تر بێت و ئەوان لەگەڵ ڕێرەوی پێکهاتەی بیرکردنەوەی خۆیاندا بیگونجێنن» (١)، هەروەها ڕێنگاردو میرزا دەڵێن(٢) شیعری باوی کوردی لەپێش (١٩٧٠) بە گەلێ ڕێساوە پابەند بوو، وەکو سەروا کە لە بەئازادی دەربڕینی بیر ڕێگر بوون. شاعیر دەبوایە دەستبەرداری زۆر لە فەنتازیا و بیرۆکەی جوان بوایە تەنیا لەبەر ڕێک نەهاتنی سەروا. (ڕوانگە) لەبەرانبەردا ڕێگەی بەشاعیر دەدا کە جڵەو بۆ هەڵکشانی فەنتازیا شل بکات و بگرە سنوورەکانی زمانیشی دەبەزاند. بۆیە گۆڕانێکی بنەڕەتی لە شیعری کوردیدا ڕووی دەدا.

ئەم گۆڕانە پێویستی بە ڕوخسارو کەرەستەی نوێ هەبوو، کە لە شیعری کوردیدا بەردەست نەبوون، بەڵکو لە دەرەوەیدا بوون. شاعیرانی کورد لە سەرەتاکانی (١٩٧٠)دا بۆ دەربڕینی بیروڕاو هەست و نەستیان بەدوای توخم و تەکنیکی نوێدا دەگەڕان، ئەمە سەرباری ڕێگەو ستایلی نوێ. لەبەر ئەوە بۆ دۆزینەوەی ئەوەی بە دوایدا دەگەڕان پەنایان بردە بەر ئەدەبی جیهانی.

(ڕوانگە) وەک تاقیکردنەوەیەک لەژێر کاریگەری بزووتنەوەکانی نێو ئەدەبیانی عەرەبییەوە سەری هەڵداوە(٣). ئەدەبی عەرەبیش بەهەمان پێودانگ لەژێر کاریگەری بزووتنەوە ئەدەبییەکانی جیهانی بوو. (شێرکۆ بێکەس) دووپاتی دەکاتەوە کە شاعیرانی کورد ئەوسا لەژێر کاریگەری زمان و ئەدەبی عەرەبی و ئەو بەرهەمانەدا بوون کە وەرگێردرابوونە سەر زمانی عەرەبی. هەربۆیە لە ڕێگەی خوێندنەوەی ئەدەبی بێگانەوە شارەزای هەندێک توخم و تەکنیکی ئەدەبی بوون و لە شیعرەکانیاندا بەکاریان دەهێنا.

بێ گومان وێرانە خاک یەکێک بووە لەو بەرهەمە ئەدەبییانەی کە شاعیرانی کورد پێی سەرسام بوون،



شێرکۆ بێکەس

ئەویش لە ڕێگەی وەرگێڕانە عەرەبییەکانی ئەم شیعرەوە.

لێرەدا لە یەکێک لە دەنگە هەرە دیارەکانی ڕوانگە دەکۆڵینەوە کە ئەویش (شێرکۆ بێکەس)ە. «شێرکۆ بێکەس یەکێکە لە پێشەنگەکانی شیعری نوێی کوردی. لە (١٩٧٠) شێوازێکی شیعری نوێی پێشکەش کرد کە بە ڕوانگە ناسرا».(٤)

(شێرکۆ بێکەس) ناوودەنگێکی نێودەوڵەتیشی هەیە و لەساڵی (١٩٨٧)وە لە وڵاتی سوێد دەژی و ئەمە وای کردووە کە لە وڵاتانی ئەوروپا بناسرێت. ئەمە وێڕای ئەوەی کە نازناوی (هاووڵاتی شەرەف)ی لە شاری (میلان)ی ئیتاڵیا پێ بەخشراوە. (شێرکۆ بێکەس) زۆر داهێنانی خستووەتە سەر شیعری نوێی کوردی وەک: پۆستەرە شیعر، داستانە شیعر، چیرۆکە شیعر، شیعری درامی و تێکەڵ کردنی پتر لە یەک ژانر لە شیعردا.

ئەم توێژینەوەیەی بەردەستتان لە کاریگەری هۆنراوەی (وێرانە خاک)ی تی. ئێس. ئیلیەت دەکۆڵێتەوە لەسەر هۆنراوەی «گینگڵ»ی (شێرکۆ بێکەس).

لەسەرەتای (١٩٧٠)وە ئەم شاعیرە هەوڵی داوە شێوازێکی نوێ و ڕوانینێکی نوێ لە شیعری کوردیدا بێنێتە کایەوە. ئەم هەوڵە بە ئاشکرا لە بەیاننامەی (ڕوانگە)دا ڕەنگی داوەتەوە بەوەی کە شێرکۆ بێکەس یەکێک بووە لە دەنگە سەرەکییەکانی ئەم گرووپە.

لەم ماوەیەدا شێرکۆ بێکەس هەوڵی داوە کە واز لە شێوازی باوی شیعری کوردی بهێنێت.

لە شیعردا (شێرکۆ بێکەس) بە دوای ڕوخسار و ڕەهەندی نوێدا گەڕاوە، بۆیە دەستی کردووە بە خوێندنەوەی ئەدەبی جیهانی.

شێرکۆ بێکەس(٥) باسی ئەوە دەکات کە هۆی سەرەکی سەرهەڵدانی ڕوانگە ئەوەبوو کە زمانێکی نوێی شیعری بێنێتە کایەوە و دەستبەرداری تاک دەنگیی شیعری کوردی بێت.

لە ڕاستیدا، وێرانە خاک سەرنجی ئەم شاعیرەی ڕاکێشاوە لەبەر ئەوەی توخم و ڕوخساری وای تێدایە کە تازە بوون بۆ شیعری کوردی و ڕێک بۆ ئەو ڕوانینە نوێیەی شیعری کوردی دەگونجان.

سەرەتا (شێرکۆ بێکەس) وێرانە خاکی بە زمانی عەرەبی خوێندووەتەوە، هەروەک خۆی باس لەوە دەکات کە زۆربەی شاعیرانی کورد ئەوسا تەنیا زمانی عەرەبییان زانیوەو لە ڕێگەی ئەم زمانەشەوە وەرگێڕانی جیاجیای وێرانە خاکیان خوێندووەتەوە، ئەمە سەرەڕای چەندین نووسینی جۆراوجۆر لەسەر ئەم هۆنراوەیە. هەروەکو خۆی دەڵێت ئەو بۆ یەکەم جار دوو وەرگێڕانی جیای وێرانە خاکی خوێندووەتەوە.(٦)

بۆیە ئاشکرایە کە شێرکۆ بێکەس هەوڵی داوە شێواز و ڕەهەند و ڕوخساری نوێ بۆ ناو شیعری کوردی بهێنێت، هەروەکو خۆیشی دەڵێت: ((٧) زۆربەی زانیاری و تەکنیکەکانی نووسین کە شاعیران و نووسەران هەیانە لەو گەنجینەوە دێن، کە لە دەرەوەی خۆیان کەڵەکە بووە.)

کەواتە ئەم شاعیرە لەنێو ئەدەبی جیهانیدا بەدوای توخم و تەکنیکی نوێدا گەڕاوە، بۆ ئەوەی لە هۆنراوەکانیدا سوودیان لێوەربگرێ، هەروەک خۆی دووپاتی دەکاتەوە کە ئەو ئەوساکە هەوڵی داوە سوود لە ئەزموونە جیاوازەکانی شیعری نوێی جیهانی وەربگرێت. کەواتە ئەو ساتێ وێرانە خاکی دۆزییەوە لەم شیعرەدا هەستی بە ڕوخسار و تەکنیکێکی نوێ کردووە.

(کە بۆ یەکەم جار وێرانەخاکم خوێندەوە.. هەرچەندە لە ڕێگەی زمانی دووەمەوە بەمن گەیشتبوو، بەڵام زانیم کە لەبەردەم شاکارێکدام کە خاڵی وەرچەرخان بووە لە شیعری نوێی جیهانیدا) (٨) بەم شێوەیە ئەم زانیویەتی کە شیعرێک دەخوێنێتەوە خاڵی وەرچەرخانە لە شیعری

نوێی جــیـــهـــانی. وێرانه خـــاک بەو ناوودەنگ و کاریگەرییەوە لەسەر شیعری نوێی جیهانیدا وای کردووە کە شاعیرە نوێخوازەکانی کورد بە چڕی بیخوێننەوە. شـاعـیـر ئەمـە دووپات دەکـاتەوە (٩) کـە ناوودەنگی وێرانەخاک وای لێکردبوو بە دوایدا بگەڕێن. شاعیرانی کورد خاڵی شایستەیان لە وێرانە خاکدا دۆزیوەتەوە کە بۆ نوێ کردنەوەی شیعری کوردی سوودی لێوەربگرن. ئەم خاڵانە لەلایەن شاعیر خۆیەوە دەست نیشان کراون کە دەنووسێت: (١٠) (یەکـێک لەوکـاریگەرییـانەی کـە ئیلیەت لەسەر ئێمە داینابێ بایەخدان بووە بە ئەفسانە و گـەڕانەوە بۆ سـەرچاوە کـولتـوورییـەکـان.. بەر لەو کاریگەریانە شیعری ئێمە ڕاستەوخۆ و تاکدەنگ بوو، بەڵام فرە دەنگیمان لە شیعرە درامییەکانی ئیلیەت دۆزییەوە.)

بەم شێوەیە (شێرکۆ بێکەس) لە سەرەتای (١٩٧٠)دا هەوڵی داوە کـە ئاراسـتـەی شـیـعـری کـوردی بـگـۆڕێت و شـێـوازی نوێ لە شـیـعـری کـوردیدا دابـهـێنێت. بۆ ئەم مـەبەسـتـەش ڕوخـسـارو تەکنیکی تازەی لە (وێرانە خاک)دا دۆزییەوە، کە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی مەرامەکەی یارمەتیدەر بوون. مەرامی ئەو مۆدێرنیزەکردنی شیعری کـوردی بووە، تاوەکـو لە شـێـوازی باوو تاک دەنگی دەربازی بکات.

شـیـعـری گـینگڵ لێرەوە توێژینەوەکە لە یەکێک لە شـیـعـرەکـانی (شـێـرکـۆ بێکەس) دەکـۆڵێـتـەوە کـە ناوونیشانی (گینگڵ)ە بۆ ئەوەی نیشانی بدات کە چۆن لەژێر کاریگەری (وێرانە خاک)دا نووسراوە، ئەم شیعرە چ سوودێکی لە وێرانەخاک وەرگرتووە و چۆن توخمەکانی لەم شیعرەدا ڕەنگیان داوەتەوە.

(گـینگـڵ) هۆنراوەیەکـە (شـێـرکـۆ بێکەس) سـاڵی (١٩٧٣) نووسـیـویەتی و لە کـۆشـیـعـری (من تینوێتیم بەگڕ ئەشکێ)دا بڵاوکراوەتەوە. ئەم کۆ شیعرە لە ساڵی (١٩٧٣) لە چاپخـانەی (دار الحـریة) لە بەغـدا چاپ کـراوە. هۆنراوەکە لە ٢٣٣ دێر پێکهـاتووە. ئەم شـیـعـرە وێنای گـومانی شـاعـیرێک دەکـات لەسەردەمی نوێدا بۆ گەیشتن بە ڕاستی. تەنیایی و سەرلێشواوی و نیگەرانی مرۆڤی مۆدێرنی بەشێوازێکی شیعری وێناکردووە. (١١) قـسـەکـەر لەم شـیـعـرەدا بەدوای (ڕاسـتـی- نەمـری)دا دەگـــەڕێت لە ڕێگەی هەردوو ســیـــمــبـــۆڵی ئاو و خۆشەویستییەوە.

لەم گەڕانەیدا دوو ئاراستە دەگرێتە بەر لە یەکێکیان بۆ ڕابردوو دەگـەڕێتـەوە و لەوی تریاندا بۆ ئاینده هەنگاو دەنێ. پێکهـاتەی بیرکردنەوەی بریتییە لە گومان، واتە گـومـان لە دۆزینەوەی ڕاسـتی. ئەم گـومـانە بەهۆی چەند سیـمبـۆڵێکەوە دووپات کراوەتەوە وەکو ئۆدیبی گریک و کـەسـایەتی ئەفسـانەیی گلگامـێشی سـۆمـەری. لە پاڵ ئەمەشدا ئەو شتەی کە بیرۆکەی گەڕان بەدوای نەمریدا دەچەسـپـێـنێ لە شـیـعـرەکـەدا ئەو دەربڕینە ئاشکراو ڕوونانەیە لە دووتوێی شیعرەکەدا وەک:

**بۆچی ئەمرم، بۆچی ئەستێرە نامرێ؟**

«گینگڵ دێری ٢٨»

ئەم گومانە تەنگژەیەکی دراماتیکی خوڵقاندووە بەهۆی چەندین دیالۆگ و فـرەدەنگی شـیـعـری کـە تەنگژەکـەیان گەیاندووەتە لووتکە:

**چی ئەبینی.. چی نابینی؟**

**ئاوێنەکان تیشکەکان خوار ئەکەن**

«گینگڵ دێری ١٥٦- ١٥٧»

لەمـەش زیاتر، ئەوەی شـیـعـرەکـەی زیاتر دراماتیـزە کردووە ئامادەبوونی ڕابردووە لە ئێستـادا. ئەم سەرباری ئەوەی کە شیعرەکە وێناکردنی سروشتی فەوزای مرۆڤە لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا.

**ڕەوێک.. (زەمان)ی بەستۆتە پشتی هەنگاو**

**گەشتێک.. (جێگا) لە کۆڵ ئەکات**

(گینگڵ دێری ١٨- ١٩)

ئەم شـیـعـرە جـۆرێکە لە ڕەنگدانەوە، ڕەنگدانەوەی مـۆدێرنیـزم، ملمـلانێی نێـوان کـۆن و نوێ. ئەم شیـعـرەی شێرکۆ بێکەس ساتێک بەرجەستە دەکات کە تەنگژەکە لە لووتکەدایە لەنێـوان دەسـتـبـەرداربوون لە ڕابردوو، یان وەرگرتنی هەموو زەبروزەنگەکانی.

ئەمـە ملمـلانێیـەکی سـەختـە، بەڵام شـاعـیـر هاودژانە هەردووکیان هەڵدەبژێرێت:

**هاوڕێکەم هەموو شەوێ کاژێکی تازەی دەرئەداو**

**پێستێکی کەی لەبەر ئەکرد**

**بۆ بەیانیش لەوانەکانی (مارکسا)**

**بەرماڵەکەی محەمەدی ئەکردە کۆڵ**


(گینگڵ دێری ٦٣- ٦٦)

دواجار هەرچەندە شاعیر گومانی هەیە و هەست دەکات لەنێو سەختی و جەنجاڵی ژیانی مۆدێرندا ون بووە، بەڵام هێشـتـا هیـوای هەیەو واز لە گـەڕانەکـەی ناهێنێت. ئەم گومان و نیگەرانییەی شاعیر تەنیا پردێکن بۆ گەیشتن بە هیوای. (١٢)


**بۆت ئەگەڕێم**
**بۆت ئەگەڕێم**
**بۆت ئەگەڕێم**

(گینگڵ دێری ٢٤٠- ٢٤٢)

بەم چەشنە لای (شێرکۆ بێکەس) ڕێبازە شیعرییەکەی ئیلیـــەت ڕەنگ دەداتەوە لە یاری کـــردن بە شـــتـــە جیاوازەکان، بە بەکارهێنانی هاودژ و حاڵەتە شیعرییە هاودژەکان و بەکارهێنانی لە جێدانانی هیواو نیگەرانی. کە دەکرێت لەم دایەگرامەی خوارەوەدا وێنای ئەو ڕێبازە بکەین:




**دایاگرامێک ڕێباز و پلانی شیعری ئیلیەت پیشان دەدات**




**دایاگرامێک ڕێباز و پلانی شیعری شێرکۆ بێکەس لە هۆنراوەی (گینگڵ)دا پیشان دەدات**

ئەو دایاگـرامەی سـەرەوە ئەوە دەسـەلمێنێ کـە ڕێڕەو و جووڵەی هەردوو شیعرەکە چوون یەک و نزیکن لەیەک.

### کاریگەری ڕامانی سەرەکی وێرانەخاک

بە گـوێرەی وتـەی (شـێـرکـۆ بێکەس) خـۆی کـە دەڵێت (١٣): (من لە قەسیدەی (گینگڵ)دا کە یەکەم شیعری دیوانی (من تینوێتـــیم بە گـــڕ ئەشکێ)یە تا ڕادەیەک کـــەوتوومـــەتە ژێر کـــاریگەری ئەو شـــاکـــارەوە [واتە وێرانەخاک].)

ثیمەکانی وێرانەخاک لە دیدی زۆر لە شاعیرانی کورد سەرنجڕاکێش بوون. وا پێدەچێ کە (شێرکۆ بێکەس) بەو ثیمانە سەرسام بووبێ و لە شیعری (گینگڵ)دا ڕەنگی دابێتەوە. شاعیر لە (گینگڵ)دا ئەم دوو دێرە شیعرەی خوارەوەی لە وێرانە خاک وەرگرتووە:

**بەرد هەیە و ئاو نییە.. نییە**
**گەر لێرە ئاو هەبوایە ئەوەستاین ئەمانخواردەوە**

(گینگڵ دێری ١٤٧- ١٤٨)

ئەم وەرگرتنە بە ڕێکەوت نەکەوتووەتە ناو شیعرەکەوە، بەڵکو لەبەر بیـرۆکـە و ڕامـانی سـەرەکی شـیـعـرەکـەیە. ولیـامـسن ئاماژە بەوە دەکـات کـە گـەڕان بە دوای ئاوی ژیاندا بیـرۆکـەی سـەرەکی وێرانە خـاکـە بەشـێـوەیەک کـە بریتییە لە ئاماژەکردن بە سیمبۆلیزمی ژیان لای پێشینان کە لەسەر ئەو باوەڕە بنیاد نراوە کە هەموو ژیان لە ئاوەوە سەرچاوەی گرتووە.(١٤) قسەکەر لە (گینگڵ)دا بەدوای شتێکدا دەگەڕێ کە دەتوانرێت ئەو شتە لەنێو دێرەکانی شیـعـرەکەدا بدۆزرێتەوە. ئاو لە (گـینگڵ)دا گرنگیـیەکی بەرچاوی پێدراوە. بیرۆکەی ئاوی پیرۆز ڕەگی قـووڵی لە کولـتـووری کـوردیـشـدا هەیە، هەر لە بیروباوەڕی خـەڵـکی سـادەوە کـە (خـدری زیندە) هەیە و دوای خـواردنەوەی ئاوی ژیان نەمـر بووە، هەروەها لە باوەڕ و ئاییـنی کـۆنی کوردیدا کەشی تایبەت بە ئاوی پیرۆز هەیە. «ئاوی ژیان لە زۆربەی ئەفسانە کوردییەکاندا هۆی نەمرییە، هەروەها بۆ نموونە لەنیـو بیروباوەڕی کوردی ئێزیدیدا «ئاڤا کانیا سـپـی» تەنیـا ئاوی پاک و ڕوونە و سـەرچاوەی ژیـانە» (١٥) بۆیە بۆ پەرســتـگای ئـاییـنیـــان کـــردوویانەتە شوێنێکی پیرۆز.

هەروەها لە ئاییـنی کاکەییەکاندا کەشێکی تایبەت بە ئاوی پیـرۆز «تەشار» هەیە و کانیـاوێکە پاکی و نەمری دەبەخشێتە مرۆڤ. (١٦)

کـەواتە بە سـیـمـبـۆل کـردنی ئاو لەلایەن (شـێـرکـۆ بێکەس)ەوە لەم شیعرەیدا ڕەگی قـووڵی هەیە و پێوەندی بە پاشـینەی کـولـتـووری خـۆیەوە هەیە و هەمـیـشــە لە هۆنراوەکانیـدا هەوڵی داوە سـوود لە سیـمبۆلە ئاییـنییـەکان وەربگرێت، بەشـێـوەیەک کـە ئاسـۆیەکی نوێیـان پێ دەبەخشێت، کە لەگەڵ کێشەکانی هاوچەرخدا بگونجێن. (١٧) ئەم وشـەیە (ئاو) ئامـادەبوونێکی چڕوپڕی هەیە و لەگـەلێک شـوێندا لە شـیـعـرەکـەدا ئامـاژە بەم وشـەیە و بەسـەرچاوەکـانی دەکـرێت وەک باران، کـانیـاو، کـارێز،



**ئیلیەت**

ڕووبار، دەریا، هەور.... تاد، کەواتە وەرگرتنی ئەو دێرە شیعرانەی وێرانەخاکی تی. ئێس. ئیلیەت بەرێکەوت نییە، بەڵکو پێوەندی بە ڕۆنانی شیعرەکەوە هەیە لە ڕووی ثیمە و بیرۆکەوە. ئاو سیمبۆلی ئەو شتەیە کە قسەکەر لە (گینگڵ)دا بەدوایدا دەگەڕێت. ئەمەش بێ گومان ڕاستە کاتێک سەیری دێرەکانی دەستپێکی شیعرەکە دەکەین کە لە کۆتاییشدا بەهەمان شێوە دووبارە بووەتەوە:

**بۆت ئەگەڕێم و نیوەشەو لەناو بێژینگی گومانی**
**ساتەکانیا سوورم ئەدا**
**بیرەکانم ئەمبێژنەوە**
**سوورم ئەدا لە چۆڵێکا کە ئاو... خەونی ئاسمانێکە نەزۆک**

(کینگڵ دێری ۱-۳)

ئەمەشیان بەتەنیا لەگەڵ ثیمەی شیعرەکەدا یەک نییە، بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا یەکە کە ئەو کەسەی بەدوای ئاودا دەگەڕێت لە (وێرانەخاک)دا هەستی پێ دەکات.

موودی(۱۸) دەڵێت ئەو کەسەی بەدوای ئاودا دەگەڕێت، لە (وێرانەخاک)دا، تەنیا خەونی بە ئامادەبوونێکی ترەوە بینیوە کە ڕەنگە وەهمێکی پووچ بێت.

ئەمەشیان ئاشکرا هاوتایە لەگەڵ «لەچۆڵێکا کە ئاو خەونی ئاسمانێکە نەزۆک»ی (گینگڵ)دا.

بۆیە گەڕان بەدوای ئاو چەقە ڕامانە لە (گینگڵ)دا و لە چۆڵێکیدا ئاو دەبێتە سیمبۆلی مانەوە.

**نهێنییەکان بیابانن.. مێشکم لێی تینوویانە**
**لەم چۆڵەدا کاروانی پرسیار ڕێچکەیان**
**ڕووەو کارێزە و نایگەنێ.**

(گینگڵ دێری ۳۱- ۳۳)

بەم شێوەیە ئەم ئاخافتن وەرگرتنە و گەڕان بەدوای ئاودا لە شیعرەکەی (شێرکۆ بێکەس)دا ڕەنگ دانەوەیەکی ڕاستەوخۆی وێرانەخاکە کە بە ئاشکرا لە پێکهاتەی ڕامانی سەرەکیدا بەدەرکەوتووە. ثیمە (ڕامانی سەرەکی) (وێرانە خاک) لە (گینگڵ)دا بەدی دەکرێت کاتێ کە شیعرەکە بە سەرتاپایی دەخوێنینەوە.

**بۆت ئەگەڕێم و ئەم شەوە لە وێرانەی زەمانێکا ڕەنگی گومان**
**بە چوار دەوری ئاییینزاکانا ئەڕێژێ**

(گینگڵ دێری ۱٤۳- ۱٤٤)

ئوونگەر (۱۹) ئاماژە بەوە دەکات کە وێرانە خاک وێنای تەنیایی تاکەکان دەکات لەگەڵ نامۆبوون لە خەڵکانی تر، هەروەها لە جیهان، ئەگەر سەرنجی ئەم وتەیەی ئوونگەر بدەین بە ئاسانی ئەوە دەدۆزینەوە کە بەسەر (گینگڵ)دا پراکتیزە دەبێت:

**لەشم لەسەرم ون ئەبوو**
**سەرم کتێبێکی کۆنە لەناو تاقی مێژوویەکا دانراوە**

(گینگڵ دێری ۸-۹)

**نهێنییەکان شەنن لێکدانەوەم لە وەرزێکا بەبا ئەدەن**
**کە هێشتا گوڵەگەنم نازانێ بۆچی ئەڕوێ**
**وا ئەتبینم قاسەیەکی و کلیلەکەت نات کاتەوە**

(گینگڵ دێری ۲۵- ۲٦)

خاڵێکی تر کە پێوەندیدار بێت بە ڕامانی سەرەکییەوە لە (وێرانەخاک)دا و لە قەسیدەی گینگڵدا ڕەنگی دابێتەوە ئەویش پێوەندی کۆمەڵایەتییە.

پێوەندی کۆمەڵایەتی لە وێرانە خاکدا بووەتە دژوارترین نەخۆشی مرۆڤایەتی (۲۰)، هەروەها ژیان لە (وێرانە خاک)دا(۲۱) بووەتە تێکشکانی تەواوی بنەماو هەڵوێستەکان.

بەسەرنجێکی خێرا لە گینگڵ ئەو دارمانە کۆمەڵایەتی و تاکەکەسییە دەر دەکەوێت، هەروەها دارمانێکی

ڕاستەقینەی بنەماو هەڵوێستەکان لە هۆنراوەکەدا وێنا کراوە:

**هاوڕێکەم سەرۆک هۆزێکی شاری بوو**
**هەموو ڕۆژێ لە گوزاری بانکەکانا**
**بە کڵاو دیناری ئەگرت**
**«هەیە کاڵاو پێتاوی بۆ لەپێ ئەکاو ناشی گرێ»**
**هاوڕێکەم هەموو شەوێ کاژێکی تازەی دەرئەداو**
**پێستێکی کەی لەبەر ئەکرد**
**بۆ بەیانیش لەوانەکانی (مارکسا)**
**بەرماڵەکەی (محەمەد)ی ئەکردە کۆڵ**
**جاڕی ئەدا**
**کە (یەهوودا) بێ گوناهە و**
**(مەسیحیش) سەر سەری خۆی نەبوو**
(گینگل دێری ٦٣- ٧٣)

ئەمەیان بەڕاستی تێکشکانی بنەماو هەڵوێستەکانە سەرباری بێ باوەڕیش. ئەم ڕامانی ڕاستەقینەی وێرانە خاکە لێرە لەم شیعرەدا ڕەنگی داوەتەوە.

دووڕوویی و نەمانی ئایینەکە ئەم ڕامانەش بڕبڕەی پێکهاتەی وێرانەخاکە. لێرە شاعیر هەوڵی داوە کە زمانی تایبەتی خەڵکی ئاسایی بەکار بهێنێت لە وەسف کردنی دووڕوویی کۆمەڵایەتی و ئایینی کە دەنووسێت:

**هاوڕێکەم هەموو شەوێ کاژێکی تازەی دەرئەداو**
**پێستێکی کەی لەبەر ئەکرد**
**بۆ بەیانیش لەوانەکانی (مارکسا)**
**بەرماڵەکەی (محەمەد)ی ئەکردە کۆڵ**
**جاڕی ئەدا**
**کە (یەهوودا) بێ گوناهـ و**
**(مەسیحیش) سەر سەری خۆی نەبوو.**

ئەوەش ڕێک ڕەنگدانەوەی وێرانە خاکە کە بەها ڕاستەقینەکانی خەڵک لەژێر زەبری بێ باوەڕی و دوو ڕوویدا تێک دەشکێن. (٢٢)

بێجگە لەمەش وێرانە خاک بە پانۆرامایەکی گەورەی نشوستی و فەوزای مێژووی هاوچەرخ دادەنرێت (٢٣) ئیلیەت وێنای بێ مانایی و هیچوپووچی ژیانی هاوچەرخ دەکات(٢٤). بەهەمان شێوە (شێرکۆ بێکەس) لە (گینگڵ)دا وێنای فەوزای ژیان و مێژووی هاوچەرخ دەکات و سەرلێشێواوی و تەنیایی تاکەکان لەنێو ئەو فەوزایەدا نیشان دەدات. (شێرکۆ بێکەس) لەم چامەیەدا بەدوای ئەو نیگەرانییەدا دەگەڕێت کە لەم ڕۆژگارەدا بووەتە بیرۆکەیەک و بە نوێخوازییەوە لکاوە، ئەم ڕامانەش لە حەفتاکان و هەشتاکاندا لە شیعری کوردیدا بڵاو بوو. (٢٥) ئەو بیرۆکەیە بریتی بوو لە نیگەرانی و تەنیایی و سەرلێشێواوی لەنێو حەشاماتدا ئەم نیگەرانییەش پاڵی بە شاعیرەوە ناوە بۆ گومانێکی گەورە.

ئەوەش بە تەواوەتی لەم دێرانەی خوارەوەدا ڕەنگی داوەتەوە:

**جێم ئەهێڵی: قاچەکانم ئەمگێڕنەوە**
**جێم ئەهێڵی و خێڵی ترسی جێنیشتە**
**لەناو قوڕگی نەهەنگا**
**ئەمدۆزنەوە و دەستەکانم ئەمڕننەوە**
**ئەمدۆزنەوە و بەستوونی یەک بەیەکی دەروازەکانی تاوان ئەمبەستنەوە**
**«لەشم لەسەرم ون ئەبێ»**
**سەرم کتێبێکی کۆنە لەناو تاقی مێژوویەکا دانراوە**
**تۆوی شپرزەیی ئەیخوا.. سەرلەسەر هەڵچنراوە**
**لەشم خوانێکە لەژووری نەوسەکانا ڕاخراوە.**

هەروەها خۆشەویستی ڕامانێکی سەرەکی ترە کە لە یەکچوونی (گینگڵ) و (وێرانەخاک) نیشان دەدات.

لە (وێرانە خاک)دا نەوەک بەتەنیا تەنگژەکان بە گوێرەی دابونەریت وەسف کراون، بەڵکو خۆشەویستیش، سەختی و برەوپێدانی سۆزداری و خۆشەویستی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا شتێکی جیا نییە لە سەرتاپای جودا بوونەوەی مرۆڤ لە کولتوور و نەریتەکان. (٢٦) ئەم بیرۆکەیەی وێرانە خاک لەسەر تاپای قەسیدەی (گینگڵ)دا گوزەر دەکات، هاوشان لەگەڵ گەڕانی قسەکەر و خۆشەویستی لە تەنگژەکانی تر جیا نەبووەتەوە.


**بۆت ئەگەڕێم ئەی کیشوەری چاوەڕوانی خۆشەویستیم**
(گینگڵ دێری ٤٧)

ئەمەشیان دەخرێتە پاڵ لەیەکچوونەکانی تری گینگڵ و وێرانەخاک.

بەکورتی، (شێرکۆ بێکەس) کە وەک پێشەنگێک لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا ناسراوە، لە شیعری (گینگڵ)دا کەوتووەتە ژێر کاریگەری ڕامانە سەرەکییەکانی (وێرانەخاک)ەوە. ڕامانی سەرەکی وێرانەخاک لەسەر سێ ستوون بنیاد نراوە (نامۆیی، تەنیایی، تاراوگە)، بەهەمان شێوەش گینگڵ لەسەر هەمان ئەو سێ ستوونانە بنیاد نراوە. ئەوەش تاکە

لەیەکچوونێک نییە لە نێوانیاندا، بەڵکو سەرتاپای شیعرەکە بەرەنگدانەوەی ڕامانە سەرەکییەکانی (وێرانەخاک) دادەنرێت، بەشێوەیەک کە ناتوانین جگە لەم پێشنیارە هیچ پێشنیارێکی تر پێشکەش بکرێت.

ئەو دایاگرامەی خوارەوە پێکهاتەی (ثیمە) ڕامانی سەرەکی هەردوو شیعرەکە دیاری دەکات:




## کاریگەری تەکنیکەکانی وێرانە خاک

ئەگەر وێرانە خاکی ئیلیەت هاوشان لەگەڵ ئەو تێبینیانەدا بخوێنینەوە کە لەگەڵیدا چاپی کردوون، ئەوە ئەو هەستەمان لا دروست دەبێت کە کۆلاژێکە لە ئاخافتن وەرگرتن و تێلنیشانی (ئاماژەدان)ە بە چەندین دەقی تر. (٢٧) ئەم وەرگرتن و تێلنیشانییە لە (وێرانە خاک)دا ئەوەندە زۆرن کە بوونەتە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی و وایان لە شاعیر کردووە کە ژمارەیەک تێبینی بە شیعرەکەیەوە هاوپێچ بکات نەوەک بە وەرگرتنی ڕاستەوخۆ تاوانبار بکرێت.

ئیلیەت چەندین وەرگرتن و تێلنیشانی و لاسایی کردنەوەی ئاخنیوەتە وێرانەخاک کە بەلایەنی کەمەوە لە سی و پێنج نووسەری جیاجیا وەرگیراون. بەهەمان شێوە (شێرکۆ بێکەس) لە قەسیدەی (گینگڵ)دا چەندین ئاخافتن وەرگرتن و تێلنیشانی ئاخنیوەتە هۆنراوەکەی کە هی گەلێک نووسەر و بەرهەمی ئەدەبین. وەرگرتنەکان لەلایەن شاعیرەوە لە پەراوێزی هۆنراوەکەیدا ئاماژەیان پێکراوە کە یەکێکیان لە وێرانەخاک خۆیەوە وەرگیراوە.

ئەم ڕێگەیە لە بەکارهێنانی وەرگرتن و تێلنیشانی لە (گینگڵ)دا شتێکی نوێ بوو لە شیعری کوردیدا ئەوساکە ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کەوا (شێرکۆ بێکەس) لەمەدا قەرزداری وێرانەخاکە.

هەروەک لە سەرەتادا ئاماژەی پێکراوە شێرکۆ بێکەس ئەم دێرانەی لە وێرانەخاک وەرگرتووە.

**بەرد هەیە و ئاو نییە.. نییە**

**گەر لێرە ئاو هەبوایە ئەوەستاین ئەمانخواردەوە**

(گینگڵ دێری ١٤٧- ١٤٨)

هەروەها ئەمەی خوارەوەی لە شاعیری بەناوبانگی فەرەنسایی (سان جۆن پێرس) وەرگرتووە:

**من مەبەستم لەزەریایە و ئەوان ئەڵێن.. لێت تێناگەین**

(گینگڵ دێری ٢٢)

سەرەڕای ئەوەی لە (گینگڵ)دا چەندین دەستەواژە و دەربڕین هەن کە خراونەتە نێو کەوانەوە بەبێ ئاماژە پێدان کە ئەمەش سەر لە خوێنەر دەشێوێنێ و وای لێدەکات گومان بکات لەوەی کە ئایا ئەو دەربڕینانە وەرگیراون، یان شاعیر بۆ مەبەستی تر بەکاری هێناون. ئەگەر ئەوانە وەرگیراو نەبن، ئەوە باشتربوو لەنێو کەوانەدا دایان نەنێت، چونکە دانانی دەربڕین لەنێو کەوانەی وەرگرتن مانای وەرگرتن دەبەخشێت بۆ نموونە:

**نهێنییە یان بیابانن.. مێشکم لمی تینوویانە**

**لەم چۆڵەدا کاروانی پرسیار ڕێچکەیان**

**ڕووەو کارێزەو نایگەنێ**

(گینگڵ دێری ٣١- ٣٣)

هەروەها تێلنیشانی و ئاماژەکردن و بەکارە ئەدەبییەکان لە (گینگڵ)دا بەکارهاتووە هەروەکو ماکبێسی شەکسپیر.

بەهەمان شێوە ئاماژە بە کەسایەتی مێژوویی و ئایینی کراوە وەکو: مەسیح، محەمەد، مارکس.... تاد، هەروەها لە (گینگڵ)دا ئاماژە بە کەسایەتی ئەدەبی و دراماتیکییەکان کراوە وەکو ئۆدیب، دیزدەمۆنە، فەرهاد، مەم. سەرەڕای ئەمەش ئاماژە بە کەسایەتی هونەری وەک پیکاسۆ و کەسایەتییە ئەفسانەییەکانی وەکو گلگامێش و ئەنکیدۆ و پرۆتۆس کراوە.

کەواتە لە (گینگڵ)دا هەروەک وێرانەخاک ژمارەیەکی زۆر لە ئاخافتن وەرگرتن و تێلنیشانی هەیە کە شاعیر لە پەراوێزەکاندا ئاماژەی بە وەرگرتنەکان کردووەو تێلنیشانییەکانیش بەبێ هیچ ڕوونکردنەوەیەک بەجێ هێڵراون.

ئەمە وا لە خوێنەر دەکات کە بەشێوەیەک بیربکاتەوە هەروەک جەیمس لونگباچ(٢٨) لە ئیلیەت دەڕوانێ لەم شێوە بەکارهێنانە کە دەڵێت «ئیلیەت واپێدەچێ زێدەگۆیی شانازی بەخۆکردن بکات بۆ ئەوەی خوێنەرەکانی نیگەران بکات»، ئەم سەرنجەش لەلایەن شێرکۆ بێکەس خۆیەوە (٢٩) ئاماژەی پێکراوە کە دەڵێت: (خوێندنەوەی ئیلیەت پێویستی بە پاشینەیەکی قووڵی مەعریفی و ئەفسانەیی هەیە، بۆ ئەوەی بتوانی لە

شیعرەکانی بگەیت). بە گوێرەی ئەم بیرۆکەیە شێرکۆ بێکەس بەهەمان شێوە هەوڵی داوە بە خوێنەر بڵێت کە پێویستی بەوەیە پاشینەیەکی فیکری هەبێت بۆ ئەوەی لە گینگڵ تێ بگات. (شێرکۆ بێکەس) خۆی باس لەوە دەکات کە بەشێوەیەکی سەرەکی لە وێرانە خاک و سوود وەرگرتن لە سەرچاوە ئەفسانەیی و کولتووری و فیکرییەکانی وەرگرتووە و ئەمەش یەکێکە لە کاریگەرییەکانی ئیلیەت لەسەر شیعرەکانی ئەو. (٣٠)

لە (گینگڵ)دا شێرکۆ بێکەس ئەو بیرۆکەیە جێبەجێ دەکات و چەند بابەتێک لە ئەفسانە وەردەگرێت و لە شیعرەکەیدا بەکاریان دەهێنێ:

**وا لەم شەوەدا (گلگامێش) دێتە سەر باڵی سیمرخی دەستەکانم**

**جارێکی تر ئەفڕێتەوە و ئەم کەڕەتە گومان ئەکات لە (ئەنکیدۆ)**

(گینگڵ دێری ٤٩- ٥٠)

هەروەها شێرکۆ بۆ کولتووری جیهانیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە شیعرەکەیدا سوودیان لێوەربگرێت:

**چۆن ئەهێڵی مێژوو لەژێر دەمامکی (ماکبێسا)**
**وەک مەم بدوێ**
**چۆن ئەهێڵی گیای هەناسەی «دەیدەمونە»**
**لە زەلکاوی سیەکانی پیرێژنی فەرهاد کوژەی**
**ڕقا بڕوێ... چۆن ئەهێڵی**

(گینگڵ دێری ٨١- ٨٤)

ئەم تەرزە پەیڕەوکردنەی ئەفسانە و کولتووری مرۆڤایەتی سەرەتایەکە بۆ ڕەنگدانەوەی وێرانەخاک لە شیعرەکانی (شێرکۆ بێکەس)دا. دواتر ئەمە بووەتە شتێکی سەرەکی لە هۆنراوەی (دوو سروودی کێوی) کە هەروەکو خۆی دەڵێت لە پێکهاتەی شیعری ئەودا ئەو بیرۆکەیەی لە وێرانەخاک بەدەست هێناوە و کاریگەرییەکی ئیلیەتە بەسەر شیعرەکەیەوە. (٣١)

ڕوخسارێکی تری هونەری شیعر کە هۆنراوەی گینگڵ هەوڵی داوە لە وێرانەخاکدا بەدەستی بهێنێت دراماتیزەکردنی شیعرە بە بەکارهێنانی دیالۆگ و وازهێنان لە تاک دەنگی شیعری کوردی پێشوو.

شێرکۆ بێکەس خۆی باس لەوە دەکات کە لە دراماتیکی شیعری ئیلیەتەوە فێری فرەدەنگی بووە(٣٢)، ئەمەش خاڵێکی ترە کە شیعرەکەی ئەم بەتایبەتی و شیعری کوردی هاوچەرخ بەگشتی قەرزاری تی. ئێس. ئیلیەت و وێرانە خاکەکەین.

لە (گینگڵ)دا لە هەموو شوێنێک دیالۆگ هەیە، دەنگی قسەکەر لە گفتوگۆدایە لەگەڵ ئەوی تر، هەروەها چەندین دەنگی تر لە شیعرەکەدا بەدی دەکەین.

دیالۆگەکان لە (گینگڵ)دا بەم شێوەیە دەبینرێن:

**یەکەم**: شاعیر لەگەڵ یەکێکی دیکەدا دەدوێ (یەک کەس)

**بۆت ئەگەڕێم و شێوەی تۆم نەبینیوە**

(گینگڵ دێری ٢٠)

**دووەم**: شاعیر لەگەڵ کۆمەڵێک خەڵکدا دەدوێ:

**دە ڕایژەنن ئەو ئازارانە ڕاژەنن کە هەوێنی**
**گینگڵدانی شاعیرێکن نهێنییەکان ئەیپشکێن**

(گینگڵ دێری ٢٣- ٢٤)

**دەمامکەکان هەڵبەنەوە**

(گینگڵ دێری ٨٦)

**سێیەم**: ئەوی تر لەگەڵ شاعیر گفتوگۆ دەکات:

**- تۆ کێی.. تۆ کێی؟**
**- هەتوانێکم بەبێ ئاسۆ**
**- دەرکراوی؟**

(گینگڵ دێری ١٣٢- ١٣٤)

**چوارەم**: مۆنۆلۆژ:

**ئەی کێ ئەڵێ.. ئەی کێ ناڵێ.. ئەی کێ ئەڵێ!!**

«گینگڵ دێری ٢٠٥)

**- کێ ئەڵێ (ئۆدیب) ڕەوانەی دۆزەخ کراو پەشیمانە!**

(گینگڵ دێری ٥٥)

## ڕەنگدانەوەی وێنەی شیعری

د. عەزیز گەردی(٣٣) ئاماژە بەوە دەکات کە زۆر لە وێنە شیعرییەکانی وێرانەخاک کاریان لە شاعیرانی کورد کردووە، لە نێوانیاندا شێرکۆ بێکەس. لە قەسیدەی (گینگڵ)دا چەند وێنەیەکی شیعری وێرانە خاک ڕەنگی داوەتەوە بۆ نموونە:

**ئەی نابینی کە شاخ بەدوای بەفری لێدزراوی وێڵە**

(گینگڵ دێری ١٠٥)

**ئەی نابینی برووسکەکان لەناو چاوی هەورەکانا**
**تەرمی باران بەشانی خۆر ئەگوێزنەوە**

(گینگڵ دێری ١٠٩- ١١٠)

ئەو دوو وێنەیە ڕەنگدانەوەی ئەم وێنە شیعرییەی وێرانە خاکن:

**لێرە لەم چیایانە تەنانەت بێدەنگیش بوونی نییە**
**بەڵکو تەنیا هەورە برووسکەی وشکی بێ باران**

هەیە(٣٤)
هەروەها ئەم دێرە شیعرییەی خوارەوە دەکرێت بە دەنگدانەوەی «کۆمەڵێک وێنەی تێکشکاو» لە وێرانەخاک دابنرێت کە شێوەیەکی نوێی پێ بەخشراوە
**(تاوێنەکان تیشکدانەوە خوار ئەکەن)**
(گینگڵ دێری ١٥٧)
زیاد لەوەش وشەی (وێرانەخاک) لە شیعرەکەدا زۆر بەچڕی دووبارە بووەتەوە، ئەوەشیان هەمدیسان ئاماژەیەکە بۆ کاریگەری وێرانەخاک لەسەر گینگڵ، هەروەها زاراوەو دەستەواژەکانی گینگڵ هەر لەو زاراوانە دەچن کە لە وێرانەخاکدا بەکارهاتوون. بەتایبەتی زاراوە سەرەکییەکان وەکو دەریا، ئاو، برووسکە، چیا، وێرانە خاک، چۆڵ، هەور.. تاد.
ئەمانە هەموو ئەوە نیشان دەدەن کە (شێرکۆ بێکەس) ئیلهامی شیعرەکەی لە وێرانەخاکەوە وەرگرتووە.
لە کۆتاییدا، شیعرەکەی شێرکۆ بێکەس بە دەستەواژەی «بۆت ئەگەڕێم» کۆتایی دێت کە سێ جار دووبارە بووەتەوە بۆ بەخشینی بەردەوامی بە هۆنراوەکەی. ئەمەش هەمان هەستمان لا دروست دەکات کە وشەی (ئاشتی) لە کۆتایی وێرانەخاکدا هاتووەو سێ جار دووبارە کراوەتەوە.

## کاریگەری

کاریگەری نووسەرێک بەسەر نووسەرێکی ترەوە ماوەیەکی دوور و درێژە جێگەیەکی سەرەکی لە توێژینەوە ئەدەبییەکاندا داگیر کردووە.(٣٥) بۆ تیشک خستنەسەر وشەی کاریگەری پێناسەیەک لە فەرهەنگی ئۆکسفۆرد پێشکەش دەکەین کە دەڵێت: (بریتییە لەو کاریگەرییەی کە یەکێک، یان شتێک هەیەتی، شێوەی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوت، یان چۆنیەتی ئیش کردنی شتێک، یان پێشڤەچوونی).
بەگوێرەی ئینسایکلۆپیدیای ئینکارتا زاراوەی کاریگەری، واتا کاریگەری شتێک لەسەر کەسێک شتێک، یان ڕووداوێک.
سەرچاوەکانی کاریگەری ئەدەبیش ئەوەیە کە کتێبێک، نووسینێک، یان ئەدەبی نەوەیەک کاریگەری لەسەر نووسەری ئەدەبی تر دەبێت.(٣٦) کاریگەری دەمودەست دەبێت. کاتێک کە ئارەزووی نوێخوازی هەبێت چونکە مەنگ بوونی ئەدەبی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بەهۆی خۆ دووبارەکردنەوەوە بەهەمان ماناو شێواز دەبێتە هۆی بێزاربوونی خوێنەر و وا دەکات کە بەدوای سەرچاوەی تردا بگەڕێت بۆ ئەوەی بیان گۆڕێت. بەشێوەیەکی گشتی بە هۆکاری بابەتی و هونەری دروست دەبێ، کە لەگەڵ بارودۆخی بابەتییانەدا ڕێک بێت. ئەوەش ئەو هۆکارەیە کە گوڕوتین دەبەخشێتە ئەدەبی نەتەوەیی و لەلایەن گەلێ لە بەراوردکارانەوە لەنێوانیاندا (د. عەزیز گەردی)، لە ئەدەبی کوردیدا، بەکاریگەری پۆزەتیڤانە ناو نراوە.
بەپێی ئەو بابەتانەی لەم توێژینەوەیەدا باس کران (شێرکۆ بێکەس) کاریگەربووە بە وێرانەخاکی تی. ئێس. ئیلیەت و بە سرووش وەرگرتن لەم هۆنراوەیە چەند ڕامانی سەرەکی و تەکنیکی نوێی هێناوەتە ناو شیعری کوردی وەکو کۆلاژ، فرەدەنگی، نامۆبوون، تەنیایی. بەرلەوە شیعری کوردی دووچاری مەنگی هاتبوو، ئەم تەکنیک و ڕامانە سەرەکییانەی تێدا نەبوو.

## ئەنجام

لەبەر ڕۆشنایی ئەو توێژینەوەیەدا دەردەکەوێت کە (شێرکۆ بێکەس) لە هۆنراوەی (گینگڵ)دا لەژێر کاریگەری هۆنراوەی (وێرانەخاک)ی (تی. ئێس ئیلیەت)دایە. شیعرەکە لە ڕووی ڕامانی سەرەکییەوە ڕەنگدانەوەی ثیمەکانی وێرانەخاکە، هەروەها سوودی لە تەکنیکەکانی وەرگرتووە بۆ دەستەبەرکردنی سەرچاوەو وەرگرتن و تێلنیشانی، کە ئەمەشیان هەمدیسان ڕەنگدانەوەی ڕێبازی وێرانە خاکە لە دەستەبەرکردنی ئەم جۆرە وەرگرتنانە لە بنیادنانی هۆنراوەکەدا، ئەم ڕامانە سەرەکی و تەکنیکانە بۆ شیعری کوردی نوێ بوون، ئەمەشیان خاڵێکی گرنگ لە مۆدێرنیزەکردنی شیعری کوردیدا دەست نیشان دەکات لە دەستەبەرکردنی شاکارەکانی ئەدەبی جیهانی لە چەشنی وێرانەخاک.
ئەمەشیان بە گوێرەی ئەدەبی بەراوردکاری کاریگەرییەکی پۆزەتیڤانەیە کە بنیادنەر و ئامادەبوونێکی داهێنەرانەیە.


**سەرچاوەکان:**
١- د. پەخشان سابیر حەمەد، ڕەمز لە شیعری هاوچەرخی کوردستانی خوارووی عیراق، نامەی دکتورا، زانکۆی سەلاحەدین، کولێژی ئاداب، ٢٠٠٢ ل٨٦.
٢- Reingard and Mirza (1998) "A Journey Through Poetic Kurdistan", The Secret Diary of A Rose, Sherko Bekas, Tronsleted

by Reingard and Mirza, Suleimani: Khak Press and and Adretisement Center.

٣- د. پەخشان سابیر حەمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٨٦.

٤- Reingard and Mirza, “A Journey Through Poetic Kurdistan” P.8

٥- شێرکۆ بێکەس، لە گوڵەوە هەتا سووتوو، سلێمانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ل٢٢٢.

٦- شێرکۆ بێکەس، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٢١٦.

٧- شێرکۆ بێکەس، لە وەڵامی پرسیارێکی توێژەر لە ١/٤/٢٠٠٧.

٨- شێرکۆ بێکەس، هەمان سەرچاوە لە ١/٤/٢٠٠٧.

٩- شێرکۆ بێکەس، هەمان سەرچاوە.

١٠- شێرکۆ بێکەس، هەمان سەرچاوە.

١١- فؤاد عبدالرحمن عمر، التحولات ووحدة الغاية عند الشعراء شيركو بيكەس، أدونيس، سان جون بيرس، شمس كوردستان، عدد ٦٠، بغداد ص ١٧

١٢-. فؤاد عبدالرحمن عمر، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٨

١٣- شێرکۆ بێکەس، هەمان سەرچاوەی پێشوو لە ١/٤/٢٠٠٧

١٤- Williamson, George (1965). Readers Guide to T.S. Eliot, 3rd Printing, N.Y: Noonday Press. P. 152

١٥- مەولوود ئیبراهیم حەسەن، گەڕان بەدوای نەمری لە ئەفسانەی کوردی و فارسیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، ٢٠٠٠ ل ٢٠٥، ٥٠

١٦- محەمەد ئەمین هەورامانی، کاکەیی، بەغدا، چاپخانەی الحوادث، ١٩٨٤ ل٢٥٦.

١٧- د. کەمال مەعرووف، ڕەمز لە شیعرەکانی (شێرکۆ بێکەس)دا، ڕامان، ژمارە ١٠٢، هەولێر، ل٨٨.

١٨- Moody, A.D (1979), Thomas Stearns Eliot: Polt, Cambridge: Cambridge University Press. P. 136.

١٩- Unger, Leonard (1967). T.S. Eliot: Moments and Pattern, Minesota: University of Minne sota Press .P.13.

٢٠- Shwartz, Delmore (1968) “T.S.Eliot As The International Hero”, A Collection of Critical Essays on The Waste Land, New Jersey: Printice- Hall. P. 100.

٢١- Pearce, T.s (1967) Literature in Perspective, London: Evars Brothers. P 22

٢٢- Abdul- Zahra, Abdul Sattar Abdul Latif, (1984), The Waste Land Theme in T.S. Eliots Major Dramatic Works, Unpublished MA Thesis, Baghdad University, College of Arts. P.5.

٢٣- Matthiessen, F.O (1959), The Achievement of T.S. Eliot: An Essay on The Matare Poetry, 3rd Edition, N.y: oxford university Press. P43

٢٤- Korg, Jacob (1986) “Modern Art Techniques in The Waste Land” Printice-Hall, Englewood Cliffs: P.qs.

٢٥- فؤاد عبدالرحمن عمر، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧

٢٦- Abdul- Zahra, Abdlsattar Abdul Latif, Ibd, P: 7

٢٧- Montgomery, Martin and others (2000) Ways of Reading, 2nd Edition, G.B, Cornwall: P. 194.

٢٨- Longebach, James (1977) “ Mature Poets Steal” Eliot’s Allusive Practice”, The Cambridge Campanion to T. S. Eliot, Edit; David Moody, Cambridge University Press: P. 178.

٢٩- شێرکۆ بێکەس، لە ١/٤/٢٠٠٧.

٣٠- شێرکۆ بێکەس، هەمان سەرچاوە

٣١- شێرکۆ بێکەس، هەمان سەرچاوە

٣٢- شێرکۆ بێکەس، هەمان سەرچاوە

٣٣- عەزیز گەردی، ئەدەبی بەراوردکاری، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨ ل٣٩.

٣٤- ئیلیەت، وێرانەخاک، وەرگێڕانی عەتا قەرەداغی، سەردەم، ژمارە ٧، ٢٠٠٠.

٣٥- عبدالمجيد طرشونه، الأدب المقارن وتطبيقها على ألف ليلة و ليلة. بغداد، دار الشؤون الثقافية العامة، ص ٥٥- ٥٧.

٣٦- شێرکۆ بێکەس، من تێنوێتیم بەگڕ ئەشکێ، چاپخانەی دار الحوادث، بەغدا، ١٩٧٣.

٣٧- Eliot, T.S, The Complete Poems and Plays of T.S. Eliot, 3rd Edition, London, Book Club Associate. 1979.

*** تێبینی:**

**ئەمە بەشی یەکەمە لە نامەی ماستەرەکەم. لە بنەڕەتدا بە زمانی ئینگلیزی نووسراوە و پێشکێش بە بەشی زمانی ئینگلیزی لە زانکۆی سەلاحەدین کراوە. بەو نیازەم دوو بەشەکەی تریش بکەم بە کوردی و لەم گۆڤارەدا بڵاویان بکەمەوە.**

# ستایشکارانی دایک

عادڵ محەمەدپوور
(مەریوان)

- هەڵسەنگاندنێکی شێوازناسانەی بابەتی فیکری- ئەدەبی- زوانی نێوان دوو دەقی لیریکی «قانیع و ئیرەج میرزا» بەناو «دڵی دایک».

## ئیرەج میرزا: (١٣٤٤-١٢٩١ک.م)

کوڕی غوڵام حوسێن میرزا سەدرولشوعەرا، شاعیری ناودار و بەدەسەڵاتی سەردەمی بزاڤی مەشرووتەی ئێرانی لە ساڵی (١٢٩١)ی کۆچی مانگی لە شاری تەورێز خونچەی تەمەنی دەپشکوێ. باوک و باوەگەورەی هەردوو خاوەن چێژی شیعری دەبن؛ ئیرەجیش هەر ئەم دیاردە لەوانەوە بە زگماک وەردەگرێ. هەر لە منداڵییەوە لەو شارە زوانی فارسی، عەرەبی و فرەنسی فێر دەبێ. لەتافی شازدە ساڵیدا دەبێتە خاوەن هاوسەر و خێزان؛ لە هەمان تافی لاوێتیدا چێژی هونەری دەرسکێ و دەست دەکا بە شیعر وتنەوە و لەلایەن ئەمیر نیزام کە خۆی ئەدیب، بیرمەند و شیعرناس دەبێ؛ خەڵات و ستایش دەکرێ. ئیرەج لە نۆزدە ساڵیدا دەبێ بە شاعیری دەرباری موزەفەرەدین شا؛ چەند جار بۆ سەفەری ڕەسمی ڕەوانەی ئەورووپا دەکرێ و ماوەیەک لە گومرکی کرماشان دەکرێ بە وەرگێڕی ڕاوێژکارە بەلژیکییەکان و پاشان بۆ ماوەیەک دەبێ بە بەرپرسی سندووقی پۆست و گومرک لە (سنە) ناوەندی پارێزگای کوردستان و.. تا کۆتایی ژیانی، چەندین ئەرکی ئیداری- سیاسی- کارگوزاری پێدەسپێردرێ. تاکو لە ڕۆژی ٢٨ی شەعبانی ساڵی١٣٤٤ (ک.م) بەهۆی وەستانی دڵ لەم دنیا ماڵاوایی دەکا. دەڵێن سەرەتا لەم شاعیرە نزیکەی چوار هەزار بەیت شیعر کە زۆربەیان شیعری گلێرگە و تارۆز و گاڵتەجاڕی و... کە بە زمانێکی ساکار و گوتاری نووسراون؛ بەجێماوە و لەدیوانێکدا چاپ کراوە و خەسرەو میرزای کوڕی پێشەکی بۆ نووسیوە. لەم دواییەدا دیوانەکەی بە هەوڵی د. محەمەد جەعفەر مەحجوب لە ساڵی ١٣٤٢ی کۆچی هەتاوی سەرجەم شیعرەکانی لەگەڵ ژیاننامەی بڵاوکراوەتەوە و چوار جار لەچاپ دراوە. یەکێک لەو شیعرە باشانە، شیعری «دڵی دایک»ە و قانیعیش ناوەرۆکی ئەم تیکستەی وەرگێڕاوەتەوە سەر زوانی کوردی سۆرانی و لەم وتارەدا دەخرێتە بەر تیشکی بەراوردکاری زوانی- ئەدەبی و لەسەر ئەم دوو دەقە باس دەکەین.

**قانیع: (١٨٩٨-١٩٦٥ز)**

سەرەتای وەرزی تاڵی ئەم شاعیرە لە کۆتایی ساڵەکانی سەدەی نۆزدەیەمەوە، واتە لە ساڵی ١٨٩٨ی زایینییەوە دەست پێدەکات. دوای ئەوەی دەرەبەگەکانی ناوچەی مەریوان ئەم شاعیرەیان ئاوارە کردووە و ملک و ماڵی داگیرکراوە، بە دەم ئەم لێقەوماوییەوە وەکو منداڵی دەربەدەرێک لە ڕۆژی (١٥)ی ئەیلوولی هەمان ساڵ لە ئاوایی ڕیشێن لە بناری شارەزوور لەدوای چواردە خوشک چاوی بەدنیا هەڵهێناوە. بەو حاڵەشەوە کڵۆڵی دەستی لە یەخەی نەکردەوە؛ لە تەمەنی (٤٠) ڕۆژیدا باوکی کۆچی دوایی دەکات و تازە پێ‌ڕەوکە دەبێ دایکیشی دەمرێ، مامەکانی نازی دەکێشن.. تا ماوەیەک بەهۆی خزمێکی دووریانەوە کە خەڵکی (چۆڕ، ئاواییەکە لە مەریوان) دەبێ، پێ دەنێتە زەمینەی ژیانێکی ترەوە. ناوبراو دەیباتە لای خۆی و لە حوجرە دەینێتە بەرخوێندن.. هەر لەو تافەدا دەس دەکا بە شیعر وتنەوە، شیعر لەو کاتەدا شەوچەرەی کۆڕی شەوانە و کەرەسەی ڕۆشنبیرکردنی جەماوەر دەبێ، بۆیە ئەمیش یەکێک دەبێ لە سەوداسەرەکانی بازاڕی شیعر.. چمکی ئاگری یەکەمین شەڕی جیهانی لەم کاتانەدا دەگاتە ناوچەی مەریوان و قانیع ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەم شەڕەدا بەشداری دەکات و کاردانەوەی دەبێ لەسەر بیر و هزری ئەم شاعیرە... لە سەرەتای چلەکانەوە، بەتایبەتی لە ڕۆژگاری دووەمین شەڕی جیهانیدا، ڕێبازی سۆشیالیستی وەکو دیاردەیەکی سیاسی زیندوو لەناو شیعرەکانیدا دەرکەوت و سەری هەڵدا... هاتنە پێشەوەی بازاڕی دووەمین شەڕی جیهانی ناوەڕۆکێکی نوێی خستە ناو شیعرەکانی.. بەلایەوە وابوو دوای کۆتایی شەڕ مەسەلەی نەتەوە ژێردەستەکان بەتایبەت گەلی کورد بەلایەکدا دەخرێ... لەسەرەتای پەنجاکاندا دەستی کرد بە چاپکردنی هەندێک لە شیعرەکانی بە هاریکاری چەند دۆستێک لەوانە: مامۆستا عەلائەدین سەجادی و شوکور مستەفا و کاک برایم ناوێک و... (گوڵاڵەی مەریوان، باخچەی کوردستان، چوارباخی پێنجوێن، شاخی هەورامان و دەشتی گەرمیان).. بەهاری ساڵی ١٩٦٥دا بەماڵەوە لەدێی (لەنگەدێ) لەناوچەی شلێر نیشتەجێ دەبێ و بەنەخۆشی لە ١٩٦٥/٥/٧ لە تەمەنی ٦٧ ساڵیدا بەدەم گۆشەگیرییەوە کۆچی دوایی دەکات، تەرمەکەی لە



**قانیع**

گۆڕستانی شێخ ئەورەحمان کە گۆڕستانێکی بچووکە و کەوتۆتە بەری ڕۆژئاوای دێی ناوبراو، بەخاک سپێرراوە. لەسەر سێ پارچە بەردی مەڕمەڕ کورتەیەکی مێژووی ژیانی و ئەم چوارینە شیعرەی خۆی لەسەر نووسراوە:

**نەبوو ڕۆژێ لە کوردستان سەرۆکێ یا خۆ خەمخوارێ**
**هەمیشە ئەبێ کوردان بەڵاو ناسۆری لێ بارێ**
**ئەگەر مردم لەسەر قەبرم بنووسن توخوا یاران:**
**«شەهیدی عەشقی میللەت بووی، کەچی نەتدی پەلامارێ»**

پاش کۆچی دوایی، بەشی یەکەم لە شیعرەکانی کە ناوی (گوڵاڵەی مەریوان) بوو لە چاپ درایەوە، لەگەڵ بەشی یەکەمی (پاشمەرگەکەی) چاپ کرا... پاشان سەرجەم شیعرەکانی لەکتێبێکدا بەناو دیوانی قانیع، شاعیری چەوساوەکانی کوردستان، لەلایەن (بورهان قانیع)ەوە لەچاپ دراوە...

پلە بەپلەی شیعرەکانی ڕوخسار و ناخی ژیان و باری کۆمەڵایەتی ئەو قۆناغەی تێدا دیارە کە تێیدا ژیاوە و پێیاندا ڕۆیشتووە.. ناوەڕۆکی شیعرەکانی ئاوێنەی

واقیعی تاڵی ژیانی خۆی و کۆمەڵی کوردەواری هاوچەرخی خۆی نیشان دەدات. (بڕوانە: دیوانی قانیع، شاعیری چەوساوەکانی کوردستان، کۆکردنەوەی بورهان قانع، چاپی دووەم ١٩٩٩)

هەروەها کە باس کرا، کاتی ژیانی ئەم دوو شاعیرە لەیەک سەردەمدا بووە؛ ئیرەج شاعیرێکی باڵادەستی خوێندەواری فەرمی سەر بە کاستی دەسەڵات؛ بەڵام قانیع شاعیری نەتەوەیەکی بندەست و چەوساوە و کۆیلە و دەسپەروەردەی حوجرەی کوردەواری و فڕێدراوی دەستی دەسەڵات.

شیعری «دڵی دایک» لە بنەڕەتڕا پارچە هەڵبەستێکە بەزوانی «ئەڵمانی» کە ئیرەج بە مەبەستی بەشداری لەکێبەرکێی ئەدەبی لە گۆڤاری «ئێران شەهر» چاپی بەرلین، وەریگێڕاوەتەوە سەر زوانی فارسی. ئەم دەقە نێردراوە بۆ ئەو گۆڤارە و لەکێبەرکێکەدا ئیرەج پلەی یەکەمی وەدەست هێناوە. ئەم دەقە شیعرییە بە شێوەیەک بە دەسەڵاتی هونەری و تەکنیکی شاعیرانە وەرگێڕراوەتەوە کە بووەتە هۆی ناوبانگی شاعیرەکە و شیعرەکەش بووە بە ڕۆژێڤی ڕۆژنامەکان و تەنانەت بەدەنگی (قمر الملوک وزیری) گۆرانیبێژی بەناوبانگی ئەو دەمە، خوێنرایە سەر سەفحەی گرامافۆن و بوو بە شاکاری ئەدەبی وەخت. ئەم شیعرە تەنیا ناوی وەرگێڕانە، ئەگینا، ئیرەج ئەم دەقەی دووبارە بەشێوازێکی نوێ و داهێنانەوە، خوڵقاندووە کە کەس هەست بە تێم(Tem) و فەزای وەرگێڕان ناکات. لەچاو دەقە ئەڵمانییەکەی دەقەکەی ئیرەج، سەد قات بەپێزتر و هونەرمەندتر ئەفرێندراوە. لەو دەمەیدا لەم دەقە بە باشی لەلایەن خاوەنڕایان و ڕەخنەگرانەوە پێشوازی لێ کرا. (د. یحیی آرین پور) لەکتێبی از صبا تا نیما دەڵێ: «ئیرەج شاعیرێکی بەدەسەڵات و مەزنە و دەچێتە ڕیزی پێشاهەنگانی سادەبێژییەوە»، یان بەقەولی «سعید نفیسی» «ئیرەج شیرینترین شاعیری سەردەمە».

**دەقەکەی ئیرەج:**

**قلب مادر**

**داد معشوقه به عاشق پیغام**
**که کند مادر تو با من جنگ**
**هر کجا بیندم از دور، کند**
**چهره پرچین و جبین پرآژنگ**
**با نگاه غضب آلود زند**
**بر دل نازک من تیر خدنگ**
**از در خانه مرا طرد کند**
**هم چو سنگ از دهن قلماسنگ**
**مادر سنگ دلت، تا زنده است**
**شهد در کام من و توست شرنگ**
**نشوم یک دل و یک رنگ تو را**
**تا نسازی دل او از خون رنگ**
**گر تو خواهی به وصالم برسی**
**باید این ساعت بی خوف و درنگ**
**روی و سینەی تنگ اش بدری**
**دل برون آری از آن سینەی تنگ**
**گرم و خونین بەمنش باز آری**
**تا برد ز آینەی قلبم زنگ**
**عاشق بی خرد ناهنجار**
**نه، بل آن فاسق بی عصمت و ننگ**
**حرمت مادری از یاد ببرد**
**مست از باده و دیوانه ز بنگ**
**رفت و مادر افکند به خاک**
**سینه بدرید و دل آورد به چنگ**
**قصد سرمنزل معشوقه نمود**
**دل مادر به کفش چون نارنگ**
**از قضا خورد دم در به زمین**
**واندکی رنجه شد او را آرنگ**
**آن دل گرم که جان داشت هنوز**
**افتاد از کف آن بی فرهنگ**
**از زمین باز چو برخاست، نمود**
**پی برداشتن دل، آهنگ**
**دید کز آن دل آغشته به خون**
**آید آهسته برون این آهنگ:**
**«آه دست پسرم یافت خراش!**
**وای پای پسرم خورد به سنگ!»**
**(دیوان ایرج، به اهتمام د. محمد جعفر محجوب، چاپ....)**

**دەقەکەی قانیع:**

**دڵی دایک**

**جارێکیان لاوێک سەرگەرمو مەغروور**
**لەناو یارانا بەنەزان، مەشهوور**

**ئەیدا لە دایکی هەتا ئەیتوانی**
**وتاری باوکی بەهیچ ئەزانی**
**دڵی چووە سەر دراوسێ ماڵێ**
**ژنێکی زۆر زان خۆش خەت و خاڵێ**
**ئیشارە بە چاو پێکەنین بەدەم**
**بە بینیانا چوو، لە زۆر و لەکەم**
**گا شەرە چەپۆک، گا پاڵ پێوەنان**
**هەتاکو ئیشیان لە ئیش ترازان**
**دایکی لاوەکە بەم ئیشەی زانی**
**کەوتە تەدبیری زۆر بە ئاسانی**
**وتی خوشکەکەم مەیێ بۆ ماڵم**
**خراپمان مەکە و مەشکێنە باڵم**
**ئەم کوڕەی منە سەرسەری مەکە**
**لەژینی دونیا بێبەری مەکە**
**ژنی دراوسێ کەزانی وایە**
**تەرکی ماڵی کرد نەهات بۆ کایە**
**لەپاش یەک دوو ڕۆژ، کوڕە هیلاک بوو**
**بۆ نەهاتنی یار تەواو خەمناک بوو**
**شەوێک لە شەوان زۆر بە پەنهانی**
**چوو بۆ لای دۆسە هیچ کەس نەیزانی**
**وتی گیانەکەم بۆ تەرکت کردم**
**بەچاوت قەسەم ئەوا من مردم**
**وڵامی داوە مەعشووقەی عەیار**
**وتی خۆشەویست، بۆ من بریندار**
**دایکت زانییە، ئابڕووی بردم**
**نازانی پیرێ کەچی پێکردم؟**
**تازە من و تۆ بۆ یەکتر نابین**
**هەتاکو مردن بۆ لای یەک ناچین**
**کوڕ هاتە وتار: ئامان سەد ئامان**
**لێم زویر نەبی دەستم بە دامان**
**توچی ئەفەرموویت سەرم لە ڕێتە**
**پەردەی دڵەکەم، خاکی ژێر پێتە**
**وتی ئەتەوێ بم بەمیوانت؟**
**(دەسکەمە ملت، بێمە سەر ڕانت؟)**
**دایکت زگ بدڕە و دڵی دەربێنە**
**مەیخە بەیانی ئەمشەو بۆم بێنە!**
**منیش ئەو ساتە وەکو جارانم**
**هەرچی بڵێی پێم، بەندە فەرمانم**
**کوڕ بە نەزانی ڕایکردۆ بۆ ماڵ**
**زگ دایکی دڕی سا بە هەر ئەحواڵ**
**دڵی دەرهێناو خستییە سەر دەستی**
**بردی بۆ یاری، دوو دیدە مەستی!**
**هێندە پەلەی کرد کوڕی مل قەوی**
**پێی هەڵخلیسکاو کەوتە سەرزەوی**
**بەزوانی حاڵ دڵ هاتە زمان:**
**«وتی ئەی ڕۆڵە ئامان سەد ئامان!**
**هۆشت بێ دەخیل، بریندار نەبی**
**لە نەخۆشخانە زارو خوار نەبی**
**قەزات لەگیانم لەسەر خۆ بڕۆ**
**ئێشت پێ نەگا، بم کەی ڕەنجەڕۆ**
**هەرکەس بزانێ کە دایک کامە؟**
**هەتاکو مردن چەشنی خوڵامە**
**چاو بقوڵجێنە لەنان و ئاوت**
**پەڕۆو گوو شۆڕین بێنە پێش چاوت**
**ئەم جار ئەزانی کە دایک چییە**
**بۆ تۆزێ ئێشت ئارامی نییە».**
**(دیوانی قانیع، شاعیری چەوساوەکانی کوردستان، کۆکردنەوەی: بورهان قانیع، چاپی دووەم ١٩٩٩)**

**بەراوردکاری**
**فاکتە فیکری- ئەدەبی- زوانییەکانی**
**ئەم دوو دەقە**

ئەلف: یەکێک لەو خاڵە هاوبەشانەی کە ژێر خانی ئەم دوو دەقە پێکەوە گرێ دەدات؛ ڕووکردی ڕەخنەگرانەی گلێرگەیە. قانیع بەهۆی ئاشنایەتی لەگەڵ ژانی گەلەکەی و ژیانی ناهەمواری خۆی و چێژ و هەست بەنابەرابەری لە سیستمێک کە چەوساندنەوە و کۆیلایەتی و تواندنەوە یەکێک لە پرەنسیپەکانی بووە: بۆیە هونەرەکەی بۆتە زمانحاڵی ئەم دیاردە کۆمەڵایەتییە؛ هەرواش لەمێژووی ئەدەبی کوردیدا ئەم شاعیرە بەشاعیری چەوساوەکانی کوردستان ناسراوە.

«مەریوان وریا قانیع» لە بارەی ڕووکردی گلێرگەیی وەسیەتەکانی ئەم شاعیرە پێی وایە: «لەپشتی هەر وەسیەتێکدا هەوڵدانێک ئامادەیە کە دەخوازێت قورساییەکی ئەخلاقی و ڕەمزی گەورە بەو دید و تێگەیشتنە تایبەتە بدات کە کەسی وەسیەتکەر بۆ دنیا و ژیان و ئایندە هەیەتی. لە وەسیەتدا ئینسان تێگەیشتنەکانی خۆی و ئارەزووەکانی دەکاتە کۆمەڵێک

داواکاری و دەیداتە دەست نەوەکانی دیکە». (سەردەمی ڕەخنە، ژ: ٤، ٢٠٠٦). قانیع بەو دیدە تایبەتییەوە کە بۆ بەختیاری گەلەکەی هەیبووە بە ڕاستی هەستی بە دەروەستییەکی مەزن و قورس و قووڵ کردووە، بە چەشنێک ئامانجەکانی لە قاڵبی وەسیەتدا بگەیەنێتە نەوەکانی داهاتوو، تاڕادەی خۆشەویستی خۆی بەرانبەر بە نەتەوەکەی ڕابگەیەنێ. قانیع شاعیرێکی نەتەوەپەرست بووە و هەستی بە ناتەبایی ئەو مێژووە کردووە کە دەسەڵاتچییان بەکگراوەندەکەیان گەڵاڵەڕێژ کردبوو. (بەختیار عەلی) لەم پێوەندییەدا دەڵێ: «قانیع لەو نووسەرانەیە کە پێوەندی بەو ناوکۆییە مێژووەی خۆیەوە، پێوەندییەکی تەبایی و هاوجووتییە، ئازارەکانی قانیع ئازارەکانی مۆراڵیستێکە کە بۆ وێنەیەکی ئیدئالی نەتەوە دەگەڕێت و کۆی هەوڵەکانی بۆ ئەوەیە ئەو نرخە ئەخلاقیانە لە هەمسوو فەردێک و هەمسوو کۆمەڵگە ببینێتەوە». (سەردەمی ڕەخنە، ژ:٢: ٢٠٠٥)

لەهەمبەر ئەم دەروەستییە سۆسیاییەی قانیع، ئیرەج میرزاش ڕەخنەگرێکی کۆمەڵایەتی بووە؛ لە دەقە شیعرییەکانیدا ئەم دیاردەیە بە باشی ڕەنگی داوەتەوە. لە بواری کۆمەڵایەتیدا، ئەو هەڵسوکەوتانە کە لەگەڵ نۆرمە سۆسیاییەکاندا کۆک نەبایەتن و پێی جوان و ئیدئالی نەبوایەن بە زمانی تارۆز و تەنز و گاڵتەجاڕی ئاماژەی پێدەکردن. هەرچەند لە گەڵاڵەڕێژکردنی کێشەکانی گلێرگە، خاوەن دیدێکی قووڵ و پەیلوایەکی تۆکمە نەبووە، بەڵام سەرەڕای ئەمانە ئەو کێشە ناهەموار و ئاستەنگە دزێو و ناحەزانەی کە لە کۆمەڵگەی داڕزیوی ئەو دەمەی ئێراندا هەبووە لە قاوغی واژە و دەستەواژەگەلێکی گاڵتەجاڕی و تەنزئامێز بە زمانێکی نانۆرماڵ و ناحەز لە شێوەی نەزم و هۆنراوە دەربڕیون، کە ئەم شێوە دەربڕینە ئەوەندە نائاسایین ناکرێ بە شێوەی ڕاستەوخۆ بەیان کرێن. بە قەولی نادر نادرپوور «زۆربەی شیعرەکانی ئیرەج، دەبێ پەناوەکی بخوێندرێنەوە، چونکە بە ئاسایی نالوێ لە بارەیانەوە ئەخافتن بکرێت». (یوسفی د. غلامحسین، چشمە روشن، ل: ٣٦٢).

ب: خاڵێکی تری هاوبەشی «ئیرەج و قانیع» چۆنیەتی سەرخانی زمانی ئەدەبییەکە لەم دوو دەقەدایە. بە خوێندنەوەی بەراوردکاری شیعری «دڵی دایک» بۆمان دەردەکەوێ کە زمانی ئەدەبی هەر دوو شاعیر: گیرا، کاربەخش، ساکار و وەرگرتەیە لە واژە و دەستەواژە و لێکدراوە لەخەرمانی زوانی «گوتاری شەقامی گلێرگە» و ئەو توێژە کە لەگەڵیاندا هەڵسوکەوتی ژیانیان کردووە:

«مادر تو با من جنگ کند، چهره پر چین و جبین پر آهنگ، دل نازک من، به وصالم برسی، دم در، از در خانه، سینەی تنگ، نسازی دل او از خون رنگ، این ساعت، به زمین خورد، ئاه، به سنگ خورد، وای، و...»

یان لە زاری قانیع:

«لاوی سەرگەرمو مەغروور، ئەیدا لە دایکی هەتا ئەیتوانی، دڵی چووە سەر دراوسێ ماڵێ، ئیشارە بە چاو، شەڕە چەپۆک، پاڵ پێوەنان، سەرسەری مەکە، نەهات بۆ کایە، پیرێ کەچی پێکردم، سەرم لە ڕێتە، پەردەی دڵەکەم خاکی ژێر پێتە، دەس کەمە ملت، بێمە سەر ڕانت، کار لەکار ترازا، زگ دڕین، پێی هەڵخلیسکا، ئەی ڕۆڵە ئامان سەد ئامان، پەڕۆو گوو شۆرین و...».

ئەمانە پاژێک لەو واژە و دەستەواژە و لێکدراوە و وێنە ساکار و جەماوەریانەن کە ئەم دوو شاعیرە لەم دوو دەقەدا بەکاریان بردووە. ئەڵبەت بەنسبەتی ئیرەج، قانیع لەگەڵ ساکاری زوانی ئاسایی گلێرگە ڕاهاتووترە.

«ڤیلیام ڤۆردز ڤۆرس» لەپێشەکی دەقە بەپێزەکەی خۆیدا (گۆرانییە لیریکییەکان، Lirical) قایل بەجیاوازی نێوان «زوانی پەخشان و هۆنراوە و شیعر» نەبوو. پێی وابوو گوتاری ڕاستەکی شاعیرانە یانی هەمان نورمی سروشتی (Natural) بەیان؛ پێچەوانەکەشی یانی قایل بوون بە جیاوازی ئەو سێ چەمکە، کە ئەمە یانی خولقاندنی دیاردەیەکی دسکرد و نا سروشتی (Artifecial) لە پێکهاتەی زواندا، بەڵام «کالریج» لە بەرهەمە بەناوبانگەکەی بەناو سیرەی ئەدەبی (Biographia-Literaria) پێی وابوو «زوانی شیعر لە بواری ڕۆح و مەبەست لەگەڵ زوانی گوتاری شەقام دەبێ جیاواز بێ و جەختی دەکردە سەر تۆکمەیی ئەم ڕووکردە ئەدەبی-زوانییە». (چشمە روشن، د. غولامحسین یوسفی).

لەنێو ئەدەب و شیعری ئاوانگارد و پێشکەوتووی ئێستاش، ڕووکردی زوانی گوتاری لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات سەری هەڵداوە؛ ئەویش پشت بەستنە بەسامانی فۆلکلۆرێکی نەتەوەکان و باری هەستەکی نەتەوەیی و ڕووکردی جەماوەری شەقام؛ لە ئەدەبی پۆست مۆدێرنی فارسیدا برێک لە شاعیران بەم پەیلوا

تەکنیکییە دەڵێن «شیعری حەرفی». «پێیان وایە توتالیتەی زوانی و دەسەڵاتخواز، زوانی سوڵتەیە. ئاماژەی نموونە لە ئەدەبی کلاسیکی فارسیدا، دەقە پەخشانییەکانی بنووسە (مونشی) دەربارییەکانە لەسەدەکانی حەوت و هەشتی و.. کۆچی مانگیدا، تەنانەت لە پەیلوای (بۆچوون) ئەم شاعیرە پۆست مۆدێرنانەدا؛ زوانی شیعری (شاملوو)ش زوانێکی نوخبە و دەسەڵاتخواز و لادەر و جیاوازە لە زوانی ساکار و جەماوەری نیمایۆشیج. دەڵێن: زوانی شیعری (شاملوو) زوانێکی چریکی و ماجەراجو و دابراوە لەژیانی شەقام و گلێرگە، یانی بێ بەش لە خەرمانەی شیعری گوتە و ئاخافتنی جەماوەر». (گۆڤاری فرهنگ توسعە، ژ.٣٨/٣٧، ١٣٧٧، شعر حرفی، مسعود احمدی). ئەڵبەت ئەم پەیلوایە لەبارەی (شاملوو) جێگای سەرنج و تێرامانە؛ بەڕای من شاعیرێک کە هونەرەکەی ئەوەندە لە ڕێژەی بەرزدا ڕۆچۆتە نێو زەینی جەماوەرەکەی؛ ئیتر کەی دەبێ بە شاعیرێکی نوخبەی تۆتالیتەی زوانی و دەسەڵاتخواز و لادەر لە نۆرمە خەڵکییەکانی بزانین. داهێنانی ڕووکردی ساکاری زوانی گوتاری بۆ شاعیران بەو مانا نییە ئیتر ئەو دەقە قوتار کرێ لە هەر چەشنە هەناسە و جەوهەر و فاکتە ئیستێتیکییەکان. بە قەولی (سەید عەلی ساڵحی) شاعیری هاوچەرخی فارسی: «شیعر لە عەینی فرە سانایی و ڕوکردی شەقامیدا دەبێ فرە دژوار و تەکنیکیش بێ؛ ئەڵبەت نە بە هۆی فرە دژواری بێ وزە و ساویلکانە بنوێنێ؛ ڕێگا ڕوون و ئاشکرایە؛ لار و گێڕ کردن و قەمچ و پێچکردنی واژەکان... بۆ؟ برێکی گچک لە جێی دەعوەت بە حزووری داهێنانە لە میتافیزیکای زوان، تەنیا دەست ئەکەن بە لەتوپارکردنی فیزیکی زوان». (گۆڤاری نامە، تایبەت بە شیعری ئێستای ئێران، پووشپەڕی ١٣٨٥). «تی ئێس ئیلیەت» لە درامە هۆنراوەییەکانی خۆیدا «بە ئەنقەست ئاستی شێواز و ئەدگاری هونەری خۆی دەگۆڕێ و لە میتۆدی فەرمی شیعر و هونەر دووری دەنوێنێ و ڕوو دەکاتە زوانی گشتی و شەقامی؛ تا لەم هێڵە گشتییەدا بگاتە چەشنێکی تایبەتی لە داهێنانی شیعری و کاردانەوەی ئەوتۆ لە گوتەکانیدا دانێ». (چشمە روشن، د. غولامحسین یوسفی) بە بروای من ئەم کارە ئەگەرچی بە ڕواڵەت سانایە و هەندێک وا بیردەکەنەوە هەر کەس گروگاڵێکی کرد، دەتوانێ لەم شێوازە کەڵک وەرگرێت و ببێتە شاعیرێکی ڕاستەقینە و مەزن. ئەم تەکنیکە تەنیا لە شاعیرانێکەوە هەڵدەستێ کە لە چێژێکی تەواو بەهرەمەند بن و لەناو گلێرگەدا ژیابن و زوانی خەڵکیان مشتوماڵ کردبێ؛ بەدەسەڵاتی هونەری و ئیستێتیکی ئەو مادە خاوانەیان وەک خودئاگا وەرگرتبێ و لە میکانیزمی خەلاق و ناخودئاگادا بە پرۆسەی داهێنان، کردبێتیانە مایەی شیعری و لە دایک بوونی واقیعی تێکست.

پ: مۆسیقای دەرەکی (کێش)ی دەقەکەی ئیرەج لەسەر تەفعیلەی عەرەبی (ڕەمەڵی شەشی مەخبوونی مەحزووف) چێ کراوە؛ کەچی پارچە هەڵبەستەکەی قانیع لەسەر شێوازی بڕگەیی خۆماڵییە (٥+٥) کە کێشێکی کوردەوارییە و سەر بە ڕەوتی مۆسیقایی «کرکە» قوتابخانەی گۆرانە.

ت: فۆرمی دارشتنی ئیرەج، قەتعەی عەرەبییە، مۆسیقای پاڵەکی (قافیە، سەروا) تەنیا لە دێرەکانی دووەمدا جووت کراون؛ هەر بەم بۆنەوە زیهنی شاعیر وەک پێش زمینە قۆرخکراوە و گوشراوە و دەسەڵاتی ویراژدانی لێ ستاندراوە و نەیتوانیوە بە باشی فرە دەنگی و فرە زوانی بنوێنێ؛ بەڵام فۆرمی دەقەکەی قانیع (مەسنەوی)یە و ئەم فۆرمەش، فۆرمێکی ڕەسەنی کوردییە و تایبەتە بە گێڕانەوە و توخمی چیرۆک و بەستێنەیەک بۆ ڕەوایەت و فرە دەنگی و فرە وێنەیی؛ بۆیە قانیع دەست و باڵ بازتر بووە لەم شیعرەدا و هەندێ مەدلوولی تری پێوە لکاوە و لە ئاستی دەقێکی وەرگێڕاو ترازاوە و جلوبەرگی کوردی پێدراوە.


**سەرچاوەکان:**

**(١) چشمە روشن، د. غولامحسین یوسفی.**

**(٢) دیوانی قانع، شاعیری چەوساوەکانی کوردستان، کۆکردنەوەی بورهان قانع، ١٩٩٩.**

**(٣) دیوان ایرج میرزا، بە اهتمام دکتر محمد جعفر محجوب، چاپ چهارم ٢٥٣٥.**


**(٤) از صبا تا نیما، د. یحیی ارین پور، جلد دوم، تهران ٢٥٣٥.**

**(٥) گۆڤاری زرێبار، ساڵی یەکەم، ژمارە ٢، ١٣٧٧.**

**(٦) گۆڤاری نامە، تایبەت بە شیعری هاوچەرخی فارسی ١٣٨٥.**

**(٧) گۆڤاری فرهنگ توسعە، ژمارە ٣٨/٣٧، ١٣٧٧.**

**(٨) سەردەمی ڕەخنە، ژمارە: ٢ و٤.**



# محەمەد حیلمی شێخ حسێن (حیلمی):
# شێخ ڕەزا شاعیرێکی بێ هاوتایە.. شیعریش وەک چێشت وایە، هەر شیعرە و ئەربابی خۆی هەیە

**هەڤپەیڤین:**
**ئازاد عەبدولواحید**

لەناو مێژووی شیعر و ئەدەبیاتی کوردیدا زۆر شاعیر و نووسەر و بەهرەدارمان هەس کە لە ڕۆژگاری سەخت و تاریک و پڕ لە نەهامەتیدا خزمەتی زمانی کوردییان کردووە و بەو زمانە شیرینە نووسیویانە، ئەوانە ئەگەر داهێنەر و شاعیری گەورەش نەبووبن و هیچیان نەکردبێ، هەر کوردی نووسینەکەیان بۆ خۆی جۆرێکە لە پێشمەرگایەتی و کوردایەتی کردن، بۆیە پێویستە ئەو بەجێماو و سامان و گەنجینە بەهادار و بەنرخانەی شیعر و ئەدەبیاتمان فەرامۆش نەکرێن و پشتگوێ نەخرێن و بەردەوام بەسەریان بکەینەوە، چونکە بەتێپەڕینی ڕۆژگار بەرهەمەکانیان زیاتریان لێ لەناو دەچێ و خاوەنەکانیشیان وردە وردە ناویان کاڵتر دەبێتەوە. حیلمی شاعیری هەڵەبجەیی بە تەواوی خۆی بۆ شیعر و شاعیرایەتی تەرخان نەکردبوو، چونکە سەختی ژیان و باری گوزەرانی ئەم شاعیرە وای لێکردبوو بە تەواوی نەیپەرژێتە سەر شیعر نووسین و کۆکردنەوەی شیعرەکانی، بۆیە زۆریان لە بەین چوون، ئەگینا دەیتوانی شیعری جوانتر و هونەریی تر و بەرچاوتر بنووسێ، بەتایبەتی لەو جۆرە شیعر و هونەرەی کە لەناو شیعر و ئەدەبیاتی کوردیدا زۆر کەم لای لێ کراوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشەوە کە دیوانێکی چاپ کراوە و شیعری ئەوی تێدا کۆکراوەتەوە، بەڵام هێشتا حیلمی و بەدەیان شاعیری دیکەمان بێ ناز کەوتوون و لەمێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا بەتەواوی لایان لێ نەکراوەتەوە، تا ئەم دواییە د. مارف خەزنەدار لە کتێبەکەی خۆیدا: (مێژووی ئەدەبی کوردی) لە بەرگی حەوتەمیدا ئەم شاعیرەی بەسەر کردەوە و چەند لاپەڕەیەکی ئەو کتێبەی بۆ تەرخان کرد.(١)

ئەم شاعیرە بە تەرخان کردنی بەشی هەرە زۆری شیعرەکانی بۆ هونەری تانە و تەشەر و توانج و پلار، یان بڵێین شیعری داشۆرین و شەڕە جنێو کە لەناو شیعری کوردیدا بێجگە لە شێخی شاعیران (شێخ ڕەزای تاڵەبانی) کەم کەسی دی خۆیان لەقەرەی داوە، بۆشایی و کەلێنێکی ئەگەر بچووکیش بێت لەناو شیعر و ئەدەبیاتی کوردیدا پڕ کردووەتەوە، کە مەگەر تاکوتەرا شیعری بۆ تەرخان کرابێ، لەوانەش قەسیدە بەناوبانگەکەی (نالی) کە بۆ مەستوورەی ئەردەڵانی نووسیوە. ئەم جۆرە هونەرەش لە شیعردا کە شیعری کراوەی بێ پەردە (ئیرۆتیک)یشی پێ دەڵێن لەبەر کۆنەپارێزی و نەریتگەری و داخراوی کۆمەڵگای کوردەواری زۆر لای لێ نەکراوەتەوە، بۆیە ئەگەر شێخ ڕەزا و ئەو چەند شیعرەی ئەملاو ئەولامان نەبوایە، ئەوە شیعر و ئەدەبیاتی کوردی کەلێن و کەلەبەرێکی گەورەی تێدەکەوت.

جاران لەناو کۆمەڵگەی کوردەواریدا ئەگەر لەسەر ئاستی کۆمەڵگاشدا ئەو جۆرە شیعرە ڕەواجی نەبووبێ، ئەوە لەناو حوجرە و لەکاتی گەرموگوڕکردنی بازنەی دانیشتن و کۆڕی دیوەخانەکان قسەی خۆش و نوکتە و شیعر خوێندنەوە و ڕابواردن و شەڕە شیعر باوی هەبووە، (٩) بەرگی ڕشتەی مرواری نەمر عەلائەددین سەجادی باشترین گەواهی ئەوەن کە لەو سەردەمانەدا ئەو جۆرە نوکتە و قسە خۆشانە چەند باو و برەویان هەبووە.

ئەوسا کە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان پتەو و بەهێز بوون، دۆستایەتی و ئاشنایەتی و هاوڕێیەتی و وەفاداری ڕاستگۆیی و گەرموگوڕی تێدا بوو، بۆیە کەشوهەوایەکەی لەبار بووە بۆ نووسینی ئەو جۆرە شیعرانە کە بە شەڕە جنێو و داشۆرین و توانج و پلار بەنێویانگە، هەر بۆیەش لەیەکتریان قەبووڵ کردووە، زۆرتریش بۆ کات بەسەر بردن و خۆشی خۆیان ئەمەیان کردووە. ئەم تەرزە شیعرەشیان بەگیانێکی میللیانەوە وتووە، بۆیە شێوازی سادە و ساکاری نووسینی زیاتر لە شیعری فۆلکلۆری نزیکی خستووەتەوە، کە بە کێشی خۆماڵی و قافیەی مەسنەوی سوار بەدەستەوە دراون تا دەمودەست کاریگەری خۆی بەسەر گوێگرانەوە بەجێ بهێڵێ.

(حیلمی)ی یەکێکە لە شاعیرە ناسراو و ناودارەکانی شاری هەڵەبجەی شەهید کە ئەو شارە هەمیشە هەوارگە و مەڵبەندی شاعیران و هونەرمەندان و نووسەران بووە، ڕووگەی شاعیران و نووسەران و هونەرمەندانیش بووە و لە شار و شارۆچکەکانی کوردستانەوە بەردەوام ڕوویان لەوێ کردووە، ئەم شاعیرە سەردەمانێکی زۆر هاوڕێیی نزیکی (بێکەس) و (قانیع) و (عەلی کەمال باپیر) و (شێخ نووری شێخ ساڵح) و (مەلا حەسەنی قازی«شاهۆ») و (میرزا مارف) و (مەلا کەریمی «ناطق») و (ئەحمەد موختار جاف) و (شێخ سەلام) و (فەوزی) و (موفتی پێنجوێنی) بووە و لەگەڵ هەندێکیشیان شەڕە شیعری کردووە و شیعری لە تەکیاندا گۆڕیوەتەوە، وەک شاعیرێکی سەرگەرمی شیعر نووسین زۆرتر بەشاعیری هەجووکردن ناسراوە، شاعیرێکی مەجلیس ئارا و قسە خۆش و خۆش مەشرەب

و نوکتەباز بووە.

لە هەشتایەکانی سەدەی ڕابردوو چەندین جار بۆ بەسەرکردنەوەی ئەم شاعیرە لە ماڵەکەی خۆیدا لە شاری هەڵەبجەی شەهید سەردانم کردووە، بۆ یەکەمین جار لەگەڵ برایان (شێخ کەریم شێخ حەسەن چەخماخساز و مامۆستا ئەمین ئەحمەد عەلی سەبان خاوەنی کتێبخانەی گۆران) چوومە خزمەتی و پێی ئاشنا بووم. دواتر لەگەڵ مامۆستایانی خوالێخۆشبوو (هەردی) و (شێخ حەسیب قەرەداغی) و (دڵشاد مەریوانی) و (محەمەد ئەمین پێنجوینی) و (شێخ کەریم شێخ حەسەن) پێکەوە چووینە ماڵیان و سەردانمان کرد، جارانی تر لەگەڵ خاتوو (خورشیدە بابان) و (جەلال عازەبانی) و (شەوبۆ حەمەمراد) سەردانم کردووە، بەڵام لە سێ جاری جیاوازدا بەمەبەستی گفتوگۆ کردن لەگەڵ ئەو شاعیرە دەنگیم تۆمار کردووە، جاری یەکەم لە ١٩٨٢/٥/٢ و جاری دووەم لە ١٩٨٢/٨/١٢ جاری سێیەم لە ١٩٨٣/٤/٢ بووە. لەم دیدار و چاوپێکەوتنانەدا سێ نەوارم لەگەڵی پڕ کردووەتەوە، بەداخەوە لە ١٠ی مانگی ئاداری ١٩٨٥ ئەم شاعیرە لە شاری هەڵەبجە کۆچی دوایی کرد، ئەوەی لای خوارەوەش بەرەنجامی ئەو دیدەنی و دیدارانەم بوو لەگەڵی.

* لە پێشەوە حەز دەکەین کورتەیەکی ژیانی خۆتمان بۆ باس بکەیت و دەمانەوێت تەحسیلی عیلمی و ناوی باوک و باپیر و وەزیفەکانی لە ژیانتدا بینیوتن بزانین؟

– من ژیانێکی هەکەزایی ژیاوم، لە شاری هەڵەبجە ساڵی (١٩٠٩ لەدایک بووم، کە حەفتاوسێ، حەفتاو چوار ساڵ دەبم. دوو ساڵ لە گۆران منداڵترم، بەڵام مەوالیدەکەی گۆران بە هەڵە نووسراوە.(٢)

* ناوی تەواوت چییە؟


– محەمەد حیلمی شێخ حسین.

* نازناوت هەر حیلمی بووە؟

– بەڵێ.. نازناوم هەر حیلمی بووە و هەر حیلمی ماوەتەوە.

* تا چەندت خویندووە؟

– لە قوتابخانەدا تا پۆلی شەشەمی سەرەتاییم خوێندووە، پاشان لەحوجرەی مزگەوتی دێهاتەکانی شارەزوور خوێندوومە، بۆیە تا سەرەتاییم خوێندووە، بەڵام لە مزگەوتدا زۆرم خوێندووە، تا بووم بە جاش مەلا.. (موستەعید) بووم، بەڵام لەپاڵ ئەوەشەوە



**محەمەد حیلمی شێخ حوسێن، ئازاد عەبدولواحید**
**ساڵی ١٩٨٢ – هەڵەبجەی شەهید**

بەردەوام موتالای کتێبی فارسی و هەندێ کتێبم بەزمانەکانی تر کردووە، پاشان وردە وردە شیعرم وتووە(٣)، بەتایبەتی شیعری زەم، واتە قسەم بەخەڵکی وتووە.

* مەبەستت ئەوەیە بڵێی فەقێی موستەعید بووی؟

– ئا بەڵێ کۆلکە مەلا بووم، بەڵام کەر بووم وازم لێهنا، ئەگینا مێزەرێکم لەسەر سەرم بنایە، ئێستا بۆ خۆم مەعاشێکی باشم وەردەگرت.

* ئەی پاش ئەوە وەزیفە حکومییەکانت چی بوون؟ ژیانی ئەو زەمانە لە هەڵەبجە چۆن بوو؟

– ساڵی (١٩٢٤)دا لەسەردەمی ئینگلیزەکان لێرە ئەحمەد بەگی پاشا(٤) قایمقام بوو.

* پیشەکانت چی بوون؟

– دەورەیەکی خوێندنی برینپێچیم تەواو کرد و ماوەیەک مووزەمید بووم و بە دووساڵ وەکالەتی دکتۆریم وەرگرتووەو لای دکتۆر مەلیک لە عەمەلیات و شتدا یارمەتیدەری برینپێچ بووم و یەکەم جار لە سووورداش دامەزرام و دواتر چوومە خورماڵ و هەڵەبجە. لە ساڵی ١٩٤٤ وازم لەو کارە هێناو ئیتر لە ڕانیە خەریکی سەعاتچێتی و مۆر هەڵکەندن و عەرز و حاڵ نووسین بووم، پاشان لە پرۆژەی بەنداوی دەربەندیخان تا ساڵی ١٩٧٥ کارم کرد.

* ئەی خانەنشین کراوی؟

– نەخێر شوکور خانەنشین نیم.. خەریک بوو خانەنشین دەبووم، فەرەجی کوێخا بۆی نەکردم.

* ئەوکاتە ئەحمەد بەگ کۆڕ و مەجلیسی هەبوو، باشە گۆران دەهاتە ناو ئەو مەجلیسانەوە؟

– مەجلیسی هەبوو، ئەمما ئەکسەری لەم ئاخیریەدا میرزا مارف–ێک(٥) هەبوو دەهاتە ئەوێ، تەنانەت شیعرێکم بەسەر کەمال–دا هەڵدا کە کوڕێکی جوانکەلە بوو، بەناوی ئەوەوە تەخمیسم کرد، کە دەڵێم:

**شەوێک تووشم بوو حیلمی پێم وت ئەی پەتیارە تۆ تاکەی**
**وەکی کەر قەپ ئەدەی لەو خەڵکە، ئەبەد شەرم و حەیا ناکەیت**
**وتم من سەرسەری شاری سنەم، مەستم لە بادە و مەی**
**(کەماڵ ماچێ کەرەم کە لەو سەری کوڵمەت بڵێم ئۆخەی**
**ئەگەر بێتو بدەی وەعدە ئەبەد نانووم هەتا سوبحەی)**

* لە هەڵەبجە لەگەڵ ڕەشید سدقی چ بۆنەیەکتان لەنێواندا هەیە؟

– سەفەرێکیان ڕەشید سدقی لەبن دارەکانی چایخانەی لای مزگەوتە کۆنەکە، ئەحمەد بەگ، میرزا مارف، شێخ سەلام، عارف مەجید، ڕەشید مەجیدی موزەمید بوو، کە دواتر بوو بە قایمقام و گەورە بوو.

جا عەرزتان بکەم، ڕەشید سدقی لە ماڵی حەمەی نانەوا بوو، لە پڕ هات وتی ئەحمەد بەگ شیعرم وتووە، شیعرەکانی بەمەقاش دەپێوا، وتی: ڕەشید سدقی سەقفی کرێ.. ترێ مشکی برێ. جا قانیع غەزەلێکی ڕەشید سدقی چاک کردبوو، وتم قانیع ئەمە چییە؟ وتی بۆ ئەوەی کتێبەکانم بۆ بفرۆشێت. نامەشی لام هەیە، شتی قۆڕی بۆ نووسیووم.

* پێوەندیت لەگەڵ بنەماڵەی مەردۆخ چی بووە؟

– مەردۆخی تایەفەیەکی کۆنن، لەگەڵ قەرەداغیدا لەدایکەوە خزمن.

* شێخ لەتیفی دانساز مەردۆخییە؟

– شێخ لەتیف دانسازی خاڵم، مەردۆخییە.

* ئەو ڕووداوەی کە شێخ عەبدوڵڵا لەوێوە هاتووە، ڕووداوێکی مەزهەبییە، ئەو ڕووداوە چۆنە؟

– مەسەلەی شیعە و سوننە بووە. ئەمان سوونی بوون و ئەوانی دی بەهێزتر بوون و شێخ عەبدوڵڵاش گوایە فەتوای داوە کە ئەوان موسڵمان نین، لەباتی ئەدەبیات و شت کێشەکەیان ئەوە بووە.

* ئەحمەد بەگی پاشا زەمانی خۆی، لەسەرچی قاچاغ بوو؟

– لەسەر قەرزاری ڕای کرد.

* ئەی تۆ چۆن بوو چوویت بۆ لای؟

– هاوڕێم بوو، کاغەزی بۆ نووسیم، نووسیبووی حیلمی بێ تاقەتم و هاوزمانم نییە، ئیتر منیش لە کەرێتی خۆم چووم بۆ لای.

* زیاتر پێوەندییەکەت لەگەڵ ئەحمەد موختار جاف هی چی بوو؟

– هەر ئەوەیە هاوڕێم بوو.

* وەک بیستوومانە ئاگاداری کوشتنەکەی بوویت، کاتێ تەقەیان لێکرد تۆ لەوێ بووی؟

– بەیەکەوە بووین، من لەمبەرەوە ئەو لەوبەرەوە، تەقەیان لێکرد و هەموو ڕێخۆڵەی هاتە دەرەوە، کەلوپەلی توییشم پێ بوو، بەڵام وتم ئێستا دەستکاری بکەم، دەڵێن ئەو کوشتی، خەڵک عەوامە.

* هۆکاری کوشتنەکەی، هەر قەرزاری بوو؟

– کوشتنەکەی بەسەهوو بوو، هەر جاش و شت فیشەکیان پێوە نا.

* دوای ئەوە کێ بوو بە قایمقام؟

– حامید بەگ بوو بە قایمقامی هەڵەبجە.

**شێخ مەحموود ئەگەر کورد نەبوایە، ئەوە شەڕی ئاوباریکی لەگەڵ ئینگلیزەکان دەچووە ناو مێژووەوە.**

* حامید بەگ لایەنگری شێخ مەحموود بوو، وا نییە؟

– حامید بەگ لایەنگری شێخ مەحموود بوو، ئەحمەد بەگیش پیاوی ئینگلیز بوو(٦)، شێخ مەحموود دژایەتی زۆر دەکرا، هەموو پشدەر دژی بوون، بێجگە لەهەباس ئاغا، تەنیا پێنج سەد– شەش سەد کەس لەگەڵیدا بوون، خۆی لەپێشەوە شەڕی دەکرد، ئەگەر کورد نەبووایە، ئەوە شەڕی ئاوباریکی لەگەڵ ئینگلیزەکان دەچووە ناو مێژووەوە.

* ئەو تەنیا لە هەموو پشدەردا هەباس ئاغا، لەناو هەموو هەمەوەندا کەریمی فەتاح بەگ، لەناو هەموو هەوراماندا مەحموود خانی دزڵی، هەر ئەوەندە کەسە هەبوون پشتگیریان لێدەکرد؟

– بەڵێ ئەوانەی تر هەموویان دژی بوون. ئەحمەد بەگ کوڕێکی نارد بۆ بەغدا و سەربازی هێنا لەڕێی خانەقین و کفری و کەلار، هێرشیان کردە سەر شێخ و لەپاشاندا شێخ مەحموود ئەحمەد بەگی زیندانی کرد.(٧)

* ئەحمەد بەگ شیعرێکی هەیە لە زیندانەوە بۆ شێخی ناردووە و داوای ئیسترحامی لێکردووە، ئەو

شیعره له ڕۆژنامەی (ڕۆژی کوردستان)ی زەمانحاڵی شێخ مەحموود-دا بڵاوکراوەتەوە. تۆ پێوەندیت لەگەڵ شێخ مەحموود چۆن بوو؟

– وەڵڵاهی زۆرم خۆشدەویست، تەنانەت جارێکیان لەگەڵ ئەحمەد شوکری و حەمە سەعیدی ئەفراسیاو بەگ، ئێستا ماوە و له سلێمانی–یە، ڕۆستەمیان مردووە. ساڵی سییەکان بوو کۆشکیان له ئەعزەمییە دابوویێ، ئیتر کلاشی هەورامانی لەپێدا بوو، چەفتەی مەلیکی بەشانەوە بوو.. ئەرێ بەڕاست ئەوە چۆنە ئەحمەد شوکری لەگەڵتان نەهاتووە؟

* بەخوا تاقەتی نەماوە.

– جا ئەوە تاریخی تەوەلودیشی هەیە کە شیعری بۆ دانراوە و دەڵێ؛

**ساڵی ئاتی بەڕیشی بابت بشاش**
**بەندی تاریخ وەک خوڕەی خەرماش**

خوا دەیزانێ ئەو مەلا نەجمەدین–ە شێتە، خوا عەفووی بکات هەر کە دەهاتە ژوورەوە شەقێکی له دەرگاکە دەدا، زۆر لەدەمی دەترساین، ئینجا ئەحمەد شوکری سەیرێکی منی دەکرد، ئەیوت بەخوا شێتە.

* هەر بە شێوەی هەجوو، شیعری شیوەنت نووسیوە، ئەمەیان کامەیە؟

– لێرە مەلا قادر هەبوو، نەخۆش بوو جوولەکە بردبوویان بۆ بەغدا، لەوێ ئەمری خوای کرد، منیش لەسەر قەبران ئەم شیوەنەم بۆ وت:

**بەرازێکی پیر سەگ تێی خرۆشا،**
**بۆگەن و پیسی دنیای داپۆشا**
**گڕەی جەهەنەم، جۆشی ئاوی کوڵ،**
**بۆ مەلا مرقەی ئامۆزای سەرکوڵ**
**کوورەی جەهەنەم هاتە جۆش و تاو،**
**زوو حازر کرا بۆ مەلای بەدناو**
**بەرازە نێرەی بێشەڵانم ڕۆ،**
**چەڵتووک خۆرەکەی شەمێرانم ڕۆ**
**مووشەو شەلەموون حازر بوون لای ئەو،**
**ئەیانوت مەلای بێ ئیمانم ڕۆ**
**مرخە کەرەکەی سەر دوکانم ڕۆ،**
**مەراق جێهێڵی ناو دیوانم ڕۆ**
**لای جوو وەک شەنطۆب، لای ئیسلام بەراز،**
**لای باقی مەخلووق عادی و بێ مەجاز**
**(قەومی جوو بگرین بۆ مەلای بێ دین**



**ئەم وێنەیە ساڵی ١٩٣٣ یان ١٩٣٤ گیراوە ئەوەی لە ناوەڕاستدا دانیشتووە (ئەحمەد موختار جاف)ی شاعیرە، ئەوەی لای ڕاستی ئەحمەد موختار جاف کە چەکە درێژەکەی پێیە حیلمی شاعیرە**

**لەباتی ئیسقات بەگۆڕیدا بڕین)(٨)**
**کەس نەیبینیوە لێی خزمەتی بەشەر(٩)**
**هەر بە سەرخۆشی دەیدا نێرە کەر**
**تەئریخی فەوتی وا هات بەبیرما**
**کەر تڕی و تۆپی، ڕیا وەکێرما**

* هیچ یەکێک لە شیعرەکانی حافزت تەخمیس کردووە؟

– نەخێر، پیرەمێردی شاعیر شیعرەکانی حافز و بابە تاهیری هەمەدانی تەخمیس کردووە.

* سەعید قەزاز ساڵی ١٩٣٦–١٩٣٧ لێرە قایمقام بوو؟

– بەڵێ ئەوکاتەی سەعید قەزاز لێرە بوو، سەید عەلی ئەسغەر هاتۆتە ئێرە و پاش ئەوەی گۆرانییان پێ وتووە، بردوویانەتەوە حەپسخانە(١٠)، شێخ نووری–یش، دەهات بۆ ماڵی ئەحمەد بەگ و لەوێ گۆرانی دەوت، دەنگی زۆر خۆش بوو.

* ئەی مونازەرەکەی شێخ نووری و سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی چۆن بوو؟ ئەوەت لەبیرە؟

– جارێک هاتە هەڵەبجە و سەعید قەزاز، سەید عەلی ئەسغەری بانگ کرد و نەختێک گۆرانی پێ وت..

* ئەو مونازەرەیە بۆ ئەوە بووە، کە سەید عەلی ئەسغەر گۆرانی بڵێت، ئەویش وتوویەتی من دڵم شکاوە و گۆرانی ناڵێم. دواتر خەڵکەکە داوا لە شێخ نووری دەکەن کە گۆرانی بڵێت، ئەویش دەڵێ من لەحزووری عەلی ئەسغەردا بێ ئەدەبی وا ناکەم. ئەمە ئەحمەد

میرزای خەزووری کاک شێرکۆ بێکەس بۆی گێڕامەتەوە.
- دەنگی وەک دەنگی عەلی ئەسغەر هێشتا پەیدا نەبووە، شێخ نووری-یش بەو پێیەی کە گۆرانی کەم دەوت، بەڵام کە گۆرانی دەوت ئینسان حەزی دەکرد قووتی بدات. خۆی شیعرێکی بۆ عەزیزی برای وتووە و دواتر کردوویەتی بە گۆرانی، کە دەڵێت:

**(عەزیزم ڕۆ، عەزیزی نەونیهالم ڕۆ)**

هەروەها **(ئومێدی زەمانە ئەمەلێکە بەد و بێ سوود)** شیعرێکی تری هەیە؛

**(قوربانی دوو چاوت بم کە ئالوودەی شەرمە)**

بەڕاستی شیعری جوانی هەیە.

* بێینە سەر ئەحمەد بەگ و تایەر بەگ کە برابوون؟
- بەڵێ برابوون و پێکەوە دەژیان، بەڵام تایەر بەگ هەر شیعری جوانپەرستی هەیە، وەک ئەحمەد بەگ شیعری نیشتمانی نییە(١١).
* باشە بۆ وابووە؟
- چونکە سەردەمی تایەر بەگ هەر باسی جوانی لەگەڵ مەسەلەی ئایینی و شتی لەو بابەتە دەکرا، باس و خواسی نیشتمانی لە ئارادا نەبوو، تا عەلی-یە فەنی لە شیعرێکی ئایینیدا لاسایی شیعرێکی تایەر بەگی کردۆتەوە، کە دەڵێت:

**(لێم ببوورە من فەقیرم یا ڕەسوولەڵلا**
**دەزانم خۆت دەزانی من چلۆنم یا ڕەسوولەڵلا)** دەڵێی گاویانە ئەمەی وتووە.

* وابزانم تۆ لەگەڵ بێکەس-ی شاعیر زۆر هاوڕێ بوون؟
- بەڵێ هاوڕێ بووین، لە تەوێڵەوە دەهات بۆ لام، کە هاوڕێکانی لێ ون دەبوو، ئەیوت وەرە حیلمی با بیاندۆزینەوە، دەچووین بۆ کوڵەبۆر، کە سەرخۆش دەبوو، لووتی دەگرت و زوڕنای لێدەدا.. بەخوا خۆش بوو، بەڕەحمەت بێت.
* ئەی بیروڕات سەبارەت بە پیرەمێرد چییە؟
- پیرەمێرد لەملا و ئەولا شیعری دەدزی، شیعرێکی بەناوبانگی هەیە، (ئەم ئاسمانە شینە کەوا بەرگی ماتەمە) ئەوە شیعری کابرایەکی سابلاخییە.. بەڕاستی دزی خۆش نییە، هەر دەردەکەوێت، گەرچی دزی ئەدەب درەنگ کەشف دەبێت لەکتێبی کۆن و ئەملاو ئەولادا دەدۆزرێتەوە.
* بێینە سەر باسی شێخ نووری...
- عەلی دایی-یەک هەبوو لە خورماڵ، وتی حیلمی با بە شیعر تەبریکی مودیر ناحیە بکەین.
* حەز دەکەم هەنگاو بە هەنگاو بچینە ناو باسەکەی شێخ نووری-یەوە...
- باشە.. وەڵڵا منیش بەعەلی ئەفەندیم وت، ئێمە ڕفیقی کۆنی ئەوین و حەقیەتی ببێتە قایمقام.
* ئنجا شێخ نووری حەقی ئەوەی هەبوو؟
- ئەرێ وەڵڵا، کوڕی چاک بوو، عەلی ئەفەندی وتی؛ دەی کاک حیلمی شیعرێکی بەسەردا بڵێ و ناوی منیشی تێخە، منیش وتم باشە و ئەمەم وت:

**من لەگەڵ تۆمە چاوەکەم نووری**
**بۆچ ئەمە مودەتێکە لێم دووری**
**تۆ کە زاتێکی ساحیب ئەخلاقی**
**بە سیفاتی حەمیدە مەشهووری**
**یا خەریکی وەزیفەی، لێرەی**
**یا بەخۆڕایی عاجز و دووری**
**لە تەڕەف دۆستانەوە دایم**
**ڕەبی بتبێ هەمیشە مەسرووری**
**ئیشی تۆ قایمقامییە شەرت بێت**
**چون مودیری ئێستاکە مەغدووری**
**حیلمی چاوی خۆت و کاکە عەلی**
**هەر دوعات بۆ دەکەن بە ڕەنجووری**(١٢)

* شیعرەکەی شێخ نووری کام شیعرەیە کە لەلاتانە؟
- ئەوە شیعرێکە لەلام هەیە، لاوانەوەیەکە بۆ (کەریم بەگ)ی داناوە زۆرە، جا فایدەی چی ئێستا ئەگەر بەهیەی کچم بیتوانیایە بیدۆزێتەوە، شتێکی باش دەبوو، بەڵام لەناو کتێبێکی گەورە دایە و لەنێو دوو هەزار کتێبدا بۆی نادۆزرێتەوە، ئەگینا بۆم دەهێنان لای خۆتان تۆمارتان بکردایە.
* ئەی هیچت لەبەر نییە؟
- نەخێر، نەوەڵڵا
* شیعرێکی تەرکیب بەندە
- ئا بەڵێ شیعرێکی تەرکیب بەندە کە دەڵێ چی؟

**ڕۆیی چی کوژایەوە، چرای ڕۆشنی عیرفان کرایەوە.**

* دەڵێ: **(دیسان قاپییەکەی خەم لە ئێمە کرایەوە)**..
- ئەوەتا ئەوەیە، ئەوەڵ جار وتی بۆ منی نارد، دواتر ناهییە خان وتی...
* ئەم شیعرەی بۆ تۆ خوێندەوە؟
- نەخێر بۆی ناردبووم، منیش بۆ ناهییە خانم برد،

ئەویش لەگەڵ کەشکۆڵێک(١٣) کە بۆ منی نارد، کەشکۆڵی مەحموود پاشا بوو، وتی توخوا بەخەتێکی جوان بۆم بنووسنەوە.

* تۆ کام ناهییە خانت مەبەستە؟

– ناهییەخانی کچی وەسمان پاشا. من تەنیا یەک تکام لە ئێوە هەیە، تکاتان لێ ئەکەم لە خۆتانەوە من بەباش مەزانن.

* نە ئینشائەڵڵا غەڵەت ناکەین.

– کوڕە وەڵڵا دەیکەن، ئەو غەڵەتەی ئێوە دەیکەن، کەس نایزانێ، ئەوەندە گەورەیە. عەینی ناپلیۆن؛ دەفعەیەک دەچێت شەڕێک دەکات، پێی دەڵێن بە پانزە هەزار کەس ئەترافمان گیراوە، ئەمانیش پێنج هەزار کەس دەبن، ناپلیۆن دەڵێت ئەی مردووتان مرێت، وامزانی لە جەریدەدا باسم کراوە. ئێستا منیش ئینسانێکی باش نیم، چاک نیم، تاریفم نەکرێت باشە.

* دیارە ئێوە تاریفتان پێ ناخۆشە.

– بەڵێ نە تاریف و نە زەم بکرێ.

* من دەمەوێت دیوانەکەی شێخ نووری کۆبکەمەوە؛ کۆشم کردۆتەوە، حەز دەکەم هەندێک شت لەبارەی شێخ نووری–یەوە بزانم، کە کەس نایزانێت.. لەبەر ئەوەی لێت نزیک بووە و ڕەفیقت بووە، چی لەبارەوە دەزانی بە وردی بۆمانی باس بکە؟

– شێخ نووری کاتب بووە و لە مالیەی سلێمانی–دا بووە، ئینسانێکی خۆش خولق، قسە خۆش، دەنگ خۆش. جارێ دەنگێکی هەبوو، ئێستا داخێکم هەیە کە دەنگەکەی تۆمار نەکراوە، وەڵڵاهی وە بیللاهی کە دەڵێن ئەحەی ناسر، ئەحەی ناسر دەنگی ئەوی نەبوو. هات بۆ سورداش وتم کاکە نووری حەز لە دەنگی تۆ دەکەم. وتی حیلمی تۆ هەر گۆرانی کۆنت دەوێ، نەختە نەختەش دەمانخواردەوە، بەڵام ئەو نەیدەخواردەوە، لەو عانەدا ، با پێت بڵێم من بووم، ڕەشید نامیق و شەفیق بەگی ڕەشید پاشا بوو. لەسەر کانی و ئاوێکدا دانیشتبووین.

* ساڵی چەند بوو؟

– ساڵی نۆ سەد و سی و پێنج بۆ سی و شەش دەرۆیشت، لەسورداش بووین.

* ئەو کاتە ئیشی چی بوو؟

– ئەوسا وەزیفەی کاتب بوو لە مالیەی سلێمانی. لە پاشاندا ساڵی نۆ سەد و چل و ئەوانە بوو نازانم، بوو بە مودیری ناحیەی وارماوا و لە قلیجە دادەنیشت. کە بووە



**حیلمی ساڵی حەفتاکان ئەو کاتەی نابینا بووە**

مودیری ناحیە مەخسووس چووم بۆ لای بۆ دیدەنی، ئەوەندە یەکترمان خۆش دەویست، برایەکی بوو شێخ برایم، بەڵام ئەو بەرهەمێکی وای نەبوو، خوێندەوارییەکی واشی نەبوو.

* جگە لەو شیعرەی، کە بۆ حاکم عەبدولکەریمی کەرکووکلی زادەی وتووە چیتری لەبارەوە دەزانی؟

– کە وەختێک ئەمری خوای کرد، ئەو شیوەنەکەی بۆ دانا، حاکمی مونفەرید کەریم بەگی ناو بوو.

* کوڕی مەلا عەبدوڵڵای کەرکووکلی زادە بوو؟

– بەڵێ، ئەمە دانیان کێشا، نەخۆشی شەکرەی هەبوو، خوێنی نەوەستایەوە تا مرد، ئنجا ئەو کەریم بەگە پیاوێک بوو موخلیس بوو بۆ میللەت، هەموو دادگاییکردنێکی دادپەروەرانە بوو، ئەو هەموو کەس خۆشی دەویست.. هەمیشە تەبیعەتیشی لە کەیف و زەوق بوو، ڕەشۆڵ و ئەوانەش لێی نزیک بوون.

* پێوەندی بە بێخوودی شاعیرەوە چۆن بوو؟

– خەڵکی سلێمانی بوون و ڕەفیق بوون و..

* هاوڕێیەتییان زۆر بوو؟

– بەڵێ هاوڕێیەتیان هەبوو، بێخوود لەگەڵ منیشدا هاوڕێیەتی زۆر بوو، بەڵام لەم ئاخیرییەدا هاوڕێیەتی من و بێخوود گووی تێبوو.

* باشە تۆ دەزانی، لەدیوانەکەی بێخووددا ئەم شیعرەی شێخ نووری کراوەتە شیعری ئەو؟

– وەڵڵاهی ئەسڵی نییە، وەڵڵاهی وە بیللاهی ئەوە شیعری شێخ نووری–یە. با پێت بڵێم، بە حەقی خوا

بەختەتی خۆی هاتووە و من نوسخەم لێ وەرگرتووە و بۆ ناهییە خانیشم بردووە.
* ئێستا نوسخەکەت لەلا ماوە؟
- نەوەڵڵا، بێ قەزا بیت، ئەوە چەند ساڵە... من کوێرێتیم بەسەردا هات و ئەنواعی شیعری خۆشم فەوتا. باشە ئومێد کاکەڕەش شیعرەکانی منی بردووە، ئەوە چی لێکرد؟
* کاک ئومێد خۆی نەخۆشە و باوکیشی مرد.. باشە جگە لەو شیعرەی شێخ نووری، شیعری تریت لەبەرە، یان هەتە؟
- من شیعری ئەوم لەبیر نییە، ئێمە شیعری یەکتر لەبەر ناکەین.
* ئەی باسی شیعرێکی ترت کرد؟
- ئەوە من بۆم دانا، ئەوکاتەی کە بوو بە مودیری ناحیە، ئەوە بوو کە ئێستا خوێندمەوە.
* کە هات بۆ سورداش بۆ لاتان وتی ناخۆمەوە؟
- ئەو مەشرووبی نەخواردەوە
* نەیخواردەوە.. ئێ دواتر؟
- وتم گۆرانی (**لەو کەلە دەنگی ساز دێ، هەلالە و زەم زەمـــە** )م بۆ بڵێ و بۆی وتم، ئەمما چوار پێنج دێر، زیاتر نا.. وتی حیلمی بەسە، بەخوا لەوە زیاتر تاقەتم نییە.
* ئەی دوای مودیری ناحیە بوو بەچی؟
- وەڵڵا بوو بە مردن، ئەمری خوای کرد... تا جارێکیشیان هات بۆ ڕانیە، لەوێ بینیم، ئەوکاتە من لە ڕانیە عەرز و حاڵچێتی و سەعاتچێتی و تەنانەت گۆڕیشم هەڵدەکەند، تا کۆمەڵێ خەڵکی کۆیە هاتن بۆ لام و پێیان وتم، شتێک هەڵواسە و ئەم هەموو سەنعەتەی خۆتی تێدا بنووسە، منیش پێنج شەش شیعرم بۆ هەڵواسین، شێخ نووری بۆیە هاتبوو بۆ ڕانیە، تا سەرژمێری ئاژەڵ و شتی لەو بابەتانە بکەن، ئەوە بوو لای ئاوەکەی قوولە پێکەوە دانیشتین.
* بیرەوەرییەکی خۆش لەگەڵ شێخ نووری، نوکتە بێت، یان شتێکی ئینسانی؟
- ئەو حەزی بەچاکە دەکرد و حەزی بەخزمەتی خەڵک دەکرد و حەزی بە ئەدەبیات و شیعر خوێندنەوە دەکرد و شاعیری خۆش دەویست، ئیتر لەوە زیاتر تاریفی چی بکەم؟
* ئەی پێوەندی لەگەڵ گۆران چۆن بوو؟
- هیچ پێوەندییان نەبوو، هەر هێندە نەبێت گۆرانی شاعیریش لە سلێمانی بوو، شاعیریش لەگەڵ شاعیر هەر پێوەندی هەیە. بەڕاست ئەمشەو من گۆران-م لەخەودا بینی.
* تۆ زۆر جار لەگەڵ شێخ نووری پێکەوە خوادووتانەوە؟
- بەڵێ بۆ خواردنەوە پێکەوە دانیشتووین، بەڵام ئەو سەفەرە نەیخواردەوە.
* باشە لەو دانیشتنانەدا، باسی چ شاعیرێکی بۆ کردوویت، کە پێی موعجەب بووبێت؟
- زۆر باسی شاعیرە کۆنەکانی بۆ من دەکرد.
* وەکو کێ؟
- وەکو نالی، مەولەوی، خوا هەڵناگرێت باسی بێخوودیشی دەکرد، بەڵام ئەیوت ئەو هەموو عەشقێکی بە پێغەمبەر و خودا نەدەدا، چونکە تاریفی پێغەمبەر و شت زۆر دەکات. سالمی خۆش دەویست.
* گۆران-ی شاعیری خۆش دەویست؟
- بەڵێ گۆران-ی زۆر خۆش دەویست، گۆران خۆشەویستی هەموو کەسێک بوو، بەڵام ئەو ڕۆژە شیعرێکی (شێرکۆ بێکەس)ت بۆ خوێندمەوە، وتت مۆسیقای تێدایە، دوایی بیرم لێکردەوە، تۆ ڕاست دەکەیت، هەر کەسەی حەزی لە چێشتێکە، هەیە حەزی لە نسکێنەیە، یان حەزی لە قبوولییە، هەیە حەزی لە بریانییە.. ئەم شیعرە تازانەش ئەربابی خۆیان هەیە، هەروەک ئەنوەری برای شێخ محەمەدی خەتیب، ئەو بەمۆسیقاکە دەزانێت، بەڵام بەنیسبەت شاعیرە کۆنەکانەوە ئەو مۆسیقایە بۆ ئەوان قورسە، ئینجا مۆسیقاش نازانن، وەک ساز و سەنتوور، نەغمەی بۆ ئێمە مەعلووم نییە، چونکە نایزانین.
* ڕاستە وایە.. بەڵام زەحمەت نەبێت با ئەم جارە لەبارەی شێخ نووری-یەوە قسە و باس بکەین، ئەگەر جارێکی تر هاتینەوە ئەوکات باسی شتی دیکە دەکەین، وتت شێخ نووری دەنگی زۆر خۆش بوو؟
- بەڵێ دەنگی زۆر خۆش بوو، دەتوانم بڵێم ئەوەندە موعجەب بووم پێی، کە گۆرانی ئەوت ئینسان دەستی دەکرد بە گریان.
* لە ئێستادا دەنگی شێخ نووری، وەک دەنگ نەماوە، بەڵام کەسانی وەک ئەخۆڵ و دیلان و مەحموود تۆفیق شلک و ئەوانە، سەبارەت بەدەنگ خۆشییەکەی

هەندێ شتیان لێ دەگێڕایەوە، ئێوە سەبارەت بە دەنگ خۆشییەکەی هیچ سەرگوروشتەیەکتان لەبیرە؟

– دادەنیشت و گۆرانی ئەوت و منیش ئێستا ناتوانم لاسایی دەنگی بکەمەوە و بڵێم ئاوا بوو.

* شیعری خۆی بە گۆرانی ئەوت؟

– شیعری خۆشی دەکردە گۆرانی و شیعری خەڵکی تریش، زۆر گوێی نەدەدایێ، خۆپەرست نەبوو، هەر شتێک خۆش بووایە ئەیوت.

* لە شاعیرە تورکەکان و فارسەکان، بە کێ موعجەب بوو؟

– لە شاعیرە فارسەکان بە حافز و سەعدی و ئەوانە زۆر موعجەب بوو، خۆشی خوێندەوار بوو.

* ئەی شاعیرە تورکەکان؟

– بەنامیق کەمال زۆر موعجەب بوو، تەنانەت جارێکیان لێم بیست، لەسەردەمی عەبدولحەمید، یان لەزەمانی یەکێک لە سوڵتانەکاندا، پێی دەڵێن ئاهەنگێک ساز دەکەین، دەبێت هەندێ شیعر و وتار بخوێنیتەوە، لە ڕۆژی یەکشەممە سەعات ئەوەندە دێیت لەسەر شانۆ پێشکەشی دەکەیت، وەک ئەدیبێکی تورک دەبێت شتێک بڵێیت. ئەویش دەڵێ باشە، با بڵێین ئەم دوو شەممەیە پێی دەڵێن، بۆ یەکشەممەکەی تر، ئیتر نامیق کەمال لەبیری دەچێت، کە شتەکانی سوڵتان ئامادە بکات. کاتێ دەنێرن بەشوێنیدا، ئینجا بیری دەکەوێتەوە، بەژنەکەی دەڵێت بەندێک کاغەزم بدەرێ، دەیپێچێتەوە و بەبێ ئەوەی هیچی ئامادە کردبێت دەڕوات. کاتێک دەچێتە سەر تەختەی شانۆ یەک سەعات وتار دەخوێنێتەوە. دوایی یەک قەسیدەی تەواویش دەخوێنێتەوە، ئیتر کە ڕۆژنامەنووسەکان داوای لێدەکەن دەستنووسەکەیان بداتێ بڵاوی بکەنەوە، ئەوکاتە دەزانن هیچی نەنووسیوە، هەر بۆیە جارێکی تریش وەکو خۆی بۆیان دەڵێتەوە، ئینجا تەماشای ئەو زیرەکێتییە بکە.

* یەکەم جار چ ساڵێک شێخ نووری-یت ناسی؟

– وابزانم جارێکیان هات بۆ هەڵەبجە، لەگەڵ ڕەشید نەجیب و ئەواندا دانیشتبوو، ئەوانیش منیان پێ ناساند و بووین بەهاوڕێ.

* ئەمە ساڵی چەند بوو؟

**شیعری من و بێکەس بەراورد ناکرێن، چونکە ئەو شاعیرێکی چاکە.**

– وابزانم ساڵی نۆ سەد و بیست و حەوت، بیست و هەشت بوو، هەر لەو دەورانە بوو.

* چەند جار دوای ئەوە پێکەوە دانیشتن؟

– کە بووەتە مودیر ناحیە چوومەتە لای، من کە لە سووورداش بووم، هاتۆتە لام. هاوڕێیەتیمان بووە، ئیتر نازانم بۆ لای من هاتووە، یان بۆ لای شەفیق بەگ، بەڵام کە هاتبێت بۆ لای ئەو، سەردانی منیشی کردووە. بەس کە هاتووە، هاتۆتە لای منیش، ناتوانم بڵێم مەخسووس بۆ لای من هاتووە.

* شەفیق بەگ کێ بوو؟

– شەفیق بەگ مودیری ناحیەی سووورداش بوو، خەڵکی سلێمانی بوو. ئەوسا سلێمانی شارێکی بچووک بوو، هەموو پیاو چاک و پیاوە گەورەکان یەکتریان دەناسی، بەڵام ئێستا وا نییە، لە سابوونکەران شاعیرێک هەبێت، ئەوەی کانێسکان نایناسێت.

* ئێوە کە لەگەڵ شێخ نووری دادەنیشتن، ئەوانەی تر کە لەگەڵتان دادەنیشتن کێ و کێ بوون؟ مەبەستم ئەوانەیە کە زۆر لێتانەوە نزیک بوون؟

– بەڕێکەوت بووە، ئەگەر لە سووورداش بڵێیت، شەفیق بەگ و ڕەشید نامیق بووە، دادەنیشتین و گۆرانی بۆ دەوتین و قسەی خۆشی بۆ دەکردین.

* شەفیق بەگ باوکی ناوی چی بوو؟

– ڕەشید پاشا.

* ئەی لەو دانیشتنانەدا کە پێکەوە دادەنیشتن، بیروڕای بەرانبەر بە ئەدەب چی بووە؟ هیچتان لەبیر نەماوە؟

– نەخێر، زیاتر باسی کەمی مەعاشەکەی و قسەی خۆش و شیعری جوان دەکرا، ئەوسا ئەم شتانەی ئێستا نەبوون.

* باشە پێوەندی شێخ نووری لەگەڵ بنەماڵەی جاف چۆن بوو؟

– بەڵێ پێوەندییان هەبوو، بەڵام زۆر نا.

* ئەی لەگەڵ مەلا حەسەنی شاهۆدا؟

– یەک جار پێکەوە بینیومن. شێخ حەمەومین-یشمان مرد، ئەی توخوا.. لێرە حەفلەیەک کرا، لەم حەفلەیەدا چەند شیعرێکی شاهۆیان خوێندەوە، وتی حیلمی شیعرەکانی مەلا حەسەنی شاهۆ چۆنە؟ وتم

وەڵڵاهی کچی داوەتێ بیگێ، شیعری نەداوەتێ بیگێت. هەموو ئەو شیعرە جوانانەی بە غەڵەت دەخوێندەوە.

* دیارە ئەوەی دەیخوێندەوە زاوای بووە؟

– بەڵێ زاوای بوو، وتم هەر ئەتوانێت کچەکەی سەقەت بکات، وەڵڵاهی ئەوەندە پێکەنیوم، وتیان وەرە سەرەوە دانیشە، وتم وەڵڵاهی نایەم.

* ئەی سەفەرەکەی کە شێخ مەحموود، بەکاکە حەمەی ناری–دا وەڵامی بۆ ناردبوویت؟

– ئەوە جارێکیان وسوو ئاغا لە سلێمانی دەبێت، پیاو ماقووڵی شێخ مەحموود دەبێت، ناری لە داریکەلی دەبێت. ئیتر وسوو بە شێخ مەحموود دەڵێت نامەیەکم بۆ بنووسە بچم بۆ لای شێخ لەتیفی دانساز، ئینجا شێخ لەتیف خاڵی منە و هاورێی ئەوانیشە. ناری–یش وتی شیعرێکی بۆ دەنووسم، ئیتر کاغەزی بۆ نووسی، رۆحی شیرینم ئەوە وسووی پیاوماقووڵم ناردووە، تاقمێکی باشی بۆ بکەن، ئینجا ناری–یش، لەژێر نامەکەدا بۆ خۆشی ئەم دێرە شیعرەی بە ناوی شێخ مەحموود نووسی؛

**(وسوو موحتاجی دانە وا هاتە لاتان**

**دەڵێن دەستتان هەیە ئێوەش لە دانا)** (١٤)

ئینجا ئەمە حەوت مانا دەبەخشێت. لە دانسازیدا، لە دانایی و لە زۆر شتی تردا. وەڵڵا منیش لە نۆ سەد و سی و سێدا لە سلێمانی موزەمید بووم، لەماڵی خاڵم دەمامەوە. ئەوسا خزمایەتی زۆر خۆش بوو، وەکو ئێستا نەبوو. برا نەچێتە ماڵی برا. بەشەش مانگ، حەوت مانگ لەوێ دەبووم، هەر گوێم نەداوەتێ. ئینجا کە خاڵم نامەکەی خوێندەوە دەستی کرد بە پێکەنین، وتم وسوو ئاغا ناری شیعرەکەی نووسیوە، وتی ئەرێ وەڵڵا، کابرایەک بوو کورتە بالا، ئیتر خاڵم نامەیەکی بە رێکوپێکی بۆ شێخ نووسی، منیش لەژێر نامەکەدا نووسیم:

**(وسوو هات دان بکات یا شێخ لەلامان**

**بە مەرگی تۆ قەسەم پێنج دەفعە گامان)**

ئیتر ناری یەکسەر زانیبووی، وتبووی شێخ لەتیف شتی وا نانووسێت، ئەمە ئیشی ئەو شێتەیە، مەعفووە. جا ئەهات بۆ لامان، بۆ ماڵی تایەر بەگ، هەر کە چلەی زستان دادەهات، تا بەهار نەدەرۆیشتەوە، هەر خەریکی شیعر بوون. ناری دەهات بۆ لام بۆ دوکانی سەعات چاککردنەکەم، جا مێزەرێکی سپی دووکەڵاوی دەبەست کە چاشم بۆی بانگ دەکرد، ئەیوت بلێ ئێرانییە، چونکە هەر چای دیشلەمەی دەخواردەوە، بەمنی ئەوت بەخوا موحتاجییە تۆ ئەم ئیشە دەکەیت.

* بە نیسبەت عەبدولکەریم بەگەوە، هیچ خزم و ناسیاوێکی ناناسیت؟ ناویان نازانیت؟

– بەخوا نازانم، بەڵام پیاوی چاک بوو، رەشۆڵی دەهێنا گۆرانی بۆ ئەوت.

* شێخ نووری پێوەندی لەگەڵ قانیع هەبوو؟

– ئەی چۆن نەیبوو، بەڵام بەدانیشتن نەمبینیوە پێکەوە دانیشن.

* کەمێک باسی رەشید سدقی–مان بۆ بکە؟ شێخ نووری شیعرێکی بۆ نووسیوە دەڵێ شیعری رەزیل کردووە؟

– جا ئەوە قسەت بۆ بکەم، مەقاشی دادەنا، شیعری دەپێواو دەیبڕی. رەشید سدقی ماینێکی هەبوو، چایخانەی نارەوەن هەبوو، لە چایخانەی مەلا ئەمینی چایچی، لەوێ دادەنیشتین. جا رەشید سدقی تەحسیلدار بوو، لەماڵی حەمەی نانەوا دەمایەوە، رۆژێکیان بەهۆی مشکەوە خۆڵی بنمیچی ژوورەکەی بەسەردا دەبارێ و خەوی لێ ناکەوێ. ئەویش دەچێت خامی بۆ دەکڕێ، ئینجا بەو بۆنەیەوە شیعرێکی دانا و وتی رێگەم بدەن با بیخوێنمەوە، ئەحمەد بەگ وتی فەرموو:

**(رەشید سدقی سەقفی کڕی**

**تڕی مشکی بڕی)**

* ئەمە شیعری کێیە؟

– شیعری رەشید سدقی–یە. جا کەوتە باسی ماینە بۆر، ئێمەش ویستمان تاریفی ماینەکەی بکەین، ماینە بۆر بوو، رەشمەکەی دادەماڵی و بەرەڵڵای دەکرد، شوێنی بۆ ماینەکەی ساز نەکردبوو، لەو ناوە پووش و پەڵاشی دەخوارد.

میرزا مارف وتی:

**(هەر لەزێ تا ئاردە بایە، ماینە بۆر**

**مەفرەشی حەوشی سەرایە ماینە بۆر**

ئەحمەد بەگی پاشاش وتی:

**کاتی رۆیین رەمزی هەویر شێلان ئەکا،** (١٥)

**وا ئەزانی نانەوایە ماینە بۆر)**

عەلی کەمال وتی:

**دائیمەن بێ نان و کاو ئالیکە**

**خواردنی پووشوو پەڵایە ماینە بۆر**(١٦)

* ئەی شێخ نووری لەو بارەیەوە چی وتووە؟

– شێخ نووری لەوێ نەبوو، ئینجا منیش وتم:
**(کاکە سدقی سواری بێ وەختی تەڵەب(١٧)**
**هەر ئەڵێی دێڵە بەبایە ماینە بۆر)**

* ئەمە ساڵی چەند بوو؟

– ساڵی هەزار و نۆ سەد و بیست و حەوت بوو.

* ئەی ساڵی چەند مرد؟ مەبەستم ئەوەیە ڕەشید سدقی کەی مردووە؟

– وەڵڵا ڕەشید سدقی لە سلێمانی وەفاتی کرد، ساڵەکەی نازانم، قانیع غەزەلێکی لە هینەکەی ڕەشید سدقی-دا وتبوو. جا نوکتەی قانیع-م زۆر لەلایە، نامەکەم پیشاندای کە بۆی نووسیبووم، لە پێشەکییەکەیدا دەڵێت: (بۆ خۆشەویستم حیلمی گیان، ئەگەر لەمن گەورەتری دەستت ماچ دەکەم، ئەگەر بچووکتریت چاوت ماچ دەکەم، ئەگەر وەکو خۆم وای زۆر سەلامت لێدەکەم. بەقەدەر کەرەمی شێخ مەحموود، بەقەدەر کوێرێتی خۆم، بەقەدەر شێتێتی تۆ سەلامت لێدەکەم).

* چی ترتان لەبارەی قانیع-ەوە هەیە؟

– بیستووتانە جارێک شێخ مەحموود بە قانیع دەڵێ قانیع تۆ گەرۆکی دوو سێ تانجی باشم بۆ پەیدا بکە، ئەویش دەڵێ بەچاوان. شێخ مەحموودیش لێی دەپرسێ لەکوێ دەیانهێنی؟ قانیع-یش دەڵێ هەر ئێستا دەچم دوو سێ سەگ لە قەسابخانەی سلێمانی دەهێنم، هیچیان مەدەرێ لە برساندا بەمانگێک دەبن بە تانجی.

* واتا شێخ مەحموود ئەوەندە ڕەزیلە، یان حەزی بە قسەی خۆش کردووە؟

– نا هەر ویستوویەتی وای پێ بڵێت.. پێشتر قسەیەکم بۆ کردی تەواومان نەکرد.. جارێکیان لەگەڵ ئەحمەد شوکری چووینە لای شێخ مەحموود لە بەغدا، تەماشا دەکەم ڕۆستەم بەگ و ئەفراسیاو بەگ و حەمە سەعید بەگ هاتن کە لە بەغدا تەلەبە بوون، زۆر جوان بوون، منداڵ بوون ئیتر شێخ مەحموود ئەوانی ماچ کرد، منیش وتم ئەحمەد شوکری-یش ماچ بکە؛ ئینجا ئەحمەد شوکری زۆر ناشیرین بوو.

* بەڵێ ئەی ناڵێن خودا جوانە و جوانیی خۆش دەوێ؟ دیارە خۆی کەسێک بووە جوانی خۆش ویستووە.. باشە تۆ بۆ لە شیعردا حەز لەهەجوو دەکەیت؟

– وەڵڵاهی ئەگەر بەیەکێک بڵێی تاریفێکم بکە، وەکو جنێوم پێ بدا وایە.. تاریفی کەسێک دەکەیت، لەدەرئەنجامدا غەڵەت دەردەچێ، جا منیش نامەوێت غەڵەت بکەم، وەکو ئەوەی فایق بێکەس وتوویەتی. «بۆیە».. «بۆیەکەی» فایق بێکەس-ت بیستووە؟

* نەخێر نەمبیستووە.

– جارێکیان یاپراخ دەخوات یەکێک دەچێت بۆ لای و پێی دەڵێ، ئەوە چی دەخۆیت فایق، دەڵێ «بۆیە». کابراش دەڵێ مانای چی «بۆیە»؟ کوڕە ئێستا تۆ دەڵێی چی دەخۆیت و منیش دەڵێم یاپراخ دەخۆم و تۆش دەڵێی بەشم بدەرێ و منیش دەڵێم نایدەم. جا هەر لە ئێستاوە دەڵێم «بۆیە».

* پێم وایە لەگەڵ فایەق بێکەس بەزمتان زۆرە؟

– لەگەڵ فایق بێکەس حەشرمان دەکرد.. لووتی دەگرت و ئاوازی دروست دەکرد، هیچ لۆتییەک ئەوەی پێ نەدەکرا، خۆشی زۆر ناشیرین بوو، جارێکیان بۆی گێڕامەوە و وتی؛ کاک حیلمی چوومە بەغدا و زۆر دەست کورت بووم. سەمموونم لە بەرمیلی زبڵ دەردەهێنا و دەمخوارد. جا باس کردنی ئێمەومانان پاش مردن کەڵکی چییە؟ ئێستا خەڵک قسەمان پێدەڵێت. وەک کەرەکەمان لێهاتووە، کە دەچێتە نێو بێستانەکە دەیتۆپێنن، پاشان دەڵێن موبارەکە و سەری لەنێو بێستانەکەدا هەڵدەواسن.

ئەیوت حیلمی ماوەیەک بوو جگەرە فرۆشیم دەکرد، ڕۆژێک چوومە لای تۆفیق وەهبی، وتیان ڕێگە نییە، ڕۆژێکی تریش چووم هەر نەیانهێشت. ئیتر ڕۆژێک بە سکرتێرەکەیم وت پێی بڵێ «بیکس» هاتووە. یەکسەر فەرموو فەرموویان لێکردم، وتبوویان نەبادا ئینگلیزێک بێت، ئیتر کە چووبووە لای، وتبووی «فایق» ئەوە تۆیت؟ وتی پێم وت وەڵڵا پێم بوتیتایە «بێکەس»، ئەتوت با نەیەت، بۆیە وتم (بیکس)... ئیتر بۆی باسکردبوو، کە وەزیفە و ئیشی نییە و وا لە بەغدایە، ئەویش پێی وتبوو چوار ڕۆژی تر وەرەوە. وتی وەڵڵا حیلمی دەچوومە لۆقنتە و شتەکان، هەر کەسم لێ دیار نەبوایە، سەمموونێکم دەخستە گیرفانم و دەچووم لە کۆڵاندا، یان لە ئاودەستخانەدا ئاوێکم بەسەردا دەکرد و دەمخوارد. بەڕاستی نارەحەتی زۆر دیبوو، زۆری بۆ من دەگێڕایەوە.. ئینجا پاش چوار ڕۆژ چووبووەوە بۆ لای (تۆفیق وەهبی) و هەر لەبەر دەرگاوە وتبووی بڵێن «بیکس» هاتووە، کە چووبووە لای «تۆفیق وەهبی» وتبووی: «لە وزەما نییە».. ئەویش وتبووی، وەڵڵاهی وەبیللاهی تۆفیق بەگ ئەو چوار ڕۆژە بۆ ئەوە گەڕاویت، وشەی «وزە»

بدۆزیتـــەوە، ئەگـــینا هیـــچی دیکە نەبووە و نابێ و خواحافیز. ئیتر ئەوە بوو یەکسەر هاتبووەوە و بەسواری لۆری خۆی گەیاندبووەوە سلێمانی.

* بە ئیرتیجالی شیعری دەوت، یان شێوازی شیعر نووسینی چۆن بوو؟

– ئیـتـریجـالی شیـعـری ئەوت، شیـعـری من و ئەو بەراورد ناکرێن، چونکە ئەو شاعیرێکی چاکە.

* شیعری بڵاونەکراوەی بێکەست لەلا نییە؟

– ئەو شـیـعـرانەی چاپکراون، هەر ئەوانەم لەلایە. جارێکیان لەسلێمانی چووبووە تیاترۆ شیعرێکی وتووە، من ئەمەم هەیە کە لەکتێبەکەدا ئەمەی تیایە.

* ئەی پێوەندی لەگەڵ شێخ نووری هەبوو؟

– ئەی چۆن؟ پێوەندییان هەبوو.

* باسی شێخ نووری بۆ نەکردوویت؟

– نەخێر، بەڵام هەر پێکەوە بووین.

* لەگەڵ ئەحمەد موختار جاف بەینیان چۆن بوو؟

– بەینیان وا نەبوو، ئەوە نەبوو وەلی نیعمەتی بێت، کە هاتبێـتە هەڵەبجە سەرێکی لێداوە و هەر ئەوەندە بووە.

* شێخ نووری دەیتوانی شیعری ئیرتیجالی بڵێت؟

– بەڵێ، دەیتوانی.

* ئەی تورکی و عەرەبی وفارسییەکەی چۆن بوو؟

– بەڵێ، تورکی و فارسی و عەرەبی بەباشی دەزانی، بەڵام زیاتر هەر بەکوردی شیـعـری وتووە.. بێجگە لەوە شـێخ نووری خـۆش خـولق بوو، لەمـەجلیـسـێکدا دانیـشـتـایە، قـسـەی ئەوەندە خـۆش بـوو، دەچووە دڵەوە، قسەی لەسەرخۆ بوو.

* باسی هەندێ لەشەڕە شیعر و تەشقەڵەکانت لەگەڵ عەلی کەمال باپیرئاغا بکە؟

– جارێکیان عەلی ئەفەندی شیعرێکی وتبوو:

**دەخیلتم وێنەگر کاتێک دەکێشیت ڕەسمی ئەو شۆخە**
**کەمێک وریابە شێوەی چاوی مەستی باخەواڵوو بێ**

وتم: مـامـە وەڵڵاهی غـەدرە، وتی چۆن؟ وتم عـاجـز نـابی؟ وتی نەوەڵڵا، وتم، بڵێ بەخـوا، وتی بەسـەری کەمـال. ئینجا کـەمـال کـوڕی بوو. وتم ئاخر کـەمـێک وریابە، شـێـوەی چاوی مـەسـتی باخـەواڵوو بێت، کـە مـەعشـووقـەکەی چاوی مەستی خواڵوو بوو، کـێـریشی هەڵناسـتێت. وتی ڕاست دەکەیت. وتم خۆ شاعـیرانیش هەمـیـشـە هەر وەسفێک بکەن، بەزۆریی مەبەسـتـیـان لە خـۆیانە، وتی ڕاست دەکـەیت. وتم دەبوایە وات نەوتبـا. وتی ئەی چۆن؟ وتم، بتوتبایە:

**(دەخیلتم وێنەگر کاتێک دەکێشی ڕەسمی ئەو شۆخە**
**کەمێک وریابە، کێری تووکنیش با نەختێ درێژ بێ)**

وتی خوا بتگرێ ڕۆڵە، هەر حەیای من تۆ دەیبەیت.

* باشـە ڕای شـێخ نووری بەرانبـەر بەم شـێـواز و کەشوهەوایەی تۆ لە شیعردا چی بوو؟

– وەڵڵاهی ئەیوت حـیلمی ناڵێم خـراپە، دەشـزانم باشییەکەی چییە؛ باشییەکەی ئەوەیە، تۆ پیاوێک پاش سەد ساڵ کە باس ناکرێت، بەڵام شیعر دەمێنێت و باسی ئەو کـەسانەی تێدا دەمـێنێت. وتی پاش سەد ساڵیش، خەڵک لە شیعـرەکانی تۆوە خـەسڵـەتی کەسێکی دێتە پێش چاو. ئەمما ئەگـــەر ئەوە نەبێت، کـــەس نازانێت ئەوکەسە چۆن بووە. ئەو شیعـرانەی تۆ ئەو مەنفەعەتەی هەیە.

* پێی نەدەوتیت ئەم جۆرە شیعرانە مەنووسە؟

– نەخێر ڕێی لێنەدەگرتم، بەڵام ئەیوت تاریف کردنی خەڵکی شتێکی باش نییە، چونکە تۆ تاریفی کەسێک بکەیت پاشـان خـراپ دەرچوو، شـتێکی خـۆش نیـیـە.. ئێستا مەسەلەن قورئان تاریفی کەسی تێدا نییە، دەڵێ دزی مەکە، خراپە مەکە تەماع مەکەرە نـامووسی خەڵک بۆیە خۆشە. جا ئەمە لە سووڕداش عـەرز و حاڵچێـتیم دەکرد، شاکر فەتاح-یش لەوێ بوو.. **باشە بۆ باسی شاکر فـەتاح نەکـەین، کـە چەند نووسـینی هەیە، لە زەمـانی خۆیدا غەش و خیانەتی نەکردووە و هەمـیشـە خزمەتی کـوردو کـوردسـتـانی کـردووە، تەنانەت لە خـورمـاڵ قوتابخانەی لەسەر حیسابی خۆی داناوە.. ئەیوت هەر کەسێک نەخوێنێت بایعی نادەمێ.**

* چیتر لە بارەی شاکر فەتاح-ەوە دەزانی؟

– شـاکـر فـەتاح جـارێکیـان بەمنی وت، حـیلمی با شتێک دروست بکەین، کە نەکرابێت. بەحەمە عەلی وت سندووقـێکمـان بۆ بکات، ئینجا دوو بەکـرەی تێکرد و شەش حەوت مەتر خامی هێناو خەت خەتی کرد و هەموو پیـتـەکانی تێدا نـووسی، کـە دەیسـووڕانەوە پیـتـەکـان دەهاتنە پاڵ یەک و وشەی لێ دروست دەبوو. جا عـەلی بەگـمـان هێنا، وتی حـیـسـاب دەڵێـمـەوە.. ئیـتـر ئەو دەرسـەمـان پێ وتەوە، ئێـمـەش خـەڵکمـان فـێـری خوێندەواری دەکرد.

* وێنەیەکی تۆ و ئەحـمـەد موختـار و ئەوانەم بینی،

بیرت ماوه ئەو وێنەیە لەکوێ گیراوە؟

- بەڵێ لە پاوە بوو، لە پشتی ماڵی حەمە ڕەشید بەگ گیراوە،ئەویش هەموویان ئامادە نەبوون.

* ئەی سەبارەت بە مامۆستا گۆران؟

- ئێستاش فیکرم بێت، عەبدوڵڵا بەگ (گۆران) و شێخ عەبدولخالیق و شێخ مارف چووینە ماڵی خۆمان خانوویەکی گڵمان هەبوو، ئیتر برسیمان بوو نان و چاییەکی باشمان خوارد، دواتر ئەوان ڕۆیشتنەوە و منیش لەماڵەوە مامەوە.

* ئەی بۆ دەڵێن تۆ برای شیری گۆران-یت؟

- من شیری خوشکە گەورەی ئەوم خواردووە، کە ناوی بەهێ-یە.

* هیچ بۆنەیەکی شیعرتان لەگەڵ گۆران نییە؟

- نەوەڵڵا هیچ بۆنەیەکی شیعریمان پێکەوە نییە، چونکە لە زەمانی مندا شیعری نەوتووە، ئاگادار بووم زۆر ئیشی دەکرد، ئەو بە مامۆستایەتییەوە خەریک بوو.

* ئەی کێن ئەو شاعیرانەی کە پێیان سەرسام بووی؟

- شیعری گۆرانم خوێندۆتەوە و پێم خۆش بووە، بەڵام وەک وتم ئەو دەمەی پێکەوە بووین، ئەو شیعری نەدەوت.

* ئەی هیچ یادەوەرییەکت لەگەڵ مامۆستا گۆراندا لەبیر ماوە؟

- ساڵی ١٩٢١، لەسلێمانی من و شێخ عەبدولخالق و شێخ مارفی سەعاتچی پێکەوە بووین، دواتر گەڕاینەوە و چووینە کۆزە ڕەقە، لەوێ نان و ماستیان بۆ هێناین و خواردمان و کەوتینە ڕێ و بۆ عەسرێکی درەنگ گەیشتینە عەربەت. ئەو شەوە لەمزگەوتی عەربەتدا ماینەوە، چێشتیان بۆ هێناین، هەر ئەتوت قوڕاوە، پێم وایە دۆینە بووبێت، تا بڵێی پیس بوو، بەنانی جۆوە دەستمان کرد بەخواردنی. پاشان ئەوان دەستیان بەنوێژ کرد، من هێندە منداڵ بووم نوێژم لەسەر نەبوو. دواتر هاتینە کانی کەوە و شەوێکیش لەوێ ماینەوە، جا هەموو دەروێشی قامچی ڕەش بوون، سەگێکیان هەبوو ناوی قامچی بوو، یەکێکیان وتی چغە تانجەرۆ و چایان لێنا، گۆران کتێبێکی کڕیبوو، ئەوەندە گەورە بوو، دابووی بەکۆڵیدا.

* ئەوکاتە گۆران تەمەنی چەند دەبوو؟

- تەمەنی هەر سێزدە، چواردە ساڵێک دەبوو.

* تا ئەوکاتە هیچ شیعری نەوتبوو؟

- نەوەڵڵا، شیعر بێ لەدەمی دەرنەچوو بوو. دواتر ئەوە بوو گەیشتینەوە ماڵێ و منیان تەحویلی ماڵەوە دایەوە.

* ئەی هیچ شیعری نیشتمانیت نەوتووە؟

- هەروەک لە هەوەڵەوە وتم هیچ شیعری نیشتمانیم نەوتووە.

* ئەی ئێستا تاقەتی شیعرت نەماوە؟ وا دیارە دەمێکە وازت لە شیعر نووسین هێناوە و شیعر ناڵێیت؟

- لەوەتەی چاوم وای لێهاتووە هەر فیکرم لای چاومە، تاقەتی شیعرم نەماوە.

* ئەوە ئێستا دەبینم لاپەڕەکانی کتێبەکە هەڵدەدەیتەوە؟

- بەڵام پیتەکانی نابینم، مەگەر پیتە گەورەکانی ناوونیشانی ڕۆژنامە. خۆ لەبەر منیش هەمووی وا نانووسن.

* ئەی بەنیسبەت موخلیسەوە، شیعری زۆر بوو، من یەک دوو شیعریم بینیوە؟

- ئەوە هینی حسێن بەگی باوکێتی (چنارە منداڵە.. خۆشهاتی.. لەق لەقی).

* یەعنی باوکی موخلیس، بەڵام بۆ ئاگاداریت ئێمە چەند شاعیرێکمان هەیە نازناویان موخلیسە.

- ئەوە جیایە.

* تۆ ئەو موخلیسە دەناسی؟

- خالیسی کوڕی شێخ ڕەزای تاڵەبانی؟

* نەخێر.. وتم دوو موخلیسمان هەیە، یەکێکیان مەلا خەلیلی عەشیرەتی سنجاوییە و خەڵکی دەشتی کەندێناوەی هەولێرە.. موخلیسێکی تریشمان هەیە خەڵکی سلێمانی-یە تۆ مەبەستت لەم دووانە نییە؟

- نەخێر من ئەوانە ناناسم، موخلیسەکەی ئێمە نازناوی شیعری (حەسەن فەهمی جاف)ە، ئەو وتوویەتی:

**(کێڕی کەر بۆیە هەمیشە زیاد دەکا و دەخولێتەوە**
**تا لە دۆڵی عەلییە فەنی ئاوی خۆی بێنێتەوە**
**هەر کە گەییە ناو گەڵی ئەو، تێدەگا ناڕوا هەمووی**
**وردە وردە هەر لەداخا سیس دەبێ و دەکێشتەوە)**

* برادەرێک خەریکی چاپکردنی دیوانەکەی (عورفی)یە، هیچ زانیارییەکت لەبارەیەوە هەیە، چونکە (عارف قاپ ڕەش) ماوەیەک لە هەڵەبجە بووە؟

- ئا ئا ناویم بیستووە، بۆ شیعری هەبوو؟

* دیوانێکی هەیە، دیوانەکەی ئێستا لای ئومێد کاکە ڕەشە و ئامادەی کردووە بۆ چاپ.

– وەڵڵاهی لێرە خوێندەوارییەکی وای نەبوو، چۆن شیعری هەیە، قەپۆلەیەک بوو، شاعیرێکی زۆر موهیم نەبوو، مەگەر دواتر شیعری نووسیبێت. چوار کوڕی خوێندەواری هەیە، مەگەر ئەوان بۆیان دروست کردبێت. ئەگینا بەخوا کوردیشی نەدەزانی، وەڵڵاهی بە سەعاتێک ئیمزای خۆی دەکرد، بابزانیت کابرایەکی پیریش بوو.

* تەنانەت شاعیرێک بەیتێکی هەیە کە دەڵێ:

**(حیلمی شاعیرە، عارف ماعیرە)**

– دەبێت ئەوە هی مەلا کەریم بێت.

* نەخێر مامۆستا، تەنانەت لەڕەشنووسی دووەمی شیعرەکەیدا ئەو بەیتەی لابردووە و وا دیارە هیچ موناسەباتێکتان پێکەوە نەبووە.

– بەرێ وەڵڵا هەمانە، هەمیشە لەچاپخانە و شتدا پێکەوە بووین.

با شتێکت بۆ باس بکەم، ڕۆژێکیان پەنگم بە (ئەحمەد بەگی پاشا، حەسەن بەگی عەلی بەگ، سمایل ئەفەنی زابیتی ئیستخبارات، شێخ سەلام، مەلا حەسەنی قازی)دا. ئەوکاتەی موزەمید بووم ڕۆژێکیان لە خەستەخانە دانیشتبووم، کاغەزێکم بۆ ڕەئیسی بەلەدییە کە سەید عەلی بوو نووسی، تێیدا نووسیبووم تکا دەکەم ئەو ناوانەی کە لە خوارەوە نووسیومن، بەهیچ شێوەیەک نەهێڵرێت بچنە شوێنە گشتییەکان و کەس شتیان پێ نەفرۆشێت، چونکە ئەمانە هەڵگری نەخۆشی سارین (درمن). یەکسەر وتم عەبە ئەمە بەرەو دوایی نوسخەیەکم بۆ بێنەرەوە، منیش نوسخەکەم سووتاند و ڕەقەمی درۆشمان خستە سەری. دوای ئەوە جارماندا و ڕاگەیاندنەکەمان بە هەموو شوێنێکی شاردا هەڵواسی. ئیتر بۆ مەلا حەسەنی قازی ناچێتە بازاڕ و داوای شەربەت ناکات، سەیر دەکات نایدەنێ و پێی دەڵێن ڕاگەیەندراوە کە ئێوە نەخۆشی ساریتان هەیە. ئەویش یەکسەر دەچێت بۆ لای قایمقام و مەسەلەکەی تێدەگەیەنێت. ڕەئیسی بەلەدییە بانگ دەکەن و ئاخیری منیان بانگ کرد. وتیان ژوورەکەی بگەڕێن، گەڕان و هیچیان نەدۆزییەوە.

* یادەوەری ترت لەگەڵ شێخ مەحموود چییە؟

– بەڵێ کەسێکی زۆر موسڵمان بوو، کە نوێژم دەکرد بە شیعر دوعام بۆ ئەوت و ئەویش زۆری پێ خۆش بوو، ناری-یش شیعری بۆ نووسیبوو.

* دەمێکە وازت لە شیعر هێناوە؟

– لەوەتەی چاوم وای لێهاتووە شیعر نالێم.

* ئەی کاک هیوای کوڕت ناتوانێت هەموو شیعرەکانت بۆ بنووسێتەوە؟

– نەوەڵڵا تاقەتم لێی نییە.

* هەجووەکانی تۆ بە بەراورد لەگەڵ ئەوانەی شێخ ڕەزا چۆن دەبینی؟

– بێجگە لەوەی زەمەکانی من شەخسین، وەک ئەوانەی شێخ ڕەزا گشتی نین، شێخ ڕەزا جوێنی بە سلێمانی و کۆیی و سنەیی و هەموو خەڵک داوە.

* شێخ ڕەزات پێ چۆنە؟

– شاعیرێکی بێ هاوتایە. باشە ئێستا کەس شیعری زەم دەنووسێت؟

* نەخێر باوی نەماوە، وابزانم (شێرکۆ بێکەس)یش، سێ چوار شیعری زەمی هەیە، کە ناردوویەتی بۆ حەمە سدیقی محامی، بەڵام بڵاونەکراونەتەوە.

– بۆم گێڕایەتەوە دەفعەیەکیان شێخ مەحموود، دەڵێ قانیع ناتوانیت کۆمەڵێک تانجیم بۆ پەیدا بکەیت، تۆ گەڕۆکی، ئەویش دەڵێ بەرێ وەڵڵا، دەڵێ لەکوێ؟ دەڵێ لە قەسابخانەکەی سلێمانی شەش حەوت سەگت بۆ دێنم، دەڵێ چۆن؟ دەڵێ مانگێک نانیان نادەیتێ دەبن بەتانجی، بەم جۆرە شێخ مەحموود سوعبەت و شتی لەگەڵ قانیع زۆر دەبێت، هەر ئەو جارە شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحموود دەیەوێت لەسەر ئەو قسانە لە قانیع بدات، بەڵام شێخ مەحموود ناهێڵێت و پێی دەڵێ دانیشە ئەوە بەینی خۆمانە، شێخ مەحموود شاعیریشە و شیعری جوانی هەیە، بەڵام من هیچ شیعرێکیم لەبەر نییە.

* قوربان تۆ دەفەرموویت شیعری زەمم وتووە، واتە شیعری شەڕە جوێن، مەبەستت چی بووە لەوتنی ئەو جۆرە شیعرانە؟

– وەڵڵاهی من لەناو شاعیرەکاندا خۆشەویست بووم و لێیان قەبووڵ دەکردم.

* ئەو شاعیرانە کێن؟

– وەکو عەلی ئەفەندی باپیر ئاغا و ناتیق (کە بەمەلا کەریم بەناوبانگە) شێخ سەلام و میرزا مارف و ئەحمەد بەگی پاشا و سەعید فەوزی و.. لەگەڵیاندا لە چاپخانەکەی تەنیشت مزگەوتی پاشا دادەنیشتم و

سەریان دەکردە سەرم و شیعریان ئەوت و منیش شیعری لەو بابەتە قۆڕانەم بۆیان ئەوت.

* یەکێک لەو شیعرانەی کە ئەوان بەسەر تۆدا هەڵیانداوە کامەیە؟

– ناتیق وتوویەتی کە دەڵێ:

**تێکیدا لافاوی شەهوەت وا بنەوانی قنی**
**با هەڵی بەستینەوە ناتیق ئەساسمان چی هەیە**
**سەیر ئەکەم تەرقیمی لەوحەی موژدەیە بۆ خاسوعام**
**فرسەتە سوار بوونی پاشی، باشتر لەوە چی هەیە**(١٨)

* ئەمە شیعری ئەوە؟

– بەڵێ ئەمە هی ئەوە، هی ناتیق–ە، منیش لە وەڵامدا وتوومە:

**ئافەرین ناتیق چەندە شاعیری**
**بۆچی بۆ گاندان هێندە ماهیری**
**بەقنی ڕووتی دائیم حازری**
**بەقەوچە کردن ئەڵێی ماکەری**
**وا ئەزانم لە کورەی ئەرزدا**
**ڕەفیقت نییە لە بۆ گاندەری**
**بەکێری ئینسان بۆچی تێر ناخۆی**
**کەواتە ئێستا موحتاجی کەری**
**هەستە بێرە لام، دەرمانی دەردت، لەلای حیلمییە**

* وەک لە شیعرەکاندا دیارە، زیاتر هێرشت کردۆتە سەر عەلی کەمال باپیر، هۆکارەکەی چی بووە؟ بەڕاستی ئەوەی بەوت کردووە یا بەدەواری شڕی نەکردووە؟

– عەلی کەمال باپیر، زۆر قسەی بەمن وتووە، وەک:

**کۆنە موزەمید تازە سەعاتچی**
**کیسە هەڵگری دەرکەی کەلەچی**

* تەنیا ئەمەی وتووە؟

– بەڵێ ئەمەی وتووە، تا خەڵک گوێی تێوە بێت و پێمدا هەڵبڵێن.

* بێجگە لە ناتیق، هەجووی کێی ترت کردووە؟

– شەڕە جنێوەکانم زۆرتر بۆ عەلی کەمال باپیر و ناتیق وتراون.

* هەر ئەو شیعرەی ئێستا خوێندتەوە، یان شیعری تریشت هەیە؟

– نەخێر زۆرم پێکردووە، جا ناتیق ناوی کەریمە، بۆیە وتومە:

**کەریم نازانێ کە حیلمی ئەشعاری هێند جوانە**
**کە شێر هات ڕێوی خۆی ناگرێت بەدائیم وا لەناو لانە**
**ئەڵێن تەیرێک هەیە حوکمی نییە بەڕۆژ چاوی وەکو کوێر**
**ئەکەن هێلانە بۆ خۆیان لە بنمیچ یا لە وێرانە**

جا کەریم چاوی لەبەر خۆر نەیدەبینی، ئەیوت چاوم هەر لەکاتی هەوردا دەبینێ.

* ئێوە لەگەڵ ئەحمەد موختار بەگی جافدا پێکەوە بوون، بەتایبەت لە ئێران... حەز دەکەین باسی هەندێک لەو بیرەوەریانەمان بۆ بکەن، کە لەگەڵ ئەودا هەتانە.

– هەر بەیەکەوە بووین و پێکەوە دادەنیشتین و لەئێراندا شار و دێ دەگەڕاین و بەتفەنگەوە هەر خەریکی ڕاوکردن بووین.

* یادگارێکی شیعری کە لەگەڵ ئەودا هەتانبێت چییە؟

– یادگارێکی شیعری کە هەبێت، هەر ئەوەیە جارێکیان لەمزگەوتی پاشا دانیشتبووین، جا ڕەشید سدقی لە ماڵی حەمەی نانەوا دادەنیشت، ئەویش لەوێ بوو، لەگەڵ مەلا کەریم و ئەحمەد بەگی پاشا و میرزا مارف، وتی من شیعرێکم وتووە، تڕی مشکم بڕیوە، بەیتەکە ئەمەیە:

**ڕەشید سدقی سەقفی کڕی، تڕی مشکی بڕی**

ئەحمەد بەگ وتی با یەکی شیعرێک بەسەر ماینەکەیدا بڵێین، جا ماینێکی هەبوو لەو ناوە بەڕەڵڵای کردبوو، پووش و پەڵاشی دەخوارد، نە ئەوە بوو ژوورێکی بۆ بگرێت، یان ئالیکی بداتێ.. جا وا ئێستا ئەو زاتە قائیمقامە، بۆیە هەریەکە شیعرێکمان بۆ وت، وابزانم لەناو دەستنووسی شیعرەکانمدا هەیە.

* ئێوە زیاتر گرنگیتان بە شیعری شەڕە جوێن داوە، هۆیەکەی چییە شیعری نیشتمانیتان نەوتووە؟

– بەخوا شیعری نیشتمانیم نەوتووە، چونکە ئەوانەی دەشیانوت ڕاستگۆ نەبوون، هەروەک ئەم مەلایانەی لای خۆمان، چۆن کە فەرموودەی پێغەمبەر دەخوێننەوە هیچیان بڕوایان پێی نییە، ئەو شاعیرانەش هیچیان ڕاستیان نەدەکرد.

* باشە ئەی سەبارەت بە شیعری دڵداری، بەتایبەت ئەوکاتەی گەنج بوویت و گۆڵمەزت دەنایەوە؟

– شیعری دڵداریشم نەوتووە، بەڵام ڕۆژێکیان ژنیان بۆ ئەفراسیاوی کوڕی ئەحمەد بەگی پاشا هێنا، جا لەو تەمەنەدا خەتەنەیان کرد، تەقریبەن پەنجا شیعرم بۆ وت، بەڵام بەداخەوە هەمووی لەبەر نییە، تەنانەت باسی زەماوەندەکە و مەلاکانیشم کردبوو.

* ئەی هیچ شتێک لە ئارادا نەبووە کارتان تێبکات، تا شیعری دڵداری بڵێن؟

– نەوەڵڵا هیچ شتێک نەبووە.

* بەیادی خوالێخۆشبوو حەسەن فەهمی جاف، شتێکت نووسیوە، دەکرێت باسێکی ژیانیمان بۆ بکەیت؟

– حەسەن بەگ، کوڕی عەلی بەگە و ئەویش کوڕی مەحموود پاشای سەرۆکی هۆزی جاف بوو، ماوەیەک بوو بە نائیب و لە هەڵەبجە خانووی دروستکرد.

* بێجگە لەوەی مێژوونووسە و کتێبی هەیە، کتێبێکی وەرگێڕاوە کە باس لە تێپەڕبوونی دە هەزار سەربازی یۆنانی تێپەڕیو بەناو کوردستاندا دەکات.. هاوڕێ و دۆستی نزیکی عەلائەددین سەجادیش بووە. باشە شیعرێکت بۆ کۆچی حەمە لۆری داناوە، ئەم حەمە لۆرییە کێ بووە؟

– حەمە لۆری سایق بوو، دەیخواردەوە و وردە وردە وازی لە سایقی هێنا و دەستیدایە سواڵکردن، ئەوەشی دەزانی کە سواڵکردن لە سایقی باشترە، نە ختوورەتی هەیە و نە مەسرەفی تێدەچێت. داهاتەکەشی باشترە، بەڵام پیاوێکی قسە خۆش بوو، هەربۆیە منیش شیعرێکم بۆ نووسیوە و ئەڵێم:

**بەشان و باهوو، پاڵەوانم ڕۆ**
**نەوەی ناو شاخی هەورامانم ڕۆ**
**تەئریخی فەوتی نۆ سەد و حەفتاو سێ**
**بۆ نەمانی ئەو هیچ کەس نەپرسێ**
**نەڵێن مردووە ڕۆحی باقییە**
**لە بەهەشتیشا هەر ئەو ساقییە**

* ئەو شیعرەی کە بۆ هۆشمەندت وتووە؟

– ئەوە کوڕی کوڕم بوو.

* ئەی ئێستا تەمەنی چەندە

– ئێستا دە، یازدە ساڵانە

* بۆ لەدایک بوونی کوڕی تۆفیق-ی کارەباش شیعرت وتووە؟

– تۆفیق خەڵکی شانەدەرییە و هەر خەمی ئەوەی بوو کە هەر منداڵێکی دەبێت دەمرێت. ڕۆژێک هاتە دوکانەکەم و بەحیساب ژنەکانیشمان خزمن. منیش شیعرێکم بۆ کوڕەکەی وت، ئەمە لە ڕەمەزاندا بوو، شوکور ئێستا لەپۆلی یەکەمی ناوەندییە و ماوە.

* کاتی خۆی شتێکت نووسیوە، کاتێ عەلی کەمال باپیر بەرگی دووەمی لەسەر قسەی ئێوە ناو ئەنێت باخی میر و وەڵامی کاغەزەکەش دەنووسێت، جا ئەو مەسەلەیە چۆن بووە؟

– با عەرزتان بکەم، ئەوە (گەشتی شارەزوور) بوو جوان خوێندمەوە، پاشان سوپاسنامەیەکم بە شیعر بۆ نووسی، کە دەڵێم:

**مامەی خۆشەویست، شاعیری مەشهوور**
**ڕووناکیت خستە دەشتی شارەزوور**
**لە گەورە و بچووک، سەناخوانی تۆن**
**دوعات بۆ دەکەن لە نزیک و دوور**
**شیعرەکانیشت وەک گەوهەر وایە**
**دڵ ڕۆشن ئەکەن، هەروەک پارچەی نوور**
**هەر بەردەوامی لە نیشتیماندا(١٩)**
**بژیت بەشۆخی قەت نەبیت مەخموور**
**حیلمی بەڕاستی بچووکی تۆیە**
**زۆر لای بەنرخە دیاری شارەزوور**

* لە پاشاندا ناوی نا (باخی میر)، بەڵام نەینووسی سوپاست دەکەم، یان شتێکی لەو بابەتە؟

– هەر ئەوەندەی لەپشتی نامەکەم بۆ نووسیوم:

**گەر لە باخی ئەستەمبوولّ و فارسدا بم پەشمە لام**
**دڵ هەمیشە ئارەزوو بۆ گەشتی باخی میر دەکات.**

جا منیش ئەمەم بۆ تەخمیس کرد و لەوەڵامدا وتم:

**وەعدی دامێ موعجەبینێک شەو بەڕووتی بێتە لام(٢٠)**
**کێر زلێ وەک کاکە فازڵ، نازەنین و خۆش کەلام**
**عاشقی بەژنی منن، بەخوا لەمیسرەوە تاکو شام**
**داخی گرانم سەد هەزار خۆشی وا گەر بێتە لام**
**گەر لە باخی فارس و ئەستەمبوڵدا بم، پەشمە لام**
**دڵ هەمیشە ئارەزووی کێری کونجی باخی میر دەکات**

* ئەی ئەوەی شێخ ماسی چی بوو؟

– شێخ ماسی شاعیر بوو، بۆ ئەو دەڵێم:

**هەتیوێکی لووس سمت خڕ و سادە**
**هەر کە بانگم کرد، زوو بێ و ئامادە**
**هەردوو لنگەکەی بخەمە سەر شانم**
**ئەوسا پێی دەڵێم، قەزاو لەگیانم**

* ئەی حەمە سەعید بادەڵانی کێ بوو؟

– ئەوە خەڵکی بادەڵانی نزیک پێنجوێن بوو، لە بادەڵان دوو خزمی خۆی کوشت، پێش ئەوەی ئەو قەتڵە بکات و لە ساڵی ١٩٣٠ لە سێدارەی بدەن، لە پاییزدا دەهات بۆ لای حسێن بەگی مەحموود پاشا و ئەیوت

حەکایەتی ورچی بەردتاشم بۆ بکە. پاشان کە بۆی دەگێڕایەوە، ئەیوت توخوا نەیەنە ژوورەوە، ئینجا تریاکیش بوو، کە لەوێوە دەڕۆیشتەوە گەنم و برنج و ئازووقەیان دەدایێ، ساڵ هات و ڕۆیشت، دێتە سلێمانی. من کە بینیم خەریکی تاقم دروست کردن بوو، دانەکانی کێشابوو، وتم کاکە سەعید، سەعید بەگ ئەوە چی دەکەیت، وتی وەڵڵا ئەوە لێرە گیرم خواردووە و ئێستاکە پارەشم پێ نییە بگەڕێمەوە، کاغەزێکم بۆ حسێن بەگ و ئەحمەد بەگی وەسمان پاشا بۆ بنووسە تا شتێک پارەم بۆ بنێرن، وەڵڵا منیش پێم وت، با لەجیاتی نامە هەندێ شیعریان بۆ بنێرم، وتی باشە، ئیتر منیش لەوێدا بۆی دانیشتم و ئەویش چوو کاغەز و قەڵەمی هێنا و دەستم کرد بە شیعر نووسین.

* باشە پارەیان بۆ نارد؟

– چل ڕوپییەیان بۆ نارد.

* شیعرێکی ترت بۆ مەلا عەبدولکەریمی ڕەباتی نووسیوە، باشە ئەوە شاعیر بووە؟

– ئەوە من کردم بە شاعیر، وتم ڕووناک حەزت لێدەکات و بچۆ بۆ ماڵی پاشا.. ئیتر ئەوە بوو بە تێهەڵدان دەریان کرد.

* ئەی ئێستا ماوە؟

– بەڵێ وا لە سلێمانی مودەریسە. جا ئەم مەلا عەبدولکەریمە ڕۆژێکیان هاتە لام، ڕووناک سەعاتێکی ناردبوو، بۆی چاک بکەمەوە. منیش وتم مەلا عەبدولکەریم، دەڵێی چی بۆ دەستگیرانەکەت شیعرێکت لەسەر ئەم قایشە سپییەی سەعاتەکە بۆ بنووسم؟ شاگەشکە بوو، هەر خێرا چوو نەفەرێ کەباب و ماستاو تەرتیباتی هێناو منیش جوان جوان خواردم و دوایی یەک چاییشم بەسەردا کرد و ئەمەم بۆ نووسی:

**لەتۆڵەی کاتژمێری، ڕۆحی خۆم دانا لەلای حیلمی**
**وتم باش چاکی بکە، تا خیلاف وەعدە نەبێ یارم**

پێم وت تۆ خەمت نەبێت بۆت دەنێرم، بەڵام دوایی بۆم نەنارد.

* بۆچی بۆت نەنارد؟

– چۆن دەینێرم، ئەو شێت ببوو بۆ ڕووناک، ئیتر وەکو فەقێ بۆ شەکر و چا چووبووە ماڵیان، دایکی زوو پێی زانیبوو وتبووی شەکر و چای چی، ئەوە حەز لە ڕووناک دەکات بۆیە هاتووە، وەڵڵا بەتێهەڵدان دەریان کردبوو.

* ئەی هەجووکردنی حەمە ئەمین چۆنە؟

– ئەو بەحەمەئەمین لووتە بەناوبانگ بوو، لە بازاڕ بەقاڵ بوو، شتی دەفرۆشت و لەخۆشییەوە شیعری ئەوت، شتی لەبابەتی کۆترەکەم کۆترە بورجییە و شتی لەو بابەتانە، خەڵکیش شیعریان پێ دەوت و جنێویان پێ دەدا و ئیتر ئاوا بەم جۆرە.

* شیعری زۆر بوو؟

– نەوەڵڵا، دەفعەیەکیش ئەو کۆترە بورجییەی لە گۆڤاری گەلاوێژدا بلاوکردەوە، تەنانەت گۆران سوپاسی کردبوو و وتبووی ئەگەر ئاوا شیعر بڵێیت دەبیت بە شاعیر.

* دیوانی شیعری نییە؟

– نەوەڵڵا.

* ئەی نازانی کەی لەدایک بووە و کەی کۆچی دوایی کردووە؟

– نەوەڵڵا.

* مامۆستا دووجار هەجووت کردووە، ئەوە بۆچی؟

– وەڵڵاهی قسەی قۆری دەکرد.

* هیچی بەتۆ وتووە؟

– نەوەڵڵا هیچی بەمن نەوتووە.

* زانیومانە مەتەڵێکت وتووە؟

– بەڵێ وتوومە؛ بەشەو لەلادێ بەڕۆژ لە شارستان، هاوین و زستان خاڵ خاڵ لەسەر شان، بێ خوێندەواری مێزەر لەسەر سەر، هێشتوویەتییەوە ڕیشی ڕەش و پان، ساحیبی ئەرز و باخێکی زۆرە، بۆ سواڵ ئەگەڕێ لە ناو کوڵانان، هەرکەس بزانێ ئەم مەتەڵە، وریا و زیرەکە لەڕێی نیشتمان)

* ئەمەت بۆ کێ وتووە؟

– شێخ وەلی–یەک هەیە بۆ ئەوم وتووە، هەمیشە بەشەو دەچووە دێهاتەکان و بەڕۆژیش سواڵی دەکرد، ئێستاش ماوە و لەم چەمی گوڵانە باخ و باخاتێکی زۆری هەیە. هەر لە گوڵان لەدایک بووە و کوڕی شێخ حەمەعەلی گوڵانە. ئێستاش لەمزگەوتی شێخ ئەحمەد بووە بە ئەهلی تەریقەت و سەڵا دەکات و شت دەکات.

* جارێک ئەحمەد دلاوەریش زەمی جەنابتانی کردبوو ئەوەیان چۆنە؟

– نەخێر، هەر وتبووی ڕۆڵە، لەنامەیەکیدا پێم ئەڵێ ڕۆڵە، فلانە شت وا دەبێت و وا نابێت، ئینجا لە پەنجاکاندا لەگەڵ ڕەفیق چالاک ڕۆڵی ژنی دەبینی، تا

لەم بەینەشدا تەلەڤزیۆن پیشانی دەدا.

* ئەی ئەو نامەیەی کە فازڵی خەیات بۆ ئێوەی نووسیوە، چی بوو؟

– هەر هەواڵ پرسین بوو.

* بەڵام لەنامەکەدا هەجووت دەکات

– نا هەجووی نەکردووم

* بەڵام لە بەندیخانەی کوت–ەوە، نامەیەکی بۆ نووسیویت و هەجووت دەکات؟

– هەروا قسەی پێ وتبووم، حیز و ئەمانەی پێ وتووم.

* هەندێ شیعریشت وەرگێڕاوە، وەک:

**(گەر وەرگەڕا زەمانە، لێت کەوتە بوغز و کینە**
**بە ئارام بە بەشادی بۆی لێدە تەپڵی سینە**
**ڕاستە گۆڕانی چەرخ عەجیبە، سینەمایە**
**زۆر ئاشووب و فیتنە، سەد ئەفسوونی لەلایە)**

یان ئەم چوارینەیە کە وەرتگێڕاوە:

**(ئەو یارە جوانەم لە بۆ بنێرن**
**گەر مردم لاشەم بە ئەو بسپێرن**
**گەر بکات ماچێک لەم دوو لێوانە**
**زیندوو بوونەوەم بەدوور مەزانن)**

– ئەوە فارسییە وەرمگێڕاوە، لەوەی سەعدی–یەوە هاتووە، دەڵێن دەفعەیەک کچی پاشا کوڕێکی حەڵوافرۆش دەبینێ و دەڵێت:

(**گر زندە شدم، عجب مداری**) و کچە بێ هۆش دەکەوێت، ئیتر زۆر حەکیم دەهێننە سەری و سەیر دەکەن هیچی نییە.. حەکیمێکیان دەڵێت ئەمە شتێکی دەروونییە، شاعیرێک بانگ بکەن، بزانن پێش ئەوەی ببوورێتەوە بۆ ئەو دێرەی وتووە. سەعدی بۆ دەهێنن، لەمانای شیعرەکە تێدەگات کە دەڵێت، ئەگەر زیندوو بوومەوە بەعەجیبی مەزانن.. ئیتر کوڕەکەی بۆ دەهێنن و ماچی دەکات و زیندوو دەبێتەوە.

* ئەی ئەمەیان؛

**(ساقی شەرابێک بڵێ شەرابە**
**زوو ئاشکرای کە، جەرگم کەبابە)**

– ئەوەش وەرگیراوە، لە عەرەبییەوە.

* ئەی باجی ئامینە کێیە کە لەم شیعرەدا زەمی خۆت دەکەیت و ئەویش بە پیس و پۆخڵ ناو دەبەی:

**(حیلمی–یە غەمبارە دائیم مەیلی سەریانان دەکات**
**حەز لە یار و سوحبەتی سەحراو کۆڵانان دەکات**
**هێندە سووتاوە بەناری عیشقی یاری زۆر جوان**
**سوڕە سوڕی دێت وەکو تەیارە دەوران دەکات**
**شێت نییە زۆر عاقڵە، بەڵام وا بۆی دەست ئەدا**
**گێل و کەر بێت، بۆیە دائیم خۆی کەر و نادان دەکات**
**.........**
**.........**
**.........**

تا دەڵێ:

**پیس و پۆخڵ، هەر لەباجی ئامینەی مامان دەکات)**

– مامانێکی زۆر پیس و پۆخڵ بوو.

* ئەی شیوەنەکەی مەلا قادر، سەرگوروشتەکەی چۆنە؟

– ئەوە نەخۆشی شێرپەنجەی دەبێت، دوو جوولەکە دەیبەنە بەغدا، لەوێ دەیبەنە ماڵی حەسەن بەگ دایدەنێن، یەکێک لە جوولەکەکان کە دەڕوات و دێتەوە دەبینێت تاقمەکەی هاتۆتە دەرێ، ئەویش دەچێ بەحەسەن بەگ دەڵێ، وەڵڵا ئەوە مەلا قادر دەیەوێت بمترسێنێ.. کاتێک دەچنە سەری، سەیر دەکەن مردووە.. لەپاشاندا هێنایانەوە بۆ مزگەوتی پاشا و دواتر بردمان بۆ سەر قەبران و ناشتمان و منیش دەستم کرد بەشیوەن وتن بۆی.

* هەجووی میرزا مارف–یشت کردووە، کە دەڵێی:

**(مارف لە دنیا وەکو مامە بەفاڵ بیت**
**جێی لۆمەی ئەگەر پڕ عەقڵ و کەماڵ بیت**
**تاوێک بەد فیعل بیت و تاوێک مەست و خەیاڵ بیت**
**بێ هونەرە ئەگەر وەک ڕۆستەمی زاڵ بیت**
**بەدکار و پڕ لەعنەت و بەد فەسساڵ بیت**
**چیتە لەحیلمی وادیارە دەتخورێ سەرسەری**
**تۆش وەکو مامە وەها دیارە گاندەری**
**بۆ ناو چەمیش پیشەتە، وەک ماکەری**
**بۆ ئیشی نابەجێ هەمیشە بارە بەری).**
**دەک ڕاستەوە نەبی، ملکەچی ناو چاڵ بی**

– بەڵێ وتوومە و شیعرێکم بەناوی عەلی کەمال باپیرەوە وتووە، کە دەڵێم:

**(گاندان پیشەمە بەسەرت قەسەم، هەتاکو ماوم**
**لە کێر زیاتر کەس نییە کەسم، هێزی هەناوم**
**شەست ساڵە ئەمن پیشەم گاندانە، لە ئەم زەمانە**
**دەوای دەردی من کێرە بیزانە، کە بۆم دەرمانە**
**سەروەت لەلای من قیمەتی نییە، ڕۆحی ڕەوانم**

**بۆ دەفعی خرووج کێرە، بینایی چاوم**
**نە کێری کەر و نە هینی بارگیر، پێی دانامرکێ**
**هینی کوڕ باشە دەرناچێ لەبین، تیژە وەکو تیر)**

* بۆچی پێوەندی ئێوە لەگەڵ عەلی کەمال باپیردا وا بەهێز بووە، نەختێ باسی ئەم پێوەندییەمان بۆ بکە؟

– دائیمەن پێکەوە بووین و مەحەبەتمان بۆ یەک هەبووە، لەچاخانەدا چایمان بۆ یەکتر دەکڕی و لەپاڵ یەکتردا دادەنیشتین و هەر دەیوت وازم لێبێنە، تا لەو دواییەدا چوومە لای وتم، گەردنم ئازاد بکە، وتی گەردنی چیت ئازاد بکەم، با گەردنیشت ئازاد بکەم، هەر دەست پێدەکەیتەوە، ئەمە پێش ئەوەی بمرێت بەمانگێک.

* ئەی ئەو شیعرانەی بۆ بەهارت وتووە؟

– جارێکیان بەهار بوو، لەگەڵ کۆمەڵێک برادەر چووینە دەشتو دەر، ئیدی تا بڵێی ڕۆژێکی خۆش بوو، زۆربەی خەڵکی شار لەوێ بوون گۆشتیان دەبرژاند و هەڵدەپەڕین، هەبوو بە تەمەنیش بوو سووڕی دەدا.. ئیتر پێیان وتم حیلمی وەختییەتی شیعرێک بڵێ، ئەوە بوو لەوێدا بیست سی شیعرێکم وت، کە هەموویم لە یاد نەماوە..

**(سەیرانە ئەمڕۆ سەیرانە ئەمڕۆ**
**خۆشە سەیرانی زەڵم و تانجەڕۆ**
**خوڕەی شەتاوان وەک کەفی زێڕین**
**گوڵاڵەی گوێ چەم، زەرد و سوور و شین**
**سەوزە گیای بەهار ئاونگ لەسەر سەر**
**بریق و باقی دێ وەک لاگیرەی سەر**
**جار جار دەست دەگرن کوڕان و کچان**
**قریوەی چۆپی کێش دەگاتە ئاسمان**
**ئەڵێن هەر خۆش بێت ئەم نیشتمانە**
**هەرجێیەک دەچین، جێگەی سەیرانە**
**با بمرێت دوژمن، ئێمەش وەک برا**
**بۆ نیشتیمانمان ئەبین بە چرا**
**ئەوسا ئەزانین خۆشە سەربەستی**
**لەدڵ دەرئەچێ پەژارە و پەستی)**

**پەراوێزەکان:**

**١- بڕوانە: مێژووی ئەدەبی کوردی، د. مارف خەزنەدار، بەرگی حەوتەم، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٦، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، لاپەڕە (١١٥-١٢٦)ی ئەو کتێبە.**

**(٢) بڕوانە سەرجەمی بەرهەمی گۆران، بەرگی یەکەم، محەمەدی مەلا کەریم کۆی کردووەتەوە و ئامادەی کردووە و پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیوە، بەغدا، ١٩٨٠. لەو کتێبەدا بە دیرێک باسی ژیانی گۆران نەکراوە و لە هەموو سەرچاوەکانی تریشدا ١٩٠٤- ١٩٠٥ کراوە بە ساڵی لە دایک بوونی گۆران، جاران زۆرتر ئەوە باو بووە مێژووەکانیان بە ساڵی هیجری دەنووسی، بۆیە کە دەکرایە زایینی ساڵەکە دەکەوتە نێوان دوو ساڵەوە، لەبەر ئەوە هەردوو ساڵەکەیان دەنووسی، بەڵام مامۆستا گۆران ساڵی ١٩٦٢ مردووە، دۆست و هاوڕێ و ئاشنای زۆر بووە، دەکرا ساڵی لەدایک بوونەکەی لەگەڵ ساغ بکرێتەوە، ئەوەی حیلمی دەیڵێ ساڵی لە دایک بوونی گۆران دەکاتە (١٩٠٧) و ئەوەی پێشتر جێگیر کراوە، واتە (١٩٠٤ - ١٩٠٥)ەکە هەڵدەوەشێنێتەوە.**

**(٣) ئومێد کاکەڕەش دەڵێ: حیلمی لە تەمەنی (١٨) ساڵییەوە شیعر دەڵێت. ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە ٦٥٣، ١٩٨٢.**

**(٤) ئەحمەد بەگی پاشا، یان ئەحمەد بەگ، یان ئەحمەد پاشا، مەبەستی ئەحمەد موختار جاف-ی شاعیرە کە لەو سەردەمەدا قایمقامی هەڵەبجە و نائیب بووە.**

**(٥) میرزا مارف (١٨٩٥- ١٩٥٦/٣/٢٣) کوڕی مەلا ئەحمەدە، خوێندنی لە حوجرە و قوتابخانەی ئایینی تەواو کردووە، لەکاتی خۆیدا شاعیرێکی بەناوو دەنگ بووە، زۆر شیعری لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی ئەو سەردەمەدا بلاوکردووەتەوە.**

**(٦) لە لاپەڕە (١٥-١٦)ی دیوانە چاپکراوەکەیدا نووسراوە: (تەنانەت ساڵی ١٩٣٤دا لەگەڵ ئەحمەد موختار بەگی جافدا دابوویانە چیاکان بەرهەڵستی حوکمڕانی ئینگلیزەکانیان دەکرد)، بەڵام هۆیەکەی ئەوەیە کە لەبەر قەرزاری، ئەحمەد موختار جاف لە حکوومەت عاسی بووە. حیلمی شاعیریش لەناو دەقی چاوپێکەوتنەکەدا هەر وای وتووە، چوونی حیلمی-یش بۆ لای ئەحمەد موختار جاف هەر بەهۆی ئەو نامەیەوە بووە کە بۆی ناردووە و نووسیویەتی بێ تاقەتم و هاوزمانم نییە، ئەمیش بەپیر داوای هاوڕێیەتییەوە چووە. ئەو وێنەیەش کە لە چاوپێکەوتنەدا بلاوکراوەتەوە هی ئەو کاتەیە کە چوونەتە دیوی ئێران و زۆربەی کات بە ڕاو و ڕاووشکارەوە خەریک بوون.**

**(٧) حیلمی دەڵێ کوڕێکی نارد بۆ بەغدا و سەربازی هێنا لەڕێی خانەقین و کفری و کەلار هێرشیان کردە سەر شێخ مەحموود**

و لەپاشاندا شێخ مەحموود ئەحمەد بەگی زیندانی کرد، بەڵام ئەوەندەی من سەر و سۆراغی ئەو مەسەلەیەم کردووە ئەحمەد بەگ لەوکاتەدا لەلایەن شێخ مەحموودەوە زیندانی کرا کە سمایل خانی سمکۆ لە ساڵی ١٩٢٤ سەردانی سلێمانی کردووە و میوانی شێخ مەحموود بووە، بۆ ئەوەی شێخ مەحموود پێوەندی بەکەسەوە نەکات، چوو بوو هەموو هێڵەکانی تەلەفۆناتی سلێمانی پچڕیبوو.

(٨) ئەم شیعرە کە لەلاپەڕە (٧٠)ی دیوانەکەیدا چاپکراوە، ئەم دێرەی تێدا نییە. بڕوانە دیوانی حیلمی، شێخ محەمەدی شێخ حسێن، ئومێد کاکەڕەش ئامادەی کردووە و پێشەکی بۆ نووسیوە، ١٩٨٥، لە بڵاوکراوەکانی پرۆژەی هاوسەر (٤)، سلێمانی.

(٩) لەلاپەڕە (٧٠)ی هەر ئەو دیوانەدا نووسراوە (لێی نەدیوە).

(١٠) ئەخۆلی شاعیر بۆی گێڕامەوە کە سەی عەلی ئەسغەر لەبەر ئەوەی بێ پسوولەی ڕەسمی هاتبووە ئەم دیوە، بۆیە خەبەریان لێدابوو و لەسلێمانی گیرابوو، دواتر حاکمەکان بەکەفالەت بەریان دا و پارەی سزاکەیان بۆ دابوو و لە ڕێگەی هەڵەبجەوە ڕەوانەی ئەودیو کرابووەوە، شەوەکەی سەعید قەزاز لە هەڵەبجە ئەو دانیشتنە ڕێک دەخات.

(١١) ئەحمەد موختار جاف وەک لێی دەگێڕنەوە لەدەمی خۆیەوە وتوویەتی لە دووکەس مەلا حەمەدوون و شێخ بابا ڕەسوولی بێدەیی شیعری نیشتمانی وەرگرتووە و فێر بووە.

(١٢) ئەو شیعرە لە دیوانەکە چاپکراوەکەی شاعیردا نییە.

(١٣) حەمە بۆر دەڵێ: چەند دەستنووسێکی تاهیر بەگی جافم لەلای حیلمی دیوە کە بەهۆی تێکەڵاوی و نزیکی زۆری خۆی لەگەڵ بنەماڵەی تاهیر بەگ کەوتبوونە لای ئەو، لەوانە فەرهەنگێکی کوردی، عەرەبی، فارسی، تورکی بوو کە وەک (ئەحمەدی)یەکەی شێخ مارفی نۆدێ وابوو، ئەو فەرهەنگە هەر میسرەعێکی چوار وشە بوو، کە هەر وشەیەکیان بە زمانێک دانرا بوو کە هەمان مانای هەبوو، هەروەها کەشکۆڵێکی شیعریش بوو کە شیعری مستەفا بەگی کوردی و زۆر شاعیری کوردی تری تێدا بوو ئەویشی لەلا بوو کە لەماڵی تاهیر بەگی جاف وەری گرتبوو، ئەم کەشکۆڵە گرنگەش کەوتبووە لای حیلمی کە من خۆم ئەوەم بەچاوی خۆم لەلای دیوە. ئەوە بوو بۆ ساغکردنەوەی شیعرەکانی مستەفا بەگ داوام لێکرد بمداتێ، بەڵام ڕێگەی نەدام وێنەی بگرمەوە و سوودی لێ وەربگرم، هەرچەندە زۆر دۆستیشی بووم و شەوەکەی میوانی ماڵیشی بووم ئینجا نەیدامێ. تەنانەت پێم وت بمداتێ هەر تەماشایەکی دەکەم، پێی وتم تۆ دوو- سێ جار بیخوێنیتەوە شیعرەکان لەبەردەکەی، بۆیە ناتدەمێ سەیریشیان بکەیت.

(١٤) لەگەڵ ئەوەی لە دیوانە چاپکراوەکەدا جیاوازە.

(١٥) لە لاپەڕە (٨٣)ی دیوانە چاپکراوەکەدا نووسراوە: (هەر بە ڕەوت ڕەمزی هەویر شێلان ئەکا)

(١٦) لەهەمان لاپەڕەدا نووسراوە: خواردنی پووش و پەڵایە ماینەبۆر کە دەبێ پووش و پەڵاش بێ و هەر ئەمەش ڕاستترە.

(١٧) ئەم دێرە جوانتر و سوارترە لەوەی لە لەلاپەڕە (٨٢)ی دیوانە چاپکراوەکەدا نووسراوە: (کاکە سدقی لێی ئەچێ کاتی تەڵەب).

(١٨) هەر لە دیوانە چاپکراوەکەدا ل٦٢ نووسراوە (سونەتە سوار بوونی پاشی...). هەروەها شاعیر خۆی هەر لەو دانیشتنەدا جگە لە (فرسەتە...)، (ڕوخسەتە)شی وت.

(١٩) ئەم بەیتە لە دیوانە چاپکراوەکەیدا نییە کە شیعرەکە لەلاپەڕە (٥٩)دا بڵاوکراوەتەوە.

(٢٠) لەلاپەڕە (٦١)ی دیوانە چاپکراوەکەدا نووسراوە: وەعدی دامێ مەه جەبینێک...

(٢١) ئومێد کاکەڕەش لەلاپەرە (٢٢)ی دیوانە چاپکراوەکەی شاعیردا نووسیویەتی: [کاک هیواش (مەبەستی هیوای کوڕی شاعیرە) زۆربەی شیعرەکانی پاکنووس کردبوو، بەڵام دەستکارییەکی زۆری تێدا کردبوو، کە ئەوەش بوو بووە هۆی شێواندنی شیعرەکان]، ئەمە بەڵگەیە بۆ ئەو دەستکاری کردنەی شیعرەکانی دیوانەکە و بوونی ئەو جیاوازیانەی لەنێوان دەقی شیعرەکانی ناو دیوانە چاپکراوەکە و ئەوانەی لەکاتی چاوپێکەوتنەکەدا بۆ منی خوێندەوە.

(٢٢) حەمەبۆر دەڵێ: (ڕەسووڵە کۆڵ) کە پیاوی ئەحمەد موختار جاف بوو، شیعرەکانی ئەحمەد موختار جاف و ئەحمەدی کوڕی بۆ هێنام، منیش بردمنە لای نەجمەدین مەلا بۆ ئەوەی دیوانەکەی ئەحمەد موختار-م بۆ بنووسێتەوە، بۆی نووسیمەوە و ماوەیەک لەلام بوو، بەڵام داخەکەم لە پاشانا لێم دزرا.

(٢٣) ئومێد کاکەڕەش نووسیویەتی: (لە شارە خنجیلانەکەی هەڵەبجەدا نێوبانگێکی تەواوی هەیە، زۆربەی شیعرە توانج و پلارەکانی بوونەتە ویردی سەر زمانی خەڵکی و لە هەر شوێنێکدا شیعری شێخ ڕەزای تاڵەبانی بخوێنرێتەوە، یەکەو ڕاست شیعری حیلمی بەدوویدا دێت، هەر ئەمەشە بۆتە هۆی ئەوەی حیلمی بە جێنشینی شێخ ڕەزا دەبنرێت). بڕوانە سەرچاوەکەی پەراوێزی سێیەم. هەروەها دەڵێ: (یەکێکە لەو شاعیرانە کە بۆتە زیندووکەرەوە و بووژاندنەوەی شیعری توانج و پەلاری کوردی). ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە ٦٥٥، ١٩٨٢، بەغدا.

بیرەوەری ٢٥ساڵ لەمەوبەر

(٧)

# عەبدولخالیق مەعرووف و سیمینارەکەی نالی

مارف خەزنەدار

-١-

لە دووکانە حەوت هەشت مەتر چوارگۆشەییەکەی عەبدولخالیق مەعرووف وەک میحرابی ئەکادیمییە باسی هەموو شتێک دەکرا. پیاو هەندێ جار وای هەست دەکرد تیۆرییەکانی مارکسیزم بە عەبدولخالیق خۆش نییە، ئەمە تا پلەیەک ڕاست بوو، هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کۆمۆنیستە عیراقییەکان، بەتایبەتی کوردەکان بایەخێکی ئەوتۆیان بە مەسەلەی نەتەوایەتی کورد نەدەداو ماوەیەکی پێویستیان تەرخان نەدەکرد لە خەباتی پۆلیتیکیاندا بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە. ئینجا بێ گومان کەسێکی وەکو عەبدولخالیق مەعرووف وێڵی ئازادی و سەربەخۆیی بۆ کورد، گرژی و ساردییەک دەیگرێ بەرانبەر کردەوە پراکتیکییەکانی کوردە کۆمۆنیستەکان، لە ئەنجامدا خۆیان دەست بەتاڵ دەمێننەوە و شەرمەزاری نەتەوەی خۆیان دەبن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا عەبدولخالیق دەم پاک و دڵ بێ گەرد و مێشک سارد بوو لە ڕاست کۆمۆنیستەکان و ڕێزی دەگرتن.

لە ئەکادیمییەی عەبدولخالیق مەعرووف بەگشتی باس لە هەموو شتێک دەکرا. ڕەنگ هەبوو گفتوگۆ لە بابەت پارتییە سیاسییەکان و پێوەندییان لەگەڵ یەکتری و بیروباوەڕ دەربڕین بەرانبەر کەسی سیاسی و کاربەدەستانی میری تیژ نەبووایە ئەگەر دیوەخان میوانی زۆری لێ بووایە. لەو ڕۆژگارەدا زیاتر باسی نالی و غەزەلەکانی دەکرد، ئەگەر تەنیا من و ئەویش بووینایە، ئەوە بە هیچ جۆرێ باسی لە نالی نەدەکرد. لەمەوە هەستم بەوە کردبوو، دەبێ شتێکی بە دەستەوە بێ لە بابەت نالییەوە، بۆیە کە باسی نالی دەهاتە ناوەوە من بەشداریم تێدا نەدەکرد. دیار بوو مەبەستی عەبدولخالیق لەم کارەدا ئەوەبوو بزانێ تا چ پلەیەک دۆست و برادەرە نزیکەکانی

لەگەڵ ئەو بیروڕایانەن کە لە بارەی نالییەوە هەیەتی.

ئەمەی بۆ ڕێز لێنان بوو، ئەگینا عەبدولخالیق وەکو هەموو زانایەکی ڕەسەن خۆی ناسیبوو پێش ئەوەی خەڵکی بیناسێ، گومانی لەبیروباوەڕی خۆی نەبوو، دوودڵی نەدەزانی، سووریش بوو لەسەر بۆچوونەکانی تا پلەی لاساری لە هەندێ هەڵوێستدا، ئەمە هەمووی ڕەوشتێکە زانای ڕاست و دروست پێڕەوی دەکا.

ئەم هەموو دۆستایەتی و نزیکی و برایەتییەی نێوان من و عەبدولخالیق کە موو بە بەینماندا نەدەچوو، نەبووە هۆی ئەوەی مەسەلەی لێکۆڵینەوە لە شیعری نالی ببێتە نووسینێک بۆنی لەسەر کردنەوەی منی لێ بێ. ئەو دەیگوت گەڕانە بە شوێن حەقیقەت. بەڕاستی زۆر سەیر بوو لە گەشتێکی دووسێ ڕۆژیم لە بەغداوە بۆ هەولێر عەبدولخالیق زەرفێکی گەورەی دامێ، دیاربوو کاغەزی تێدا بوو بۆ جەمال خەزنەداری ببەم. ڕاسپاردەکەم بۆی جێبەجێ کرد. جەمال پێی گوتم: دەزانی ئەو زەرفە چی تێدا بوو؟

گوتم: نا، گوتی: ئەمە پاکنووسی کتێبێکە عەبدولخالیق تێیدا بەراورد لە نێوان دیوانی نالی چاپی تۆ و چاپە سێ قۆڵییەکەی مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس و هەر دوو کوڕەکانی دەکا. گوتم: عەبدولخالیق ئارەزووی خۆیەتی و لە هەموو کردەوەیەکی سەربەستە، بەڵام پێوەندی چی بەتۆوە هەیە؟ گوتی: من بۆی دەبەمە سانسۆر و بۆشی چاپ دەکەم. گوتم: خەڵکی چی دەڵێن؟ گوتی: ئارەزووی خۆیانە، ئەمە بەرگری کردنە لە حەقیقەت، عەبدولخالیق لای تۆ باسی ئەمەی نەکردووە، باسیش ناکاو بەمنیشی گوتووە ئەم هەواڵەت پێ نەگەیەنم تا کتێبەکە دەچێتە چاپخانە. گوتم: ئارەزووی خۆتانە.

بەم جۆرە کە کتێبی «نالی و کێ ڕاستە؟»ەی عەبدولخالیق مەعرووف بڵاوکرایەوە، منیش وەکو هەموو خوێنەرێک لە کاتی دەرچووندا لە دەرەوەی نیشتمان بووم، دانەیەکیان بۆم نارد و چاوم پێیدا خشاند. ئەوکاتە بۆم دەرکەوت عەبدولخالیق لەسەر حەقیقەتی کردۆتەوە، بە ڕەش و سپی، بەمەنتیقی ئەرستۆ، بە بەرنامەی لێکۆڵینەوەی زانستی دەڵێ: ئێوە ئەم دێرەتان وا نووسیوە، ئەویش (واتە من) وای نووسیوە، ئەوەی ئەو ڕاستە.

-٢-

لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٨٢ ماڵم لە هەولێربوو، لەو سەردەمەدا کارگێڕی بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری جەماوەری لە سلێمانی محەمەد ئەمین پێنجوینی بوو. من پێوەندیم بە هەموو دامودەسگاکانی دەوڵەتەوە نەمابوو، لەگەڵ ئەوەشدا یەکێکی وەکو پێنجوینی بەناوی خۆیەوە دەیتوانی ئەو بڕیارەی من داومە لەم لایەنەوە بیشکێنێ بە بەڵگەی ئەوەی من هەرەوەزی لەگەڵ خۆی وا دەکەم، نەوەکو ئەو دەسگایەی سەر بە دەوڵەتە و من لێی یاخی بووم، ئیتر بە ناوی ئەوەی من بۆ میوانداری محەمەد ئەمین پێنجوینی و دیدەنی هەموو شاعیر و نووسەرە کوردەکانی هاوڕێم بوون و لێمەوە نزیک بوون لە هەولێرەوە کەوتمە ڕێ بۆ سلێمانی.

مەبەستی محەمەد ئەمین پێنجوینی لە گێڕانی ئەم سیمینارە، پێکانی دوونیشانە بوو. یەکەمیان من لە گۆشەگیری دەربێنێ، چونکە دەیزانی من تکای نادەمە دواوەو لە سیمینارەکە بەشداری دەکەم. دووەمیان جموجوولێیەکی پڕ لە چەندو چوون بخاتە ناوەوە، لە بابەت چاپی دیوانی نالی سێ قۆڵییەکەی مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس و هەر دوو کوڕەکانی، چونکە بەڕاستی لەو ڕۆژەوە دیوانەکەی نالییان لەژێر چاپ دەرچوو بوو لە ستایش و پێدا هەڵدان بەولاوە ڕاگەیاندنی تۆمارکراو، تاقە وشەیەکیشی بڵاو نەدەکردەوە پێیان بڵێ لە دیوانی نالییەکەتاندا دوو برۆ لە سەرچاوتانە، بەڵام دیار بوو ڕەئووف عوسمان قۆڵی ئازایی لێ هەڵماڵیبوو و بڕیاری دابوو زانستیانە ئەو دیوارەی لەنێوان ڕەخنەو دیوانی نالی چاپە سێ قۆڵییەکە هەڵچنرابوو بە بەڵگەی زانستییەوە بڕووخێنێ.

ڕۆژی یەکەمی سیمینارەکە، من لەوێ نەبووم، ڕەئووف عوسمان وتارێکی تێروتەسەلی پێشکێش کردبوو و گفتوگۆیەکی گەرمی لەسەر کرابوو. ئامادە نەبوونی من بە ئانقەست بوو، هەرچەندە بیروڕاکانی ڕەئووف عوسمان بەرگری کردن نەبوون لە من، بەڵام لەبەر ئەوەی بۆ چاکەی خاوەنانی چاپە سێ قۆڵییەکەی نالیش نەبوون، بتەوێ و نەتەوێ بۆ چاکەی من دەگەڕانەوە، لەبەر ئەوەی ڕەوشتی زانستیش ئەوەی دەخواست لە هەڵوێستی وادا قسە نەکەم، بۆیە لە ڕۆژی یەکەمی سیمینارەکە ئامادە نەبووم.

بەیانییەکی ساردی کانوونی یەکەمی هەولێر بوو، بەڵام سەرماکە لەبەر ئەوەی کپ بوو کاریگەر نەبوو. بەیانی زوو بوو لە ماڵ هاتمە دەرەوە، هەستم بە تەنیایی دەکرد، وەک بڵێی لە کۆمەڵ داپچڕابم وا بوو. نازانم لەبەر

ئەوەبوو کەم ڕێک دەکەوت بە تەنیا گەشتی سلێمانی بکەم، یان لەبەر ئەوەبوو هێـــشـــتـــا دوو دڵ بووم لە بەشداربوون لە سیمینارەکە! هەرچۆنێ بێ دەبوو لە بەشێکیدا ئامادەبم، لە لایەکی تریشەوە ناو دەروونم گەشاوە بوو، چونکە بۆ سلێمانی دەچووم، مەبەست لەلای من سلێمانی بوو نەوەکو ئەوکار و کردەوەیەی بۆی دەچم.

-٣-

پێش نیوەڕۆیەکی زوو بوو کە گەیشتمە سلێمانی، هەر لە ڕێوە لە تاکسییەکە هاتمە خوارەوە و ڕووم کردە شوێنی سیمینارەکە. لەوە دڵنیابووم چاوم بەکار بەدەستە ئێسک قورسەکان ناکەوێ. ئەنجامیش هەروابوو.

هەرچی ڕۆشنبیر و خوێندەوارە ئێسک گرانەکانی خۆشمان بوون لەگەڵ ئەوەی بەسەر دڵەوە گران بوون، بەڵام دەبوو نازی بێ نیازیان بکێشین. سیمینارەکە هەر چەندە بۆ لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی دانرابوو لە بابەت ژیان و شیعری نالییەوە، بەڵام کەم و زۆر، نەشیش بسووتێ و نە کەبابیشی تێ کەوت.

کلکە لەقێ و دووڕوویی دەوریان هەبوو. من گوێم لەوجۆرە شتانە نەبوو، ئێستاو ئەوساش لەسەر ئەو باوەڕەم گەلێ لە غەزەل و قەسیدەی نالی بە داخراوی و نهێنێ و پڕ لە موعەمما ماونەتەوە. ورد بوونەوە لە شیعری نالی قازانجی بۆ کولتووری نەتەوایەتی زیاترە لە لێکۆڵینەوە لە ژیانی، چونکە شیعری ئەو زۆریان بە بەرەوەیە. ژیانی نەزانراوی نالی ماوەی فراوانە و هیچ ئومێدێکیش نییە زانیاری ئەوتۆمان دەست بکەوێ گێتییەکی تازەمان بۆ بکاتەوە و هەندێ لە نهێنییەکان ئاشکرا بین. لەبەر ئەمە کەم دەسەڵاتەکان هەمیشە خەریکی ژیانی نالین و نالی زانەکانیش خەریکی غەزەل و قەسیدەی شاعیری گەورەن. ئەمانە ژمارەیان کەم و ئەوانی دیکە ژمارەیان زۆرە.

من لە دووانەکەی خۆمدا هەوڵم دا لەسەر دوو ئێستگەی تاقی کردنەوەی نالی بوەستم، یەکەمیان نالی هی میللەتی کوردە، لەمەوە غەزەلەکانی ڕێگە بۆ ئەوە خۆش دەکەن شیعری نالی ببێ بە هی مرۆڤایەتی، چونکە بەرهەمی ئەو ناوەرۆکی عالەمی و کۆزموسییان تێدایە، ئەوەی تا ئێستا لە پێناوی تێگەیشتنی شیعری کراوە، دڵۆپێکە لە زەریایەک. دووەمیان ئەو هەوێن و ماکە کوردەواری و کوردایەتییەی لە شیعری نالی بەدی دەکرێن زیاترن لە شیعری شاعیرانی قۆناغی پێش خۆی و پاش خۆی، بەڵام ئەمە بەرووکەش دیار نییە. هەر لەبەر ئەوەشە شیعری نالی کاری زۆری گەرەکە بۆ ئەوەی جێگەی ڕاستەقینەی ئەم شاعیرە لەناو لاپەڕەکانی مێژووی ئەدەبی نەتەوە دیاری بکرێ.

هەواڵی وا لەناو بەشداربووانی سیمینار بڵاو بووەوە گۆیا دوایی سیمینارەکە خۆش و پێکەنیناوی دەبێ بەوەی مەحموود زامدار هەندێ تێبینی قەشمەریجاڕی دەخاتە ڕوو لە بەشێک غەزەلی نالی. مەبەست لەمە شیعری «هەی کەرێکم بوو چ پەیکەر...» بوو. ڕاستیش لەمەدا ئەوەیە ئەم شیعرەی نالی ئەگەر ناچاربین زاراوەیەکی لەباری ئەدەبی بۆ بەکاربێنین، دەبێ پارچە شیعرێکی کۆمیدی پێ بڵێین. وەکو ئاشکراشە کۆمیدیا ڕوویەکە لە دوو ڕووەکەی دراما، بەم پێیە شیعرەکە گاڵتەوگەپ نییە، بەڵکو حەقیقەت و قووڵبوونەوەیەکە لە بیری ئادەمزاددا.

جگە لەوە تێبینییەکانی نالی لە ڕووی ناوەرۆکەوە هەوڵ و کۆششێکی فەلسەفییانەیە لە ڕەوشتی گوێدرێژدا دەری دەبڕێ، جگە لە وێنە شیعرییە داهێنراوەکانی، پیاو هەست بەسەرکەوتنی نالی دەکا لە هەڵبژاردنی وێنەی هەست پێکراو و بەچاو بینراوی سروشت بۆ مەبەستی بەراوردو بەرانبەر کردن لەگەڵ خوووڕەوشتی کەر وەکو دیاردەیەکی نەبینراو و ئەندامی لەشی وەکو ڕووداوێکی مەتریالی هەست پێ کراو.

دووری ئەم سیمینارە لە پۆلێتیک و کۆمەڵێک نووسەری کاسەلێس دیمەنێکی بێ گەرد و بریقەداری بەخۆوە گرتبوو. لەوەش گرنگتر پێشنیارێکی پڕ سوود لە سیمینارەکەدا کەوتە ناوەوە، ئەویش هەوڵدانێک بوو بۆ هێنانەدی «ژیانی شاعیری نەمری سامانی نەتەوایەتی نالی لە زنجیرە فیلمێکی تەلەڤیزیۆنیدا». ئەم کارە ئەدەبی و هونەرییە زۆر گرنگە دوو لاوی ڕۆشنبیری هەڵکەوتووی کورد دڵشاد مەریوانی و کەریم عوسمان خستیانە سەر شانی خۆیان. منیش دەستنیشان کرابووم بۆ سەرپەرشتی کردنی لایەنی ئەدەبی و مێژوویی پڕۆژە هونەرییەکە. هەندێ کاریش لە پێناوی هێنانەدی پڕۆژەکە کرا، بەڵام سەری نەگرت. ڕۆژگاری نالەبار ڕێی لێ گرت. من ئاوارەی دەرەوەی نیشتمان بووم و دڵشاد مەریوانی ڕووی کردە شاخ و کەریم عوسمان لە سلێمانی نەمایەوە و کەوتە هەولێر: مەگەر تەنیا لەخەودا فەرامۆشی بە خەونەکانی بهاتایە کە تێیاندا لە تەلەڤیزیۆن زنجیرەی ژیانی نالی چاو پێ دەکەوت. ئەم پڕۆژەیەش وەکو زۆری دیکە هیواو ئامانجی لاوی کوردی بردە ناو گڵەوە.

# جەوهەرە پتر لە پێویستییەکان «تیغی تراشەکەی ئۆکام»

هانز هان
لە ئەڵەمانییەوە: د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی زمان)

لەنێو نارێکوپێکی سیستمە فرە ڕەنگییە فەلسەفەییەکاندا، وەک بۆم دەردەکەوێ، دەکرێ دوو جۆری سەرەکی لە یەکتری جیا بکرێنەوە:

- **سیستمی فەلسەفەی ڕوو لەدنیا.**
- **سیستمی فەلسەفەی پشت لەدنیا.**

فەلسەفەی ڕوو لەدنیا لەسەر بناغەی ئەو دنیایە بنیاد دەنێ کە بەهۆی هەستەکانەوە لەلای ئێمە باوەو زانراوە. ئەو جیهانە بەو جۆرە چۆن خۆی داوەتە بەرچاو و دەست، لەگۆڕان و نائارامییەکەیدا، لە بێ سەروبەرییەکەیدا، لە هەمەڕەنگییەکەیدا، وەردەگرێ، سەرگەرمی ئەوەیە لەودا خۆی سەرەو دەر بکات لێی ڕازی بێت و چێژی لێوەربگرێ. تاکە شتێکی جەوهەری بەلایەوە ئەوەیە بەهۆی هەستەکانەوە بەدەرکەوتووە و هاتۆتە بەر دید، بەلایەوە شەرم و نا جوانە لەدەرەوەی ئەو جیهانە بەرهەستەدا بەدوای جەوهەرە جۆرەکانی تردا بگەڕێ.

فەلسەفەی پشت لە دنیا بە پێچەوانەوە، بڕوای بە هەستەکان نییە، جیهانی بەرهەست بە درۆ و چاو بەستەکی و بەڕواڵەتی ڕووت دادەنێ بەدوای جەوهەرەکاندا، بەدوای بوونی ڕاستەقینەدا لەودیو ئەو جیهانەی ڕواڵەت دەگەڕێ کە هەستەکان دروستیان کردووە، دوا هۆکاری ئەو جۆرە جیاوازەی فەلسەفە کردنە دەکرێ چەند ڕەوشێکی بنەڕەتی دەروونی بێت: جۆرە گەشبینییەک لەلایەکەوە و جۆرە ڕەشبینییەکیش لە لایەکی ترەوە. ئەوی لەجیهانی هەستەکاندا خۆی بە ئاسوودە و حەساوە دەزانێ، ئەوی لەتواناییدا هەیە دڵی پێی خۆش بێ، لە پشتییەوە کە بەدوای جەوهەرەکاندا چاوناگێڕێ، بەڵام ئەوی لەودا ڕازی نییە و ڕەزامەندی خۆی نابینێ ئەوی لەوە بێ بەشە چێژ لە جیهانی

هەستەکان وەرگریّ، ئەو دەخوازیّ لە جیهانیّکی جەوهەرە جۆرەکانی دیکە پەناگە بدۆزیّتەوە. بەم پیّیە فەلسەفەی پشت لەدنیـا هەمـیـشــە و بەردەوام وەک ئامـرازیّکی بەکارهاتووی کۆی ئەو کەسانەی کە بەراستی هیچی تر لەو دنیـایەدا بە بەشی خـۆیان رازی نەبوون و چاوەریّی جیهانیّکی دیکەیان کردووە خۆی ساغ کردۆتەوە. دوور نییـە هەر بە سایەی ئەو رەوشەوە بووبیّ کە فەلسـەفەی پشت لە دنیــــا بەدریّژایی دوو هەزار ســــاڵی رەبەق توانیــویەتی دەسـەڵاتیّکی تاڕادەیەک بیّ بەربەرەکـانی هەبیّ، ئەو دەسەڵاتەی لەم ڕۆژ و سەردەمەماندا بەراستی کەوتۆتە لەقین. ئیـتـر من حـەز دەکـەم بیّژم، لەبارەی ئەو رۆڵە سیاسی و ئابوورییـەی فەلسـەفـەی پشت لە دنیـا، نابیّ لیّرەدا قسە بکریّت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پیّویستە ئیّمە - ئەوپەڕی کورت و نەخشەسازییانە - سەرنج لە ئەنجـامی رەوت و پرۆسـەی ئەو بیـرۆکـانە بدەین کـە لە جیهانی هەستەکان دوورکەوتۆتەوە.

لیّرەدا مـرۆڤ پەنا بۆ ئەو رەوشـانە دەبات کـە تیّیـاندا هەستەکان واپیّدەچیّ تەفرەمان بدەن و بەهەڵەمان بەرن. داریّک خــرابیّـــتـــە نیّـــو ئاوەوە، بۆ نموونە، شکاوە دەردەکـەویّ، کـەچی خـۆی بەراستی راسـتـە، سـەراب لە ناوەڕاستی بیاباندا کۆمەڵە دارخورمایەکی دڵڕفیّن نیشان دەدات، بەڵام کاتیّک لەمیّرگەکە oase نزیک دەبینەوە کـە بەهەڵە بوونەکـەی گـریمانە کـراوە، مـرۆڤ لەویّ لە لم بەولاوە نابینیّ، مرۆڤ بەڕوونی رەنگەکانی پەلکەزێڕینە لە شـویّنیّکی دیاریکراودا دەبینیّ، کـە ئەگـەر ڕوو لەو جیّگایە بکریّ باران دەباریّ و هیچی تری لیّ نییە! بۆیە هەستەکان جاروبار و بگرە هەمیشە ئیّمە بەهەڵە و تەفرە دەبەن. ئەگـەر مـرۆڤ لە شـووشـەیەکی سـوورەوە سـەرنج بدات، هەمـوو شتیّک سوور دەردەکەویّ. ئەگەر هیّزیّکی ناپاک (جن) Damen پارچە شـــووشـــەیەکی ســـوور هەمیشـە بە چاومانەوە بگریّ، ئایا باوەڕمان وا نەدەکرد کە هەمـوو شـتیّک سوورە؟! دوور نییـە ئەو هیّزە ناپاکە بەراستی لیّـرە بیّ بەردەوام فیّـڵـمـان لیّ بکات، چونکە بەوە دڵخـۆش بیّ کـە بە گـەمـژە و حـۆڵمان دابنیّ؟! دوور نییـە ئەو هیّزە ناپاکەش نەبیّ، بەڵکو رەبیّکی ئەوپەڕی چاکـەکـار و ئەوپەڕی دادپەروەر بیّت سـزای ئیّـمـە بدات، لەبەر ئەوەی ئیّمە جاریّکیان شتیّکمان کردبیّ، ئەو توورە بکات؟!

ئەنجامی رەوتی بیرۆکەکانی لەم جۆرە بووە بۆتە مایەی ئەوەی بڕوا بەجیـهـانی هەسـتـەکان نەبیّت. ئەگـەر مرۆڤ بڕوا بە هەســتــەکــان نەکــات، دەبیّ بڕوا بەکیّ بکات؟! لیّـــرەدا وەڵاممان دەدریّتـــەوە: بە بیـــرکـــردنەوە. هزر و بیرکردنەوە، لیّرە وا دەگوتریّ، وەک هەستەکان ڕوخساری ڕووت ناگریّتەوە، ئەو پەی بە بوونە جەوهەرییە ڕاستەکە دەبات، هەربۆیە پیّـویسـتـە و دەبیّ جـەوهەرە ڕاسـتـەکـان وەک چەمکەکانی هزرمان بن، بەڵام ئەم چەمکانە لەچاو بابەتەکانی جیهانی هەستەکان بە تەواوەتی بەجۆریّکی تر دیّنە بەرچاو. لە جیهانی هەستەکاندا ئیّمە ئەسپیّکی فرە زۆر دەبینین، بەڵام تەنیـا یەک چەمکی «ئەسپ» هەیە. جـوانووە ئەسـپـیّکی جیـهـانی هەسـتـەکان دیّتـە دنیـاوە، سـاوایە، پیر دەبیّ و مـردار دەبیّ، بەڵام چەمکی«ئەسپ» لەدایک نابیّت، پیـر نابیّ و نامـریّ. ئەسـپـە تاکـەکـانی جیـهـانی هەستە کە دەجووڵیّنەوە، خۆیان دەگۆڕن، پەیدا دەبن و لەناودەچن- چەمکی «ئەسپ» ، بەڵام نـاگـۆڕیّ و ناجـووڵیّـتـەوە و پابەند و دووچاری دەسـتی پەیدابوون و لەناوچوون نییە. بەم جۆرە ئەفلاتوون بە ئەنجام گەیشتووە کـە جیـهـانی هەسـتـەکـانمان، فـرە رەنگ، فـرە ڕوخسـار، گۆڕاو، تیّیدا هەموو شتیّک پەیدا دەبیّ و بەسەر دەچیّ، هیچ شتیّک بەردەوامی هەتا سەر بۆ نییە و ئەو جیهانی بوونی ڕاسـتـەقـینە نییـە، جـیـهـانی بوونی ڕاسـتـەقـینە جـیـــهــــانیّکی بیـــرۆکـــەکـــانە Ideen کـــە لە بارەیانەوە چەمکەکانمان ویّنە کـۆپییـەکـمـان دەدەنیّ، کە تیّـیـدا لە جیّگایەکدا و بەجۆریّک بیرۆکەی «ئەسپ» بەبیّ ئەوەی پەیدا ببیّ و لەناوبچیّ بەبیّ بزووتن و گۆڕان و یەکڕەنگی لەسـەر تەخت ئارامی گـرتووە. ئەسـپـەکـانی جـیـهـانی هەستەکان تەنیا ئەو کاتە بوونیّکیان پیّدەبڕیّ ئەگەر هاتو ئەوان لە بیـرۆکـەی «ئەسپ»دا- بەشـداری بکەن، ئەمـە واتای چییە و چی دەگەیەنیّ؟ زەحمەتە بگوتریّ!

ڕیّبـــازیّکی تەمـــومـــژاوی تر کـــە بە ئاســـانی لیّی تیّناگـەیشـتـریّ فەیلەسووفـەکانی قوتابخانەی ئیلیـایی نزیکەی کــات و ســـەردەمی ئەفـــلاتوون دایانناوە. لە کـاتیّکدا ئەفـلاتوون لەبەرانبـەر ئەو هەمـــوو ئەسـپـــەی لەجیـهـانی هەسـتـەکـاندا هەیە تەنیـا تاکە بیـرۆکـەیەکی «ئەسپ»ی بە بوونەوەری ڕاست و ڕاســتــەقــینە داناوە، ئەوەشی فیّرکردووین کە لە جیهـانی بوونی ڕاستەقینەدا فرە ئیدیّ (بیرۆکەی) جیاواز هەیە:

بیرۆکەیەکی مرۆڤ و هی شێر و هی ڕاستییەکان، هی چاکەکارییەکان، هی جوانەکان و بیرۆکەیەکی دوو، هی

سێ...تاد. بەڵام وا بۆ ئیلیییایەکان دەرکەوتووە کە هەمـوو فـرە ڕەنگییـەک بە پێـچـەوانەی بوونی ڕاستەقینەوەیە و لەگەڵیدا ناکۆکە و ئەو زانینەیان ڕاگەیاندووە کە بوونەوەری ڕاست و ڕاستەقینە یەکێکە، پەیدا نەبووە، لەناو ناچێ نا بزوێتەوە، ناگۆڕێ، جیاواز نییە.

بەم پێیە فەلسەفەی پشت لەدنیا کردوو، لەپشت هێڵی ڕاکردوویی دیاردەکانەوە کە ئەو بڕوای پێیان نییە، بەدوای جەمسەرێکی Pol ئارامدا سەگەرمەو دەگەڕێ کە بڕوای پێی بێت، بەڵام مرۆڤ هەمیشە لە هەر جێگایەکدا لە دەرەوەی بیرکاری و جیۆگرافی، وشەی جەمسەر ببیستێ، سڵ و پارێزێکی فرە لە ئارادا دەبێ. وشەی وەک جەمسەر، جەمسەری گۆی زەوی، گەردوون و فرە وشەی تر کە لە ئەلبوومی زانستی چەمک و وشە گومان لێکراوە فەلسەفەییەکاندان و لە ئەو ڕستانەدا کە ئەو وشـانەیان تێـدا بەکـاردێت، زۆر توند و قـووڵ دەزرینگێنەوە، بەڵام ئەوان ئەوی ڕاست بێ زۆربەیان بە تەواوەتی بێ بنەمان.

ئەوکاتە، لە ڕۆژانی ئەفلاتووندا چوار سەد ساڵ پێش لەدایک بوونی کریستۆس (عیسا) فەلسەفەی پشت لەجیهان کردوو سەرکەوتنی بەسەر فەلسەفەی دیموکراتیخوازی ڕوو لە جیهاندا هێناو لەوکاتەوە هەروا مایەوە (ئەگەرچی تۆزێک بەهۆی ئەریستۆتلسەوە نەرمتر بووبێ، سەرەڕای دژە تەوژمە بەهێزەکان وەک هی ئەپیکۆرییەکان، سەرانسەری سەردەمی کۆن وەک فەلسەفەی کلێسە- سکۆلاستی سەرانسەری سەدەکانی ناوەڕاست و وەک ژێرەکی لەسەردەمی نوێدا و ئینجا لە سیستمەکانی ئایدیالیزمی ئەڵەمـاندا تاوەکو ئەم ڕۆژانەش کۆنترۆڵی کردووە و دەسەڵات بەدەست بووە) ئیتر دەبوو چۆن جۆرێکی تر بووبایە: ئەڵەمـان وەک زانراوە میللەتی بیرمەند و شاعیرانن. وردە وردە، بەڵام ئەو ڕۆژە هەڵات ڕزگـاربوونیش لەوێوە هات، هەر لەوێشەوە ڕزگاربوونی سیاسی لە جیهاندا هاتووە: لە ئینگلتەرەوە. ئینگلیزەکان وەک زانراوە میللەتی بازرگانی بچووکن.

پرشنگدارترین ناو لەسەر ئەو ڕێگایەی ڕزگاربوون ئەوانەن:

جـۆن لۆک، داڤـید هیوم وەک هاوەڵی سەردەمان بێرتراند ڕەسڵ، ئەو لۆردە خانەدانە لەسەردەمی جەنگدا بەهۆی بیروباوەڕی دژە میلیتاریزەوە لە زینداندا بووە. بەدڵنیاییەوە هیچ ڕێککەوت نییە کە هەر ئەو میللەتە خۆی دیموکراتی و جارێکی تر لەدایک بوونی فەلسەفەی ڕوو لە جیهانی بەدنیا بەخشیوە و هەروەها ڕێککەوت Zufall نییە لەو وڵاتەدا کە تێیدا میتافیزیک لە سێدارە دراوە لەسەری شایەکیش دراوە. ئیتر هەموو جەوهەرە میتافیزیکییەکانی پشت دنیایی: ئیدێییەکانی ئەفلاتوون و یەکەکەی ئیلیییایەکان، فۆرمە بێ گەرد و یەکەم بزوێنەرەکەی ئەریستۆتلس و ڕەب و جنۆکەکانی ئایینەکان و شار و میرەکانی سەر زەوی، هەموویان چارەنووسێکی ناوکۆیی هاوبەش پێک دەهێنن- خۆ ئەگەر ئەرخەوان purpur بکەوێ دەبێ هێرتسۆگ-یش بەدوایدا بێت.

بگرە چەک و تفاقی فەلسەفەی ڕوو لە جیهان شمشێر و تەور و بیوری دەستی جەللاد نەبووە- ئەوان ئەوەندە تینووی خوێن نین- بگرە چەکەکانیان بەپێی پێویست تیژە و کاریگەرن. لەبارەی چەکێک لەمانە دەمەوێ من ئەمڕۆ قسە بکەم:

### دەربارەی تیغی تراشی ئۆکام

ڤیلهیلمی ئۆکامی ئەو (دکتۆرەی لەژێر کەوتن نایەت) هی فەلسەفەی سکولاستی، هی (شایستەی ڕێزلێنانی سەرلەنوێ نوێکەرەوە) هی قوتابخانەی نۆمینالیستی- ئەگەر شتێکی سەیر و سەمەرەیە- ئینگلیزە وەک جۆن لۆک و وەک داڤـید هیـوم و وەک بێرتراند ڕەسڵ. ئەو لەنێـوان سـاڵانی ١٢٨٠-١٣٤٠ز واتە لە قـووڵایی سەدەکانی ناوەڕاستدا ژیاوە. تیغی تراشکردنەکەی وەک داس و مەڵەغان چۆن گیای چیمەن دەدروێتەوە، ئاوەها جەوهەرەکانی ئەودیوی دنیا گسکی یەکجارەکی دەدات، ئەو ڕستەیە:

«Entia non sunt multiplicanda Praeter necessitatem»

واتە:

نابێ مرۆڤ جەوهەرەکان پتر لەوەی بێ قەید و مەرج بە ناچاری پێویستن، وەربگرێ.

وشـەی (entia) بوونەوەر لەلایەن قـوتابییـەکی قوتابخانەی دواناوەندییەوە لە نووسینەوەی ماڵەوەیدا هێڵی سووری بەژێردا هێنراوە، لاتینی کلاسیکی وەک زانراوە لەهەموو زمانەکانی تر مەنتیقیترە، هیچ

پارتیتسیپی تێنەپەڕی ess (بوونی) نییە، نەیتوانیوە «بوونەوەر» بڵێ: سینیکا گازندەی ئەوەی کردووە ئەگەر بویستریَ وشەی (بوونەوەری) (ئۆن)ی فەلسەفەی یۆنانی وەربگێڕدرێ، دەبێ بگوترێ: quod est (ئەوەی کە بوونە)، وشەی (ens) وشەیەکی دەستکردە دواتر ڕۆنراوە.

دەگەڕێینەوە سەر شارستەکەی ئۆکام، بۆ ئەوەی لە واتای ئەو ڕستەیە لەکات و سەردەمی پەیدابوونەکەیدا تێبگەین، پێویستە ئێمە قسەیەک لەناوبراو بەململانێی هەمەکییەکانی (کوللیات)ی universa Lstreit سەدەی ناوەڕاست بکەین. هەمەکییەکان چەند چەمکێکی گشتین: چەمکی «ئەسپ» بە پێچەوانەی ئەسپە تاکەکان کە بەڕاستی هەن، لەجیهاندان. فەلسەفەی پشت لە جیهان کردوو، لاف لێدەدات، وەک درێژەپێدانی ڕێبازی ئیدێیەکانی ئەفلاتوون کە ئەو چەمکە گشتییانە چەند جەوهەرێکن و وەک ئەوانی enrsprechen کە لە جیهانێکی ئیدێدا بەڕاستەقینە (ڕێئال) بوونیان هەیە، ئەوی داکۆکی و نوێنەرایەتیان دەکات بە ڕێئالیست ناودەبرێ، بەڵام فەلسەفەی ڕوو لە جیهان کردوو دەبێژێ:

ئەو ئەسپانەی لەجیهانی هەستەکاندا هەن بەسن، جەوهەرێک کە لەگەڵ چەمکی ئەسپدا دێتەوە، بیرۆکەیەکی «ئەسپ» شان بە شانی ئەوانی تر وەربگیرێ و پەسند بکرێت، پترە لەوەی پێویست بێت. «تاکە شتەکان بەسن، ئیتر ئەو بابەتە گشتییانە بە تەواوەتی بەشێوازێک کە پێویست نەبێ وەردەگیرێن» لەبەر ئەوەی ئەوان پێویست نین- ئەمەش بەکارهێنانی تیغەکەی تراشی ئۆکامە- فڕێیان دەن! بەپێی ئەو تێگەیشتنەی فەلسەفەی ڕوو لەجیهان کردوو، هەمەکییەکان لەگەڵ هیچ کام لە جەوهەرەکاندا نایەنەوە و وەک یەک نین، ئەو هەمەکییانە پتر ناوی ڕووت و پەتین، بۆیە لایەنگیرانی ئەم ئاراستە و ڕێبازە بە نۆمینالیست ناودەبرێن. ئیتر کەوابوو:

ڕێئالیستەکان ئەو سەردەمە پشت لەدنیا و نومینالیستەکان ڕوو لەجیهان کردوو بوون، ئۆکامیش ڕابەری نۆمینالیستەکان بووە.

لەم کایە و پێوەندییەدا پێویستە ئێمە چەند وشەیەک لەبارەی ژیانی ئۆکامەوە بێژین. ئەو سەر بەمەزهەبی فرەنسیسکان بووە، ڕێبازەکان (مەزهەبەکان orden) پایە و نوێنەری ژیانی گیانی (ڕوحی) بوون- ئۆکامیش بێ بڕوا (بێ ئیمان) نەبووە، نەدەکرا ئەو جۆرە داوایە لە فەیلەسووفی ئەو سەردەمە بکرێت، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئەو هزر و گیانێکی ئازادی هەبووە: ئەم هزر و گیان ئازادەی لەوەدا خۆی دەربڕیوە کە ئەو وتوویەتی:

**بیر، هزر هیچ جارێک لە توانایدا نییە بوونی دۆگمەکانی کڵێسە و بوونی ڕەببی لێ بکەوێتەوە.**

ئێمە دەستبەجێ دەبینین ئەم ڕێبازە چ پێوەندییەکی توندوتۆڵی بە ناکۆکی نێوان فەلسەفەی پشت لە جیهان و فەلسەفەی ڕوو لەدنیا کردوو هەیە. لەقاموسێکی فرەنسەیی فەلسەفەدا ئەوە دەخوێنمەوە:

«لە فەلسەفەدا ئازا و بوێر، لە ئاییندا شۆڕشگێڕ و یاخی بوو.»

ئەو لە مەزهەبی فرەنسیسکان دەرکراوە، لە زانکۆ دوورخراوەتەوە، داوای لێکراوە لە ئەڤیگنۆن لەبەردەم دادگای پاپ ئامادە بێ. ئەو سزای بەندی هەتاهەتایی بۆ بڕاوەتەوە، ئەگەرچی ئەو تێیدا نەبووە، پایەکانی ئەو سەردەمە سوودیان لە پلەوپایەی هێزو دەسەڵاتی گیانی پاپ لەبەرانبەر هێز و دەسەڵاتی قەیسەر و شاکان وەرگرتووە، ئۆکام پەنای بردۆتە بەر قەیسەری ئەڵەمان لودڤیکی باڤاریا Bayern کە ئەوکاتە دژ و ناحەزی پاپ بووە. ئێوە دەبینن: تێکۆشان و هەوڵی ئەوانەی لایەنگیری دەسەڵاتی دنیایی قەیسەری ئەڵەمان بوون دژی ئەوانەی لایەنگیری دەسەڵاتی گیانی- ئایینی پاپ بوون ئەو خەبات و تێکۆشان و ململانێیەی لایەنگیرانی قەیسەر و لایەنگیرانی پاپ کە سەد ساڵانێکی ڕەبەقی خایاندووە تەنیا بەشێک بووە لە خەباتی هەتاهەتایی نەمری ڕوو لە جیهان و هی پشت لە دنیا کردووەکان، لەفەلسەفەشدا هی نۆمینالیستەکان و ڕێئالیستەکان بووە.

پتر قسە لە دژایەتی نێوان فەلسەفەی ڕوو لە جیهان و فەلسەفەی پشت لە دنیا کردوو بکەین! ئێمە دیتمان، یەکەمیان بڕوای بە هەستەکان هەیە و لە جیهانی هەستەکاندا جەوهەرە ڕاستەکان دەبینێ.

دووەمیان، دڵی لە هەستەکان کرمێیە و پشت بە هزر دەبەستێ و بەبۆچوونی ئەو هزر دەرگای چوونە نێو جیهانی جەوهەرە ڕاستەکان دەکاتەوە.

ئێمە لەوە دڵنیاین کە ئەوە پەرگیرییەکی ئەوپەڕی هەڵسەنگاندنی بایەخ و ڕۆڵی هزرە، چونکە هەموو

بیرکردنەوەیەک فۆرم گۆڕینی ڕووتە umformen، هزر هیچ کـاتێک ناتوانێ بەرەو ڕەوشـتـێکی نوێ بەرێت. زانینێکی بنەما دانەری سەردەم دەڵێ:

**هەموو بیـرکردنەوەیەکی مـەنتیقییـانە هەمان گـۆییە، (Tautologie) ئەو دەتوانێ لەوەدا پارمەتیـدەر بێت ئەوی گـوتراوە بەجـۆرێکی دیکە بیـڵـێت، هیچ کـات و جـارێک ناتوانێ پارمـەتی ئەوە بدات شـتـێکی تازە بگوترێ.**

هەموو مرۆڤێک دەمرێت

ئەلێکسەندەر مرۆڤێکە

کەوا بوو ئەلێکسەندەر دەمرێ.

نزیکەی وەک ئەو نموونەیە هەموو هزر وایە، بەڵام خۆ ئەگەر ئەلێکسـەندەر مرۆڤێک بێت و من بێژم: «هەموو مرۆڤێک دەمرێت» ئەوە من ئەوەم دەربڕیوە و گوتووە کە ئەلێکسەندەر دەمرێ و ئەنجام ڕستەکە:

کـەوابـوو ئەسکەندەریش دەمـرێ، هیچ شـتـێکی نوێ نادات دەست. کـەوابـوو بیـرکـردنەوە ئەوپەڕی لەوە دوورە ئێـمـە لە جـیـهـانی هەسـتـەکـانەوە بەرەو جـیـهـانێکی جەوهەرەکانی جۆرێکی تر بەرێت. ناکرێ هیچ جۆرە ئالقە زنجـیـرەی بیـری مـەنتـیـقی هەبێ کـە لە جـیـهـانی هەستەکانەوە دەست پێ بکات و لە جیهانێکدا کۆتایی بێت کە جەوهەرەکانی لە جۆرێکی تر بن. ئینجا جارێکی تر ئێـمـە دەبینین، چۆن گـیـانی ئۆکـام وەک گـیـانی ئێـمـە بووە. وەک ئێـمـە ئەمـرۆ دەیڵـێین و ڕایدەگـەیەنین هیچ هزرێک ناتوانێ لە جـیــهــانی بەرهەســتــەوە بەرەو جــەوهەرەکــانی پشت دنیــا بەرێت، ئەوکــاتەش ئەو گوتوویەتی:

نـاکـرێ لەهیچ هزرێک بوونی ڕەب و دۆگـمـەکـانی کـڵـێسـە بکەونەوە. ئەوانە بە سـپـاردوویی بەلایەنێکی (بەهێـزێکی) تر Domane دەمـێننەوە. لایەنی بڕوا (ئیـمـان). ئەو بڕوای بەوە بـووە، ئەگـەرچی ئەمـڕۆ زۆر کەس وا بڕوا ناکـەن، جیـاوازییـەکە لە ڕوانگەی تیـۆری زانینەوە وا گـەورە نییـە، کـە خـۆی چوونە، لە سـۆنگەی تیـۆری زانینەوە، هیچ جیـاوازی لەنێوان ئەوەدا نییـە کە یەکێک حەزی لە ماددەی سڕکەر Narkotika بێت و یەکێکی دیکە حەزی لێی نەبێت.

کـەوابوو یەکـەم هەڵەی بنەڕەتی فـەلسـەفـەی پشت لە جیهان پەرگرییە لە هەڵسـەنگاندنی بایەخی بیر، هەڵەی بنەڕەتی دووەمـیش پەرگـرییـە لە هەڵسـەنگاندنی ڕۆڵ و بایەخی زمـان. ڕسـتـەکـانی زمـانەکـەمـان لە بنەڕەت و جەوهەردا بەو جـۆرە دامەزراون: لە بارەی (بنە)یەکـەوە، دوور نییە هی چەند (بنە)یەکەوە (بار)ێک دەردەبڕن.

«ئەم پارچە تەباشیرە سپییە»، «ئەم پارچە تەباشیرە و ئەم پارچە تەباشیـرە سپین» ئەمە تا ئێـستـا ڕێکوپێکە و لە جێگای خۆیدایە، بەڵام زمانەکە هەروەها دەبێژێ:

ئەم پارچە تەباشیرە و ئەم پارچە تەباشیـرە هەردووکیـان ڕەنگیـان وەک یەکـە» زمـانەکـە ئەوە دەکـات، هەروەک ئەوەی- پێـشـتـر هەر یەکێک لە دوو پارچە تەباشیـرەکـە خەسڵەتی «سپی» پێ بەخشرابێ- ئێـستـاش هەریەکێک لە هەردووکیـان خـەسڵەتی ڕەنگی وەک یەکیـان درابێـتـە پاڵ، وایە بەڵام ئەمـــە بە ئاشکرا پـووچ و بێ واتایە: «ڕەنگی وەک یەک» خـەسـڵەتی تاکێـک، تاکە شـتـێک نییە، وەک سپی، بەڵکو ئەو پێوەندییەیە کە لەنێوان دوو تاکدا هەیە.

**جیـهـان بنیـادێکی سادە و ساکاری بنە و بار، بکەر و بەرکـاری نیـیـە، هەروەک زمـان ئەوە دەخـاتە بەرچاو. بەپێـچـەوانەوە، وا دەردەکـەوێ، لەگـەڵ پێـشـکەوتن و بەرەوپێشچوونی زانیندا بنیادی Straktur بنەو بار، بکەر- بەرکار هەمیشە پتر پاشەکشێ دەکات و جێگا بۆ سوود و قازانجی بنەما و بنەڕەتی پێوەندی چۆڵ دەکات.**

تیـۆری ڕێژەیی ئاینشتـاین هەنگاوێکی بەتین و بەهێـزی بەرەوپێـشـچـوون بوو لەسـەر ئەم ڕێگایەدا. فـۆرمی بنە- بار، بکەر- بەرکـار لەم ڕسـتـانەدا لە لووتکە هێنراونەتە خوارێ و دەرکراون:

- باران دەبارێ. E S regent
- بەفر دەبارێ. E S schneit
- هەور دەگرمێنێ. E S don nert

بە هەمـــوو جــۆر و بارێکدا چەوت و هەیە لە بنیــادی زمـانەوە بنیـادی جیـهـان وەک ئەنجام بخـرێتـەوە و پێی بگەیشـتـرێ. مـرۆڤ زۆرجـار دەبیـسـتێ باسی قـووڵی و بەپێـزی واتای زمـان دەکـرێ، بەڵام ئەمـە بەشی زۆری ڕسـتـەیەکی کـۆنی قـەبە و جوان داڕێژراوی بێ ناوەڕۆکـە Phrase. زمـــان لەســـەردەمی کـــۆندا دروست بـووە، لەسـەردەمـێکدا کـە باوو باپیـرانمان لە ئاسـتـێکدا بوون کەمتر مەند و قووڵ نەبووە.

ئامـۆزا و پوورزا و خـاڵۆزاکـانمان Vettern، مـرۆڤـە مـەیموونەکـان بەدڵنیـاییـەوە ئەوەندە ورد و مـەند و قـووڵ

نەبوون. لە ڕێگا لادان و بێ ماناییە ئەگەر وا دابنرێت کە ڕەوت و پرۆسەی پەرەسەندنی مرۆڤایەتی لەڕەوشێکی لەمەیموون چووەوە بۆ ئەمرۆ بە قۆناغێکی تایبەتی قووڵ و مەند و بەپێزدا تێپەڕ بووە. زمان بەم پێیە و دوای ئەمە ئامرازێکی ئەوپەڕەکەی ناتەواوە. لێیەوە هەمیشە جارێکی تر سادە و ساکاری و سەرەتایی سەردەمی کۆنی لێوە بخرێتەوە، وەک ئەوەی یەکێکی بیرو گیان ئازادی ئەوپەڕی ڕووناکبیر نەتوانێ خۆی لە شتێکی بێزارکەر دەرباز بکات کاتێک وەک سێزدە ساڵانە لەلای مێزێک دانیشێ، یان لە ڕێگایدا بۆ کارێکی گرنگ تووشی ژنێکی پیر ببێ.

ئیتر چۆن ئێستا فەلسەفەی پشت لە جیهان هێزی هزر پەرگیر دەنرخێنێ، ئاوەها ئەو بایەخی فۆرمەکانی زمانیش پەرگیر دەخەملێنێ. دەتوانرێ لەبارەیەوە بگوترێ:

لەهەر جێگایەک بنە- بکەرێک هەبێ، جەوهەرێکیش لەکاتی دروست و گونجاوی خۆیدا خۆی دەردەخات و دەردەکەوێ. دەکرێ مرۆڤ بەلایەوە سەیر و سەرسوڕهێنەر بێت کە لەمێژووی فەلسەفەدا چەپتەرێک نەدۆزێتەوە کە «Es»ی (کەسی سێیەم) لە ڕستەکانی:

- باران دەبارێ
- بەفر دەبارێ
- هەور دەگرمێنێ

بە چەند جەوهەرێک گریمانەکرێن و ئەگەر لەو جێیەی بەوپەڕی قووڵی و وردییەوە بکۆڵرێتەوە ئایا ئەو باران بارینە، ئایا ئەو هەور گرماندن و چەخماخەدانە، ئایا ئەو بەفر بارینە، هەمان جەوهەرەکانن، یان جەوهەری جیاوازن و کام پێوەندییە لەنێوانیاندا پێک دێت.

وەک نموونەیەکی پەرگیری لە نرخاندنی زماندا دەمانەوێ بە کورتی سەرنجێکی ڕێبازی ناونراو بە بابەتە ناشیاوەکییەکان بدەین. «ئاسنێکی لە تەختەودار بوونی نییە» ئەمە، وەک دەگوترێ، ڕستەیەکی ڕاستەقینەیە دەربارەی بنە- ناوەکەی «ئاسنێکی لە تەختە» باریک (مسندێک) بەشێوازێکی دروست و گونجاو دەردەبڕدرێ، واتە: بوونی نییە، لەبەر ئەوەی دەربارەی ئاسنی تەختە بە شێوازی گونجاو دروست دەکرێ شتێک بگوترێ، ئەمەش پتر لەسەری ڕێککەوتووین، ئەوە پێویستە بەشێوازێک ئەوە شتێک بێ. سەرەڕای نەبوونی بوونەکەی پێویستە کەرەسەیەک، کەرەسەیەکی ناشیاوەکی ئاسنی تەختە هەبێت، بەم جۆرە ڕێبازی کەرەسە و بابەتە ناشیاوەکییەکان لاف لێدەدات و واش ڕادەگەیەنێ کە گوایە بۆ بیرکاری سوود و قازانجی هەیە و گرنگە، چونکێکم بیرکاری بەهۆی سەلمێنە و بەڵگەی ناڕاستەوخۆ و ژیرانە و پڕ واتایانە هەڵسوکەوت لەگەڵ بابەتە ناشیاوەکییەکاندا دەکات. ئەم ڕێبازە ئەوپەڕی بەندە بە هەڵەیەکەوە کە بەهۆی فۆرم و ڕوخساری زمانەوە پەیدا دەبێ. ئێمە ئەمرۆ کە زمانێکمان هەیە فرە کەمتر ناتەواوە لەچاو زمانە جیاوازەکانی ئاخاوتندا Wort sprache: ئەویش زمانی مەنتیقی سیمبۆلییە. ئەو ڕەوشە کە لە ئاخاوتنی زمانەکەماندا بەکاردێت بەم جۆرە وەرگێڕانە دەردەبڕێ:

ئەو دەستەواژەیە: (×) ئاسنە و (×) لە تەختەیە بۆ هەر بابەتێک (×) هەڵەیە.

دوای ئەو ڕاستکردنەوەی زمانە دەبینین کە لەو فۆرمۆلەکردنە نوێیەدا بەهیچ جۆرێک هیچی تر بابەتی ناشیاوەکی نییە و دەرناکەوێ. ئەگەر من بەتێکڕای بابەتە ناشیاوەکییە ڕاستەقینەکانی (×) جیهانی ڕاستەقینەدا بچمەوە، بۆم ساغ دەبێتەوە هیچیان لەیەک کاتدا ئاسن و تەختە نین. من پێویستیم بەوە نییە هیچ بابەتێکی ناشیاوەکی پەسند بکەم بۆ ئەوەی لە ئەو ڕستەیە تێبگەم:

ئاسنێکی لە تەختە بوونی نییە. ئێستا ئۆکام تیغی تراشەکەی دەخاتە کار:

بابەتە ناشیاوەکییەکان چەند جەوهەرێکی پتر لە پێویستین، کە واتە با فڕێیان دەین! ئێمە پێویستیمان بە هیچ دەستەواژەیەکی قەبەی بێ ناوەڕۆک نییە کە تێیدا بابەتە ناشیاوەکییەکان جۆرێکی بوون، جۆرێکی بەردەوامیان هەبێ و هەبوونێکی تایبەتی سێبەر ئاسانی نادیار و تەمومژاوی نیشان بدەن.

وەک نموونەیەکی دیکەی چالاکی تیغی تراشی ئۆکام سەرنجی بابەتی کات و جێگا Zeit und Raum دەدەین. یەکەم جار قسە لە کات دەکەین! ئەو فەیلەسووفانەی بە ئاراستەی میتافیزیکدا مەیلیان هەیە جەوهەرێک «کات» وەردەگرن و پەسندی دەکەن کە تێیدا ئەو ڕووداوانەی لەلایەن ئێمەوە بەهەستەکان ئەزموون کراون دەچنەوە سەری. ئەو جەوهەرە کاتە، ئێمە وایدادەنێین لە یەکگرتنی چەند جەوهەرێکی سادە، لە بێ کشانی ساتەکانی کات، یان لە چەند خاڵێکی کات

پێک هاتووە. با لە ڕوانگەی فەلسەفەیەکی ڕوو لە دنیاوە سەرنجێک بدەین، لێرەدا ئەو ڕووداو و قەوماوانەی جیهانی هەستەکانمان لەبەردەستدایە کە بە ئەزموونی ژیان دەستگیرمان دەبن، لەوە بەولاوە شتێکی تر نییە. ئێمە هەندێک لەو ڕووداوانە (بەتێکڕایی، یان ڕێژەیی) لەهەمان کاتدا بە ئەزموون تاقی دەکەینەوە، هەندێکی تریان وەک پێشتر و هەندێکی تر وەک دواتر، ئەو تاقیکردنەوە ئەزموونییە هەمان کاتییانە و ئەوانی بەدوای یەکتریدا دێن، هەروەها وەک ئەزموونە تاقیکراوەکانی هەستی دێن، یان هی دەست لێدان چەند ئەزموونێکی تاقیکراوەی ڕاستەقینە و بنەڕەتین. نابێ مرۆڤ ڕێگا بدات بەهۆی زمانەوە بەهەڵە دابچێ، بەهۆی چەند وشەی «لەهەمان کاتدا» هەروەک ئەوەی پێویست بێ من یەکەم جار زانیم لە بارەی کاتێک و لەبارەی ساتەکانی کاتەوە هەبێ بۆ ئەوەی ساغی بکەمەوە، دوو ڕووداو هاوکاتن، لەهەمان ساتەکاندا دەقەومێن. لەهەمان کاتدا بوون ئەو بنەڕەتییەیە کە ئێمە بە ئەزموون تاقی دەکەینەوە، هەروەک چۆن ئێمە ڕەنگ و دەنگ بە ئەزموون تاقی دەکەینەوە erleben. ساتە کاتێک هیچ کەسێک بە ئەزموون تاقی نەکردۆتەوە و هیچ کەسێکیش لە دوارۆژدا بە ئەزموون تاقی ناکاتەوە.

هەروەها نابێ مرۆڤ بەهۆی فەلسەفەی پشت لە جیهانی کاند بەتەفرە بچێ، بەپێی ئەو فەلسەفەیە لەهەمان کات و بەدوایەکتری داهاتنی کاتییانە خۆبەتین Subjektive بابەتێکن لەلایەن مرۆڤەوە خراونەتە نێو جیهانی بێ کاتی «شتەکان لەخۆیان»دا. هەمان کاتی و پێشتر و پاشتری ئەزموونە تاقیکراوەکان هەروەک سوور، کەسک، وەک برسێتی، خۆشەویستی شتی ڕاستەقینەن real؛ هیچ کەسێک شتێکی لە «شت لەخۆیدا»یەک بە ئەزموون تاقی نەکردۆتەوە و هیچ کەسێکیش شتێکی وەها تاقی ناکاتەوە.

ئێمە با بیر لە گرووپێکی ڕووداوەکان، ئەزموونە تاقیکراوەکان بکەینەوە کە هەموویان پێکەوە، یان تاڕادەیەک هاوکاتن، ئەمە وا دەگەیەنێ لەکاتدا (بەتێکڕایی، یان تاڕادەیەک) یەکتری دەگرنەوە. لە ماوەیەکی کاتدا (بۆ ئەوەی بەشێوازێکی دەربڕینی باو بئاخڤین) ئەو تاقیکردنەوانە بەتێکڕایی پێکەوە بەردەوام دەبن- هەندێک لە تاکەکان پێشتر دەستیان پێکردووە و تاکەکانی تر دواتر بەردەوام دەبن. سەرەڕای ئەوە ئێمە پتر سەرنجی ئەزموونە تاقیکراوەکان دەدەین کە هەموویان پێکەوە لەگەڵ هەموو ئەو تاقیکردنەوانەی سەرنجمان دان (بەگشتی، یان تاڕادەیەک) هاوکاتن: لەوساتەدا هەموو ئەو تاقیکردنەوانەی پێشتر سەرنج دراون و هەموو ئەوانەش کە سەرەڕای ئەمە سەرنج دەدرێن، بەردەوامن دەبێ ماوە کاتەکە کورتی هێنابێ. ئێستا با سەرنجی تاقمێکی ئەو تاقیکردنەوانە بدەین کە هیچی تر فراوان نابن و تاڕادەیەکیش لەهەمان کاتدا ڕوودەدەن، واتە دەستەو تاقمێکی ئەزموونە تاقیکراوەکان کە هەندێکیان (تاڕادەیەک) لە هەمان کاتدا دەقەومێن، بەڵام بەو ڕادەیە سەرتاپاگیرن هەروەک ئەوەی هیچ تاقیکردنەوەیەکی تر کە لەگەڵ هەموو تاقیکردنەوەکانی ئەم دەستەو تاقمەدا (تاڕادەیەک) هاوکات بن، نەبێ: کات، کە تێیدا هەموو پێکەوە ڕوودەدەن کورت دەهێنێ و دەچێتەوە سەر تاکە ساتێکی کات. تا ئێرە ئێمە هەر بە شێوازی دەربڕینی باو قسەمان کردووە، بەڵام ئێستا لەگەڵ ڕەسڵ دەبێژین: ساتە کاتێک zeitmoment لە تاقمێکی هیچی تر لە فراوانبوون نەهاتووی هاوکاتی ئەزموونی تاقی کراوە بەولاوە نییە.

ڕاستە ئەوی گوترا تەنیا نیشاندانێک بوو. دەبێ بەکورتی لایەک لەدوو گازندەی نزیک بکەینەوە. گازندەی یەکەم دەبێژێ:

لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ تێکڕای ئەزموونە تاقیکراوەکانی وەک ئەمانە هیچی تر چەند تاقمێکی لە فراوانبوو نەهاتووی هەمان کاتی چەند ئەزموونێکی تاقیکراوە نەبن، نەک تەنیا تاکە ساتە کاتێک، بەڵکو ماوەیەکی درێژی کات پێکەوە بەردەوام بن. ئەو گازندەیە بەو پشتی بەستووە بە بۆچوونی فەلسەفەی پشت لە جیهان هەر لە سەرەتاوە کات وەک جەوهەرێکی سەربەخۆ دادەنێ. ئێمە ئەو وەڵامەی دەدەینەوە:

ئەگەر بێتو بە ڕاستی تێکڕای ئەو ئەزموونانەی تاقمی ئەزموونەکان کە ناویان هێنرا، ماوە کاتێکی تەواوەتی پێکەوە بەردەوام بن، ئەمە وا دەگەیەنێ: لە تێکڕای ماوە کاتەکەدا هیچ ئەزموونێک لە منەوە دەست پێناکات و هیچیان کۆتایی نایەت؛ من لەو تیکڕای ساتەکاتەدا هیچ جۆرە گۆڕان بە ئەزموون تاقی ناکەمەوە: بەم پێیە من هیچ ئامرازێکم لەبەردەستدا نییە بۆ ئەوەی ساغی بکەمەوە کە ماوە کاتێکی ڕاستەقینە بەسەرچووە و نەک تەنیا تاکە ساتێک، بەڵام ئەوەی وەک هەمیشە بە هیچ

شێوازێکی ئەم جۆرە نەکرێ ساغ بکرێتەوە، هەر ئەویش وەک هەمیشە هیچ جۆرە واتایەکی ئەم جۆرەی نییە.

گازندەیەکی دووەم دەبێژێ: ماوە کاتێک بە ئاشکرا شتێکی ترە لەوە کلاسێکی چەند تاقیکردنەوەیی ئەزموونییانە بێت؛ بەڵام ئەم گازندەیەش هیچ واتایەکی نییە. ئێمە ئەگەر بمانزانیبایە ماوە کاتێک چییە، دەمانتوانی ماوە کاتێک بە ئەزموون تاقی بکەینەوە، ئیتر مرۆڤ دەیتوانی تاقیکردنەوەی ئەزموونی «ماوە کات» لەگەڵ کلاسی پێشتر سەرنج دراوی ئەزموونەکاندا بەراورد بکات و دوور نییە بشتوانێ ئەو مافەی هەبێ بڵێ ئەو بە تەواوەتی شتێکی ترە- وەک چۆن ئێمە بەهۆی ئەزموونەوە ڕەنگی سوور دەناسین و ئەگەر یەکێک بیەوێ بڵێ:

«ڕەنگی سوور باقە مۆزێکە» ئێمە بەڕاستی ئەو مافەمان هەیە وەڵامی بدەینەوە و بڵێین: «ئەوە ڕاست نییە.» لەبەر ئەوەی ئێمە ناتوانین بە ئەزموون ماوە کاتێک تاقی بکەینەوە، ئەوە گازندە هەڵبەستراوەکە کاڵ دەبێتەوە و هەموو واتایەک لەدەست دەدات.

لەو پێناسەیەی ماوە کاتی (ڕەسڵ)دا تەنیا ئەزموون دێنە پێشەوە و دەردەکەون، ئەو ئەوپەڕی بە ڕوو لە جیهان دەمێنێتەوە، ئەو هیچ جارێک و بەهیچ جۆرێک بەخۆی ڕەوا نابینێ داخوازی جەوهەرەکانی ئەودیو دنیاو دەرەوەی هەستەکان بکات، دەکرێ نیشان بدرێت ئەو ماوەکاتەی ڕەسڵ هەموو ئەوانە دەداتە دەست کە فیزیک لەماوە کاتەکان دەیخوازێ. کەواتا ئیتر لە پێویستی پترە، شان بە شانی ئەزموونەکانی تاقیکردنەوە ماوە کاتییەکان کە ئەو ئەزموونانە تێیاندا دەقەومێن و کاتێک کە بەشە لەدرێژبوونەوە نەهاتووەکانی ئەو ماوەکاتییانەن وەک هەبوو وەربگیرێت. ئێمە لە ئەزموونە تاقیکراوەکانمان و پێوەندییە تاقیکراوەکانیانی هەمان کاتی، یان هی پێشتر و پاشتر بەولاوە شتێکی ترمان ناوێت، لەبەر ئەوەی لە پێویستی پترە، بوونی تایبەتی کات و ماوە کاتییەکانی وەربگیرێن، جارێکی تر تیغەکەی ئۆکام بەکار دەهێنین و دەبێژین: ئەوان فڕێ بدرێن و هەموو ئەو زڕە کێشە فەلسەفەییانە کە خۆیان بە بوونی میتافیزیکیانەی کاتەوە دەبەستنەوە تووڕ بدرێن.

هەمان شت کە دەربارەی کات گوتراوە، دەتوانرێ دەربارەی جێگا بگوترێ، ئاسایی و باو مرۆڤ وایدادەنێ کە جەوهەرێکی «جێگا» هەیە لە چەند جەوهەرێکی دابەش نەبوو، درێژنەبووەوە: لە چەند خاڵێک پێک هاتووە. ئەوجێگایە دەفرێکە تێیدا ڕووداوەکان دەقەومێن، لێیەوە هەستەکانمان شتمان دەدەنێ، لە ئەو جێگایە لەخۆیدا هەبووە لاشەکانی جیهانی هەستەکان وەک ماسییەکان لە گۆلاوی باخچەی زیندەوەردا، مەلەی تێدا دەکەن، وەک زاڕوو پێم گوترا زۆر گرانە مرۆڤ تێ بگات، خاڵێکی درێژ نەبووەوە چییە و هەروەها زۆر سەخت و گرانە مرۆڤ شتێکی لەم جۆرە وێنا بکات. زۆر گرانە؟! ئەوە شێوازێکی ئەوپەڕی نەرمونیانی دەربڕینە: سەخت و گران نییە، بەڵکو بە تەواوەتی لە کردن نایەت. بە هەمان شێوە چۆن هیچ کەسێک شتێکی وەک ماوەکانی بە ئەزموون تاقی نەکردۆتەوە، هیچ کامێک شتێکی وەک خاڵی جێگای بەئەزموون تاقی نەکردۆتەوە.

تاوەکو ماوەیەک پێش ئێستا مرۆڤ ئەو بۆچوونەی هەبوو ئەندازیارییانە خەریکی بابەتی جێگاو خاڵەکانیەتی: نە شارەزایانیش لەو باوەڕەدان ئەگەر بۆیان نەلوێ تێ بگەن جێگا خاڵێک چییە، ئەوە بەلای کەمەوە بەتەواوەتی لەبیرکاری (ماتماتیک) تێدەگەن، بەڵام ئەوە هەڵەیەکی زەبەللاح بووە؛ بیرکارانیش کەم لێی تێدەگەن، هەروەها وەک ئەوەی نە شارەزایانە و نزیکە بەکەمی لەتوانایاندا هەیە ببێژن، بەتایبەتی خاڵێک چییە. چونکێکم ئەوە بەڕاستی وا بۆیان دەردەکەوێ لێی هیوا بڕاوبن هەر کاتێک لەو تەنگژەیە بێنە دەرەوە، بگرە ئا- بەبێ گوێدانە هەڵەکەی جوانی کە مرۆڤ بەڕاستی ناتوانێ بێژێ خاڵێک چییە- زانستی خاڵەکان، ئەندازیاری بەبێ کەموکوڕی ئەرکی خۆی جێبەجێ دەکات، بیرکاران بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر ڕێگایەکی دەرباز بوون دەگرنەبەر. ئەوان دەڵێن:

ئەو پرسیارە، خاڵێک چییە پێوەندی بە بیرکارییەوە نییە، ئەوە بەلای ئێمەوە گرینگ نییە، هەروەها بەبێ گازندە مرۆڤ دەتوانێ زانستێکی خاڵەکان پراکتیزە بکات بەبێ ئەوەی بزانێ خاڵێک چییە. ئەگەرچی ئەمە لە سەرەتاوە سەیر دەزرینگێتەوە، بەڵام بەهیچ جۆرێک بێ واتا و نامەنتیقی نییە، ئەو بەڕاستی پێشکەوتنێکی سەرنج ڕاکێشی لەو زانینەی لەبارەی بنیادی زانستەوە هەمان، داوەتە دەست؛ ئەوەی بە میتودی بەڵگەنەویست ناودەبرێ لەگەڵ ڕێبازی پێناسەی لەخۆدابوو و سیستمە دید و کتیڤە- گریمانەییەکان دامەزراوە، بەڵام لێرەدا ناتوانین قسە لەو شتانە بکەین. بەلای ئێمەوە ئەوەی

دێت گرینگە:

بەوەی کە بیرکاران دەڵێن: «کێشەیەک پێوەندی بە ئێمەوە نییە» ئەو کێشەیە نەچارەسەر دەبێ و نە لە جیهاندا پاکتاو دەکرێ. ئیتر پرسیارە بێزارکەرەکە هەر دەمێنێتەوە: «خاڵێک چییە؟!»

ئێمە لێرە، وەک لەکاتی توێژینەوەی ماوە کاتەکاندا، بەرەو پێش دەچین. ئەگەرچی ئێمە لە جیهانی هەستدا هیچ خاڵێک پێشیانە نابینین، بەڵام لاشەکان دەبینین و ئێمە دەزانین، ئەوە چی دەگەیەنێ: دوو لەش پارچەیەکی هاوبەشیان هەیە، ئەوە بەتەواوەتی، یان تاڕادەیەک یەکتری دەگرنەوە uberdecken. ئێمە دەخوازین بەلای کەمەوە وای دابنێین، ئێمە دەزانین کە چەندین کێشەی سەخت و گران لەسەنگەردان، بەڵام کێشەی جۆرێکی تر جیا لەوەی دەبێ ئێستاکە چارەسەر بکرێن. ئێستا ئێمە جارێکی تر سەرنجی تاقمێکی لاشە دەدەین کە هەموویان پێکەوە پارچە و بەشێکی هاوبەشیان هەیە. ئێمە چەند پتر سەرنج لەو لاشانە بدەین، ئەوەندە بەش و پارچە هاوبەشەکەی هەمووان بچووک دەبێت. جارێکی دیکە ئێمە سەرنجی ئەو تاقمەی هیچی تر فراوان نەبووی ئەو لاشانە دەدەین و لەگەڵ (ڕەسڵ)دا دەڵێین:

تاقمێکی ئەو جۆرە لەشانە خاڵێکە. بێ گومان ئێمە ئێستا زەوی و ئاسمان لەپێناسەکەی پێشتر: «خاڵێک، بەشێکی بێ درێژبوونەوەی جێگایە» دوورین، هیچ بواری بیرکردنەوەشی نەداوە، ئێستاکە هیچ جۆرێک «جێگا» لێرە لە ئارادا نییە، کە هەر جۆرە بەتایبەتی پارچەیەکی بێ درێژبوونەوەی پێویست بێ سەرنج بدرێت، تەنیا لەشەکان لەئارادان کە جیهانی هەست بۆمانی دەهێنێ، چەند کلاسێکی ئەو لاشانە ئێمە بە چەند خاڵێکیان ناودەبەین. ئیتر بەهیچ لایەکدا و بەهیچ جۆرێک نابێ لە جیهانی هەستەوە چەند جەوهەرێکی لەبنەڕەتەوە جیاواز وەربگیرێ و هیچ جێگایەکی لەخۆدا هەبوو، کە تێیدا لاشەکان بەم و ئەولادا مەلە دەکەن، هیچ خاڵێکی لەخۆدا هەبوون کە لێیەوە ئەو جێگایە خۆی دادەمەزرێنێ وەربگیرێت. ئێمە ئەوانمان پێویست نییە و جارێکی تر تیغی تراشی ئۆکام بەکاردەهێنرێ: فڕێیان دەدەن! لە لەشەکانی جیهانی هەست بەولاوە، بۆ ئەوەی بتوانین لە هەمووی بگەین، ئەندازیاری پێویستی بە چی هەیە پێویستیمان بەشتێکی دیکە نییە.

چونکە ئێمە لەکایەی بیرکاریداین، دەخوازین قسە لە ژمارە بکەین. ئەو فەلسەفانەی ئاراستەیەکی میتافیزیکیان هەیە، ژمارەکان بە چەند جەوهەرێک تێدەگەن کە جۆرە بوونێکی ئەفسانەییان هەیە. بەپێی بۆچوونی ئەفلاتوون لەجیهانی ئیدێدا بیرۆکەیەکی دوو بیرۆکەیەکی سێ..تاد.. هەیە، هەندێک میتافیزیکی دیکە باوەڕیان بە هێزی نهێنی موعجیزە ئاسای ئەو جەوهەری ژمارانە هەبووە، چونکە پێش هەموو شتێک ژمارەی حەوت خۆشەویست بووە، دەبوو پیرۆزیش بێ: حەوت نهێنی پاک، ڕاستە- ئەگەر بەهەڵە نەچم- حەوت گوناحی سەرەکیش هەیە، بەڵام ئەوە بەوادانان جۆرێکە لە جەمسەرگیری. بەڕاستی جەوهەرێتی حەوت جار داهێنەرانە کاریگەر بووە، ئەوە ڕەنگی ئەلیکترۆمەگنێتی indigpی شینی دروست کردووە. بەبێ ڕەنگی شینی ئاسمانی ئێمە تەنیا هەر شەش ڕەنگمان دەبوو، ئەوەش لەجیهاندا کەموکورییەکی دڵتەزێن دەبوو ئەگەر ئەو هەموو ڕەنگانەی وەک نهێنی پاک لەئارادا نەبوونایە، هەر بۆیە لەوانەی دیتن و چاویلکە سازیدا optik زاڕوو ڕەنگی شین فێردەکرێن، چونکە لەهیچ جێگایەکی دیکەدا هەمان شت کە کات و شوێنی گرتۆتەوە ژمارەکانیش دەگرێتەوە.

ئێمە ئەوەمان دیت: ئێمە ئەزموونە هاوکاتییەکان بە تاقیکردنەوە دەزانین، بەڵام هیچ جارێک ئێمە کاتەکە خۆی، یان ماوە کات بە تاقیکردنەوە نایزانین. بەهەمان جۆر ئێمە لە کۆی تاقیکردنەوەکانماندا ئەو شتانە کە لە سێ، یان پێنج بابەت پێک هاتوون، دەبینین و هەست پێدەکەین بە نەء و هیچ جارێک ئێمە ژمارەی سێ، یان ژمارەی پێنج بە تاقیکردنەوە نایزانین. ئێستا ئێمە بەتایبەتی مەبەستمان چییە ئەگەر دەبێژین: کۆیەکی چەند بابەتێک لە پێنج بابەت پێک هاتووە؟! ئێمە لەمە مەبەستمان ئەوەیە: ئێمە دەتوانین بە یارمەتی پەنجەکانی (قامکەکانی) دەستێک بیانژمێرین، ئەو ئەوەندەی پەنجەی دەستێک بابەتی زۆر هەیە، یان وردتر: بابەتەکانی ئەو کۆیە دەکرێ بخرێنە سەر zurdenen پەنجەکانی دەستێک، کە هەر بابەتێک بە تەواوەتی وەک پەنجەیەک و هەر قامکێک وەک بابەتێک وایە. ئەو کۆیەی لە پێنج بابەت پێک هاتووە، ڕاستەوخۆ ئەوانەن کە بابەتەکانیان بەشێوازە ڕوونکراوەکە دەکرێ بچنەوە سەر پەنجەکانی دەستێک و بەو هۆیەوە لە هەموو ئەو کۆیانەی دیکە کە پتر، یان کەمتر لەپێنج بابەتیان تێدایە

خۆیان جیادەکەنەوە. ئێستاش دەتوانین بڵێین- ئەوەش هەمان بیرۆکەیە کە ئێمەی بەرەو پێناسەکردنی ماوە کات و جێگا خاڵەکان ڕاکێشا:

ژمارە پێنج بەهیچ جۆرێک لە کلاسی هەموو کۆیەکان کە بابەتەکانیان بەو شێوازەی ڕوون کرایەوە، دەتوانرێ بچنەوە سەر پەنجەکانی دەستێک، بەولاوە تر نییە.

مرۆڤ لێرەدا گازندە ناکات بڵێ: بۆ خاتری ڕەب ژمارەیەک شتێکە لە کلاسی کۆیەکان جیاترە، لەبەر ئەوەی ئێمە ژمارەکان بەئەزموون تاقی ناکەینەوە وەک چۆن ئێمە ڕەنگ و دەنگ بە ئەزموون دەزانین، ئەوە ژمارەکان لەخۆیاندا و بۆ خۆیان هیچ شتێک نین. ئەوان بە ئێمە نەدراون وەک ئەوەی چۆن ڕەنگەکان و دەنگەکان بۆ ئێمە هاوردراون. دەبێ ئەوان بەهۆی هاوردەکانەوە واتە لە جیهانی هەستەوە بنیادبنرێن و پێک بهێنرێن، ئیتر بەو جۆرە دروست بکرێن و ڕەنگیان بڕێژرێ هەموو ئەو ئەرکە کە ژمارەکان دەبێ لە ژیانی ڕۆژانەدا و لەزانستدا جێبەجێ بکەن، ئەوان بەدی بهێنن.

ئێمە، بەپێی فرێگە و ڕەسڵ جۆرێکی ئەو ڕەنگڕشتن و بنیادنانەی ژمارەمان بەهۆی هاوردەکانی جیهانی هەستەوە نیشان دا. هەموو ئەوە بەڕاستی بەدی دەهێنێ کە ژمارەکان لە ژیانی ڕۆژانە و زانست دەبێ جێبەجێ بکەن و بەدی بهێنن، ئێمە لەوە زیاترمان ناوێ. من لێرەدا وەک شتێکی سروشتی ناتوانم بە دوور و درێژیی نیشانی بدەم. ئێمە بەتەواوەتی سەرمان لە بابەتەکانی جیهانی هەست دەردەچێ و ئێمە هیچ کات و جارێک ناچار نەبووین لە تەنیشت و لەپشت جیهانی هەستەوە ژمارەکانیش وەک چەند جەوهەرێکی تایبەتی جۆرێکی تایبەتی هەبوون دابنێین، هەروەها چونکە ئێمە ژمارەمان وەک چەند جەوهەرێکی تایبەتی پێویست نییە و لەبەر ئەوەی ئێمە بەبێ ئەو جەوهەرانەش سەرەودەر دەبین، ئەوە دەخوازین ئەو جەوهەرانەش پەسندنەکەین و وەرنەگرین. ئەوەش جارێکی دیکە بەکارهێنانی تیغی تراشەکەی ئۆکامە.

**تەنیا هەر ئەو بابەتانە کە ئێمە دەیانژمێرین، بەڵام لە تەنیشتیانەوە ژمارەکان وەک چەند جەوهەرێکی تایبەتی ئەفسانەیی بوونیان نییە.**

زۆر نموونەی دیکەش هەن ک تیغی تراشەکەی ئۆکام تێیاندا لەو کەم تا زۆر جەوهەرە تەمومژاوییەکان، کەم تا زۆر خۆسەپێنەرەکان، پتر لە پێویستییەکان ڕزگارمان بکات. دەربارەی ئەو جۆرە جەوهەرانە کە بەتایبەتی دەیانەوێ خۆیان بسەپێنن، دەمەوێ چەند قسەیەک بکەم.

من پێشتر لەبارەی بنیادی بنە- باری زمان ئەو کارە سەختەی لە فەلسەفەی پشت لە جیهان دەیکات، کە لە بنیادی زمانەوە وەک ئەنجام بەسەر بنیادی جیهاندا جێبەجێی دەکات، قسەم کرد. ئێمە دەبێژین: «ئەو کوتە کاغەزە ئێستا پانەو لووسە، ئێستاکە لوولدرا و پێچرایەوە، ئێستا وەک تۆپ خڕ کرا»، هەروەها ئێمە لەو ڕستەیەدا: بنە (ناوە) وەک خۆی بەردەوام بوو (کوتە کاغەزەکە) و بارە گۆڕاوەکە (ئێستا لووس و پان، ئێستا لوول دراو پێچرایەوە، ئێستا هەڵگڵۆراوە بووە بە تۆپ.) دەبینین. لەوەوە فەلسەفەی لەلایەن زمانەوە بە تەفرەچوو گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە جیهان وا دێتە بەرچاو دەردەکەوێ:

**لە بەرانبەر بنە «وەک خۆیان بەردەوام بووەکان»ی زمان لە جیهاندا چەند جەوهەرێکی وەک خۆیان بەردەوام بوو هەیە کە- وەک بارە گۆڕان بەسەرداهاتووەکان- چەندین خەسڵەتی لە گۆڕان هاتوویان هەیە و هەڵگرتووە.**

بەڵام لەکوێ ئێمە جەوهەرە بەردەوامەکان وەک خۆیان بە ئەزموون تاقی دەکەینەوە و پەیان پێ دەبەین؟! نە هیچ جارێک و نە لە هیچ جێگایەکدا! کوتە تەباشیرەکە وەک بنەما بنەڕەتییەکی Sabstanz وەک خۆی ماوە و بەردەوام وەک هەڵگری خەسڵەتەکانی من بە ئەزموون تاقی ناکەمەوە و پەی پێ نابەم. ئەوەی من بە ئەزموون تاقی دەکەمەوە بریتییە لە: ڕەنگە سپییەکەی، هەستی بەربەرەکانی کردن، ڕەقی و سەختی، ئەگەر بێتو من دەست ببەم ڕوخسارەکەی، کە من دەیبینم، دەتوانم دەستی لێ بدەم، بەڵام ڕوخسارە دیتراوەکە دەگۆڕدرێ، ئەگەر بێتو من کوتە تەباشیرەکە لە جێیەکی دیکە دابنێم، یان ئەگەر من خۆم ڕوو لە جێگایەکی تر بکەم و بسووڕێم. ئیتر ئەوەی پێشتر دیتم و ئەوەی ئێستا دەیبینم، هەمان شتە، من بە ئەزموون تاقی ناکەمەوە.

بەکورتی، ئەو بابەتانەی دەوروبەر کە ئێمە پێیان ئاشناین ئێمە ئەوان وەک چەند جەوهەرێکی وەک ماوەی بەردەوام بە ئەزموون تاقییان ناکەینەوە و پەیان پێ نابەین:

ئەوی من بەتاقیکردنەوە پێیدا تێدەپەڕم، ڕەنگە گۆڕاوەکانن و روخسار و ڕەقییەکانن...تاد.

ئایا ئێمە لێرەدا دوور نییە بەخاڵێک گەیشتبین، کە پێویست بێ ئێمە سەرەڕای ئەوانەی لەلایەن ئێمەوە بە

ئەزمـوون تاقی کـراونەوە، ڕەنگەکـان، دەنگەکـان..تاد، چەندین جـەوهەری تر وەربگیـرێن و پەسند بکەین، کـە ناتوانین بە ئەزمــوون تاقــیــان بکەینەوە و پەیان پێ بەرین: بنەمـا بنەڕەتییـە وەک خـۆ مـاوەکـان، ئەوانەی ڕەنگ، ڕوخسار، سەختی و ڕەقی گۆڕاویان وەک چەند خەسڵەتێک لەخۆیدا هەیە و ئێمە بە ئەزموون تاقییان دەکەینەوە؟!. جارێکی تر هەمان بیرۆکە Gedanke کە یارمـەتیـداین لە جـێگا و کـات تێ بگەین بەبێ ئەوەی ئێـمـە پێـویست بێ بەسـەر ئەوانەی بە ئەزمـوون تاقی دەکرێنەوە تێبپەڕین، بەبێ ئەوەی ئێمە چەندین جەوهەری تایبـەتی لە تەنیـشـت، یان لەپشت ئەوانەی جـیـهـانی هەستـەکانمانەوە وەربگیرێن، یارمـەتیـمان دەدات. ئەوەی ئێـمـە «بەو کـوتە تەباشیـرە» ناوی دەبەین لە کـلاسی ئەو بەناو لەلایەن ئەوەوە ڕەنگە، ڕوخسارە، سەختی و ڕەقییە هەڵگیراوەکان..تاد، بەولاوە نییـە. جێبەجێ کردنی ئەو بیرۆکەیە بە سایەی فـەلسەفەی ڕوو لە دنیای ئینگلیز و بەنیـشـاندان و پێداگـرتنێکی تایبـەتییـەوە بە سـایەی فـیزیکی و فـەیلەسووفی گەورەی ڤیەننا ئیرنست ماخەوە کە درێژەی بەو ڕێڕەوە داوە و ڕێکخراوەکەمان ناوی ئەوی لێنراوە، فـێـری کـردووین بەهیـچ جـۆر و هیـچ جـارێک پێـویسـتـیـیـەکی ناچاری نییـە لەپشت، یان لەژێر ئەو جەوهەرانەی جیهانی هەستەوە کە ئێمە بە ئەزموون پەیمان پێ بردوون چەندین جــەوهەری تری لەتاقــیـکردنەوە نەهاتوو، بنەمـا بنەڕەتیـیـەکـان پەسند و وەربگیـرێن و ئێستـا تیـغی تراشەکەی ئۆکـام بەدەست ڕاوەشـاندنێک بنەمـا بنەڕەتیـیـەکـانیش گـسـک و تـووڕ دەدات: ئەو بەردەوام بوونە مانەوە ستایش کراوەیان خۆی لە بەرانبەر تیژی ئەو تیـغەی تراشەدا ڕاناگرێ، بگرە من پێویستـیم بەوە نییـە لەوە بەدواوە پتر نزیکتر ببـمەوە، چونکە ئەو پرسیـارە بەدڵنیاییـەوە لە نووسینە وتارێکی دواتری ئەم ڕێکخراوەماندا بە تێروتەسەلی قسەی لێدەکرێت.

بەڵام ئێستاکە ئێمە دەبێ خۆمان لەگەڵ دوا کێشەیەکی قووڵ و سەخت و قـورسدا ڕووبەڕوو ببینەوە و قسـەی لێ بکەین. ئاوڕێک بۆ دواوە دەدەینەوە؛ ئێمە ماوەکاتەکانمان وەک چەند کـلاسـێکی ئەزمـوونە تاقـیکراوەکـان، خـاڵە جێگاییـەکـان وەک چەند کلاسێکی لاشەکان، ژمـارەکان وەک کلاسی کۆیەکان (کۆیەکان خۆشیان چەند کلاسێکی بابەتەکـانن) زانی و پەیمان پێ بردن؛ هەروەها بـابەت و کـەرەسـەکـانی دەوروبەری ئێـمـە وەک تـاقـمـێکی دەنگ، ڕوخسـار، ڕەقی...تاد. پەیمان پێ بردن، ئێـمە هەمـیـشـە جارێکی تر دەچینەوە سەر کلاسە (تاقمە)کان. شتەکە وا دەردەکـەوێ، ئێـمە ئیـتـر لەگـەڵ جەوهەرەکانی جیـهـانی هەستەکان بە تەنیا سەرەوەدەر نەکەین، بەڵکو ئێمە پتر لە تەنیـشت ئەو جـەوهەرە پلە یەکـەمانە پێـویسـتـە چەند جەوهەرێکی تری پلە بەرزتر وەربگرین کە بەرگەی تیغی تراشی ئۆکـام دەگـرن، بەتایبـەتی تاقـمی جەوهەرەکـانی یەکەم پلە ئینجا تاقمی ئەو تاقمانە و (ژمارەکان تاقمە ئەو جـۆرە تاقـمـانە بوون) دوور نیـیــە هی تری بەرەو سەریش. من لێرەدا تەنیا دەتوانم هەر ئەوە ناو بەرم، کە فەلسەفەی ڕوو لەجیهان لێرە ڕێگای ڕاستیشی نیشان داوین: ڕەسڵ نیشانی دا چۆن دەستەواژەیەکی پڕ واتا کە تێــیــدا وشــەی (کــلاس) بەکــاردێت، دەکــرێ بە دەستەواژەیەک کە تێیدا تەنیا هەر پتر بابەتەکان خۆیان نەک کـلاسی بابەتەکـان بەکـاردێن، بگۆڕدرێ. بۆ ئەوەی لێرە نموونەیەکی بەتەواوەتی نزیک بۆ ئەوە بهێنینەوە، بەم ڕستەیە:

«کلاس و تاقمی شێرەکان لەنێو تاقم و کلاسی شێر خۆرەکـاندایە» مـەبەسـتم لەوە بەولاوە هیچ شـتـێکی تر نییە:

«هەمـوو شـێـرێک زیندەوەرێکی شـیـرخـۆرە.» واتە بەدرێژتر باسی بکەین: هەمـوو بابەتێک کـە خـەسـڵـەتی پێناسـەکـراوی چەمکی «شـێـری» هەبێ خـەسـڵـەتی پێناسـەکـراوی چەمکی «شـیـر خـۆریشی» هەیە. لەم دارشـــتنەدا تەنیــا هەر پتـــر بابەتە بە ئەزمـــوون تاقـیکراوەکـانی جیـهـانی هەست نەک «کـلاسـەکـان» بەکاردێت. لەو شی کردنەوەیەی دواییدا کـلاسەکـانیش وەک چەند جەوهەرێکی پتر لە پێویست خۆیان نیشان دا و ئیـتـر لە جـەوهەرە بە ئەزمـوونە تاقـیکراوە پەی پێ براوەکانی جیهانی هەستـەکانمان بەولاوە شتێکی دیکە نامێنێتەوە.

ئێـمە تیغی تراشی ئۆکامان لەکاتی کارکردندا دیت و دەتوانین و بۆمـان هەیە بڵێین: ئەو بە چاکی کاردەکات، چونکە ئەو کـەفـە سابوونەی تراش پێـویسـتی پێیـەتی دەســتــێکی توندی لە فــەلسـەفــەی پشت لەدنیــا، میتافیزیکییەکە وەشاند.

جیـهـانێک بە تەنیـا مـایەوە کـە لە هەمـوو نیـمچـە جەوهەرە تەمومژاوییەکان کە لەجێگایەکدا لەنێوان بوون و نابووندا ویسـتـوویانە، دەبوو جێگیـر بن، هەروەها لەو

بابەتە ناشیاوەکییانە، لە هەمەکییەکان، لە جێگای بۆشوبەتاڵ، لەکاتی بەتاڵ، پاکوخاوێن کرایەوە. هەروەها لەهەمووجەوهەرە چاو پڕ نەبووەکان کە لافوگەزافی بوونێکی بەهێزی وەک خۆی مانەوەی بەردەوام لەچاو جەوهەرە فرە ڕەنگییە گۆڕاوەکانی جیهانی هەستی ئێمە، لێدەدەن، وەک: ئیدێ و بنەما بنەڕەتییەکان و وەک ئەوانەی تر چۆن خۆیان حەزدەکەن ناویبرێن، خاوێن و پاک بۆوە، بەڵام ئێمە دەبیستین دەگوترێ: ئەو فەلسەفە ڕوو لە دنیایە کە تەنیا هەر جیهانی هەستی پێ بەسە لەبارەی شتی باڵا و قووڵەوە ناپرسێ، ئەو- بەپێی بنجوبناوانەکەی - فەلسەفەیەکی ڕاست و دروستی بازرگانانی بچووکە، فەلسەفەیەکی مرۆڤی بێ هەستی چێژی هونەری و (Banause) بۆرژوازی بچووکی ئاسۆ تەنگەبەرە، فەلسەفەیەکە بۆ ئەوانەی لە ئەندێشە و فەنتازیدا بەهرەمەندن، بەڵام شاعیر نین، بگرە تەنیا جیهانێک هەیە تێیدا لەژێر دیاردە ساکار و بەسەرچووەکاندا چەندین بنەماو بنەڕەتی تونودتۆڵی وەک خۆ بەردەوام ماوە و ئارامیان گرتووە، لەسەرروویانەوە بەوپەڕی سروشتی گیانییەوەیە و بەرز دەبێتەوە چەند ئیدێیەک دەستبەکارن، وەک چۆن گۆتێ بەرجەستەی کردووە:

**خواوەندەکان لە تەنیایی گۆشەگیریدا لەسەر تەختی شکۆمەندی دانیشتوون،**
**بۆ ئەوەی هیچ جێگایەک و بگرە لەکاتێک کەمتر..**
**باسیان بکرێت..**
**ئەوە سەرسامی و داماوییە...**
**ئێمە دواجار بەرەزامەندییەوە دان بەکامەدا بنێین.**

دەکرێ وابێ، جاران جیهان جوان و خۆش بووبێ مرۆڤ هەستی بەبوونی خواوەند و جنۆکەکان کردبێ، دوور نییە وابێ، ئەوکاتە سەردەمێکی شاعیرانە بووبێ کاتێک مرۆڤ بەبێ شەکەتی و ماندووبوون پێویست بووبێ هەموو جەوهەرە شیاوەکییە باڵاکان بە دوعاو نوێژ و قوربانیدان لەنێوە ڕێگادا بە ڕووخۆشی بهێڵێتەوە، هەموو گیانە بەدکارە شیاوەکییەکان بە تەلیسم و جادوو سەرکوت بکات. دەکرێ ئەم سەردەمەش خەڵک بەختەوەر بن بەوەی بەدڵنیاییەوە لەو باوەڕەدان، بەسێ جار تف ڕۆ کردن دەتوانن بەدبەختییەک بڕەوێننەوە و دەکرێ منیش لەتوانامدابێ بە ئەوپەڕەکەی هەستی بەختەوەری و سەربەرزی مرۆڤێک بەڕێزەوە هەڵبسەنگێنم کە ئاوێنەیەکی شکاندووە و خۆی لەنێو بڕوابوونە دڵنیاییەکەدا بە ئاسوودەیی دڵنیابێ، ئەو حەوت ساڵ ژن نەهێنێ، بەڵام ئێمە ئەوەشمان مەبەست بوو کە ئەمانە هەمووی شتی پڕوپووچی ئەفسانەیین و دەبێ ئێمە ئێستا جارێکیش بێ ئەوە بەڕاست دابنێین کە نابێ بڕوا بەو شتانە هەبێت، با ئەو شتانە جوان و دڵڕفێن و شاعیریش بن. ئەمە هیچ بەڵگەیەک نییە دژی تیغی تراشەکەی ئۆکام، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا حەیف و خەسار بۆ ئەو هەموو جەوهەرە پتر لە پێویستییە گسک دراوانە بێ، چونکە ئەوان جوان و شاعیرین.

بەڵام- ئێستاکە دەچینەوە سەر دەروازەی چوونە دەرەوەکە، ئارەزوومەندان لەیەکتری جیاوازن. یەکێکیان بە فرە ڕەنگی، هەمە جۆری، بەگۆڕانی هەرەمەکی بێ سەروبەرە، بە هەڵنەهێنانی ئاژاوی نێو جیهانی هەستەکان دڵی خۆی خۆش دەکات، ئیتر هەربۆیە بۆ ئەو پشت لەدنیایی دەمێنێتەوە و- ئەوی تریان لەوە بێ بەشە دڵی بەو دنیایەی هەستەکان خۆش بکات پشتی تێدەکات و دەگەڕێ و دەکۆشێ لە ئەودیوی دنیاکان لە ئەفسانەدا بژی، بەڵام ئێمەی لایەنگیرانی فەلسەفەی ڕوو لەدنیا، لەوەدا لەڕێگا لادانێک ڕێگایەکی چەوت و هەڵە نەخۆشییەک کە مرۆڤایەتی هەزار ساڵانێک بەدەستییەوە ناڵاندوویەتی، بەدی دەکەین و دەبینین، خواستی ئێمە ئەوەیە مرۆڤایەتی لەو گوشارە ئەفسانەییە ڕزگار ببێ. هەروەها مرۆڤ لەو تاریکاییە ئەفسانەییەی فەلسەفەی پشت لەجیهانەوە بۆ ڕێبازە سادە و ڕوون و ئاشکراکەی فەلسەفەی ڕوو لە جیهان بگەڕێتەوە و بێتەوە. وەک سڵاو لێکردن ئێمە پێی دەڵێین:

**تۆ لە مردنەوە، لە بەدەستەوە ناڵاندنەوە**
**لە هەموو شتێکەوە سەر ئاو بەدەرکەوتی**
**ئەوەی ترسنۆک و نیوەچڵ و کاڵوکرچە و**
**تۆ بەسەربجدانی ئازاد فێر دەبی**
**کازیوەی نەساغ لەڕۆژی ڕووناک و بێ گەرد**
**جیا بکەیتەوە**

## گرینگی و بایەخی تێگەیشتنی زانستییانەی جیهان بەشێوەیەکی تایبەتی بۆ بیرکاری و فیزیک

دەبێ ناوی «تێگەیشتنی زانستییانەی جیهان» دان پێدانانێک و سنوورکێشانێک بگەیەنێ.

دان پێدانانێک بە میتۆدەکانی زانستە ڕێکوپێکەکان،

بە تایبەتی هی بیرکاری و فیزیک، داننانێک بە ئەنجامگیرییە ڕاست و ڕەوانەکانی مەنتیق (بەپێچەوانەی: بیری فەنتازی، سووسەی- حەدسی- ئەفسانەوی، دەستبەڕاگرتنی هەست و سۆزییانەوە) داننان بەسەرنجدانی پشوو درێژی ڕووداوە شیاوەکییە لە یەکتری جیاو دابڕاوەکان ئەگەر لەخۆیاندا بەوپەڕی کەمی و بێ بایەخیش دەرکەون (بەپێچەوانەی هەمەکی و لێکدراوە komplexe شاعیرییە فەنتازییە تێگەیشتن خوازییە پڕ دەلالەتە شیاوەکییە، جیهانگیرە شیاوەکییەکەوە)؛

سنوورکێشانێک دژی فەلسەفە بەواتا باوەکەی کە ڕێباز و تیۆرییەکە دەربارەی جیهان و داوای مافی وەک یەکی شان بەشانی زانستە تاکە پسپۆڕەکان دەکات، یان بەتەواوەتی بالاتر بەسەر ئەواندا بێ. ئێمە ئەو بۆچوونەمان هەیە: ئەوەی بکرێت بەگشتی پڕ واتا بگوترێ بابەت و دەستەواژەیەکی زانستە پسپۆڕەکانە و فەلسەفەکردن تەنیا بەو واتایەیە: ڕەخنەگرانە ڕستە و دەستەواژەکانی زانستە پسپۆڕییە تایبەتییەکان دواتر تاقی بکرێنەوە. ئایا ئەوان چەند ڕستەیەکی زڕ نین، ئایا ئەوان بەڕاستی واتا و دەلالەتێکی ڕوون و ئاشکرایان هەیە کە ڕابەر و نوێنەرانی زانستە خاوەن پێوەندییەکان پێیان دەبەخشن، پتر بەو واتایەیە: ئەو ڕستانەی وانیشان دەدەن گوایە لە چاو ڕستەکانی زانستە پسپۆڕییەکان جۆرێکی تری واتا قوولتر و بەرزتریان هەیە وەک زڕە ڕستە پەردەیان لەسەر هەلگیرێ.

ئێمە خۆمان بەدرێژە پێدەری ئاراستەی ئەزموونی (ئیمپیری) فەلسەفە ڕادەگەیەنین و دەناسێنین، بەوپەڕی پێداگرییەوە دژی هەموو ڕاسیونالیزمین کە هزر بەتاکە سەرچاوەی زانین دەبینێ و بەرانبەر بە شارەزایی و ئەزموونی بالاتر بە شایستەی دەژمێرێ. هەروەها ئێمە دژی ئاراستە و ڕێبازە دوو ڕەنگییە (دووالیستە)کانین کە دەخوازن هزر و شارەزایی بەدوو سەرچاوەی سەربەخۆ و وەک یەک شایستەی زانین دابنێین.

ئێمە پتر ئەو باوەڕەمان هەیە کە تەنیا هەر شارەزایی- ئەزموون، تەنیا هەر سەرنجدان دەربارەی ڕاستەکردەکییەکان (فاکتەکان) کە جیهانیان لێ پێک دێت زانینمان دەدەنێ، بەلام هەموو بیرکردنەوە لە هەمان گۆیی فۆرم گۆڕین بەولاوە نییە.

ئەمە دەبێ لەنزیکترەوە پتر باسی بکرێت: بگرە ئێستا گوترا، ئەو هەمان گۆییە ڕوخسار گۆڕینە Umformen بۆ زانینی ئێمە ئەوپەڕی گرینگ و بایەخدارە، نیشانی «هەمان گۆیی» بەهیچ جۆرێک بایەخ کەمکردنەوە و گازندە ناگەیەنێ.

بەو جۆرەی تێگەیشتنی هزر (بیر)، تەنیا ئێمە بە پێچەوانەو دژی ڕاتسیونالیزم و دوالیزم ناوەستین، بگرە بەتایبەتی دژی ئەو تاقمە ئیمپریستیەین کەوا بڕوا دەکەن، دەتوانن مەنتیق و (بیرکاریش) لە شارەزایی و ئەزموونەوە ئەنجام بخەنەوە، لەوەدا کە بەوانە و نووسین گوتوویانە، ڕستە و دەستەواژەکانی مەنتیق و بیرکاری چەند فاکتێکی شارەزایی و ئەزموون دەردەبڕن- لە ڕستەکانی فیزیک بەولاوەتر نا، بەلام لێرەدا مەبەست لە ئەو شارەزاییەیە کە فرە جار بەتایبەتی دەستگیر دەبێ، کە ئەو ڕستانە بەهۆیەوە بەتایبەتی پلەیەکی بالای دلنیایی لێکردن بەدەست دەهێنن.

ئەوی ڕاست بێ پێوەندی مەنتیق و بیرکاری هەمیشە خاچ ئاسا دروشمی سەرەکی ئیمپریزم (ڕێبازی ئەزموونی) بووە، هەموو دەستەواژەیەکی گشتی کە لە شارەزایی و ئەزموونەوە کەوتۆتەوە، ماوەیەک بەبێ دلنیایی لێکردن دەمێنێتەوە، لەدەستەواژەکانی مەنتیق و لەهی بیرکاریدا ئەو جۆرە دلنیایی لێ نەکردنە نابینین. ئێمە دەتوانین وای بۆ بچین کە سبەینێ ڕۆژ (خۆر) هەلنەیەت، بەلام ئێمە توانایی ئەوەمان نییە وای بۆ بچین کە ٢×٢=٥، یان (p-q) و (p) ڕاستە، بەلام (q) هەلەیە. لێرەدا ئەو بەلگەیەی باس کرا هیچی تر یارمەتی نادا بەوەی گوتوویەتی بابەتەکە بریتییە لەو شارەزاییەی بەتایبەتی بەدەست دەهێنرێ. بە ڕوونکردنەوەی هەلوێستی مەنتیق و بیرکاری (ئەوەی لەو سەردەمە نزیکەوە کەوتۆتەوە) کە دواتر باسی دەکەین ئیمپریزمی ئەنجامەکی بۆ بە شیاوەکی.

سەرنجدان و ڕوخسار و گۆڕینی هەمان گۆییانەی هزر، ئەوانە تاکە ئامرازی زانین کە ئێمە دانیان پێدا دەنێین. زانینێکی پێشیانە aprioie ئێمە دانی پێدا نانێین، لەبەر ئەوە نایکەین، چونکە ئێمە لە هیچ جێگایەکدا پێویستیمان پێی نییە، ئێمە هیچ تاکە بڕیارێکی لێکدراوی پێشیانە نازانین و نەناسین، هەروەها نازانین چۆن دەکرێ پەیدا ببێ و ئەوی پێوەندی بەناوبراوان بە بڕیارە شیکارییەکانی مەنتیق و (بیرکارییەوە) هەیە، ئەوە نیشانی ڕوخسار گۆڕینە هەمان گۆییەکانن.

تاکە هاوردەیەک Gegebene بۆ لای ئێمە ئەو تاکانەن بەهەست دەستگیر بوون، کە ڕاستەوخۆ لەلایەن من بە ئەزمـوون تاقی دەکرێتەوە (erleben) هەست تەنیا هەر دەچێتە سەر ئەوەی کە لەکۆتاییدا دەکرێ بگەڕێنرێتەوە سەر هاوردە، لەهاوردەیەک بکرێ دروست بکرێت. ئیتر پێویستە ئەوانەی بە چەند بابەتێکی «وەک خۆماوەی بەردەوام» جیهانی دەرەوە ناودەبرێن کە لە ژیانی ڕۆژانەدا دەزانرێن (مێزەکان، چیاکان..تاد.) یەکەم جار دابەزرێن و ڕەنگ برێژرێن، ئەوە لاشەکانی جەوهەرە زیندووەکانیش دەگرێتەوە، زیندەوەر و مرۆڤ. هەروەها دەروونەکانیش (بەخۆیی و بیانییەوە) پێویستە دابەزرێنرێن و ڕەنگ برێژرێن konstiuiert شارەزایی فێرمان دەکات کە ئەوان بە لەشەکانەوە بەندن، دامەزراندن و ڕەنگ ڕشتنێکی ئەو دەروونانەی بە لەشەکانەوە بەند نین لە بنەڕەتدا لە کردن نایەت، ئەو تائێستا (وەک وەڵامدانەوەیەکی ئایینەکان و ڕێبازە گیانییەکان) وەک پێویست و تاکە جارێکیش وەک بەپێی ئامانج نەخشاو خۆی نیشان نەداوە. هەروەها کەرەسە و بابەتەکانی فیزیک (ئەتۆم، ئەلیکترۆن، شەپۆلە هەمەجۆرەکان) پێویستە بەهۆی دامەزراندنەوە ببرێنەوە سەر هاوردەیەک نەک وەک دیاردەیەکی شیاوەکی، پێویستە ئەو وەک بێ واتا و لەگەڵ ئەودا هەر ڕستەیەک کە ئەو تێیدا بەکاربێت سەرنج بدرێت، ئەمەش چارەنووسی بەشی زۆری ئەوەیە کە لە فەلسەفە، لە میتافیزیک و لاهووتدا قسەی لێدەکرێت.

پێویستی و ناچاری دامەزراندن و ڕەنگ ڕشتن لەوەدا خۆی نیشان دەدات کە لە پرۆسەی زانینماندا هاوردەکە ئەوەی دێتە سەر کە دەبێ کار لەسەر ئەو هاوردەیە بکرێ. ئەوە ئەو دەرفەتەمان دەداتە دەست، سەبارەت بەهەڵوێستی مەنتیق، تێگەیشتنێک بخرێتە بەرچاو کە لەو کۆڕەی ئێمەدا بەرێکوپێکی قسەی لێوە دەکرێت. بەپێی ئەو تێگەیشتنە مەنتیق شتێک نییە کە خۆی لە هاوردە، یان وەک ئێمە دەڵێین: لەجیهاندا دەبینێتەوە: مەنتیق، وەک وادانراوە، ڕێباز و تیۆری خەسڵەتە گشتییەکانی بابەتەکان، زانست و تیۆری بابەتەکان بەگشتی نییە، پتر مەنتیق بەهۆی کارکردن لەسەر هاوردەکە، لە پێشەوە، بەو هۆیەوە کە خودی شتزان بەرانبەر بە هاوردەکە ڕووبەڕوو دەبێتەوە، هەوڵ دەدات لەوەوە وێنەیەک ڕەنگ برێژێ کە سیمبۆل بەکاردێنێ: مەنتیق بەوەوە گرێدراوە کە شتێک دەربارەی جیهان دەگوترێ. ئەم سیمبۆلییە وێنەکۆپییەیەکی لەگەڕاندنەوە هاتووی ڕوون و ئاشکرا، ڕوخسار وەک یەک نییە- ئەو جۆرە سیمبۆلییە ئەوپەڕی کەم سوود بەخشە و لە بەکارهێنانی جۆرێکی ئەو سیمبۆلییەوە مەنتیق پەیدا دەبێ. مەنتیق ئەو کاتە ڕاستەوخۆ پەیدا دەبێ ئەوەی دەبێ وێنەکەی بکێشرێ و وێنەکانی، سیمبۆلەکان بنیادی جیاواز نیشان دەدەن، نموونەیەکی سادە و ساکار لەم بارەیەوە ناکردن دەیداتە دەست: لە سیمبۆلیدا بەرانبەر بە هەموودەستەواژەی دەربڕینێک p ناکردنی p- هەیە لە جیهاندا لە هەردوو فاکتە وەک یەکەکان تەنیا نموونەیەک بەدەردەکەوێ: ئەویش ئەو فاکتەی نزیکە و وەک p وابێ، ئیتر ئێمە دەتوانین بە دوو جۆر دەربڕین: بەهۆی ئارێ کردنی p، بەهۆی ناکردنی p-.

نموونەیەکی دیکە: لە سیمبۆلیدا لە تەنیشت هەردوو سیمبۆلی p لەگەڵ q وەک سیمبۆلی ئەوپەڕی سەربەخۆ، بەرهەمی مەنتیقی p.q هەیە؛ لە جیهاندا لە تەنیشت فاکتی p لەگەڵ q فاکتێکی سەربەخۆ پەیدا نابێ. کە بەهۆی «لەگەڵ»ی ڕاستەقینەدا بەیەکەوە گرێ دراین. (فاکتی molekulare «گردیلەیی» p.q کە شتێکە خراوەتە نێو هاوردەوە ئەنجامی کار لەسەر کردنێکە). سیمبۆلی p.q وادانانی هاوکاتی p لەگەڵ q شیاوەکی دەکات. کە من دەڵێم p.q ئەوە من (p) دەڵێم، هەروەها بە هەمان شێوە (q). لەم ڕەوشەوە ئێستاکە ئەو سیمبۆلییەی بەکارهاتووە ڕێگا دەدات هەمان شت بەجۆری جیاواز بگوترێت، هەروەها ڕێگا دەدات بەوەی کە مرۆڤ شتێک دەڵێت، شتێکی تری لەگەڵدا بڵێت، مەنتیق دروست دەبێت. ئەوە نیشاندانێکە چۆن مرۆڤ شتێکی گوتووە، دەتوانێ شتی تر بڵێ، یان چۆن مرۆڤ لەوەوە کە شتێکی پێشتر گوتووە دەتوانێ لێوەی شتێکی تر لەگەڵیدا وتراوە دەستگیر بێ. ئەوە ئەوەیە دەمانەوێ بەکارەکتەری هەمان گۆیی مەنتیق نیشانی بدەین.

هاندەری ئەوە، سیستمێکی سیمبۆلی بەکاربهێنرێت بنیادەکەی لەهی ئەوەی وێنە کۆپی بکریت لابدات، سیمبۆلییەک، کە ڕێگا دەدات هەمان شت بە جۆری جیاواز بگوترێ، لەوەدایە کە زانینی ئێمە سەرتاپاگیر نییە، ئێمە فاکتەکان کە جیهان دروست دەکەن تەنیا بە پچڕپچڕی دەناسین. ئەوە مرۆڤ لە نموونەی نارێککردندا بەدی دەکات: هیچ هاندەرێک لە ئارادا نییە ناکردنێک

بەکاربهێنرێ ئەگەر ئێمە بتوانین هەموو فاکتە ورد و تاکەکانی جیهان بناسین. خودێکی هەموو شتزان پێویستی بەهیچ مەنتیقێک نییە و بەپێچەوانەی ئەفلاتوونەوە دەتوانین بڵێین: ڕەب هیچ کاتێک بیرکاری جێبەجێ ناکات و بەکارناهێنێ.

کەواتە ئەو زانست و تیۆرییەی لە بارەی هەڵسوکەوتی جیهانەوەیە، مەنتیق نییە- دەستەواژەیەکی مەنتیق هیچ شتێک دەربارەی جیهان ناڵێ و دەرنابڕێ-، بەڵکو نیشاندانی چەند ڕوخسار گۆڕینێکە لەنێو چوارچێوەی سمبیۆلیبە بەکارهاتووەکەدا. بەو تێگەیشتنە لە مەنتیق، ئەو کێشەیە کە زۆر قسەی لەسەر کراوەی بەڕواڵەت مەتەڵ ئاسای تەریبی Parallelismus لە پرۆسە و ڕەوتی هزرمان و هی ڕووداوی جیهان، هی بەڕواڵەت هارمۆنی پێشتر سەقامگیربووی نێوان هزر و ڕووداوی جیهان کە بەپێی ئەمە ئێمە دەتوانین بەهۆی هزر و بیرکردنەوەوە شتێک دەربارەی جیهان بکەین و بڕیاربدەین، لەخۆیەوە چارەسەر دەبێ. ئەوە هەرگیز وانەبووە و واش نابێت. بیر دەتوانێ تەنیا چەند ڕستەیەک هەمان گۆیانە فۆرمەکەیان بگۆڕێ و بەهۆی ئەوەوە ڕوخسارێکیان پێ ببەخشێ. بەلای ئێمەوە باشتر سەرنجدان بیانگرێتەوە، یان لەوانەوە چەند دەربڕین و دەستەواژەیەک دەکەوێتە دەست ئەوەی لەواندا گوتراوە و دەربڕاون، بۆ کۆنترۆڵکردن لە ڕستە بنەڕەتییەکان. باشتر گونجاو و شیاوترن.

ئەوە ڕۆڵی بیرکردنەوەیە لە سیستەمەکانی زانینی ئێمەدا، هەروەها ئەوە بەشێوەیەکی تایبەتی ڕۆڵی بیرکردنەوەیە لەفیزیکدا، تاکە تۆزە بیر لێکردنەوەیەک، سەرنجدانێکی کورتی مێژووی زانست نیشانی دەدات ئەو ڕۆڵەی بیرکردنەوە- ئەگەرچی کارەکتەر و سروشتێکی هەمان گۆیی هەیە- هیچ شتێکی لاوەکی نییە. تەنیا نموونەیەک:

هاوکێشە بنەڕەتییەکانی بوار و کایەی ئەلیکترۆ مەگنێتی ڕاستەوخۆ بەهۆی سەرنجدانەوە بەدەگمەن کۆنترۆڵ دەکرێن، بەڵام بەهۆی ڕوخسار گۆڕینی هاوگۆییەوە دەزانرێن ئەو دەربڕینانەی لەوێدا دەگوترێن لەسەروو ئەو پێوەندییانەوە کە لەکۆنترۆڵکردن دێن، وەک بۆ نموونە ئەوانەی لە تاقیکردنەوە و هەوڵەکەی میکڵسۆندا لەبەردەستدان و ئێستاش ئەو تاقیکردنەوە هەوڵە توانیویەتی لە کۆنترۆڵکردنی هاوکێشە

بنەڕەتییەکاندا سوودبەخش بێت و بەکار بێ.

ڤتگنشتاین بوو کە سروشت و کارەکتەری هەمان گۆیی مەنتیقی زانی و پەی پێ برد، ئەو نیشانی دا ناوبراو بە نەگۆڕاوە مەنتیقییەکان (وەک «و»، «یان» تاد...) وەک شتێک نین لە جیهاندا هەبێ، کەچی پێشتر ڕەسڵ لەو باوەڕەدا بووە کارەکتەری مەنتیقی دەستەواژەیەک لەوەدا ببینێ کە تەنیا بەهۆی یارمەتی گۆڕاو و نەگۆڕە مەنتیقییەکانە خۆی لەدەربڕین بێت. دەستەواژەیەکی لەم جۆرە بۆ نموونە ئەوەیە: «بیست تاکەکەس لە جیهاندا هەیە» بەڵام ئێمە ناتوانین ئەو جۆرە دەستەواژەیە بە یەکێکی مەنتیقییانەی دابنێین، چونکە ئەو بەڕاستی شتێک دەربارەی جیهان دەردەبڕێ و ساغ کردنەوەی بەهۆی ئەزموون و شارەزاییەوە لەبنەڕەتدا لەکردن دێت.

دوای ئەوەی من شتێکم دەربارەی مەڵبەندی مەنتیق لە سیستمی زانینی ئێمەدا گوت، دەبێ شتێکیش دەربارەی هەڵوێستی بیرکاری بڵێم، لەبەر ئەوەی ئێمە خۆمان بەلایەنگیری ئەو بۆچوون و تێگەیشتنە دانا کە تاکە ئامرازی زانینمان شارەزایی و ئەزموون و ڕوخسار گۆڕینی هاوگۆیی مەنتیق، لەبەر ئەوەی بیرکاری پێوەندی بە ئەزموونەوە نییە، وەڵامەکە پێشەکی دراوەتەوە: پێویستە بیرکاری (ماتماتیک) لەلای خۆیەوە کارەکتەری هەمان گۆیی هەبێت، واتە: **بیرکاری بەشێکە لەمەنتیق.** ئەوە ئاشکرایی هەڵوێستی ڕەسڵە. لەکاتێکدا ئێمە خۆمان بەلایەنگری ئەو هەڵوێستە دادەنێین نامانەوێ بڵێین ئێمە بنەماکانی بیرکاری Principia Mathematica وەک ئینجیلێک کە نابێ دەستی لێ بدرێت سەرنج دەدەین، ئێمە پتر ئەو بڕوایەمان هەیە: سەرەڕای ئەو خزمەتە زۆر و زەبەندەی ڕەسڵ و وایتهێد کردوویانە ئەو ئەرکە، بیرکاری وەک مەنتیقێکی بێ گەرد پەرە پێ بدرێ، تائێستا بەتەواوەتی بەلایەکدا نەخراوە، بگرە ئێمە ئاسمان و زەوی لە هەڵوێستی ئەو ڕەخنە و گازندەیەوە دوورین کە سیستەمەکەی ڕەسل بەتەواو بوو abgeran ڕوون دەکاتەوە، چونکە لەودا تائێستا چەندین کێشە هەرماوە. وەستان دژی ئەو بەرهەمە لەوەدەچێ مرۆڤ کە زمانی ئیتالیاییش نەزانێ دژی کۆمیدیای خواوەندی Divina commedio بوەستێ و لەو شاکارە شیعرییە تەنیا چەند کۆپلەیەکی کەمی لەبەردەستدابێ.

بەبێ گوێدانە تێگەیشتنێکی تری مەنتیق، وا دێتە بەرچاومان ئەو کارەی ڕەسڵ لە سۆنگەی تیۆری

بەکارهاتووی تایپەکانەوە- کە وەک بەدەردەکەوێ- دەبێ بەیەکێکی تری سادە و ساکارتر بگۆڕدرێ و کە تێیدا بەڵگەنەویستی گێڕاندنەوە کە ئەوپەڕی کێشەی لەسەرەو بەتەواوەتی بە مەنتیقی تایبەتی extra ناسراوە دەکرێ دەستبەرداری ببین و دواتر لەسۆنگەی چەمکی ڕەهای وەک یەکییەوە (Idehtitat) کە لەلایەن ڤتگنشتاینەوە کار لە دژی کراوە، ئەگەرچی لێرەدا ئەو دەرمانە (وەک بۆمن دەردەکەوێ) نابێ بەو جۆرە گرینگ و بەلایەکداخەرانە بێت وەک ڤتگنشتاین وای داناوە، کارەکەی ڕەسل پێویستی بەدەسکاری و چاککردن هەیە.

ئەو هەڵوێستی پشتگیری کردنەی ڕەسڵ دوور نییە لە ناوەندی ئەڵەمانیادا کە تەنیا هەر ململانێی سووسەیی (حدس)- فۆرمالیزم- جارێکیان برۆڤیر جارێکیان هیلبەرتی بیستووە، چاوەڕوان نەکراوبێ. لەگەڵ ئەوەشدا هەڵوێستی لەسەرکردنەوەی سووسەیی In-tuitionismas برۆڤیر بۆ لایەنگیرێکی ئەو بنەمایانەی ئێمە پشتیان پێ دەبەستین گران بێ. وا دەردەکەوێ لە ڕادەبەدەر ئەو بنەما بنەڕەتییەی سەرنجدانی بێ گەردی کانتی لەگەڵ ڕێبازی پێشیانەی کانت خزمایەتییان هەبێ. ئەوە نابێ بە ڕێگر لەوەی بایەخی بیرکاری ناوەکی توێژینەوەکانی برۆڤیر وەک ساغ کردنەوەی ئەوەی لە بیرکاریدا دەکرێ و ئەوەی ناکرێ بە یارمەتی ئەو ئامرازانەی پێشەکی دراونەتە دەست بەدەست بهێنرێ، بەوپەڕی بەرزی بنرخێنرێت. ڕێکخستنی ئەو توێژینەوانە لەنێو سیستمە مەنتیقییەکەی بیرکاریدا وەک ئەرکێکی خۆسەپێنەر کە دەبێ بەتەواوەتی جێبەجێی بکرێت گرنگە.

ئەوی پێوەندی بە فۆرمالیزمی هیلبێرتەوە هەیە، پێویستە ئێمە لەڕوانگەی هەڵوێستەکەمانەوە پێش هەموو شتێک سەرنج بۆ لای ڕۆڵی ڕوون نەکراوەی بیرکردنەوە میتابیرکارییەکان ڕابکێشین. ئایا زانینە میتابیرکارییەکان لەکوێوە هاتوون؟! ئەوان لە ئەزموون و شارەزاییەوە پەیدانەبوون. بە پێچەوانەوە ململانێیەکان و سەختییەکان کە ئێمە لەو هەوڵانەدا: مەنتیق و بیرکاری لەسەر بنەمای ئەزموون دابمەزرێنن، دەیانبینین، هاتوونەتە قسەکردن. ئایا ئەوان چەند ڕوخسار گۆڕینێکی مەنتیقییانەن؟! نەخێر ئەوە نییە! دەبوو ئەوان خزمەتی پێکهاتن و دامەزراندنی ئەو ڕوخسار گۆڕینانە بکەن. کەوابوو ئەوان چین؟! نابێ بەهۆی ئەو هەڵویستە گوماناوییەی ئێمە بەرانبەر بەو سەرەتا و بنەمایە دژی بایەخی توێژینەوەکانی هیلبێرت شتێکی گوتبێ. من پتر ئەو باوەڕەم هەیە پتر بیناکردن و چاککردنی سیستمەکەی ڕەسڵ فرە لە ئەنجامە کۆنکرێتییەکانی هیلبێرتەوە دەست پێدەکات.

ئەوەی تائێستا دەربارەی بیرکاری وترا، ژمێرە (ئەریتماتیک) و شیکاریش دەگرێتەوە. ئەوپەڕی بەجۆرێکی تر- بێ گازندە و پێشتر- بە مەنتیق کردنی ئەندازیاری تەواو و جێبەجێ کراوە. لێرەدا بەهۆی ناوبراو بە بەڵگەنەویست Axiomatiserung کرد ڕێکخستنەکە لە چوارچێوەی مەنتیق بەرەو پێش چوو. هەموو تیۆرییەکی ئەندازیاری وەک (هەمان گۆیی) تێدابوون P-Q بەدەرکەوتووە، پێشەکییەکەی P کە بەرهەمێکی مەنتیقی بەڵگەنەویستەکانە، پاشەکییەکەی Q تیۆری خاوەن پێوەندییەکەیە بەڵگە نەویستەکان لێرەدا وادەردەکەوت کە لەخۆیانەوە هیچی تر ڕوون و ئاشکرانین، بەڵکو چەند ڕاستییەکی ساغ نەکراوەن، بگرە وەک گریمانە لەوانەوە دەکەونەوە؛ چەمکە بنەڕەتییەکان وادەرناکەون کە هیچی تر بەهۆی پێناسە پتر تاووتووی نەکرێن، بەڵام بەهۆی سەرنجدانەوە ڕاستەوخۆ چەند بابەتێکن پەیان پێ دەبردرێ، بەڵکو تەنیا وەک چەند گۆڕاوێکی مەنتیقین، لەبەرئەوەی هەر بەڵگەنەویستە تاکێک پێوەندییەکە لەنێوان ئەو گۆڕاوانەی vari-ablen چەمکە بنەڕەتییەکان بەرجەستە دەکەن، ئەوە ئەندازیاری وەک بەشێکی تایبەتی تیۆری پێوەندی وەک توێژینەوەی چەندین سیستمی تایبەتی پێوەندی دەردەکەوێ، بەڵام ئێستا هەموو شتێک کە دەکرێ لەبارەی ئەندازیارییەوە بگوترێ، نەگوتراوە. ئەوەش لەلای بیرکاران یەکەمین خۆشییە دەربارەی بە مەنتیق کردنی ئەندازیاری هەموو شتێک پشتگوێ بخرێن و نەدیترێ. جیاتر لە مەنتیق و ژمێرە، کە ڕستەکانی هیچ دەربارەی جیهان دەرنابڕن، ئەندازیاری لەتواناییدا هەیە ئەو داوایە ڕەوایە بکات و ببێ بەزانستێکی فاکتەکان. ئەوەش بەهۆی ئەوەوە دەبێ، چەمکە بنەڕەتییەکانی کە تاوەکو ئێستا بەلای ئێمەوە چەند گۆڕاوێکی مەنتیقی بوون، لە هەڵکەوتدا (واقیع) واتا و دەلالەتێکیان بدرێتێ، کە ئەوان لە هاوردەوە دادەنرێن و پەیدادەبن. دەکرێ ئەو دامەزراندن و پەیدابوونەی چەمکە بنەڕەتییەکانی ئەندازیاری سەر بە بیرکاری نەبن (کە هیچ

پێوەندی بە هەڵکەوتەوە نییە). ئیتر ئەو لەگەڵ ئەوەشدا ئەرکێکی شاخ نەکراوی توێژینەوەیە. دەستپێکی بەرفراوانتر بۆ ئەوە بەپشت بەستن بە وایتهێد لە بەشی چوارەمی کتێبی ڕەسڵ «زانینمان لەبارەی جیهان دەرەوە» دایە.

– ئایا چەمکە بنەڕەتییەکان کە بەو جۆرە دامەزراون و پەیدابوون بۆ بەڵگە نەویستەکان بەسن، پرسیارێکی ڕێبازی ئیمپیری– ئەزموونییە، ئەندازیاری بەو واتا و مەبەستە زانستێکی ئەزموونییە.

بەهۆی سەرنجدانەکانی دواییەوە پرد لەگەڵ فیزیک هەڵبەسترا. هەندێک چەپتەری فیزیک بە تەواوەتی کراون بە بەڵگەنەویست، بەهەمان واتا وەک ئەندازیاری و بەهۆی ئەوەوە کراون بە چەند چەپتەرێکی تایبەتی تیۆری پێوەندی. لەگەڵ ئەوەشدا بە چەند چەپتەرێکی فیزیک دەمێننەوە و بەمەش دەبن بە ڕێبازێکی ئەزموونی، زانستێکی فاکتەکان لەوەدا ئەو چەمکە بنەڕەتییانەی تێیاندا بەدەردەکەون لە هاوردەوە دادەمەزرێن و پەیدا دەبن.

لێرەدا وەک ئامانج کە دەبێ لەبەرچاو بێت: دانانی سیستمێکی بەڵگەنەویستە کە بەهۆیەوە تەواوی فیزیک بەمەنتیق دەکرێت و تێیدا تیۆری پێوەندییەکان ڕێک دەخرێت. بەوە خۆی نیشان دەدات چەندە سیستمە بەڵگەنەویستەکان سەرتاپاگیر بن. ئەوەندە پتر ئەوان لە هەمان کاتدا تێکڕای کایە و دەڤەری فیزیک دەیانگرێتەوە، چەمکە بنەڕەتییەکانی هەمیشە لە هەڵکەوت دوور دەکەونەوە، بەهۆی دوورو درێژی هەمیشەیی و ئاڵۆزی هەمیشەیی ئەڵقە زنجیرەکانی بنیادنانە کە پێوەندییان بە هوردەکەوە دەبێ.

ئێمە تەنیا ئەوە دەتوانین: ئەو بنیادنانە وەک تایبەتمەندییەکی هاوردەکە، بەڵام لێرەوە هیچ پردێک لێرەوە بەرەو ئەو وادانانە ناپەڕێتەوە کە لەدوای ئەو جیهانی هەستەوە دووەمێک هەیە کە جیهانی «ڕاستەقینە» بێ کە بوونێکی سەربەخۆی خۆی هەبێ بەجۆرێکی تری جیا لە جیهانی هەستەکانمان، جیهانێک کە ئێمە جارێک ناتوانین پەی بە هەستەکان بەرین کە خۆی لەجیهانی هەستدا بەشێوازێکی شێواو خۆی دەردەخات کە گران هەڵ هێنرێت کە ئێمە بە نیشاندانی ئاڵۆزاوی کەوەوە دامانمەزراند و بنیادمان نا. ئەو جۆرە وادانانە ئەوپەڕی میتافیزیکییە وادێتە بەرچاومان کە ناوەرۆک بۆش و بەتاڵ بێت، زرە ڕستەیەکی رووت بێ: لەوەدا نالوێ ئەو گوتانە بەهۆی دامەزراندن و بنیادنانەوە بەهاوردەکەوە ببەسترێنەوە.

**بەوە ئێمە جارێکی دیکە بە تێزە بنەڕەتییەکەی تێگەیشتنی زانستییانەی جیهان گەیشتینەوە: تەنیا دوو ئامرازی زانین هەیە: شارەزایی (ئەزموون) و بیرکردنەوەی مەنتیقییانە،** ئەوە لە فۆرم گۆڕینی هەمان گۆییانە بەولاوە نییە، بەوەش بە تەواوەتی دوورە لەوەی لەخۆیەوە شتێک دەربارەی بوونێک تەواو بکات، لە جیهانی هاوردەوە بە جۆرێکی تری جیهانی بوونی ڕاست و ڕاستەقینە بگات. بە هەموولایەکدا میتافیزیک لە کردن نایەت و ناشیاوەکییە، هەموو ئاراستەیەکی میتافیزیکی وەک وشە پێکەوە هەڵبەستنی بێ واتا دەبێ لە زانست دوور بخرێتەوە.

دووسات خۆکوتانی بابەتە میتافیزیکییەکانیان بۆ نێو زانست هان داوە:

– بەهۆی پەرگیری لە هەڵسەنگاندنی هزردا،، کە وای داناوە

– بە پشتگوێ خستنی کارەکتەری هەمان گۆیی هزر– هزر دەتوانێ لە خودی خۆیەوە بەرەو شتی نوێ ببات، هەروەها بەهۆی پەرگیری هەڵسەنگاندنی زمانەوە بووە. زمانی وشە سیمبۆلێکی زۆر ناتەواوە، سێنتاکسەکەی بە گرانی لەگەڵ سێنتاکسی مەنتیقدا دەگونجێ و دێتەوە، بەتایبەتی بنەمای بنەو بار کە لەزمانی ئاسایی ئێمەدا باو و دەستبەکارە، ئەو ئارەزوو و مەیلەی بۆ ناو sab-stantiva هەیەتی لە فەلسەفەیەکدا کە لەبنەڕەتی بنیادی زمانەوە ڕەنگی بنیادی جیهان دەڕێژێ، زۆر شتی سەخت هێنراوەتە کایەوە بۆتە مایەی دەرکەوتنی چەند جەوهەرێکی سروشت میتافیزیکی فرە ڕەنگی پتر لە پێویست، وەک بنەمای بنەڕەتی (جەوهەر) جێگا، کات، ژمارە. ئەو کەموکورییەی زمانی وشە هۆکاریک بووە لەو هۆکارانەی لایەنگیرانی تێگەیشتنی زانستییانەی جیهان هان دا خۆیان بەلایەنگیرانی ناونرا و بە مەنتیقی سیمبۆلی دابنێن.

هۆکاری دیکە ئەوەبوو: وشەکانی زمان، شان بە شانی نیشاندانی ئەوەی بەپێی واتای وشەییان دەبێ بە سیمبۆل بکرێت، لەگەڵ خۆیاندا چەندین بۆچوونی جۆر جیاوازی بۆچوون دەهێنن. ئەو بۆچوونە لاوەکییانە ئێستا ئەم لاو ئەولاکردنی نێوان واتای وشەیی و دەلالەتەکانی

«خوازراو» و «وێنەیی» کارئاسانی دەکەن. شیعری لیریک بە تەواوەتی بەو خەسڵەتەی زمانی وشەوە بەندە.

بەم جۆرە ئێستاکە لیریک وەک ئامرازی دەربڕین و تەواوکردنی هەست و شعوور ڕەوایەتی بەدەستە، بەو پێیە لیریک پرۆسەی زانینی زانستی کە جەوهەرەکەی ڕوونی و ڕەوانییە، هەمەڕەنگ دەکات. بگرە لەگەڵ ئەوەشدا زۆر کەرەسە و بابەتی میتافیزیکی و لیریکی بەهۆی کەمتەرخەمی و بەدی لە بەکارهێنانی زماندا خۆیان کێشاوەتە نێو زمان و بە فرەیی تێیدا شاراونەتەوە، بە شەرمنی و بەجۆرێک بەدەگمەن و هەستی پێ بکرێت، هیچ کاتێک هەمیشە وا بەرچاو و ئاشکرا نەبوون وەک ئەو چەند ڕستەیەی خوارەوە کە توێژینەوەیەک لە ژمارەیەکی کتێبی ساڵانەی فینۆمینۆلۆژی هۆسەرڵدا بەناوی «ئۆنتۆلۆژی ڕاستەقینە» بڵاوکراوەتەوە و وەرگیراون.

«کەرەستەی extase تیشک بەکاردێنی». لەو جێگایەی کەرەسەیەک لەناوەوە بەرەو باڵا ببرێت، ئەو بەهۆیەوە و بەو تیشکدار دەبێت.. لەو جێگایەی تیشکداری بەدەردەکەوێ «بەپێچەوانەوە» شتەکە بریتی دەبێ (وەک ئێمە دەزانین) لەوەی بەڕاستی «دووچاری دەرەوەی-خۆ- ببێ».. نەک ئەوپەڕی تەواوێتی لە جێگیربوونەکەیدا، بەڵکو تۆکمەیی و توندوتۆڵی کەرەسەکە لەناوەوەیدا خۆی و وەک کەرەسە دەشکێ.. ئەوەی ئاساییە «بەرەو ناوەوە» بەدڵنیاییەوە ڕاستەقینەیی کەرەسەکە خۆی دەگۆڕێ لەوەدا بە ئەوەی لەخۆیدا ڕەوشێکی لەسەرخۆیەوەی «بەرەو دەرەوە» بێت.

بۆ ئەوەی هەموو ڕەگەزەکانی «لیریک» لەزانستدا فڕێ بدەین، پێویست بە سیمبۆلی هەیە، بەدوایەکتریدا هاتووە ڕەوانشوناسییە جۆرە جیاوازەکان خۆیان بە سیمبۆلەکانییەوە گرێ نادەن وەک ئەوەی وشەی زمان دەیکات چەندە، لەم ڕوانگەیەوە، مەنتیقی سیمبۆلی لەسەروو زمانی وشەوەیە، ڕوون دەبێتەوە، ئەگەر بێتو مرۆڤ ئەو پارچە شیعرە لیریکیانەی لە سیمبۆلەکانی کتێبی «بنەما بنەڕەتییەکانی بیرکاریدا» بەکارهاتوون هەوڵ بدا لەمێشکی خۆیدا وێنا بکات. ئیتر ئەو حەز و ئارەزووە: زانست لە هەموو ئاراستە میتافیزیکی و هەموو ئاراستە لیریکییەکان ڕزگار بکرێن، لایەنگیرانی تێگەیشتنی زانستیانەی جیهان دەکات بەلایەنگیری مەنتیقی سیمبۆلیش.

دەکرێ بۆ سەرنجدەرێکی سەرپێیانە وادەربکەوێ کە تێگەیشتنی زانستییانەی جیهان وا وێناکراوە بەپێچەوانەی گیانی کاتی سەردەمەوەیە کە ئاراستەییەکەی بەرەو پێوەندییە میتافیزیکییەکانە و کە هەر بۆ سووسەی ئەفساناوی دەگونجێ و دەست دەدات و تەنیا هەر بە هەست و شعوور پەی پێ دەبرێ، کە هەر پێوەندی بە تێکڕاییەوە هەیە و لە وردەکارییەوە دوورە، گوناح و بەدکارییە، بەلای ئێمەوە ڕوون و ئاشکرایە کە ئەمە بڕیار و حوکمێکی سەرپێی سادە و ساکارە. دەربڕینی ڕاست و ڕاستەقینەی ئەو سەردەمەمان، سەردەمی ڕێکخراو و کۆڕ و کۆمەڵەکان بە ڕوخسار و پێکهاتە تۆکمەکانییەوە کە هەر بەهۆی کارکردن لەسەر تاکە شت و وردەکارییەکان، سەردەمی ڕاتسیۆنالی کردنی سنعات و پیشەسازی کە لەنێو سیستمێکی بەتەواوەتی سنوور ڕەنگ ڕێژراودا کە تێیدا لە وردە کارییەکان دەپێچرێتەوە، هی سەردەمی بابەتیانەی ئەندازیاری و ڕێکخراوە پیشەییەکان دەستبەکار و کاریگەر دەبێ، دەربڕینی ڕاستەقینەی سەردەم تێگەیشتنی زانستیانەی جیهانە بە هەموو خۆشەویستی و مشوور خواردنییەوە، کە بەوردی سەرنجی وردەکاری و تاکەکانی هاوردەکە دەدات، بەسڵ و پارێزەکەی ڕەنگڕشتنی نەخشەسازی مەنتیقییانەی هەنگاو بە هەنگاو، بە زمانە سادە و ساکارەکەیەوە کە هیچ ئەرکێکی تر لەوە بەولاوە نازانێ: بەڕوونی و ڕەوانی ئەوە بگوترێ کە دەبێ بگوترێ.

**سەرچاوە:**


**Hans, Hahn., Uber flussige Wessenheit-en (Occams Rasiermesser).**

**- Die Bedeutung der Wissen schaftlichen Weltauffassung. insbesondere fur Mathematik und Physik In:**

**Empirismus, Logik, Mathematik. (Hrsg) von Brian McGuinness. Einleitung von karl Meneger. Surhamp. Frankurt am Main 1988.**

# «زیندووبوون و ژیان»
# سەرنجێک لە ماناکانی خۆکوژی لای ئەلبێر کامو

سەعید سلێمانی
(تاران)

«تەنیا یەک مەسەلەی فەلسەفی بەڕاست گرینگ لە ئارادا هەیە، ئەویش خۆکوژییە» بەڵام ئایا کامو تەواوی لایەنەکانی ئەم گوزارەیە شی دەکاتەوە، ئایا تەواوی ئەو ڕەهەندانەی کە ئەم گوزارەیە هەڵگریەتی، دەخاتە بەردەست، ئایا وردەکاری و هۆکارە فەلسەفییەکانی خۆکوژی و پێوەندی نێوانیان و چۆنیەتی سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیە لای کەسی خۆکوژ بەتەواوەتی ڕوون دەکاتەوە؟

ڕووکردنی تەواوی لایەن و وردەکارییەکانی ئەم وتەیەی کامو و شی کردنەوەی هۆکارەکانی و دەستنیشان کردنی وەڵامەکانی، بەڕواڵەت کارێکی ئەستەمە، بەڵام نامومکین نییە. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە کامو ڕواڵەتی مەسەلەکە زۆر بە باشی دەخاتە ڕوو، چونکە مەسەلەیەکی گشتی دەورووژێنێ کە دەتوانێت سەرەتایەک بێت بۆ خوێندنەوە و وەڵامدانەوەی تێروتەسەل، واتە ئەو مەسەلەیەک بەیان دەکات کە فرە وەڵامە و فرەڕەهەندە، بەڵام کامو لە وەڵامدانەوەیدا کۆتایی دەکات و هەر تەنیا لە یەک لایەنەوە بۆی دەچێت. دواجاریش وەک دیاردەیەکی ئیجابی و پۆزەتیڤ سەیری ناکات، هەربۆیەش دەیخاتە پەراوێزەوە و دیسان دەگەڕێتەوە سەر چەمکی ژیان و درێژەدان بە زیندووبوون. لێرەدا قسە لەسەر دروستی، یان نادروستی بۆچوونی کامو نییە، بەڵکو باسەکە لەسەر ئەوە دەوەستێتەوە کە ئەو ڕەهەندانەی کامو فەرامۆشی کردوون، یان خۆی لێ بواردوون کامانەن و ئەو وەڵامانەی کە دەکرێ بدرێنەوە بە مەسەلەکەی ئەو، دەچنە چ خانەیەکەوە؟!

لێرەدا من نامەوێ بۆچوونی کامو لەسەر خۆکوژی بخەمە بەر ڕەخنە، بەڵکو دەمەوێ شتێک بخەمە سەری



کامو

که کامو لەیادی کردووە، یان پشتگوێی خستووە. ئەوەی کامو باسی دەکات تەنیا ڕەهەندێکە لەو بابەتە و ڕەهەند، یان ڕەهەندەکانی تری بە ئانقەست، یان خۆنەویست فەرامۆش کردووە. لەوانەیە ئەم ڕەهەندە، یان ئەم وەڵامەی ئێمە هیچ دژی بۆچوونەکەی ئەو نەبێت، بەڵکو هاوتەریب بێت لەگەڵ بۆچوونەکەی ئەو، یان تەواوکەری لێکدانەوەکەی ئەوبێت.

لەڕاستیدا کامو بەهەڵە نەچووە، بەڵام بەقووڵی نەیخوێندۆتەوە، خۆکوژی بۆ ئەو گرینگترین مەسەلەی فەلسەفەیە، بەڵام بۆ وەڵامدانەوەی بەناخی مەسەلەکەدا ڕۆناچێت. ئەو دەرەوەی مەسەلەکەی دیوە و- لە بوارێکەوە- ناوەوەی فەرامۆش کردووە، وەڵامەکەی ئەو وەڵامێکە کە زۆرتر لەگەڵ واقیع سەروکاری هەیە و تارادەیەکی زۆر دوورە لە حەقیقەت. واتە ئەو واقیعی دیوە، بەڵام حەقیقەتی داوەتە دەست فەرامۆشی.

توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لەسەر هۆکارەکانی خۆکوشتن تا دەگاتە کامو، یان لەڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە بوون، یان لەم دواییانەدا لەدیدێکی دەروونناسیانەوە خراونەتە ڕوو. وردبوونەوە لە هۆکارە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی ئەم مەسەلەیە هیچ مەبەستی ئێمە ناپێکێت، بەڵکو لە دۆخەکە دوورمان دەخاتەوە و بەلاڕێماندا دەبات. خوێندنەوەی کۆمەڵایەتی، یان دەروونی خۆکوژی، خوێندنەوەیەکی ڕووکەشیانەیە کە هەر تەنیا لەدەرەوەی مەسەلەکە دەڕوانێت و ڕواڵەتی شی دەکاتەوە، بەڵام بەناخیدا قووڵ نابێتەوە. بۆ قووڵبوونەوە و ڕۆچوون بەم مەسەلەیەدا پێویستیمان بە گۆشەنیگایەکی دیکە هەیە کە ماهییەتی ئەو دیاردەیەمان بۆ ڕوون بکاتەوە. هەربۆیە کامو ڕەهەندێکی دیکە بۆ خۆکوژی دەستنیشان دەکات کە ئەویش دەبێتە بنەمای سەرەکی خۆکوژی؛ واتە ڕەهەندی فەلسەفە. بیرمەندانی کۆمەڵناسی و دەروونناسی (سایکۆلۆژی) هۆکاری کۆمەڵایەتی و دەروونی بۆ خۆکوشتن دەدۆزنەوە، بەڵام کامو لای وایە کە خۆکوشتنی ڕاستەقینە هۆکار، یان هۆکارگەلێکی فەلسەفی هەیە، یان باشتر بڵێم خۆی چەمکێکی سەرەکی فەلسەفەیە، کەچی کامو ئەم پرۆسەیە بەکۆتایی ناگەیەنێ و تەواوی ناکات. ئەو تەنیا لەبوارێکەوە دەیخاتە بەر سەرنج و هەربۆیەش ئێمە دەمانەوێ لێرەدا بوار، یان بوارەکانی دیکەی خۆکوژی بخەینە ڕوو.

«تەنیا یەک مەسەلەی فەلسەفی بەڕاست گرینگ لە ئارادا هەیە، ئەویش خۆکوژییە. تێگەیشتن لەوەی کە ژیان شیاوی ژینە، یان نا، وەڵامێکە بۆ ئەم پرسیارە سەرەکییەی فەلسەفە.» کامو لە درێژەی باسەکەیدا دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە: «مرۆڤەکان خۆیان دەکوژن، چونکە ژیان شیاوی ئەوە نییە کە بۆی بژیت.»

سەرەتای لەبەرچاونەگرتنی گشت لایەن و ڕەهەندەکان لەلایەن کامو هەر ئا لێرەوە دەست پێدەکات، چونکە لە ڕاستیدا ئەم وتەیەی کامو تەنیا یەک لایەنی مەسەلەکەیە.

بەڕای من دەکرێ کەسی خۆکوژ گەیشتبێتە ئەو قەناعەتەی کە ژیان نرخ و بایەخی لەوە زۆرترە کە هەر تەنیا بۆی زیندوو بیت. کەسی خۆکوژ ئەوەی بۆ دەرکەوتووە کە ژیان زۆر پڕ بایەختر لەوەیە کە لەواقیعدا بەدی دەکرێت، هەربۆیەش دەگاتە قەناعەتی خۆکوژی. کەسی خۆکوژ دەڵێ: ئەی ژیان تۆ لەوە ئازیزتری کە هەر تەنیا بۆت زیندوو بم، لە پێناوتدا خۆم دەکوژم. ئەو دەڵێ: ژیان هەیە، بەڵام نەوەک لێرە. لە ڕوانگەی کەسی خۆکوژەوە ژیان چەمکێکی میتافیزیکییە کە

لەبنەڕەتیشدا- بەبڕوای من- میتافیزیک ئەو ماهییەتەیە کە وجودی نییە. خولیای ئەو بۆ مەرگ لەبێزارییەوە سەرچاوە ناگرێت، لەو دیمەنە ئارمانی و میتافیزیکییەی ژیانەوە سەرچاوە دەگرێت کە لەناو زەینی ئەودا شکڵی گرتووە. خۆکوشتنی ئەو لەو ڕووەوە نییە کە دەرکی بە بایەخی ژیان نەکردبێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە لەو ڕووەوەیە کە ژیان لای ئەو زۆر لەوە پڕ بایەخترە کە هەر تەنیا بۆی زیندوو بێت. لەکاتێکدا ئەمە دژی بۆچوونەکەی کامویە. کەسی خۆکوژ دەزانێ کە زیندووبوونی ئاسایی، ژیانێکی کاتی و تیژتێپەڕە کە هیچ هەڵوەستەیەکی دڵخۆشکەری تێدا بەستە نییە، هەربۆیە ئەو لە ژیانێکی جاویدان و هەمیشەیی دەگەڕێت، ژیانێک کە لەڕێی مەرگەوە بێتە بەرهەم. ئەو بیر لە بێ نرخی و بێ بایەخی ژیان (بەم مانایەی کامو) ناکاتەوە، بەڵکو بەو کردارەی (خۆکوژی) بایەخێکی هەمیشەیی و نەمر بۆ ژیان دەستەبەر دەکات. بایەخێکی ئەوتۆ بەژیان دەبەخشێت کە قەت لە ئاستی خۆیدا دانەبەزێت و دووچاری نوشوستی نەبێت. ئەو لە ڕێی خۆکوژییەوە دژ بە نرخ و بایەخی ژیان ناوەستێتەوە، بەڵکو ئەو بایەخە بۆ ئاستێکی بەرز و سەرتر بەرز دەکاتەوە. خۆکوژی بەلای ئەوەوە نەفرەت و بێزاری نییە لەژیان، بەڵکو شکۆ و ڕێزگرتنیەتی. (لێرەدا کە دەڵێین مرۆڤ بیر لەبێ بایەخی و بێ نرخی ژیان- بە مانا کامۆییەکەی- ناکاتەوە، بەو واتایەیە کە ئەو لەسەر ئەوە ناوەستێت کە بایەخ و بەهای ژیان لە دۆخی ئێستایدا بدۆزێتەوە، بەڵکو هەوڵی ئەو بۆ ئەوەیە کە شێوەیەکی دیکە لە بەها ببەخشێت.)

هەڵەی سەرەکی کامو لەوەدایە کە ئەو دوو چەمک لێک جیا ناکاتەوە و هەردووکیان بەیەک واتا بەکاردەهێنێت. هەوڵی بنەڕەتی ئێمەش بۆ سەلماندنی ئەم مەسەلەیەیە. ئەو جیاوازییەک لەنێوان «ژیان» و «زیندووبوون»دا بەدی ناکات. مەودای نێوان ئەو دوو چەمکە نابینێت و وەک یەک دیاردە سەیریان دەکات. هەر ئەوەشە وای لێدەکات کە بڕیاری لەو شێوەیە بدات. ئەو پاشان دەڵێت: «خۆکوشتن بە واتایەک دان پێدانانە... دان پێدانان بەوەی کە بێ بایەخە.»، بەڵام تەواو بە پێچەوانەوە بەڕای من ئەگەر دانپێدانانێک لەلایەن کەسی خۆکوژەوە هەبێت ئەوەیە کە دان بە بەها و بایەخی ژیاندا دەنێت. خۆکوشتنی ئەو جەخت کردنەوەیەکی بەڵگە نەویستە لەسەر ئەو ڕاستییە حاشا هەڵنەگرە. ئەو بایەخێکی کاتی و زوو گوزەر دەکاتە قوربانی بۆ بایەخێکی باڵاتر و هەمیشەیی. ئەو بەپێی بۆچوونەکەی کامو لەگەڵ ژیاندا «نامۆ و بێگانە» نییە، بەڵکو بە تەواوەتیش لەگەڵیدا تەبایە. نامۆیی ئەو لەگەڵ ئەو واقیعەیە کە پێی دەگوترێت زیندووبوون و جەوهەری ژیانی داپۆشیوە. نامۆیی ئەو لەگەڵ ڕووکەشی مەسەلەکەیە نەک لەگەڵ ناوەڕۆک و جەوهەریدا. نامۆیی ئەو لەگەڵ ڕواڵەت و دەرەوەیە نەک لەگەڵ ناوەوە. لەگەڵ واقیعە نەک لەگەڵ حەقیقەت.

لەڕاستیدا زیندووبوون وەهمێکە لە نەمری و جاویدانی هەربۆیە خۆکوشتنیش خۆی جۆرێکە لە خۆشەویستی ژیان. مرۆڤی خۆکوژ لە زەینی خۆیدا نەخشەی یۆتۆپیایەک بۆ ژیان دەکێشێتەوە کە سەراپای خولیاکانی دەگرێتە خۆی، کەچی زیندووبوون ناچێتە ناو چوارچێوەی ئەو نەخشەوە. بۆیە کاتێک ئەو یۆتۆپیایە نایەتە دی کوشتنی خۆی ئەنجام دەدات کە ئەمەش لەواقیعدا گەورەترین مانای خۆشەویستی ژیان دەگەیەنێت. خۆکوژی ئەو مرۆڤە ئاماژەیەکە بۆ ئەوە کە ژیان لە جەوهەردا شتێکی دڵبزوێن و خۆشەویستە نەک قێزەون و پڕوپووچ. بۆ ڕوون بوونەوەی ئەم مەسەلەیە ئێمە دەبێ دوو چەمک لێک جیا بکەینەوە کە یەکیان «زیندووبوون»ـە و ئەوی دیکەشیان «ژیان»ـە. زیندووبوون واقیعێکە کە مرۆڤ تێی کەوتووە و ژیانیش حەقیقەتێکە کە بیری لێدەکاتەوە و بە شوێنیدا دەگەڕێت و هەڵوەدایە. خۆکوشتن هەوڵێکە بۆ پاراستنی ژیان لە ئاست زیندووبوون. کردارێکە کە لەڕێیەوە مرۆڤی خۆکوژ حەقیقەتی ژیان لەدەست واقیعی زیندووبوون ڕزگار دەکات. ئەو حەقیقەت لەواقیع هەڵداوێرێت. ئەگەر سادەتر بڕوانینە مەسەلەکە دەبێ بڵێین کە ژیان «سوژە»یە و زیندووبوونیش «ئۆبژە»، یان دەکرێ بڵێین «زیندووبوون» چەمکێکی عەینی و دەرەکییە و «ژیان»یش چەمکێکی زەینی و ناوەکی، کە خۆکوژی هەم پێکیانەوە گرێ دەدات و هەم لە یەکیان جیا دەکاتەوە. بەواتایەکی دیکە خۆکوژی کۆتایی واقیعە و سەرەتای حەقیقەت.

خۆکوژی ئەو چرکەیە کە زیندووبوون تەواو دەبێت و ژیان دەست پێدەکات. مرۆڤی خۆکوژ دەیەوێ بژیت

نایەوێ زیندوو بێت. ئەو خۆشەویستی ژیانی لەلا پیرۆزترە تاکو مەسلەحەت و خۆ ڕێک خستن لەگەڵ زیندووبوون. کەسی خۆکوژ دەزانێت کە ئەگەر ژیان مانایەکی هەبێت، ئەوە لەمەرگدا بەرجەستە دەبێتەوە. ئەگەر حەقیقەتێک هەبێت ئەوە مەرگەکە مسۆگەری دەکات.

مرۆڤی خۆکوژ کەسێکی وردبینە کە بەردەوام هەوڵدەدای دۆزینەوە و دەستەبەرکردنی حەقیقەتە. ئەو قەناعەت بە ڕووکەشەکانی حەقیقەت ناکات، بەڵکو دەیەوێ بە قوولایی ئەو مەسەلەیەدا ڕۆبچێت. کە ئاکامەکەشی شتێک نییە جگە لەخۆکوژی، چونکە بۆ ئەو وەک تاکە ڕێگا دێتە بەرچاو.

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ژیان حەقیقەتێکە بەدەمامکی زیندووبوون داپۆشراوە. مەرگ ئەو دەمامکە دادەماڵێ و حەقیقەت دەخاتە ڕوو. خۆکوژی سڕینەوەی دەمامکی زیندووبوونە و لادانی پەردەیە لەسەر ڕواڵەتی ژیان بە شێوەیەکی بوێرانە و ئیرادی، هەربۆیە خۆکوژی نەفرەت نییە لە ژیان، بەپێچەوانەوە، هەوڵێکە بۆ دەستەبەرکردنی.

بەواتایەکی سادەتر بۆی بچین مرۆڤی خۆکوژ دەیەوێ خۆی بکاتە ئەفسانە، خۆکوژ ژیان لەو نمایش کردنەدا دەبینێت کە هەوڵی خۆکوشتن بۆ چرکەیەک دروستی دەکات. تەقەللای ئەو لەپێناو ئەوەدایە کە خۆی بکاتە حەقیقەت. لەبەر ئەوە نییە کە فەرامۆش بکرێت، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە ژینی هەردەم بەردەوام بێت. خولیای ئەوەیە کە هەمیشە وەک حەقیقەت بمێنێتەوە.

کەسی خۆکوژ دەڵێ: «ئەم زیندووبوونە ژیان نییە». ئەمە گوزارەی ئەوە، ئەمە فەلسەفەی ئەوە کە بیری لێدەکاتەوە و لەسەر ئەم بناغەیەش بڕیار دەدات.

لەسەر ئەم بنەمایە کەسی خۆکۆژ لە فەنابوون و لەناوچوون ناگەڕێت، بەڵکو ئەو هەوڵەدایە بە شوێن جاویدان بوونەوە. بەشوێن نەمریدا دەگەڕێت. لە شێوەیەک دەگەڕێت کە لە ڕێیەوە هەرمان و نەمر بێت. هەروەک گوتمان خۆکوشتن بۆ ئەو، ئەو تاکە ڕێگایەیە.

بە بڕوای کامو ژیان پێویستی بە ڕیفۆرم و چاکسازی هەیە، بەڵام کامو ڕیفۆرم و چاکسازی لەخۆکوژیدا نابینێت، کەچی کەسی خۆکوژ لەگەڵ کامودا هاوڕا نییە. ئەو لە ڕێی خۆکوشتنەوە چاکسازی لەژیاندا پێک دێنێت. بەڕای کەسی خۆکوژ، خۆکوژی شێوەیەک چاکسازییە کە لە ڕێیەوە زیندووبوون دەگۆڕێت بۆ ژیان، هەربۆیە بە پێچەوانەی ڕای ئەوانەی کە خۆکوژی بە قەیران دەزانن، خۆکوژی لەم ڕوانگەیەوە هیچ قەیران نییە، بەڵکو ڕێکارێکە بۆ چاکسازی ئەو دۆخەی کە مرۆڤی خۆکوژ لەناویدایە.

فەلسەفەی کامو لەسەر دوو بنەمای سەرەکی ڕۆنراوە؛ یەکیان «پووچی» و یەکیشیان «سەرکێشی» کە بەڕای من هەردووکیان بە خۆکوشتن کۆتاییان پێ دێت. (لەکاتێکدا کامو خۆکوژی وەک ئاکامێکی پووچی، یان وەک دەرکەوتەیەکی سەرکێشی پەسند ناکات). مرۆڤ کاتێک دەگاتە پووچی، یان هەستی پێدەکات، دەست دەداتە سەرکێشی. سەرکێشی بۆ ئەوە کە لە پووچی ڕزگاری بێت. هەربۆیەش دەست دەداتە کوشتنی خۆی کە ئەمە خۆی لەخۆیدا گەورەترین سەرکێشییە. بەرزترین «نا»یە کە مرۆڤ لە ئاست «پووچی»دا دەیدرکێنێ کە ئەمەش لە خۆشەویستی ژیانەوە سەرچاوە دەگرێت. مرۆڤ ژیانی لا خۆشەویست و پڕبایەخە، بەڵام کاتێک ژیانەکەی بە پووچی پڕ دەبێتەوە ئیتر نایەوێ لەوە زیاتر ئەو ژیانە پڕوپووچتر بێت، هەربۆیە بەو سەرکێشییە ژیان لە دەست پووچی ڕزگار دەکات و نەمری و جاویدانییەکی هەمیشەیی پێ دەبەخشێت. «نەمری»یەک کە تەنیا لەڕێی خۆکوشتنەوە دەستەبەر دەکرێت.

کامو لای وایە کە دنیاو ژیان پڕن لە پووچی، خاڵین لە هەر جۆرە مانایەک. ئێمە دەتوانین ئەم بۆچوونە لە ئەو بە ڕاست وەربگرین، بەڵام خۆکوژی لێرەدا دەبێتە پرۆسەیەک بۆ دروست کردنی مانا. کەسی خۆکوژ کاتێک دەبینێ کە جیهان هیچ مانایەکی تێدا بەدی ناکرێت، خۆی دەست دەداتە خولقاندنی مانا، بۆ ئەو دیاردەیەی کە خاڵی بۆتەوە لە مانا. ئەو لە ڕێی خۆکوشتنەوە مانا دەبەخشێت. پێناسەیەک دروست دەکات بۆ ئەو چەمکەی کە لەلای ئەو پێناسەی نەماوە. کەسی خۆکوژ شوناسێک بۆ بێ شوناسی خۆی و ژیان و جیهان دەستەبەر دەکات. هەربۆیە خۆکوژی پرۆسەی دروست کردنی مانا و دروست کردنی شوناسە.

هەروەک ئاماژەمان پێ کرد، کامو دواجار خۆکوژی وەک ڕێگایەک بۆ دەربازبوون لە پووچی دانانێت. ئەو دەڵێ: «ژیان هەر چەندە بێ مانا بێت، دیسان وا باشترە

کە بژیت.» چونکە بەڕای ئەو پووچی هەر تەنیا لە زاتی مرۆڤدا نییە و بە ئەوەوە نەبەستراوەتەوە، بەڵکو پووچی بەرهەمی پێوەندی نێوان دوو فاکتەری «مرۆڤ» و «جیهان»ـە و هیچ کامیان بە تەنیا پووچ نین. بە وتەی ئەو پووچی ماهییەتێکە کە لە ئاکامی بەریەک کەوتنی مرۆڤ و جیهان دێتە بەرهەم. واتە پووچی بازنەی هاوبەشی نێوان جیهان و مرۆڤە، هەربۆیەش پێی وایە کە مرۆڤ لەڕێی خۆکوشتنەوە ناتوانێ کۆتایی بە پووچی بێنێت، چونکە هەر تەنیا دەتوانێت یەکێک لە جەمسەرەکان پاک بکاتەوە و جەمسەرەکەی دیکە هەروا قورس لەجێی خۆیدا دەمێنێتەوە، بەڵام مرۆڤی خۆکوژ بڕوای بەم بۆچوونەی کامو نییە. بە بڕوای کامو ژیان تەنیا لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پووچیدا مانا پەیدا دەکات. کەچی بەلای مرۆڤی خۆکوژەوە مانای ژیان تەنیا کاتێک مسۆگەر دەبێت کە پووچی بسڕێتەوە.

لەوەدا گومانێک نییە کە کەسی خۆکوژ کەسێکە گیرۆدەی پووچی، بەڵام ئەو لە هەوڵی پاک کردنەوەی ڕواڵەتی مەسەلەکەدا نییە، بەڵکو تەواوی کۆششی ئەو بۆ یەکلاکردنەوە و وەڵامدانەوەی ئەم مەسەلەیە، واتە پووچییە.

دیسان دەچینەوە سەر ئەوە کە کەسی خۆکوژ هەروەک کامو بڕوای هەیە کە دنیا پووچ و بێ مانایە و هیچ ئامانجێکی تێدا بەستە نییە، بەڵام خۆکوژی ئەو هەر تەنیا لەبەر پووچی و بێ بایەخی جیهان نییە، بەڵکو خۆکوژی ئەو بۆ ئەوەیە کە سەرەڕای دەربازبوون لەم پووچییە مانایەکیش بەم بێ مانایییە ببەخشێت. خۆکوژی ئەو لە پێناو ئەوە دایە تاکو ئەم پووچییە بکات بە «ناپووچی». هەوڵی ئەو لەو ئاراستەدایە کە پووچی لەجیهان و بوون دەرهاوێژێت و بایەخێکی پێ بدات. هەوڵی ئەو هەوڵێکی پووچ ئامێز نییە، بەڵکو کردەوەیەکی مانادارە.

کامو دەڵێ: «مرۆڤی پووچ کەسێکە کە لەزەمان جیا نابێتەوە.» کەسی خۆکوژ لە ڕاستی ئەم وتەیەی کامو تێگەیشتووە و هەستی بە پووچی خۆی کردووە، هەربۆیەش دژ بەم پووچییە دەوەستێ و لە ئاستیدا سەرکێشی دەکات. ئەو تەنیا لە یەک ڕێگاوە دەتوانێ لە زەمان جیا ببێتەوە: مەرگ!

هەروەک گوتمان لای کەسی خۆکوژ، مەرگ هیچ مانای ژیان ناسڕێتەوە، بەڵکو پێناسەیەکی هەمیشەیی بۆ دەستەبەر دەکات کە هیچ دیاردەیەکی پێوەندیدار تا ئەوکاتە پێی نەبەخشیوە. مەرگ بەو مانایە خۆی پرۆسەیەکی خوڵقاندن و بەرهەمهێنانی شوناسە، هەربۆیەش مەرگ دەبێتە دیاردەیەکی خوڵقێنەر نەک ڕووخێنەر و فەناکەر، چونکە ڕوحێکی نوێ بە سەرجەم پێکهاتەی ژیان دەبەخشێت. لەسەر ئەم بنەمایەی کەسی خۆکوژ هیچ کە کەسێکی ناچالاک و دۆش داماو نییە، بەڵکو تەواو بە پێچەوانەوە، کاراکتەرێکی چالاک و ئەکتیڤە کە لەڕێی سڕینەوەی دیاردەیەکەوە، دیاردەیەکی باڵاتر و پڕ بەهاتر بەرهەم دێنێت. ئەو کەسێکی ئەکتیڤە کەچالاکانە بۆ مەرگ هەنگاو دەنێت.

کەسی خۆکوژ دروستە کە کەسێکە دووچاری قەیرانە و لە ئاڵۆزیدا گیری کردووە، بەڵام هەوڵی ئەو بۆ سڕینەوەی ئەو ئاڵۆزی و قەیرانە نییە، بەڵکو هەڵبژاردنی مەرگ لای ئەو چالاکییەکە بۆ تێگەیشتن لە ماهییەتی ئەو قەیران و ئاڵۆزییە. لێرەدا مەرگ هەوڵێک نییە بۆ فەرامۆشی، بەڵکو ئامرازێکە بۆ تێگەیشتن لەو دۆخە کە مرۆڤ دووچاری فەرامۆشی دەکات. مەرگ دەبێتە هەوڵێک بۆ بەرهەم هێنانی مەعریفە. مەرگ دەبێتە پرۆسەیەک بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کە بێ وەڵامن.

کامو دەڵێ: «ئەگەر دنیا ڕۆشن بوایە، هونەر نەدەبوو.» لەسەر ئەم بنەمایە من دەڵێم: «ئەگەر دنیا ڕۆشن بوایە، خۆکوژی نەدەبوو.» واتە دنیا ئاڵۆز و تەماوی و تاریکە بۆیە خۆکوژی وەک ئامرازێکی ڕۆشن کردنەوە دێتە ناو مەیدان. خۆکوژی بۆ کەسی خۆکوژ دەبێتە دژکردەوەیەک لە هەمبەر ئەم ناڕۆشنییە، دەبێتە چرایەک لە بەرانبەر تاریکی دنیا، دەبێتە جیهانێکی ڕووناک و پڕ لە چراخان، دەبێتە هەوڵێک بۆ ڕەواندنەوەی تاریکی و تەم. لای کەسی خۆکوژ دنیا تەماوی و لێڵە و ڕەواندنەوەی ئەو لێڵایی و تەمەش تەنیا بە خۆکوژی دەستەبەر دەکرێت.

کەسی خۆکوژ دەزانێ کە دیاردەکان ڕوون و ئاشکرا نین (کامو لێرەدا تەواو هاوڕایە لەگەڵمان و ئەویش بڕوای بە بێ ئامانجی دنیا هەیە.) ئەم ناڕۆشنییە وا دەکات کە مرۆڤ هەوڵ بۆ ڕۆشن بوونەوەی شتەکان بدات. شتێک کە ڕۆشن نەبێت دیارە کە مانایەکیشی لێ نایەتە

بەرهەم، هەربۆیە مرۆڤ هەوڵ دەدات خۆی دەست بداتە ڕۆشن کردنەوەی ماهییەتەکان.

مەرگ لەو کاتەدا ئیتر تاریکی نییە، بەڵکو هەوڵێکە بۆ ڕزگاربوون لە تاریکی. مەرگ دەبێتە خودی ڕۆشنایی، دەبێتە ڕووناکییەک کە کۆتایی بە تاریکییەکان دێنێت، هێزێکە کە زوڵمەتەکان ڕۆشن دەکاتەوە و دەیانخاتە ڕوو. مەرگ دەبێتە ڕۆچنەیەک بۆ دەربازبوون لەو جیهانە تاریکە کە بۆ کەسی خۆکوژ دروست بووە. ئەو لە مەرگدا بۆ ڕۆچنەیەک دەگەڕێت تا لەوێوە سەیری دیمەنە دڵبزوێنەکانی ژیان بکات. مەرگ مرۆڤی خۆکوژ خاڵی دەکاتەوە لەو هەموو تاریکییەی کە پانتایی بوونی ئەوی تەنیوەتەوە و ئەوسا تژی دەکات لە ڕۆشنایی.

بە دیوێکی تریشدا ئەم ناڕۆشنییە وادەکات کە هیچ کام لە پرسیارەکان وەڵامیان نەبێت. ئەم بێ وەڵامییە دەبێتە هۆکارێک کە مرۆڤ بۆ وەڵام بگەڕێت. ئەو لای وایە کە مەرگ وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە میخائیل باختین دەڵێت: (بۆ مرۆڤ هیچ شتێک ترسناکتر نییە لە نەبوونی وەڵام)، هەربۆیە کەسی خۆکوژ چاوەڕێی مەرگی ئاسایی نامێنێتەوە و خۆی دەداتە دەستی و خۆی دەکوژێت. بەواتایەکی دیکە بێ وەڵامی دنیا و سەرسامی مرۆڤ لەئاستیدا دەبێتە هۆکارێک بۆ سەرهەڵدانی خولیای خوکوژی لەلای ئەو کەسە.

کامو دەڵێ: «دەکرێ وای دانێین کە خۆکوژی درێژ کراوەی سەرکێشییە، بەڵام هەڵەیە.» گەرچی کامو بەڵگە و پاساو بۆ ئەم وتەیەی خۆی دێنێتەوە، بەڵام بەڕای من بەڵگەکانی کامو، یان ناڕاستن، یان ناتەواو، چونکە وا دەردەکەوێت کە خۆکوژی هیچ کە سەرکێشییە، بەڵکو گەورەترین سەرکێشیشە. سەرکێشی ئەگەر ماهییەت و جەوهەرێکی تایبەتی هەبێت ئەوە لە خۆکوژیدا خۆی دەنوێنێت. هەربۆیەش کەسی خۆکوژ هیچ کە کەسێکی بێ ئیرادە و بێ دەسەڵات نییە، بەڵکو کەسێکە لە ترۆپکی ئیرادە و دەسەڵاتدا. ئەو کەسێکە کە گەورەترین ئیرادە لە ناخیدایە. ئەو لە سەرووی تەواوی دەسەڵاتەکانەوە دەست دەداتە ئەم کردەوەیە. هێزی دەروونی ئەو هێزێکی بێ سنوورە کە مەرگ گەورەترین هێمایەتی. هێزێکە کە بە خۆکوژی دادەمرکێتەوە. بەواتایەک کەسی خوکۆژ سوپەرمانە، مرۆڤێکە توانای ئەنجامدانی هەموو کردەوەیەکی لە زاتیدایە. کاراکتەری ئەو کاراکتەرێکی لاواز نییە، بەڵکو کاراکتەرێکە هەڵگری گەورەترین ئیرادە و دەسەڵاتە. بێ هۆ نییە کە مەحوی دەڵێ:

**بە پیری مەرگەوە فرسەخ بە فرسەخ ڕۆیون مەردان**
**ئەوی باکی بە مردن بێ دیارە بڵح و نامەردە**

سەرەڕای ئەوە، کەسی خۆکوژ بەو کردەوەیە کاراکتەرێکی بەهێز و پڕ دەسەڵات لە شوێنی خۆی بەجێ دێڵێ. واتە کاراکتەری بەجێماو لەکەسی خۆکوژ کاراکتەرێکی شێواو و چەواشە و لەرزۆک نییە، بەڵکو کاراکتەرێکی پتەو و بەهێزە کە لەیەک کاتدا هەم بڕیار دەدات و هەم لە کردەوەدا بە ئەنجامی دەگەیەنێت کە ئەمەش لە هەموو کاراکتەرێک ناوەشێتەوە. خۆکوژ بەم کارە کاراکتەرێکی ئەفسانەیی و دەست پێڕانەگەیشتوو لە خۆی دروست دەکات. بێ هۆ نییە کە کامو لە بارەی کەسایەتی «کریلۆف» (کەسایەتی ڕۆمانەکەی دۆستۆیڤسکی)یەوە دەڵێ: «ئەو دەیەوێ خۆی بکوژێت بۆ ئەوەی ببێت بە خودا.» لە ڕاستیدا کامو هەستی بەوە کردووە کە کاراکتەری کریلۆف کاراکتەرێکی ڕووخەک نییە، بەڵکو کاراکتەرێکە لە ئاستی کاراکتەری خودا.

بەڕای ئێگزیستانسیالەکان کە کامو یەکێکە لەوان «مرۆڤ مەحکوومە بە ئازادی»، بەو پێیە مەرگ دەبێتە دیاردەیەک کە ئەم مەحکووم بوونە لەسەر مرۆڤ هەڵدەگرێت. بە واتایەکی تر مەرگ دیاردەیەکە کە ئازادی لە ئینسان دەستێنێتەوە، بەڵام کەسی خۆکوژ لەم ناوەدا چۆن بیر لە مەرگ دەکاتەوە؟!

بەڕای من بە پێچەوانەی بۆچوونی بیرمەندانی ئێگزیستانسیال مەرگ بۆ کەسی خۆکوژ هاوسانە لەگەڵ ئازادی (هەڵبەت کامو خۆیشی ئاماژە بەم مەسەلەیە دەکات. ئەو دەڵێ: مەرگ گەرچی دەستانێکی کوشندەی بەلاوەیە، بەڵام ئازادبەخشە). مەرگ بۆ کەسی خۆکوژ پڕاوپڕ خودی ئازادییە. مەرگ لە زەینی ئەودا ئەو شوێنەیە کە ئازادی بێ سنوور و ڕەها و موتڵەقی تێدا بەدی دەکرێت، چونکە مەرگ هیچ سنوورێک لە بەردەمیدا نامێنێت، بەڵکو ئەوپەڕی سەربەخۆیی دەگەیەنێت. لە هەمان کاتدا کەسی خۆکوژ لە پانتایی زیندووبوونیدا خۆی بە موختار نازانێت، بەڵام مەرگ ئەم تایبەتمەندییە بۆ ئەو مسۆگەر دەکات، ئەم سیفەتە بە ئەو دەبەخشێت. هەربۆیە مرۆڤ ئەگەر لە تەواوی ڕەهەندەکانی بوونی خۆیدا موختار، نەبێت، ئەوە لە هەڵبژاردنی مەرگدا دەبێتە موختارێکی موتڵەق.

مرۆڤی خۆکوژ کەسێکی ئازادە و هەڵوەدای ئازادییە.

زیندووبوونی ئەو ئازادی لێ زەوت دەکات و چوارچێوەیەکی تەنگی بۆ دادەڕێژێت کە لەودا جێگەی ئەوە نابێتەوە کە بژیت، چونکە ژیان پانتاییەکی بەرین و بێ سنووری پێویستە. خۆکوشتن بەلای کەسی خۆکوژەوە ئەو پانتاییە دەستەبەر دەکات. ئەو جیهانە دەخولقێنێت کە ئازادی تێدا بەدی بکرێت.

پەرەسەندنی خۆکوژی لەم سەردەمەدا ئەم ڕاستییە دەسەلمێنێت، چونکە لەمرۆکەدا زیندووبوون بەرتەسک و بەرتەسکتر دەبێتەوە و هەر بەو پێیەش هەولدان بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی پەرە دەستێنێت. زیادبوون و پەرەسەندنی خۆکوژی لەم سەردەمەدا جەخت کردنەوەیەکە لەسەر ئەم ڕاستییە حاشاهەڵنەگرە. خۆکوشتن لە ئێستاکەدا هەولێکە بۆ تێک شکاندنی تەواوی ئەو سنوورانەی کە زیندووبوون لەگەڵ خۆیدا هێناونی. بەواتایەک بیرکردنەوە لە ئازادی دەبێتە سەرەتایەک بۆ خۆکوژی!

لەلایەکی دیکەوە کامو پێی وایە کە «مرۆڤ مەحکوومە بە ئازادی» بەو پێیە کەسی خۆکوژ کەسێکە کە خۆی لەژێر باری ئەو مەحکووم بوونە دەرباز و ڕزگار دەکات. ئەو تەنیا کەسێکە کە مەحکووم بە مەرگ نییە. کەسێکە کە مەحکووم بوونی خۆی دەکرێتەوە. لەو مەحکووم بوونە ئازاد دەبێت و دۆخێکی ڕەها و بێ سنوور دەبەخشێت بە بوونی خۆی.

هەڵبەت ئەوە لەبیر نەکەین کە هەندێک لە مرۆڤەکان بیرکردنەوە لە مەرگە وایان لێدەکات دەست بدەنە خۆکوژی. ترس لە مردن هانیان دەدات کە خۆی لە دەست ڕزگاربکەن. ئەوان کاتێک بیر لەوە دەکەنەوە کە مەرگ وەک خۆرکەیەک بە بێ دەنگی پانتایی بوونیان دەکرۆژێ و هەردەم دەیانخاتە سەر دڵەڕاوکێ و نیگەرانی، تەحەمولیان نامێنێ و بوونیان لە دەست ئەو خۆرکەیە ڕزگار دەکەن. هەربۆیەش خۆکوژی دەکرێ یەکێک لە ئاکامەکانی ترس لە مەرگ بێت. (هەڵبەت لێرەدا پێویستە مانای مەرگ و خۆکوژی لێک جیا بکەینەوە. هەروەها دەبێ جیاوازیش لەنێوان جۆرەکانی خۆکوژی دابنێین، چونکە هەندێک خۆکوژی ناچنە خانەی باسەکەی ئێمەوە.)

بە بۆچوونی کامو خۆکوژی حاشاکردنە (انکار). حاشاکردن لە خود. «نا» گوتنە بەبوون. واتە کەسی خۆکوژ حاشا دەکات لە بوونی خۆی، بەڵام ئەگەر بە وردی خۆمان بکەین بە ناو پانتایی زەینییەتی کەسی خۆکوژدا، تەواو بە پێچەوانەوە، دەگەینە ئەو حەقیقەتە کە خۆکوشتن دان پێدانانە، دان پێدانان بە خود و بوون، بەوەی کە «من»ێک لە ئارادا هەیە. خۆکوشتن تەنیا بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییەیە کە «من»ێک «بوون»ی هەیە. خۆکوژ بۆیە خۆی دەکوژێت تاکو بڵێ: من هەم. بەواتایەکی دیکە گوزارەی کەسی خۆکوژ ئەمەیە: «من خۆم دەکوژم کەواتە هەم.» ئەو لە ڕێی خۆکوژییەوە حاشا لە بوونی خۆی ناکات، بەڵکو ئەو بوونە بۆ هەمیشە مسۆگەر و جاویدان دەکات. ترسی مرۆڤی خۆکوژ لەوەیە کە مەرگی ئاسایی «من» دەداتە دەست فەرامۆشی، بەڵام خۆکوژی «من» جاویدان دەکات. ئاکامی خۆکوژی، نەمری چەمکی «من»ـە.

هەروەها بە بڕوای کامو و زۆریەک لە بیرمەندانی دیکە خۆکوژی خۆی دژایەتی کردنە لەگەڵ سروشت و جیهان، یان «نا» گوتنە بە ژیان، بەڵام بەڕای کەسی خۆکوژ، خۆکوژی هیچ دژایەتی کردن نییە لەگەڵ ئەوانە، بەڵکو خۆ یەک خستنەوە و یەکگرتنەوەیە لەگەڵ سروشت و جیهان. مرۆڤ کاتێک هەست بکات لەگەڵ سروشتدا نامۆیە و لێی جیا بۆتەوە، هەوڵ دەدات کە لەگەڵیدا یەک بگرێتەوە. خۆکوشتن هەولێکە بۆ ئەو یەکگرتنەوەیە.

لەگەڵ ئەوەشدا کەسی خۆکوژ مەرگ بە دۆڕاندن نازانێت. ئەو مەرگ وەک شێوەیەک بردنەوە، یان ڕێگایەک بۆ سەرکەوتن تەماشادەکات. مرۆڤ کاتێک هەست بە دۆڕاندن لەلای سەر هەڵدەدات، دەیەوێ لەڕێی مەرگەوە ئەو نوشووستییە قەرەبوو بکاتەوە. دەیەوێ لە دواساتدا بیباتەوە، هەر بۆیەش مەرگ بۆ ئەو دەبێتە سەرکەوتنێکی یەکجارەکی، بردنەوەیەک کە سەرپۆش دەنێتە تەواوی دۆڕاندنەکان و بۆ هەمیشە دەیانسڕێتەوە.

هەروەها بە پێچەوانەی بڕوای گشتی کە گوایە لە پشت خۆکوژییەوە هەستێکی تاڵ و نامۆ هەیە، خولیایەکی شیرین و ئەندێشەیەکی دڵبزوێن لە پشت ئەم کردەوەیە خۆی مەڵاس داوە. خولیای خۆکوژی بۆ کەسی خۆکوژ دەگاتە ئاستێک کە وا بیر بکاتەوە دۆخی بوونی ئەو بەو هەوڵەوە بەستراوەتەوە. خۆکوژی بۆ ئەو دەبێتە دڵبزوێنترین دیاردەی مومکین کە وادەکات چاو لە تەواوی دیاردە و خولیاکانی دیکە بپۆشێت. ئەمە ڕازی سەرکەوتنی کەسی خۆکوژە تا ئەو ئاستە. ئەو گەورەترین لەزەت لەخۆکوژیدا دەبینێتەوە. خۆکوژی ئەو تەنیا چێژەیە

کە ئەو دەیچێژێت. ئەو وا هەست دەکات کە تەواوی شتەکان خاڵی بوونەوە لە چێژ و تەنیا مەرگێکی خۆویستانەیە کە چێژ و لەزەتی دووبارە و هەمیشەیی دەبەخشێت.

مەرگی خۆویستانە شێوەیەکە لەبەربەرەکانی و ململانێ، کەسێکیش کە بەربەرەکانی دەکات، لەپێناو گەیشتن بە ئامانجێکدایە. ئەو شێوە مەرگە هەوڵێکە بۆ گەیشتن بە ئەو خولیایەی کە لەناو زەینیدا کێشاویەتییەوە، هەربۆیە خۆکوژی، بێ ئامانج و بێ مەبەست نییە. واتە خۆکوژی ناچێتە ناو خانەی کردارێکی پووچەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە کردەوەیەکە کە گەورەترین مەبەستی لە پشتە. مەبەستێک کە هەر تەنیا کەسی خۆکوژ لە گەورەیی تێدەگات. لە هەمان کاتدا- هەروەک گوتمان- مەرگ ڕێگەیەکی ڕزگاربوونە، ڕزگاری لەدەست زیندووبوون. ئەمەش جەوهەرێکە ئومێد بەمەرگ دەبەخشێت. لە کاتێکدا کامو مەرگ بەدژی ئومێد دادەنێت، بەڵام ئایا ناکرێت کە مەرگ خۆی شێوەیەک بێت لە ئومێد؟! ئەگەر مەرگ خۆی ئومێد نییە، ئەی چۆن کەسی خۆکوژ ئاوا شێلگیر و لێ بڕاوانە لەپێناویدا هەوڵ دەدات؟!

لە ڕاستیدا ئێمە لێرەدا دەبێ جۆرەکانی «ئومێد» لێک جیا بکەینەوە، چونکە کەسی خۆکوژ لە یەک کاتدا هەم کەسێکی تەواو بێ ئومێدە و هەم کەسێکی پڕ ئومێد. نائومێد بەو مانایە کە چاوەڕوانی هیچ شتێک لەم جیهانە ناکات، چاوەڕێی ئاڵوگۆڕی بارودۆخەکان نییە، دڵی بەهیچ دیاردەیەکی ئەم زیندووبوونە ناکرێتەوە، بە ئومێدە ڕووکەشەکان دڵخۆشکەر نییە و خۆی بەم زیندووبوونە ئاسایی و بێ مانا و پووچەوە بەند نەکردووە. لە هەمان کاتیشدا ئومێدێکی گەلێک بەرزی هەیە. ئومێد بە ژیانێکی دیکە، ژیانێک کە مەرگ بۆی فەراهەم دەکات. ئەو خۆی دەکوژێت، چونکە تاکە ئومێدی ئەوە و ئومێدێکی دیکە شک نابات. ئەو یەک ئارمان و یەک ئامانج بەدی دەکات کە ئەویش خۆکوژییە، یان ئەو ژیانەیە کە لە ڕێی خۆکوژییەوە دێتە بەرهەم و لەزەینی ئەودا ڕەنگی داوەتەوە. ئەو لە ڕێی مەرگەوە پردێک لەنێوان ئومێد و نائومێدیدا هەڵدەبەستێت، هەربۆیەش کامو لەبارەی کریلۆف (کەسایەتی ڕۆمانەکەی دۆستۆیڤسکی)یەوە دەڵێت: «لەم ڕووەوە ئەمە نائومێدی نییە کە ئەو بەرەو مەرگ هان دەدات، بەڵکو عاشق بە داهاتووی خۆیەتی».

مەرگ بۆ کەسی خۆکوژ ڕۆڵی ئەو پردە دەگێڕێت کە ئەو دەپەڕێنێتەوە بۆ جیهانی داهاتوو. شتێکی دیکە کە دەبێ ئاماژەی پێ بکەین ئەوەیە کە بە پێچەوانەی ڕای دەروونناسان کە مرۆڤی خۆکوژ بە کەسێکی دەروونئاڵۆز، نەخۆش، یان شێت دادەنێن، کەسی خۆکوژ کەسێکە خاوەنی ئەندێشە و بیرکردنەوەیەکی پتەو. ئەو لە ڕێی ئەندێشەوە دەگاتە حەقیقەتی خۆکوژی. تەنانەت- هەروەک گوتمان- هەندێک بڕوای میتافیزیکی لە کەسی خۆکوژدا هەن. چۆنیەتی بیرکردنەوەی ئەو بۆ ژیان و بۆ چەمکی خۆکوژی تاڕادەیەکی زۆر بڕوایەکی میتافیزیکییە. نەفرەتی «فرۆید» لە «دۆستۆیڤسکی» بەشێکی زۆری لەم مەسەلەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەو دۆستۆیڤسکی بە کەسێکی تەواو شێت و ئاڵۆز دادەنێت، چونکە ئەو خولقێنەری کەسایەتی خۆکوژە لە ناو ڕۆمانەکانیدا. لەکاتێکدا دەزانین دۆستۆیڤسکی یەکێک لە گەورەترین بیرمەندانی مێژووی مرۆڤایەتییە.

لەسەر ئەم بنەمایە کەسی خۆکوژ کەسێکی دەستەبژێرە نەک کەسێکی ڕەمەکی و ئاسایی. ئەو بەم زیندووبوونە ڕازی نییە و بۆ جیهانێکی دیکە هەوڵ دەدات. ئەو دەستەبژێرێکی خۆکوژە کە خاوەنی داهێنان و خولقاندنە، لەکاتێکدا کەسانی ئاسایی لەم توانایە بێ بەشن. کەسانی ڕەمەکی سەرسەختانە بەم زیندووبوونە چەسپاون و گیرۆدەی پووچین بێ ئەوەی هەستی پێ بکەن، یان هەوڵێک بدەن بۆ ڕزگار بوون لێی، کەچی کەسی خۆکوژ دژی ئەم دۆخەیە و وەک نوخبەیەک هەوڵ بۆ ئاڵوگۆڕ کردنی دەدات. لێرەدا وتەیەکی «ئیتالۆ کالڤینۆ»م بیر دێتەوە کە ناوەرۆکەکەی بەم شێوەیەیە: «ئێمە لەناو دۆزەخێکدا دەژین کە مرۆڤەکانی ناوی دوو جۆرن. هەندێکیان عادەتیان پێی گرتووە و هەستی پێناکەن و لەگەڵیدا دەژین و هەندێکیش ئاگادارن لێی و هەستی پێدەکەن و لەناویدا بۆ ئەو شتانە دەگەڕێن کە لە توخمی دۆزەخ نین تاکو بەرزی بکەنەوە و ڕێگای بۆ ئاوەڵا بکەن.» بەڕای من کەسی خۆکوژ دەچێتە ناو دەستەی دووەمەوە واتە لەوانەیە کە هەست بە دۆزەخ دەکەن و خۆکوشتنیش دەبێتە بەشێک لەو شتانەی کە لە توخمی دۆزەخ نین، هەربۆیە کەسی خۆکوژ ڕێگا بۆ خۆکوژی ئاوەڵا دەکات و بۆ ئاستێکی والا بەرزی دەکاتەوە.

کامو دواجار دەڵێ: «دنیایەک دەمێنێتەوە کە تەنیا

خاوەنی ئەو مرۆڤە»، بەڵام بەڕای من مرۆڤ تەنیا خاوەنی موتڵەقی ئەم دنیایە نییە. هەربۆیەشە کە ڕووی لێ وەردەگێڕێتەوە و وازی لێ دێنێت. خۆکوژی ڕوو وەرگێڕانە لەدنیا و وازهێنانە لە جیهان. خۆکوژی هەوڵێکە بۆ خولقاندنی جیهانێک کە مرۆڤ تێیدا خاوەنی موتڵەق و دەسەڵاتداری سەرەکی بێت.

لەڕوانگەی دەروونناسییەوە ئەگەر بەناخی کەسی خۆکوژدا شۆڕ ببینەوە، دەبینین کە کەسی خۆکوژ کەسێک نییە کە دەروونی پڕ لە غوربەت و ڕەنج بێت، بەڵکو ناخی ئەو بۆشە، واتە بۆشایی دەروونی داگرتووە. مرۆڤی خۆکوژ کەسێکە نە شاد و نە خەمگین، لەو بارەوە کەسێکە کە هەست بەهیچ ناکات. بە واتایەکی تر ئەوە غوربەت و ئازار نییە کە ئەو بۆ خۆکوژی هان دەدات، بەڵکو ئەو حاڵەتە دەگمەنە بێ هەستی و بێ ئیحساسییەیە کە ناخی تەنیوەتەوە. حاڵەتێکی بێ وازی و بێ خەیاڵییە کە مرۆڤ هەست بە هیچ حاڵەتێکی دەروونی بزوێنەر ناکات، هەر بۆیە بۆشایی بەرەو ئەو لایەی دەکێشێت. مرۆڤێک کە ئازار لە ناخیدایە دەستگرەیەکی- هەرچەند لەرزۆک- بەدی دەکات کە خۆی پێوە هەڵواسێت، بەڵام کەسێک کە ناخی بۆتە چۆڵەوانی ئیتر لەو حاڵەتە ئاساییە دێتە دەر و حاڵەتێکی دەگمەن دایدەگرێت کە لەبنەڕەتدا حاڵەتێکی بێ حاڵەتییە.

مرۆڤێک کە خەمگینە، کەسێکی پڕ ئومێدە، چونکە ئەوە ئومێدە وای لێدەکات حەسرەت و خەم بخوات. ئەوکەسە چاوەڕوانی ئەوەی تێدایە کە دواجار شتێک بێتە ڕێی، یان شتانێک بەدەست بێنێت، هەر بۆیە ئەوکەسە هەرچەند خەمگین بێت بیر لەو شێوە مەرگە ناکاتەوە. خۆکوژی بۆ ئەو هەڵگری بارێکی مانایی قووڵ نییە کە بتوانێت وەڵامدەری حاڵەتە زەینییەکانی ئەو بێت، بەڵام کەسێک کە نە شادە و نە خەمگین، کەسێکی ئومێدەوار نییە و چاوەڕوانی ئەوەش ناکات کە دواجار ببێتە خاوەنی جیهانێکی پڕ بایەخ، هەر بۆیەش خۆکوژی بۆ ئەو دەبێتە ئامانجێکی سەرەکی.

کامو دواجار باسی «سیزیف» دەکات، باسی ئەو چارەنووسە پووچەی کە ئەو گیرۆدەیەتی، بەڵام کامو هەر تەنیا باسی پێوەندی نێوان ئەو و چەمکی پووچی دەکات و باسێک لە خۆکوژی ناهێنێتە ئاراوە. لە کاتێکدا دەزانین کە دروستە کامو خۆکوژی وەک ئاکامێک پەسند ناکات، بەڵام بە بڕوای ئەو «پووچی» و «خۆکوژی» دوو چەمکی لێک گرێدراون و پێوەندی ڕاستەوخۆیان بەیەکەوە هەیە و یەکیان بێ ئەوی دی واتایەکی ئەوتۆ ناگەیەنێت.

هەروەک دەزانین سیزیف گەورەترین هێمای «پووچی»یە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا. پووچی و بێ ئاکامی هەوڵەکانی مرۆڤ لە ئەوەوە دەست پێدەکات و هەر لە ئەویشدا دەگاتە ترۆپکی خۆی. لێرەدا ئەو پرسیارە لەزەیندا سەوز دەبێت کە ئەگەر سیزیف دووچاری ئەم دۆخەیە، چۆنە کە بیر لە خۆکوشتن ناکاتەوە؟! بۆ هەوڵێک نادات بۆ دەربازبوون لەو بێهوودەییە؟! ئەمە پرسیارێکی گەلێک گرینگە کە، یان کامو فەرامۆشی کردووە، یان بە ئانقەست خۆی لێ بواردووە. وەک ئەوەی کە خۆکوژی- بە پێناسەی کامو- هەر تەنیا تایبەتمەندی مرۆڤی مۆدێرن بێت. لە هەرحاڵدا هەوڵی سەرەکی ئێستای ئێمە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەیە کە بۆچی سیزیف بە خۆکوژی نامۆ بووە. هەروەک گوتم ئەمە پرسیارێکی گەلێک گرنگە کە وەڵامدانەوەی، جیاوازی نێوان مرۆڤی سەردەمی دێرین، یان سەردەمی کلاسیک لەگەڵ مرۆڤی ئەمڕۆیی، یان مرۆڤی مۆدێرندا بە تەواوی ڕۆشن دەکاتەوە.

هەموو دەزانین کە سیزیف بە هۆی سەرکێشییەوە کەوتۆتە ئەو دۆخەوە. ئەو لە پێناو نەفرەت و بێزاری لە مەرگ لەلایەک و عەشق بەزیندووبوون لەلایەکی دیکەوە ئەو سزایە دەچێژێت. لێرەدا دەبێ بڵێین کە دروستە سیزیف کەسێکی سەرکێشە، بەڵام سەرکێشی ئەو تا سەر بڕ ناکات. ئەو لە دژی چارەنووسی داسەپاوی خۆی هەڵوێست وەرناگرێت. بۆ گۆڕینی ئەو بارودۆخەی کە تێیدایە، دواجار هیچ چالاکییەک لەخۆی نیشان نادات.

لێرەدا خاڵێکی زۆر جوان هەیە، خوداکان سیزیفیان بەتاوانی نەفرەت لەمەرگ و عەشق بە زیندوویەتی دووچاری ئەو چارەنووسە دڵتەزێنە کردووە و ئەو سزایەیان بەسەردا سەپاندووە کە هەتا ئەبەد دەبێ بیچێژێت. خاڵێکی ڕەمزی کە لێرەدا هەیە ئەو حەقیقەتەیە کە ئەگەر کەسێک بە زیندووبوونەوە بلکێت و لە مەرگ بێزار بێت، چارەنووسی لەوە باشتر نابێت کە سیزیف گیرۆدەیەتی.

سیزیف خۆی نیوە خودایەکە و کەسێکە کە لە ڕۆژگاری فرەخوداییدا پێوەندی لەگەڵ خوداکان هەیە و لەو بارەوە

ئەو خاوەنی کاراکتەرێکی ئەفسانەییە. لەلایەکی دیکەشەوە ئەو یەکەم جار بەسەر مەرگدا زاڵە، ئەو مەرگ دەخاتە بەندەوە و دەرگای لەسەر کلۆم دەدات، کەواتە بۆ کەسێک کە بەسەر مەرگ و جیهانەکەیدا زاڵ بێت و تەجرەبەی جیهانی مەرگی کردبێت، خۆکوژی دەبێتە کارێکی پووچتر لە زیندووبوونێکی بێ ئاکام و پووچ. هەربۆیەشە کە ئەو، ئەو بارودۆخە بێهوودەیە تەحەمول دەکات و قەناعەتی پێ هەیە.

سیزیف مرۆڤێکی ئەمرۆیی نییە. مرۆڤی ئەمرۆیی پێوەندی لەگەڵ خوداکان نییە و دەستی پێیان ڕاناگات. ئەو بەسەر جیهانی مەرگدا زاڵ نییە و ناتوانێت مەرگ بخاتە بەندەوە. هەر بۆیەش بەدیدێکی ئەفسانەییەوە سەیری مەرگ دەکات. ڕوانینی مرۆڤی ئەمرۆیی بۆ مەرگ تەواو لە ڕوانینی سیزیف جیاوازە. لە ڕاستیدا خۆکوژی دەبێتە تایبەتمەندی مرۆڤی ئەم سەردەمە نەک خولیای کەسێکی وەک سیزیف. دروستە مرۆڤ لە ئەزەلەوە تا بە ئەمرۆ یەک چارەنووسی بووە و ماهییەتی زیندووبوونی نەگۆڕاوە و هەروا گیرۆدەی دۆخی پووچی بووە، بەڵام ڕوانینی بۆ ئەو دۆخە ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە. سیزیف بەشێوەیەک لەو بێ ئاکامییە دەڕوانێت و مرۆڤی ئێستاش بەشێوەیەکی دیکە، چونکە سەردەمی سیزیف سەردەمی خوداکان بووە و سەردەمی ئێستاش سەردەمی بێ خوداییە. (بەوتەی کامو مرۆڤ بۆیە خودای دروست کرد تاکو خۆی نەکوژێت). سەردەمی سیزیف سەردەمێکە کە شتەکان لەژێر ڕکێفی مرۆڤدان و هۆشیارە بەسەر دیاردەکاندا و گشتیان عەینین، بەڵام ئەم سەردەمە شتەکان لە کۆنترۆڵی مرۆڤ هاتوونە دەر و مرۆڤ لەماهییەتیان بێ ئاگایە، یان شێوەیەکی تەواو نادیار و مەجازییان بەخۆو گرتووە. لەسەردەمی سیزیفدا دیاردەکان ڕوون و ئاشکران و جیهان جیهانێکی تاریک نییە و پرسیارەکان هەموویان وەڵامیان دیار و ڕۆشنە، بەڵام سەردەمی مرۆڤی ئەمرۆ سەردەمی ناڕۆشنی و نادیاری و بێ وەڵامییە.

## دەرەنجام

کامو دەڵێ: «تەنیا یەک مەسەلەی فەلسەفی بەڕاست و گرنگ لەئارادا هەیە، ئەویش خۆکوژییە.» خۆکوژ دەڵێ: «تەنیا یەک حەقیقەت هەیە، ئەویش خۆکوژییە.» کامو دەڵێ: «خولّقاندن، ژیانێکە لەنوێوە» خۆکوژ دەڵێ: «خۆکوژی رووخان نییە، خولّقاندنە، چونکە ژیانێکە لەنوێوە.» هەروەها دەڵێ: «داهێنان هەولێکە بۆ دژایەتی لەگەڵ چارەنووس. خۆکوژی دژایەتییەکی موتڵەقە لەگەڵ چارەنووس هەر بۆیەش داهێنانێکی پتەوە.» کامو دەڵێ: «بۆ کەسێک کە ڕووی لە ئەبەدییەت وەرگێڕاوە، ژیان بەگشتی، شتێک نییە جگە لەلاسایی کردنەوەیەکی بێ سنوور لەژێر دەمامکی پووچدا.» خۆکوژ دەڵێ: «مرۆڤی خۆکوژ کەسێکە کە ڕووی کردۆتە ئەبەدییەت، چونکە ژیانی ئەو هیچ لاسایی کردنەوە نییە، بەڵکو لەژێر دەمامکی پووچیش هاتۆتە دەر.»

لەکۆتاییدا بەپێچەوانەی تەواوی ئەو پێناسانەی کە بۆ خۆکوژی کراون، دەتوانین یەک پێناسەی ڕاست، بەڵام پشتگوێ خراو بە ئەم چەمکە بخەینە بەر دەست کە ئەویش ئەمەیە: «خۆکوژی واتە عەشقێکی بێ سنوور و بێ کۆتایی بۆ ژیان.»

لێرەدا دەبێ ئەوەش لەیاد نەکەین کە شی کردنەوەی ئەم دیاردەیە، واتە خۆکوژی بەو شێوەیە کە باسمان کرد، لە بنەڕەتدا دژایەتی کردن نییە لەگەڵ هەر پێناسەیەک، یان هۆکارێک کە بۆی دەستنیشان دەکەن، بەڵکو ئەمە تەنیا ڕەهەندێکی گرنگە لەو مەسەلەیە و تێڕوانینێکە لەلایەنێکی گرنگ و بەرچاوی ئەو چەمکە. بەو مانایە کە هەر پێناسەیەکی دیکەش کە بۆی بکرێت دژی ئەم خوێندنەوەی ئێمە نییە، بەڵکو تەنیا دەبێتە ڕەهەندێکی دیکەی خۆکوژی.

ئەگەر لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتیشەوە سەیری بکەین، ئەم نووسینە بەمانای داکۆکی و پشتگیری کردن لەم دیاردەیە نییە، بەڵکو خستنەڕووی حەقیقەتی ئەم مەسەلەیەیە. واتە دەرخستنی چۆنیەتی و ماهییەتی خۆکوژییە و تێگەیشتن لە یەکێک لە ماناکانیەتی، یان ئەگەر دەربڕی تەواوی مانای خۆکوژی نەبێت، ئەوە هەولێکە بۆ دەرخستنی یەکێک لە ڕەهەندە شاراوە و نەبینراوەکانی کە تاکو ئێستا ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە و نەخراوەتە بەر سەرنج و تێبینی، یان لەوانەشە ڕێک بە پێچەوانەی ئەمەوە سەیر کرابێت، کە ئەمەش نابێتە بەڵگەیەک بۆ ئەوەی کە ئەم بۆچوونەی ئێمە بۆچوونێکی ناڕاست بێت.

**بەهاری ١٣٨٧ هەتاوی (٢٠٠٨)**

# یادی سەد ساڵەی دامەزراندنی کۆمەڵەی تەعالی و تەرەقی کورد

نووسین و ئامادەکردنی : سەروەر جەبار

**پێشەکی**

بارودۆخی دەوڵەتی عوسمانی هەر لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەمەوە بەهۆی ئەو شەڕانەی لەگەڵ ئەم دەوڵەتەدا ڕوویان دا، بەتایبەتی و گەلێک هۆی تر بەرەو پشێوی و ئاژاوەی ناوخۆیی دەڕۆیشت، لەلایەکی ترەوە دواکەوتوویی وڵاتەکە بووە مایەی ڕەخنە و نارەزایی دژی سوڵتان عەبدولحەمید و دەرکەوتنی گرووپ و کۆمەڵەی بەرهەڵستکاری، لەوانەش پێکهاتنی کۆمەڵەی ئیتحاد و تەرەقی(١) (یەکێتی و پێشکەوتن) کە ئامانجی سەرەکییان یەکێتی میللەتانی ناو دەوڵەتی عوسمانی بوو دژی سوڵتان و ڕژێمەکەی.(٢)

لە دەرەوەی دەوڵەتی عوسمانیش چەندین ڕۆژنامە و گۆڤار دژ بە سیاسەتی حکوومەتی عوسمانی دەردەچوون وەک ڕۆژنامەی (مەشوورەت) و ڕۆژنامەی (عوسمانلی) و گۆڤاری (ئیجتیهاد)(٣). ڕۆشنبیرە کوردەکانیش لە تەیاری بەرهەڵستکاری ڕژێمی حوکمی عوسمانی چ لە ڕووی دامەزراندن و چالاکی ڕێکخستن، چ لە ڕووی ڕاگەیاندنەوە بەشدار و چالاک بوون، لەوانەش دکتۆر عەبدوڵڵا جەودەت، ئیسحاق سکووتی، شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، عەبدولڕەحمان بەدرخان و حیکمەت بابان و چەندانی تریش.(٤)

لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا ژمارەیەکی زۆر لە کوردان لە شاری ئەستەمبوڵی پایتەختی دەوڵەتی عوسمانیدا بوون، ئەوانەشیان بەهۆی سیاسی دوور خرابوونەوە، لەوانە ئەندامانی بنەماڵە ناودارەکانی کورد وەک بنەماڵەی بەدرخانییەکان و شەمزینییەکان و بابانییەکان و هەندێکی تریان تێیدا دەست بەسەربوون و ئەوانی

تریش بەشێوەیەکی گشتی ئەو کوردانە بوون، کە بۆ تەواوکردنی خوێندن ڕوویان لە ئەستەمبوڵ کردبوو، چونکە پەیمانگە و کۆلێژەکانی مەدەنی و سەربازی دەوڵەت لەو شارەدا بوون، بوونی کوردەکانی ئەستەمبوڵ و کۆچی کوردان بۆ ئەو شارە بە حوکمی ئەو پایە و شوێنە گرنگ و ستراتیژییەی هەیبوو، تێکەڵاوبوونی کوردان لەو شارە لەگەڵ خوێندەوارانی نەتەوەکانی تر و هاتوچۆی ئەورووپاییەکان بۆ ئەو شارەو ئاشنابوونی کوردان بە بیری مەدەنییەت و ناسیۆنالیزمی ئەورووپایی و کاریگەری ئەم بیرە بەسەریانەوە وای لێ کردوون ئەمانیش هەست و هۆشی نەتەوەیی و سیاسییان لا بوروژێت و بڵاوبێتەوە و لەبیروباوەڕیاندا جێگیر بێت،(٥) پاشان لەهەر هەول و دەرفەتێکدا خۆی دەربخات کە ئەمەش لە شۆڕشی دەستووری ١٩٠٨ی عوسمانی بەتەواوی بەدەرکەوت.

ئەم شۆڕشە لەلایەن کۆمەڵەی ئیتحاد و تەرەقی. ئەنجام درا کە کۆمەڵەیەکی سیاسی بەرهەڵستکاری دەوڵەتی عوسمانی بوو کە توانی لە ٢٣ی تەمموزی ١٩٠٨ لەڕێی کوودەتایەکی سەربازییەوە دەست بەسەرحوکمدا بگرێت، کە بەمەش قۆناغێکی نوێ لە دەوڵەتی عوسمانی دەستی پێ کرد، کۆمەڵە پێشتر داوای گەڕانەوە و کارپێکردنی دەستووری هەڵپەسێرراوی ساڵی ١٨٧٦ی دەکرد بۆیە سوڵتانی عوسمانی ناچار بوو کار بە دەستوورە هەڵپەسێرراوەکە بکاتەوە و شۆڕشەکەش بەم ناوە ناسراوە، لەگەڵ ڕوودانی ئەم شۆڕشەدا بارودۆخی دەوڵەتی عوسمانی پشێوی تێکەوت، دروشمەکانی ئازادی و داد و یەکسانی و برایەتی بەرز دەکرایەوە، پاشان بە بڕیارێک سوڵتان عەبدولحەمیدیان لەسەر تەخت لابرد، سەرکردەکانی ڕژێمی تازە لە وتارەکانیاندا بەردەوام جەختیان لەسەر یەکسانی و داد و برایەتی دەکردەوە، بێ هیچ جیاوازییەک لە ڕووی نەتەوە و ئایین و ڕەچەڵەکەوە، ئیتحادییەکان سەرەتا سیاسەتێکی باش و هاوسەنگیان بەرانبەر گەلانی دەوڵەتی عوسمانی جێبەجێ دەکرد تا پێگەو دەسەڵاتیان قایم کرد. (٦)

هاتنەکایەوەی ئەم بارودۆخە نوێیەش زەمینەیەکی لەباری بۆ بزووتنەوە سیاسییەکانی نەتەوە ناتورکەکان ڕەخساند لەوانەش بزووتنەوەی سیاسی کورد،(٧) ئیدی ناودارانی کورد لە ئەستەمبوڵ یەکەمین ڕێکخراوی سیاسی کوردی دادەمەزرێنن کە ئەویش (کۆمەڵەی تەعالی و تەرەقی کورد)بوو،(٨) هەرچەندە لە هەندێک سەرچاوەدا ئەم کۆمەڵەیە بەناوی (کۆمەڵەی تەعاون و تەرەقی کورد) هاتووە، بەڵام ئێمە ناوی ئەوی تر بەدروست دەزانین.

هەڵبەت ئیتحادییەکان هەر لەسەر ئەم سیاسەتە نەمانەوە، بەڵکو هەر زوو لە کۆنگرەی سێیەمیاندا ڕێبازی شۆڤێنی (تۆرانی)یان ڕاگەیاند و کەوتنە پەیڕەوکردنی سیاسەتی بەتورک کردنی نەتەوە ناتورکەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی.(٩)

## کۆمەڵەی تەعالی و تەرەقی کورد
## (کورد تعالی و ترقی جمعیتی)

پاش شۆڕشی دەستووری ١٩٠٨ و وەرگرتنی دەسەڵات لە لایەن کۆمەڵەی ئیتحاد و تەرەقییەوە، ڕژێمی نوێ مۆڵەتی بە دامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیە داوە (١٠) کە یەکەمین کۆمەڵەی سیاسی کوردە(١١) بە ئاشکرا ئیشی کردبێت(١٢)، ئەندامە دیارەکانی دەستەی دامەزرێنەر ئەمانە بوون: ئەمین عالی بەدرخان، شێخ عەبدولقادری نەهری، ژەنەراڵ شەریف پاشا، داماد ئەحمەد زولکەفل پاشا(١٣)، خەلیل خەیالی و چەندانی تریش(١٤). ئەم کۆمەڵەیە کە بە واتای (کۆمەڵەی بەرزی و پێشکەوتنی کورد) دێت لە شاری ئەستانە (١٥) (ئەستەمبوڵ) لە ٢٥ی ئەیلوولی ١٩٠٨ دامەزراوە،(١٦) شێخ عەبدولقادری نەهری بەسەرۆکی کۆمەڵەکە و ئەمین عالی بەدرخان بە جێگری سەرۆک هەڵبژێران، ئەم کۆمەڵەیە خۆی بە نوێنەری ڕەوای کورد زانیوەو پەیڕەو و پرۆگرامی تایبەت بەخۆی هەبووە، بەهۆی نەمانی دەسەڵاتی پێشوو و هاتنە کایەوەی دۆخێکی نوێ و سیستمێکی تازە ژمارەیەکی زۆر لە گەنجانی کورد بۆ ئەستەمبوڵ گەڕانەوە و پێوەندییان بەم کۆمەڵەیەوە کردووە، هەروەها هەوڵەکانی شێخ عەبدولقادر و ئەمین عالی بەدرخان هێز و سەنگێکی زۆریان بە بزاڤی نەتەوایەتی و سیاسی کورد بەخشی(١٧) بەهۆی ئەوەی باوکی هەردووکیان و بنەماڵەکەیان لەناو کورداندا ناودار بوون، چونکە بزووتنەوە و شۆڕش و ڕاپەڕینیان بۆ مەبەستی دامەزراندنی دەسەڵاتی سیاسی بۆ کورد بەرپا کردبوو(١٨).

لە گرنگترین ئامانجەکانی ئەم کۆمەڵەیە: کردنەوەی

قوتابخانە لە کوردستان و دامەزراندنی هەندێک لە کوردەکان لە دامو دەزگا کارگێڕییەکانی حکوومەت و داننان بە زمانی کوردی و ڕێگەدان بەدەرکردنی بڵاوکراوە و ڕۆژنامە و گۆڤار بەزمانی کوردی و بایەخدان بە باری ئابووری کوردستان. (١٩)

ئەم کۆمەڵەیە چەندین لقی لە شارەکانی بەدلیس و مووسڵ و دیاربەکر و ئەرزەڕۆم و بەغدا کردەوە،(٢٠) لە ڕۆژی ناساندنی کۆمەڵەکە (٢٥ ئەیلوولی ١٩٠٨) یەکەمین یانە لە شاری ئەستەمبوڵی پایتەخت کرایەوە، کە نزیکەی ٥٠٠ ئەندام و میوان لە ئاهەنگی کردنەوەی یانەکەدا ئامادە و بەشداربوون کە ئەندامە چالاکەکانی کۆمەڵەکە و میوانەکان لایەنگری و دڵسۆزی خۆیان بۆ سستم و حوکمی نوێ دەردەبڕی، یەکێک لە میوانە بەشداربووەکان بەناوی ڕەشید بەگی موفتی زادە کە نوێنەری شاری مووش بوو، بەم بۆنەیەوە لە وتەیەکدا وتی: «لەبەر ئەوەی کورد وەکو هەموو میللەتانی تری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە سایەی ڕژێمی نوێدا مافی یەکسانی و پێشکەوتن و خوێندن و سەربەستی پێ براوە، ئەوە خزمەت کردنی دەستوور و خەبات لە پێناوی چەسپاندن و جێبەجێکردنی ئەرکێکی پیرۆزی سەرشانی کوردە..(٢١) هەروەها ئامادەبووان دڵسۆزییان بۆ پرەنسیپەکانی کۆمەڵە و ستایشی دەستوور و پرەنسیپەکانی دادپەروەری و ئازادی و یەکسانی کۆمەڵەی ئیتحادو تەرەقی دەردەبڕی، لەم ئاهەنگەدا وتاربێژەکان باسیان لە پێوەندی برایەتی نێوان کورد و نەتەوەکانی تر کرد، بەتایبەتی لەگەڵ نەتەوەی ئەرمەندا، کە ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە نوێنەری نەتەوە جیاجیاکان لە ئاهەنگەکەدا ئامادەو بەشداربوونە، کۆمەڵەی تەعالی و تەرەقی کورد توانی سۆز و لایەنگری کۆمەڵە و ڕێکخراوە عەرەبی و تورکی و ئەرمەنییەکان بەدەست بێنێت و سەرنجی زۆر کەسی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە بەهۆی ئەوەی لە بۆنەی جیاجیادا لە پایتەخت ئاهەنگ و فیستیڤاڵ و وتارخوێندنەوەی سازدەکرد، یانەی پایتەخت بەردەوام جەختی دەکردەوە لەسەر برایەتی نێوان کورد و ئەرمەن لە پایتەخت و ئەو ناوچانەی کە کورد و ئەرمەنی تێدا دەژیان. ئەمەش مایەی ڕەزامەندی ئەرمەنەکان بوو، ڕۆژنامە ئەرمەنییەکانیش ستایشیان دەکرد، چونکە دەبووە هۆکاری نزیک بوونەوەی هەردوو گەل و چارەسەرکردنی گرفتەکانی نێوانیان، ئەوەتا (ڕۆژنامەی «گوتش»ی ئەرمەنی ە ژمارە (٥٣)ی تشرینی یەکەمی ١٩٠٨دا نووسیویەتی: «پێوەندیی ئێمە هەنگاو بە هەنگاو بوو بە پێوەندییەکی باش و دڵخۆشکەر»)(٢٢) هەروەها بە بۆنەی کردنەوەی ئەنجوومەنی مەبعوسانەوە لقی مووسڵی کۆمەڵەکە برووسکەیەکی بۆ حکوومەتی عوسمانی نارد.(٢٣)

شاری ئەستەمبوڵ دەورێکی گرنگی لە چالاکی سیاسی و وریاکردنەوەی کوردستان دەبینی، خەباتگێڕ و ڕۆشنبیرە کوردەکان دەستیان بە دامەزراندنی یانەی کوردی کرد لە بنکە سەرەکییەکانی شارەکان وەک شاری بەدلیس، دیاربەکر، مووش، ئەرزەڕۆم، مووسڵ کە چالاکی باشیان ئەنجام دەدا، یانەی مووش پێوەندی لەگەڵ سەرۆک هۆزە گرنگەکانی ویلایەتەکە بەست(٢٤) کە دیارە بۆ کۆکردنەوە و ڕێکخستنی هێزەکان بووە بۆ مەبەستی ئامادەکردنیان بۆ سازدانی ڕۆژی ڕاپەڕین، بەڵام لەنێو ئەندامانی یانەکەدا ناکۆکییەک لەسەر دەسەڵات و بەڕێوەبردنی یانەکە پەیدابوو. (٢٥)

یانەی بەدلیس کە لە کۆتایی ١٩٠٨دا کرایەوە، ئەندامەکانی دەگەیشتە نزیکەی ٧٠٠ ئەندام، دوای تێپەڕبوونی چەند مانگێک و پێش داخستنی یانەکە ژمارەی ئەوانەی چووبوونە ڕیزی یانەکەوە دەگەیشتە هەزاران کەس (٢٦) ئیتر ئەندامەکانی شانەی چەکدارییان پێکهێنا، کە هەر شانەیەک دە کەس دەبوون بۆ پارێزگاری کردن لە شاری بەدلیس و ڕێگرتن لە دزی و تاڵان و ڕاو و ڕووت، کەچی لەو شارەدا یانەی ئیتحادو تەرەقی ژمارەی ئەندامەکانی ٩٠ کەس بووە، بە گوێرەی ڕاپۆرتی جێگری کونسوڵی ڕووس ئاکیمۆبنچ کە لە ١٩٠٨/١/٢٢دا بۆ وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیای ناردووە ژمارەی ئەندامانی یانە کوردییەکە گەیشتووەتە ٧٠ هەزار کەس، پەرەسەندنی ئەم کۆمەڵەیە لەناو دانیشتوانی ئەم شارەدا وای لە ئیتحادییەکان کرد هەست بە مەترسی بکەن لە زیادبوونی ئەندامەکانی، بۆیە لە مانگی ئایاری ١٩٠٩ یانە کوردییەکەیان داخست.(٢٧) کۆمەڵەی تەعالی و تەرەقی کورد لە ڕاستیدا دەورێکی سەرەکی لە وریاکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی کورداندا هەبوو.(١٨)

پەرەسەندنی چالاکییە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانی ئەم کۆمەڵەیە جێگەی مەترسی بوو بۆ ئیتحادییەکان بەتایبەتیش کاتێک چالاکی کوردانیان بەدی دەکرد لە

ویلایەتەکانی ڕۆژهەلاتی ولاتدا، چونکە دەیانویست بەتەنیا کۆمەڵەی خۆیان (ئیتحاد و تەرەقی) کاروباری ولات هەڵسوڕێنن و بەڕێوەی ببەن، ئیدی کەوتنە گیانی ئەندامە چالاکەکانی کۆمەڵەکەو بڕیاریان دا یەک لەدوای یەک بارەگاو یانەکانی ئەم کۆمەڵەیە لە شارەکان دابخەن و ئەندامەکانیان ناچار دەکردن بېن بە ئەندامی کۆمەڵەی ئیتحادو تەرەقی. (٢٩)

ئەندامانی کۆمەڵەی تەعالی و تەرەقی کورد بەرانبەر ئەم بارودۆخە پێیان وابوو کە بەریتانیا پشتگیرییان لێ دەکات، بەو هیوایە لە ڕێگەی باڵیۆزی بەریتانیاوە لە ئەستەمبوڵ برووسکەیەکیان بۆ حکومەتی بەریتانیا نارد، حکومەتی بەریتانیاش وەڵامی برووسکەکەی دانەوە و کارەکانی پەسەندکردن و دەستخۆشی لێ کردوون(٣٠)، بەڵام دیارە هیچ هەنگاوێکی بۆ پشتگیری کردن لە کۆمەڵەکە نەناوە.

ڕۆشنبیرانی کورد و سەرانی کۆمەڵەکە نەیانتوانی ئامانجەکانیان بەدی بێنن بۆ خزمەتی بزووتنەوەی کورد بەهۆی سیاسەتی شۆڤێنی و هەڵوێستی ئیتحادییەکان کە بریتی بوو لە چەوساندنەوە و بەتورک کردنی میللەتانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە لە گەلێک شاری کوردستاندا سەرخێڵ و دەرەبەگەکان دەبوون بەسەرکردەی کۆمەڵە و بزووتنەوەکە و ڕێکخراوەکەیان لە سایەی حوکمی نوێدا بۆ خزمەتی پاراستنی توانا و دەسەڵاتی خۆیان بەکار دەهێنا بەمەش لە ئامانجە بنەڕەتییەکانی دووریان دەخستەوە، ئەم بارودۆخەش وای کرد کە چالاکی ڕۆشنبیرە کوردەکان لە سنووری ئەستەمبوڵدا مایەوە و لە ئەنجامدا کاری کردە سەر بزووتنەوەی ڕۆشنبیری و سیاسی کورد. (٣١)

هەروەها هۆکاری تری لاوازبوون و بەدینەهاتنی ئامانجەکانی کۆمەڵەکە باری نەخوێندەواری بوو کە لەو ڕۆژگارەدا کوردستانی گرتبووەوە و قوتابخانە دروست نەدەکرا، چونکە ڕۆشنبیرە کوردەکان هەبوونی خوێندەوارییان بەتاکە ڕێگەی پێشکەوتن دادەنا، خەڵکی ڕەش و ڕووتی کورد لە ناوچە جیاجیاکاندا زۆر جار بەهۆی نەخوێندەوارییەوە لە بیروباوەڕی کۆمەڵە و ڕۆشنبیرە کوردەکان نەدەگەیشتن، بەم جۆرە بزووتنەوەی ڕۆشنبیری و سیاسی قەتیس دەما و لە قەوارەیەکی تەسکدا مایەوە و نەیتوانی بنکەی جەماوەری لەناو کۆمەڵانی خەڵک دامەزرێنێ، ئەمەش ڕێگە خۆشکەر بوو بۆ ئیتحادییەکان بۆ لەناوبردنی کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان (٣٢)، بەم شێوەیە سەرانی ڕەگەزپەرستی (شۆڤێنی) ئیتحادییەکان لە هاوینی ١٩٠٩دا بڕیاریان دا سەرجەم لقەکانی کۆمەڵەی تەعالی و تەرەقی کورد دابخرێن، ئەم سیاسەتە نەبووە هۆی ئەوەی کە تەواو چالاکییەکانی کۆمەڵەکە لە کار بکەوێت، چونکە ئەندامەکانی لە شوێنە ئاینییەکان کۆبوونەوەیان دەکرد، بەمەش کۆمەڵەکە چووە قۆناغی خەباتی نهێنییەوە. (٣٣).

## چالاکییە ڕۆشنبیرییەکانی کۆمەڵە

سەرەتای دەرکەوتنی کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکان کە کۆمەڵەی سیاسی و ڕۆشنبیری بوون جەختیان لەسەر لایەنی خوێندن و فێربوون دەکردەوە و هانی ڕۆڵەکانی گەلیان دەدا بۆ ئەو مەبەستە و بایەخیان بە هۆشیارکردنەوەی گەلی کورد دەدا بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری لە کوردستاندا. (٣٤)

یەکێک لە هەنگاوە گرنگەکانی کۆمەڵەی تەعالی و تەرەقی کورد دەرکردنی ڕۆژنامەیەک بوو بەناوی تەعاون و تەرەقی کورد (٣٥) (کورد تعاون و ترقی جمعیتی غزەتەسی) واتە (ڕۆژنامەی کۆمەڵەی هاریکاری و پێشکەوتنی کورد) کە زمانحاڵی کۆمەڵەکە بوو، بەڵام لە سەرچاوەکاندا ئەم بلاوکراوەیە تەنیا بە ڕۆژنامەی (کورد) ناسراوە، یەکەم ژمارەی لە ٢٢ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٠٨ لە ئەستەمبوڵ دەرچووە، خاوەنەکەی (تۆفیق بەگ) بوو کە خەڵکی شاری سلێمانییە، سەرنووسەرەکەی ئەحمەد جەمیل پاشا بووە، ڕۆژنامەیەکی ئاینیی و سیاسی و کۆمەڵایەتی هەفتانە بوو(٣٦)، ئامانجی بلاوکردنەوەی هۆشیاری نەتەوەیی و سیاسی و ڕۆشنبیری بوو لەنێو کورداندا،(٣٧) گۆڤارێکی فەرەنسی لە ساڵی ١٩٠٩ هەواڵی بلاوکردنەوەی ئەم بلاوکراوەی بلاوکردووەتەوە، کتێبەکەی شاهبازیان بەناوی (مێژووی کورد و ئەرمەن) کە بە زمانی ئەرمەنییە زانیاری زۆری لە بارەی ڕۆژنامەکەوە تێدایە، زۆر دەقی لێ وەرگرتووە. زۆر گرفت و کێشە لەسەر لاپەڕەکانی بلاودەکرایەوە، لە سەرووشیانەوە هەوڵ و تێکۆشانی کوردان بۆ گەیشتن بە مافی سیاسی و شارستانێتی، لەم بارەیەوە ڕۆژنامەکە نووسیویەتی: (کوردەکان لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا لە هەموو مافەکانی ژیان بێ بەش کرابوون، لەگەڵ ئەوەی بە ئازایەتی و خۆبەخت کردن

و کـارکـردنه سـەر ژیانی سـیـاسی وڵات ڕێزی زۆری دانیشتوانیان وەدەست هێنابوو). (٣٨)

بەم دواییانەش محەممەد ئەمین بوز ئەرسەلان توانی نۆ ژمـارەی ئەم بڵاوکـراوەیە بەدەست بخـات و بڵاویان بکاتەوە، بەڵام بە (گـۆڤـاری کـوردی- تورکی) ناوی هێناوە، جەمال خەزنەداریش بەهەمان شێوە دەڵێت: (کورد تعاون و ترقی غەزتسی) گەرچی خۆی بەناوی ڕۆژنامە بڵاوکراوەتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا گۆڤارێکی هەفتەیی بووە. (٣٩)

ئەم بڵاوکراوەیە ژمارەی لاپەڕەکانی لە نێوان (١٢-١٦) لاپەڕەدا بووەو لەسەر شێوەی گۆڤار دەرچووە، کە بەیەکـەم چاپکراوی کـوردی دادەنرێت، وێنەی تێـدا بڵاوکـردووەتەوە، لەم نۆ ژمـارەیەی دەست کـەوتووە ١٢ وێنەی جـۆراوجـۆری بڵاوکـردووەتەوە، لەوانەش شـاری ئەستەمبوڵ، مووسڵ، قودس، دوورگەی کریت، پێشوازی کردن لە نێرراوی شاری عەزیزی کوردی لە ئەنجوومەنی نوێنەران، وێنەی بیناو هۆڵ و هەڵبـــژاردنەکـــان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی بڵاوکردووەتەوە. (٤٠)

نووسـەرە چالاکـەکـانی مـەلاسـەعـیـدی نەورەسی و ئیـسـماعـیل حەقی بابان بوون (ڕۆژنامەکە زۆر بابەتی ئەدەبی و زمـانەوانی و شـارسـتـانی و پەروەردەیی لە خۆ گرتبوو و بانگەشەی بۆ دانانی فـەرهەنگێکی کـوردی بۆ خوێندنگەکان دەکرد) (٤١). سەعیدی نەورەسی لە ژمارە دوودا وتارێکی بڵاوکـردووەتەوە(٤٢) بەناوی «کـورد چیی پێـویسـتـە؟» هەر خـۆشی وەڵام دەداتەوە کـە ئەوە پازدە سـاڵە بیـر لەم پرسـە دەکـاتەوە و سـەرەنجـام گەیشتووەتە ئەنجامێک کە دەڵێ کورد پێویستی بە دوو (٤٣) ڕێگایە بۆ دابین کـردنی چارەنووسی کـوردسـتـان ئەمانەش (یەکەمیان یەکێتی و دووەمیان خوێندەواری و زانسـتی زانیـارییـە ئایینیـیـەکـان و هەندێ زانیـاری و هونەری تری پێـــویست بۆ شــارســـتــانێـــتی ئەم سەردەمە). (٤٤)

ئیـسـماعیل حەقی بابان لە ژمارە سێی ڕۆژنامـەکەدا باسی لە گـرنگی زمـانی نەتەوایەتی کـوردی کـردووە و داوای کردووە منداڵانی کورد فێری زمانی کوردی بکرێن، هەتا هەوڵی داوە یاسـاکـانی پەیدابوونی زمـانی ئەدەبی کوردی دەست نیشـان بکات و (٤٥) (بەکلیلی فێربوون و بە شـارسـتـانی بوونی دەزانێ، هەروەها جەخت لەسـەر گـرنگی و دەوڵەمـەندی فـۆلکلۆر وەکـو ئەدەبیـاتی ڕاسـتـەقـینە و نەنووسـراو دەکـات) (٤٦) و لە هەندێ وتاری سیـاسـەت ئامـێـزدا بە پەراوێزەوە و لەژێر پەردەدا (ئەوە ڕادەگـەیەنن کـە فـێـربوون و خـوێندنی تورکی بۆ منداڵانی کـورد وەخت بە فـیـــڕۆدانە و پێـشـنیـاری دامـەزراندنی هێـزێکی کـورد لە لەشکرانی عـەشـایەری دەکات) (٤٧).

لە ژمـارەی چواریشـدا بڵاوکـراوەکـە باسی بایەخ و گـرنگیـدان و ڕێکخسـتنی مـێژووی کورد و کـوردسـتـان بەشێوەیەکی درێژ و تەواو دەکات لە لایەن کۆمەڵەکەوە و دیسان کۆمەڵە لە هەوڵی کۆکردنەوەی ئەدەبیاتی میللی و نەتەوایەتی کورددایە و کار بۆ ئەو مەبەستە دەکات تا لە دوارۆژدا بڵاویان بکاتەوە، بۆیە داوا لە ڕۆشنبیرانی کورد دەکـات کـە لە پێناو بەجێ هێنانی ئەم کـارە نەتەوەییـەدا هاوکاری بکەن.

کەواتە کۆمەڵە خۆی بە بەرپرسیاری ئەم ئەرکە زانیوە بۆ کۆکردنەوە و نووسینەوەی مـێژوو و کەلەپووری نەتەوەی کــورد. (٤٨) ئەم ڕۆژنامــەیە توانی تا نۆ مـــانگ لە دەرچوون بەردەوام بێت کـە تورکـە ئیـتـحـادییـەکـان دایانخست. (٤٩)

**ئەنجام**

لە سـەرەتای سـەدەی بیسـتـەمدا شـاری ئەسـتـەمبـوڵی پایتـەختی دەوڵەتی عـوسـمـانی مـەڵبـەندێکی گرنگی چالاکی نەتەوەیی و سـیـــاسی کـــورد بووە، هەر ئەو کـوردانەی کـە لە ئەسـتـەمبـوڵیش بوون لەناو پێشـهـاتە سیـاسییەکـانی ئەو سەردەمەدا دەژیان و توانیـویانە هەر زوو هەلومەرجی ڕەخساو بقۆزنەوە کە شۆڕشی دەستووری ١٩٠٨ی عـوسـمـانی بوو لە دوای دوو مـانگ و دوو ڕۆژ لە شـۆڕشـەکـە یەکـەمین کـۆمـەڵەی سـیـاسی کـوردی دامەزرێنن.

شۆڕشی دەستووری ١٩٠٨ بارودۆخێکی گۆڕاوی نوێی لە دەوڵەتی عوسمانیدا هێنایە کایەوە و وەرچەرخانێکی مـێـژوویی بـوو، بووە هـۆی دامـەزراندنی کـۆمـەڵە و ڕێکخـــراوی کـــوردی، بۆیە ســاڵی ١٩٠٨ بەدەروازەو سەرەتای دەرکەوتنی کۆمەڵە و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کـورد دادەنرێت، بەم پێـیـە ئەم سـاڵە دەبێـتـە دەست پێکردنی قـۆناغـێکی نوێ لە خـەباتی گـەلی کـورد و بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکەیدا.

کـۆمـەڵە بایەخـێکی زۆری بەلایەنی خـوێندەواری و

ڕۆشنبیری داوە و وەک پێویستییەک و ڕێگایەک بۆ ڕزگاربوون و دابین کردنی چارەنووسی وڵات و پێشکەوتن جەختی لەسەر کردووەتەوە.

تێبینی دەکرێت ناوی کۆمەڵەی تەعالی و تەرەقی کورد لەناو کۆمەڵەی ئیتحادو تەرەقی زۆر نزیکە، تەنانەت ناوی ڕۆژنامەی زمانحاڵی کۆمەڵەکەش (تەعاون و تەرەقی کورد)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت سەرەتا ڕۆشنبیران و سیاسیانی کورد بەگشتی بە بیروڕاو سیاسەتی ئەم کۆمەڵەیە سەرسام بوونە و کاری تێکردوون تا پاش ئەوەی ئەم کۆمەڵەیە لە شۆڕشی دەستووری ١٩٠٨ بۆ ماوەیەکی کەم دەسەڵات لە دەوڵەتی عوسمانی وەردەگرێت، چونکە لە سایەی سەرەتای سیاسەتی ئیتحادییەکاندا، سیاسییەکانی کورد کەوتنە جموجووڵ و چالاکی نواندن و توانییان کۆمەڵەی سیاسی و ڕۆشنبیری دابمەزرێنن، بەڵام دوای ماوەیەکی کەم کە سیاسەتی ئیتحادییەکان دەگۆڕێت بۆ ڕەگەزپەرستی، کوردانیش لە سیاسەت و ڕێکخستنەکانی ئەم کۆمەڵەیە ناڕازی دەبن و دەکشێنەوە.

**پەراوێزەکان:**

١- بڕوانە: دکتۆر عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، کوردستان لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە تا جەنگی یەکەمی جیهان، چ٢، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاوێر، ٢٠٠٤، ل ل١٢٧- ١٢٩.

٢- د. جەبار قادر، چەند بابەتێکی مێژووی کورد، سلێمانی، ١٩٩٩، ل٤٢.

٣- دکتۆر عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، س. پ، ل ل١٣٠- ١٣١.

٤- بڕوانە: کریس کوچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستدا، چ٢، وەرگێڕانی: حەمە کەریم عارف، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٢٠؛ دکتۆر عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، س. پ، ل ل١٢٨- ١٣٢.

٥- د. قادر محەممەد پشدەری- د. دلێر ئیسماعیل حەقی شاوەیس- د. سەعدی عوسمان حوسێن- د. محەممەد عەبدوڵڵا کاکە سوور، بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، چ٣، لوبنان، ٢٠٠٧، ل١٧٩.

٦- بڕوانە: دکتۆر عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، س. پ، ل ل١٥٨- ١٦١.

٧- د. قادر محەممەد پشدەری و ئەوانی تر، س. پ، ل١٨٠.

٨- بلەچ شێرکۆ، کێشەی کورد مێژینە و ئێستای، چ٣، وەرگێڕانی: محەممەد حەمە باقی، کوردستانی عێراق، ١٩٩١، ل٥٠؛ کریس کوچێرا، س. پ، ل٢١؛ الدکتور عبدالستار طاهر شریف، الجمعیات و المنظمات و الاحزاب الکردیة فی نصف قرن ١٩٠٨- ١٩٥٨، بغداد، ١٩٨٩، ص١٩؛ د. فەرهاد پیرباڵ، کرۆنۆلۆژیای کوردستان، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٥٨.

٩- د. قادر محەممەد پشدەری و ئەوانی تر، س. پ، ل ل١٨٠- ١٨١.

١٠- دکتۆر عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، س. پ، ل١٤٠.

١١- بلەچ شێرکۆ، س. پ، ل٥٠؛ کریس کوچێرا، س. پ، ل٢١؛ الدکتور عبدالستار طاهر شریف، م. س. ص١٩.

١٢- دکتۆر عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، س. پ، ل١٤٠.

١٣- بلەچ شێرکۆ، س. پ، ل٥٠؛ کریس کوچێرا، س.پ، ل٢١.

١٤- نازەنین محەممەد وەهبی- عەتا عەبدوڵڵا مەعرووف، دارا محەممەد عەبدوڵڵا، مێژووی نوێ و هاوچەرخ، چ٢، هەولێر، ٢٠٠٦، ل١٠٥.

١٥- بلەچ شێرکۆ، س. پ، ل٥٠.

١٦- نازەنین محەممەد وەهبی و ئەوانیتر، س. پ، ل١٠٥.

١٧- دکتۆر عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، س. پ، ل١٤١.

١٨- دیارترینیان بزووتنەوە فراوانەکەی میر بەدرخان پاشای باوکی ئەمین عالی بەدرخان بوو (بۆ وێنە دەربارەی بڕوانە: هـ. س، ل ل ٢٣- ٢٨؛ کریس کوچێرا، ل ل١٣- ١٧) و ڕاپەڕینی یەزدانشێری خزمی بەدرخان پاشاو ڕاپەڕینی کوڕانی بەدرخان؛ عوسمان پاشا و حوسێن کەنعان پاشا لە ١٨٧٩، هەوڵەکانی کوڕانی بەدرخان: ئەمین عالی خۆی و مەدحەت بەگ ساڵی ١٨٨٩ بۆ سازکردنی نەخشەی بزووتنەوەیەک و ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری باوکی شێخ عەبدولقادر ساڵی ١٨٨٠ (دەربارەی ئەم بزووتنەوە و ڕاپەڕینانە بۆ نموونە بڕوانە: جەلیلی جەلیل، ڕاپەڕینی کوردەکان ساڵی ١٨٨٠، وەرگێڕانی: د. کاوس قەفتان، بەغدا، ١٩٨٧؛ دکتۆر عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، س. پ، ل ل٤٩- ٥٥، ٦٧- ٧٠). هەروەها دەرکردنی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی بەناوی کوردستان»ی نیسانی ١٨٩٨- ١٩٠٢ لەلایەن میقداد مەدحەت بەدرخان و دواتر براکەی عەبدولڕەحمان بەدرخان (بۆ دەقی ژمارەکانی ئەم ڕۆژنامەیە و دەورو بایەخی بڕوانە: دوکتۆر کەمال فوئاد، کوردستان یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی ١٨٩٨- ١٩٠٢، وەرگێڕانی بەشە تورکییەکەی: شێرزاد عەبدولکەریم، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلاوێژ، ...٢٠٠).

١٩- جلیلی جلیلی، جمعیة التعاون و التقدم الکردیة،

رۆشنبیری نویٰ- گۆڤار، ژماره (١٢٢)، ١٩٨٩، ل٧٤.
٢٠- دکتۆر عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، س. پ، ل١٤١.
٢١- د. جەبار قادر، س. پ، ل ل ٩-١٠.
٢٢- دکتۆر عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، س. پ، ل ل١٤١- ١٤٣.
٢٣- هـ. س، ل١٤٣.
٢٤- پی رەش، بارزان و حـركـة الوعي القـومي الكوردي ١٨٢٦- ١٩١٤، دون ذكر مكان الطبع، ١٩٨٠، ص٨٧.
٢٥- دکتۆر عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، س. پ، ل١٤٣.
٢٦- پی رەش، م. س، ص٨٧.
٢٧- دکتۆر عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، س. پ، ل١٤٣.
٢٨- نازەنین محەممەد وەهبی و ئەوانی تر، س. پ، ل١٠٦.
٢٩- د. جەبار قادر، س. پ، ل١٥- ١٦.
٣٠- دکتۆر عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، س. پ، ل١٤٣.
٣١- د. جەبار قادر، س. پ، ل ل ١٥- ١٧.
٣٢- هـ. س، ل ل١٦- ١٧.
٣٣- فيصل الدباغ، أضواء على كتاب: الجمعيات والمنظمات والاحـزاب الكوردية في نصف قـرن ١٩٠٨- ١٩٥٨، اربيـل، ١٩٩٧، ص١٧.
٣٤- ئەحمەد باوەڕ، کوردستان و چالاکی کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکان لە ساڵانی ئینتدابی بەریتانیدا ١٩٢٠- ١٩٣٢، سلێمانی، ١٩٩٨، ل١٠.
٣٥- فيصل الدباغ، م. س، ص١٧.
٣٦- د. جەبار قادر، س. پ، ل ل١٠- ١٣.
٣٧- فيصل الدباغ، م. س، ص١٧.
٣٨- د. جەبار قادر، س. پ، ل ل ١٣- ١٤.
٣٩- هوگر طاهر توفيق، مجلة كورد تعاون و ترقى غەزتسی ١٩٠٨- ١٩٠٩، مێژوو، گۆڤار، ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٠٧، ل٢٥٤.
٤٠- هـ. س، ل ل ٢٢٨- ٢٣٢.
٤١- دکتۆر عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، س. پ، ل ل ١٤١- ١٤٢.
٤٢- د. جەبار قادر، س. پ، ل ١٤.
٤٣- دکتۆر عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، س. پ، ل١٤٢.
٤٤- د. جەبار قادر، س. پ، ل ١٤.
٤٥- هـ. س، ل.
٤٦- کریس کوچێرا، س. پ، ل ٢١.
٤٧- هـ. س، ل.
٤٨- هوگر طاهر توفيق، س. پ، ل٢٥١.
٤٩- فيصل الدباغ، م. س، ص١٧.

**سەرچاوەکان:**

**کتێب (بە زمانی کوردی)**


١- ئەحمەد باوەڕ، کوردستان و چالاکی کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکان لە ساڵانی ئینتدابی بەریتانیدا ١٩٢٠- ١٩٣٢، سلێمانی، ١٩٩٨.
٢- بلەچ شێرکۆ، کێشەی کورد مێژینەو ئێستای، چ٣، وەرگێڕانی: محەممەد حەمە باقی، کوردستانی عێراق، ١٩٩٢.
٣- د. جەبار قادر، چەند بابەتێکی مێژووی کورد، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ١٩٩٩.
٤- دوکتۆر جەلیلی جەلیل، ڕاپەڕینی کوردەکان ساڵی ١٨٨٠، وەرگێڕ: دوکتۆر کاوس قەفتان، چاپخانەی الزمان، بەغدا، ١٩٨٧.
٥- دکتۆر عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، کوردستان لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە تا جەنگی یەکەمی جیهان، چ٢، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاوێر، ژمارەی سپاردن ٢٠٠٤.
٦- د. فەرهاد پیربال، کرۆنۆلۆژیای کوردستان، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر، ٢٠٠٧.
٧- د. قادر محەممەد پشدەری- د. دلێر ئیسماعیل حەقی شاوەیس- د. سەعدی عوسمان حوسێن- د. محەممەد عەبدوڵڵا کاکە سوور، بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، چ٣، چاپخانەی المستقبل، لوبنان، ٢٠٠٧.
٨- دوکتۆر کەمال فوئاد، کوردستان یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی ١٨٩٨- ١٩٠٢، وەرگێڕانی بەشە تورکییەکەی: شێرزاد عەبدولکەریم، پێداچوونەوە: مستەفا زەنگنە- عوسمان محەممەد هەورامی، پێشەکی: د. فەرهاد پیربال و مەلا بەختیار، چ١، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلاوێژ، ...٢٠٠.
٩- کریس کوچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدەویستدا، چ٢، وەرگێڕانی: حەمە کەریم عارف، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ١٩٨٩.
١٠- نازەنین محەممەد وەهبی- عەتا عەبدوڵڵا مەعرووف- دارا محەممەد عەبدوڵڵا، مێژووی نوێ و هاوچەرخ، چ٢، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦.


**(بە زمانی عەرەبی)**


١١- پی رەش، بارزان و حـركـة الوعي القـومي الكردي ١٨٢٦- ١٩١٤، لامكان الطبع، ١٩٨٠.
١٢- الدكتور عبدالستار طاهر شريف، الجمعيات و المنظمات

والاحزاب الكردية في نصف قرن ١٩٠٨- ١٩٥٨، ١ط، شركة المعرفة للنشر و التوزيع، طبع الغلاف في مطابع دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٩.
١٣- فيصل الدباغ، أضواء علي كتاب: الجمعيات و المنظمات والاحزاب الكوردية في نصف قرن ١٩٠٨- ١٩٥٨، ط١، مطبعة الثقافة، اربيل، ١٩٩٧.

**گۆڤار**

١٤- جليلى جليلى، جمعية التعاون و التقدم الكوردية، ڕۆشنبیری نوێ- گۆڤار، ژماره (١٢٢)، ١٩٨٩.
١٥- هوگر طاهر توفيق، مجلة كورد تعاون و ترقي غەزتسی ١٩٠٨- ١٩٠٩، مێژوو- گۆڤار، ژماره (٣)، هاوینی ٢٠٠٧.

**گرنگترین سەرچاوەکان:**

**کتێب**

١- بلەچ شێرکۆ، کێشەی کورد مێژینە و ئێستای، چ٣، وەرگێڕانی: محەممەد حەمە باقی، کوردستانی عێراق، ١٩٩٢.
٢- دکتۆر عەبدوڵلا عەلیاوەیی، کوردستان لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە تا جەنگی یەکەمی جیهان، چ٢، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاوێر، ٢٠٠٤.
٣- د. جەبار قادر، چەند بابەتێکی مێژووی کورد، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ١٩٩٩.
٤- کریس کوچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستدا، چ٢، وەرگێڕانی: حەمە کەریم عارف، چاپخانەی شڤان، ٢٠٠٤.
٥- الدكتور عبدالستار طاهر شريف، الجمعيات و المنظمات و الاحزاب الكردية في نصف قرن ١٩٠٨- ١٩٥٨، ط١، شركة المعرفة للنشر و التوزيع، طبع الغلاف في مطابع دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٩.

**گۆڤار**

٦- هوگر طاهر توفيق، مجلة كورد تعاون و ترقي غە زتسی ١٩٠٨- ١٩٠٩، مێژوو- گۆڤار، ژماره (٣)، هاوینی ٢٠٠٧.

# ڕێبازی ڕۆمانسی و گزنگی ڕۆمانسییەت
# لە شیعری کوردیدا

کەریم شارەزا

### سەرەتا

بەرلەوەی بکەوینە سەر باسی ڕێبازی ڕۆمانسی لە ئەدەبدا، وا باشە بزانین وشەی ڕۆمانسییەت چییە و لە چییەوە هاتووە؟

بەپێی دارشتنی وشەکەی (ڕۆمانسییەت)، یان (ڕۆمانتیک)، یان (ڕۆمانتیزم) لە وشەی (ڕۆمانیۆس: Romanius)ەوە هاتووە کە بەو زمانە ئەدەبییانە دەگوتران کە لەزمانی لاتینی کۆن بوونەوە و لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لە ئەورووپا بە دیالێکتە ناوخۆییەکانی زمانی ڕۆمانی کۆن، یان زمانی (لاتینی) کۆن دەگوتران.

ئەو دیالێکتە ناوخۆییانە نەبوون بەزمانی پەتی و بەزمانی ئەدەبیات و نووسینی نەتەوەکانیان تا سەرەتای سەردەمی بووژاندنەوەی ئەورووپا کە پێی دەگوترێ ڕێنیسەنس (Renaissance) ئینجا بوون بەزمانی سەربەخۆی ڕۆشنبیری و ئەدەب و زانست بۆ ئەو نەتەوانەی پێی دەدوان، ئەو زمانانەش ئەمانەبوون:

[فەرەنسی، ئیتالی، ئیسپانی، پورتوگالی و ڕۆمانسی] کە ئەمەی دوایی ناوی زمانێکە و بەشێکی دانیشتوانی سویسرا پێی دەدوێن، بۆیە ئەدیبە ڕۆمانسییەکان ئەو ناوەیان بۆ ڕێبازەکەیان هەڵبژارد تاکو خۆیان و ئەدەبی نەتەوەکەیان لە مێژوو و ئەدەب و ڕۆشنبیریی گریک (یۆنانی کۆن) و لاتینی کۆن جودا بکەنەوە، کە ئەدەبەکەیانی بەجارێک بەکۆت و زنجیری دابو دەستوور و نەریتی کۆن بەستبووەوە(١). دەیانویست خۆیان لەو کۆتانە ڕزگار بکەن و جڵەو بۆ ئەندێشە و سۆزی دڵ و دەروونیان شل بکەن و قاڵبی کۆنی ڕوخسار بشکێنن و جوانی و بەهای جوانی بکەن بەخاسیەتێکی سەرەکی بەرهەمی ئەدەبییان.

### خاسییەتەکانی ڕێبازی ڕۆمانسی

هەر ڕێبازێکی ئەدەبی جۆرە خاسییەتێکی تایبەتی خۆی هەیە و لە ڕێبازێکی دیکەی جودا دەکەنەوە و ئەگەر بمانەوێت بەراوردێکی خێرا لە نێوانی ڕێبازی کلاسیک و ڕۆمانسیدا بکەین، ئەوە دەتوانین خاسیەتەکانیان لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەستنیشان بکەین:

١- لە ڕێبازی کلاسیکیدا ئەقڵ سەرچاوەی هەموو داهێنانێکە، کەچی لە ڕێبازی ڕۆمانسیدا سۆزی دڵ و دەروونی شاعیر و هونەرمەند سەرچاوەی هەموو جۆرە داهێنانێکی ئەدەبی و هونەرییە.

٢- لە ڕۆمانسییەتدا تاک و خودی شاعیر و هونەرمەند و تاقیکردنەوەی تایبەتی ئەدیب و هونەرمەند

دەورێکی سـەرەکی لە کـرداری خـولّقـاندن و داهێنانی ئەدەبی و هونەریدا دەبینن، کـەچی لەکـلاسـیکدا تاک و خـودی شـاعـیـر و هونەرمـەند ئەو دەورە نابینن و دابودەستوور و قالّبی کۆن پەیڕەو دەکرێن و نابێت لێیان لابدرێت.

٣- لە ڕۆمانسییەتدا سروشت و دەوروبەری شاعیر و خـاکی ولاّتەکـەی و مـەلّبـەندی ژیانی، گـرنگییـەکی تەواویان پێ دەدرێت کە ئەمە لە کلاسیکدا پشتگوێ دەخـران، چونکـە ئەدەب لەلای ئەوان کـرداریکی جوانکاریی گشتی بوو، بۆ هەمـوو دەوروبەر و کەسێک دەستی دەدا، بەبێ گوێدانە سروشت و خاکی نیشتمانی شاعیر و ئەو کەسانەی کە شیعرەکانی دەخوێننەوە.

٤- لە شـیـعـری ڕۆمـانسـیـدا بایەخ بە کـەلەپووری نەتەوایەتی دەدرێ و پاشماوە دێرینەکانی وەک کەرەستە و ڕەمـزێکی نەتـەوەیی بەهێـز و پێـز لەناو هەیکەلی ئەو ئەدەبەدا سەیر دەکرێن، کەچی ئەو دیاردەیە لەناو شیعری کلاسیکیدا بەدی ناکرێت و پشتگوێ دەخرێت.

٥- لە شیعری ڕۆمانسیدا سۆز و ئەندێشە دەورێکی سـەرەکی لە داهێنانی بەرهەمـەکـەدا دەبینن، کـەچی لەکلاسیکدا سەرچاوەی هەمـوو داهێنانێکی هونەری و ئەدەبی ئەقلّ و ویستی هۆشیارانەی شاعیرە.

٦- ڕۆمانسییەت بەشێوەیەکی گشتی ڕێبازی ئەدەبی بۆرژوازی تازە پێگەیشـتـووە، بۆیە هێرشی بردووەتە سەر هەمـوو ڕەوشت و نەریتێکی پێش خۆی کـە لە خزمـەتی دەرەبەگـایەتیـدا بووە، کەچی ئەدەبی کـلاسیکی ئەدەبی ئەرسـتـۆکـراتیـەت بووە، بۆیە چاودێری هەمـوو ئەو دابونەریتـانەی کـردووە کـە لە بەرژەوەندیی قـۆناغی دەرەبەگایەتیدا بوون(٢).

دوای دەستنیشـان کردنی ئەو خاسییـەتانەی ڕێبازی ڕۆمـانسی و ڕێبـازی کـلاسـیکی لە ئەدەب و هونەردا، دەتوانین بلّێین: «کلاسیک چ لە ئەدەبدا و چ لە هونەردا هەمـوو خـولّقـاندن و داهێنانێک لە سەرچاوەی ئەقلّەوە وەردەگرێت، ڕۆمانسییەتیش ئەو داهێنان و خولّقاندنەی لە ڕێگەی سـۆز و ئەندێشـەوە وەدەست دێنێت، بۆیە کلاسیک بەدوای ڕاستیـدا دەگەڕێ و (ڕۆمـانتـیک)یش بەدوای جوانیدا(٣).

لەلایەکی دیکەشـەوە شـاعـیـری ڕۆمـانسی بەدرێژایی تەمـەنی لەلایەنی جـوانی ئەم ژیانە ورد دەبێـتـەوە و بەشێـوەیەکی ڕێک و ڕەوان پیـشـانی دەدا. ڕۆمـانتـیک ڕوویەکی دەداتە ئەدەبی خۆماڵی چ لە بارەی وشەوە و چ لە بارەی کێشەوە، ڕووەکەی دیکەشی لە سروشت دەکات و بەجوانی پیشانی دەدات(٤).

ئێـمـە بەرلەوەی بکەوینە سـەر لێکۆڵینەوەی سەرهەڵدانی شـیـعـری ڕۆمـانسی لە ئەدەبی کـوردیدا، دەبێت ئەو ڕاستییە دەربڕین کە سەرهەڵدانی ڕێبازێکی ئەدەبی، یان هونەری لەلای هەمـوو نەتەوەیەکی ئەم جیـهـانە لە مـاوەیەکی دیاریکراو وەکـو یەکـدا نابێت، بەڵکو بەپێی باری مـەوزووعی وڵاتێک بۆ وڵاتێکی تر دەگـۆڕێت. بەواتایەکی ڕوونتـر بڵـێین: ئەو ڕێبـازە ڕۆمانسییەی کە لە ئەورووپادا دروستبوو، یەکەم جار لە ئینگلتەرە لەسەردەمی شەکسپیرەوە (١٥٦٤-١٦١٦) سەری هەڵدابوو، بەڵام تا نەگەیشـتـە دوا دوای سەدەی هەژدەم لەسەردەستی شاعیرە لاوەکانی وەک وردزۆورس (١٧٧٠-١٨٥٠)، شیللی (١٧٩٢-١٨٢٢) و کیـتس (١٧٩٥-١٨٢١) و لۆرد بایرۆن (١٧٨٨- ١٨٢٤) بە تەواوی نەچەسپا، ئەو ڕێبازە نوێیە هەر لەو ماوەیەدا لە ئەڵمـانیـا لەسەردەستی شاعـیـری ناوداری وەکـو گـۆتێ (١٧٤٩- ١٨٣٢) و شـیـللەرەوە (١٧٥٩- ١٨٠٥) دامـەزرا و دوای ئەو دوو وڵاتـانەش فـەرەنسـا زۆر لەسەرەخۆ بەرەو پیری ئەو بزووتنەوەی ڕۆمـانسییە چوو، هەرچەندە لەسـەردەمی جـان جـاک ڕۆسـۆوە (١٧١٢- ١٧٧٨) سـەری هەڵدابوو، بەڵام تا سـەرەتای سـەدەی نۆزدەم بەچاکی نەمەیی و جێی خۆی لە ئەدەبی فەرەنسیدا نەکـردەوە و شـاعـیـر و ئەدیبی ناوداری وەک لامـارتین (١٧٩٠-١٨٦٩) و ڤیـکتـۆر هۆگـۆ (١٨٠٢- ١٨٨٥) نەبوونە سوارچاکی ئەو ڕێبازە(٥).

دوای چەسـپـانی ئەو ڕێبـاز و بزووتنەوە ئەدەبیـیـە ڕۆمانسییە لە ڕۆژئاوادا وردە وردە بەرەو ڕۆژهەڵات هات و کـەوتە ناو ئەدەبی ئەو نەتەوانەی ژێر چەپۆکی حوکمی عـوسـمـانی و لەدوای بڕانەوەی یەکـەمین جـەنگی جـیـهـانیـشـدا بە تەواوی چەکـەرەی کـرد و لە ئەدەبی کوردیشدا ڕەنگی دایەوە.

### ڕۆمانسییەت لە شیعری کوردیدا

هەروەک لەمـەوبەر دەرمـانبڕی، شیـعـری ڕۆمـانسی لە ئەدەبی کوردیدا لەدوای یەکەمین جەنگی جیهانی بەپێی

بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی خولْقاو خاسیەتییە سەرەکییەکانی ئەو بزووتنەوەیەی ڕۆمانسییەت بە تەواوی مەیی و خۆی چەسپاند و دەستەیەک لە شاعیرە رووناکبیرەکانی کورد کەوتنە سەر ئەو ڕێبازە ئەدەبییە نوێیە، بەتایبەتی ئەوانەی لە قوتابخانەی فەرمی دەرچوو بوون و رووناکبیریی نوێیان وەرگرتبوو و تارادەیەکیش شارەزاییان لە ئەدەبی بێگانە وەرگرتبوو. لەوانە پیرەمێرد (١٨٦٧- ١٩٥٠) دیارترین نوێنەری مژدەبەخشی ئەم ڕێبازەی ڕۆمانسی بوو، لەماوەی نێوانی هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانیدا، چونکە بنچینە و سەرچاوەی داهێنانی شیعر لەلای پیرەمێرد سۆز و ئەندێشە ڕۆمانسییەکەی بوون، ئەمە لەبارەی ناوەرۆکەوە، دیسان لە بارەی فۆرمیشەوە پیرەمێرد خۆی لە کێشی عەرووزی عەرەبی لاداو گەڕایەوە سەر کێشی خۆماڵی کوردی واتا: کێشی هیجا (پەنجە)(٦) وەک هۆنراوەکانی «بەیانی بوو لە خەوستام کە ڕوانیم بەفرە باریوە» و «جاران دە ڕۆژ بە حەچە حەچە و بارە بەریەوە» و «ئەستێرە بەرزەکان» و گەلێک شیعری دیکەی.

کەواتە: گەڕانەوەی شاعیری کورد بۆ سەر کێشی خۆماڵی کە شیعری فۆلکلۆری ئەو خاسیەتەی پاراستبوو، نیشانە و خاسیەتێکی سەرەکی ڕێبازی ڕۆمانسی بوو لە ئەدەبی کوردیدا، کە پیرەمێرد لەگەڵ شێخ نووری شێخ ساڵح (١٨٩٦- ١٩٥٨) و گۆران (١٩٠٤- ١٩٦٢)دایان هێنا و فایەق بێکەسیش (١٩٠٥- ١٩٤٨) لە هەندێک هۆنراوەی ناوداری وەک «ئەی مانگ من و تۆ هەردوو هاودەردین» پەیڕەوی کردن و مامەند کەرکووکی و دواتریش یوونس دڵدار (١٩١٨- ١٩٤٨) و ئەحمەد دڵزار (کۆیە: ١٩٢٠) و ئەحمەد هەردی (١٩٢١- ٢٠٠٦) بوون بە سوارچاکی مەیدانی ئەو ڕێبازەی ڕۆمانسی.

ئەگەر بمانەوێت هەندێک سیماو خاسیەتی شیعری ئەو ڕێبازە نوێیەی ئەدەبی کوردی لەو قۆناغەدا دەستنیشان بکەین، ئەوە جگە لەو نموونانەی پیرەمێرد گەلێک نموونەی دیکەیشمان هەیە لە شیعری شاعیرانی ئەو ڕێبازەی ڕۆمانسی. دەتوانین چەند هۆنراوەیەکی شاعیری نوێکار شێخ نووری شێخ ساڵح بەتایبەتی هۆنراوەکانی «ژیانی ئادەمیزاد» و «پەپوولە» و هی تر بکەین بە بەڵگەی بۆچوونەکەمان.

* شێخ نووری لە هۆنراوەکەی «ژیانی ئادەمیزاد»دا بە هەست و سۆزێکی ڕۆمانسییانە و ئەندێشەیەکی سەرەڕۆ دێرە شیعرەکانی دادەڕێژی و لە بەشێکیدا ئەمە هاتووە:

**لە ناو شەپۆلی خەما، سەرنگوون و بێ ئارام**
**بەکێوی سەختی ژیانا، بەپێ بە چنگەڕنێ**
**خەریکی هەڵمەتی سەرکەوتنە بگاتە مەرام**
**لەپڕ نشێوی کلۆڵی بواری لێ ئەتەنێ**
**بەداوی یەئس و ئەلەم، تار و پۆی لە ئێش و لەزام**(٧)

ئەم پارچە شیعرە لە ڕووی سۆز و ئەندێشەوە تابلۆیەکی گەش و گۆڵی شیعری ڕۆمانسی تازە چەکەرە کردووی ئەدەبی کوردییە و ژیانی ئادەمیزاد لەناو شەپۆلی غەم و سەرنگوونی و سەرکەوتنی بەسەر کێوی سەختی ژیان و گوزەرانی پڕ مەینەتی دەردەبڕێت، کە چۆن لە پڕێک کلۆڵی بواری هاتوچۆی لێ دەتەنێت. شێخ نووری بەم کارە هونەرییەی تابلۆیەکی شیعری خولْقاندووە و لەجۆری جووڵاوە و بە هەستەکانی بینین و بیستن وەردەگیرێت.

دوای (شێخ نووری)یش (گۆران)ی شاعیری نوێکار پانتاییەکی گەورەتری لە شیعری نوێی کوردیدا داگیرکرد و دەتوانین دوو هاوینە گەشتەکەی ئەم شاعیرە هەست ناسکە (گەشتی هەورامان) و (گەشتی قەرەداغ) و هۆنراوە پڕ سۆزەکانی (ئافرەت و جوانی) و (ڕەوتێکی جوان) و (جوانی بێ ناو) و گەلێک نموونەی دی بکەین بە بەڵگەی ئەم لێکدانەوە و بۆچوونانەمان.

هەروەک زانراوە، ئەدەبی کلاسیکی فەرهەنگێکی نەگۆڕی بۆ وشە و پێوانەی جوانکاریی ڕەوانبێژی بووە، خاوەنی قاڵب و فۆرمێکی سنووردار بووە بۆ شیعردانان و نەدەبوایە شاعیر لێیان لابدات، کەچی گۆران خۆی لەو دابو دەستوورە کۆنە ڕزگار کردووە و جڵەوی بۆ هەست و سۆز و ئەندێشەی خۆی شل کردووە، بەبێ ئەوەی گوێ بداتە هیچ دەستوورێکی کۆن و دابونەریتێکی باوی ئەو سەردەمە. هەروەک لە دێرە شیعرێکیدا دەڵێ:

**مانگی بەجێماو لەسەفەری شەو**
**زەردە لە ترسی قاسپە قاسپی کەو**(٨)

ئەو دەربڕینەی گۆران کە لەنیوە دێری یەکەمی شیعرەکەیدا دەڵێت:

**مانگی بەجێماو لە سەفەری شەو**

تا سەردەمی گۆران هیچ شاعیرێکی دیکەی کورد نەیوێراوە بەم جۆرە لەمانگ بدوێ و بیکات بە یەکێکی

گەڕۆکی سەفەری، کە بە درێژایی شەو لە گەشتەکەیدا بێ، کەچی لە ئەنجامدا بۆ بەیانی لەو گەشتەی بەجێ بمێنێت. ئەگەر دەربڕینەکەی گۆران هەر ئەوەندە بوایە، ئەمە دوور کەوتنەوەیەکی زۆری نەدەبوو لە ڕێبازی کلاسیکی، بەڵام کە لەنیوە دێری دووەمیدا دەڵێت:

**زەردە لە ترسی قاسپە قاسپی کەو**

دەبینین ئەو مانگەی لەسەردەمی ئەدەبی کلاسیکدا بەنموونەی پیرۆزی و جوانی خودایی و ڕووناکی دادەنرا و ڕووی ئافرەتی ناسک و جوانی پێ دەچوێنرا، لەلای گۆران دەبێتە زەلیلی دەستی (کەو) و لەترسی قاسپە قاسپەکەی ئەو ڕەنگی زەرد هەڵدەگەڕێت، ئەم دەربڕینەی دوایی شۆڕشێکە لەسەر دابودەستووری کلاسیکی و داهێنانێکی نوێیە لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا.

گۆران بە تەواوی لەخاسیەتەکانی ڕۆمانسییەت گەیشتبوو، کە گرنگترینیان ئاوڕدانەوەیە لە سروشت و جوانی و دەرخستی بەهای شتی وردیلەیە لە سروشتدا و لەسەر ئەو بنەمایانە دێرە شیعری ناسکی وەک ئەمانەی خوارەوەی بۆ دەربڕیوین:

**گیانی من بۆ تەڵێ وەنەوشە پەرۆشە**
**کە لە ژێر سێبەری تووتڕکا خامۆشە**

شاعیر بە پەرۆشی خۆی بۆ تاکە تەڵە وەنەوشەیەک دەردەبڕی کە لەژێر سایەی تووتڕکدا بەخامۆشی وەستاوە، بایەخدان بە شتی وردیلەی سەرنجڕاکێش لە سروشدا یەک لەخاسیەتەکانی شیعری ڕۆمانسییە، ئەگەر شاعیرێکی کلاسیکی ناوەرۆکی ئەم دێرە شیعرەی دەربڕیبا ئەوە بۆ هەموو وەنەوشە جارەکە بە پەرۆش دەبوو نەک تەنیا بۆ تەڵە وەنەوشەیەک.

شاعیر لە شوێنێکی تردا دەڵێت:

**کانییەکی ڕوونی بەر تریفەی مانگە شەو**
**لە بنیا بلەرزێ مرواری زیخ و چەو!**
**جوانترە لەلای من لە دەریای بێ سنوور**
**شەپۆلی باتە بەر تیشکی ڕۆژ شڵێپ و هووڕ!**

شاعیر سەرچاوە ئاویکی بچکۆلەی بەر تریفەی مانگەشەو کە لەبنیدا زیخ و چەوی وەک مرواری تێدا بلەرزێ، لەلای جوانترە لە دەریایەکی گەورەی شەپۆلاوی و بەهەست و سۆزێکی ناسک و ئەندێشەیەکی قووڵ ئەو تابلۆ شیعرییە دەڕازێنێتەوە و سەرنجی خوێنەر و گوێگریان پێ ڕادەکێشێت.

* ئەگەر لەناو هۆنراوەکانی (دڵدار)ی شاعیرەی جوانەمەرگیشدا بەدوای نموونەی شیعری ڕۆمانسیدا بگەڕێین، هەست دەکەین لە هۆنراوەکەی (خەندەکەی بایی)دا باشترین نموونەی ئەو جۆرە شیعرەیمان چنگ دەکەوێت:

سەرچاوەی ئەم هۆنراوە ڕۆمانسییەی لە عەشقی کچێکی شۆخ و شەنگەوە سەری هەڵگرتووە و «لەڕووی دارشتن و نەخشاندنی وێنەی شیعری و تابلۆی پڕ لە هەستی شاعیری و لێکچوواندنی چێژداری دەنگ و ڕەنگ و مۆسیقا و هونەرە وردەکانی تری شیعرەوە، هۆنراوەیەکی ڕۆمانسی تەڕ و بڕ و باڵایە» (٩)

ئەم هۆنراوەیەی شاعیر حەوت بەندە و هەریەکەیان لە حەوت نیوەدێر پێکهاتووە و لە بەندی چوارەمیدا شاعیر ئەوپەڕی وشەی ناسک و پڕ سۆز و ئەندێشەی قووڵی لە دارشتنی دێرە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە و داوا لە یارە شۆخ و نازدارەکەی دەکات تاکو بێت و لەگەڵیدا پەرستگایەکی پیرۆزی دڵداری بنیاد بنێن و بەم جۆرە تابلۆ هونەرییەکەی دادەڕێژێت.

**دە هەڵسە با بیناکەین مەعبەدی پیرۆزی دڵداری**
**لە تیشکی ڕۆژ، لە شەوقی مانگ، لە ڕەنگی پەلکە ڕەنگینە**
**کە هەر کامەی بلێی چاکە لە کردەی قودرەتی باری**
**نیشانەی کردگارێکە و بناغەی پەیڕەوی دینە**
**لە شوێنێ پڕ لە هەستی بێ**
**کەرەستەی خۆشەویستی بێ**
**لەنێو ئەو باغە بێ جێگەی کە تۆم لێ دیت لەهاوینا**

بەڕاستی دروستکردنی پەرستگەی دڵداری لە کەرەستەی وا ڕەنگین و شەفافی وەک تیشکی ڕۆژ و تریفەی مانگەشەو و ڕەنگی پەلکە زێڕینە، کە سێ دیاردەی جوانی فیزیکین، کارێکی هونەری زۆر جوان و نایاب و داهێنانێکی تازەیە لە دنیای شیعری ڕۆمانسی کوردیدا.

دڵدار لە بەندی پێنجەمی هۆنراوەکەیدا، دوای بنیادنانی پەرستگەی پیرۆزی دڵداری، دێتە سەر ڕازاندنەوەی یارە خۆشەویستەکەی و دەیەوێت لە گەڵای تازە پشکووتووی گوڵی نەسرین، کراسێکی سپی بێ گەردی دامێن شۆڕی وەک (ماکسی ژوپی بووکێنی) ئەم سەردەمەمانی بۆ دروست بکات و زوڵفە زێڕینەکەی

بەسەر ئەو کراسە سپییەدا چین چین شۆڕ بکاتەوە و ئینجا پەری ئاسمان دەست بەدەستە گوڵی وەنەوشەی بۆ بێنن و تاجە گوڵینەی خواوەندی جوانی بۆ بهۆننەوە و کڕنووشی پەرستنی بۆ ببەن:

**لە پەلکی تازە پشکووتووی نەژاکاوی گوڵی نەسرین،**
**کراسێکی سپی بێ گەرد دروست کە شەنگ و دامەن شۆڕ**
**لەبەرکە و زوڵفی زێڕینت بەسەریا بێتە خوار چین چین**
**پەری تیم تیم بەڕاز و ناز لە بۆت بێنن بنەوشەی مۆر**
**بە ئاواز و نەوای تەبجیل**
**بهۆنن پێچەکەی ئیکیل**
**ببەن کڕنووش، بڵێن ئەی شۆخ، پەریزادەی گزنگی خۆر**

دڵدار یارە خۆشەویستەکەی دەمێک وەک کچێکی شۆخی لە توخمی ئادەمیزاد دەردەخات و دەمێکیش دەیباتە ڕیزی حۆری بەهەشت تاکو پەری ئاسمان بێنە لای و تاجە گوڵینەی شاجوانی بۆ بهۆننەوە! لەم دەربڕینە ناسکانەیدا شاعیر جوانترین شیعری ڕۆمانسی بۆ خوڵقاندووین.

دڵزاری شاعیری ڕیالیزمی نوێش بەهەر سێ ڕێبازی کلاسیکی و ڕۆمانسی و ڕیالیزمی نوێدا تیپەڕیوە و لە شیعری ڕۆمانسی گەلێک نموونەی گەش و گوڵی پێشکەش کردووین، لەوانە هۆنراوەیەکە بەناوی (شیعر و خەیاڵ و جوانی) و بەم جۆرە بەند بەند پێشکەشمانی دەکات:

**لەژێر سێبەری ڕووناکی ڕۆژا، لەدەم ڕووبارێ**
**بەپێکی پاکی و خۆشاوی خۆشی، مەستبووم بەجارێ(١٠)**

لەوکاتەی کە دەربڕینی [لەژێر سێبەری ڕووناکی ڕۆژا] لە ئەدەبی کلاسیکیدا دوورە لە ئەقڵ، دەبینین لە شیعری ڕۆمانسیدا داهێنانێکی گرانبەهایە و بووەتە وێنەیەکی ناسکی شیعری و [مەستبوونیش بە پێکی پاکی و خۆشاوی خۆشی] دەربڕینێکی گرانبەهای ترە لە ئەدەبی ڕۆمانسیدا، چونکە زادەی ئەندێشەی قووڵی شاعیرە و لە بەندی دووەمدا ئەمە هاتووە:

**ئەسووڕامەوە بەسەر بەحریکی سپی و سافی نوور،**
**ڕای ئەدام بەرەو سەرچاوەی ئاوات، شەپۆلی شعوور**

دەربڕینی سووڕانەوەی مرۆڤ بەسەر دەریای سپی و سافی ڕووناکیدا وێنەیەکی شیعری و دەربڕینێکی بەنرخی ئەدەبییە لە شیعری ڕۆمانسیدا، چونکە زادەی هەست و ئەندێشەیەکی ڕەهای شاعیرە و کاتێکیش کەسێ شەپۆلی هەست ڕای دەدا بەرەو سەرچاوەی ئاوات، ئەمەش وێنەیەکی تر و دەربڕینێکی ڕەوانبێژی بەهاداری ترە شاعیر خوڵقاندوویەتی. دوا بەدوای ئەمەش داهێنانی تر لە دەربڕینی شیعری بەم جۆرە دەخوڵقێنێت:

**دەنگێکی سپی، عاتیفە لەرزێن، وەک سیحری حەڵاڵ**
**ئەهاتە بەرگوێم، کەوا ئیلهام بوو، ئیلهام بوو، ئیلهامی خەیاڵ**
**ئیلهامی پەریی شیعر و جوانی بوو، لە ئاسمانی فەن،**
**لەسەر شەپۆل و لەرەی ڕووناکی بۆم ئەهات بەن بەن**

شاعیر ئیلهامی شیعری لە شێوەی دەنگێکی سپی عاتیفە لەرزێن دەهاتە بەرگوێی و ئەوەش ئیلهامی پەریی شیعر و جوانی بوو لە ئاسمانی هونەرەوە بەند بەند بۆی دەهات و لەدوا دێری هۆنراوەکەیشی لە لەوحی خەیاڵ بەوەستایی نەخشی هۆنراوی جوان و ناسک دەکێشێ و بەم جۆرە دەیانخاتە بەر دید و خەیاڵمان:

**بە شارەزایی، لە لەوحی خەیاڵ، وەک لەوحی فەننان**
**زۆر بەوەستایی ئەمکێشا نەخشی هەڵبەستی جوان جوان**

بەپێی خاسیەتەکانی ڕێبازی ڕۆمانسی لە ئەدەبدا ئەم پارچە هۆنراوەیەی شاعیر بە نموونە چاکەکانی شیعری ڕۆمانسی کوردی دەژمێردرێت.

ئەحمەد هەردی لە (ڕازی تەنیایی)دا چەپکێکی نایابی لە شیعری ڕۆمانسی پێشکەش کردووین و سەرکەوتنێکی باشی وەدەست هێناوە و بەم جۆرە دەست پێدەکات:

**لە تەنیایی شەوی ژینا ئەنێم هەنگاوی کوێرانە**
**نییە دەستێ دەرم بێنێ لەناو ئەم گۆڕە وێرانە**
**نییە جوانێ سەری کاسم بنێمە سەر دڵی نەرمی**
**کە هیلاکی لەشم دەرکا، خەوی سەر باوەشی گەرمی**
**ئەگێڕم چاوی بێ تینم، بەتاریکی شەوا سەرسام**
**نییە پرشنگی دوو چاوێ کە ڕووناکی بکا ڕێگام**
**بە غەیری باڵی غەمناکی،**
**شەوی پڕ ترس و سامناکی.**
**نییە یەک تۆزە ڕووناکی!(١١)**

**کۆتایی**

ئەم شیعرە بەروبوومێکی ڕاستگۆیانەی تاقیکردنەوەی

پڕ هەستی شاعیر خۆیەتی، بەو وێنە زیندووانە زمانی پڤاوە و دەستی هونەرمەندانەی گەیاندووەتە قوولترین ناخی دەروون و ژیانی بە (شەوە زەنگ) و (گۆڕی وێرانە) هاتووەتە بەرچاو و (هەنگاوی کوێرانە) بنێت و لەو تەنگانەیەدا جوانێک نییە سەری کاسی بخاتە سەر دڵی نەرمی، تاکو هیلاکی لەشی دەرکات و خەوێکی نێو باوەشی گەرمی بکات، لەوکاتەدا چاوی کەم بینی دەگێڕێت لە تاریکی شەودا، کەچی دووچاوێک نابینێ تا ڕێگای تاریکی بۆ ڕووناک بکاتەوە جگە لە باڵی غەمناکی و شەوی تاریک بەدەر هیچ ترووسکەیەکی ڕووناکی نییە(١٢). بەم جۆرە شاعیر ئەم زنجیرە وێنە شیعرییانە بەهەست و سۆز و ئەندێشەی قووڵی ڕۆمانسییانەی دەخولقێنێت و ڕۆمانسییەتی شیعری کوردی لەسەر دەستی بە تەواوی دەمەیێت.

مەبەستمان نەبوو لەم لێکۆڵینەوە کورتەماندا شوێن پەنجەی هەموو شاعیرێکی هاوچەرخی کوردمان دەربخەین، تا بزانین تا چ ڕادەیەک شیعری ڕۆمانسییان سەرکەوتووانە خولقاندووە و تا چ ڕادەیەکیش شوێن پێی خۆیان لەسەر زەمینەی ئەو ڕێبازە شیعرییە چەسپاندووە، بەڵکو مەبەستمان بوو گزنگێک لە ڕۆژی ڕۆمانسییەت لە شیعری کوردیدا بخەینە ڕوو کە ئەو ڕێبازە چۆن سەری هەڵداوە و وردە وردە پێشکەوتووە و سەرنجی شیعر دۆست و ڕەخنەگرانی ڕاکێشاوە.

**پەراوێزەکان:**

**١- د. محمد مندور- الأدب و مذاهبه- القاهرة ط٢/ ١٩٥٧، ص٥٤.**

**٢- د. علي جواد الطاهر ود.عناد غزوان- النقد الأدبي- بغداد ١٩٨٢، ص٦٥، ٦٦.**

**٣- د. محمد غنمي هلال- الأدب المقارن- ط٥، بيروت ١٩ص٣٦.**

**٤- عەزیز گەردی- گۆڤاری هەولێر ژمارە (٤) و (٥)، ساڵی ١٩٧١، ل٢٣.**

**٥- د. علي جواد الطاهر، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٤، ٦٥.**

**٦- د. عزالدين مصطفى رسول- الواقعية في الأدب الكردي- بيروت ١٩٦٦، ل٩٠.**

**٧- دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح- بەرگی یەکەم، چاپی دووەم ٢٠٠٨، کۆکردنەوە و ساغکردنەوە و لەسەر نووسینی ئازاد عەبدولواحید، ل٤٢٨.**

**٨- دیوانی گۆران- محەمەدی مەلا کەریم- ب١، بەغدا ١٩٨٠، ل١٣١، ٤٦.**

**٩- کاکەی فەللاح- کاروانی شیعری نوێی کوردی- بەرگی یەکەم، بەغدا ١٩٧٨.**

**١٠- دیوانی دڵزار- چاپی دووەم- پێداچوونەوەی ئازاد دڵزار- هەولێر ٢٠٠٦، ل٦٦.**

**١١- ڕازی تەنیایی- ئەحمەد هەردی- چ(٢) سلیمانی ١٩٨٤، ل٧٩، ٨٠.**

**١٢- کاکەی فەللاح، سەرچاوەی پێشوو.**

**سەرچاوە کوردییەکان:**

**١- دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح- بەرگی یەکەم- چاپی دووەم- دەزگای ئاراس- هەولێر ٢٠٠٦، ئازاد عەبدولواحید کۆی کردۆتەوە و ساغی کردۆتەوە و لەسەری نووسیوە.**

**٢- دیوانی گۆران- محەمەدی مەلا کەریم- بەرگی یەکەم- بەغدا ١٩٨٠.**

**٣- ئەحمەد هەردی- دیوانی ڕازی تەنیایی- چاپی دووەم- سلێمانی ١٩٨٤.**

**٤- کاکەی فەللاح- کاروانی شیعری نوێی کوردی- بەرگی یەکەم، بەغدا ١٩٧٨.**

**٥- عەزیز گەردی- گۆڤاری هەولێر ژمارە (٤)، (٥) ساڵی ١٩٧١.**

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**

**١- د. محمد مندور- الأدب و مذاهبه- القاهرة ط(٢) سنة ١٩٥٧.**

**٢- د. علي جواد الطاهر و د. عناد غزوان- النقد الأدبي- بغداد ١٩٨٢.**

**٣- د. محمد غنيمي هلال- الأدب المقارن- ط(٥) بيروت ١٩٨٠.**

**٤- د. عزالدين مصطفى رسول- الواقعية في الأدب الكردي- بيروت ١٩٦٦.**

# سیحر و جادوو لە کۆمەڵگەی کۆن و سەرەتاییدا

محەمەد سلێمان عەباس

مرۆڤ هەر لەسەرەتای ژیانیدا هەوڵی داوە ڕێگەیەک بدۆزێتەوە تاکو بتوانێت بەهۆیەوە بەرەنگاری مەترسییە نادیارەکان ببێتەوە و دڵنیایی و ئاسایش بە ژیانی ببەخشێت، هەروەها ویستوویەتی ڕێگەیەک بۆ تێکەڵبوون و گونجان لەگەڵ جیهان و دیاردە سروشتی و هێزە نادیارەکاندا بدۆزێتەوە، بۆ ئەوەی ئارامی بە ژیانی ببەخشێت و بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەترسییەکانی ژیان و خۆپاراستن لە مردن هیواو ئامانجێک لە ژیانیدا دروست بکات هزری مرۆڤی سەرەتایی پێش ئەوەی بگاتە ئاستی بیرکردنەوەی ئاییینی، بۆ خۆ دەربازکردن و لێکدانەوەی جیهان پەنای بردووەتە بەر سیحر و جادوو، هەوڵیشی دەدا لە ڕێگەی سیحرەوە حەز و ئارەزوو و کارەکانی مەیسەر بکات و پێوەندی بەهێزە سروشتییە شاراوەکان بکات و لە زیان و خراپەکارییان خۆی دوور بخاتەوە.

سیحریش بریتییە لە: باوەڕ و پراکتیزەکردن کە پشت بە چەند دوعا و نزاو سرووت (طقوس)ێک دەبەستێت بۆ ئەوەی کاربکاتە سەرهێزە نادیارەکان و ببێتە هۆی ڕوودانی شتێک کە مرۆڤ حەز و ئارەزووی لێیە، یان ڕوونەدانی شتێک کە زیان بەخشە، هەرچەندە سیحر لای مرۆڤی مۆدێرن شتێکی لۆژیکی نییە و بنچینەیەکی نادروستی هەیە، بەڵام لای مرۆڤی کۆمەڵگە سەرەتاییەکان، کە بڕوایان پێی بووە و بەکاریان بردووە شتێکی دروست و لۆژیکییە.

مالینۆفسکی لەمەڕ ڕۆڵی سیحر لە کۆمەڵگەی سەرەتاییدا دەڵێت: ئەوەی سیحر بەجێی هێناوە، هاوشێوەی ڕۆڵی زانیارییە لە کۆمەڵی نوێدا، بۆیە سیحر زانیاری کۆمەڵگەی سەرەتاییە، بەڵام زانیارییەکی قەڵپە.

هەروەها بە بڕوای مالینۆفسکی سیحر سێ توخمی سەرەکی تێدایە:

١- گوتنی هەندێک وشەو پەیڤ کە بریتین لە حەز و ئارەزوییەکی خەفەکراو، وەک (دەشکێنم، دەسووتێنم، تێک دەدەم.... تاد).

٢- بەجێ هێنانی چەند کردار و سروتێک، کە هاوکاتە لەگەڵ دەنگ وەک لاسایی کردنەوەی ئەو دەنگانەی کە لە سروشتدا هەن.

٣- کەسی سیحربازەکە کە بەخەیاڵ و هێما و ڕەمز کارەکەی ئەنجام دەدات. سیحر و جادوو لە زۆر ڕووەوە هەڵوێستێکی گرنگی مرۆڤی سەرەتاییە بەرانبەر دەوروبەر و ژینگە و سروشت و بەسەر هۆش و بیرو ڕەفتاری مرۆڤی کۆمەڵگە کۆن و سەرەتاییەکاندا زاڵ بووە و ڕۆڵێکی گرنگی لە ژیانیاندا هەبووە، لەبەر ئەوەی سیحر شێواز و ئامرازی مرۆڤی سەرەتاییە بۆ زاڵبوون بەسەر هێزە نادیارەکان و گیانەکان و شتی دیکە، بۆیە هەموو کۆمەڵگە کۆن و سەرەتاییەکان سیحریان بەکاربردووە و دەبەن.

بۆ نموونە لەلای هۆزی (بابوا) لە کینیای نوێدا سیحر لە هەموو شتێک گرنگترە، چونکە ئەگەر باران نەبارێت، یان زیاد ببارێت، یان ئەگەر بەری دارەکان کەم بوو، داهاتی دانەوێڵە خراپ بوو، یان ئەگەر ڕاو و نێچیر کەم بوو، یان ئەگەر کەسێک نەخۆش بکەوێت، یان بمرێت، ئەوە بەهۆی سیحرەوە ئەو شتانە ڕوودەدەن، یان سیحربازێک ئەو شتانە دەکات، هەروەها کۆمەڵگەی کۆنگۆ لەو باوەڕەدان کە نەخۆشی و مردن کارێکی سروشتی نییە، بەڵکو بەهۆی سیحرەوە ڕوودەدەن.

کۆڵن وڵسن بڕوای وایە کە سیحری سەرەتایی لە بنەڕەتدا بریتییە لە هێزە شاراوە و نادیارەکانی مرۆڤ و کاریگەری ئەم هێزە لەکاتی شەڕ و ڕاوکردندا، هەروەها دەڵێت: لە کۆمەڵگەی سەرەتاییدا سەرۆک هۆزەکان سیحرباز و کاهین بوون و لە هەمان کاتدا سەرکردە و ڕابەری ڕاوچییەکان بوون.

بۆیە سیحر گرنگترین بنەماو بنچینەی کۆمەڵگەی سەرەتایی پێک دێنێت، چونکە پێوەندی بەهەموو لایەنەکانی ژیانەوە هەبووە، وەک: ڕاوکردن، سامان، داهات، کارەسات، سەرکەوتن، یان ژێرکەوتن لە شەڕدا، نەخۆشی، مردن،....

## جۆرەکانی سیحر

سیحر دەکرێتە چەند جۆرێکەوە، بۆ نموونە زانای مرۆڤناسی ناسراو (جیمس فرێزەر Jams Frezer) لە کتێبی (چڵی زێرین)دا، کە باشترین کتێبە دەربارەی سیحر و میتۆلۆژیا و ئایینە سەرەتاییەکان. سیحر دەکاتە دوو جۆرەوە:

١- سیحری لە یەکچوون: Imitaiv magic

٢- سیحری پێوەندی: contagious magic

- سیحری لە یەکچوون، یان لاساییکردنەوە لەسەر بنەمای هاوشێوەیی و لە یەکچوونی شتەکان و بابەتەکان دامەزراوە و مرۆڤی کۆن لەو باوەڕەدا بووە کە شتە لەیەک چووەکان کاریگەرییان لەسەر یەکدی هەیە، بۆ نموونە زیان گەیاندن بە وێنە و شت و نیشانەی کەسێک، ئەوە زیان گەیاندنە بە خودی مرۆڤەکە، یان کاتێک بت، یان بووکەڵەیەکیان لە قوڕ، یان شتی دیکە دروست دەکرد، کە مرۆڤێک، یان ئاژەڵێکی بنواندایە، بەدەرزی کون کونیان دەکرد، یان لێیان دەداو پاشان دەیانسووتاند، ئەم شێواز و جۆرە سیحرەش گەلێک کۆنە و لە هەموو شوێن و کاتێکدا هەبووە و باو بووە.

مرۆڤی کۆن بیرۆکەی ئەو جۆرە سیحرەی لە خەیاڵی خۆیدا دروستی نەکردووە، بەڵکو لە ئاکامی تێبینی کردنی دیاردەکانی سروشت و ژینگە ئەم سیحرەی لەلا گەڵاڵە بووە، کاتێک مرۆڤی کۆن بەدوای نهێنی ژیان و مەرگدا گەڕاوە، تێبینی ئەوەی کردووە کە ئاژەڵەکان تەنیا هاوشێوەی خۆیان دەبێت، بۆ نموونە سەگ سەگی دەبێت و ئاسک ئاسکی دەبێت، هەروەها ڕووەک و درەختەکانیش بەهەمان شێوە، گەنم گەنمی لێدەکەوێتەوە،.... تاد.

هەروەها ئەو دیاردە سروشتییانەی کە بەردەوام دەیانبینێت، ئەوەی بۆ سەلماند کە هۆکاری وەک یەک (لە یەکچوو) ئاکامی وەک یەکی لێ دەکەوێتەوە، بۆیە ئەمە وای لێ کرد کە بەلاساییکردنەوەی ئەو شتە (نهێنییە) هیواو ئامانجەکەی دێتەدی، بۆیە ئەو کەس و سیحر بازانەی ئەم کردەوەیەیان ئەنجام دەدا باوەڕیان وابوو کە ئەمە ڕێگەیەکە بۆ هێنانەدی ئاواتەکانیان.

٢- سیحری پێوەندی: ئەم جۆرە سیحرە لەسەر بنەمای باوەڕبوون بەوەی کە ئەوشتانەی پێشتر یەک بوون و پێوەندییان لەگەڵ یەکدا هەبووە، دوای دورکەوتنەوە لە یەکتر ئەوە هەر لەیەکتر جیانابنەوە و دوای جیاکردنەوەیان لە یەکتر ئەوە پێوەندییان لەگەڵ یەکتردا

دەمــێنێت، بۆ نموونە ســیــحــرکــردن لە بەشــێک، یان ئەندامــێکی جەســتەی مرۆڤ وەک: پرچ، نینۆک، ددان، جلوبەرگ..... ئەوە سیحرە کە کار دەکاتە سەر مرۆڤەکە و بە گوێرەی ئەم جۆرە سیحرە ئەندام، یان شتەکان دوای جیــابوونەوەیان ئارەزووی یەکــتــر دەکــەن و یەکــتــری کــێش دەکــەن و مــرۆڤــی کــۆن بڕوای وایە کــە ســۆزێــک لەنێــوان ئەندامەکانی مرۆڤدا هەیە.

مرۆڤی کۆن بنەمای ئەم جۆرە سیحرەشی هەر لە تێبینی کــردنی دیاردەکـــانی ســـروشـــتـــەوە هەڵێنجـــاوە و دامەزراندووە، بۆ نموونە تۆوی دانەوێڵە دەبرێتە شوێنێکی دیــکە و دەچێــنرێت و شـین دەبــێت، یــان لـقــی دارێــک دەبرێتـــەوە و لە شـــوێنێکی دیکە دەڕوێنرێت و گـــەورە دەبێت.

مرۆڤی کۆن لە تێبینی کردنی ئەم دیاردە سروشـتـییـە ئەوەی بۆ دەرکـەوتووە کـە دوای جیـاکردنەوەی پارێک لە شتێـک، ئەوە پێوەندییان لەگەڵ یەکتردا هەردەمـێنێت، لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە لەسەرەتادا سیـحر و جادوو لەسەر بنەمایەکی خەیاڵی دروست نەبووە، بەڵکو لەسەر بنەمایەکی واقیعی و سروشتی دروست بووە.

بە گـوێرەی ئەم جۆرە سیـحـرە، ئەگـەر دوژمـن ناو، یان وێنە و تەنانەت تاڵە مـوو، یان نینۆکی کەسێک بەدەست بێنێت، کـەسـەکـەی بەدەست هێناوە، بۆ نموونە ئەگـەر خەنجەرێک لە وێنەکەی ڕۆبچێت، ئەو خەنجەرە لە لەشی ئەو کـەسـەوە ڕۆچووە، یان ئەگـەر تاڵە مـوو، یان نینۆکی کەسەکە لەناو بچێت، خودی کەسەکەش لەناو دەچێت.

هەندێک هۆزی سـەرەتایی لە دیتنی کـۆلکەزێرینە لە ئاســمـــان تووشی ترس و دڵەڕاوکێ دێن، چونکە وەک تۆرێـک دەیبـــینن کـــە جـــادووگـــەرێک بۆ گـــرتنی ئەوان دایـنابێتەوە.

## سیحر و چارەسەرکردنی نەخۆشی

مـــرۆڤی ســـەرەتایی باوەڕیان وابوو کـــە مـــرۆڤ بەهۆی گـیـانی بەدخواز و خراپەوە تووشی نەخۆشی دەبێت، واتە گـیـانە بەدەکـان دەچنە ناو لەشی مرۆڤێکەوە و نەخـۆشی دەکەن، بۆیە بۆ چارەسەرکردن پێویستە ببیەنە لای سیـحر بازێک، یان شامـان (SHaman)ێک بۆ ئەوەی گـیـانە بەدەکان لە جەستەی نەخۆشەکە دەربێنێت.

بڕواشـیـــان وایە کـــە ســیـــحـــرباز، یان شـــامـــان هێــز و توانایەکی نهـێنی و ڕوحـانی هەیە و دەتوانێت پێـوەندی بەگیانە بەدەکانەوە بکات و دەریان بێنێت.

بۆیە جادووگەر، یان شەڕکەری هۆز لەو کەسانەن کە ئەم هێـــزەیان تێـــدایە، هەبوونی ئەو هێـــز و جـــەوهەرە لە جادووگەردا بە (مانا) ناودەبرێت.

بەپێی هزری مـرۆڤی سەرەتایی ماددەیەکی بیـانی، یان ڕوحێکی دزێو هاتووەتە ناو لەشی کەسێکەوەو جەستەی داگـیـرکـردووە، دەبێت ئەم ڕوحەش بە ئەنجـامدانی چەند ڕێوڕەسـمێکی تایبـەت، یان بەدوعـا خوێندن لە لەشـیـدا دەربێنێت، یان بۆ لەشێکی دیکەی ڕاگوێزێت.

لای هندییـە سـوورەکـانی ئەسکیـمـۆ مـرۆڤی نەخـۆش داواکـارییـەک پێشکەش بە شامـان دەکات: شامـانەکەش دوای ئەم داواکـارییە پێـوەندی بە گـیـانەکـانەوە دەکـات، ئەمەش لە ڕێگەی ئەنجامدانی چەند سرووتێکەوە دەکرێت و شێـوە زمانێکی تایبەتی تێدا بەکاردێنێت و لە کاتی ئەنجـــامـــدانی ئەم ســـرووتە هەندێک حـــاڵەتی زەینی و دەروونی بەسەر شامان دێت، وەک گرژبوون و هەڵچوون و سۆزێکی بەجۆش لەگەڵ جووڵانەوەی لەش و تەپڵ لێدان، تا وەک مـــرۆڤـــێـکی هیـــســـتـــیـــری لێ دێت، لە مـــاوەی ئەنجـامدانی ئەم سرووتەدا بەردەوام (شـامـان)ەکە لەگەڵ گـیـــانەکـــان دەدوێت و داوایان لێ دەکـــات کـــە واز لە نەخۆشەکە بێنن و گیانەکەی بگەڕێننەوە.

## پێوەندی نێوان سیحر و ئایین

توێژینەوە مرۆییەکان ئەوە دەردەخەن کە سیحر و ئاییـنی ســـەرەتایی ڕۆڵێـکی کـــاریگـەر و دیاریان لە ژیـانی کـۆمـەڵگەدا هەبووە و مـرۆڤی کـۆن لە پێناو زاڵ بوون و دەست بەسەرداگرتنی دیاردە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکان پەنـایان بۆ بردوون، لە کــۆمـــەڵگەی ســـەرەتاییـــدا پێوەندییەکی بەهێز تا ڕادەی ئاوێتە بوون لەنێوان سیـحر و ئایینـدا هەیە و بەشـێـوەیەک بەیەکـەوە بەسـتـراون کـە نەتوانرێت لەیەک جودابکرێنەوە، بۆیە کاریگەری و ڕۆڵی ئایین و ســیــحــر وەک یەکن و هەمــوو لایەنەکـانی ژیان دەگرنەوە.

لە کۆمەڵگەی سەرەتاییدا بەرەبەرە سیحر گەشەی کردو شـێـوەیەکی پێـشـکەوتووتری وەرگـرت، ئەویش ئاییـنی سەرەتایی بوو تاکـو بەهۆیەوە پێـوەندی و سەودا لەگـەڵ هێـزە نادیار و شـاراوەکـاندا بکات و لە ڕێگەی شێـوازی تازەوە وەک پەرستن و گـیـان فـیـداکردن و سرووت و نزاو پاڕانەوە و ئـینجـا دەسـتـیـان کرد بە قـوربـانیـدان، هەر لە

ڕووەکەوە تا ئاژەڵ و تا ئادەمیزاد و سازکردنی سرووت بۆ ڕەزامەندی هێزە نادیار و شاراوەکان، بەم جۆرە ئایین لە شێوە سەرەتاییەکەی بەهۆی سیحرو جادووەوە هاتووەتە ناوەوە و پەرەی سەندووە، کەواتە سیحر بەر لە ئایین هەبووە.

توێژینەوە مرۆییەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە سیحر و ئایین ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاویان لە ژیانی کۆمەڵگەی سەرەتاییدا هەیە وەک هۆکار و ئامراز بۆ زاڵبوون بەسەر دیاردە سروشتییەکاندا بەکارهێنراون.

لەلایەکی دیکەوە، ئەو دڵەڕاوکێ و ڕاڕایی و هەڵچوونە دەروونییە کە بە ئەنجامی کارەساتەکانی ژیان، یان سەرنەکەوتن و نەهاتنەدی ئاوات و ئامانجەکانی مرۆڤ، وایان لە مرۆڤی سەرەتایی کردووە پەنا ببەنە بەر سیحر و ئایین و بڕواهێنان بەجیهانی ئەو دیوی سروشت، واتە مرۆڤی سەرەتایی سیحر و ئایینی بۆ جێبەجێ کردنی ویست و ئاواتەکانی خۆی هێنایەکایەوە.

هەروەک جیمس فریزەر دەڵێت: مرۆڤی سەرەتایی هەوڵی داوە لە ڕێگەی سرووت و نزاو نووشتە و شێوازی دیکەی سیحر و جادووەوە بەسەر هێزە سروشتییەکاندا زاڵ بێت و هەوڵی داوە بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەم شێوازانەوە ویست و ئیرادەی خۆی بەسەر ئاژەڵ و بەروبووم و دارەکان و شتی دیکەدا بسەپێنێت.

بە بیروبۆچوونی فریزەر مرۆڤی سەرەتایی کاتێک هەستی بەوەکرد کە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی تەنیا سیحر بەس نییە، بۆیە هەندێک باوەڕ و سرووتی غەیبی و میتافیزیکی هێنایە کایەوە کە پێوەندییان بەهێزی ئەو دیو سروشتەوە هەیە، ئەگەرچی سیحر و ئایین تەواوکەری یەکترن و پێوەندییەکی بەهێز لە نێوانیاندا هەیە، چونکە هەردووکیان دید و هەڵوێستی یەک قۆناغن لە قۆناغەکانی نەشونماکردنی بیری مرۆڤایەتی، بەڵام پاشان هەندێک جیاوازی و ناکۆکی لەنێوان سیحر و ئاییندا پەیدابوو، بە بڕوای فریزەر جیاوازی نێوان سیحر و ئایین بۆ جیاوازی نێوان سرووتەکانیان دەگەڕێنەوە:

١- سرووتی ئایینی سەرەتایی سیماو سۆز و ترس و تکا و پاڕانەوەی بەسەردا زاڵە، بەڵام سرووتی سیحر باوەڕبوون بەخۆ و ویست و ئیرادە و هێزی زاڵبوونی پێوە دیارە.

٢- سرووتی ئایینی سەرەتایی جگە لە واقیعی ژیانی ئێستا، مردن و ژیانی پاش مردنیش لەخۆ دەگرێت، بەپێچەوانەی سرووتی سیحر کە پتر پێوەندی بە واقیع و ژیانی کۆمەڵایەتییەوە هەیە.

٣- یەک لە سیماکانی سرووتی ئایینی گیانی تێڕوانینە و پێوەندی بەهێزی میتافیزیکی هەیە، بەڵام سرووتی سیحر سیمای کەڵک وەرگرتن و سوود بەخشین و بەرژەوەندی پێوەدیارە، ئەم جیاوازییانە لەگەڵ پەرەسەندنی بیر و هزری ئایینی بە ململانێ و دووبەرەکی گۆڕاوە.

## سیحر لەناو کۆمەڵگەی کوردەواریدا

میللەتی کورد نەیتوانیوە خۆی لە ڕەگوڕیشەی بیروباوەڕە کۆن و ئایینە کۆنەکان ڕزگار بکات، تا ئێستاش وەکو سێبەرێک لە دوویەتی و لێی جودا نابێتەوە.

کوردیش وەکو گەل و میللەتانی دیکە بیری لە دەوروبەری خۆی کردووەتەوە و لە دیاردەکانی سروشت سەری سوڕماوە، کە مانگ و ڕۆژ گیراوە پێی وابووە دێوەزمەیەک گرتوونی، بۆیە کردوویە بە هەراوهۆریا و تەنەکە لێدان بۆ ئەوەی دێوەزمەی پێ بترسێنێت، باران بڕان بووبێت، بەزمی کۆسە بەبەو بووکە بەبارانەی بۆ گێڕاوە، دوعا و نوێژی تایبەتی بۆ کردووە، بەڵکو ببارێت.

ئاژەڵی لێ ئاوەکی بووە و نەیزانیوە بەکۆی کەوتووە، لەکن شێخ و مەلا دەمی گورگی بەستووە، زاوا بەزاوا نەبووە، چووەتە لای کوڵەنانی زاوای بۆ کردووەتەوە، ویستبێتی کیژێک حەزی لێ بکات، جۆرەها سیحر و جادووی لەکن جادووگەر کردووە.

جادووگەر بەخوێندنی ئایەت (وشە) یان دروست کردنی تەلەسمێک، یان تێکەڵاوکردنی چەند گیاودەرمانێک کاری جۆراوجۆری ئەنجام دەدا، کە بەشێوەی سروشتی ئەنجام نەدرێت، هەروەها چەندین کەرستەی فاڵ و جادووگەری لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا بەکارهاتوون، لەوانە: شانە، نالی ئاژەڵ، بزمار، کۆت، دەرزی، درەخت و گژوگیا، هەروەها ئەو بەردانەی لە بەختی باش و خراپدا ڕۆڵی هێزێکی سروشتی دەبینن.

لەناو کوردەواریدا بەهۆی بیروباوەڕی ئایینێکی ئەفسانە ئامێز و بڕوا بە غەیب کردنەوە، دەیان و سەدان ئافرەت ستەم و زۆری لێ کراوەو لەژێر سێبەری یاسای غەیب و ئەفسانەدا پەلاماریان دراوەو مافیان زەوت کراوە و بەهۆی بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی خورافی کەسانێک خەڵکیان چەوساندووەتەوە.

تاکو ئەم دواییەش، بگرە تاکو ئێستەش هەندێک لەم باوەڕە خورافی و جادوویانە لەناوماندا باوە، وەک نووسینی چەند وشەیەک، یان چەند ناوێک، یان لە ئاو هەڵکێشانی دوعاو خواردنەوەی ئاوەکە، یان پرژاندنی ئاوەکە بەناو ماڵدا و گرتنەوەی کتێب و فاڵ و جادووگەری و ڕەمڵ لێدان، هەروەها فنجان گرتنەوە و نوشتە نووسین و بڕوا بە وتنی ئەستێرە شوناس کردن و بەری دەست خوێندنەوە و تەزبیح گرتنەوە و لە ملکردنی بەرموور کە بریتییە لە چەندین جۆرە مووروووی ئەوتۆ کە بڕوایان وایە ڕوودانی گەلێک شتی لە یاسا بەدەریان لە بارایە، بەسەردا خوێندنی نەخۆش و دەردەدار لەلایەن چەند کەسانێکی تایبەتی بەناو شێخ و مەلاوە، یان شاخی ئاسک و بەرانە کێوی، یان کوژەکەی شین، یان دانی ڕێوی و کوزە کەمتیار هەڵگرتن، یان هەڵواسینی چەند جۆرە دوعاو ئایەت و ڕستەیەک لەناو ماڵ، یان لە ئۆتۆمبیل، یان شوێنی کارکردندا، یان بخوور و قژ سووتاندن و لێکدانەوەی خەو و دڵ تەنگ بوون بە بیستنی دەنگی هەندێک ئاژەڵ و باڵندە وەک کوندە بەبۆ و قەلەڕەش و لوورەی سەگ....

دەشێت جوێن و دوعاش جۆر، یان ئامراز و شێوازێکی خورافی و جادووگەری هەبێت کە مرۆڤ لە پێناو هێنانەدی مەبەست و ئاواتەکانیدا پەنای بۆ بردووە، جوێن و دوعا لە کوردەواریدا دوو دەستەواژەن کە مرۆڤ ناخی خۆی پێ دەردەبڕێت، کاریگەری جوێن و دوعا لەسەر مرۆڤ چ ئەوەی دەیکات چ ئەوەی بۆی دەچێت جگە لە کاریگەرییەکی ناوەکی و مەعنەوی هیچی تر نییە، واتە جوێن، یان دوعای خراپ کە لە کەسێکی بکەیت، جگە لەوەی دوعاکەر، یان جوێندەر ناخی پیس و گڵاوی خۆی دەردەخات و داخی دڵی خۆی دەڕێژێت، ئەوپەڕی نیشانەی بێ دەسەڵاتی پیشان دەدات، هیچ ناکات و هیچی لە دەست نایەت و دەکرێت بڵێین نیشانەی بەزین و بێ دەسەڵاتییە، هەروەها دوعاش هیچ ناکات و بێ ئاکامە.

گوتمان کەرستەکانی فاڵ و جادووگەری زۆرن، لەوانە بزمار کە وەک کەرستەیەکی جادووگەری بە مەبەستی خێروچاکە بەکارهێنراوە، دیارە (دارەبزمارە) کە دەکەوێتە سەر ڕێگای نێوان گوندی بەستۆڕەو گوندی کۆڕێ، کە لە مێژوویەکی کۆنەوە تاکو ئەمڕۆ ڕەواجێکی باشی هەیە و بەردەوام خەڵک بە مەبەستی جیاجیا سەردانی دەکەن، ئەم جۆرە دارەش کە پێی دەڵێن دارە چروو، دارێکی خۆڕسکی تەمەن درێژە و بەرگەی حاڵەتە جۆراوجۆرەکانی سروشت دەگرێت.

بزمارە کوتاوەکانی سەر قەد و پانتایی دارەکە کاتە لەتکراوەکانی ناخی مرۆڤیان لە ساتە تاڵ و دابڕاوەکانی ژیان هەڵگرتووە، هەروەها لای هەندێک کەس بووەتە پردێک بۆ پەرینەوەی ڕیتمی ئێش و ئازارەکانی (ددان، باڵۆکە، سەر ئێشە).

دارە بزمارە و چەندین مەزارگە و دار و بەردی دیکە لەم وڵاتەدا هەن کە مێژوویەکی پڕ لە نەزانی و دواکەوتوویی میللەتی کورد دەردەخەن و لە بەردەم بزاڤی پێشکەوتندا کۆسپ و تەگەرەن.

ڕەشۆکی گەل لە زەلکاوی چەندین جۆرە بیروباوەڕی دژواردا پەلەقاژێ دەکات و ناچار پەنا دەباتەبەر ئەو بیروباوەڕە ناڕاست و خورافی و سیحراوییانە، ئەم بیروباوەڕانەیە بە گەلێک جۆر و شێوە کاردەکەنە سەر خەڵکی و بە وشەیەک کە لە دەمی کەسێکی (بەناو پیاوچاک)ەوە دێتە دەرەوە، یان دەست بەسەردا هێنانێک لەلایەن یەکێک لە پیاوچاکانەوە، خەڵکەکە وردەکەن و هەموو شتێک بە لایانەوە کاریگەری پیاوچاکەکانە کەلە کەسێتی (شێخ، مەلا، وەلی)دا خۆی دەنوێنێ، ئەم بارەش تەنیا بۆ دواکەوتنی باری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ناگەڕێتەوە، بەڵکو بیری زانستیش تا ئێستا نەیتوانیوە بەجۆرێکی ئەوتۆ لە مێشکی ئەو خەڵک و جەماوەرەی دابێنێت و شوێنی ئەو بیروباوەڕە خورافی و پڕوپووچانە بگرێتەوە.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

**١- الانسان في المرآة- كلايد كلوكهن، ترجمة- شاكر مصطفى سليم- ل٢٢- ٢٣، ٢٤.**

**٢- الأساطير و علم الأجناس- تأليف د- قيس النوري- بغداد. ١٩٨١- ل١١٢، ١١٣، ١٥٧.**

**٣- العقلية البدائية- ليفي بريل- ترجمة محمد القصاص مصر- ل٩، ٥٤.**

**٤- الإنسان وقواه الخفية- كولن ولسن- ترجمة سامي خشبة- بيروت- ل٦٠.**

**٥- الطاقة الانسانية- أحمد امين. بيروت. ل٣٣٨.**

**٦- كاوه و نەورۆز- ئەحمەد زەردەشت- ل٢٤، ٢٥.**

**٧- گۆڤاری کاروان. ژمارە- ٤٥- ١٩٨٦.**

**٨- گۆڤاری ڕامان- ژمارە- ٦٥- ل٩.**

# ئاخێزگەی عەشق لە شیعری «ئەدەب»دا

موزەفەر یووسفی
(مەریوان)

دەسـپـێـک لەم وتارەدا هەوڵ دەدەین بۆ ئینتیما و ئیعتیباری بابەتەکە هەوڵی ئەوە دەدەین هەتا شیعری هۆنەری مەزن «عەبدوڵڵا بەگی ئەدەب»ی بۆکانی (١٢٨٢-١٣٣٢ک) لە بواری عەشق و ئاخێزگەی ئەوینەوە لە ڕادەی هەتوانیدا بخاتە بەر دید و تێڕوانینی خوێنەر و هۆگری شیعری ئەو هۆنەرەوە، بۆیە وەک ژێدەر و نیانی شیعری ئەو شاعیرەش بە پێویستم زانی هەندێ لە شیعرەکانی «حافز»ی شیرازی لە دیوانی شەونمدا کە مامۆستای ڕەحمەتی «حەقیقی» بۆکانی وەری گێڕاونەتە سەر زمانی کوردی بهێنمەوە و کەوانەی تەشق گرتنی عەشق و ئەوینی «ناسووت» بەرەو «لاهووت»، واتە عرووجی عەشق لە سوفلا (مەجازی)یەوە.. بۆ عولیا (حەقیقی) نیشان بدەم.

لەنێو شاعیرانی کورد و فارس و عەرەبدا بەتایبەتی شاعیرانی کلاسیک بەهۆی جێوار بوونیان لەدنیای سوبژێکتیڤدا، لە باخچەی دیوانی شیعرەکانیاندا هەست بە ڕەنگ و بۆنی عەشق و ئەوین دەکرێت. بۆ خوێنەر و شیکاری ئەکتیڤی ئەو ڕێبازە شیعرییەش ئەوە بەڕوونی دەردەکەوێت کە ئاخێزگەی ئەو عەشقانەش لە هەست و نەستێکی پاراو و خاوێنی سروشتی هەڵدەقوڵێت، بۆیە جەمسەری جوانیناسی ئەو شیعرانە دەچنەوە خانەی ئیستێتیکای سوبژێکتیڤیتەی سروشتییەوە کە لە ڕەنگدانی هۆرم و هۆنینەوەدا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت!.

بێ گومان شیعری «میسباحو دیوانی ئەدەب» لەو دنیایەی کە ئاماژەی پێکرا، بەری نییە، بۆیە لە ڕەنگدانی شیعرەکانیدا ڕەنگی ئاڵ و گوڵ گوڵینی عەشقیان پێوە دیارە؛ عەشقێک کە سەرەتای ئاخێزگەی



ئەدەب

گــوڵشـــەنی ســـروشت و دیمەنی باســـەفـــای یارە نەشمیلانەکەیەتی و پاشان سۆزێکی خاوێن و پاراوی ئیلاهی و لاهوتییە کە سەردەنێت بە خەلسە و سەمایەکی بە جـەزبەی عــیـرفــانیـــیەوە کــە دەگــاتە ئاســتی لایەتەناهیـــیەوە، ئاستـێک کـە سـەرڕێژە لەچاودێری میتافیزیکاییەوە (ماورای طبیعت).

دیارە «ئەدەب» لەهۆنینەوەی شیعرەکانیدا بەردەوام لە کەشوهەوایەکی ئەوتۆی نەشئەی ڕوحی و شهوودیدا بووە کە بەلێشاو وشە و دەسەوشە و دێری بە چەمک و پڕ دەنگاژی (پڕ مەدلوول) لە کانگای نەستەوە بە ئیلهام بۆ هاتووە کــە توانیـــویەتی بە جـــوانی بەهۆی زەوق و شەوقێکی شاعیرانەوە شیعرەکانی بهۆنێتەوە.

دیارە ئاخێزگەی شیعر، شعوورە و شعووریش لەلایەکەوە بریتییە لە؛ دەرک و هەست و لەلایەکی تریشەوە بریتییە لە؛ فیکر و بیرەوەری کە شاعیر بەهۆی خەسڵەت و زەوقی تایبەت و دەروونییەوە دنیای ئەوینی خۆی بەزمانی شیعر وەسف دەکات، زمانێک کە ئەو هەلەی بۆ دەرەخسێنێت وا بە جوانی و چێژمەندییەوە بەرەو پیری خۆشەویستەکەیەوە بڕوات و دیاردەکانی هاوسووی بکات بە هەوێنی وەسف و مەدحییەوە. بێ گومان «ئەدەب»یش لەو شاعیرە سەرکەوتووانەیە کە بەهۆی زەوق و تەبعێکی تایبەتەوە توانیویەتی ئەسپی شیعری لە مەیدانی تەراتێنی عەشق و ئەویندا تاو بدات و بگاتە ئاستی تەشقگرتووی عەشقەوە.

«ئەدەب» لەلایەکەوە بەم شێوەیە ئەویندارەکەی وەسف دەکات:

**مەستی قەدەحی بادەیی زیبا سەنەمێکم**
**هەر لەحزە لە نەشئەی لەبی وەک جامی جەمێکم**
**ساتێ کە فرووغی مەهی دیداری نەبینم**
**ئەوساتە مەپرسە کە قەرینی چ غەمێکم**

لێرەدا دەبینین کە ئەو زەوق و شهوودە شیعرییەی وا لەکانگای ئەوینییەوە هەڵدەقوڵێت چەندە لە ڕادەی چێژمەندی و جوانی بەخشی شیعرەکەیدا کاریگەرە؛ کاتێک شاعیر لە فازی «بێتاوە»، واتە فازی دنیای سنوورمەندی عەینەوە دەڕوات بەرەو فازی بێ سنووری «ئالّفا»، واتە دنیای میتافیزیک و چاودێرییەوە بەجارێ جەستە و ڕوحی بە کەشف و شهوودەوە بارگاوی دەبێ و چەشنی هەنگی سەرمەست خولیای شیلەی ئەوین دەبێ و پەپوولەی هەست و خواستی ڕوو دەکاتە مێرگی بەربلاوی هەستمەندی، لەوێدایە کە وشەکان وزەی شیعری دەگرن و دەبنە شەمامەی دەستەمۆ بووی شاعیر بۆ وەسفی مەحبووبەکەی. هەروا کە دەڵێ:

**«مەستی قەدەحی بادەیی زیبا سەنەمێکم»**.

یان ئەوەی کە دەڵێ:

**«هەر لەحزە لە نەشئەی لەبی وەک جامی جەمێکم»** بە عەشقەوە بەندە نەشئەیی و ڕاگرتنی چرکە ساتی تێپەڕبوون، بۆیە شاعیر کە دەگاتە مەداری سەرخۆشی و نەشئە بوون دەستێوەری شهوودی شیعری دەبێ و جوانی دەبەخشێتە شیعرەکەی.

کاتێک لەو مەداری نەستەوە سەردەکەوێ و بەرەو مەداری هەست دەبێتەوە، لایەنی فیکر و بیری شاعیر دەبێتە ڕەهەندی لۆژیکی شیعری و مەبەستی سەرەکی شاعیر تاڕادەیەک دەردەخات؛ هەروا کە دەڵێت:

**«ساتێ کە فرووغی مەهی دیداری نەبینم**
**ئەوساتە مەپرسە کە قەرینی چ غەمێکم»**

لێرەدا نۆستالۆژیای دۆخی ڕوحی و ڕەوانی شاعیر

بەهۆی نەبینینی گراوەکەیەوە بۆ خوێنەر دەردەکەوێت.
ئەگـەر «ئەدەب» هەندێ جـار دەکـەوێتـە گـەرداوی تەنگوچەڵەمە و نۆستالۆژیای ماتەمینەوە، دیارە بەهۆی دووری یارەکەیەوە بووە کە وەکو ئاسکی سرک و کێوی دەستـەمـۆی کـردووە و دڵـی بەجـارێ بردووە و خـەو و خـۆراکی لێ بڕیوە و ئەوسا ڕووی کـردووەتە یارەکـەی و پێی وتووە:
ئەگەر ئەمە سەرخستنەسەرە بەسە، ئەگەر نازە بەسە، ئەگەر بێ دادییە بەسە و ئەگەر.. بەسە کە دەڵێ:

**ئەی غەزاڵەی بێ سەبەب ڕەم کەردەکەی هەم پەیکەرم**
**شۆخی بێ پەیمانەکەی بێ شەرتەکەی سەوداسەرم**
**خۆش مەزەی ناخۆش ئەدای شیرین کەلامی تورشڕوو**
**دڵبەرەی شێوەگەری جەور ئاوەرەی حاد و گەرم**

**گەر عیتابە هەر بەسە، نازە بەسە، جەورە بەسە**
**وابکە ئاخر چاوەکەم ئەمنیش بەبارێ دەربەرم**
**من کە کوشتەی دەستی یارم زەحمەتە ڕۆح دەربەرم**
**تاقی ئەبرۆی چاوەکانت بوونە قاتڵ بۆ سەرم**

دیارە دنیـای عـەشق و ئەوینی واقـیـعی/ حـەقـیـقی، دنیــایەکـە خــاوێن و ئاوەڵا و بەسـۆز کـە لەو دنیــایەدا شـتـێک بەنێـو خـۆشـەویسـتی بێ غـەلوغـەش و دوور لە هەوای نەفسانی و پاڵنەرە جنسییەکان حوکمڕانی دەکات و بەردەوام ڕەنگ و بۆنی جوانی دەبەخشـێتە دەوروبەری خۆی؛ بۆیە دەڵێن: ژێدەر و ئاخێزگەی شیعری ڕاستەقینە عەشق و ئەوینە، بەواتایەکی دی هەوێنی شیـعر ئەوینە.
هەروا کە دەبینین شاعیرانی ڕاستین شاعیرانی عاشق و عـارف پیشەن کە ئیلهامی شیعرییان لەچاوگەی زوڵاڵی هەستییەوە وەرگرتووە، ئەو چاوگەش پێوەندە بە عەشق و ئەوینی ڕاسـتینەوە کە تەنیا ئەهلی زەوق و دڵ بە ئاوی ئەو چاوگەیە شاد و کامبەخش دەبن.
شـاعـیـرانی عـاشق و عـارف، بە هەسـتـێکی واڵاوە هەوارگـە و کـەوشـەنی عـەشق دەپێـون؛ زەمـەنێ لە هەوارگەی عەشقی ناسووت و زەمەنێکیش لە هەوارگەی عەشقی لاهووت بەدووی گراو و مەحبووبی خۆیاندا لە چێوەتەقێی شهووددان.
بەسـەرنجـێک لەدنیـای «حـافـز»دا فـرەتر هەست بەم کـەشـوهەوایە دەکـەین؛ لە بەشـێکدا دنیـا و عـەشـقی ناسـووتی دەردەخات و لەبەشێکی تردا دنیـا و عـەشـقی لاهووت.
لەسـۆزی ناسـووتیـدا، دەنگی داسی شـەتح و پاروودی بەجوانی هەست دەکرێت، هەروا کە دەڵێ:

**گرێی زوڵفت کە داوی کفر و دینە**
**لە شیرینکاری کارخانەی ئەوینە**
**چلۆن گیان دەربەرم لەو چاوی مەستت**
**کە دایم بەو کەمانەی لێم کەمینە**

**لەمەکری زوڵفی ئەو خۆ لادە «حافز»**
**دڵی بردی و خەریکی بەندی دینە**

لە سـۆزی لاهووتی و مـەلەکـووتیـدا، بزەی هەتاوی سەماوی و تینی عـەشقی عولیایی لە پرشنگی کەسکی ئەم بەشـەی تری شیـعری «حـافـز» هەست دەکـرێت، کە دەڵێ:

**دوێ شەوێ دیم کە مەلایک لەدەری مەیخانە**
**قوڕی باب ئادەمیان دا لە دڵی پەیمانە**
**بە حەیا و شەرمی سەراپەردەنشینی مەلەکووت**
**بوونە هاوڕێی من و هاوبەش لەمەیی مەستانە**
**عاسمان باری سپاردەی نەتوانیبوو کەچی**
**قورعە هێنایە دەرێ نێوی منی دێوانە**

بێ گــــومـــــان «ئەدەب»یش بەپێی زەوق و تەبعی ئاپۆلۆییەوە کە لە بەرەنجامی بەرهەمەکەیدا دەردەکەوێت، خولیای ڕاسـتەقینەی گراوی ناسـووتی و لاهووتی بووە، بۆیە شـیـعرەکـانی تەژین لە نەغـمـە و نەوای ناسـووتی و جەزبە و ئیشـراقی عیـشـقی لاهووتی؛ کـە چێژمـەندی و هەست پێ کـردنی ئەمـەش لای بەردەنگی ئەکـتـیڤ و هەستمەندی شیعرەکانی خۆی دەردەکەوێت.
ئەو شـاعـیـرە ناسک خـەیاڵە بۆچوونە نێـو عـالـەمی عـەشـقـەوە، لە بەرەکـەتی بەهاری گـوڵبـەن و زەنـوێر و زەمـەنی خەمـڵاو کـەڵک وەردەگرێ و بە جـوانی سـەرنجی ئاسکی سرک و تەنازەکەی بەرەو لای خۆی ڕادەکێشێت و هاوکات بەم شێوەیە پەندی مەجلیسی ڕیندان دەدات؛ کە دەڵێ:

**ئەمڕۆکە عەجەب شۆڕش و غەوغایە لە گوڵشەن**
**وەقتی تەرەبی بولبولی شەیدایە لەگوڵشەن**
**خەملیوە بە سەد ڕەنگە گوڵ و لالەیی سەحرا**
**سەد نەغمە لە هەرلا دوو سەد ئارایە لە گوڵشەن**

**ئەمرۆ نەشکێ کەی ئەشکێ تەوبە کە ئەمرۆ**
**تەوبە شکەنی حوکمی تەقازایە لە گوڵشەن**
**ساقی بدە بەو جامی زەڕەت بادە کە ئەمرۆ**
**هنگامی مەی و ساغەر و سەهبایە لەگوڵشەن**

لە تێم و ناوەڕۆکی ئەم دەقەیدا «ئەدەب» بە عەشقەوە باسی سروشت و دیمەن دەکات کە وەکو ئایەت و دیاردەیەکی خودایی وایە؛ بۆیە ئەو بە چاوی دڵی شاعیرانەی هەست بە شۆڕش و غەوغای گوڵشەن دەکات، هەست بە خەندەی گوڵ و گریانی هەوا و تەقوای گوڵشەن دەکات، ئەو ئاماژە بە عەزەمەتی عەزم و نەزاکەتی نەزم و سەناعەتی باری دەدات و سەرمەستانە ڕوودەکاتە گراو و ئەهلی دڵ و بەزمی ڕیندانەوە، لە ئاکامدا دەڵێ:

**هاوار وەکو بولبولی شەیدا «ئەدەب»ی زار**
**دەستی نەگەیشتە گوڵ و ڕیسوایە لەگوڵشەن**

لە ئاکامدا، بەلێکدانەوەی هەرچەندە کورتی شیعرەکانی «ئەدەب» ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەم هۆنەرە لە زەریای عەشقدا بەپێی هەتوانی خۆی مەلەی کردووە و وەک زەریاوانێکی لێهاتوو بەهرەی کەشف و شهوودی شیعری وەرگرتووە. تەنانەت بەردەنگ و هۆگری شیعرەکانی بەخوێندنەوەیان سەرمەست و سەرخۆش دەبن، بۆیە لەو پێوەندییەدا ڕوحی وشەکان ڕوحی بەردەنگن و خوێنەر دەبزوێنن.


**سەرچاوەکان:**

**(١) مێژووی وێژەی کوردی (جلدی دووەم)؛ نووسراوەی، سدیق بۆرەکەیی، چاپی ئەوەڵ، ساڵی ١٣٧٠.**

**(٢) دیوانی شەونم؛ وەرگێراوەی سەد غەزەلی «حافز»، وەرگێڕاو: «حەقیقی».**

**(٣) وتاری «شعر؛ پل پرش شعور، بەدنیای مدیتیشن»– لە: موزەفەر یووسفی.**

# لە ڕەباتەوە بۆ کۆمبریا ئەزموونی ڕیژیسۆرێک

د. فازیل جاف

پاش قۆناغی خوێندنەوەی دەقی شانۆنامەی «یاربیبە خەونێک»ی ئۆگست ستریندبێرگ، سەرنجم دا قوتابییەکانی کۆلێژی کۆمبریا بەتاسەوە چاوەڕوانی پرۆڤەکانی ڕەهەندی جەستە و بینین بوون. ڕەهەندی جەستە و بینین لە یاربیبە خەونێکی (ستریندبێرگ)دا ئەمە ناوونیشانی پرۆژەکەمان بوو، چ لە ڕەبات و چ لە کۆمبریا.

وەکو ریژیسۆرێکی پەروەردەکار لەم ئارەزووەی قوتابیان تێدەگەیشتم، چونکە قوتابیان بەگشتی حەز دەکەن بەم شێوازە کار بکەن، زۆربەیان پێیان وایە کاری نوێخوازی و ئەزموونکارانە دەبێت بەم شێوازە بێت، تەنانەت پێیان وایە کە دەبێت هەر لە ساڵی یەکەمەوە بێ گوێدانە ئەرکی پەروەردەیی لە پرۆسەی فێرکردندا بەم شێوازە کار بکەن.

پاش دیراسەتکردنی بەرهەمی زۆرینەی ئەو ڕیژیسۆرانەی کار لەسەر شێوازی جەستە و بینین دەکەن، گەیشتمە باوەڕێک کە زۆرینەیان پشت بەبنەماکانی دانس و هونەری میعمار دەبەستن، یەکەمیان لە ڕووی جەستە و میزانسینەوە، دووەمیان لە ڕووی فەزا و سینۆگرافیاوە، چونکە لە ڕێگای ئەم دوو هونەرەوە دەتوانین فۆرمێکی ڕوون و چەسپاو بەرجەستە بکەین کە چاوی بینەر چێژی لێ ببینێ و بەدرێژایی نمایشەکە ئارەزووی تەماشاکردنی لەدەست نەدات، کە ئەمە بۆ خۆی خاڵێکی گرنگە.

دیارە ئەم چەمکە بێ کێشە نییە، کەسانێکی وەکو ڕۆبێرت ولسۆن و ڕیچارد فۆرمان و ڕۆبیرت لێپاژ، زۆر باش کەڵکی لێ وەردەگرن و داهێنانەکانیان شایەدی ئەم قسەیەن، کەسانێکیش کە زۆرینەن، خراپ بەکاری دێنن و نازانن کە ڕەهەندی جەستە و بینین لە شانۆدا بەپێی چەند بنەمایەکی هونەری پێکدێ، لەوانە بنەماکانی دانس و میعمار، ئەمە جگە لە وانەکانی میتودی جەستە



که له چوارچێوەی ڕێبازەکانی هونەری نواندندا هەیە.

من پێم وایە دەبێ دەستکەوت و شارەزاییمان له بواری جــووڵە، ئیــدی دانس بێت، یان ئەکــرۆپاتیک، یان وەرزش، یان ســێــرک و یاری بێت، دەبێت هەمــوویان بڕژێنە ناو مــیــتـودی جـەســتــەیی نواندنەوە، بۆ ئەوەی هەموویان وەکو هونەر و تەکنیکی نواندن بەکاربهێنرێن، نەک وەکو خۆیان. تەنیا لەم ڕێگایەوە دەتوانین ڕەهەندی جەسـتـەیی و بینین وەکو شانۆ و دراما تیژتر و زەقـتـر بکەین، دەنا خۆیان له خۆیاندا هونەرێکی سەربەخۆن و هەرگیز جێگای نمایشی شانۆیی ناگرنەوە.

پرسیارێکی سادەم ئاراستەی قوتابییەکانی کۆمبریا کــرد: چۆن وەســفی نمایشــێکی لەم جـۆره دەکـەن؟ واتە نمایشێک لەسەر بناغەی جەستە و بینین بنیاد نرابێت؟

زۆرینەیان باسیان له جۆره نمایشێکی موزیکاڵ دەکرد، دیاره لەبەر ئەوەیە کــه ئەم قــوتابیــانە بەشی شــانۆی مـوزیکاڵن. لەشانۆی موزیکاڵدا ئەم دوو ڕەهەندە گەلێ زەق و ئاشکران، چونکە هەر نەبێت ســەمــا پێگەیەکی گەورەی له موزیکاڵدا هەیە، ئەمجا مۆسیقا و میعمار، بەڵام ئەی له شــانۆی درامــیــدا، واتە شــانۆیەک پشت بەتێکست ببەستێت.

هەمان پرسیارم پێشتر ئاراستەی قوتابییەکانی ڕەبات کردبوو، ئەوان یەکسەر ناوی ئەو ڕێژیسۆرانەیان دەبرد که کاریان لەسەر جەستە کردووە، هەر له مییرهولدەوە تاکو ڕێژیســۆرانی ئەم ســەردەمــەمــان. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم خاڵە، ئاماژە بۆ ڕاستییەک دەکەم که چەندین نمایش له شــێــوەی دانس و پێکهــاتەی جـوان و ســەرنجڕاکــێش بەرهەم دەهێنرێن، بێ ئەوەی مەرجەکانی نمایشی شانۆیی بگرنە خــۆ، ئەمــەش لەم ســەردەمــەی شــانۆی پۆست مۆدێرنیزمدا کێشەیەکی بۆ چێژ و زەوقی بینەران دروست کردووە.

یەکـێک له پێـوەره گـرنگەکـانی ڕەهەندی فـیـزیکی و ڕەهەندی بینین له شانۆدا ئەوەیە کـه پێکهـاتەکـانی سـەر شانۆ بەجەستەی ئەکتەرانیشەوە، له فۆرمێکی هونەری چەسپ و جـواندابن. واتە دیاریکردنی فـۆرمی فـیـزیکی لەناو پێکهـاتەی بینراودا گـەلێک گـرنگە، بەڵام لەوەش گـرنگتر ئەوەیە که ئەو فۆرمە له گۆڕاندا بێت، گۆڕانێکی بەردەوام له چوارچێـوەی کـات/ زەمـەندا تاکـو کـۆتایی نمایشـەکـە. نمایشی شـانۆیی له ڕووی چەمکی فـیـزیک (جەستە) و ڕەهەندی بینین، بەتەواوەتی له نمایشی دانس دەچێت، کـه ئەویش بەهەمـان شـێـوە له ناو چوارچێـوەی زەمەن و به درێژایی کات لەگۆڕانێکی بەردەوامدایە.

### ڕەهەندی بینین و دیدی جیاواز

هەر لەم بۆچوونەوە، لەگەڵ هەندێ شانۆکار سەبارەت به ڕەهەندی بینین یەک ناگـرینەوە، بەتایبـەت ئەوانەی کـە پێـیـان وایە ئەو تەرزە شـانۆییـە تەنیـا لەسـەر بناغـەی

دروستکردنی فۆرمی جوان و ساحیرانە و سەرنجڕاکێش دروست دەکرێت، کە لە ڕاستیدا ئەمە تەنیا یەک لای هاوکێشەکەیە، لایەکی دیکەی کە بە ئەنجام گەیاندنی گەلێک لەلایەنی یەکەم سەختتر مەسەلەی زەمن/ کاتە، واتە پێکهاتە لە چوارچێوەی ڕیتم/ ئیقاعدا. هەر ئەوەش وا لەو پێکهاتە جوانە دەکات کە ببێت بە نمایش، چونکە هەموو دەزانین کە نمایش چەقبەستوو نییە، هیچ فۆرم و پێکهاتێک چەندە جوان بێت، خۆی لە خۆیدا نابێت بە نمایش، بەڵام کاتێک گیانی کەوتە بەر و کەوتە جووڵە بە ڕیتمێکی دیاریکراو و بەگۆڕانی بەردەوام، دەبێت بە نمایش.

دروستکردنی پێکهاتە و ڕوخساری جوان لەسەر شانۆ، ناکاتە نمایشێک لەسەر بناغەی ڕەهەندی بینین، تەنانەت ئەگەر ڕەهەندی جەستەیی ئەکتەریشی لەگەڵدا بێت، گرنگ لێرەدا دینامیکە، دینامیکی جێگاو زەمەن و نواندن، ئەم مەرجانە هەموو مەرجی درامان، هەمووشیان بۆ یەکدی سەرچاوەی جووڵە و دینامیکن، کە بە تێکڕاش وزە و دینامیکی خۆیان لە ئەکتەر و جووڵە و کرداری وەردەگرن.

بەڵام هێشتا دەبێت مەرجی بوونی سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی تێدا بێت، لەم ڕووەشەوە دەکرێ دیسانەوە بچوێنرێت، یان بە کۆمپۆزیسیۆنی دانس بە دانس.

یەکێک لە ڕێگاکانی بیناکردنی کۆمپۆزیسیۆنی دانس ئەوەیە، کە بتوانیت چوارچێوەیەکی گشتی بۆ پێکهاتە بچووکەکان بخوڵقێنیت. ئەوەی زیاتر بە یەکدییانەوە دەبەستێتەوە، فۆرمی گشتی و هەستکردنە بەو فۆرمە.

ئەوەی لەشانۆی فیزیکی و خاوەن ڕەهەندی بینیندا گرینگە، ئەوەیە کە چۆن یەکەو پێکهاتەی بچووک بچووکی جۆراوجۆر دەخوڵقێنیت و ئەمجا چۆن لە ڕێگای فۆرمی گشتی و هەست و ئیحساسەوە بە یەکدیانەوە دەبەستێتەوە. ئەمە ڕاهێنانێکی سەرەتایی و بنەڕەتی قوتابییەکانی مەغریب و کۆمبریا بوو. دیارە هەموو ئەم شێوازە لە شانۆنامەیەکەوە بۆ شانۆنامەیەکی دی دەگۆڕێت، هەندێک شانۆنامە هەن لەوانە شانۆی ڕیالیزم، ناتۆرالیزم و سایکۆلۆژی کەمتر ڕەهەندی جەستەیی و دیتنی تێدا جێبەجێ دەکرێت، بە پێچەوانەوەشە شانۆنامەیەکی وەکو (یارییە خەونێک)ی سترێندبێرگ، باشترین شانۆمەیە کە خزمەت بەم مەبەستە دەکات.

## پێکهاتەی بچووک و فۆرمی گشتی نمایش

هەر لەسەرەتاوە هەوڵم دەدا قوتابییەکان لەسەر میتودی دروستکردنی پێکهاتەی کورت کورت ڕابهێنم. پاشتر کارمان لەسەر دۆزینەوەی فۆرمی گشتی دەکرد، ئەم شێوازە لەکارکردندا یارمەتی قوتابیانی دەدات کە نەک تەنیا وەکو ئەکتەر بەووۆرکشۆپێکدا بڕۆن، بگرە خۆیان لەسەر هەندێ لایەنی بنەڕەتی کاری ڕێژیسۆریش ڕابهێنن، لەوانە دروستکردنی پێکهاتە و میزانسین، ئەمەش بۆ من وەکو ڕێژیسۆری پەروەردەکار گەلێک گرنگە، چونکە پێم وایە قوتابی ئەکتەر دەبێت تا دەکرێت، لە پرۆسەی دەرهێنان بەشدار بێت تا ڕادەیەکی باش ئاگای لەچۆنیەتی دەرهێنانی شانۆنامەکە بێت و هەر لەسەرەتاوە شارەزاییەکی باشی لە هونەر و تەکنیکی دەرهێنان هەبێت.

خاڵێکی سەرەکی کە داوام لە قوتابییەکانی کۆمبریا کرد لەبەر چاوی بگرن، ئەوە بوو کە دەبێ فۆرمی جیاواز و مەودای جیاواز لەڕووی درێژی و کورتی کاتەوە بەکاربهێنن، پێکهاتە فیزیکییەکان دەبێت جیاواز بن، بە شێوەیەک کە هاوتای یەکتر نەبن. دەنا دەبنە مایەی بێزاری. بەکورتی پێکهاتەکان دەبێ لە یەکدی نەچن و بەقەدەر یەکدیش درێژ نەبن.

## گەڕان بەدوای فۆرمی جیاوازدا

تیمەکانی ناو شانۆنامەی یارییە خەونێک گەلێک زۆرن و هەریەکە و کارەکتەرێکی جیاوازی هەیە. ئەگەر لە دیدی گوزارشتی جەستەیی و لە ڕەهەندی بینینەوە تەماشایان بکەین، بوارێکی فراوانمان بۆ کارکردن تێدا دەستگیر دەبێت. هەر دیمەنێک دەگریت چەندین گۆڕانی تێدایە، دەکرێت ئەو گۆڕانانە لە ڕێگای ئیرتیجالەوە کاریان لەسەر بکرێت، چەندین پێکهاتەی ئێکسپرۆ سیۆنیستانەی لێ بخوڵقێنرێت. ئەمە بابەتی سەرەکی ڕاهێنانێکی چەند سەعاتی ووۆرکشۆپەکان بوو. ناوەرۆکی ڕاهێنانەکە بە دوو هەنگاو بەرجەستە دەکرا. یەکەمیان سۆراخی بیرۆکە و هزر، دووەمیش داهێنان و ئیرتیجال و کارکردن لەسەر ئەو بیرۆکەیە بوو.

سەرەتا دەبێت ئەکتەر بزانێت چی دەوێ، ئەمجا فۆرمی جیاواز تاقی بکاتەوە. واتە بەر لە هەموو شتێک دەبێت بڕیار بدەی، دەبێت بڕیارەکەشت ورد بێت، ئەمەش کارێکی زۆر ئاسان نییە و پێوەندی بەوەوە هەیە کە تا چ ئاستێک شانۆنامەکەت بەوردی خوێندۆتەوە و لێی تێگەیشتووی، دەنا هەر لە دەستپێکەوە هەنگاوی چەوت و هەڵە دەنێیت، چونکە تێگەیشتنی هەڵە فۆرم و پێکهاتەی هەڵەی لێ دەکەوێتەوە. هەر لە سەرەتاوە دەمویست قوتابییەکان لەوە بگەن کە مەبەست لەم شێوازی جەستە و بینینە، تەنیا فۆرمی جوان و سەرنجڕاکێش نییە، بگرە سەرەڕای ئەوە دەبێت مانای ورد و قووڵ ببەخشێت.



قوتابییەکانی کۆمبریا زۆر بەدیقەت تیمەکانی خەون و سۆراخ و خۆشەویستی و چاوەڕوانی، دابڕان، مۆتەکە و بەهەشتی ئەم دنیا و دۆزەخی ئەم دنیایە، هەموو وەکو پێکهاتە لەسەر بنەمای بیومیکانیک و ڕەهەند بینین، دروست دەکران، دیمەنەکان ناویان لێ دەنرا، ئەمجا سەرەتا و پرۆسە و کۆتایی هەموو یەکەیەک بەپێی ئیتۆدەکانی بیومیکانیک دەستنیشان دەکران. مەشقکردن لەسەر ئەو دیمەنانە تەنیا بۆ ساغکردنەوەی فیکرەی دیمەنەکان و بەستنەوەیان بەیەکدییەوە بوو.

## مەرجە گشتییەکان

سۆراخ و پشکنین و ڕەهابوو بۆ هەمووان، بەڵام بۆ دۆزینەوەی زمانی هاوبەش و ڕاگرتنی نەبزی تێکڕای نمایشەکە، دەبووایە هەندێک بیروبۆچوون لە ڕووی دەرهێنانەوە پێڕەو بکرایە، وەکو:

١- ڕاگرتنی وزە و جۆش و دینامیک لە چەند دیمەنێکی دەستنیشانکراودا. بەشێوازێکی نزیک لەشێوازی دانس لەسەر مۆسیقای جاز.

٢- پێڕەوکردنی شێوازی لیریک و شاعیرییەت لە هەندێ دیمەنی دەستنیشان کراودا. جووڵە لەو دیمەنانەدا خاوو لەسەرخۆیە، ڕەنگە زیاتر بەدانسی بالیەی بچوێنین.

٣- پێڕەوکردنی شێوازی کۆمیدیا، ئەمەش لە شانۆنامەکەدا بەشێوەیەکی زەق و ئاشکرا وەدەر ناکەوێت، بگرە دەبێت بەوردی بۆی بگەڕێیت، پاشان قوتابییەکان بۆیان دەرکەوت کە شانۆنامەی یارییە خەونێک چەند بوارێکی فراوانی کۆمیدیا و تەنزی تێدایە.

ئەرکی قوتابی ئەکتەر پاش تاووتووکردنی هەموو پێکهاتەکان ئەوە بوو کە دەبووایە هەموویان بخەنە چوارچێوەیەکی گشتییەوە. واتە بە فۆرمێکی گشتگیرەوە کە لەسەر هونەری گێڕانەوە بنیاد نرابێت. بێ گومان توانای کاری جەستەیی  و شانۆیی بینین ئامێز، بەکاری بەردەوام گەشە دەکات و یەکسەر نایەتە ئەنجام. ئەمە ئەگەر بەشێوەیەکی شانۆیی ڕاست و دروست ئەنجام بدرێت.

## ئیتۆدەکانی بیومیکانیک

چەمکی جووڵە لە هەردوو نمایشی ڕەبات و کۆمبریا لەسەر میتودی بیومیکانیک بەرجەستە کرابوو.

کاتژمێری یەکەمی ڕاهێنانەکانی جەستە بە پلەی یەکەم بۆ ڕاهێنان لەسەر سێ ئیتۆدی سەرەکی بیومیکانیک، شەقازللە، بەرد فڕێدان، تیروکەوان تەرخان کرابوو.

سەرجەمی ئەم ئیتۆدانە و چەند ڕاهێنانێکی دیکە بەر لە پرۆڤەکان دەکران، لەلایەکەوە وەکو خۆسازکردن لە ڕووی جەستەوە بۆ پرۆڤەکان و لەلایەکی دیکەوە بۆ

مەشقكردن لەسەر چەمكی جوولّە بە پێی میتودی بیومیكانیك، كە لەسەر ئەم سێ بناغەیە دەڕوات: دیقەت و كاریگەری و مەبەست و پەیام.

دیارە مەبەست لە دیقەت لە جوولّەدا ئەوەیە كە هەر جوولّەیەك كە ئەكتەر دەیكات، دەبێت سەرەتا و پرۆسە و كۆتایی هەبێت، واتە دەستپێك و كۆتایی دەبێت بە تەواوەتی روون و ئاشكرا بێت.

جوولّەی ئەكتەر دەبێت گوزارشت لە پەیامێك، یان مەبەستێكی بكات، هەر جوولّەیەك كە بێ مەبەست و بێ پەیام ئەنجام بدرێت، زیان بە فیكرەی شانۆنامەكە دەگەیەنێت و نمایشەكە دەشێوێنێت.

كە باس لە جوولّەی كاریگەر دەكەین، مەبەست ئەوەیە كە جوولّە دەبێت ڕۆڵی هەبێت و بێ وزە و بێ دینامیكییەت ئەنجام نەدرێت.

ئیتۆدی شەقازللەكە بەدوو كەس نمایش دەكرێت، یارمەتی ئەكتەر دەدات كە بەشێوازێكی پراكتیكی هاوئاهەنگی لەكاری فیزیكی هاوبەش لەنێوان دووكەس و زیاتر بە ئەنجام بگەیەنرێت، ئەمە جگە لەوەی كە ئەم ڕاهێنانە بۆ ڕاهاتن لەسەر ڕیتم و مۆسیقا زۆر بەكەڵكە.

هەرچی ئیتۆدی بەرد و تیروكەوانە، لەمەسەلەی هاوئاهەنگی لەگەڵ جەستەی خۆیدا یارمەتی ئەكتەر دەدات و هەروەها لە مەسەلەی دەستپێك و كۆتایی پێ هێنان یارمەتی دەدات.

پاش ئەوەی ئەكتەران توانییان تا ڕادەیەكی باش بەسەر هەردوو ئیتۆدەكەدا زاڵ بن، ئەمجا لەگەڵ چەمكی پلاستیكا دەستیان بەكار كرد، درۆ نییە گەر بڵێم قوتابییەكانی ڕەبات لەم ڕووەوە زۆر لە قوتابیانی كۆمبریا زیرەكتر بوون، ڕەنگە ئەمەش بۆ ڕەگوریشەی ئەفریقای مەغریبییەكان بگەڕێتەوە كە لەبارەی جەستەییەوە لە ئینگلیزەكان چالاكترن و بە ئاسانی جەستەیان بەكار دێنن.

هەرچەندە قوتابیانی ڕەبات لە رووی هەستی مۆسیقا و ڕیتمەوە بەتوانا بوون، بەڵام قوتابیانی كۆمبریا لەبەر ئەوەی قوتابی بەشی موزیكاڵ بوون، جگە لەوەی لەبواری مۆسیقا و گۆرانیدا بەتوانا بوون، شارەزاییەكی باشیشیان دەربارەی تیۆرەكانی مۆسیقا هەبوو، هەربۆیە مۆسیقا و گۆرانی ڕیتم سیما و خاڵی بەهێزی نمایشەكەیان بوو.

**پلاستیكا**

مییرهولد دەڵێت ئەركی ئەكتەر ئەوەیە كە فۆرمی پلاستیكا لە پانتایی بخوڵقێنێ. پلاستیكاش ئەگەر بە سادەیی لێی بكۆڵینەوە، دەكرێ بڵێین كە دەبێ لەسەر بناغەی فۆرمی ڕاست و دروست بخوڵقێنرێت، بەڵام پلاستیكا تەنیا جوولّە و كردار نییە، بگرە بێ دەنگی و جوولّەیە. لەڕاستیدا پلاستیكا واتە پێگەی جەستە لە فەزا و لەپێوەندیدا، ئەمەش هەموو شتێك دەگرێتەوە كە پێوەندی بە جەستەوە هەبێت. بێ گومان هەردوو نمایش لە ڕەبات و لەكۆمبریا گەلێك هێڵی هاوبەشیان تێدا بوو، ئەم هاوبەشییەش لە بنەماكانی میتود ڕوانگەی هونەری و پێداگۆگییەوە سەرچاوەی گرتووە، من چ وەكو ڕیژیسۆر و چ وەكو پێداگۆگ بەپێی میتود و كار دەكەم، پێشم وایە لە دەرس گوتنەوەدا میتود زۆر گرنگە. پێداگۆگی پیشەكار دەبێ میتودەكە بەر لەهەموو كەسێك بۆ خۆی ڕوون بێت. بەردەوامیش پەرەی پێ بدات، بەگوێرەی كات و جێگا بیگونجێنێت، ئەوەی لەڕەبات دەگونجا مەرج نییە دەقاو دەق لەكۆمبریا بگونجێت، بەڵام ناوەرۆكی میتود هەمان ناوەرۆكە، لە پراكتیكدا گەلێ جیاوازی شێواز و جێبەجێ كردنی میتودی كاركردن بەدەردەكەوت، هەر لێرەشدا دەوڵەمەندی میتود وەكو ئامرازێك بۆ داهێنان دەردەكەوێت.

پێم وایە پێداگۆگی كارامە كەسێكی كراوەیە و سینگ فراوانە، هەردەم لەخۆی دەپرسێت لێرە و ئێستا چ بكەم؟ بەگوێرەی واقیع و بارودۆخی نوێ كەرەستەكانی دەگونجێنێت، بنەماكانی میتود وەكو ڕێباز هەمان بنەمان، بەڵام میتودی كاركردن دەگۆڕێت. بەپێی واقیعی نوێ و بەشدارانی نوێ، واتە گرووپی نوێ دەگۆڕێت.

وانەكانی هەردوو نمایش بۆ من وەكو ڕیژیسۆری پێداگۆگ (پەروەردەكار) گەلێ بەكەڵك بوون، وەكو ئەزموونێكی هونەری و پەروەردەیی لەكاردانەوە و خوێندنەوەی ڕاو بۆچوونەكانی قوتابییەكانی هەردوو گرووپ بایەخێكی گرنگی هەیە، پێم وایە بۆ ئەوانیش بە هەمان شێوە بوو، هەر نەبێت هەردوو نمایشەكە لەسەر ئاستی هونەری و ئاستی پەروەردەیی ئەم ڕاستییەی سەلماند. پاشتریش نامەی قوتابییەكان و هەندێك لە مامۆستایان ئەمەی دەسەلماند.

ژمارەیەكی باشی قوتابیانی كۆمبریا توێژینەوەی كۆتاییان بۆ لێكۆڵینەوە لەسەر یارییە خەونێك تەرخان كرد و میتودی كاركردن و دەرهێنانی ڕۆبێرت لیج مامۆستای كۆمبریا و لێكۆڵەری بەناوبانگی بەریتانیا بە نامەیەكیدا بۆ خۆم، نمایشەكە بەرز هەڵدەسەنگێنێت و دەڵێت: ئەم نمایشە لەبیر ناكرێت، لەسەر هەموو ئاستی هونەری و پێداگۆگی لەئاستێكی بەرز دایدەنێت و پێی دەڵێت: نایابە و لە پلەی یەكەمدایە: First class.

# گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە

**وریا ئەحمەد**

## کەمال غەمبار

(کەمال حوسێن مەلا ئەحمەد)، کە بە (کەمال غەمبار) ناسراوە، ساڵی (١٩٣٧) لە کۆیە لە گەڕەکی (بایزئاغا) هاتۆتە دنیاوە، قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی لە کۆیە و دواناوەندیشی لە هەولێر تەواو کردووە و دواتر کۆلێژی ئادابی بەشی زمانی (عەرەبی) لە زانکۆی بەغدا تەواو کردووە.

گوتم: مامۆستا ئێمە سەردەمی منداڵی لە کۆیە تۆمان دەدیت، بەڵام دواتر دیار نەمای، دەکرێ هۆکاری ئەمە بزانین؟

گوتی: ئەو سەردەمەی (هادی چاوشلی) لە کۆیە (قایمقام) بوو، داوایان لە خەڵک دەکرد، (پاکانە) پڕ بکەنەوە! هەتا کرێکاریش ئەگەر داوای ئیشی بکردایە داوای هەمان ئەو کارەیان لێ دەکرد، ئەو سەردەمە بەو هۆیەوە من لەگەڵ باوکم عادز بووم و پڕم نەکردەوە، بۆیە بۆ بەغدا چووم و لەوێش هەر بەو هۆیەوە تووشی گیروگرفت بووم، دواتر لای (ئیحسان شێرزاد) لە پرۆژەیەکدا وەک چاودێری ئیش دامەزرام، ئەوکاتە لە دواناوەندی بووم، بەڵام بە هۆی گیروگرفتی سیاسییەوە ساڵی (١٩٥٧) بۆ هەولێر گەڕامەوە، دیارە ئەوکاتە لە قەزاکانی سەر بە هەولێر دواناوەندی نەبوو، بۆیە قوتابیانی کۆیە و ڕواندز و ئەو شوێنانە بۆ تەواوکردنی خوێندن بۆ هەولێر دەهاتن. ئەوەبوو من دواناوەندی بەشی وێژەییم لە هەولێر تەواوکرد، شایانی باسە ئەوکاتە قوتابخانەی دواناوەندی بە هەردوو لقی زانستی و وێژەیی تەنیا پۆلەکانی (چوارەم و پێنجەم)ی هەبوون.

گوتم: بەو پێیەی ساڵانێکە خوێنەرێکی چاکیت، تا ئەمڕۆ چەندین کتێبی جۆراوجۆریشت بە چاپ گەیاندووە، لەبارەی مێژووی کۆیەوە چیت لایە؟

گوتی: کۆیە شارێکی زۆر کۆنە، پێش بە ئیسلام بوونی



**کەمال غەمبار**

خەڵکی ناوچەکە، کۆیە هەبووە و کاروانسەراش بووە، شوێنێکیش کاروانسەرا بووبێت، دیارە لە شوێنانی تر پێشکەوتووتر بووە، باپیرانی ئێمە لە کۆیە دژ بە هێرشی لەشکری موسوڵمانان جەنگاون و کوژراویان داوە، کە ئەمڕۆ لە کۆیە بە (سەلکی کافر)، ناویان دەبەن و هەندێ جار و هەندێ کەس بەرد بارانیشیان دەکەن! دانیشتوانی شارەکە، ئەوسەردەمە لەسەر ئایینی دێرینی (زەردەشتی) بوونە، کە ئاشکرایە لە ئایینەکانی (جوولەکە) و (دیان) کۆنترە. مامۆستا غەمبار لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو و گوتی: دیانەکان تەنیا لە کوردستان زمانەکەیان ماوە، ئەویش دیارە لەبەر ڕێزلێنان و جۆرە ئازادییەکی زیاتر لە شوێنانی تری وەک ناوەڕاست و خوارووی عێراق، کە زمانەکەیان لەو شوێنانە نەماوە.

گوتم: ئەو سەرچاوانەی دەربارەی مێژووی کۆیە نووسیویانە، یان باسی کۆیەیان کردووە، جگە لەوانەی یادیان بەخێر (بەرگی یەکەمی حاجی قادری کۆیی – مەسعوود محەمەد) و (مێژووی کۆیەی – تایەر ئەحمەد حەوێزی) و کتێبی (من عمان الی عمادیة) هیچ کتێب و سەرچاوەی دی شک دەبەن؟

گوتی: کتێبی (گەشتی – نیبور – بۆ عیراق)، کە (٢٠٠) ساڵ زیاترە نووسراوە و تێیدا هاتووە: کاتی زۆر زوو کۆیە (سنجاق) بووە، شارەکانی (هەولێر) و (کەرکووک) سەر بە کۆیە بوونە!

مامۆستا غەمبار لە قسەکانی بەردەوام بوو گوتی: بۆ بە کۆیە دەڵێن شار...؟ چونکە جگە لەوەی زۆر دێرینە، هەر لە کۆنیشەوە لە تەک کشتوکاڵدا (پیشەسازی) تایبەتی خۆی هەبووە، لە توانایدا بووە هەموو پێداویستییەکانی خەڵکی دانیشتووی ناو شارەکە و دەوروبەریشی بەرهەم بێنێت، هەندێ لە پیشەکانی ئەو سەردەمەی کۆیە: پیشەی کورتان دروو، سۆل و ئێمەنی دروو، جۆلایی، خومخانچی، زێڕ و زیوچی، خەنجەرچی، چەخماخچی، ئاسنگەری، مەنجەڵ سپی کردنەوە، دارتاشی، بەننایی، کولێرە بەڕۆن و نانەوایی، ناڵبەندی، موورێسی، ...تاد. ناوچەی کۆیە هەر لە سەرەتاوە ناوچەیەکی گرنگ و ناودار بووە. بۆ نموونە چەندین خان و (گەرماو – حەمام)ی تێدا بووە. من دەپرسم و دەڵێم: بۆ بە شوێنانی وەک: (ڕانیە) و(قەڵادزە) دەڵێن شارۆچکە؟

گوتم: دەیان گۆرانی ڕەسەن و تایبەتمەند لە شاری کۆیە هەن، هەر بۆ نموونە، جگە لەو مەقامانەی (سێوە)ی نەمر بەتۆماری گەیاندوونە: بازان باز قەتار، دەماغم وەزنە، ئاهویار، شلێ یارێ، شلەوخانان، سام سام، بۆ فریبی عاشقان، لەو کولبەیی ئەحزانە، شەوێ نانووم و... دەیانی تر، لەکۆیە هەن و لە شارەکانی دیکەی وەک (هەولێر) و (کەرکووک) و هەتا (سلێمانی)ش بەدی ناکرێن و نابیسترێن، شێوازی گوتن و مەقام لە کۆیە، تا ڕادەیەک لەگەڵ شێوازی (ناوچەی موکریان) جۆرێک لە خزمایەتییان هەیە و نزیکن، بەڕای تۆ هۆکاری ئەمە چییە؟

گوتی: وەک زووتر گوتم، شاری کۆیە کاروانسەرا بووە، لە سەردەمی (ئەمین ئاغای ئەختەر) گۆرانی و مەقام لە شارەکەدا و لەسەر دەستی ئەو زۆر پێشکەوتووە، بەڵکو لە سەردەمی خۆی ڕەت داوە، هیچ ئاغایەک نەبووە، لە ئێوارەوە تا نیوەی شەوێ دەنگخۆش و مەقامزان و مەقامخوێن و شاعیرەکان و..تاد، لە دیوەخانی خۆیدا کۆیکاتەوە، ئەمە نەک هەر هی ناو شارەکە، بەڵکو هی دەرەوەی شارەکەشی میوانداری کردوون، توانیویەتی هانیان بدات و ئاراستەیان بکات و زەمینەیان بۆ بڕەخسێنێت. مامۆستا غەمبار گوتی: کاتی خۆی من شانۆنامەیەکی هونەرمەند (ئەحمەد سالار)م بۆ گۆڤاری کاروان هەڵەچنی کرد، کە لەسەر هونەرمەند (دەروێش عەبدوڵڵا) دانرابوو، دواتر توانیم شانۆگەرییەکەش ببینم، گوتنەکان بە دەنگی گۆرانیبێژ (بورهان محەمەد) بوو، یەکێک لەو گۆرانییانە کە بەناوی:

(بۆت بمرم جانانە) بوو، هۆنراوەکە دەڵێ:

**لە سینەی ئیجاد بوو دوو بەی**
**قوبەی تاجی کاوس و کەی**

**نەکەی دەستییان لێ بدەی**
**با بمێنێ بۆ نیشانـە**

**لە پەنهان دەستم برد بۆ بەی**
**مارەنگازم ترسام لە حەی**
**باغەوان بانگ ئەکا نەکەی**
**ئێرە جێی شاهی مارانە**

**خاڵی ڕەشی سەر ڕوومەتی**
**حەجەرول ئەسوەد خۆیەتی**
**کەسێ بکا زیارەتی**
**لە دەرەجەی شەهیدانە**

بۆیە دواتر تەلەفۆنم بۆ هونەرمەند (ئەحمەد سالار) کرد و گـوتم: ئەمـە ئاواز و هۆنراوەی ئەختـەرە، ڕەنگە ئەو دەروێش عەبدوڵڵایە(*) کاتی خۆی لە کۆیە لە دیوەخانی هونەرئامێزی ئەمین ئاغای ئەختەر میوانداری کرابێت و گـوێی لەم گـۆرانیـیـە بووبێت، دواتر لە سلێـمـانی گوتوویەتییەوە و بەم شێوەیە گۆرانییەکە بڵاوبۆتەوە.

مامۆستا کەمال دیسان گوتی: پێش ماوەیەک بەر لە نەشتـەرگـەرییـەکـەی، ئەم هۆنراوەیەم بە هونەرمـەند (عـەدنان جەمال) دا و لەو بۆنەیەی (تیـپی مۆسیـقـای باواجی کـۆیە) ، کە ڕێزی لە ئەندامانی کـۆنی خـۆی نا، گۆرانییەکەی پێشکەش کرد.

گـوتم: بە بڕوای من کـۆیە لەو سـەردەمـە زۆر کـۆنانەی وەک سەردەمی (ئەمین ئاغـای ئەختـەر)ی نەمر، هونەری (مـەقام و گـۆرانی) کەسـانێک خـاوەندارییان کـردووە و کـاری تایبـەتی ڕۆژانەیان هۆنراوە نووسین و ئاوازدانان و شـیکردنەوەیان و فـێـرکـردنی ئەو مـەقـام و گـۆرانیـیـە تایبـەتمەندانەی ناوچەکـە بە خـەڵکی فـێـرخـواز بووە؟ مـەبەستم ئەو سـەردەمـانە دیوەخانەکانی وەک دیوەخـانی ئەمین ئاغـای ئەختەر کاری پەیمانگە و ئەکادیمی هونەری مەقام و موزیکی ئەمڕۆی کردووە و لە فێرکردن و بەرهەم هێنانی شـاکـاری هونەری نوێش بەردەوام بووە! تۆ لەم بارەیەوە چی دەڵێی؟

گوتی: بەڵێ، چونکە هەندێ دیاردەی سەرنجڕاکێش لە کـۆیە هەن، بۆ نموونە: کـاتی خـۆی کـۆیە (شـوورە)ی هەبووە، ئێستـاش ناو و شـوێنەواری ئەو شوورەیە ماوە، وەک دەرگـاکـانی: دەرکی خـۆشناوان، دەرکی گـەرەوێ، هەروەها (قـۆنگر) و (سـەرتەمـتـەمـان) و جگە لەوانە شـوێنی باڵاخـانەی (مـەحکەمـە)ی ئەمـڕۆی کـۆیە، سـەرشـوورانی ناوبووە، ئەمـانە بەڵگەن بۆ کـۆنی و پێشکەوتوویی ئەو شارە لەو سەردەمە کۆنانەدا، بۆیە کۆیە لە شارەکانی دی جیـادەکرێتـەوە، لە بیرمـان نەچێ (دیان)ەکـانی کـۆیە، لە کـاتی کـاری وەک: مـوورێسی و جۆڵایی هەمیشە گۆرانییان گوتووە.

گـوتم: ئاگـاداری پرۆژەی مێـژووی کـۆیەی کـە لە لایەن چەندین مـامـۆسـتـای بە ئەزمـوونی شـارەکـەوە بەڕێوە دەچێت؟

گـوتی: بەڵێ، بۆ نموونە یەکـێـک لە ئەندامـانی ئەو دەستەیە مامۆستا (عوسمان خۆشناو) کە من پێشەکیم بۆ کتێبێکی نووسیوە، کە لەسەر شاری کۆیەیە، تا ئەمڕۆ لە چاپی نەداوە، دەسـتـەکـە پێـیـان باش بووە، دوای لە چاپدانی ئەو کتێبەی تر ئەمەیان بە چاپ بگەیەنرێت.

گوتم: مامۆستـا مەسعوود محەمەد باسی (حاجییە گـەورەی کـۆیە) دەکـات، وەک مەقـامزانێکی گەورە، کـە ئەو کـاتە بۆ دیدەنی مـەقـامـزانانی وەک (عـوسـمـان مـووسـڵـی) بۆ شـاری مـووسڵ و (سـەید دەروێش) بۆ (قاهیرە) چووە، کۆیە زۆر بلیمـەتی دیکەی لەو بابەتەی تێدا بووە، هەر بۆ نموونە (مەڕێنی قەشە) و (نەشئەتی ڕەشـیـد ئاغـا) و (ڕەفـیـق چارچاو) و (حـەنیلە خـڕە) و....تاد، ڕای تۆ چییە؟

گوتی: دەزانم کاتی خۆی مەقامزانی ناوداری عـیراق (مـحـەمـەد قـەپانچی) گـوتوویەتی: گـوتنی مـەقـام لە کەسێک بە ناوی (حاجییە گەورە)وە فێربوومە!

گـوتم: بە هۆی ئەو چاوپێکەوتنانەی تا ئەمـڕۆ لەگـەڵ هەموو ئەو کەسانەی دوور و نزیک پێوەندییان بە گۆرانی و مـەقـامـەوە هەبووە و ڕۆشنبـیـرانی شـارەکـەش ئەوانەی خـوێنەری چاکن، یان نووسینیـان لەسـەر مـێـژووی کـۆیە، یان لایەنێکی شارەکە هەبووە کـردوومن، گـەیشتـوومـەتە ئەوەی بتـوانم دەسـتنیـشـانی ئەو بۆنانە بکەم، کـە لەو شارەدا گۆرانی، یان مەقامی تێدا گوتراوە، جا من یەکە یەکە ناوی بۆنەکان دەبەم و حەزدەکەم تۆش تێبینی خۆت لەسەریان، یان ئەگەر بۆنەی تر هەیە و من نەمبیستووە بە سوپاسەوە باسیان بکەیت؟

(١) بۆنەی ئیجازەدانی فەقێکانی کۆیە. گوتی: ڕاستە لەبیرمە لەو بۆنەیەدا فەقێکان گۆرانییان دەگوت.

(٢) بۆنەی هاتنی وەرزی بەهار و سـەیران و نەورۆز. گوتی: لە بەهاران خەڵکی شارەکە بۆ ناو باخچـەکان بۆ سەیران دەچوون. کەسـێـک هەبوو بە ناوی (خـورشـیـد) بەداخـەوە ناوی باوکـیم بیـر نەمـاوە، مـاوەیەک لە ڕۆژهەڵاتی کـوردستـان ژیابوو، تازە بۆ کۆیە گـەڕابووەوە، تا بڵێی دەنگخۆش بوو. هەروەها نەورۆزی (تاتووکان)م لەبیرە. لە سەیرانگەی (ئۆمەرخوچان)یش هەر ئەو ماوەیە (موحسـینی عـەزیز ئاغـا) و کۆمەڵێ لاوی تر ئاگریان بە بۆنەی نەورۆزەوە کردووەوە.

(٣) بۆنەی مەولوود خوێندنەوە. گوتی: زۆرجار لە ماڵی ئێمە مەولوود دەکرا، (فەقێ ڕابیعە) و (ئامەشەل) بانگ دەکران، ئەمە بۆ مەولوودی ژنان و (فەقێ ئەحمەدە کۆرە)ش وای کرد هۆنراوەکانی (جەلال جۆبار)ی شاعیر بە گوێی خەڵکی شارەکە بناسێنێت.

(٤) ناو تەکیە و خانەقاکان بە تایبەتی ڕۆژانی ستایشی پەروەردگار و خوا پەرستی.

(٥) سەردوولکە، یان شین و پرسەی جوانەمەرگ و کەسایەتییە ناودارەکان.

(٦) دیوەخان. گوتی: مام ڕەسووڵ گەردی لەسەر (سەکۆ)یەکەی بەردەم ماڵی (کاکە زیاد ئاغا) دادەنیشت و حەیرانی دەگوت، ئەوکاتەی من باسی دەکەم ماڵی کاکەزیاد لە بەرانبەر مزگەوتی (مەحموود ئاغا) بوو.

(٧) بۆنەی کارکردن. گوتی: لە کۆیە دیانەکان دەستی باڵایان لە مەقام و گۆرانی هەبوو، من کە ساڵی (١٩٥٨) بۆ بەغدا چووم، لە ئێزگەی بەشی کوردی بەو پێیەی منیش زیاد لە جارێک لەو ئێزگەیەدا هۆنراوەم پێشکەش بە گوێگران کردووە، تۆمارکردن نەبوو، بەڵکو پەخشی ڕاستەوخۆ هەبوو، (وەحید بامەڕنی) کە ئەفسەرێکی سوپا بوو، پلەی (زەعیم) بوو، ئەوکاتە وەک (چاودێر) لەو ئێزگەیە بە نوێنەری حکوومەت دانرابوو، ئەو بەرهەمانەی لەو ئێزگەیەدا ڕاستەوخۆ پەخش دەکران دەبوایە ئەو لێیان ئاگادار بێت و ڕازی بێت، جا کاتێک (مامە سێوە)ی نەمر لەو ئێزگەیەدا ئەو مەقامانەی بە هاوکاری هونەرمەندانی پایەبەرزی وەک (قادر دیلان) و(نازم نەعیم) و هی ترەوە تۆمار کرد، لەلایەن هەموو ئەوانەوە دەستخۆشی لە مامە سێوە کرا. هەرچەندە لەکۆیە دوای تۆمارکردنی ئەو شاکارانە، منداڵ و کەسانی نەفام و کەسانی لە پیرۆزی ئەو هونەرە نەگەیشتوو، بەردیان لە دەرگای ماڵی مامە سێوەی نەمر دەگرت و بێ شەرمانە هاواریان دەکرد: ئەوەل سەحەرە، ماڵی بابی سێوەی پڕ لە گورگ و چەقەرە!

(٨) بۆنەی کۆبوونەوەی هەندێ کەسایەتی نیشتمانپەروەر کە لە دەرەوەی شار دادەنیشتن و باسی کوردایەتی و سیاسەتیان دەکرد، بەدەم مەینۆشییەوە، گۆرانیشیان دەگوت؟ گوتی: کاک ئەحمەدی باوکت و کاک عومەری مام عەولا و ئەوانە کەسانی سیاسی بوون و گۆرانی و مەقامیان بە هۆنراوەی نیشتمانی دەگوت، جگە لەوان لە کۆیە (حەسەن کاکە) دەنگخۆش بوو، (حاجی قادری پەڕەکار) هەبوو، دەنگێکی زۆر بەرز و ناسک و خۆشی هەبوو، کوڕی (سمایلە خڕە) و (حاجی کاکە)ش کە لە مەولوود دەیگوت، دەنگخۆش بوون.

گوتم: ئەگەر شتێکمان باس نەکردووە، یان چیت هەیە بیڵێی فەرموو.

گوتی: کاتێک (کۆماری مەهاباد) تێک چوو، من منداڵ بووم، لە پۆلی دوو، یان سێی سەرەتایی بووم، هەندێ لە گۆرانیبێژانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ کۆیە هاتن، ئەوکاتە لە کۆیە (قومار) باوبوو، تازە میوەی (پرتەقاڵ) پەیدا ببوو، جا لە ماڵی ئێمە دەهاتن گۆرانییان دەگوت، من بۆخۆم هەندێ گۆرانییان لێوە فێربووم، ئینجا ئەو دەنگخۆشانەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هاتبوون، پێیان دەگوتن (شایەر)، لە چایخانەکانیش گۆرانییان بۆ خەڵکی دەوڵەمەند و ئاغا دەگوت و پێیاندا هەڵدەگوتن، تا پارەیان بدەنێ. (حەمەگەمحان) تازە چایخانەیەکی لە گەڕەکی (جوولەکان) دانابوو، لەبیرمە جارێک (میرزا حەمەدەمین)، گۆرانیبێژی نەمر (مەلا کەریم)ی لەگەڵ خۆدا هێنا بۆ کۆیە، ئەوە دەوری ساڵانی (١٩٤٦ - ١٩٤٧) بوو، ئەو میرزا حەمەدەمینە هۆنراوەی زۆری لەبەر بوو. لە وەرامی پرسیارێکدا گوتی: مەلا کەریم کەوای شۆڕی لەبەردا بوو، شەدەی بەستبوو. کەسایەتییەکی جوانی هەبوو، پیریش نەبوو. ئەوکاتە، یان لە ماڵی (تایەری حەمەدەمینی) باوکی دکتۆر جەمالی ددانساز، یان لە ماڵی ئێمە قوماریان دەکرد و هەندێکیان دەشیان خواردەوە، لە بیرمە (تایەر تۆفیق) کە جارێ هێشتا بۆ ئێزگەی کوردی بەغدا نەچووبوو، یەکێک لەو شەوانە لەسەر لا پاڵ کەوتبوو گۆرانی بۆ یاریکاران دەگوت.

*** ئەم دەروێش عەبدوڵلایەی لێرەدا ناوی هاتووە، ئەو دەروێش عەبدوڵلایەی زەمانی مامۆستا (گۆران)ی شاعیر نییە، کە ئەمرۆ (کاسێت)ێکی جێماوی دەنگ و دەفژەنی ماوە، ئەمەی ناومان بردووە، وەک مامۆستا کەمال غەمبار گوتی: هاوتەمەنی ئەختەری شاعیرە و هی ئەو سەردەمە زووانەیە.**

**تێبینی: ئەم چاوپێکەوتنە ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی (٢)ی کانوونی یەکەمی ساڵی (٢٠٠٨) ئەنجام دراوە.**

# لە ژێر ساباتی هونەرمەند (عەلی مەردان)دا

**سەلاح نیساری**
**(بۆکان)**

زایەڵەی دەنگی هونەرمەند، کەژ و بەژ و زەریاو پێدەشتان ناناسێ لەهەر جێیەک بۆی بلوێ، خۆشتر ئەگەر ئەوێندەرێ بژوێن و زەنوێر بێ، یان تەم توومان و دژەساوو ئەنگوستەچاو بێ، ئەوە بارگەو بنەی خۆی لێدەخات، تاوڵ و ڕەشماڵی لێ هەڵدەدات.

یادی ئەوێ دەورو زەمانان بەخێربێ، با بە هەر کوێرە ڕێگاو قەدپاڵێکدا ڕادەبردی بەدەنگی بلوێری شوان و کاڕەی مەڕوماڵات زاخاوی مێشکت دەدا، بە قەراخی هەر بێشە و باغ و لێڕێکدا تێدەپەڕی هەر جریوەی مەل بوو بەسەر چڵووکی دارانەوە لەگەڵ دەنگ و ئاوازی خاڵەی ڕێبوار و هۆهۆی جووتیار و وردە مقامی دروێنەوان و بازی بێریان، شەنکەر و خاوکەر، ئازیزەو پایزەو...، ئاو پرژێنی دڵی دەکردی و پشوویەکی بە ڕوحی تینووی ڕێبوارت دەبەخشی.

ئێستاش لەم سەردەمی هەڵچوون و چاخی ئینتەرنێت و ئاسنەواڵەدا جانتای سەفەر دەکەمە شان و لەوەرزی وشکەساڵیدا، پێ بەسەر خۆڵە مڕەو کێڵگەی تاوسووت و قەرسیڵی قرتی تاو بروودا دەنێم و لە خڕو دۆڵی لێو بە بار و چەمی ویشکەڕۆ و بەردی خەنە تیلکە گرتوو تێدەپەڕیم، دەگمە شکارتەی دێبەری مامە سۆفی لە قەراخ ماڵان و دەنگێکی بە سۆز لە شوێنێکی نادیارەوە تێکەڵ بە نەرمە سۆز و شنە با-ی سەر هەڵگرتوو ختۆکەی گوێم دەدا، لەم تەمەنی وشکە ساڵییەدا مەسیحا ئاسا ڕوحم وەبەر دەنێ و هونەرمەند عەلی مەردان ئاسایی دەبێتە ئاوپرژێنی چڵی گوڵی چاو لە بارانم. تاسەم دەشکێنێ و شەکەتی و هیلاکی ڕێگام لە جەستە دەردەکات و بەدەنگی بلاوێنی ئارەقەی ماندووبوونم لە ڕوخسار دەسڕێ.

پیرە پیاوێکی پەڕپووت و بەساڵاچوو بەریانی مارە مارەی جۆگەلەی بەرماڵان هەڵدەبەستێ، چاوەڕوانە بەو قومە ئاوە لێوی ئەو سێ چوار دێراوە تەڕ بکات و بڕکەی خەیار و ترۆزی گەشەو نەشە بکات، مامە پرە لەو دێبەرە چاوەڕوانی پڕ بوونی بەریانی تینوو دەکات.

منیش چەقڵ و کیفار و دڕک و پێکوڵێکی زۆرم وە



**ناسر کەریمی**

پشتی سەرناوە و ئێستاش لێی نزیک دەبمەوەو لە پاش ئەو قرچەو گەرمایەی سۆزەی شەماڵ لە دەشتانی هەڵگرتوو بەقەد کێوانی داداو تاوێرە بەردانی پێ شەقار کرد. ماندوو نەبینی پێ دەڵێم و سڵاوێکی ئاراستە دەکەم:

– ماندوو نەبی کاکی بێسان چی!

لەگەڵ دەمو دەست ڕامووسانێکدا منیش تامەزرۆیانە دەرەتانی گفتولفتی پێ نادەم، لێی دەپرسم:

– ئەو گوندە کوێیەو ئەو دەنگە بەسۆزە لە کوێڕا دێت و کێیە ئاوا دڵی ئەستێندراوەو لە سوێی چ دڵستانێک، لە کام بندار و بەر هەیوانێکەوە نازدار حەیرانان لە غوڕابی خەو ڕاست دەکاتەوەو شەنگە بێریان ڕەوانەی مەڕ دۆشین دەکاتن؟

پیرەمێرد، وەک شاعیری بەبێ دەفتەر و پەڕاو، وەک گەڕیدەی ئاران و پیرە زۆزانێ چاو لەوپەڕی ئاوایی دەبڕێ و بەم گفتە سۆفیانەیە دێتە ئاخافتن:

**دەک پێراوی خێرت هێنایتە ماری دەبابی خۆ، کاکیلەی دە ڕێبواری، هەر دەریێ خەرکی وڵاتی دەخۆن نیت کاکی من! نەکوو غەوارەو لە بازێرۆکێڕا هاتییە بەشی دەبەگزادان، ئێرۆکە ناو دێرە بە (ئاخجێوان)، خاری خۆت دەبەرت دەمری، بە قورحانی بەرباخەران، هەموو ڕۆژێکی دەنگی ئەو کوڕەلاوە منی پەڕەوازە دەخاتە سەر شاباری خۆی و دەمباتەوە وڵاتەکەی پیرە گەرمێنێ. هەر ئەوەندەی ستران و مقاماتی خۆش دەرێتن خەفەتان لە دڵی مرۆڤی دەتارێنێ و کیژۆران لەشیرنە خەوێ ڕادەپەڕێنێ ئەو دەنگ بێژە ئێستاکێ میوانی خاری خۆیەتی. ناسرو ماڵماڵان، لاوک و حەیرانان، سوارۆ ئایشە گوڵ دەبێژێ. (ناسر کەریمییە).**

* * *

بەڵێ خوێنەری هێژا، لەسەر بستۆی ئەم خاکە ڕەنگینە زۆر دەنگ بێژی خۆش وێژ هەن وەک دەبێ بناسرێن نە ناسراون. ئێستاش دەبمە میوانی مقام بێژ و حەیران وێژی گەنج کاکە ناسر کەریمی، ئەم گوڵوشە ڕەسەن و بەستە فۆلکلۆرییانەی لە دەم دەژنەوین کە بێجگە لە مقامات و قەتارو لاس و خەزاڵ و سەیدەوان و هیدی بە نازدار حەیران و قەتارێک باوەشی بۆ ئاواڵا کردین:

**قەتارەی قەتار، سەرجەللەی قەتار**
**قامک وەک بلوور، مەمک وەک هەنار**
**قەتارێک هاتووە گەوهەر بارییە**
**خورشیدی خاوەر سەرقەتارییە...**

ئیتر بۆ حەسانەوەو خۆ ڕزگارکردن لە دەست سەبوون و گەرمای تاقەت پڕووکێن، بە شنەی بلاوێنی ئەم بەستە کەونارایانە ژین بووژایەوە؛ ئێستاش با گوێ بیستی زۆر وشەی جوان و دڵستانی ڕەسەنی کوردیمان بین، هەر ئەوانەی گۆرانی وێژانی دەنگ خۆشی گەلەکەمان شەونمی دڵدارییان لەبەرەبەیاندا خستۆتە سەر پەلکی گوڵان، بەشێنەیی تێکەڵ بە کەروێشکەی گەنم جاڕی بەستەکانی دەبین و چێژ و بەرامەی تایبەتی لێ هەڵدەمژین.

**نە شەڕمان بووە نە دڵ گرانی**
**بۆ جارێ ناڵێی چۆنی فلانی**
**ئەگەر دەمەکەت بێنی بەم لاوە**
**بێشک پاڵ ئەدەی بە بەیتوڵلاوە**
**ئەوە مانگ هەڵات دای لە دەلاقە**
**خۆ من دەوڵەت نیم بتکەم فەلاقە**
**سەر بۆ سەربڕین پێ بۆ فەلاقە**
**چاو بۆ چاوبڕکێ لەبەر دەلاقە**
**تیر بارانم کەن تیر لەبانی تیر**
**دەس بەزامەوە تۆم ناچێ لە بیر.**

لە چەمکی ئەم باسەدا گەشتێک بەنێو گەلێک وشەو بەستەی ڕەسەندا دەکەین، کە هەر یەکەو لە بۆنەو لەجێی تایبەتدا هۆنراونەتەوە، گومانیشی تێدا نییە کە خاوەنی ئەم بەستەو هۆنراوانە هەر خۆی دانەر و بێژەری بووبێ و بە دەنگ و گۆرانیی گازی کردۆتە یار خەزاڵی خۆی و لە پەسن و تاریفاتی ڕاچووە، یان بەگلەو گازندە کەویاری دڵڕفێنی کردۆتە ئاماجی لۆمەو تیروتانووت: زۆر جاران لەوپەڕی دڵ شکاویدا، وەفا-دارانە چی لە دڵدا بووە درکاندوویەتی.

کوڕەلاو گەلێک جار لە دەست بێ وەفایی یارە نەشمیلانەکەی ناڵاندوویەتی و سۆزو بەستەی خۆی داوە بەدەم نەرمەبای گۆرانیدا، گەیاندوویە بە دڵبەرەکەی خۆی. هەروەک لە کەوناراوە مەستی و بەنگی بەشوورەیی و ترێق بوونەوە زانراوە لە کۆمەڵگای کوردەواریدا (دوور لە ئێستا) لەگەڕی شایی و کۆڕی دیلانێدا ئاوا تێدەچریکێنێ:

**نە مەستی ئارەق، نەگێژی بەنگم**
**ئەتۆکەم خوڵکی ئەمنیش دڵتەنگم.**

هونەرمەندی ستران بێژ ئاشقە و وڵاتەکەی بە هەموو شتەکانییەوە خۆش دەوێ. بە ڕەوت و ڕۆیینی نازدارانی چاوبەڵەک و مامز شێوە ئۆخژنی دێتە بەرو بەسەر شینکەو جارە گوڵاندا ڕادەبرێ و لە ئاسمانی ساو ڕادەمێنێ و تێدەچریکێنێ. بە ئازار و کارەسات و نەهامەتی گەلەکەی شاعیر ئاسا ئاگر دەگرێ و شایەرانە بەسۆزە سۆزکوڵی دڵی هەڵدەڕێژێ. هەر بۆیە مرۆی خاوەن هونەر لە چەشنی گوڵ عومری کەمە، یان ئەوەی تەمەنێک بە ئازارەوە دەباتە سەر.

مامۆستا، هێمن گوتەنی: (**هونەرمەند و ژیانی خۆش محاڵە/ هونەرمەند ڕەنجەڕۆیە ژینی تاڵە**) خۆ ئیتر ئەم گەنجە دەنگ خۆشەمان لەم گوتەیەی هێمن بێ بەش نییە. جا ئەگەر گەردەلوولی گەردوون لێی دووربێ و مۆسیقارانی دنیای سەردەم بەهانایەوە بێن، ئەوە ئەویش مۆرکی خۆی ئەدا لە تەویڵی چاخی بەهرەمەندی دەدا. ئێستاش بەم هەموو دەست تەنگییەوە سۆزی ناڵین و گۆرانی کردۆتە مۆم و بەگژ تاریکاییدا کردووە، بەستەویژی سەوداسەریش تاکو بوار و بەردەبازێک نەبێ بە دەگمەن خۆی بە دەم ئاو داداوە. مێدیاکانیش خۆ بێ بەڵابن لەبەر زۆروبۆری (هونەرمەندان) فریاناکەون سووکەڵە ئاوڕێک لە حەیران بێژ و فۆلکلۆرزانان بدەنەوە؛ جێی خۆیەتی لێرەدا بچینەوە بەر هەیوانی تۆرە و فۆلکلۆری پڕ پیت و بەرەکەتی کوردی، ئەو وشە ناسک و تورت و ئاودارانە بژنەوین کەوا کەمتر سوواوو پوواون و ئەم شیعرە سەرنج ڕاکێشانەی لە دڵی ئەویندارانەوە قەڵبەزەی بەستووە و لە گەرووی خۆش وێژانەوە دەرچووە:

**مەگری بۆ گوڵێ کە خاک بەسەرە**
**بمرە بۆ خاکێ کە گوڵ پەروەرە**
**گەر من ئاشق نیم ئەم ئازارمە چەس**
**ئەم دادوبێداد گلەو گازمە چەس**
**زۆر حەیفە بڕنەو بفرۆشی بۆ ژن**
**شەڕی پێنەکەی ڕووبەڕووی دوژمن**
**بریا دەرزیلەی ناسک و تەنک بام**
**دەروازە بانی سینەومەمک بام.**

بەڵام ستران بێژی سەودا سەر، تەنیا نەی ڕوانیوەتە کات و ساتان، هەر لە دڵستانی دڵبەراندا نەماوەتەوەو لەنێو پۆلی نازداران ئۆقرە ناگرێ و واز لەشای نەونەمامان دەهێنێ و چیدی ناڕوانێتە ئاسکە کچان. ئەم جار خۆی لە ڕێی نیشتمانەکەیدا دەکاتە قوربانی. دەڵێ ئەگەر من ئاشق و شەیدا نیم، ئەو هات و هاوارەم لە چییە؟

گەنجینەی فۆلکلۆری کوردی بەختەوەرانە دارماڵە لە سەربردە و مۆرک و ڕەسەنایەکی کوردی پێوە دیارە، هەروەکوو خەج و سیامەند، ناسر و ماڵ ماڵ، سەیدەوان، ئایشەگوڵ، حەیران، گەڵۆو....،

**کۆترە باریکەی سەریاڵ بەسیاوم**
**کۆتر ئەم دێ نیم زنجیر کریاوم**
**ئازیز خۆم قوربان شەوناڵێنت بم**
**ئەسرین گۆل بەستەی سەریاڵێنت بم**

بەستەوان لەهەر تەمەن و زەمەنێکدا ژیابێ جگە لە ڕۆژانی دڵداری خۆی بۆتە نوێنەری کوڕوکاڵان، لەبەر زیرا ڕوانیویەتە تەمەنی پڕ لە حەز و تاسەیان. هەناسەی لەمەڕ نەمام و خونچە سێو و چاوبادامان هەڵکێشاوە، لە ماڵە بابان بە پاوان کراوی و نامرادی لەسویی حەسارەی بەختیان چاو بە فرمێسکن. بە خەیاڵ لەکاتی نیوەشەودا لەگەڵ دزەی بزەی مانگەشەو دەخزێتە ژووری خەویان و بە بەستەو گۆرانی لە جۆلانەی خەودا ڕایان دەژێنێ و بۆکلەی چاوی خەزاڵە شۆڕێ بازاڕی شاری بۆکان دەپشکنێ.

**ئاخ و داخ و دەرد وەی وەی و ڕۆڕۆ**
**گشتی بەجارێک لێم هاتوونە سۆ**
**خەڵکی خەم دەکڕێ من خەم دەفرۆشم**
**وەکو سەماوەر لە کوڵ و لە جۆشم**
**ئەتۆ لەو بانە لە حوجرەی حەوڕەنگ**
**منیش لەو خوارە غەریب و دڵتەنگ**
**ڕەنگم زەرد نەبوو تۆ کردت بەبەی**
**تاقەتم نەما سەبریش هەتاکەی**
**داخی گرانە دەردی سەبووری**
**تاکەی قنیات کەم بە مەیلی دووری**

دەریا بە لێ هەڵێنجان کەمی ناهێنێ، بە درێژایی مێژوو دەنگ خۆشان هاتوون لە چەشنی غەواسان شەپۆلبڕانە خۆیان لە قەرەی ئەو ئۆقیانوسە فۆلکلۆرییە داوە، هەر یەکەی بە مەرامێک و هەر مەرامەی بەتامێکەوە سترانیان چڕیوە.

گۆرانیبێژی کورد ئەگەرچی بەستەی بۆ دڵداری گوتووە، بەڵام قوتابخانەیەکی نەمری لە فۆلکلۆر تۆرەی کوردەواری بۆ هەتا هەتایە خستۆتە سەر گەنجینەی کۆمەڵگاکەی


**دەستەی ئاشقان لە دوور دیارن**
**ڕەنگیان زەردەو لێو بەبارن.**

ستران بێژ دڵپاکانە کەوتۆتە ئەرجوو پاڕانەوە لە سویی دڵدارە نازدارەکەی. بۆچی دڵمەندەو نای دوێنێ؟ ئەمەش لە کۆن و کەوناراوە ڕوون و لەبەرچاوانە، کەوا کوڕە حەیران ڕووت و نەدار و دەست کورتە و بابی نازدار حەیرانیش وازی لە سامانداراانە. دەنگبێژی خۆش وێژ لەگەڕی شایی و دیلانێ لە نێو کۆڕی کەیخوداایان تێی چریکاندووە، برینی کوڕ و کاڵانی سارێژ کردووە، زۆر جاریش هاوار و سکاڵای دڵدار و خۆشەویستانی بە گوێی دایەو بابان داداوە، یان لە دەست بێ سامانی و نەداری ناڵاندوویەتی؛ گەلێ جاریش بە خەیاڵ بۆتە باز و شاهێن تەواری خۆی ڕفاندووە، پەنای بردۆتە بەر مەزنە پیاوان بەشکەم مەسڵەتی بۆ بکەن.

ئیتر بەم هیوایە دڵداران بگەنە دڵخوازی خۆیان و مرادیان حاسڵ بێ، مقام بێژانی وەک (ناسر کەریمی) ڕێچکەی ڕەسەنی کوردی بەر نەدەن. لە کۆتاییدا دەڵێم: ئەگەر سەوداسەری و ئەویندارى تاوانە، ئەوە شانازییەکی گەورەیە بە بەژن و باڵای بەهرەمەند و هونەرمەندان براوە.

# ئایین و زمانناسی

**هاشم سەڕاج**




سەلام ناوخۆش لەم کتێبەدا هەوڵ دەدا لە پێوەندی نێوان کتێبە ئایینییەکان و بواری زمانناسی بکۆڵێتەوە، سەرەتا ئەگەر لە زاراوەی- زمانناسی- بڕوانین هەست دەکەین پاشگری- ناس- کە بە وشەی زمانەوە لکێنراوە، واتای ئاشنایی و ئاگاداربوون، یان شارەزابوون و ناسکردن و زانین دەگەیەنێ، بەڵام چەمکی زاراوەکە بەگشتی و لە کۆتاییدا لە یەکێ لە لقەکانی زانستی زمان «زمانزانی» نزیک دەکەوێتەوە، بەتایبەتیش- زانستی زمانی مێژوویی، کە [لێکۆڵینەوەیە لە پەرەسەندن و گۆڕینی زمان بە تێپەڕینی کات و ڕێگە و هۆی ئەم گۆڕینە لە کاتێکەوە بۆ کاتێ و دۆزینەوە و دەسنیشانکردنی ئەو هۆیانەی کار دەکەنە سەر زمان و دەیگۆڕن.. بڕوانە- چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی- بەرگی یەکەم- پرۆفیسۆر وریا عومەر ئەمین] هاوکات کتێبی «ئایین و زمانناسی» دەیان بابەت و ناونیشانی جیاجیای لەخۆ گرتووە وەک «زمانی سانسکریتی و بەرپابوونی. دیاردەی زمانناسی». «زەندی ئاڤێستاو زمانناسی»... تاد، بەڵام زۆربەی بابەتەکان بە کورتی و بەشێوازێکی خێراو برووسکەیی گوزارشتیان لێ کراوە، ئەوەتا نووسەر لە دەروازەی نووسینەکەیدا بەم شێوەیە لە توێژینەوەکەی دەدوێ «ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵدانێکی ئەکادیمییە بۆ خستنە ڕووی ئایین لەسەرهەڵدانی زمانناسیدا. لێکۆڵینەوەکە دابەش کراوەتە چەند سەر باسێکەوە.

لە بەرایی بەکورتی لە زمانی سانسکریتی دواوین، لە پاشان لە کاریگەری زەندی ئاڤێستا و ئینجیل و قورئان و کتێبە دینییەکانی ئێزیدی و کاکەیی بەسەر زمانەکانیان دواوین» سەبارەت بە زمانی سانسکریتی و بەرپابوونی دیاردەی زمانناسی ڕۆڵی کاریگەری- پانینی- دەخاتە ڕوو، پانینی بەیەکەم کەس دادەنرێ کە گرنگی بە زمانی سانسکریتی

داوە، کتێبێکی بە ناوی «هەشت بەش» لە بارەی زمانی سانسکریتی داناوە، کە تێیدا چوار هەزار یاسای ڕێزمانی لەمەڕ ئەو زمانە لە خۆگرتووەو پانینی لەم کتێبەیدا توانیویەتی «دوو هەزار ڕەگ»ی زمانی دیاری بکاو واتاکانیان لێک بداتەوەو وێڕای چارەسەرکردنی چەندین کێشەو گیروگرفتی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و ڕستەسازی سانسکریتی، هەروەها توانی ڕێسایەک بۆ ڕێزمانی سانسکریتی دابنێ بۆ ئەوەی خەڵک بتوانن سرووده ئایینییەکانی کتێبی «ڕێگ- ڤیدا» بە شێوەیەکی ڕەوان بڵێنەوە، چونکە- بەراهیمەکان- دەیانزانی زمان چوون بوونەوەرێک هەمیشە لە گۆڕاندایە، بۆیە نەوەکانیان لەسەر ڕێسایەکی تایبەت بە فۆنەتیکی- ڕێگ- ڤیدا- پەروەردە دەکرد و ئاگاداری ڕیتمی گەردان و گۆکردنی وشەکانی ڤیدابوون- چونکە پەیوەست بوون بە- ڕێگ -ڤیدا- ئەمەش جۆرێک بوو لە خودا پەرستی و بڕوایان وابوو هەر گۆڕانکارییەک لە ڕووی فۆنەتیکەوە ڕووبدا دەبێتە هۆی لە دەستدانی پیرۆزی تێکستەکە، پاشان هەوڵە زمانییەکانی پانینی وا لە- بلۆمفید- دەکا بە قووڵی دەربارەی کتێبەکەی بدوێ، هەروەها میلکا ئیڤیک- سەبارەت بە پانینی دەڵێ: گومانی تێدا نییە کە پانینی لە هۆشیارییەکی تەواودا بووە کە گوتوویەتی زمان سیستمە، ئەوەی ئەمڕۆش پێی دەوترێ مۆرفیمی سفر Morphem Zero لە کتێبەکەیدا ئاماژەی پێ کراوە، هەروەها پاننی مانەندی ئەفلاتوون لە پێکهاتە سەرەکییەکانی ڕستە دواوە کە «ناو» و «کردار»ن، بۆیە لیۆنز دەرهەق بە کتێبەکەی پانینی دەنووسێ: «کتێبەکەی پانینی هەر تەنیا لە بارەی سرووده ئایینییەکانی ڤیدا نییە، بەڵکو لە بارەی زمانی ڕۆژانەی خەڵکیشە».. پاشان نووسەری ئەم کتێبە لە هەوڵ و کۆششە زمانییەکانی کۆمەڵێک زماناس دەدوێ و لەوانە ویلیەم جۆنز- ١٧٨٦- کە سەرەتایەکی بۆ نەشونماکردنی بیرۆکەی فیلۆلۆژی بەراوردکاری دامەزراند، یان فردریک ڤۆن شلیگل ١٨٠٨- کە سێ جۆر زمانی لەیەک جیا کردەوە وەک زمانی لکاو «تورکی» دابڕاو «چینی»، لێکدراو «لاتینی» یا [ڕاسک و بۆپ و گریم] کە بە سێ مەزنەکەی سەدەی نۆزدەم ناوزەد دەکرێن- توانییان لەنێو زمانی هیندو ئەوروپیدا کار بکەن و زۆر جۆرە زانستی نوێی زمانی بخەنە ڕوو، دوای سەرهەڵدانی گرووپی «ڕێزمانووسە گەنجەکان» کە بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە گۆڕانی زمان کارێکی ڕێکوپێک و سیستمییە، زماناسی سویسری فێردینان دو سۆسور، دەردەکەوێ و تێبینییەکانی خۆی لەمەڕ هەوڵە فیلۆلۆژییەکان تۆمار دەکا و دواجار زمان بە گەمەی شەترەنج دەشوبهێنێ بە واتای زمان پێڕەوێکە هەر تاکێک بە پێوەندی لەگەڵ ئەوانی تر پێناسە دەکرێ.. وێڕای خستنەڕووی هەردوو لایەنی مێژوویی و هەنووکەیی زمان و دوالیزمی زمان و گوتن... تاد، دوای سۆسور، بلۆمفیلد چوون ڕابەرێکی ڕێبازی بنیادگەرایی دەردەکەوێ گرنگی بە چۆنیەتی ناوکۆیی ڕستە دەدا، واتا چۆنیەتی ڕیزبوونی وشەو مۆرفیمەکان یا بەشێوەیەکی تر ئەو بایەخ و گرنگییەی بە ناوکۆیی ڕستە دەدا ئەوەندە ئاوڕ لە واتا ناداتەوە، یا لەژێر چەمک و تیزی دەروونناسی ئاکاری هەموو شتێ لە چوارچێوەی کاروکاردانەوە لێک دەداتەوە، دواجار ناحوم چۆمسکی «١٩٥٧» بە کتێبی «پێکهاتەی ڕستەسازی» گۆڕانکارییەکی تر لە جیهانی زمانناسیدا بەرپا دەکا، لە بەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا «سەلام ناوخۆش» لە زەندی ئاڤێستا و زمانناسی دەدوێ و سەرەتا ئاماژە بە خاکی پیرۆز و چیای جوودی و کەشتییەکەی نووح پێغەمبەر دەدا، هەروەها چەردەیەک لە بنەمای ئەو ئایینە دێرینانە دەخاتە ڕوو کە لە کۆمەڵگای ئەوسای کوردەواری و دراوسێی کوردانـدا بڵاوبوونەتەوە وەک ئایینی زەردەشتی، مانەوی، مەزدەکی، میسرائی، ئێزدیاتی، کاکەیی، هەڵبەتە بەشێک لەم ئایین و ئایینزایانە تا ئێستاش لە چەندین کۆمەڵگای کوردەواریدا پەیڕەو دەکرێن، نەخاسمە ئایینی ئێزدی و ئایینزای کاکەیی.. نووسەری ئەم کتێبە لەمەڕ ئاوێستاوە دەڵێ: زمانی ئاوێستا زمانێک بووە تەنیا زەردەشت خۆی لێی تێگەیشتووە... پەیڕەوکەرانی بۆیان هەبووە تەنیا لەبەری بکەن، ئەمەش بۆ پاراستنی پیرۆزی دەقەکان بووە، جا بۆ ئەوەی واتای دەقەکان ئاسان بکا، ئەوە زەردەشت تەفسیرێکی بۆ ئاوێستا

نووسی و ناوی نا «زەند»... سەجادی دەڵێ «زەند بە زمانی پەهلەوی کۆن بووە، پەهلەوی کۆنیش زمانی کوردییە، دووبارە زەندیشی کردە فارسی و ناوی نا «پازەند» پاشان نووسەر لە هەر پێنج بەشەکەی «ئاوێستا» دەدوێ.

١- یەسنا، یان «یەسن» بە واتای «ستایش» دێ و کۆمەڵێ نزا لەخۆ دەگرێ.

٢- ویسپرد واتای «گشت سەروەران» دەگەیەنێ و باس لە پەرستن دەکات، هەندێ دەڵێن تەواوکەری یەسنایە.

٣- وەندیدات، یان ڤەندیدات یاسای دژ بە دێو و ئەهریمەن دەگەیەنێ و لە ٢٢ بەش پێک هاتووە، ئەم بەشە جیهانبینی زەردەشتی لەمەڕ مردن و ژن هێنان و ئاریشەی کۆمەڵایەتی لەخۆ گرتووە.

٤- یەشت بە واتای نوێژ و بەخشیش و بەزم دێت، هەروەها بە واتای نەمرە پیرۆزەکانیش دێت، ئەم یەشتانە «سروودانە» کە ژمارەیان (٢١)یە شتە تایبەتن بە ستایشی خواوەند، ئەمشاسپەند و یەزدەکان.

٥-خوردە ئاوێستا: ئاوێستای بچووکی.. ئەم بەشە چوار بەش لەخۆ دەگرێ کە هەمووی نزاو لالانەوەو پاڕانەوەن، ئەنجا نووسەر سەبارەت بە گرنگی ئاوێستا، یا ڕۆڵی کاریگەری ئاوێستا لە بواری زمانناسی کوردیدا ئاوڕێ لە زمانە دێرینەکانی ئێرانی دەداتەوەو بەم شێوەیە دابەشیان دەکا.

١- زمانی میدی: زمانی شاکان و خەڵکی ڕۆژئاواو ناوەڕاستی ئێران بووە.

٢- زمانی پارسی: تایبەت بووە بە خەڵکی پارس.

٣- زمانی ئاوێستایی زمانی کتێبە پیرۆزەکەی زەردەشت بووە.

جا نووسەر جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە لەگەڵ ڕووخانی دەوڵەتی میدیاش، کە ئاوێستا کتێبی پیرۆز و ئاییینی فەرمی دەوڵەت بووە، هەخامەنشییەکان هەر پەیڕەوی ئاوێستایان کردووەو بەدینی ڕەسمی دەوڵەتیان داناوە، بەڵام زمانی ئاوێستایی وەک زمانی «مێخی- Cuneform» و زمانی «لاتینی» بە زمانی مردوو دادەنرێت.

نووسەر لیستێک وشە لە کتێبی «خولاصەیەکی مێژووی کوردو کوردستان»ی «محەمەد ئەمین زەکی» وەک نموونە دەخاتە ڕوو، کە وشەگەلێکی ئاوێستایین لەگەڵ شێوەزاری کوردی سلێمانی و کرمانجی ئێستاو زمانی فارسی ئێستا، لە ڕووی وشەسازی و دەنگسازییەوە دەیانخاتە حاڵەتێکی بەراوردکاری لەگەڵ وشە ئاڤێستاییەکان دوای گۆڕانکارییەکان لە زمانی کوردی نزیکن تا زمانی فارسی- بڕوانە ئەم خشتەیەی خوارەوە:

| ئاوێستا | کوردی سلێمانی | کرمانجی ئێستا | فارسی ئێستا |
|---|---|---|---|
| ماز | گەورە | مەزن | سنگین، بزرگ |
| بەرەزا | بەرز | بەرز | بلند |
| ماسیا | ماسی | ماسی | ماهی |
| ئوشترا | حوشتر | ئوشترا | شتر |
| یەرەتا | یرد | یرت | یل |
| هۆر | ڕۆژ | خۆر | ئافتاب |
| ئەزم | من | ئەز | من |

لە بەشێکی دیکەی ئەم لێکۆڵینەوەدا، نووسەر لەو گۆڕانکارییە سیستماکییەی زمان دەدوێ کە لە ماوەی سەدەیەکدا لە ڕووی وشە و دەنگ و ڕێنووس و ڕێزمانەوە بەسەری دادێ، بەڵام هەندێ وشەو دەنگ و ڕێنووس بوونی خۆیان دەپارێزن، چونکە زمان چوون بوونەوەر و سروشت لە ڕووی ڕێساکانی گشتاندن و ئەبستراکتەوە لە گۆڕانکارییەکی هەمیشەیی و ئێستێتیکی دایە، لێرەدا

لە خشتەیەکی تردا کۆمەڵێک وشەی ئاوێستایی دەگەڵ هەورامی بەراورد دەکاو واتای وشەکان لێک دەداتەوە:

| ئاوێستا | هەورامی | واتا کوردییەکەی ئەمڕۆ |
|---|---|---|
| ئیڤە | یۆڤە | یەک |
| دڤە | دۆڤێ | دوو |
| پاد | پا | پێ |
| ئاپ | ئاپ | ئاو |
| گاڤ | گاڤ | لە ڕیزی ناوی نێر و مێیە |
| پادا | پادار | خێرا لە ڕۆیشتندا |
| بوومی | بووم | زەوی |

سەبارەت بە هەمان بابەت نووسەر گوفتارێکی سەجادی دێنی و دەڵێ: سەجادی دەقی ئاوێستای بە دەقێکی کوردی دێرین داناوە، بە واتای هەروەک چۆن لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە لە یەکچوونێکی زۆر لەنێوان ئاوێستا و هەورامی و شێوەزاری کرمانجی ژووروودا هەیە، ئەوە ئەو دەقەی ئاوێستاش دەکرێ وەک دەقێکی ئەدەبی کۆن حسێب بکرێ....

بەشی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە کاریگەری تەورات و ئینجیل دەدوێ لەسەر زمانی سریانی و کوردی پێیوایە هەموو ئایینە ئاسمانی و مرۆڤکردەکان کاریگەرییەکی تەواویان لەسەر زمان هەیە، بەتایبەتی لە ڕووی پاراستنی زمانەوە، نووسەر دەڵێ: ڕۆڵی قورئانی پیرۆزیش لەسەر زمانی عەرەبی ڕوون و ئاشکرایە، هەریەک لە ئاڤێستا و کتێبی ئایینی ئێزیدی و کاکەیی کاریگەری خۆیان لەسەر زمانی کوردی هەبووە، ئیتر لە بەشەکانی دیدا بابەتگەلێکی تر دەوروژێنێ لەوانە ئەدگارەکانی زمانی سریانی، کاریگەری یەهودییەت لەسەر زمانی سریانی، زمانی دەسەڵات و دین و بازرگانی، ڕۆڵی مەسیحییەت لەسەرهەڵدانی زمانناسی سریانی... عیساو پەیدابوونی چەندین ئینجیلی وەک مەتی، لۆقا، مەرقس، یۆحەنا، بەرنابا...

ئینجیل و قورئان و زمانناسی کوردی، یا ئەو نووسینە کوردییانەی کە بە ئەلفابێی ئەرمەنی نووسراون، مێژوویەکی تر بۆ سەرهەڵدانی پەخشانی کوردی دروست دەکەن، قورئانی پیرۆز و زمانناسی عەرەبی، پوختەیەک دەربارەی زمانی عەرەبی پێش هاتنی ئیسلام، هۆیەکانی سەرهەڵدانی زمانناسی عەرەبی، کاریگەری لایەنی زمانەوانی قورئان و گەشەسەندنی بواری زمانناسی عەرەبی و زانستی بەدیع و ڕستەسازی و دەنگسازی و پەیدابوونی زمانی یەکگرتوو: هاوکات ئاماژە بە زمانی میرنشینی ئەردەڵان دەدا کە چۆن سەردەمانێک دیالێکتی گۆران وەک دیالێکتێکی ئایینی و دەسەڵاتی میرانی ئەردەڵان تاکە زمانی نووسینی کوردی بووە، یا سەبارەت بە قورئان و زانستی ڕستەسازی دەڵێ: لەسەدەی حەوتەمی زایینیدا کەسانی وەک ئەبولئەسوەدی ئەلدوئلی و نەسری کوڕی عاسم و عەبدولرەحمانی کوڕی هۆرمز لە زمانناسە بەراییەکانی عەرەب بوون، کە گرنگییان بەلایەنی ڕستەسازی و شیکردنەوەی ڕستەکانی قورئان داوە، پاشان خەلیل ئەحمەدی فەراهیدی بنەمای ڕێزمانی عەرەبی داڕشت و ڕێبازەکەی بە قوتابخانەی ڕێزمانی بەسرا ناسرا، دواتر «سیبە وەیهی» کە قوتابییەکی فەراهیدی بوو کتێبێکی لە بارەی ڕستەسازی نووسی بەنێوی «الکتاب» کە تێیدا لە ڕوانگەیەکی زانستییەوە لە دیاردەکانی دەستەواژەی عەرەبی و دەستووری ڕستەسازی و لایەنی ڕێزمانی دەکۆڵێتەوە، پاشان کەسانی وەک «کەسائی» و «فەراو» قوتابخانەیەکی تری ڕێزمانیان لە شاری «کووفە» دامەزراندو بەرنامەی بەسراییەکان جۆرێک لە ئاڵۆزی و فەلسەفەکاری لەخۆ گرتبوو، کەچی خانەی کووفییەکان لەو ئاڵۆزی و فەلسەفەکارییە دوور بوو، لە ڕووی زاراوەش ئەوە هەر خانەو قوتابخانەیەک زاراوەی تایبەت بەخۆی هەبوو، لە شوێنێکی کتێبەکەدا نووسەر دەڵێ...

هەردوو قوتابخانەکەی بەسراو کووفە هەر تەنیا گرنگییان بەلایەنی ڕستەسازی عەرەبی نەدەدا، بەڵکو دەنگسازیش ڕووبەرێکی فراوانی ئەو دوو قوتابخانەی لەخۆ گرتبوو، «سەلام ناوخۆش»ی نووسەری ئەم کتێبە لە بەشی پێنجەمی لێکۆڵینەوەکەیدا لە ئێزیدیایەتی و زمانناسی کوردی و ڕەسەنی ئێزیدیایەتی دەدوێ و ئایینی ئیزدی بە ئایینێکی دێرینی کوردی لە قەڵەم دەدا و نووسەری ئەم کتێبە سەبارەت بە ئایینی ئیزدی کۆمەڵێک بیروبۆچوون دەخاتە ڕوو، وەک قەشە گریگۆری ماکسترۆس «ساڵی ١٠٥٨ مردووە» لە وەڵامی نامەیەکی قەشەی سریاندا نووسیویەتی «خەڵکی وا هەن ڕۆژ دەپەرستن، باوەڕیان بە زەردەشتی فارسی هەیە و بە ناوی «شمسیە» ناسراون، ئەمە لە نووسینێکی د. ڕەشاد میران وەرگیراوە.. بۆیە دکتۆر بەردەوام دەبێ و دەنووسێ.. ئەم «شمسیە» ڕۆژ پەرستانە لەوە دەچێ ئێزدی بن، چونکە ئێزدیش ڕێزی هەتاو دەگرن و تەقدیسی دەکەن».. بەر لە د. ڕەشاد میران «تۆفیق وەهبی»ش ئەو باوەڕەی هەبووە، وەک لە کتێبەکەدا هاتووە کە زۆر لە گەلانی کۆن و دێرین بێ ئەوەی ئێزی

بن نەک هەر ڕێزی ڕۆژیان دەگــرت، بەڵکو دەیانپــەرست، وەک گــەلی ڕەســەنی «ئیــبــراهیم خــەلیل»، هەروەها گــەلی بەلقــیــسی ســەبەء، پاشـان نووسـەر دەربارەی شـێخ ئادی دەدوێ کـە وەک سـۆفـیـیـەکی ئەهلی تەریقەتی عەدەویە کە مەبەستی بووە تەریقەتەکەی لە ناوچە چیاییەکاندا بڵاوبکاتەوە.

ئێسـتاش ئێزیدییەکان لە ڕۆژانی جەژندا سـەردانی گـۆڕی شـێخ ئادی دەکـەن کـە لە لالش نێـژراوە.. تا لە گـوناهەکـانیـان خـۆش بێ، چونکە لە نـەزەری هـەنـدێ ئـێـــــزدی ڕوحی «مەلەک تاووس» لە «شێخ ئادی»دا بەرجەستە کراوە؛ وەک لە کتێبەکەدا هاتووە «مژدەها ڕۆژ» کـتێبێکی تری ئیزیدیانە و بە قسەی «ئەنوەر مایی» ئەم کتێبە بە زمانی کوردی کرمانجی هەکــاری نووســراوە و لە زۆر ڕووەوە لە «جـیلوە» و «مـەسـحـەفـا ڕەش» جــودایە و بێــجگە لەوەی باس لە یەکـتـاپەرسـتی دەکـا، ئەوە کـۆمـەڵێ بـابەتـی تری لەخـــۆ گـــرتووە وەک ئـافــراندنی بـوونەوەر فــریشـــتــەو ئەرکـەکـانیـان... تاد. لە بەشـەکـانی تری ئەم لێکۆڵـینەوەیەدا نووسـەر لە کۆمەڵێک بابەتی دی دەدوێ وەک.. چەند سـەرنجـێک لە بارەی مـژدەها ڕۆژ، تێکســتــە ئایینیــیــەکــان، ئێـــزیدیاتـی و زمـــانی کـــوردی، دەقەکانی جیلوەو مەسحەفا ڕەش و ئەفسـانەی پیـرۆزی زمـان، تابـو لە جیلوەو توندی لە مەسحەفا ڕەشدا، کـاکـەیی و نووسراوە پرۆزەکانیـان.. نووسەر دەرهەق بە کاکەییان دەڵێ: ئەم گـــرووپە بە زۆر نـاو نـاســـراون کــاکــەیی، ئەهلی حـەق، یارسـان، (کـردبچـە- بەچەی کـورد) (خـروس کـوش- کـەڵەشێـر کـوژ)- هەروەها دەڵێ دۆگـمـا بنەڕەتیــیــەکـانی ئەم کـۆمــەڵەیە خــۆی لە سـێکوچکەی یەکێتی بوون و تەجسیدی ئیلاهی و دۆنای دۆندا دەنوێنێ- ســوڵـتــان سەهاک- یا «سوڵتان ئیسحاق» کە لە ســـاڵی **٥٧٨** کـــۆچی لە دێی «دەودان» لە هۆرەمـــانی لهـــۆن لە دایک بووە، بە تازەکـــەرەوەی ئەم ئـایـیـنـە دادەنـرێ- لـێـــــــــرەدا لێکچــوونێکی ئاشکرا لە نێــوان ڕۆڵی شــێخ ئادی بۆ ئێـــزدیاتی و سوڵتـان سەهاک بۆ کاکەیی بەرچاو دەکەوێ.. ئەمە پوختەی بابەتەکانی کتێبی «ئایین و زمانناسی»یە کە لە نووسینی «سەلام ناوخۆش»ە.

**سەرچاوە:**
**کتێب: ئایین و زمانناسی.**
**نووسەر: سەلام ناوخۆش.**
**چاپی یەکەم، ٢٠٠٧- هەولێر**

# نزا سپییەکانی من

سەباح ڕەنجدەر

عوسمان شەیدا خودی هەستیار و نیگەران و ماندوویی خۆی لە ناو تێڕوانینێکی لەبیر نەکراودا کردووە بە دەقی شیعریی و هەڵیداوەتە ناو پانتاییە پڕ ئاژاوەکانی ژیان، ئەو خودەی واقیع ستەمی لێ کردووە و




نەیهێشتووە پڕ بە دڵی لە ناویدا بژێت. لە کرۆکدا شیعر هێنانە گۆی دەنگە گەمارۆدراوەکانە و بەرزکردنەوەیەتی لە ئاست واقیع و پێچەوانە کردنەوەی دەسەڵات و هێزی خۆ سەپێنەری ئەو واقیعەیە، کە نەیهێشتووە پڕ بە دڵی لە ناوی بژێت و خودی هەستیار و نیگەران و ماندووی خۆی تێدا دامەزرێنێت. لە واقیعی کۆمەڵگای زیندوودا شیعر وەک یەکەم دەرکەوتەی مرۆڤ و ڕۆشنایی بوون ناسراوە و فۆرمی وەرگرتووە، پاشان بۆ پاراستنی خۆی بەردەوام کاری لەسەر بوون و هەبوون کردووە.

واقیعی کۆمەڵگای زیندوو درەوشانەوەی بەردەوامی تێدایە بۆ کار لەسەرکردن و خۆ دامەزراندن و بەجێ هێنانی پڕۆژەکانی ئەزموونی ژیان و نووسین.

واقیعی ستەمکار لە مرۆڤی هەستیار و نیگەران و ماندوو بەهێزترە و دەسەڵاتی لێ

سـەندووەتەوە، یان جـمـوجـووڵ و چالاکییەکانی خستووەتە ژێر ڕکێفی خۆی و بەرزەفتی کردووە.

شیعریش کە ناوکی گیانە، دەبێت لەم خاڵ و خودەوە هاتبێت و بوونی خۆی ڕاگەیاندبێت. لە خاڵ و خودی هەستیـار و نیگەران و مـاندووەوە، بۆ بەرزکردنەوەی تا ئاستی واقیع و بڕواهێنان.

هەندێک شـیـعـر سـاکـارکـردنی واقیعی لێ دەکەوێتەوە، لە کاتێکدا واقیع زۆر ئاڵۆزە. خودی هەستیار و نیگەران و مـاندوو نابێت لە بۆتەی شیعردا دژی واقیعی زیندوو بێت، بەڵکو تێیدا هەوڵبدات پێستەکانی واقیعی زیندوو هەڵبداتەوە و تاڵە تیشکەکانی بگرێت.

واقـیـعی زیندوو هەمـیـشـە درەوشانەوەی بەردەوامی تێدایە بۆ کار لەسەر کردن و خۆ دامەزراندن و بەجێ هێنانی پرۆژەکانی ئەزمـوونی ژیان و نووسین، بەڵام واقـیـعی سـتـەمکار لە ئاوات و داوایەکـانی خودی هەستیار و نیگەران و ماندوو ناپرسێت و دیکتاتۆر و سەرکوتکەر و توقێنەرە. لە باری سەرکوتکردن و تۆقاندا جوانی و هەست بە جـوانی کردن هەڵدەبزڕکێت.

لە خەیاڵی شاعیردا هەموو خودی هەستیار و نیگەران و ماندوو لە ناو شـیـعـردا دەژین و پێـوەندییـەکـان دادەنێن. ئەوەندە ناسک دەبنەوە لە درز بردن و شکانی شـەخـتـە دەچن لەبەر خـۆری بەهاراندا، یان ئازاری شەقبردنی هەنار لەبەر نمەی بارانی پاییـزان. پێـوەندی لەگـەڵ مـەرگ دەگرن، بەڵام مەرگێکی لەخۆبردوو لە ناو ئەو تێڕوانینە لەبیرنەکراوەی، کە خـودی هەسـتـیـار و نیگەران و ماندووی خۆی تێدا کردووە بەدەقی شیعری و هەڵیداوەتە ناو پانتاییە پڕ ئاژاوەکانی ژیان.

شـیـعـرییـەت بەم هەسـتـیـارییـە و نیگەرانی و مـاندووبوونەی خـوددا دێت و یەکێتییەکی پتەویان لەنێوان ڕایەڵ دەکـات، لە درێژبـوونەوەی شـیـعـرەکـەدا ئەو ڕایەڵە هەڵناوەشـێـتـەوە و شـەیدا و سـەرسامـتـر دەبێت و تەمـێک لە هەسـتی دڵەڕاوکێ و هەست بە نامـۆیی کـردن تێی دەئاڵێت و تانوپۆی دەچنێت و بنیادێکی زەینی دەداتێ.

جوانترین شێواز لە شیعردا ئەو شێوازەیە، کە دەیخوێنیتەوە بە پڕی و کـامـڵی هەست بکەیت لە ناو بەشێک لە هەستەکانی تۆدا کاری کردووە و لە ناوی ژیاویت و شیعر دەخـوێنیـتـەوە، ژیان لە ناو چێـژی کاتی شیعریدا داگیرساوە و وەک چەقی ناوەند دەبیندرێت.

ئەگـەر چی چەق بۆ شیعر پێوەر نییە، ئاسۆی جووڵاو پێوەرە، ئاسۆی جـووڵاویش هێـزی گـۆڕان پێ بەپێ دەبەخـشـێت و هاوسـەنگی خـۆی لەگـەڵ زمـاندا دەست دەخـات، بەڵام کە لە خوێندنەوەکەدا تەواو بوویت، بگەڕێیـتـەوە دۆخی واقـیـعی ژیان و هەست بکەیت هەسـتـێکی پاراوە دەربڕاوە و لە بۆتەی دەقی شیعریدا بەرجەستە بووە.

شـیـعـرییـەت لە چێـژ و هەسـتی کـاتـیـدا دێتـە بوون و لە دەقـدا دەخولقێت و خولقانی خۆی تێکەڵی هێزی ئەفسووناوی دەکات.

هەست و چێـژی تەندروسـتـیش ئەرکی زمـان لە ئەسـتـۆ دەگـرن، لەو ئەرکی زمـان لە ئەسـتـۆ گـرتنەدا کەشێکی تاکانەی بەدەست هێناوە و خوێنەری ڕووبەڕووی زمـانی ناسک بوونەوە و شـیـعرییـەت و جیـاوازیی کردووەتەوە.

(نزا سـپـیـیـەکـانی من)، ناوونیشـانی کـتـێبێکی شیـعـریی (عـوسـمـان شـەیدا)یە. سـاڵی (١٩٩٩) لـە دووتـوێـی (٩٧) لاپەڕەدا لە چاپخـانەی (هەواڵ) لە سلێمانی چاپ کراوە، ئەم شیعرانەی تێدایە: (خەزان، ئەو شەوەی بەفری تێدا باری، ئەوین، خەتا، برووسکە، دوو پارچە شیعر، گۆڕهەڵکەن، سێو، شیعرێکی سەوز، کارەسات، بیست و چوارسـاتەی ئێـسـتـای من، ١٩٩٥/٨/٢٦، مـریەم، سـەبووری یان سەفەری ئەیـیووب، خـمخۆرک، درووە، ڕۆژانـە یـاداشـت، نـزا سپییەکانی من، کریسماس، سەراب نا سـەفـەر، ئەوینێ لە گـوڵ پیـاوێک لە درۆ، من.. تۆ و سـتـۆکـهـۆڵم، بەشێک لە داستانی خەج، قاسید، هەندێک لە وازییـەکـانی ژوانی زەرێ، دامیاو.)

**مریەم**

**سێ ڕۆژە ماڵەکەم دەفێکی سواوە**
**شەوانە بە پەنجەی شیعر**
**لە سینگی خۆی دەدا**
**سێ ڕۆژە گەردی ڕۆح دەسووتێ**
**سێ ڕۆژە ڕەیحانەی عومری من**
**لە ئینجانەی هەوردا**
**بۆ مانگی ناوێزەی سریشکی**
**هەواڵێ دەگەڕێ**
**ئۆف لە خۆم**
**لە منی خێر نەدیو**

**ئاخر کوا ژنه ئینجیلییەکەم**
**ئاخر کوا**
**وا له کوێ**
**ژنه سازگارەکەی عومری وشکەڵاتووی**
**منی دڵ پەشمەک**
**پێم بڵێن ئەگەرنا**
**قورئانی مزگەوت و**
**زەنگی کەنیسه و**
**مەرقەدی پیاوچاکان به شاهید دەگرم**
**هەرچی ئازیزتانه**
**من ئاسا ئاگری تێ بەربێت**
**ئەگەر بێ و پێم نەڵێن**
**ژنه ئینجیلییەکەم وا له کوێ**

وشه له وێناکردنی خەیاڵ دەبێته ڕووداو و شتی نادیار، بەڵام وزەیەکی داهێندراوه و له زەیندا هەست پێکراوه.

ڕووداو و شتی نادیاریش، که تێیدا قاڵ و قووڵبوویەتەوه، دەبێته موڵکی خودی هەستیار و نیگەران و ماندوو، له سەر بنچینەی خەیاڵ و قاڵبوونەوه و قووڵبوونەوه، (توانا) و (بەهره) گیان بەشتی نادیار دەبەخشن و ڕووداوه هەستییەکان ڕوودەدن و دەبن به (وزەیەکی داهێندراو).

ئەو ڕووداوانەی، که بووەته پێکهێنەر و بنیادی نووسینی ئەم کتێبه شیعرییه پەیوەستن به ژیانی شاعیر خۆیەوه و مانیفێستی ژیانی کەسایەتی خۆیەتی. دەتوانین له ڕێگای زمانەوه مانای جیاواز جیاوازیش لەم مانیفێستەی ژیانی وەربگرین. له کاتێکدا زمان تۆڕێکه هەموو وزەیەکی تێدایه بۆ دۆخگۆڕین. ئەو ئاماژایەشی داوه، که زوو و به جوانی ئەم ژیانه بەجێ دەهێڵێت و ژیانی نووسینی تەواو دەبێت. بەهاری ٢٠٠٥ کورد یەک له مێوانه جوانەکانی سەر زەمینی کوردستانی جوانه مەرگ بوو، که توانای جوان نووسین و جوان ژیانی هەبوو. بەردەوامیش لەسەر مانیفێستی ژیانی خۆی ئیشی کردووه. ئەو پانتاییەی تێیدا خولاوەتەوه ڕووبەری ماڵەکەی خۆیەتی و کارەکتەری کاراشی هاوسەر و منداڵەکانیەتی: (ئایشێ، شنروێ، ئاسۆ، دەشنێ.)

هەندێک دەنگی نەمر له ناخیدا نیشتووه و شاعیر خۆی تێکەڵی ئەم دەنگه نیشتووانەی ناخی دەکاتەوه و دەیانجووڵێنێت، که بەردەوام له ناو ڕووداوه شیعرییەکانی دووباره دەبنەوه و سیمایان پێشان دەدرێنەوه.

ئەگەرچی بەشێک له شاعیره بەتواناکانمان، که (شیعرییەتی شیعری کوردییان دامەزراندووه.) وەک مانیفێستی ژیانی خۆیان دەقی سەرنج ڕاکێشیان بۆ بەجێ هێشتووین و هەمیشه درەوشانەوەی بەردەوامییان تێدایه بۆ کار لەسەرکردن و خۆ دامەزراندن و بەجێ هێنانی پرۆژەکانی ئەزموونی ژیان و نووسین.

# ڕەمز و نووسینی سەرگۆڕەکان
## (چوار گۆڕستانی باشووری کوردستان بە نموونە)

**عەباس سلێمان سمایل**




ڕەمز و نووسینی سەرگۆڕەکان نامەی ماجستێرەکەی قوتابی (ئەرخەوان محەمەد عوبێد)ە، کە دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریان بۆی چاپکردووە و لە چاپخانەی خانی (دهۆک) لە ساڵی ٢٠٠٨ چاپکراوە.

نووسینی ئەم جۆرە بابەتانە ماندووبوونێکی زۆری دەوێ بۆ بەدەستهێنانی سەرچاوە لەگەڵ لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی و گەڕان و سووڕانێکی بێ پایانی گۆڕستانەکان، هەڵبەت لە کوردستاندا هەزاران گۆڕی سەیر و سەمەرە دەبینی لە گۆڕی گەلانی کۆنی کوردستان وەک ئورارتو، ماننا، میدی و فرسی و جوولەکە، ئێزدی، زەردەشتی، میهرپەرستی و دیان و کاکەیی و گۆڕستانی موسڵمانانی سەردەمە جیاجیاکان جا هەر گۆڕستانێکیش ڕەمزی سەرکێلەکانیان بەپێی سەردەم دەگۆڕێ، ئیتر لێکۆڵینەوە لە جۆری کێل و شێوە و ڕەمزەکانی و نووسینەکانی بۆ لێکدانەوەیان هەوڵ و کۆششێکی زۆری دەوێ. ئەمەش کاری پسپۆڕانی شوێنەوارناس و مێژوونووس و کۆمەڵناس و ئەدیبانە.

جا دیارە نووسەر کۆششێکی زۆری کردووە بۆ نووسینی ئەم بابەتە کە کەم کەس هەیە خۆی لە قەرەی بدات، بەتایبەتی بۆ ئافرەتان کە زۆر گرانە، ئەم گۆڕستان و ئەو گۆڕستان بکات و لە کێل و گومەزی گۆڕان وردبێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبووایە باسی کێلی شێوە بەرجەستەش بکات، کە لە کوردستاندا زۆر لەمانە دەبیندرێن، لەوانە لە گۆڕستانی پیرداود کێلێکی لە شێوەی سەروملی بازێک بەرچاو دەکەوێت، هەروەها لە هەمان گۆڕستاندا کێلێک لە شێوەی پیتێکی بزماری دروست کراوە.

یان لە گۆڕستانی حەزە کێلێک لەسەر شێوەی سەروملی مرۆڤێک دەکەوێتە بەرچاو، لە گۆڕستانی

فلونیش وێنەی مرۆڤێکی بەتەمەن و ریش درێژ لەسەر ڕوویەکی بەردەکە هەڵکەندراوە.

جا نووسەر دەبووایە سەری لە زۆر گۆڕستانی دێرینی دیکە بدابایە وەک گۆڕستانی کوشاف، حەزە، منارە، پیرداود، شێخ شەروان، فلون، گوندک، کۆزێ دارێ، گرک و کەل، بیرە کەپرە، پانکان، سویرەلە، زەرگەزەوی و ماوەران... تاد

هەروەها دەبووایە سەری لە چەند گۆڕستانێکی جوولەکە و ئێزدی و کاکەیی بدابایە، لەوانە گۆڕستانی مام شڤان و چەند گۆڕستانێکی شێخان و باشیک و شنگار و گۆڕستانی جوولەکەکانی گوندی نەقەبی زێبار، ئەوا بێ گومان لێکۆڵینەوەکەی باشتر دەبوو.

**ناوەرۆکی کتێبەکە**

کتێبەکە بریتییە لە (٣١٧) لاپەڕەو دابەشی ئەم شەش بەشەکراوە:

**بەشی یەکەم**

**مەرگ و چارەنووسی لەش و گیان**

نووسەر لە بەشی یەکەمدا بە درێژی لە مەرگ و چارەنووسی جەستە و گیان دواوە، بۆ ئەم مەبەستە بیروڕای هەندێک لە زاناکانی خستۆتە ڕوو، هەڵبەت هەر یەکێک بەجۆرێک لە مردن دواوە، موسڵمانیش مردنی بە حەق داناوە و بە دابڕان لە خۆشی و ناخۆشی دنیای داناوە، ئێزدیش وشەی (کراس گوهرین) لە جیاتی مردن بەکاردێنن، واتە دوای ئەوەی مرۆڤ کۆچی دوایی دەکات، ژیانێکی دیکە دەست پێدەکاتەوە، هەروەها سۆمەرییەکانیش وای بۆ دەچن دوای مردن ژیانێکی دیکە دەست پێ دەکاتەوە، کە بە جیهانی ژێرەوە (کور) ناسراوە و خوداوەندیشی هەیە، لەوانە خوداوەندی ئەنلیلە، خوداوەندی دوموز (تەمووز)یش یەک لەم خوداوەندانەیە، کە شەش مانگ لە جیهانی سەرەوە دەژی و شەش مانگیش لە جیهانی ژێرەوە، دەبووایە نووسەر زیاتر لە فەلسەفەی مردن لەنێو زەردەشتی و میهر پەرستەکان بدوێ و دواتر ئاماژە بە دەخمەکانی کوردستان بکات.

نووسەر لە بارەی چارەنووسی لەش دوای مردن دەڵێت: بیروڕای گەلان و ئایینەکان دەربارەی ئەمە جیاجیایە و هەریەکە لە هەڵسوکەوت بەلاشەی مردوو دابونەریتێکیان هەبووە لەوانە زەردەشتییەکان دوای ئەوەی سێ ڕۆژ لە شوێنێکی بەرز دایان دەنا تا قەل و دالاش گۆشتەکەی بخۆن، ئینجا ئێسقانەکەیان لە گۆزەیەک دادەنا و دەیانخستە سەر بەردێکی لوولەیی کە بانەکەی بەقەد ١٠سم هەڵکۆڵدرابوو، یان دەیانخستە ناو دەخمەوە. (مرۆڤی نیاندەرتاڵ)یش لاشەی مردوویان لە قووڵایی ٢م لە ئەشکەوتەکان شاردۆتەوە.

دواتر نووسەر باسی گۆڕستانی دێی قازانی ڕۆژئاوای سلێمانی کردووە کە دوای ئەوەی لاشەی مردووەکانیان سووتاندووە، ئینجا خۆڵەمێشەکەیان خستۆتە کووپەوە، دیارە لەسەر ئایینی بووزی و هیندییەکان بووینە، یان لەژێر کاریگەری ئەواندا بووینە، جا ئەمە نموونەیەکە لەم جۆرە گۆڕانە کە نووسەر خستوویەتییە ڕوو، کەچی لەم جۆرە گۆڕانە لە شوێنی دیکەش هەنە نموونەش کۆنەگۆڕستانێکی نزیک گردی کلک مشکەکە بەداخەوە ئەمڕۆ نەماوە و وەبەر شەقامی ١٠٠م کەوت.

ئاشوورییەکانیش مردووەکانیان لەگەڵ کەلوپەلەکانیان لە ژوورێک لەژێر زەوی شاردۆتەوە، ئەفریقییەکانیش لاشەی مردوویان دەفرۆشت، یان دەیانخوارد..

دەربارەی زیندووبوونەوەی مردوو، بیروڕای جیاجیای خستۆتە ڕوو، لەوانە لە ڕۆژی لێ پێچینەوە زیندوو دەبێتەوە، لەناوگۆڕ زیندوو دەبێتەوە و بە زیندوویی دەمێنێتەوە تا ڕۆژی لێ پێچینەوە، گیان دەچێ بۆ ئاسمان و لاشە لەنێو گۆڕدا دەمێنێتەوە.

**بەشی دووەم**

**گۆڕ و گۆڕستان**

هەمیشە دوای مردن گۆڕ دەبێتە ماڵی مرۆڤ، چەند گۆڕێک لە تەک یەک گەرەک دروست دەکەن، گەرەکیش گەورە دەبێ و دەبێتە شار، بەم شارەش دەڵێن گۆڕستان، واتە گۆڕستان شارێکی خامۆش و بێ چرپە و هەست و خوستە، هەڵبەتە شاری مردووان بەر لەشاری زیندووان دروست بووە بەهۆی ئەوەی مرۆڤ سەرەتا گەڕۆک و ڕەوەند و کۆچەر بووە، جا شێوەی گۆڕ و شوێنی ناشتنی لەسەر دەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە و لە ئایینێکەوە بۆ ئایینێکی دیکە گۆڕاوە، بۆ نموونە لەنێو هەندێ لە گەلانی کۆنی میسۆبۆتامیا لە پەرستگا مردوو لە قووڵاییەکی زۆر دەنێژراو بەگشتی گەلانی ڕۆژهەڵاتی عەرەبستان مردوویان لەنێو کووپە دەشاردەوە و هەندێک لە گەلانی هیندی لاشەی

مردوویان دەسووتاند و ئی وا هەبوو لاشەی مردوویان فڕێ دەدایە ناو دەریاوە، دوای ئەوەی دەیانخستە سەندووقەوە. زۆر جاریش لەناو میللەتانی کۆنی میسۆپۆتامیا مردووەکانیان لەناو ماڵەکانیان شاردۆتەوە. نموونەش مردووانی گوندی چەرمۆیە، جاری واش هەبووە لە ترسی دەرهێنانی تەرم و هەتک کردنی لەناو دیواری ماڵەکانیان مردوویان شاردۆتەوە.

لە باشووری کوردستان دەوروبەری گۆڕی ئەسحابە و پیاوچاکان پتر دەبووە گۆڕستان، بۆیە ئەمڕۆ هەر گۆڕستانێکی دەبینین، یان گۆڕی ئەسحابەیەک، یان پیاوچاکێکی تێدایە.

دواتر نووسەر دەربارەی مێژووی گۆڕ دەڵێت: دوای ئەوەی قابیل هابیل دەکوژێت، حەوت ڕۆژ بەدیاربیەوە دەبێت و نازانێ چی لێ بکات، ئینجا خودا دوو قەلەڕەش ڕەوان دەکات و بەشەڕیان دەدا و لەبەرچاوی قابیل یەکێکیان، ئەوی دیکە دەکوژێت و لەژێر خاک دەیشێرێتەوە، قابیلیش لەم قەلەڕەشەوە فێر دەبێت و هابیل لەژێر خاک دەشارێتەوە.

ئیتر ناشتنی مردوو لەژێر زەوی بۆ چەند هەزار ساڵێک بەر لە زایین دەگەڕێتەوە، نموونەش چەند گۆڕستانێکی سۆمەری و ئیلامییەکانە.

## بەشی سێیەم
## ڕەمزی سەرگۆڕەکان

لە دێر زەمانەوە مرۆڤ گرنگی بەگۆڕ و گۆڕستان داوە و داروباری لەسەر چاندووە و بەردی ڕێکی کردۆتە کێل و ڕەمز و نیشانەی لەسەر کێلەکان هەڵکەندووە کە پێوەندی بە کەسایەتی مردووەکە و کار و پیشە و ئارەزووەکانییەوە هەبێت.

ئەم ڕەمزانەش لە ئایینێکەوە بۆ ئایینێکی دیکە و لە گەلێکەوە بۆ گەلێکی دیکە و لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

دوای ئەوەی هەر گەلێکیشی خوێندەواری لەناو پەیدا دەبێت، نووسینی بەتایبەتی هەڵبەست جێگای ڕەمزەکان دەگرێتەوە، هەڵبەستەکانیش، یان ئەوەتە هەڵبەستی شاعیرانە، یان کەسوکاری مردوو دایان ناوە، یان مردووەکە کاتی خۆی دایناوە و وەسیەتی کردووە کە ئەم شیعرە لەسەر گۆڕەکەی بنووسن.

جا ئەو ڕەمزانە وەک: چەکی کۆن، جاوبڕ، ئاسک، خشڵی ئافرەتان لێی هەڵکەندراوە، ئەم هونەرەش زیاتر بۆ ساڵانی دوای ١٨٥٠ دەگەڕێتەوە، دواتریش کە چەکی ئاگر پەیدا دەبێت، چەکی ئاگر جێگای ئەم چەکە کۆنانە دەگرێتەوە.

هەڵبەت چەک بەکۆن و نوێیەوە واتای پاڵەوانیەتی گەیاندووە، ئاسک ئاماژەیە بۆ گۆڕی ئافرەتان لە گۆڕستانی کوشاف ژمارەیەکی زۆر لە کێل دەبیندرێت کە وێنەی شەنەی ٣ لک و ٤ لک هەڵکەندراوە، ئەمەش ئاماژەی پاڵەوانیەتییە، یان ئەو کەسانە بەڕمی سێ لک و چوار لک کوژراون، بە قسەی دانیشتووانی گوندی کوشاف، ئەم گۆڕانە نەهی ئەوانە و نەهی عارەبانن، مێژووی دروست بوونی ئەم گۆڕستانە کۆنە دیار نییە، هەروەها لە کەلاتی کێلی زۆر سەیر و سەمەرە دەبینرێت کە لە شێوەی گۆو شێوەی جۆربەجۆر دانە، هەمووشیان نەخشێنراون، هەروەها لە گۆڕستانی گوندک گۆڕی ئافرەتان دوو گۆی لەسەر کێلەکە هێشتراوەتەوە، لەسەر کێلێکی گۆڕستانی کۆزێ دارێ کلیلێک هەڵکەندراوە، ژمارەیەکی زۆر لە کێلەکانی گۆڕستانی فلون وێنەی خاکەناسی سەربەگۆی لەسەر هەڵکەندراوە، هەندێک لە کێلەکانی گۆڕستانی منارە و حەزە و پیرداود و شێخ شەروان، هەمان ڕەمزی گۆڕستانی چراغیان لەسەرەو زۆر گۆڕیش مێژووی کۆچکردنی مردووەکەی بۆ دەوروبەری (٢٥٠)ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە.

گۆڕستانەکەی پانکانیش چەند کێلێک وێنەی بزنە کێوی لەسەر هەڵکەندراوە و هەندێکیش نەخشی مافووری لەسەر هەڵکەندراوە، هەندێک لە کێلەکان لوولەیین وەکو دینگە نەخشێنراون، ئیتر جیهانی ڕەمزی کێلی گۆڕستانان زۆر فراوان و ئاڵۆزە، جا شیکردنەوەی ئەم ڕەمزانە کاری پسپۆڕانی شوێنەوار و مێژوو نووسانە.

کەواتە پێویستە بە زووترین کات حکومەت خەمێک بۆ لێکۆڵینەوەی ئەم ڕەمزانە بخوات تا بەدەردی ڕەمزی هەندێک لە کێلەکانی گۆڕستانی شاقووڵی نەچووینە.

## بەشی چوارەم
## نووسینی سەرگۆڕەکان

جاران نووسینی سەر گۆڕەکان تەنیا چەند ئایەتێک بووە ئەویش زیاتر لەنێو بنەماڵەی مەلا و شێخ و

دەسەڵاتداران بڵاوبووەوە، بۆ نموونە گۆڕی میرانی لوڕی گەورەو لوڕی گچکە بە ئایەت نەخشێنراون، دواتر خوێندەواری پەرە دەستێنێت بەتایبەتی دوای پەنجاکان پێناسەی مردوو بەزمانی کوردی دەنووسرێت و دواتر بە شیعر دەیڕازێننەوە، لە ناو دیانەکانیش نووسین بە زمانی ئارامی و خەتی ئارامی هەر هەبووە لەوانە کێلێکم لە نزیک ئاکرێ دۆزییەوە کە بە خەتی ئارامی نووسراوە، بەڵام مێژووی کۆچکردنی لەسەر نەنووسراوە.

لەسەردەمی بەعس خەڵک نەیدەوێرا شیعری کوردی لەسەر کێلەکان بنووسن لەبەر ئەوەی حکومەت بیانووی پێ دەگرتن و بەکاری سیاسی دادەنا، جا بۆیە دوای ڕاپەڕین خەڵک گۆڕی کێلەکانیان بەشیعری کوردی دەڕازاندەوە بەتایبەتی ئەوانەی شەهید دەبوون، دواتر وێنەی ئاڵای کوردستانیان لەسەر کێلەکان هەڵدەکەند و ئی وا هەیە ئارمی حیزبەکەی لەسەر کێلەکەی هەڵدەکەند،

جا بەڕێزی ژمارەیەکی زۆری لەم جۆرە کێلانە بە وێنە و نووسینەوە خستۆتە ڕوو بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕەمزەکان زیاتر پشتی بە بیروبۆچوونی مامۆستا (عەبدولڕەقیب یووسف) بەستووە.

### بەشی پێنجەم
### ئەدەبی سەرگۆڕەکان

مەبەست لەمە دەربڕینێکە دەربارەی مردنی ئەو کەسە، یان لێکدانەوەی ژیان و مردنی کە کەسوکاری مردوو لەسەر گۆڕەکەی بەشێوەیەکی ئەدەبی جوان لە قاڵبی شیعر، یان چەند ڕستەیەکی ڕێک دەری دەبڕن وەک ئەوەی هەموو کەسێک دەمرێ و مردن براگەورەی هەمووانە و هەموو دەچینەوە بەر بارەگای خودا، ئەگەر مردووەکە شەهید بووبێ، یان بەکارەساتێک کۆچی دوایی کردبێت، ئەوە کەسوکاری جوانترین شیعر لەسەر گۆڕەکەی دەنووسن، جا ئەم شیعرانەش بەخەتی جۆراوجۆری فارسی و سولس و نەسخن.

نووسەریش لێرەدا نموونەیەکی زۆری لە شیعری سەر ئەم گۆڕانە خستۆتە ئاراوە، بەتایبەتی شیعری سەرگۆڕی نووسەر و هونەرمەندان کە بەشێکی زۆری کتێبەکەی گرتۆتەوە.

### بەشی شەشەم
### مردن و دابونەریتەکانی

هەڵبەت هەر گەلێک و هەر ئایینێک فەلسەفە و بیروبۆچوونی تایبەتی دەربارەی مەرگ و دابونەریتەکانی خۆی هەیە، ئی وا هەیە دەڵێ گیان لەناو دڵدایە، ئی وا هەیە دەڵێ گیان لە مێشکدایە، ئی واش هەیە دەڵێ کە مرۆڤ دەخەنە گۆڕەوە گیانەکەی بەرەوبارەگای خودا بەرزدەبێتەوە و لەوێوە بۆ بەهەشت، یان دۆزەخ ڕەوان دەکرێت. هەندێکیش پێیان وایە گیان لەناو لاشە تا ڕۆژی لێ پێچینەوە دەمێنێتەوە.

جاران هەندێک کێل لای سەرەوەی کونێکی بازنەیی لێ دەکرا بۆ ئەوەی ئەگەر گیانەکە لەناو گۆڕ ئازار بخوات لەم کونەوە بێتە دەرەوە، هەروەها لە دابونەریتەکان وەک پرسە، خێر بۆکردن و چوونە سەرگۆڕستان، ئەمانەش بەپێی کات و سەردەم خەریکە کەم دەبنەوە، بۆ نموونە جاران پرسە هەفتەیەک بوو دواتر بوو بەسێ ڕۆژ و دواتر سێ دان و لە سلێمانیش بووەتە دوو دان.

**لە ڕۆژانی پرسە ماڵی مردوو خواردن ئامادە ناکەن.**

دەربارەی چاکەکانیش لەزۆربەی گوند و شار و شارۆچکەکان چاک هەیە، جا ئەو چاکە ئەسحابەیە، یان پیاو چاکێکە، یان گۆڕی پیاو چاکێکی ئایینەکانی بەر لە ئیسلامە، کە جاران وەک دکتۆری دەروونی و دکتۆری نەخۆشی خەڵک چوونەتە سەریان و بە مەبەستی چاک بوونەوە و مرازگرتنیان بە بەردخستنە ناو شوێنی تایبەتی، یان خۆ غلۆرکردنەوە، یان پەڕۆ لێ بەستن، دواتریش پارچە پەڕۆیەکیان وەک متفەڕک لە چاکەکە دەهێنا و بە مەبەستی مراز لە دەست و سەری منداڵانیان گرێ دەدا، یان چاک بوونەوەیان لە نەخۆشی، نووسەر لە کۆتایی پاشکۆیەکی تایبەتیشی بە مردن و گۆڕستانی مەسیحییەکان خستۆتە ڕوو، بەڵام زۆر بە کورتی لەسەر ڕەمزی کێلەکانیان دواوە.

لە کۆتاییدا دەستخۆشی لەم بەڕێزە دەکەین جێی شانازییە کە ئافرەتێک لەسەر بابەتێکی ئاوا قورس بنووسێت.

### چەند وردە زانیارییەک کە پێوەندی بە بابەتەکەوە هەیە

* عەباس قەدیانی لە کتێبەکەی بەناوی (تأثیر فرهنگ و تمدن ایران درجهان) لەلاپەڕە (٢١٠) باس لە هەندێ گۆڕستانی سەیر و سەمەرەی لوڕستان دەکات لەوانە چەند

گۆڕستانێکی گەلانی سوارکارە کە بۆ سالآنی ۱۰۰۰ پ.ز دەگەڕێتەوە، لە دابونەریتەکانیان زین و ئەسپیان لەگەڵ خاوەن مردووەکە ناشتووە.

* سێ کووپەی پڕ لە هێسکی سەگ لە گوندی گۆمەشینی دەشتی کۆیە دوای ڕاپەڕین دۆزرایەوە، بەڵام بەداخەوە پێش ئەوەی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت فەوتێنراون.

* لە کۆتایی گەڕەکی کوردستان لە هەولێر نزیک بە گردی کلک مشک ساڵی ۱۹۹٤ مانگی چوار ژوورێک لەژێر زەوی دۆزرایەوە کە پەیکەری هێسکی مرۆڤێکی لەسەر بوو، هەروەها ژمارەیەک کەلوپەلی لە قوڕ دروستکراو و چەند پارچە چەکی کۆنی تێدابوو، بە داخەوە هێسکەکانیان شکاندبوو دەیانوت هێسکی کافرانە و کەلوپەلەکانیش داغان داغان بوون، ڕۆژی دوایی ئاسایش گەیشتێ و سەری ژوورەکەیان گرتەوە.

* لەناوچەکانی باکووری یەریڤان و ئێغدرو قارس گۆڕستانی سەیر و سەمەرەی گەلانی ئورارتوو دەبیندرێت، هەروەها گۆڕستانی کۆنی ئێزدیان لەم ناوچانە دەبیندرێن کە پەیکەری بەران و ئەسپ داتاشراوە لەسەر گۆڕی ئەو کەسانەی کە ئارەزوویان لە بەخێوکردنی ئەم ئاژەلانە هەبووە، بەڵام ئەم دابونەریتە ئەمڕۆکە لەلای ئێزدیانی ئەرمەنستان نەماوە.

* جاران ئەگەر لە گوندێک مەلا نەبووایە قورئان لە پرسەدا بخوێنێت ئەوە شمشاڵیان بە ئاوازێکی غەریب لێ دەدا و حەیرانی غەریبیان گاس دەکرد. عوسمان هەمەوەند تا سەرەتای ئازاد بوونی عێراق لە پرسەکان لەگەڵ قورئان خوێندن ناوناوە چەند بەندێک لە حەیرانیشی گاس دەکرد.

* لە دوای ڕاپەڕین کۆمەڵێک کووپە لە بەناو پشتێنەی ئاسایشی هەولێر نزیک گردی کلک مشک دۆزرایەوە، کە ژمارەی هەر کۆمەڵەیەکیان لەنێوان (۱۰- ۲۰) کووپە دەبوو، بە داخەوە هەموویان شکابوونەوە ناو یەکتری و خۆڵەمێشیان تێدابوو، جا دوور نییە گۆڕ بووبن دوای ئەوەی لاشەی مردوویان سووتاندووە ئینجا خۆڵەمێشەکەیان خستۆتە ناو کووپان.

* لە ساڵی ۲۰۰۷ لە کۆنە گۆڕستانێکی گوندی سەکری سەکرانی چۆمان، سێ جۆرە گۆڕی تێکەڵم بینی کە گۆڕی ئیسلام و جوولەکە و زەردەشتی بوون.

گۆڕی زەردەشتییەکان لەناو جۆرە کووپەیەک بوون کە بە کووپەی خەسرەوشاهی ناوی دەهات، کووپەکان هەندێک ڕوویان لە ڕۆژهەلات و هەندێک ڕوویان لە ڕۆژئاوا و هەندێک ڕوویان لە ئاسمان بوو، ئەمەش ئاماژەیە بۆ کاتی مردنی کەسەکە. ئایا کاتی بەیانی مردووە، یان نیوەڕۆ، یان کاتی ئێوارەو شەو، بەڵام بەداخەوە دانیشتوانی گوندەکە هەر کووپەیەکیان لەم جۆرە دۆزیبێتەوە بەهۆی ئەوەی کە تەرمی کافرانی تێدایە شکاندوویانە.

# ستروکتورالیزم – Structuralisme

لێرەوە مەبەست لە ستروکتورالیزم، ستروکتورالیزمی ئەدەبییە، نەک ستروکتورالیزم وەک میتۆدێکی لێکۆڵینەوەی سەرتاپاگیری، بێ گومان ئەمەی دواییان زۆر بواری تری زانستە مرۆڤایەتییەکان دەگرێتەوە وەک: ئەنترۆپۆلۆژی، سۆسیۆلۆژی، شیکردنەوەی دەروونی، فەلسەفە و کولتوور بەگشتی و ڕەخنەی ئەدەبی. ستروکتورالیزمی ئەدەبی، یان ستروکتورالیزم لە بواری ئەدەبیاتدا بە گشتی، هەر لەسەرەتاوە وەک بزووتنەوەیەکی فیکری بوو، لەناو زانستی زمان، یان زانستەکانی زماندا سەری هەڵدا، لە ساڵانی شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا گەشەی کرد و وەک بوارێکی ڕەخنەی ئەدەبی هاتە ناسین، خاسییەتە سەرەکییەکانی گەڕان و لێکۆڵینەوە بوو لە ماناو لە ستروکتوری شاراوەی تێکست.

لە ناوەندی فەرهەنگی و ئەدەبی کوردیدا، وشەی ستروکتور- Structur بە (بنیاد) وەرگێردراوە، بەرانبەر بە ستروکتورالیزم-یش -Structuralisme، (بنیادگەری، بنیادگەرایی) دانراوە، کە تا ڕادەیەکی گونجاو و لێی نزیکە، بەڵام من پێم جوانترە دەستەواژە ڕۆژئاواییەکە وەکو خۆی بەکار بهێنم. هەڵبەت، زمانی کوردی ئەو توانایەی هەیە ئەم جۆرە دەستەواژانە وەکو خۆی بەکاربهێنێ، ئەمەش تا ڕادەیەکی زۆر ڕێگامان بۆ ڕووناک دەکاتەوە کە دووچاری کێشە و سەر لێ شێوانی تەمومژی و کێشە ئاڵۆزەکانی وەرگێڕان و بۆچوونی جیاواز نەبین.

ستروکتورالیزم، وەک میتۆدێکی سەربەخۆ و سەرتاپاگیری، کە هەروەکو لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا، زۆر بواری لێکۆڵینەوە دەگرێتەوە، لە بنچینەدا لە تێزە زمانەوانییەکانی فێردیناند دو سۆسور- F. de Saussure لە دایک بووە. ناوبراو بە کتێبی (وانە زمانەوانییە گشتییەکان) ناسراوە کە لە دوای خۆی بەجێی هێشت و لە ساڵی ١٩١٦دا بڵاوکرایەوە. بێجگە لە وانەکانی دو سۆسور، کتێبە ناسراوەکەی ڕۆمان جاکۆبسن- R. Jakobson کە بە ناوی (وتارەکانی زمانەوانی گشتی)یەو لە ١٩٦٣ تا ١٩٧٣ بڵاوکراوەتەوە، لەگەڵ کتێبی (ستروکتورە بنچینییەکانی خزمایەتی) کلۆد لیڤی ستروس- Levi- Strauss کە لە ساڵی ١٩٤٩دا بڵاوکراوەتەوە، لە بنچینەی پێکهاتنی ستروکتورالیزمن وەک بزووتنەوەیەکی فیکری نوێ لە ڕۆژئاوا (بەتایبەتیش لە فرانسا).

سەرەتاکانی ستروکتورالیزم و ئەدەب بۆ دوو لێکۆڵینەوە دەگەڕێتەوە کە لە یەک کاتدا جاکۆبسن و لیڤی- ستروس لەسەر قەسیدەی (پشیلەکان)ی شارل بۆدلێر کردوویانە کە لە گۆڤاری (مرۆڤ)ی ئەنترۆپۆلۆژی ساڵی ١٩٦٢دا بڵاوکراونەتەوە. ئەمە بەسەرەتای پەیڕەوکردنی ستروکتورالیزم لە ئەدەب دادەنرێ.

لە ڕوانگەی ستروکتورالیزم و ڕەخنەگرە ستروکتورالیستەکانەوە تێکستی ئەدەبی وەک دیاردە و خۆپیشاندانێکی زمانە، یان وەک دەرکەوتنێکی زمانە. لێکۆڵینەوەش لەم خۆپیشاندان و دەرکەوتنە بە گەلێک ستروکتور و ڕێگا دەکرێ وەک:

ڕێزمان. سینتاکس، ڕەوانبێژی، فۆنێتیک... تاد،

لەم ڕوانگەیەوە تێکسـتی ئەدەبی نەک هەر وەک یەکەیە (وحدة)یەکی بێ هاوتاو ڕەسەن سەیری دەکرێ، بەڵکو وەک شوێنێک، یان ئاستێک و خاڵێکی بەیەک گەیشتنی ماناداری هەموو ستروکتور و ڕێگاکان. یان بە چەشنێکی دیکە، لە تێککردنەوەی هەموو ئەم ستروکتور و ڕێگایانە مـانایەک دروست دەبێ، ئەمـەش ئەو خاسیەتەیە کە لە تێکستی ئەدەبیدا هەیە. یان تێکستی ئەدەبی بریتـییـە لە شـوێنی بەیەک گـەیشـتنی ستروکتورەکان.

لێرەوە، وەک سەرەتایەک، لە دوای ساڵانی پەنجاکان، بەتایبەتی لە فەرانسا. سـتـروکتـورالیـزم و ئەدەب، یان سـتـروکـتـورالیـزمی ئەدەبی، گـەشـەیەکی بەرچاو و بە هەرمێن وەردەگـرێ. لە ناکـاو تەواوی نەخـشـەی ڕەخنەو لێکۆ ڵینەوە ئەدەبییەکان دەگۆڕێن، فراوانترو ئاڵۆزتر و دەوڵەمەندتر دەبن.

ئەو ڕەخنەگرانەی لەم بوارەدا بەرهەمـیـان هەیە و وەک ڕەخنەگر و نووسەری ستروکـتـورالیست ناسراون، زۆرن، لێرە ڕوانینی هەرە بە ناووبانگترینیان پیشان دەدەین.

مـیـشـێل ڕیفـاتێـر– M. Riffaterre، وەک شێوازناسێکی ستروکتورالیست ناسراوە، ئەو شێوازی ئەدەبی– Stylistique دەباتە ناو فکری ستروکتورالیزم، وەک: زمانەوانییەک دەیناسێنێ کە کـاریگەری لەسـەر گەیاندنی پەیام هەبێ. (لێرەوە دەشێ پەیام بە مانا لێک بدەینەوە.)، واتە وەک ئەو کـاریگەرییـانەی تێکست لەسـەر خـوێنەری هەیە. لەم ڕووەوە ڕیفـاتێـر ڕۆڵێکی چالاک دەداتە خـوێنەر و لە ئامـانجی لێکدانەوەو تێگەیشتن.

ئەو هەر تەنیا لەگەڵ گرنگیدان بەشێوازی نووسین بە خـوێنەر ناناسـێنێ، بەڵکو وای لێ دەکـا گـرنگی بە کـولتـوور و ئەزمـوونی خـۆشی بدا کـە ڕۆڵیـان دەبێ لە پیشاندانی بوونی تێکست. لەمەشەوە، تێکستی ئەدەبی هەر تەنیـا وەک گـرێیـەک خـۆی پیشـان نادا کـە دەبێ ستروکـتور و ڕێگاکانی بزانرێ و شی بکرێتـەوە، بەڵکو ئەم تێکسـتـە لە پێناسـە کـردن و ناسـاندنیـدا دەبێـتـە هەقیقەتێکی هەستیار و سەخت.

دەشێ ڕۆلان بارت– R. Barthes، بە دامـەزرێنەر و بنچینە داڕێژەری سـتـروکـتـورالیـزمی ئەدەبی لە قـەڵەم بدەین. بارت دوای ئەوەی گـرنگیـیـەکی زۆری بە لێکۆڵینەوەی (نیشانە) و ڕەمز و میتۆیەکانی کۆمەڵدا– Mythes، کـە بە چەند کـتـێـبـێک ئەم بوارانە شی کراونەتەوە، ستروکتورالیزم لە ئەدەبیاتیشدا پەیڕەو دەکا. کتێبە ناسراوەکانی لەم بارەیەوە بریتین لە: پلەی سفری نووسین، وتارە ڕەخنەییەکان– ١٩٦٥، S/Z–ی ١٩٧٠، ساد، فووریێ، لۆیۆلا–ی ١٩٧١،.... تاد.

لـە دوای بـارت، ژێـرار ژێـنـێـت– G. Genette ناسـراوترین سـتـروکـتـورالیـسـتـە لە بواری ڕەخنەو لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا.

ژێنێت میتۆدی لێکۆڵینەوەی ستروکتورالیزمی بە پلەی یەکەم لە بواری (گـێڕانەوە) وردەکـارییـەکـانی گـێڕانەوە بەکـارهێناوە کـە زۆر بواری ئەدەبی دەگـرێتـەوە. بۆ شـیکردنەوەی تێکسـتی ئەدەبی و گـەڕان بە دوای گـێڕانەوەدا ژێنێت کـەرستـەکـانی لە ڕێزمـان وەرگـرتووە. لەلای ئەو تێکسـتی ئەدەبی وەک (جـۆراوجـۆری)یەکی ئاڵۆزتر دێتە بەرچاو لە بەرانبەر توخمە پێکهێنەرەکانیدا کە ستروکتور و ڕێگا ڕێزمانییەکانن. ژێنێت لە کتێبی ناسراوی خۆی– Palimpsestes کە لە ساڵی ١٩٨٢دا بڵاوکراوەتەوە، گرنگی بە کێشەی خزینی تێکستێک بۆ ناو یەکـێکی تر دەدا کـە لە بواری ڕەخنە بە -Inter textualite ناسـراوە. باس لە هەمـوو ئەو پێـوەندییـە شاراوانە دەکا کە لە بنچینەی دروست بوونی تێکستێکدا هەیە، چونکە لە ڕوانگەی ئەو، هەمـوو تێکسـتـێکی ئەدەبی سـەرچاوەکـەی بۆ ڕووداوەکـانی ژیانی نووسـەر دەگەڕێتەوە، نەک هەر ئەمە، بەڵکو بۆ خوێندنەوەکانیشی دەگەڕێتەوە.

گرێماس– A. J. Greimas ، لە ڕیزی ئەو نووسەرانە دێ کـە لە هەمـان سـەردەمی بارت و ژێنێت–دا ژیاوە. گرێماس لە لێکۆڵینەوە ستروکتورالیزمەکانی جیاوازی لە نێوان بوارەکانی سێمـانتیک و سێمیۆتیکدا دەکا. لە بواری سێمیۆلۆژی گرنگی بە زمان دەدرێ.

بەڵام لە بواری سێمـانتیکدا دەشێ گرنگی بە هەمـوو ئەو بوارانە بدرێ، یان بە هەمـوو ئەو شـتـانە بدرێ کـە مانایەک دەبەخشن، وەک: وێنەیەک، سینەما، ڕیکلام، فـۆتۆگـرافی... تاد، بواری لێکۆڵینەوەی گـرێمـاس بە (سـێـمـیـۆتیکی گـێـڕانەوە) ناسـراوە، لەم بارەیەوە بە کتێبێک بە ناوی (مۆرفۆلۆژی هەقایەت، یان حیکایەت) ئەم بوارەی شی کردۆتەوە. گرێماس کتێبی دیکەی زۆرە، هەر ناسراوترینیـان: وتارە سێمیۆتیکییـەکان– ١٩٧٠، مۆپاسان، سێمیۆتیکی تێکست ١٩٧٦.

**د. موحسین ئەحمەد عومەر**




# وەرگێڕان، یان وەرگەڕاندن؟

حەکیم کاکەوەیس
(کەرکووک)



بە کوردی کردنی بەرهەمێکی بێگانە، کردنەوەی درزێکە بەرەو مەملەکەتی خاوەنی زمانەکە... دروستکردنی پردێکی یەک سایدە بەرەو جیهانی هزر و کەلەپووریان، کە لەڕێی وەرگێڕانەوە زانیمان کەمبۆدییەکان باوەڕی گردەبڕیان بە پەیکەری لە برۆنز دروستکراوی بوودا هەیە، سەرسام دەبین کەسێکی وەکو پۆڵ پۆت کە سزای مەرگی بەسەر باوەڕدارەکان دادەدا، بەرێوەیان بەرێ. لە وێوە تێدەگەین نەگونجانی پۆڵ پۆت لەگەڵ میللەتەکەیدا، سەرچاوەکەی لە کوێوەیە. دەنا قەت دەبوو نزیکەی شەش یەکی میللەتی خۆی قڕ بکا!

کاتێ پاوڵ برێمەر (Paul Bremer) لە کۆتایی نامەیەکیدا دەنووسێ: (خۆشەویستیم بۆ هەردوو «سوور و سپی» هەیە) و مەبەستی لە یەکەمیان ژنەکەیەتی و لە دووەمیان دەڵە سەگەکەی، تەنیا ڕستەکەمان نەکردە کوردی، بەڵکو بەشێکی نەریتی ئەو پیاوەمان خستە ڕوو. وا نەبێ دەبێ بڵێین: برێمەر نرخی ژنەکەی بۆ ئاستی سەگ داشکاندووە، یان بەهای سەگەکەی بۆ ئاستی ژنەکەی هەڵکشاندووە!

سوێدییەکان قسەیەکیان هەیە: «هەموو منداڵان، منداڵی هەمووانن». چۆن ئەمە داڕێژین تا واتای شەوەڕەش و تەگە تێکبەردان نەدا؟ (بیلامانێ)یەکی بۆ زیاد کەین چۆنە؟! ئەوان مەبەستیان لەو قسەیە ئەوەیە کە هەموو کەسێکی هەراشی ئەو وڵاتە، بەرپرسیارە لە هەموو منداڵانی وڵاتەکە. ئێمە ئەو نەریتەمان هەیە، یا منداڵی خۆمان فێر دەکەین سەری منداڵان بشکێنێ؟ لە نەریتی ئێمەدا «کوڕی خۆت مەکە قوربانی کیژی خەڵکی» هەیە، کە ئەگەر وەک خۆی بکرێتە سوێدی، دەبێتە نوکتەیەکی بێ تام!

دەبینین وەرگێڕانی بابەتێکی فارسی بۆ کوردی چەند خۆش دێتە دەستەوە، کەچی عارەبی بۆ کوردی وانییە، ئەگەرچی زیاتر بەسەر عارەبیدا زاڵیش بین. ئەوە نزیکی نەریتی کورد و فارسە ئەو ئاسانکارییە دەکا، جگە لە خزمایەتی نێوان ئەو دوو زمانە.

گوتوویانە وەرگێڕان وەک ژن، جوانییەکەی هەڕەشەیە لەسەر پاکییەکەی. نەشارەزایی لە نەریت پاکی وەرگێڕان دەشێوێنێ. ئەگەر شارەزاییمان لە نەریت و زمانەکەدا هەبێ، دەشێ بەرهەمەکەمان، هەم جوان بێ، هەم پاک. چما ژنی جوان و پاک کەمن؟!

وەرگێڕانی ڕستە ئاسانە، بەڵام وەرگێڕانی مەبەست قورێکی خەستە و شارەزایی زمانی یەکەم چەند پێویستە، شارەزایی دابونەریتەکەشی ئەوەندە پێویستە، دەنا دوور نییە وەرگێڕان ببێتە وەرگەڕاندن!